# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٧٠ | ساڵی بیستوپێنجەم | هاوینی ٢٧٢٤

١٠
## بەرەو «خەباتی ئاسۆیی»
## مانیفێستی حیزبی هاوئاهەنگ



تەوەری ئەم ژمارەیە:

## ململانێ سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەنووسی کورد

٢٥٠
کورد و رێکخراوی مەدەنی

٩٨
ڕەچەڵەکناسیی بەدێوکردن

١٩٠
ئایا ئێمە لە سەردەمی نیهیلیزمدا دەژین؟

٣٩٦
کۆدامین

”

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

**سەروەریخوازیی کورد و پرسی ناسنامە**

“

نا، بۆ کوردێک کفرە ئێستا کوردستان وتن،
چەرچییەکانی ئیستعمارم لێ ئەبنە دوژمن!

گۆران


**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٧٠ • ساڵی بیست و پێنجەم • هاوینی ٢٧٢٤

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

هاوکاری سەرنووسەر:
ڕێبوار ڕۆژهەڵات

دەستەی نووسەران:
ڕەحیم سورخی، شەهلا دەباغی،
کەماڵ حەسەنپوور، ئیدریس ئەحمەدی،
ڕزگار ئەمین‌نژاد، داوود عوسمانزادە،
سیاوەش محەمەدی، فاتح سەعیدی،
هیوا تاسە، ئاگری ئیسماعیل‌نژاد

دەستەی ڕاوێژکاری:
ئالان حەسەنیان، ئازاد محەمەدیانی، قادر وریا،
ئیسماعیل بازیار، بابان ئەلیاسی، بیریار ژاوەڕۆیی،
مانشت زاگرۆس

بەڕێوەبەریی وەرگێران:
ژینۆ ڕۆژبەیان، ئاسۆ ئەردەڵان

پێداچوونەوە:
کامیل نەجاری، ڕێبوار ڕۆژهەڵات،
کەماڵ حەسەنپوور، تالب قەیسەری

وێنەی ڕووبەرگ: کەیوان فاتحی

دیزاین: م. ئازاد سورخی

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە.

www.tishk.org

www.govartishk.com
https://doi.org/10.69939/TISHK3853

## پێرست


٦ سەروتار • ناسر مورادی

**سەکۆ**

١٠ بەرەو «خەباتی ئاسۆیی» مانیفێستی حیزبی هاوئاهەنگ • کاروان بەهرەمەند

**تیۆری**

٥٠ مافیای ئاوی ئێران و ئاسەوارە ماڵوێرانکەرەکانی • ئالان حەسەنیان
٨٠ مفاهیم عصر جدید و اندیشەی سیاسی در ایران • بخش دوم • معروف کعبی
٩٨ ڕەچەڵەکناسیی بەدێوکردن • پێشرەو محەمەد
١٢٢ وێنەسازییەکانی کوردێکی هیومانیست • ڕزگار ئەمین‌نژاد
١٣٨ کوردستان و بەرهەمە دامەزراوەیی‌یەکانی • گۆران بەهرامی
١٥٦ روش‌های چندجانبەی جمهوری اسلامی ایران برای سرکوب کوردها • آلان حسنیان
١٨٠ ساماندهی NGOهای زیست‌محیطی در کردستان • داود رسولی

**شیکاری**

١٩٠ ئایا ئێمە لە سەردەمی نیهیلیزمدا دەژین؟ • مەسعوود بابایی
٢١٠ مێزەر و جەستە • خوێندنەوەیەکی دیالێکتیکی- ئینتێرسێکشن • شەهلا دەباغی
٢٢٨ لەمەڕ چەپی کوردی • ڕێژوان ئەحمەدی
٢٣٤ دووانەی ناتەبای کورد بوون و ئێرانی بوون • کەیهان یووسفی
٢٤٤ متافیزیک آشوب • ریباز نیازمند
٢٥٠ ڕێکخراوی مەدەنی «NGO» و کورد! • برایم فەرشی
٢٦٠ پەروەردەی تایبەت؛ تا چەند بۆ کوردستان گرنگە؟ • فەرهاد جەهان‌میهەن
٢٦٨ هەوڵێکی نوێ لە سیاسیەتی بە کەمینەکردن لە بەرانبەر کوردانی ئێزدی • عومەر عادل عەبدوڵڵا
٢٧٦ ئالۆزییە نەناسراوەکانی کۆچبەری • حەسەن قارەمانی

**ڕوانگە**

٢٨٨ ئاژیتاسیۆن- ئاژیتاتۆر • برایم فەرشی

**وتووێژ**

٢٩٦ گفتگو با مهرداد وهابی
٣٠٤ وتووێژ لەگەڵ هاشم ئەحمەدزادە
٣٢٢ گفتگو با پدرام بالداری

**وەرگێڕان**

٣٣٤ استعمار داخلی و رشتەی ادبیات تطبیقی در ایران
٣٦٠ ڕەخنە چییە؟ وانەوتاری ئەنجوومەنی فەرەنسیی فەلسەفە (١٩٧٨)
٣٨٠ کورد لە «ڕۆسلاڤل»
٣٩٠ کورد لە شەڕی گەورەی نیشتمانیدا • (یەکیەتیی سۆڤییەتی ١٩٤٥-١٩٤١)

**هەڵسەنگاندن**

٣٩٦ کۆدامین، ژیاننامەیەک بە تامی کۆدەکان
٤٠٠ کولتووری ژینوساید
٤٠٦ خوێندنەوەیەک لەسەر کتێبی مانای ژیانم

**ڕێنمایی نووسین**

٤١٤ ڕێنووسی کوردی

# سەروتار

ناسر مورادی

رۆژهەڵاتی کوردستان بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. دۆخێکی نەخوازراو و بە هەمان رادەش پێشبینیکراو. کورد و بزاوتە نەتەوەییەکەی، بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە، خاوەن مێژووە. لە چەشنی هەموو رەوت و بزووتنەوە فیکری و سیاسییەکانی هاوچەرخی خۆی، گەلێک قۆناغی بڕیوە. هەر قۆناغش هەڵگری کۆمەڵێک ئاڵنگاری و دەستکەوت، بگرە چەقبەستن و هەستانەوە بووە.

بە بنەماگرتنی بزووتنەوەی ژینا و واوەتر، ئەو رووداوانەی کە بە دوایدا هات، تا دێ باسی زیاتر هەڵدەگرێ. لەگەڵ دەرخستنی سەرمایەی مرۆیی و سیاسی و شوێندانەریی ئەم رووداوە، هاوکات خەسارەکانیش خۆیان زیاتر دەردەخەن. بزووتنەوەیەک کە کورد خاوەندار، رچەشکێن و دەستپێشخەری بوو، بەرەبەرە پەردەی لەسەر بۆشایی، ناکۆکی و دژبەیەکییەکان لە روانینی لایەن و هێزەکانی چالاک لە کۆمەڵگای کوردستان هەڵدایەوە. ئەمە کۆی بابەتەکە نەبوو. تەنانەت ئەم ناکۆکییانە لە پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی سەر جوغرافیای ئێرانیش بۆ جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە. «لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵێک هۆکاری جنسییەتی، نەتەوەیی و چینایەتی، خەریک بوو لە ژێر چەتری کۆمەڵێک چەمکی هاوبەش کە گرینگترینیان «ژن، ژیان، ئازادی» بوو، زۆرینەی کۆمەڵگاکانی ئێران پێکەوە ببەستێتەوە، بەڵام کەلتووری سیاسیی پاوانخوازانە، نەیهێشت ئەم هاوپەیوەندییە بیچم بگرێ و ناسنامەیەکی هاوبەش ساز بێ. لە بەستێنی ئەم کەلتوورەدا، پێکهاتەی بزووتنەوەی ژینا، لە لایەن ناوەندگەراکانەوە تێک شکێنرا و کرا بە «جنبش مهسا»؛ بەم چەشنە «ئەویتری» بزووتنەوەی ژینا ساز بوو. ئاراستەی هەوڵەکان، دیسان لەپەراوێزخستن و بڤە نیشاندانی پرسی نەتەوەیی و ناسنامەی ئەویترەکان بوو.»

پێویست بە سەلماندن ناکات، لە پانتای سیاسی و لە فەزای بیرکردنەوەی هێز ولایەنە ئێرانییەکان بە رۆشنبیر و ئاکادیمیسییەنەکانیشەوە، هیچ مەودا و دەرەتانێک بۆ ناسینی مافی نەتەوەییی هەرێمە بندەستەکان لەئارادا نییە. لە باسی تێپەڕین لە دۆخی هەنووکەیی، کەلێنێکی گەورە بە زەقی دیارە. کەلێنی نێوان رووخان و بنیاتنان. کۆی باسەکە لە نێوان پەراوێز و ناوەندگەراکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر پێشمەرجەکانی رووخان و بنیاتنان. ناوەندگەراکان کۆی باسەکە دەبەنەوە سەر «تمامیت ارضی» و وڵاتی یەکپارچە و ئەگەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی خاکی ئێران؛ پەراوێزیش باسەکە دەباتەوە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس.

خوێندنەوەی رەخنەگرانەی دۆخی ئێستا، دەراوێکی روونتر لە هەلومەرجەکە بە دەستەوە دەدات. گەڕانەوە یان بە پێچەوانەوە، دەربازبوون لە دۆخی پەراوێز کە دۆخی بندەستی و بێ دەسەڵاتییە، سەرنجەکان دەباتەوە لای چەمکی «سەروەری» و لە هەمان کاتدا توانستی بەکارهێنانی.

# “سەکۆ”

# بەرەو «خەباتی ئاسۆیی»
# مانیفێستی حیزبی هاوئاهەنگ

**کاروان بەهرەمەند**

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ. ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

*«تیۆریی عیلمی هەرگیز لە یەک جێگا ڕاناوەستێ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ»*

*د. قاسملو*

## پێشەکی

هەر وەک ئاگادارین یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران لەم دوو ساڵەی دواییدا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا بوو. تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەکانی پێش خۆی، پێویستیی خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ حیزبێکی سیاسیی خاوەن پێگە و پێشکەوتووی وەک حیزبی دێموکرات لە مێتۆد و شێوازی بەرەو پێشبردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وروو‌ژاندووە. ئەگەر ئاورێک لە حیزبە پێشکەوتووەکانی ئورووپا بە تایبەت سۆسیالدێموکراتەکانی سکاندیناوی یان حیزبی کرێکاری بریتانیا بدەینەوە، دەبینین ئەوان لە ڕەوتی خەباتی خۆیاندا بۆ هەر سەردەمێک و بۆ هەر گۆڕانکارییەک، بەردەوام گۆڕانکاری لە پێڕەو و بەرنامەی خۆیاندا پێک دێنن؛ کەوابوو حیزبێکی گەورە، چالاک و بەتەمەنی وەک حیزبی دێموکراتیش نابێ چاوپۆشی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکات و پێویستە بۆ هەر گۆڕانکارییەک خوێندنەوە و بەرنامەی خۆی هەبێت.

لەم ڕاستایەدا، لەم وتارەدا باسی ئەم گۆڕانکارییانە دەکەین کە حیزبی دێموکرات پێویستە لە پێکهاتە و بەرنامەی خۆیدا بیانکات. ئەم بابەتە لە چەند بەشدا شی دەکرێتەوە کە بریتین لە: **١** هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا **٢** بەربەستەکانی بزووتنەوەی ژینا **٣** کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا لەسەر خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و **٤** ئەم گۆڕانکارییانەی پێویستە لە سیاسەت و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا لە هەلومەرجی ئێستادا بکرێن بۆ ئەوەی حیزب خۆی لەگەڵ سەردەم بگونجێنێ.

## ١ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بزووتنەوەی ژینا

هەر وەک دەزانین یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بزووتنەوەی ژینا بوو کە وەکوو کردارێکی بە کۆمەڵی گۆڕانخواز لە پاش کوژرانی ژینا سەری هەڵدا. بزووتنەوەی ژینا «بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاسۆیی»[1] بوو کە لە بەستێنی گرفتە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا، دنیای مەجازی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و دنیای واقیع لە شەقام یەکیان گرت و بزاڤێکی بەرین و ڕادیکاڵیان بە دژی چەوسانەوە و نابەرابەری، لە پەراوێز خستن و هەڵاواردن وەگەڕ خست. بۆیە دەڵێین ئاسۆیی، چونکە بە پێچەوانەی بزووتنەوە کۆنەکان، ئەستوونی نەبوو بە چەشنێک کە کۆمەڵانی خەڵک لە کەسێکی سەرووی خۆیانەوە وەک ڕێبەر یان سەرۆک فەرمان وەرگرن؛ بەڵکوو لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی هێزە سیاسییەکان بە تایبەت حدکا لە ساز بوونی ئەم بزووتنەوەیەدا زۆر بەرچاو بوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک لە بەستێنی فەزای مەجازیدا خۆیان ڕێک خست، لە شەقامەکان یەکیان گرت و دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ ڕاپەڕین. بەرجەستەترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژینا ئەم ناڕیزبەندی و هاوتەرازییە بوو کە خەسڵەتی ئاسۆیی بوونی پێ دا. لەگەڵ ئەوەی بەرجەستەترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆیی بوون بوو، ئەشێ بێژین کە هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا دژایەتی لە هەمبەر زاڵێتی (سوڵتە) بوو؛ دژایەتی لەگەڵ زاڵبوونی نەتەوەی فارس بەسەر نافارسەکاندا، دژایەتی لەگەڵ زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا، دژایەتی لەگەڵ زاڵبوونی

سەرمایەداران بەسەر نەداران و دژایەتیکردنی سوڵتەی دەسەڵاتداران بەسەر بێدەسەڵاتاندا. کەوابوو خەبات دژی زاڵێتی و باڵادەستی، بنەمای سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا بوو. لە ڕوویەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ژینا «بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ[۲]» بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر لە بزووتنەوەکانی پێشووی کورد جیاواز بوو. مانوێل کەستێلز[۳] لە کتێبی «تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا[۴]»، ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دادەنێ:

۱ ڕایەڵەیین، واتا ئامرازی ئەسڵییان مۆبایل و ئینتێرنێتە.

۲ هەم ناوچەیی و هەم جیهانین، واتا جگە لە شوێنی ئەسڵیی بزووتنەوەکە لە سەرانسەری جیهان بەڕێوە دەچن.

۳ خۆڕسکن.

۴ پێویستییەکی ئەوتۆیان بە ڕێبەریی ڕەسمی نییە.

۵ بەردەوام بە خۆیاندا دەچنەوە.

۶ دیموکراتیک و سیاسین.

ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە لە بزووتنەوەی ژینادا هەبوون. ئەم بزووتنەوەیە فەرماندەرانە و ئەستوونی نەبوو؛ بەڵکوو خۆڕسک بوو؛ ڕێبەریی ڕەسمیی نەبوو؛ سەرۆکسالار، پیاوسالار و پیرسالار نەبوو؛ بەڵکوو ژنان، تازەلاوان و لاوان بەشداریی پڕڕەنگیان تێیدا هەبوو؛ زۆر مەدەنییانە و هێمن بوو؛ ناوەندگەرا نەبوو، فرەچەشن و چەندلایەنە بوو و نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەکوو کورد، تورک، عەرەب و بەلووچ تێیدا بەشدار بوون. کەوابوو لەوانەیە باشترین ناو بۆ ئەم چالاکییە بەکۆمەڵە پێکهاتەشکێنە، ناوی «بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئاسۆیی» بێ. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە نوێیە کە لە کوردستان سەری هەڵدا، پێویستیی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە حەدکادا وەکوو بەئەزموونترین و خاوەن جەماوەرترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنێتە گۆڕێ. بە گشتی، وێدەچێ بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش بزووتنەوەی ژینا کەوتبێتە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغێک کە دەکرێ پێی بڵێین سەردەمی «ئاسۆیی بوون» کە لە بەستێنی دنیای «پاشگەشە و پۆست مۆدێڕن[۵]» سەری هەڵداوە. کەوایە پێویستە حیزبێکی سیاسی بە وریایی و بوێرییەوە خۆی لەگەڵی بگونجێنێ، بۆ ئەوەی وەدوا نەکەوێ و وەڵامدەری خەڵکی کورد بێت.

## ۲ بەربەستەکانی بزووتنەوەی ژینا

دوو هۆکاری سەرەکی کە نەیانهێشت بزووتنەوەی ژینا ئامانجی خۆی کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بوو، بپێکێ؛ یەکیان نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و ئەوەی دیکەشیان سەرکووتکردنی بێبەزەییانەی بزووتنەوەکە لە لایەن دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەوە بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ دژبەراندا، هۆکاری سەرەکیی یەک نەگرتنی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ململانێ لە نێوان دوو گوتار و دوو کەلتووری سیاسیی جیاواز لە ئێران. بە وتەیەکیتر، هیچ شتێک بە ئەندازەی بزووتنەوەی ژینا، ئەنتاگۆنیزم یان دوژمنایەتیی نێوان دوو کەلتووری سیاسی لە ئێرانی زەق نەکردەوە، ئەویش ناکۆکی و ململانێی نێوان دوو کەلتووری سیاسیی ئەستوونی[۶] (فرهنگ سیاسی عمودی) و کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی[۷] (فرهنگ سیاسی افقی) بوو کە لە درێژەی وتارەکەدا دەپەرژێینە سەری.

کەلتووری سیاسیی ئەستوونی کە کەلتووری سیاسیی زۆرینەی فارسەکان لە خۆ دەگرێ، لە سەر دوو توخمی شیعە و ناسیۆنالیسمی پارس تەوەر یان باستانگەرا دامەزراوە و یەکجار ناوەندگەرا و داخراوە. لەم کەلتوورەدا، بەرابەریی نێوان نەتەوەکان،

بەرابەریی نێوان ژن و پیاو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، تۆلێرانس و وشیاریی سیاسی، جێگەیەکی ئەوتۆیان نییە. ئەم کەلتوورە کە بەجێماوە و درێژەی پێکهاتەی خێڵەکی و عەشیرەییی فارسەکانە، هیرارشیک، سەرۆکسالار، پیاوانە، نەژادپەرستانە و فەرماندەرانەیە کە دەتوانین بە کەلتووری سیاسیی ئەستوونی پێناسەی کەین. حەشیمەتی خاوەن ئەم کەلتوورە، ئەگەریش خوازیاری گۆڕینی دەسەڵاتداران بن، هیچ کات ڕازی بە گۆڕانێکی ڕیشەیی و بنەڕەتی لە ئێران (بە چەشنێک کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە شێوازێکی بەرابەرانە و دادپەروەرانە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە) نین. هەر وەک دیتمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، جەماوەری سەر بەم کەلتوورە، بە تایبەت سەڵتەنەتخوازەکان، وێڕای کۆماری ئیسلامی لە ژێر چەتری فەزایەکی گوتاریی هاوبەش، بە توندی لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا دژایەتییان کرد و بوونە لەمپەرێکی گەورە و نەیانهێشت بزووتنەوەی ژینا بگاتە ئاستی شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران.

سەبارەت بە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک سیستان و بەلووچستان، کوردستان، عەرەبستان و ناوچە تورک نشینەکان، ئەگەرچی هەموویان لە پەراێزخراویدا هاوبەشن، بەڵام لەم ناوچانەش بە پێی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەر ناوچەیەک، کەلتوورێکی سیاسیی جیاواز بیچمی گرتووە. لە پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان دەتوانین بڵێین سێ توخمی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایینزای شیعە نیشانە سەرەکییەکانی کەلتووری سیاسیی ئەوان پێک دێنن. ئایینزای شیعە کە بەشێکی سەرەکی و بەهێزی کەلتووری سیاسیی تورکەکان پێک دێنێ، بووەتە هۆی ئەوەی ئەوان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە ناوەندا بتوێنەوە. دەتوانین کەلتووری سیاسیی ئەوان بە ئەستوونیی نیمچەپەراوێز (فرهنگ سیاسی عمودیِ نیمەپیرامونی) پێناسە کەین. هەر بۆیە زۆربەی تورکەکان وەک فارسەکان، بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران ڕازی نین و تەنانەت خۆیان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندگەرا لە ئێران بوون و هەر بۆیەش جارێ وێناچێ لە شۆڕشێکدا بەشداری بکەن کە بیهەوێ ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئایینزای شیعە لە پێکهاتەی دەسەڵات داماڵێ.

سەبارەت بە دوو نەتەوەی عەرەب و بەلووچ، کەلتووری سیاسییان تا ڕادەیەکی زۆر بە داخراوی ماوەتەوە. ڕاستە دوو نەتەوەی عەرەب و بەلووچ لەگەڵ ناوەند ناتەبان، بەڵام هیچیان خاوەنی تایبەتمەندیگەلێک نین کە هەوێنی بزووتنەوەی ژینایان پێک هێنا. هەر وەک باسمان کرد ئاسۆیی بوون، تایبەتمەندیی سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا بوو؛ وێناچێ کەلتووری سیاسیی ئەم نەتەوانە لەگەڵ تایبەتمەندیگەلێکی وەک بەرابەریی ژن و پیاو، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پلۆرالیزم، تۆلێرانس و سیکۆلاریسم کە هەوێنی بزووتنەوەی ژینایان پێک دەهێنا، تەباییی هەبێت. بۆ نموونە، هاتنە سەر شەقامی خەڵکی سیستان و بەلووچستان بە فەرمانی مەولەوی عەبدولحەمید زیاتر فەرماندەرانە، گوێڕایەڵانە و پیاوانە بوو و کەمتر لەگەڵ بنەماکانی بزووتنەوەی ژینا کە گەنجانە، سەرکەشانە، وشیارانە و ژنانە بوو، تەباییی هەبوو. هەر بۆیە وێناچێ لە درێژخایەندا لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ژینادا بمێنێتەوە و سەیر نییە دژیش بوەستێتەوە. بە گشتی دەتوانین کەلتووری سیاسیی ئەم دوو نەتەوەیە بە کەلتووری سیاسیی داخراوی پەراوێز (فرهنگ سیاسی محدودِ پیرامونی) پێناسە کەین.

دەمێنێتەوە سەر نەتەوەی کورد؛ ئەوەی لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان، کەلتوورێکی سیاسیی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە بوو. ئاخێزگەی بیچمگرتنی ئەم کەلتوورە سیاسییە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧. بنەمای ئەم کەلتوورە لە سەر بیری کوردایەتی و ئەندیشەی مۆدێرن ڕۆنراوە. کەلتووری سیاسیی پەراوێز لە نێو نەتەوەی کورددا، تایبەتمەندیی نیمچەکراوە و دێموکراتیکی بە خۆیەوە گرتووە و بووەتە هۆی ئەوەی هێندێک لە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی وەک پلۆرالیزمی سیاسی، ڕەوایی دێموکراتیک و بەرابەریی نێوان ژن و پیاو تا ڕادەیەک لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری بورووژێ و وەکوو بەهایەک سەیری بکرێ. جگە لەوە، لەم کەلتوورەدا ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵک بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی زۆر لاوازە و بەرخۆدان و خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی ڕەوا وەکوو بەهایەکی پیرۆز دەخەملێنرێت. ڕاستە ئەم کەلتوورە بە تەواوی کراوە نییە، بەڵام زۆر لە کەلتوورەکانی دیکەی ئێران کراوەترە. هەروەها ڕادیکاڵە؛ لە لایەک دەیهەوێ گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا پێک بێنێت و لە لایەکی دیکەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە باوەڕی بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە. هەر بۆیە دەتوانین ئەم کەلتوورە بە «کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ[٨]» (فرهنگ سیاسی افقیِ رادیکال) پێناسە بکەین.

بەم شەرحە، بزووتنەوەی ژینا پێشاندەری ململانێی نێوان دوو کەلتووری سیاسیی سەرەکی بوو: کەلتووری سیاسیی ئەستوونی و ئاسۆیی. لە لایەک کەلتوورێکی سیاسیی فەرماندەرانە، پیاوانە، پیرانە، کۆنەپەرەستانە و ملکەچانە هەبوو، لە لایەکی دیکەوە، کەلتوورێکی سیاسیی ئاسۆیی خەڵکییانە، مرۆڤتەوەرانە، گەنجانە، بەرابەریخوازانە و سەرکەشانە هەبوو کە پتر لە نێو نەتەوەی کورددا دەبینرا. ئەگەرچی لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵێک هۆکاری جنسییەتی، نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینی، خەریک بوو لە ژێر چەتری کۆمەڵێک چەمکی هاوبەش کە گرینگترینیان «ژن، ژیان، ئازادی» بوو، زۆرینەی خەڵکی ئێران پێکەوە ببەستێتەوە و هاوپەیوەندییەکی بێوێنە ساز بکات، بەڵام کەلتووری سیاسیی ئەستوونی کە زۆر بەرتەسک، گوێڕایەڵ و کۆنەپەرەستانەیە، نەیهێشت ئەم هاوپەیوەندییە بیچم بگرێ و ناسنامەیەکی هاوبەش ساز بێ. لە بەستێنی ئەم کەلتوورەدا، پێکهاتەی بزووتنەوەی ژینا لە لایەن ناوەندگەراکانەوە تێک شکێنرا و کرا بە «جنبش مهسا»؛ بەم چەشنە «ئەویتری» بزووتنەوەی ژینا ساز بوو. بزووتنەوەی ژینا، بە گۆڕانی سیستەمی سیاسی ڕازی نەبوو، بەڵکوو خوازیاری پێداچوونەوە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کۆجێ، لە سەر بنەمای پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران بوو؛ ویستێک کە بە هیچ شێوەیەک بۆ جەماوەری خاوەن کەلتووری سیاسیی ئەستوونی جێگەی ڕەزامەندی نەبوو و هەر بۆیەش جەماوەری سەر بەم کەلتوورە دوای ماوەیەک بە توندی دژی بزووتنەوەی ژینا هەڵوێستیان گرت و دەستیان کرد بە پێکهاتەشکێنی لە نیشانەی ناوەندیی بزووتنەوەی ژینا کە «ژن، ژیان، ئازادی» بوو و بە جێی ئەو، درووشمی «مرد، میهن، آبادی»یان بەرجەستە کردەوە. لە کاتێکدا ئامانجی بزووتنەوەی ژینا، هاتنە دەری پەراوێزخراوەکان (ژنان، نەتەوە نافارسەکان، هەژاران و گەنجان) لە پەراوێز و دەستراگەیشتنی هەمووان بە ناوەندی دەسەڵات و سامانی وڵات بە بێ جیاوازی بوو، ئامانجی «جنبش مهسا» پاراستنی نەزمی مەوجوود و گەیشتنی تاقمێک بە لووتکەی

دەسەڵات بوو، نەک گۆڕانێکی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی-سیاسی کە ویستی بزووتنەوەی ژینا بوو.

بە کورتی، سەرەڕۆیی، پاوانخوازی و خۆبەزلزانیی ناوەندگەراکان کە تایبەتمەندیی سەرەکیی کەلتوورەکەیانە، بوو بە لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم یەکگرتوویی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و نەیهێشت بەرەیەکی گەورە و سەراسەری لە ئێران و تەنانەت لە کوردستانیش ساز بێت. هەوڵە تێکدەرانەکانی ناوەندخوازەکان، هێندێک لایەنی کوردی لە کورد دوور خستەوە و بوو بە هۆی ئەوەی کەلێن بکەویتە نێو ڕیزەکانی کوردەوە. لە ئاکامدا، ساز بوونی کەلێن لە نێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەستی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی بۆ لاواز کردنی بزووتنەوەکە بەهێزتر و کراوەتر کرد.

گەلۆ؛ ئێستا کە ئەزموونی بزووتنەوەی ژینا پێشانی داوین بەداخەوە بیرۆکەی ساز کردنی جێگرەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە لە ئێران ئەستەمە و تەنانەت ساز کردنی بەرەیەک لە کوردستانیش دژوار دێتە بەر چاو؛ ئێستا کە دەبینین لە سەردەمی تێکنۆلۆژیدا، بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمێکی مرۆڤکوژ کە لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێتەوە، بە دەستی خاڵی و لە شەقامەکان زۆر دژوارە؛ ئێستا کە سەردەمی ماڵئاواییکردنە لە کەلتووری فەرماندەرانە و فەرمانبەرانە لە هەموو شێوازێکی ژیاندا؛ لە خێزان، قوتابخانە، ئابووری، سیاسەت و کۆی پەیوەندییەکان؛ بە کورتی ئێستا کە سەردەمی ئاسۆیی بوونە، حیزبێکی سیاسیی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەبێ چ بکات؟

هەر وەک دەزانین حیزبی دێموکرات حیزبێکە کە بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگای کوردستان، جێگیرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پەرە پێدان بە ئازادییە تاکەکەسییەکان و دەستەبەر کردنی مافی نەتەوایەتی خەبات دەکات. پرسیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە ئەم حیزبە لە سەردەمی ئێستادا واتا سەردەمی ئاسۆیی بوون چۆن دەبێ ئەم ئەرکانەی خۆی ڕاپەڕێنێ؟ وڵام ئەمەیە؛ هەڵبژاردنی شێوازێکی نوێ لە خەبات بە ناوی «خەباتی ئاسۆیی ڕادیکاڵ[۹]» (مبارزە افقی رادیکال)؛ چوونکە ئەم جۆرە خەباتە بە چەند هۆ بۆ ئێستا گونجاوە:

۱ لەگەڵ سەردەمی ئێستا کە سەردەمی ئاسۆیی بوونە تەبایە.

۲ لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا کە بزووتنەوەیەکی ئاسۆیی و ڕادیکاڵە سازگارە.

۳ بە ئامانجی دوارۆژی حیزب کە «سۆسیالیزمی دێموکراتیکە» وەفادار دەمێنێتەوە، ئەگەرچی دەیهەوێ بە شێوازی ئاسۆیی جێبەجێی کات

۴ بەجێی پێداگری لە سەر «دێموکراسیی زۆرینە - کەمینە»، لایەنگری لە «دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ» هەم لە ئێران و هەم لە کوردستان دەکات کە ڕێگە نادات لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەک ئێران، نەتەوەیەک سوڵتەی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێت و ڕێگا بۆ کورد دەهێڵێتەوە کە واز لە «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ی خۆی نەهێنێت. هەروەها لە کوردستانیش ناهێڵێ هێزی گەورە، بچووکەکان لە پەراوێز هاوێ و پێ لە سەر ئەم ئەسڵە دادەگرێ کە دەبێ هەمیشە گوێ لە داواکاریی کەمینەکان بگیرێت و ڕێگا بۆ قووڵ بوونەوەی دێموکراسی لە کوردستان هەموار بکرێت.

۵ دەتوانێ ڕێگا خۆش کات کە حیزبی دێموکرات سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی خۆی لەگەڵ سەردەم بگونجێنێ بەچەشنێک کە وڵامدەرەوەی سەردەمی ئێستا بێت.

۶ «خەباتی ئاسۆیی ڕادیکاڵ»، بۆ بەرەو پێش‌بردنی کۆمەڵگا گەشەیەکی خەڵکییانە هەڵدەبژێرێ کە سەرنجی تایبەت دەداتە سەر دێموکراسی و پاراستنی ژینگە.

۷ «خەباتی ئاسۆیی ڕادیکاڵ»، هەوڵ دەدات

ئاسەوارەکانی کەلتووری سیاسیی کۆن وەک سەرۆکسالاری و پیاوسالاری لەناو ببات و هاوئاهەنگ لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا، ژنان و گەنجان ببنە پێشەنگ و بەڕێوەبەری خەبات

لە درێژەدا هەوڵ دەدرێ بە شیکردنەوەی ئەم خاڵانەی سەرەوە، گەڵاڵەی خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ بخرێتە ڕوو. بەڵام پێش ئەوەی بپەرژێینە سەر خەباتی ئاسۆییی ڕادیکاڵ، پێویستە سەرەتا باسی ئەم گەشەیە بکەین کە دەبێ لە سەردەمی ئاسۆیی بووندا هەنگاوی بەرەو هەڵێنین، ئەویش بریتییە لە «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ». دواتر باسی بەشەکانی دیکەی ئەم خەباتە دەکەین.

## ۳ گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»(توسعه افقیِ رادیکال)[١٠]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەوێنی بیرۆکەی «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»، بە ئیلهام وەرگرتن لە «قوتابخانەی «پاشگەشە[١١]» (پساتوسعە) و لە ژێر کاریگەریی واقعییەتی کۆمەڵگای کوردستان لە پاش «بزووتنەوەی ژینا» شکڵی گرتووە. هەڵبەت پێویستە ئەوەش زیاد کەین کە ئەم گەشەیە ئەگەرچی لە ژێر کارتێکەریی «قوتابخانەی پاشگەشە»دا گەڵاڵە کراوە، لەم ڕوویەوە کە گەشە بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە، جیاوازیی لەگەڵ قوتابخانەی پۆستگەشە هەیە. هەر وەها بە هۆی ئەوەی هەوێنی ئەم بیرۆکەیە لە ژێر باندۆری «سۆسیالیزمی دێموکراتیکی» د.قاسملوودا گەڵاڵە کراوە، یەکجار زۆر قەرزداری کورتە باسە، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ گەشەدا هێندێک جیاوازیی لەگەڵ کورتەباس هەیە، چونکە پێی وایە لە سەردەمی ئاسۆییبووندا، پێویست بە حیزبی هاوئاهەنگ هەیە تا پێشەنگ؛ هەروەها لایەنگری لە گەشەی ئابووریی کۆجێ و تەواوا دەوڵەتگەرا ناکا، بۆیە ناوی «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ»مان لێ ناوە. ئەم گەشەیە، کاتێک گەشەی سەرمایەدارانەی سەر بە پارادایمی مۆدێرنیزاسیۆن و ڕێبازی نیئۆلیبرالیزم ڕەت دەکاتەوە، لە قوتابخانەی «پۆستگەشە» و «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» ئیلهام وەردەگرێ؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی گەشە بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە، جیاوازیی لەگەڵ «پۆست گەشە» هەیە و چونکە بە قەد «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»یش دەوڵەتگەرا/ حیزبگەرا نییە و ئەرکی دارشتنی گەڵاڵەی گەشە و جێبەجێکردنی گەشە بە تەواوی ناخاتە ئەستۆی دەوڵەت یان حیزب، هێندێک جیاوازیی لەگەڵ ئەویش هەیە؛ لەگەڵ ئەوەش لە هیچیان دانابڕێ. «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ» بە تێکەڵکردنی خاڵە پۆزیتیڤەکانی ئەم دوو قوتابخانەیە و بە هەموار کردنەوەی هێندێک لە ئەسڵەکانی ئەم دوو ڕێبازە فکرییە و سازگار کردنیان لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگەی کوردەواری، دەیهەوێ سەنتێزێک بە ناوی «گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ» ساز کا.

لێرەدا پێویستە ئەگەر بە کورتییش بێ ئاورێکی بچووک لە قوتابخانەی پاشگەشە بدەینەوە. ئەم بیرۆکەیە، لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا و لە ژێر کاریگەریی ئیڤان ئیلیچ[١٢]، ڕەخنەگرانی کۆلۆنیالیسم و بیرمەندانی پاشکۆلۆنیالیست (پسااستعماری) شکڵی گرت. کەسانێکی وەک ئارتوورۆ ئێسکووبار[١٣] و گووستاڤۆ ئێستێڤا[١٤] بۆ یەکەمین جار پێکهاتەی واتاییی گەشەی مۆدێرنیان تێک شکاند و ئاشکرایان کرد کە گەشە لە چوارچێوەی گوتاری داگیرکاری و کۆلۆنیالیستیدا، باکوور واتا جیهانی ڕۆژئاوا (ئورووپای ڕۆژئاوا و ئامریکای باکوور) وەکوو پێشکەوتوو و وڵاتانی باشوور (جیهانی سێهەم) وەکوو پاشکەوتوو، سەرەتایی و بەرەو فەوتان پێشان دەدات (Escobar, 1995: 91). پاشگەشەخوازان پێیان وایە بیرۆکەی گەشە (توسعە) بنەمای سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی هەیە و تەنیا لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژئاوا سازگارە و لە دەرەوەی ئەم جیهانە،

ئەركی ڕاســـتەقینەی تەنیا سەپاندنی هێز و دەسەڵاتە بەســـەر جیهانی ناڕۆژئاوادا. گەشە وەكوو ئیدئۆلۆژییەک کە ڕیشەی لە ئاواتەکانی نوێســـازی (مۆدێرنیزاســـیۆن)دایە، بە هەموو هێـــزەوە هەوڵی داوە وڵاتانی ناڕۆژئاوایی بەبێ لەبەرچاوگرتنـــی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانـــی ئـــەوان، مەجبوور کا کە لە مۆدێلـــی ئابـــووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژاوا پەیڕەوی بکەن.

ئەوان دەیانویســـت گوتاری گەشە لە ژێر سێبەری کەلتووری مۆدێرنیزاسیۆن و ڕەوتی هێڵدار و تەکرەهەندیی گەشـــە(جریان خطی و تک بُعدی توســـعە) بێننە دەرێ و بە دوور کەوتنەوە لـــە پلان و بەرنامەی گشـــتگیر و جیهانـــی، گرینگی بە کەلتـــووره ناوچەیی و خۆجێییەکان بدەن. لە ڕوانگەی پاشگەشـــەدا ئیتر گەشـــە دیاردەیەکی هاوردەکراو نییە کە دیکتاتۆرێکی ڕیفۆرمیســـت (دیکتاتور مصلح) یـــان حکومەتێکی ناوەندگەرا بە بەرنامەیەکی ئابووریـــی کۆجـــێ (برنامەریـــزی اقتصادی متمرکـــز) بتوانێ کۆمەڵگای بـــەرەو لا ببات. بـــۆ گەشەســـەندنی وڵاتێک، ئەشـــێ ڕۆڵی گشـــت چین و توێژەکان وەکوو گوندنشینان، جووتیاران و هەژاران و بە گشتی پەراوێزخراوان لەبـــەر چاو بگیرێ. نابێ ئـــەم چین و توێژانە وەکوو خەڵکانێکـــی بێفەرهەنگ و دواکەوتوو کە تەنیا پێویستییان بە ڕاهێنان و فێر کردن هەیە ببینرێن؛ بەڵکوو دەبێ وەکوو کەسانێک چاویـــان لێ بکـــرێ کە خاوەنـــی کەلتووری دەوڵەمەند و پربایەخن. بەڕای ئێســـکۆبار، بۆ پێشکەوتنی وڵاتێک نابێ تەنیا لە سەرەوە و لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرنامە و پلانی گەشە گەڵاڵە بکرێت و هەر بە دەستی ئەویش بەڕێـــوە بچێت؛ بەڵکوو دەبـــێ خەڵک خۆیان لـــە گوند و شـــار بە تایبەت چیـــن و توێژی هەژار و بێبەش وێڕای دەوڵەت لە دارشتن و بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی گەشەدا بەشدار بن. لەم ڕوانگەیەدا، گەشە لە خوارەوەی کۆمەڵگاوە دەســـت پێ دەكات و بـــە پێچەوانەی پلانە سەراسەری و مەزنەکان، گرنگییەکی یەکجار زۆر بە بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییە خۆجێیی و ناوچەییەکان دەدرێ.

بە گشتی، «پاشگەشـــە» بە ڕەتکردنەوەی گەشـــەی ڕۆژئاوایـــی، بـــەدوای دۆزینەوەی جێگرەوەیەکە کە تێیدا گۆڕان تەنیا لەســـەر بنەمای ماددی و ئابووری ڕوو نەدات، بەڵکوو پێی وایە گەشەسەندنی ڕاستەقینە لە کەلتوورەوە دەست پێ دەكات و لە ڕێگەی بەمرۆییکردنی گەشەوە دەستەبەر دەبێت. ویستی پاشگەشە، گۆڕانی نێوخۆیـــی، کەلتووری و مەدەنییە کە لە خوارەوەی کۆمەڵگاوە دەســـت پێ دەكات؛ واتا کۆمەڵانی خەڵک لە گوند و شـــار خۆیان دارێـــژەر و بەڕێوەبـــەری گەشـــەن و بۆ هەر چەشنە گۆڕانێک دەبێ ویست و ڕای خەڵکی ناوچە جیـــاوازەکان، ژنـــان، لاوان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان (NGO) و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرچاو بگیرێ.

پاشگەشـــە پێی وایە کە بـــۆ گۆڕانی هەر کۆمەڵگایەک، دەبێ کەلتوور، داب و نەریت و زانستی ناوچە خۆجێییەکان بە هەند وەرگیرێ و ڕێـــز بۆ جیاوازییەکان دابنرێ. پاشگەشـــە، بـــاوەڕی بـــە پلۆرالیســـمە و هەر چەشـــنە سیاســـەتێک بۆ یەکرەنگ کردن و یەکدەنگ کردنی کۆمەڵگا ڕەت دەکاتەوە. پاشگەشە، بە جێی برەودان بـــە کەلتووری ماددیگەرایانە و مەسرەفگەرایانە، لایەنگری لە شێوازێکی نوێی ژیان دەکا کە چێژ تەنیا لە کڕین و مەسرەف کردندا نەبینرێ و هەر بەرنامەیەک بۆ گەشە ئەشێ پاراســـتنی سروشت و ژینگە لەبەرچاو بگرێ. پاشگەشـــە پێی وایە دەبێ سیاســـەت لەسەر قووڵ بوونەوەی دێموکراسی چڕ بێتەوە و تەواوی ئازادییە دێموکراتیکەکان ڕێزیان لێ بگیرێت. بە گشتی، پاشگەشە پێداگری لەسەر گەشـــەیەکی خەڵکییانـــە دەکات کە وێڕای دابینکردنی پێداویســـتییە ســـەرەتاییەکانی مـــرۆڤ وەک خواردن، جلوبـــەرگ، خوێندن،

خانووبەرە و تەندروستی، گرینگی بە ڕۆڵی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت؛ قووتابخانەی پاشگەشە زیاتر لە سەرمایەی ماددی، گرینگی بە پەرەپێدانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی[١٥] دەدات؛ بە تەواوی دژی ناوەندگەراییە و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەهێزکردنی خەڵکەوە ئاستی بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک لە کۆمەڵگادا بەرز کاتەوە.

ئێسکووبار، یەکێک لە بیرمەندانی سەر بە پارادایمی پاشگەشە، پێی وایە لە نێوان سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لاواز بوونی پارادایمی گەشە، پەیوەندی هەیە و لەسەر ئەم باوەڕەیە کە تێرامان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ دەرباز بوون لە گوتاری مۆدێرنیزاسیۆنی پاش شەڕی جیهانیی دووهەم کۆمەڵێک ئیدەمان دەداتێ. ئەو، پێی وایە گەشە وەکوو گوتارێک بە ساز کردنی کۆمەڵێک چەمکی وەک هەژاران، برسییەکان، نەخوێندەواران و پاشکەوتووان، هێژمۆنیی جیهانی باکوور (گەشەسەندوو) بە سەر جیهانی باشوور (گەشەنەسەندوو) دا دەسەپێنێ. لەم ڕوانگەیەوە، گەشە واتا کۆمەڵێک پەیوەندیی هێز و دەسەڵات کە لە ڕێگەیەوە جیهانی ڕۆژئاوا دەیهەوێ جیهانی سێهەم بەرهەم بێنێت و ئامانجی ئەوەیە کە هەمووی جیهانی گەشەنەسەندوو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا، ئەزموونی گەشە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئەمڕۆ ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بەرنامە و پلانی گەشە لە سەر ئیدئۆلۆژیی ناوەندگەرایانەی نەتەوەی فارس دامەزراوە و هەمیشە ڕوانگەیەکی هیرارشیک و سەرەوخوار، فارستەوەرانە و دەوڵەتییانە زاڵ بووە و ژێردەستان (نافارسەکان، ژنان و هەژاران) قەت نەبینراون. هەر بۆیەش ئەم وڵاتە بە گەشەیەکی ڕاستەقینە و هەمەلایەنە نەگەیشتووە و بەردەوام پەیوەندییە زاڵمانەکانی سوڵتە بەرهەم هێنراونەتەوە. کەوابوو دەبێ بۆ هەمیشە واز لە ڕوانگەی ناوەندگەرایانە و نەژادپەرەستانە بۆ گەشەسەندن بێنین و ڕوانگەیەکی نوێ هەڵبژێرین.

شتێکی دیکە کە لە پەیوەندی لەتەک گەشەی ئاسۆییدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە ئەم جۆرە گەشەیە ئەگەرچی لایەنگری لە ئازادیی تاکەکەسی دەکات، بەڵام بە توندی ڕەخنە لە تاکگەراییی بەرژەوەندیخوازانەی لیبرالیزم و نیئۆلیبرالیزم دەگرێ. چونکە پێی وایە دەوڵەت نابێ تەنیا وەک «پاسەوانی شەو» ئەرکی دابینکردنی ئەمنییەت، بەڕێوە بردنی یاسا و جێگیر کردنی نەزمی لە ئەستۆ بێ؛ بەڵکوو ئەشێ «چاوەدێری» بەسەر ئابووریدا بکات و نابێ ئێزن بدات هیچ کەس بە دەستی هەژاری، نەخۆشی و هەڵبەزدابەزی بازاڕەوە بناڵێنێ. کەوابوو دەبێ ئەرکی دابینبوونی خوێندنی خۆڕایی، تەندروستی و بنەبڕکردنی هەژاری وە ئەستۆ بگرێ. بەم شەرحە، گەشەی ئاسۆیی لایەنگری لە دەوڵەتی بچووک ناکات و لێرەدا لە لیبرالیزم و نیئۆلیبرالیزم جوێ دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەش گەشەی ئاسۆیی لایەنگری لە دەوڵەتی گەورەی مارکسیسمی ئۆرتۆدۆکسیش ناکات؛ چونکە پێی وایە ئازادیە تاکەکەسییەکان بەرتەسک دەکاتەوە.

بە گشتی، گەشەی ئاسۆیی پشتیوانی لە دەوڵەتی تا ڕادەیەک گەورەی چالاک و کۆمەڵگەی مەدەنیی گەورەتر و چالاکتر دەکات و لێرەدایە کە هەم لە لیبرالیزم و هەم لە سۆسیالیزم جیا دەبێتەوە و لە سۆسیالدێموکراسی نزیک دەبێتەوە. بەهێزبوون و چالاکبوونی دەوڵەت هەمیشە بە واتای سەرەڕۆبوون نییە، بەڵکوو دەبێ یارمەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات. کارڵ پۆلانی[١٦] پێی وایە سیستەمی بازاڕی ئازاد لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ نامۆیە. ئەم سیستەمە بەرهەمی هەوڵەکانی دەوڵەتە

بۆ پاریزگاریکردن لــە بەرژەوەندیی چینێکی تایبــەت. بەر لە زاڵبوونی نیزامی بازاڕی ئازاد، ئابــووری لە خزمەت کۆمەڵدا بوو؛ بەڵام پاش زاڵبوونی نیزامــی بازاڕی ئــازاد، ئابووری لە کۆمەڵــگا جیا بوویــەوە و وەکوو دیاردەیەکی سەربەخۆ و تەریک لە کۆمەڵگا ئیشــی کرد و دەرکەوتەکەشی بوو بە فاشیسم و کۆمۆنیزم. کەوابــوو لیبرالیــزم و کۆمۆنیــزم هیچیــان ناتوانــن کۆمەڵێــک بونیاد بنێــن کە هەموو مرۆڤەکان تێیــدا بەختەوەر بــن. ڕێگەچارە دیموکراتیزە کردنی سۆسیالیزم و سۆسیالیزە کردنی دیموکراســی یا هەمان «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە وێرای دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز و گەورە، ئەشێ کۆمەڵگایەکی مەدەنیــی گەورەتر و چالاکتر لەم دەوڵەتــە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی پێشــکەوتوومان هەبــێ بۆ ئــەوەی پێش بە ســەرەڕۆیی دەوڵەت بگریــن، بێ ئەوەی لە داوی نیئۆلیبرالیــزم بکەویــن؛ ئەمــەش لە ڕێگەی گەشەی ئاسۆییەوە دەستەبەر دەبێت

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە گەشەی ئاسۆیی کەڵک لە ئەندیشەی ئابووریزانێکی تر بــە ناوی ئامارتیا ســێن[١٧] وەردەگرێ کە لە ساڵی ١٩٩٨ بووەتە براوەی خەڵاتی نۆبێل لە بواری ئابووریدا. سێن لە کتێبی «گەشە وەکوو ئازادی[١٨]»دا وێرای لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی دەوڵەت لەســەر گەشە، گرینگییەکی زۆریش بــۆ ڕۆڵی مــرۆڤ وەکوو کارگێــڕ دادەنێ. لە ڕوانگەی «ســێن»دا، دەوڵــەت دەبێ ئەرکی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەروەردە، تەندروســتی و بنبڕ کردنی هەژاری وەئەســتۆ بگرێ؛ بــەڵام لەم بەریش ئەندامانــی کۆمەڵگا دەبێ شــان بە شــانی دەوڵەت بە شــێوەی چالاکانە بۆ گەشە هەوڵ بدەن(سن، ١٣٨١: ٤٥-٢٥). لە ڕوانگەی ئەووەوە، پەیوەندییەکی دیالێکتیک لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا بۆ گەیشــتن بە گەشە هەیە. «سێن» بە پێناسە کردنی گەشــە بە واتای ئازادی و شکۆفاییی مرۆ، دەیهەوێ تاکگەراییی ئابووریی مۆدێــڕن وەلا نــێ و بــە دوورکەوتنەوە لە یۆنیڤێرسالیزم، تایبەتمەندییە خۆجێییەکانی گەشــە لەبەر چاو بگرێ و جگە لە گەشــەی ئابــووری، گرینگی بە پێــوەرە مرۆییەکانی گەشە (شــاخصهای انسانی توســعه) بدات. لەگەڵ ئەوەی «سێن» پێی وایە دەبێ دەوڵەتی خۆشبژیو (دولت رفاه) بۆ پرسگەلێکی وەکوو پەروەردە، تەندروســتی، هــەژاری و بێکاری دەســتوەردان بکات، بەڵام ئەم دەستوەردانە نابــێ یەکجار زۆر بێت. گەشــە ئەشــێ بە هــاوکاری و بەشــداریی کۆمەڵانی خەڵک و دەوڵەت مسۆگەر بێت.

بە گشــتی، «گەشــەی ئاســۆیی» بایەخ بۆ هــەر دوو پێــوەری مــاددی و نامادیی پێشکەوتن دادەنێ، بە مەرجێک خۆسەپێنانە و زۆرەملێیانە نەبێ، لەگەڵ ویستی کۆمەڵانی خەڵک ســازگار بێت و زەربە لە ژینگە و ئەو کەلتووری خۆجێیانە نــەدات کە دژایەتییان لەگەڵ ژیانێکی مرۆڤانە نییە. گەشەی ئاسۆیی ڕادیکاڵ ئەگەرچی دژی کۆنەپەرەستییە، بەڵام دژی هەمــوو نەریتێک نییە و نایهەوێ ژیانی ئەو گرووپانەی نایانهەوێ بە شــێوەی دنیای مەســرەفگەرا بژین، تێک بدات. ئەم گەشەیە هێندێک لە پێــوەرە نەرمەکانی «دامەزراوەی نیونەتەوەیی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان[١٩]» وەکــوو پێوەرەکانــی گەشــەی کۆمەڵایەتی قەبــووڵ دەکات و دەیهەــوێ لە ڕێگای پەرە پێدان بــەم پێوەرانە، کۆمەڵگا بەرەو گەشــە ببات. لــە ڕوانگەی ئــەم دامەزراوەیەوە ئەم پێوەرانــەی دەبــێ پەرەیــان پــێ بدرێت و بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا گەشــە بکا، بریتیــن لــە: ١ چالاکیی مەدەنــی[٢٠]؛ ٢ کلووپ و ئەنجومەنەکان[٢١]؛ ٣ یەکپارچەیی نێوخۆیی[٢٢]؛ ٤ متمانــە و ئەمنییەتی نێوان تاکەکان[٢٣]؛ ٥ بەرابەریی جنسییەتی[٢٤] و ٦ لە خۆگرتنی کەمایەتییەکان[٢٥] (ISS ،2010) هــەر یــەک لــەم پێــوەرە نەرمانــە لە

ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتیدا، یارمەتی بە گەشەیەکی ڕاستەقینە و دیموکراتیک دەدەن. بۆ نموونە، لە ئاکامی پەرەسەندنی چالاکیی مەدەنی و زیاد بوونی کلووپ و ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان، کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو ڕۆدەنرێ، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکان گەشە دەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی شارۆمەندان چالاکانە لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا بەشداری بکەن. ئەم پێوەرانە ڕێگا بۆ خەڵک خۆش دەکەن کە دەستیان بە ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییەکان، کەرەسەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی بەشداری لە سیاسەت وەکوو خۆپێشاندان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕابگا.

یەکپارچەیی نێوخۆیی، ململانێ و ناکۆکیی نێوان نەتەوە، تاقم و دەستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا ئەندازە دەگرێ و بەهێز بوونی ئەم پێوەرە، دەبێتە هۆی نەمانی هەڵاواردن و سیستەمی ئاپارتاید. یەکپارچەیی نێوخۆیی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیموکراسیی ڕادیکاڵ و یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا ساز دەکا بە بێ ئەوەی هیچ گرووپێکی ئایینی، نەتەوەیی و زمانی لە نێو گرووپێکی دیکەدا بتوێتەوە یان جیاوازییەکان، توندوتیژی و نائارامییان لێ بکەوێتەوە. متمانە و ئەمنییەتی نێوان تاکەکان وەکوو سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان لەگەڵ یەک، هەست بە ئارامی و خۆشەویستی بکەن و لەتەک یەکدا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک مامەڵەی بازرگانی، کاری مرۆڤدۆستانەی وەک ژینگەپارێزی، داکۆکیکردن لە مافی منالان، کاری خێرخوازی، کاری سیاسی و بە گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەست بە متمانە بکەن. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا گەشە بکات.

بەرابەریی جنسییەتی واتا ژنان تا چ ڕادەیەک وەکوو پیاوان لە بواری خوێندن، پیشە و سیاسەتدا دەرفەتی یەکسانیان دەدرێتێ و ئاخۆ لە کۆمەڵ و ناوماڵ، هێز و دەسەڵاتیان بە ئەندازەی پیاوان هەیە؟ لە ڕەوتی گەشەی ئاسۆییدا، هیچ پاساوێک بۆ هەبوونی نابەرابەری لە نێوان ژنان و پیاوان لە هیچ شوێن و گۆڕەپانێک نییە. لە بەڕێوەبردنی ناوماڵ، خاوەندارێتیی منال، ئیرس و میرات، مافی تەڵاق، کاری ئابووری و خوێندن هەتا دەگاتە گشت بەرپرسیارەتییە بەڕیوەبەرایەتییەکان و بەرزترین پلە سیاسییەکان دەبێ لەگەڵ پیاوان بەرابەر بن و پیاوسالاری بە تەواوی لە کۆمەڵگا داماڵدرێ. پێوەری لەخۆگرتنی کەمایەتییەکان، لە هەمبەر ڕەچاو کردنی سیاسەتی هەڵاواردن دژی چین و توێژە لاواز و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا وەک خەڵکانی خۆجێیی، خەڵکانی کۆچەر و پەنابەران دەوەستێتەوە و ڕێگا نادات هیچ یاسایەک پەسند یان جیبەجێ بکرێ کە ببێتە هۆی هەڵاواردنی ئەوان لە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا. (Foa and Tanner, 2012: 9-12).

بەم چەشنە، «گەشەی ئاسۆیی» لە قوتابخانەی پاشگەشە، سۆسیالیزمی دیموکراتیک، سۆسیالدیموکراسی، بیرۆکەی گەشە وەکوو ئازادی و پێوەرەکانی دامەزراوەی نێونەتەوەیی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرێ و بە تێکەڵکردنی بنەما فکرییەکانی ئەوان، گەڵاڵەی جۆرێک گەشە دادەڕێژێ کە لەگەڵ گەشەی تەک ڕەهەندی، هێڵدار، ناوەندگەرایانە، دەوڵەتگەرایانە، زۆرەملێیانە و سەرمایەدارانە ناتەبایە.

پێویستە بە ئاماژەیە کە «گەشەی ئاسۆیی» ئەگەرچی لە قوتابخانەی پاشگەشە ئیلهام وەردەگرێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی پێی وایە گەشە توانیوێتی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤدا پێک بێنێ، بە گشتی گەشە ڕەت




**چارتی ژمارە (١)- گەشەی ئاسۆییی ڕادیکاڵ**

ناکاتەوە و دەیهەوێ جێگرەوەیەک بۆ گەشەی ناوەندگەرایانـــە و ســـەرمایەدارانە دانـــێ. لە حاڵێکدا پاشگەشـــە لە جێگرەوەیەک بۆ کۆی گەشە دەگەڕێ، گەشـــەی ئاسۆیی دەیهەوێ ئاڵتێرناتیڤێـــک بۆ گەشـــەی ناوەندگەرایانە، دەوڵەتگەرایانە و سەرمایەدارانە بدۆزێتەوە. لەم گەشـــەیەدا نە بە تەواوی ڕۆڵی دەوڵەت ڕەت دەکرێتـــەوە و نە لـــە داوی کەرتی تایبەتیی (بخـــش خصوصـــی) سیاســـەتی نیئۆلیبراڵ دەکەوێ کە دەیهەوێ لە ڕێگەی تێکنیکەکانی بایۆپۆلیتیکەوە (زیســـت - سیاست) کۆمەڵگا ڕام و ملکەچی خۆی بکات.

لە لایەکی دیکەوە «گەشـــەی ئاســـۆیی»، لایەنگری لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات و سیستەمی ســـەرمایەداری بە سیستەمێکی ســـتەمکار دەزانێـــت و پێی وایـــە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانە. هەر بۆیە لە سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک کەڵک وەردەگرێـــت و خۆی بـــە تەبا لەگەڵی دەزانێت بـــەم جیاوازییە کە گەشـــەی تەواو دەوڵەتی و سەرەوخوار ڕەت

دەکاتــەوە و خوازیاری بەشــداری پێکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕەوتی گەشەی وڵاتدایە. لەم شــوێنەش کە گرینگی بە ڕۆڵی تاکەکان و ئازادیی ئــەوان لە ڕەوتی گەشەســەندنی کۆمەڵگادا دەدات، لە بیرۆکەی «گەشە وەکوو ئــازادی»ی ئامارتیا ســێن ئیلهام وەردەگرێ. هەروەها بــە هۆی ئەوەی بایــەخ بە پێوەرە نامادديیەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی دەدات، لە پێوەرە نەرمەکانی «دامەزراوەی نیونەتەوەییی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان» کەڵک وەردەگرێ. هۆکاری هەڵبژاردنی ئاوا گەشــەیەک ئەوەیە کە لەگەڵ چاخی ئێستا کە سەردەمی ئاسۆیی بوون و زەمانی ناشتنی سیاسەتی فەرماندەرانە و زۆرەملێیانەیە، دەگونجێ. گەشــەی ئاسۆیی وەکــوو ئاڵتێرناتیڤــی جۆرەکانــی دیکــەی گەشــە، خوازیاری پێشخستنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگایــە و دەیهەوێ بــە قووڵکردنەوەی دێموکراســی، برەودانــی دادپەروەریــی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی بەرابەری و گەشــە سەندنی ئازادیيە مەدەنییەکان، کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر ڕۆبنێ.

هەنووکە لە ســەردەمی پاش بزووتنەوەی ژینــادا، ئایدیایەک کە «گەشــەی ئاســۆیی» دەیــدا بە ئێمە ئەوەیە کــە بزووتنەوەی ژینا وەکــوو بزووتنەوەیەکــی کۆمەڵایەتیی نوێ، پێویســتییی بە گەڵاڵەکردنــی بەرنامەیەکی تازە هەیە بۆ بەرەوپێشــبردنی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر وەک ئاماژەمان پێ دا بزووتنەوەی ژینا لە بەستێنی کەلتووری سیاسیی ئاســۆییدا بیچمی گرت، بۆ ئەوەی بتوانین هاوشان لەگەڵ ئەم کەلتوورە، لە لایەک بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردستان بــەرەو پێش ببەیــن و لە لایەکــی دیکەوە بەرنامەیەک بۆ پێشــکەوتنی کۆمەڵگاکەمان دارێژین، پێویســتیمان بە شــکڵێکی نوێ لە خەبات هەیە کە لەگەڵ کەلتووری سیاســیی ئاســۆیی پاش بزووتنەوەی ژینا و گەشــەی ئاسۆیی ڕادیکاڵ تەبا بێت؛ ئەم خەباتە دەبێ هەم تایبەتمەندیی شۆڕشــگێڕانەی هەبێت و هەمیش خەڵکییانە و ناهیرارشیک بێت؛ ئەم خەباتە بریتییە لە «خەباتی ئاسۆیی ڕادیکاڵ» کــە لە درێژەی وتارەکەدا لەبەر ئاســانبێژیی زیاتر بە «خەباتی ئاسۆیی» ناوی دێنین.

## ۴ خەباتی ئاسۆیی ڕادیکاڵ

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، گۆڕانکاری لــە پێکهاتــەی کۆمەڵایەتیی کوردســتان، زەرووڕەتــی پێداچوونــەوەی لــە چۆنیەتیی درێــژەدان بە خەباتــی میللی-دێموکراتیکی خەڵکــی کورد لــە ڕۆژهــەڵات ورووژاندووە و پێویســتە حدکا جۆرێکی نــوێ لە خەبات بە ناوی «خەباتی ئاســۆیی ڕادیکاڵ» ڕەچاو بکات کە لەگەڵ دۆخی ئێســتای کۆمەڵگای کوردســتان تەبا بێت. هەر جــۆرە خەباتێک پرەنسیپ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ خەباتی ئاسۆییش خاوەنی چەندین ئەسڵی سەرەکییە کە کــۆی خەباتەکە لە دەوری بیچم دەگرێ و پێی دەناسرێتەوە؛ ئەم ئەسڵانە بریتن لە:

۱ سۆسیالیزمی دێموکراتیک
۲ مافی دیاریکردنی چارەنووس
۳ گەشــەی ئاســۆیی ڕادیــکاڵ (هەمە لایەنە:گەشەی سەوز، کۆمەڵایەتی - ئابووری-سیاســی- کەلتــووری) بە جێی گەشــەی ئابووری تەوەر
۴ بەرێوەبەرایەتیی ئاسۆیی
۵ دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ
۶ خەباتــی چەنــد ڕەهەنــدی (سیاســی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و چەکداری)
۷ هاوئاهەنگی بە جێی پێشەنگی

لە درێژەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی و بە پوختی هەر یەک لەم ئەسڵانە شی کەینەوە

### ۱-۴- سۆسیالیزمی دێموکراتیک

د. قاســملوو پێــی وایە یەکێک لــە ئەرکە ســەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات هەوڵدان بــۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتــی و لەنێوبردنی

چەوسانەوەی ئینسانە و لەم ڕاستایەشدا سۆسیالیزم وەکوو ئامانجی دوارۆژی حیزب دیاری دەکات (تاقگەی هەقیقەت، ٢٢). لە «کورتەباس»دا، د. قاسملوو لە بەشێکدا لە ژێر ناوی «سۆسیالیسم چییە؟» ڕوونی دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات نیزامی سەرمایەداری ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: «کاتێک دەڵێین سۆسیالیزممان دەوێ، ئەوە بەو مانایەیە کە سەرمایەداری ڕەت دەکەینەوە» (تاقگەی هەقیقەت، ٢٣). دواتر دەڵێ ئێمە بۆیە سۆسیالیزممان هەڵبژاردووە کە «ئیمتیازی نەژادی، چینایەتی، ئیرسی، عەشیرەتی، ئایینی و ... هەموویان لە سۆسیالیزمدا لە بەین دەچن»(تاقگەی هەقیقەت، ٢٥). پاشان د. قاسملوو وێڕای ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی ئەوکات، دەڵێ: ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دروست کەین کە نەک دێموکراسی مەحدوود نەکا، بەڵکوو پەرەشی پێ بدات؛ ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە دێموکراتیک بێ. ئەوە هەم بە مانای کەڵکوەرگرتن لە دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە و هەم بە مانای کەڵکوەرگرتن لە ئازادیی فەردی و سیاسی و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدایە. لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا، فەرد نە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێتەوە، نە لە باری سیاسییەوە (تاقگەی هەقیقەت، ٤١، ٤٢ و ٤٣).

بە باوەڕی نووسەر، ئێستاش سۆسیالیزمی دێموکراتیک مرۆڤانەترین و شیاوترین ستراتێژییە بۆ دوارۆژ. هەر وەک دەزانین چل ساڵ لە نووسینی کورتەباس تێپەڕ بووە و لەم چەند ساڵەی دواییشدا هێندێک قسە و باس لەسەر ئەم بابەتە لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا هاتۆتە گۆڕێ. هێندێک کەس پێیان وایە حیزب لە ئەسڵدا و بە کردەوە حیزبێکی سۆسیال دێموکراتە و بۆیە پێویستە واز لەم ستراتێژییە بێنێ و بە ڕاشکاوانە ببێتە حیزبێکی سۆسیالدێموکرات. هێندێک کەسیش پێیان وایە سۆسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە، چونکە تەنیا لە ئاوا سیستەمێکدا چەوسانەوە کۆتایی پێ دێت.

بە باوەڕی منیش هێشتا سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە سێ هۆ کارامەیە: ١ لەنێوبردنی چەوساندنەوە ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤە کە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا دەتوانێ دەستەبەر بێت؛ ٢ سیستەمی سەرمایەداری لە شکڵی نیئۆلیبراڵیی ئێستایدا تووشی گەلێک قەیران و کێشە بووەتەوە کە بەرچاوترینیان زل بوونەوەی مەودای نێوان چینەکان و کەلێنی کۆمەڵایەتی، پەرە سەندنی مەسرەفگەرایی و لە ناو بردنی ژینگەیە؛ ٣ دەبێ بزانین کاتێک قسە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ دوارۆژی کۆمەڵگایەک دەکەین، بە قەولی ماکس وێبێر[٢٦] مەبەست ئیدەئالتایپ[٢٧] یان جۆرێکی ئارمانییە. جۆری ئارمانی لە ڕوانگەی وێبێرەوە نموونەیەکی تەواو و کۆ کراوەی گشت تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەکە کە لە جیهانی ڕاستیدا لە هیچ کوێ دەست ناکەوێ؛ بەڵکوو توێژەر دەتوانێ هەر دیاردەیەکی دیکەی لەگەڵ هەڵسەنگێنێ و بەراوردی بکا کە چەندە لە ئیدەئال تایپەکە نزیک دەبێتەوە. بەم شەرحە دوو چەمکی سۆسیالیسم و دێموکراسی بە تەواوی لقوپۆپەکانیانەوە وەکوو ئەوەی تیۆریزە کراون لە هیچ کوێ نابینرێن. گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵگایەک چەندە بتوانێ لێیان نزیک بێتەوە. کەوابوو، نە دێموکراسی و نە سۆسیالیزم، هیچیان وەکوو ئەوەی لەسەر لێنووس گەڵاڵە دەکرێن، لە ئەرزی واقیعدا دەستەبەر نابن. کە دەڵێین ئێستاش سۆسیالیزمی دێموکراتیک کارامەیە، مەبەست ئەوەیە وەکوو ئیدەئالتایپێک لێی بڕوانین و بەرەو ئەو سیستەمە هەنگاو هەڵێنینەوە و تێبکۆشین کۆمەڵگای کوردستان لەم جۆرە سیستەمە نزیک کەینەوە، نەک ئەوەی

سەداسـەد بتوانیـن دایمەزرێنیـن. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دیموکراسـی و سۆسیالیزم پرۆژەی سیاسی نین کە لە ماوەیەکی کاتیدا ئەنجام بدرێن و دوایی ماوەیان بەسەر بچێت؛ دیموکراسی و سۆسیالیزم پرۆسە واتا ڕەوتن؛ کەوابـوو نـە ماوەیان بەسـەر دەچێت و نە کامڵ دبن. گرینـگ ئەوەیە کە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی لە ئیدەئالتایپەکەیان نزیک بینەوە، ئەگەرچی دەزانین قەت بە شێوەی سەداسەد دەسـتەبەر ناکرێن. هەر بۆیە دەبێ خۆمان لە هەڵبژاردنی سیاسـەتی ئیدئۆلۆژیک ببوێرین و دەرک بـەوە بکەین کـە کاتێک دەتوانین کۆمەڵگایەکی بەراسـتی مرۆڤانە بونیاد بنێین کە بتوانین بەربەسـتگەلێکی وەک ئیمتیازە کۆمەڵایەتییـەکان (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، جیاوازیی چینایەتی) بسـڕینەوە، ئەوەش کاتێک دەسـتەبەر دەبـێ کە بەرەو کۆمەڵگایەکی سۆسیالیسـتی و دیموکراتیک بڕۆیـن. هەڵبژاردنـی ئـاوا ڕوانگەیەک ئەم تێگەیشـتنەمان پـێ دەدات کـە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سۆسـیالیزم بڕۆین. بۆیە ئەشێ حیزبـی دیموکرات کار بکا بۆ گەشـەپێدانی ئازادیی تاکەکەسی، دیموکراسی، دادپەروەری و بەرابەری، لـە ڕێگای هەنگاوی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییەوە.

باسـێکی دیکە کە لەسـەر دیموکراسی و سۆسـیالیزم هەیـە، پرسـی پێشـترێتی (اولویـت)ی هەر کام لەوانەیـە. ئایا دەبێ لە پێشدا دیموکراسی سـەقامگیر بێ جا دوایی سۆسـیالیزم یان پێچەوانەکـەی؟ بەڕای من وڵامی ئەم پرسـیارە لە بەرنامەی گەشـەی ئاسـۆیی و خەباتی ئاسـۆییدا دیارە، ئەویش ئەوەیـە کە ئازادیـی مـرۆڤ و ڕێزدانان بۆ بیـروڕای جیاواز، گرینگترین ئەسـڵە و بەبێ ڕێزگرتن لەم مافانە هیچ شـتێکی ئینسانیی ڕاسـتەقینە نایەتـە دی. کەوابـوو ئەگـەر هەڵبژاردنێکـی بەراسـتی دیموکراتیـک و خەڵکییانە نەبـێ، دادپەروەرییش نایەتە دی؛ چونکـە دەسـەڵاتی نادیموکراتیک خەڵکی و گەلی نییـە هەتا خزمەت بە چەوسـاوان و هـەژاران بـکات. هـەر بۆیـە پەرەپێدانی ئازادییـە دیموکراتیکـەکان و بەهێزکردنی کەلتوورێکـی سیاسـیی دیموکراتیک لە نێو جەماوەردا، ڕێگا بۆ گەڵاڵەکردن و پیادەکردنی دادپـەروەری خـۆش دەکات و دەتوانـێ کۆمەڵـگا بەرەو لای ببـات. کەوابوو، کاتێک دەتوانیـن کۆمەڵگەیەکی گەشەسـەندووی ئاسۆیی (جامعه توسعهیافتهی افقی) کە هەم دیموکراتیک بـێ و هەم دادپەروەرانە، بونیاد بنێین کە دەسـەڵات بەراستی دیموکراتیک بـێ، ئەوسـا ئـەم دەسـەڵاتە دەتوانـێ بۆ لابردنـی چەوسـاندنەوەی ئابـووری هەوڵ بـدات. دادپەروەری بە بێ ئـازادی وەهمێکە لـە سۆسـیالیزمی دیموکراتیـک و ناتوانێ بە بـێ ئازادی و دیموکراسـی،کۆمەڵگایەکی عادڵانـەی پایـەدار ڕۆ بنێرێـت. کەوابوو بۆ ئـەوەی هەرچـی زیاتـر لـە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیسـتی نزیک بینەوە، پێویستیمان بە دیموکراسی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەیـە. بەڵام دەبێ سـەرەتا دەرفەتی ئازاد و بەرابەر بۆ هاووڵاتیان بڕەخسـێ هەتا پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەو جۆرەی کە بۆخۆیـان دەیانهەوێ یەکلا کەنەوە، جا دواتر پلان و بەرنامە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخسـتنی بازاڕ دابڕێژن، ئەوەش بە واتای پێشـترێتیی دیموکراسیی کۆمەڵایەتی بەسەر دیموکراسیی ئابووریدایە.

ڕەنگە ڕەخنەیەک کە لەم بۆچوونە بگیرێ ئەوە بێ کە ئەمە هەمان سۆسیالدیموکراسییە و سۆسـیالیزمی دیموکراتیک نییە. سەرەتا با ئەوە ڕوون کەینەوە و وەک پێشـتر ئاماژەمان پێ دا، سۆسیالیزم ئیدەئالتایپێکە و سەتاسەت لانیکەم لە بارودۆخی ئێستادا نە لە کوردستان و نە لە هیچ کوێ دانامەزرێ؛ کەوابوو خۆ ئەگەر بتوانین کوردسـتانێکی سۆسـیالدیموکراتی وەک ئـەو جۆرەی لە وڵاتانی سـکاندیناویی

ناسـراو بە مۆدێلی نۆردیک هەیە ساز دەین، کارێکی یەکجـار گەورە دەکەیـن. ئەمەش بـە واتای ئەوە نییە کە سۆسیالدیموکراسـی ئامانجـی دوا ڕۆژمانە؛ بەڵکوو بە مانای ئەوەیە کـە پلەیەک لە سۆسـیالیزم نزیک دەبینەوە و ڕێگاکانی گەیشـتن بـەرەوە ئیدەئالتاییی سۆسیالیزمی دیموکراتیک پتر هەموار دەبێت پیوەرە نێودەوڵەتییەکانی دیموکراسی[٢٨]، گەشەی کۆمەڵایەتی[٢٩] و گەشەی مرۆیی[٣٠] دەری دەخـەن کـە وڵاتانی سـکاندیناوی چەندین سـاڵە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەم وڵاتانەن کە بۆ پەرەپێدانی ئاشـتی، ئازادی، دادپەروەری و دیموکراسی تێدەکۆشن[٣١]. ئەم پیوەرانە پێشـانی دەدەن کە هەر هەنگاوێک بەرەو دیموکراسی و دادپەروەری، بەختەوەری و خۆشبژیـوی بۆ خەڵک بە دیـاری دێنێ؛ کەوابوو دەبێ بە دوورکەوتنەوە لە ئیدئۆلۆژی و بـە ڕەچاوکردنـی ڕوانگەیەکی زانسـتی و ئەزموونکراو، دان بەوەدا بنێین کە ئەگەریش پێمـان وایە لـە کۆتاییدا بۆ ئـەوەی مرۆڤ لە سـتەمی سیاسـی و ئابووری ڕزگاری بێ، پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی و دیموکراتیک هەیە، لانیکەم لە دۆخی ئێستادا ڕۆ نانی ئاوا کۆمەڵگایەک ئەستەمە و گرینگ ئەوەیە کە بـە هەنگاوەکانمـان لێی نێزیک بینەوە. با لـەوە تێبگەین کە ئەگەر حدکا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکـی دیموکراتیکەوە توانی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە دەستەوە بگرێ، لە دۆخی ئێسـتادا گرینگ ئەوەیە کە بە شێوەی تیۆریک و عەمەلی بۆ ئاشتبوونەوە و ئاوێتەکردنی دیموکراسـی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەوڵ بدات، نەک ئەوەی تەواوی وزەی خـۆی بۆ دامەزراندنـی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی تەرخان کات.

کەوابـوو خەباتی ئاسـۆیی ڕادیکاڵ بە گرینگیدان بە کۆمەڵانی خەڵک، دیموکراسی وەپێـش دەخـات و دوای بونیادنانـی کۆمەڵگایەکی ئازاد، بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم کار دەکات. لە کۆمەڵگای ئاسۆییدا هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بە هەر بیانوویەک بێ، بەبێ ڕەزامەندیـی کۆمەڵانـی خەڵـک، بەرنامەی ئابووری، سیاسـی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری داڕێـژێ و بەڕێـوەی ببات. ئەمـە بە واتای پێشترێتیی دیموکراسـییە، دیموکراسییەکی خەڵکـی و ڕادیـکاڵ. پێناسـەی گەشـەی ئاسـۆیی بۆ مرۆڤ، مرۆڤێکـی کۆمەڵایەتیی ژینگەدۆستە کە چێژ تەنیا لە سوودی ئابوری و مەسرەفکردندا نابینێ؛ بەڵکوو بە هەڵبژاردنی کەلتوور لـە جێی ئابووری، وەکـوو بناغەی پێشکەوتن، دەیهەوێ کۆمەڵگەیەکی تەژی لە ئازادی و بەرابەری پێک بێنێ کە مرۆڤ تێیدا هەسـت بە سەربەخۆیی و بەختەوەری بکات. خەباتی ئاسۆیی لە ڕێگەی گەشەی ئاسۆییەوە دەیهـەوێ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتـی پەروەردە بکات، نەک مرۆڤی تاکگەرای هەلپەرەست و تەریکی دنیای لیبراڵ یان مرۆڤی داپڵۆساوی سیستەمە سەرەڕۆکان. دەیهەوێ کۆمەڵگایەک پێـک بێنـێ کـە ئەندامانـی ئازادیخواز و دادپەروەریخواز بن و ئاشتییانە پێکەوە بژین. هەر وەک دەزانین د. قاسـملووش بە شوێن ئـەوەوە بوو کـە سۆسـیالیزم، دیموکراتیزە بکات؛ ئەمە بـە واتای ئەوەیە دیموکراسـی نەک گرینگتر بەڵکوو لەپێشترە. چونکە هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی خەڵکییانە ناتوانێ بەبـێ لەبەرچـاو گرتنی ویسـتی کۆمەڵانی خەڵـک دابمـەزرێ. کەوابوو ئاسـاییە کە حیزبێکی خەڵکـی و دادپەروەریخوازی وەک حدکا، وەک هەمیشە دیموکراسی بخاتە پێش سۆسیالیزم و بیهەوێ بە شێوەی دیموکراتیک سۆسیالیزم دامەزرێنێ.

ئەزموونی چل سـاڵ پـاش کورتەباس نیشـانی داوە کە دەوڵەتی گەورە ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت ئەگەریش بە شێوەی دیموکراتیـک هەڵبژێـردرێ، ئەسـتەمە بە دیموکراتیکـی بمێنێتەوە و ڕەنگە وردە وردە بۆخـۆی ببێتە دیکتاتۆریـی زۆرینە و وەکوو

چینێکی سەربەخۆ لە خەڵک لە گەندەڵییەوە بگلێ و خۆی ببێ بە ئامرازی چەوساندنەوەی خەڵــک. کەواتە لەگەڵ ئــەوەی پێمان وایە سۆســـیالیزمی دیموکراتیــک، بــۆ دوارۆژی کۆمەڵگاکەمــان شــیاوترین و مرۆڤانەتریــن سیســـتەمە، دەبێ بزانین لە ڕێگەی دەوڵەتی گەورەوە و بە سیاســەتی تێخورانە ئەستەمە دەســتەبەر بکرێت. بۆیە دەکرێ لە ڕێگایەکی دیکەوە پێی بگەین؛ ئەویش نەک لە سەرەوە و بە شێوەی هیرارشیک و بە دەستی دەوڵەتێکی بەهێــز و گــەورە؛ بەڵکوو لە خــوارەوە و بە دەستی کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام بە یارمەتیی دەوڵــەت. واتا ئەگــەر ئامانجی ســەرەکیی سۆســیالیزمی دیموکراتیــک پێشــکەوتنی کۆمەڵــگا و جێگیــر کردنــی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ســڕینەوەی چەوســاندنەوەی مرۆڤ بە دەســتی مرۆڤە، ئەزموونی وڵاتانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی نیشانی دەدات ئەم کۆمەڵگایەی بەڕاســتی شایستەی مرۆڤە هەتا ئەمڕۆ نەهاتۆتە دی، بەڵام ناکرێ چاو لە ئەزموونی تا ڕادەیەک ســەرکەوتووی وڵاتانی ســکاندیناوی بپۆشــین کە بــۆ تێکەڵکردنی دیموکراســی و دادپەروەری هەوڵی باشــیان داوە؛ ئەگەرچــی لەگــەڵ ئــەوەی کە ئێمە لە کۆتاییــدا دەمانهەوێ، واتا سۆســیالیزمی دیموکراتیک، مەودایان زۆر ماوە.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ســەدەی ٢٠ و ٢١ ئەوەیان پێشان داوین کە پێشخستنی کۆمەڵگا، بڕەودان بە ئازادییە تاکەکەسییەکان، دیاریکردنی مافی چارەنــووس و بەرقەراریی دادپەروەریــی کۆمەڵایەتی، لە هیچ یەک لەم سیستەمانەی سەرەوەدا بە هۆی زاڵبوونی هێز و دەسەڵات بە باشی نەهاتووەتە دی. بەداخەوە هەمیشە بەهاکانی مرۆڤ کەوتوونەتە پەراوێزی هێز و دەسەڵاتەوە. سۆسیالیزم، سەرمایەداری، لیبرالیزم و نیئولیبرالیزم گشــتیان لە لایەن بەهێزەکانەوە کراونەتە ئامرازێک بۆ سەپاندنی دەســەڵاتداران بەسەر بێدەســەڵاتاندا، هەر بۆیــەش ئامانجەکانیــان بــە لاڕێــدا براون. تەنانەت لە سیستەمە سیاسییەکانی جیهانی پێشکەوتووشدا ستەم هەر ماوە. ئەم بارودۆخە نیشــانی دەدا کە دەبێ پابەندی ئەم ئەســڵە بین کە خودی خەڵک مافــی ئەوەیان هەیە بۆخۆیان چ سیســتەمێکی کۆمەڵایەتییان پێ باشە، دایمەزرێنن. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانیــن کە هیچ سیســتەمێکی سیاســی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت هیــچ دیاردەیەک تا ســەر نییــە و خەڵک لە کاتــی خۆیدا مافی ئەوەیان هەیە هەڵیوەشێننەوە؛ کەواتە ئەگەر دیموکراســیمان لە دادپەروەری پێ گرینگتر نەبــێ، بە دڵنیاییەوە پێمان لەپێشــترە؛ واتا لــە ڕێگــەی دیموکراســییەوە دەتوانین بە دادپەروەری بگەین، نەک پێچەوانەکەی؛ ئەمە ڕۆحی سۆســیالیزمی ڕاســتەقینە و گەشەی ئاسۆییە.

بەم شــەرحە تێدەگەین کە سۆسیالیزمی دیموکراتیــک، بــۆ دوارۆژی کۆمەڵــگای کوردستان یەکێک لە باشترین سیستەمەکانە، چونکە دژی هەر جۆرە چەوســاندنەوەیەکە؛ بەڵام پێویستە پاش چل ساڵ لە گەڵاڵەکردنی سۆســیالیزمی دیموکراتیــک، چۆنیەتیــی دامەزراندنی تۆزێک هەموار بکرێتەوە. پێویستە لەگەڵ پاراستنی کاکڵەکەی کە بەهێزکردنی دیموکراســی و بەرقەراریــی دادپەروەریــی کۆمەڵایەتییە، هێندێک شتی وەک پشتیوانی لــە بەرنامەی ئابووریــی ناوەندگەرایانەی لێ کەم کەینەوە و هێندێک شتیشــی پێوە زیاد کەین کە ئەو کات لە کوردســتان مەســەلە نەبوون، بۆیە د. قاســملوو باســی نەکردوون؛ بۆ وێنە پرســی ژینگە یان هێندێک شت کە ئێستا پتر لە ڕابردوو زەروورەتیان هەیە وەکوو پرســی ژنان و مافی منداڵان. بە هۆی ئەوەی لــە ســەردەمی گەڵاڵەکردنی کورتەباســدا، کۆمەڵگەیەکــی نەریتیی خــاوەن کەلتووری سیاســیی ئەســتوونیمان لــە کوردســتان هەبووە، هەڵبژاردنی بەرنامەیەکی ئەســتوونی

بـــۆ بونیادنانی سیســـتەمێکی دیموکراتیک و سۆسیالیســـت لە ژێر هێژمۆنیـــی گوتارێکی نوخبەگەرایانە پێویســـت بوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا و بە هۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاری کە لە کوردســـتان، ئێـــران و جیهاندا ڕوویان داوە، کۆمەڵگای کوردستان بەرەو هاوڕێکی و حاڵەتی ئاســـۆیی ڕۆیشتووە کە لە بزوتنەوەی ژیناودا خـــۆی نیشـــان دا. هەنووکە، خەریکە کوردستان لە کەلتووری سیاسیی ئەستوونی بـــە تایبەتمەندیگەلێکی وەک گوێڕایەڵبوون و سەرۆکسالاری لە سیاسەت ماڵئاوایی دەکات و بەرەو کەلتوورێکی سیاسیی ئاسۆیی هەنگاو دەنێت؛ هەر بەم پێیە و بە گوێرەی ســـەردەم پێویســـتە حیزب لەگەڵ ئـــەم گۆڕانکارییانە خۆی بگونجێنێ.

ســـەردەمی نووســـینی کورتـــە بـــاس و چەســـپاندنی لە پێـــڕەوی نێوخـــۆی حیزبدا ســـەردەمی زاڵبوونی گوتاری گەشـــە لە دوو شکڵی ســـەرمایەداری و سۆسیالیستیدا بوو؛ دەشزانین کە یەکێک لە بەرنامەکانی حیزب بە تایبەت لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەی پێشکەوتوو و سۆسیالیستی بوو. بەرنامەیەک کە دەوڵەتـــی خودموختار پێویســـت بوو لە پاش بەدەســـتەوە گرتنی دەســـەڵات هەوڵ بۆ دەســـتەبەرکردنی بدات. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژی کۆمەڵگا وەکوو کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی دیموکراتیک، ئێســـتاش بە جێیە. وەئەســـتۆ گرتنی ئەم ئەرکە بە تەواوی لە لایەن دەوڵەتی خودموختار یـــان حیزبی دیموکراتەوە بۆ ئەو کات زۆر گونجاو بوو؛ چونکە ئەو کات حیزب زۆر لە کۆمەڵگا پێشکەوتووتر بوو و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیـــی کۆمەڵـــگای کـــوردەواری تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر سەرەوخوار و ئەستوونی بوو، بەڵام ئێستا کۆمەڵگای کوردستان چۆتە قۆناغی ئاسۆییبوون و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێو بەرەی نوێدا بە شـــێوەی ســـەرەوخوار و کۆڵەکەیـــی نەمـــاوە و بـــەرەو هاوتەرازی ڕۆیشـــتووە؛ پێویســـتە ئەرکی پێشخســـتنی کۆمەڵگا جگە لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان یان بڵێین حیزبی دیموکرات بخرێتە ئەستۆی کۆمەڵانـــی خەڵکیش. لە ســـەردەمی ژیانی سیاسیی د. قاسملوودا پێویست بە حیزبێکی پێشەنگ بوو کە بە دارشتنی بەرنامەی گەشە و پیادەکردنی، کوردستان پێش بخات، ئێستا کە بـــە خۆشـــییەوە کۆمەڵگای کوردســـتان لەڕووی هـــزری و کەلتوورییەوە تا ڕادەیەکی زۆر پێـــش کەوتـــووە، دەبێ لـــە دەورگێڕانی حیزب و دەوڵەتی داهاتووی کوردســـتان کەم بکرێتەوە. هەڵبەت ئەمـــە بە واتای ئەوە نییە ئەرکی پێشخستنی کۆمەڵگا بدرێتە کۆمەڵێک کۆمپانی و سەرمایەدار؛ بەڵکوو دەبێ ئەم ئەرکە بدرێ بە کۆمەڵانی خەڵک لە گوند و شارەکان و دەوڵەتیش چاوەدێری بکات. ئەم کارە هەم دیموکراتیکترە و هەمیش پێش لە ساز بوونی دەوڵەتێکی گەورە دەگرێ کە لەوانەیە تووشی گەندەڵـــی بێت یـــان ڕەنگە بە پشـــتیوانیی دەسەڵات و سامانی زۆرەوە، بڕەو بە سیاسەتی لایەنگرساز کردن (حامی پروری)[٣٢] بدات و دیموکراسی لاواز بکات. چونکە نابێ لەبیرمان بچێ خەبات بۆ دیموکراســـی نابێ بچێتە ژێر باندۆری خەبات بۆ هیچ شـــتێکی تر. کەوابوو ئێســـتا پێویســـتیمان بە حیزبی هاوئاهەنگ هەیە نەک پێشـــەنگ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەگەر توانی دەســـەڵات بە دەســـتەوە بگرێ، وێڕای کۆمەڵانی خەڵک بەرنامەی دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پیادە بکات. حیزبی دیموکرات دەبێ پابەندی ئەو ئەسڵە بێت کە داهاتووی کوردســـتان نە دەوڵەتێکی سەرەڕۆ دیاریی دەکات و نە هێـــزی ئابووریی ئازاد و یاغی، بەڵکوو داهاتووی کوردستان لە دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە کە بە کردەی بەکۆمەڵـــی خۆیان دیاریـــی دەکەن. خەباتی ئاسۆیی کە لە درێژەدا زیاتر باسی دەکەین لە ڕێگەی گەشەی ئاسۆییییەوە دەرفەتێکی باش

بۆ پەرە پێدانــی دادپەروەری و بەهێز کردنی دێموکڕاسی دەرەخسێنێ. کۆمەڵگایەک کە لە ئاکامی ئەم خەباتە دروست دەبێت، دەکەوێتە نێــوان کۆمەڵگایەکی سۆســیالدێموکرات و سۆسیالیســتدێموکراتیک. لــەم کۆمەڵگایەدا دەوڵەت لە کۆمەڵگاگەلی سۆسیالدێموکراتیی وەک ســکاندیناوی گەورەتــر دەبێت، بەڵام لــە کۆمەڵگاگەلی سۆسیالیســتدێموکراتیک هێندێک بچووکتر. گەشــەی ئاسۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی سۆســیالیزم زیاتر دێموکڕاتیزە و دێموکڕاســیش پتــر سۆســیالیزە بێت. گەورەتریــن پەیامی خەباتی ئاســۆیی ئەمە دەبێت کە سۆســیالیزم و دێموکراسی وەک دوو ئیدەئالتایپ هەمیشــە بەرەو کامڵتر بوون دەڕۆن و کاتێک باوەڕ بە ئازادی، دێموکراسی و سۆســیالیزم کۆتایی دێت کە مێژوو کۆتایی پێ بێــت. کەواتوو هەوڵدان بۆ جێگیر کردنی ئــازادی، دادپــەروەری، بەرابــەری، مافــی دیاریکردنی چارەنووس و دێموکڕاســی هەر بەردەوام دەبن.

### ۲-۴- مافی دیاریکردنی چارەنووس

د. قاســملوو لە «کورتەبــاس»دا لە پەیوەندی لەگەڵ مافی دیاریکردنــی چارەنووس دەڵێ حیزبــی دێموکرات لە کاتــی پێک هاتنیەوە حیزبێکــی نەتەوەییــی پێشــڕەو بــووە و هەتا ئێســتا بەرنامەکەی لەســەر ئەساســی چارەســەر کردنی دوو مەسەلەی «نەتەوەیی» و «کۆمەڵایەتــی» دانــراوە. د.قاســملوو بــۆ بارودۆخــی ئــەوکات خودموختاریــی پێ لە جۆرەکانی تری مافی دیاریکردنی چارەنووس بە گونجاوتــر دەزانێ (تاقگــەی هەقیقەت، ١٩). ئەگــەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابــردوو و، بارودۆخی ئێــران، کوردســتان و جیهان لــەو کاتدا لەبەر چــاو بگرین، لە ڕاســتیدا پێم وایە د. قاســملوو خوێندنەوەیەکی دروستی هەبووە؛ چوونکە د. قاســملوو تێڕوانینی زاتگەرایانەی بۆ هیــچ دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتــی نەبوو. ئێمەش بەم ڕوانگەیــەوە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتــی بــە زەمانمەنــد و مەکانمەند دەزانیــن؛ کەواتوو ئەگــەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کات، تێدەگەیــن کە بە تایبــەت پێکهاتەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو ســەردەمەدا بە چەشــنێک بوو کە داواکاریــی لەوە زیاتر لە کورد وەرنەدەگیــرا. لە لایەکی دیکەوە لە کوردستانیش گوتاری خودموختاری زاڵ بوو و زۆرینەی خەڵکەکەمان خودموختارییان بە باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەزانی. بــەڵام لە پاش ڕووخانی ڕێژیمــی بەعس لــە ئێراق و چەســپاندنی فێدراڵیســم لەم وڵاتە، پێکهاتــەی گوتاری خودموختــاری وردە وردە تێــک شــکا و حیزبیش بە ڕەچــاو کردنی خوێندنەوەیەکی واقیعبینانــە لــە کۆنگرەی ســێزدەدا، ڕێگە چارەی «فیدراڵی»ی بۆ دەستەبەر کردنی مافی نەتەوایەتیی کورد هەڵبژارد. بەڵام ئێســتا لە ئێراق بە هــۆی نەبوونی ژێرخانی کەلتووریی گونجــاو لەگــەڵ دێموکڕاســی و زاڵبوونی کەلتوورێکی سیاســیی داخراو و خێڵەکی و دەســتوەردانی وڵاتانی دەرەکی، سیســتەمی فیدراڵی و دێموکراسی بەرەو لاوازی دەڕوات، ئەگەر گوشارەکانی ئەمریکا نەبێ لەوانەیە ئەم سیستەمە هەڵوەشێتەوە.

لە ئێــران و ڕۆژهەڵاتی کوردســتانیش، زۆر کــەس پێیان وایە گۆڕینی سیســتەمی سیاســی دەتوانێ ڕێگا بۆ دەســتەبەر کردنی مافــی نەتەوایەتی خــۆش کات. ئەمە تا ئێرە ڕاســتە و د. قاســملووش بە دروستی ئاماژە بــەوە دەکات و پێــی وایە دێموکڕاســی لە ئێــران دەتوانێ گەرەنتیــی دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانمــان بــکات. بــەڵام، ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەســتێنی بزووتنەوەی ژینادا پێشــانی داین کە زۆرینەی خەڵکی ئێران بە تایبەت دوو نەتەوەی فارس و تورک خاوەنی کەلتوورێکی سیاسیی داخراو و ئەستوونین و ئــەم کەلتوورە ڕێگا نادات ناوەند دێموکڕاتیزە

بکــرێ. ڕەنگــە دیموکراتیک بوونــی ناوەند بتوانــێ گەرەنتیی مافــە نەتەوایەتییەکانمان بکات؛ بەڵام ئەشــێ بزانین ناوەنــد تەنیا بە دانانــی سیســـتەمێکی فیدراڵــی و بە ساز کردنی پەرلەمان و فۆرمەکانی دیموکراســی، دیموکراتیــزە ناکرێ. بــۆ دیموکراتیزەکردنی هەر وڵاتێک جگە لە فۆرمەکانی دیموکراسی، پێویستی بە ناوەرۆکێکی دیموکراتیکیش هەیە کە ئەویش زاڵبوونی «کەلتوورێکی سیاســیی دیموکراتیــک» لە نێو کۆمەڵانــی خەڵکدایە. ســاز کردنی ئەم کەلتووره لــە ئێران ئەرکی سەر شانی کورد نییە و پێشــی ساز ناکرێ. وێناچێ نەتەوەیەک بتوانێ نەتەوەیەکی دیکە دیموکراتیزە بکات. دوو توخمی «باستانگەرایی» و «شــیعەگەرایی» کە جێمــاوەی کەلتووری سیاســیی خێڵەکین، پێکهێنەری سەرەکیی کەلتووری سیاسیی زۆرینەی خەڵکی ئێرانن. بۆیــە ئەم کەلتــووره فرە کۆنەپەرەســتانە و داخــراوە و بووەتــە گەورەتریــن لەمپەڕ بۆ جێگیــر بوونی دیموکراســی لە ئێــران. لە لایەکــی دیکەوە پێمان وا نەبێ کە لە ڕێگای هاوپەیوەندی ســازکردن لەگەڵ نەتەوەکانی تورک و عەرەب و بەلووچ دەتوانین هێژمۆنیی ناوەند تێک بشــکێنین. ڕەوتــی ڕووداوەکانی پاش بزووتنەوەی ژینا و شــانۆی هەڵبژاردنی کۆمــاری ئیسلامــی لــە ورمێ لە زســتانی ڕابردوودا، ئەو پەیامەمان دەدەنێ کە فارس و تورک ئەگەر دژمان نەبن، زەحمەتە لەگەڵمان بن. لــە لایەکی دیکەوە عەرەبەکانی ئێرانیش بە هۆی هەســتی عەرەب بوون و شیعە بوون دژوارە ببنە هاوپەیمانمان.

بەگشــتی، بزووتنــەوەی ژینا نیشــانی دا زاڵێتیــی گوتاری کۆلۆنیالیســتیی ئێرانی و هەبوونــی کەلتــووری سیاســیی داخراو و ســەرەڕۆ ڕێــگا نــادات سیســتەمێکی دیموکراتیک و فیدراڵ لــە ئێران دابمەزرێ؛ ئەگەریش دامەزرێ، بەردەوام بوونی ئەستەمە. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە ئەزموونی تارادەیەکی زۆر شکستخواردووی سیستەمی فیدراڵی لە ئێراق، کاریگەریی لە سەر گوتاری ناسیۆنالیســتیی کورد لە ڕۆژهەڵات داناوە و هەوڵێــک لە گۆڕێدایە بۆ ئــەوەی پێکهاتەی گوتاری «فیدراڵی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان تێک بشــکێنێ. بــا ئەوەش زیــاد کەین کە هەڵەیە ئەگەر دەوڵەتی ناوەندگەرا لە نەتەوەی فارس جیــا کەینەوە. کۆجێیی و فارس بوون دووانەیەکی لێــک دانەبــڕاون؛ کەوابوو ئەم ڕوانگەیەی پێی وایە کێشــەی کورد لە تاران چارە دەکرێ، ئەگەر هەڵە نەبێت، بە دڵنیایی ناتــەواوە. چونکە ناوەند خــۆی گرفتە نەک چارەسەر.

لە لایەکی دیکەوە بەربەستێک کە هەیە ئەمەیە کە بە هۆی ئەم نەزمەی ئێستا بە سەر دنیــادا زاڵە، بەداخەوە ناتوانیــن ڕۆڵی ناوەند وەلا بنێین. ئەزموونی ڕێفراندۆمی باشــووری کوردســتان و کاتالۆنیا بۆ ســەربەخۆیی، ئەم ڕاســتییە تاڵەمان پێ دەڵێن کــە بەداخەوە ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە ڕێگە نادان نەزمی نێودەوڵەتیی ئێســتا گۆڕانی بەســەردا بێت. حیزبێکی بەرپرسیش ناتوانێ ئەم واقعییەتانە نەبینــێ؛ بۆیــە دەبێ بیر لــە ڕێگاچارەیەک بکاتــەوە کــە هــەم ڕای گشــتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕازی بکات و هەمیش واقعییەتەکان لەبەر چاو بگرێ.

لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ شــێوازەکانی مافــی دیاریکردنــی چارەنــووس کە خۆی لــە شــکڵەکانی «خودموختــاری، فیدراڵی، کۆنفیدراڵــی و ســەربەخۆیی»دا دەبینێتەوە، پێویســتە بڵێین ڕێــگا چــارەی کۆتایی کە دەتوانێ تــەواوی مافــە نەتەوایەتییەکانمان دابین بکات، ســەربەخۆییە. بەڵام هەر وەک لەســەرەوە ئاماژەمان پێ دا، ئێســتا ئەوەمان بــۆ نالوێ. دەی ئێســتا کە وەدەســتهێنانی ســەربەخۆیی فرە دژوار دێتە بەرچاو، ڕەچاو کردنی سیاسەتی سیفر و سەد دروست نییە. باشتر وایە کە بەرە بە بەرە لە کەمەوە بۆ زۆر

هەنگاو هەڵێنینەوە.

لــەم پەیوەندییــەدا ڕوانگــەی «مارتین هایدگێــر[٣٣]» لەمــەڕ تێکنۆلــۆژی دەتوانێ ڕێنوێنیمان بکا بۆ ئــەوەی لەم دووفاقیێتی و سەرلێشــێواوییە ڕزگارمان بێت. هایدگێر لە وتاری «پرســیار لە تێکنۆلــۆژی»دا لە نێوان «ئەمــری دروســت»(امر صحیــح) و «ئەمری ڕاســتەقینە»(امر حقیقی)دا جیاوازی دادەنێ و پێی وایە ئەمری دروســت دەپەرژێتە سەر کاری بابەتییانــە، پاژێک لــە پاژەکانی بابەت یــان دیاردەیەک دەبینــێ، مژوولی لایەنێک دەبێــت لە نێو تــەواوی لایەنەکاندا، کەوابوو ناتوانێ کۆی ڕاســتیی بابەت یان دیاردەیەک وەدەرخا. بەڵام ئەمری هەقیقی پەردە لەسەر تــەواوی ماهییەتی بابەت یــان دیاردەیەک لادەبات، گشتبینە و کۆی ڕاستیی بابەت یان دیاردەیــەک لە خۆ دەگــرێ (هایدگیر، ١٣٨٦: ٧-٦). پێم وایە دەکرێ ئەم پێناسانە بۆ پرسی مافی نەتەوایەتییش دەکار کەین.

لە پەیوەندی لەگەڵ مافــی دیاریکردنی چارەنووســدا ئــەم ڕوانگەیــەی هایدگێــر فێرمان دەکات کە هەر یەک لە شــکڵەکانی خودموختــاری، فیدراڵــی و کۆنفیدراڵــی لە پەیوەندی لەتەک پرســی مافی نەتەوەییدا بە پێی زەمان و مەکان «بژاردەیەکی دروستن»، بەڵام هیچیــان پەردە لەســەر «هەقیقەتی» پرسی کورد کە وەدەستهێنانی سەربەخۆییە لانادەن. تەنیا شێوازێک کە بەتەواوی دەتوانێ مافــی نەتەوەییی کــورد دەســتەبەر بکات، ســەربەخۆییە، بەڵام چونکە جارێ زەمان و مەکان ئیزنی هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیەمان پێ نــادات، عاقڵانەتــر و واقعبینانەتر ئەوەیە کە جــارێ بۆ ماوەیەکی کاتــی واز لەم بژاردەیە واتا بــژاردەی هەقیقی بێنین و لە نێو بژاردە دروســتەکان کــە یەکێــک لە شــکڵەکانی خودموختــاری، فیدراڵــی و کۆنفیدراڵییــە، یەکیان هەڵبژێرین.

ئێســتا کە ســەردەمی ئاســۆیی بوونە و قۆناغی پێشەنگایەتیی حیزبی سیاسی بەسەر چووە و کات کاتی هاوئاهەنگ بوونە، پێویستە حیزبــی دێموکرات بیرێک بۆ ئەم کێشــەیە بکاتــەوە. ئەگــەر حیزب دەیهــەوێ لەگەڵ خەڵــک هەماهەنــگ بێت، پێویســت ناکات ئێســتا بە تەواوی خۆی یەکلا کاتەوە کە چ بژاردەیەکی بۆ پرسی مافی نەتەوایەتی دەوێ. دەکرێ ئــەم بژاردەیە بیڵێتــەوە بۆ دوارۆژ و بزانێ خەڵکی کــورد دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چیان دەوێ و چەندەیان بۆ دەلوێ. هێز و توانایی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە سیاســییەکانی کورد، بارودۆخــی نێوخۆیی ئێران و هەلومەرجی نێودەوڵەتی چییان ڕێگە دا، با ئەوە هەڵبژێرن. پێویستە ئێستا بە بێترس بۆ لایەنە ئێرانییەکان و دنیای دەرەوەی ڕوون کاتــەوە کە هیچ حیزبێک تــا هەڵبژاردنێکی ئــازاد نەکراوە وەکیل و دەمڕاســتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە و مافی هەڵبژاردنی شکڵەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبێ بهێڵرێتــەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە داهاتوودا. پێویســتە حیزب بە ڕاشــکاوانە بە نەتەوەی باڵادەســت ڕابگەیێنێ کە پێویســتە ڕێز لە ویســتی هەر پێکهاتەیەک بگیرێت و مافی گشتپرســی بۆ هەر نەتەوەیەک بپارێزرێت و ئیزن نەدرێ کە نەتەوەیکی دیکە بە بیانووی زۆرینــە بوون ببێتــە نوێنــەری نەتەوەیکی تــر. پێشــمان وا نەبــێ کە ئەم سیاســەتە دەبێتە هــۆی لێــک دوور کەوتنەوەی هێزە سیاســییەکانی ئێران. نزیک بە هەشتا ساڵە حیزبی دێموکرات تەنیا بۆ جارێک توانیوێتی هاوپەیمانییەتییەکــی ســەرکەوتووی کاتی لە ســەردەمی کۆماری کوردســتاندا لەگەڵ فیرقەی دێموکراتــی ئازەربایجان دامەزرێنێ. ئاخۆ پاش هەشت دەیە ئێمە کە نەمانتوانیوە تەنانەت لە کوردستاندا بەرەیەکی کوردی ساز کەین، گەڕان بە دوای ساز کردنی بەرەیەکی سەراســەریی کاریگەر لە ئاســتی ئێراندا، بە قەولی فارس «تکرار مکررات بی نتیجه و آب

در هاون کوبیدن» نییە.

جگە لەمە، ئەگەرچی هەلومەرجی جوغرافیاییی کوردستان کە لە وشکاییدا گەمارۆ دراوە و دەستی بە ئاوی ئازاد ڕاناگا، لە نێوان چوار دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستدا دابەش کراوە و نەزمی نێودەوڵەتی لە ژێر هێژمۆنیی ئەمریکادا ڕێگای گۆڕینی سنوورەکان نادەن، ئابووریی کوردستان بە ناوەندەوە وابەستەیە و بۆ یەک سەدە لە پەراوێز خراوە، بۆ حیزبێکی سیاسیی بەرپرس و واقیعبین هەڵبژاردنی ڕێگاچارەی سەربەخۆیی دژوار دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوانە هیچیان نابنە هۆی ئەوەی دەست لەو مافە هەڵگرێ. هەتا کاتێک خەڵکی دنیا دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان بوێ، ئێمەش دەبێ بمانهەوێ و نوسخە نووسین بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەک هێندێک لایەن بە دڵنیایی خوێندنەوەیەکی کرچوکاڵە. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە دەستەبەر کردنی ئەم مافە، پلان و کاری دەوێ کە یەکێک لە ئامرازەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانە؛ واتا ئەوە گەشەیەکی ڕاستەقینە و جێگرتووە کە ڕێگای سەربەخۆیی خۆش دەکات نەک تەنیا ورووژاندنی هەست و پرۆپاگەندە وەک ئەوەی لە باشووری کوردستان دیتمان. لە باشووری کوردستان بە داخەوە سیستەمی سیاسیی نیمچەخێڵەکی بە تەمای داهاتی نەوت نەیتوانیوە کوردستان بەرەو گەشەیەکی سەنعەتی و ئابووریی خۆبەڕێوەبەر و جێگیر ببات و خۆی لە ناوەند بێنیاز بکات، هەر بۆیە لە پەراوێزدا ماوەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەسەڵاتەکانی کەم دەبنەوە.

ئەم ئەزموونانە پێشانی دەدەن داوای سەربەخۆیی فرە ئاڵۆزە و دەبێ بە دوورکەوتنەوە لە هەست و ئیدئۆلۆژی، نە ڕەتی کەینەوە و نە پێش بچەقێنین کە یان سەربەخۆیی یان هیچ. حیزبێکی سیاسیی بەرپرس و واقیعبین دەبێ ئەوەندە وریا بێ کە ئەگەر بە پێی بارودۆخ ناچار بێ بە کەمتر لە سەربەخۆیی ڕازی بێت، لە گوتاری خۆیدا گرینگی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بدات. نابێ لە ناوەند بترسێ یان شەرم بکات، بەڵکوو دەبێ بە ڕاشکاوانە ڕایبگەیێنێ کە ئەگەر پێکەوەبوونی دڵخوازانە بە قازانجی تەواوی خەڵکی ئێرانە، مافی دیاریکردنی چارەنووسیش وەکوو مافێکی سرووشتی بۆ هەر نەتەوەیەک وەکوو بژاردەیەک لە بەر دەم نەسڵەکانی داهاتوودا دەمێنیتەوە.

بە گشتی، ئەزموونەکانی پێشووی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان کە ناسراوە بە سەردەمی «ئاسۆیی بوون»، چەند ڕاستیمان بۆ دەردەخەن:

١ دەبێ لە نێوان دروست بوون و هەقیقی بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا جیاوازی دانێین. هەر یەک لە بژاردەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانن دروست بن، بەڵام تەنیا سەربەخۆیی تەواوی هەقیقەتی ئەم مافە لە خۆ دەگرێ. کەوابوو ڕێگای کۆتاییی ڕزگاری، سەربەخۆییە.

٢ ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە یان سەربەخۆییمان بوێت یان هیچ، چونکە واقیعبینانە نییە.

٣ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی پرۆسەیە نەک پرۆژە، کەوابوو دەتوانین وردە وردە پێی بگەین.

٤ بەهێزترین ئامرازی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی، گەشە پێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووریی کوردستان واتا گەشەی ئاسۆیییە، نەک پرۆپاگەندە و جووڵاندنی هەستی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان.

٥ ڕەتکردنەوەی مافی سەربەخۆیی، توانەوەیە لە گوتاری داگیرکەرانی کوردستاندا.

٦ نەزمی نێودەوڵەتی و گەمارۆدرانی کوردستان لە وشکاییدا دوو فاکتەری گرینگن

٧ لە پەیوەندی لەگەڵ شیکردنەوەی

بابەتەکان و کێشەکان لە نێوان «حیزبێکی دەروەست» و «ڕۆشنبیرێکی سەربەخۆ»دا جیاوازی هەیە. ئەگەر تێڕوانین و بڕاردەی ڕۆشنبیری حیزبێکی دەروەست هەڵە بێت، قەیرانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر پێشبینیی ڕۆشنبیرێکی سەربەخۆ دروست نەبێت، هیچ ناقەومێت، چونکە بەرپرسیارەتیی خەڵکی لە ئەستۆ نییە. کەوابوو بۆ ڕۆشنبیران و بەرپرسانی حیزب هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس گەلێک دژوارە.

ئەم خاڵانەی سەرەوە نیشانی دەدەن کە هەڵبژاردنی یەکێک لە شێوازەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ حیزبێکی دێموکرات و دەروەست و نائیدئۆلۆژیکی وەک حدکا چەندە هەستیار و قورسە. بژاردەیەک دەتوانێ شیاو بێت کە دێموکراتیک و بەرپرسیارانە بێت. لەوانەیە گونجاوترین بژاردە بۆ سەردەمی ئاسۆیی بوون ئەوە بێت کە دەبێ مافی دیاریکردنی چارەنووس بهێڵرێتەوە بۆ زەمانێک کە خەڵکی کورد لە ڕاپرسییەکی ئازاد و بێخەوشدا، بۆخۆیان جۆرەکەی دیاری بکەن؛ چونکە دیاریکردنی شێوازی مافی نەتەوایەتیی پێشوەخت لە لایەن حیزبی سیاسییەوە، هی سەردەمی زاڵبوونی گوتاری ئەستوونی بوو و لەگەڵ باردۆخی ئیستای کوردستان کە سەردەمی ئاسۆیی بوونە ناگونجێ. کەوابوو پێداگری لەسەر بژاردەیەکی دیاریکراو لە ئێستاوە پێویست نییە.

### ٣-٤- گەشەی هەمەلایەنە: گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتووری و سەوز بە جێی گەشەی ئابووری‌تەوەر

دیارە یەکێک ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات پێشخستنی کۆمەڵگا وەکوو حیزبێکی پێشەنگ بووە. چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و چ لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧، حیزب لە ڕاستای ئەم ئامانجەدا کۆمەڵێک هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. زۆربەی ئەم هەنگاوانەی حیزب لەم بوارەدا هەڵیهێناونەتەوە، باری کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان قورستر بووە هەتا باری ئابوورییەکەیان. ئەمەش لەگەڵ قوتابخانەی پاشگەشە سازگاریی زیاتری هەیە هەتا گەشەی سەر بە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن. چونکە لە گەشەی سەر بە ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆندا، گۆڕانکاری لە ئابووریدا پێوەرە و ڕەهەندەکانی دیکەی گەشە وەکوو گەشەی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسی وەپشت گوێ خراون.

ئەزموونی گەشە لە زۆربەی وڵاتان بە تایبەت لە وڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیە لە پاش ساز بوونی دەوڵەتی مۆدێرن پێشانی داوە کە گوتاری گەشە ئامرازی ساز کردنی باڵادەستی و ژێردەستی بووە. ئەم باڵادەستانە هەمیشە بریتی بوون لە نەتەوەی زاڵ و کۆمەڵێک ئێلیتی سەر بە نەتەوەی باڵادەست بە تەواوی هێزەوە هەوڵیان داوە نەتەوە بندەستەکان لە پەراوێزی گەشەدا بهێڵنەوە و خۆیان لە هەر چەشنە دابەشکارییەکی عادڵانەی دەسەڵات و سامانی وڵات بواردووە و ئەرکی سەرەکیی بەرنامە و پلانەکانی گەشە لەم وڵاتانەدا سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و کەلتوورییەکان بووە. بۆ نموونە لە ئێران، لە سەردەمی پەهلەوییەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەرکی سەرەکیی بەرنامەکانی گەشە (برنامەهای توسعە)، بە ئێرانی/فارس کردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی باڵادەست بووە و لە بەرژەوەندیی نەتەوە نافارسەکان چاوپۆشی کراوە. ئەزموونی بەرنامە و پلانی گەشە لە ئێران و تورکیا هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ پێشانمان دەدەن کە چەمکی گەشە لەم وڵاتانە هەمیشە پشتقایم بە هێز و دەسەڵات بووە. ئەم گەشەیە بووەتە هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی بەهاگەلی نادێموکراتیک و سەرەڕۆیانە و گەشەیەکی هەمەلایەنە و دێموکراتیکی لێ نەکەوتۆتەوە. بەڵکوو بۆتە هۆکارێک بۆ ساز بوونی دیکتاتۆری و سڕینەوەی نەتەوە

بندەستەکان. هەر بۆیە دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ گەشە هەبێ.

هەر وەک لەسەرەوەدا لە بەشی«گەشەی ئاسۆیی»دا باسمان کرد، ئێمە گەشەیەکمان گەرەکە کە بناغەکەی لەسەر گەشەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی ڕۆ نرابێ. گەشەیەکمان پێویستە کە جگە لە گۆڕینی باری ژیانی ماددیی مرۆڤ وەکوو پێشخستنی سیستەمی تەندروستی، دابینکردنی خوێندنی بەخۆڕایی، دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەکوو خۆراک، پۆشاک و خانووبەرە، ڕێگا بۆ دەستەبەر کردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و برەودان بە بەها مرۆییەکانیش خۆش بکات؛ ئاستی پێکەوە ژیان و ڕێز گرتن لە یەکتر بەرز کاتەوە و بە فرەوان کردنەوەی بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگا، یەکێتیی کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدات. هەروەها، پێویستە بۆ هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی سەنعەتی و ئابووری، مەترسییەکانی سەر ژینگەش لە بەرچاو بگیرێ. جگە لەمە دەبێ لەو ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەت لە زۆربەی وڵاتانی گەشەنەسەندوو بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا وەکوو ئامرازی خۆ سەپاندن بە سەر کۆمەڵگادا کەڵکی لێ وەرگرتووە، خۆ ببوێرێ. بەدەر لە هەمووی ئەم بابەتانە، ئەشێ بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا، گرینگی بدرێ بۆ بیروڕای خودی خەڵک لە گوند و شارەکان، وەکوو شووراکان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و یەکێتییە پیشەییەکان و ئەوان لە داڕشتن و بەڕێوە بردنی بەرنامەی گەشەدا بەشدار بن. کەوابوو دەبێ لە گەشەیەکی خۆبەزلزانانە، بژاردەگەرایانە و ناوەندگەرایانە، سەرەوخوار و تەواو دەوڵەتییانە خۆمان بە دوور بگرین.

هەروەها پێویستە وریا بین کە نەکەوینە باوەشی ئەو بەرنامە نیئۆلیبراڵییانەی ئامانجیان پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی دەسڕۆیشتوو و باڵادەست و برەو دان بە مەسەرەفگەراییی لەرادەبەدەرە. بە کورتی پێویستمان بە گەشەیەک هەیە کە سازگاریی لەگەڵ ژینگەی کوردستان و بیروڕای گشتیی خەڵک هەبێ. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ژینا کە خەسڵەتی بانچینایەتی و ئاسۆییی هەبوو، دەبێ ببێتە هەوێنی ئەم جۆرە پێشکەوتنە. هەڵبەت ئەم جۆرە پێشکەوتنە دەبێ قورساییی کاری خۆی بخاتە سەر چین و توێژە لاواز و بێبەشەکانی کۆمەڵگا وەکوو هەژاران، ژنان، منداڵان و پەراوێزخراوان بۆ ئەوەی لە پەراوێز و هەڵاواردن دەریان بێنێ. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەم گەشەیە بریتییە لە «گەشەی ئاسۆیی» کە لەگەڵ سەردەمی ئێستای کوردستان تەبایە؛ چونکە فرەڕەهەندە، ناهیرارشیکە و لەگەڵ بزووتنەوەی ژینا سازگارە.

لەم گەشەیەدا هەر وەکوو ئێسکووبار دەڵێ، دەبێ کەلتوور و زانستی کۆمەڵانی خەڵک لەبەرچاو بگیرێ و بەرژەوەندیی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان وەپشت گوێ نەخرێ. ئەم گەشەیە نابێ تەنیا لە سەرەوە و لە سەر دەستی دەوڵەتی داهاتووی کوردستان، بەڵکوو دەبێ لە لایەن ئەنجومەن و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان لە شار و دێهات کە خۆیان باشتر کێشەکانی خۆیان دەناسن، گەڵاڵە بکرێ و بەڕێوە ببرێ. ئەم گەشەیە واتا «گەشەی ئاسۆیی»، دەیهەوێ بەسەر پێکهاتەی هیرارشیک و ناعادڵانەی گەشەی ئێلیتگەرایانە و ناوەندگەرایانەدا زاڵ بێت و لە ڕێگای بەشداری پێکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا وەدەست بێت. کاری ئەسڵیی گەشەی ئاسۆیی، سڕینەوەی ناوەندێتی لە دەسەڵات (دەوڵەت/حیزب) و قووڵکردنەوەی دێموکراسی دەبێت و «بەشداریی سیاسی» و «ئازادی» و «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» دەبێتە بەردی بناغەی بەرنامەکانی کە هەم لەگەڵ بنەماکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و هەم لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێستای

کوردستان تەبایە. گەشەی ئاسۆیی ئەگەرچی فرەڕەهەندە و دەیهەوێ کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی «ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری»دا وێڕای پاراستنی ژینگە بەرەو پێش ببات، بەڵام لە هەموو بەشەکان پتر گرینگی بە «کەلتوور» دەدات و دەیهەوێ بە پەرە پێدانی بەهاگەلی ئینسانی و دێموکراتیک، شارۆمەندان بەرەو پێشکەوتن هان بدات، نەک بە زۆرەملێ و سیاسەتی سەرەڕۆیانە.

### ۴-۴-بەڕێوەبەرایەتیی ئاسۆیی

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، لە پاش بزووتنەوەی ژینا ڕوون بوویەوە کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە و کەلتووری سیاسیی خەڵکی کورد بەرەو جۆرێک لە کەلتووری سیاسی ڕۆیشتووە کە ناوی «کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی»مان لێ نا. لەم کەلتوورەدا بناغەکانی دەسەڵاتی ئەستوونی(اقتدار عمودی) و پەیوەندییە کۆنەکان کە پیاوانە، خێڵەکی، فەرماندەرانە و شێوەی سەرەوخواریان هەبوو، فرە لاواز بوون و خەریکە جۆرێک پەیوەندیی ئاسۆیی و هاوتەراز لە کۆمەڵگادا شکڵ دەگرێ. لەم پەیوەندییە نوێیەدا، خەباتی ژنان، گەنجان، هەژاران و بەشخوراوانی کۆمەڵگا بۆ بەرابەری و یەکسانی زەق بووەتەوە. لە ڕووی سیاسییشەوە گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا هاتووە و بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان، کەلتووری خێڵەکی بە تەواوی لە گۆڕ نراوە و دیاردەگەلێکی وەک سەرۆکساڵاری و پەیوەندیگەلی دامەزراو لەسەر خزمایەتی لە ڕێکخراوی سیاسیدا باویان نەماوە. پێویستە وەکوو وەفایەک ئاماژە بەوە بکەین کە د. قاسملوو داهێنەری ئەم کەلتوورە بوو و لە سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا زۆری هەوڵ بۆ پەرە پێدان و جێگیر کردنی ئەم کەلتوورە داوە. ئەم باسە بۆ ئەوەیە کە بڵێم ئێستاکە پێویستە حیزبی دێموکرات فۆرم و شێوازی بەڕێوەبەرایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم کەلتوورە ڕێک بخات و گۆڕانێک بە سەر سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی خۆیدا بێنێت کە لەسەر ئەساسی سانترالیزمی دێموکراتیک دامەزراوە و بەرەو «بەڕێوەبەرایەتییەکی ئاسۆیی» (مدیریت افقی) و ناسانتراڵ هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ سەردەم خۆی بگونجێنێ. لەم سیستەمە بەڕێوەبەرایەتییەدا دەبێت چەند خاڵ لە بەر چاو بگیرێ:

- دەبێ مکانیزمێک ساز کرێ بۆ ئەوەی لانیکەم ۴۰-۳۰ لە سەدی ژنان لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبدا بەشدار بن. هەبوونی ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی ژینادا ئەم پێویستییەی ساز کردووە. ئیتر ئەم پاساوە کۆنەی «دەبێ ژنان خۆیان بێنە پێشێ» کاتی بەسەر چووە.
- ئەگەر حیزب بیهەوێ لەگەڵ سەردەمی ئاسۆیی بوون و بزووتنەوەی ژینا خۆی ڕێک بخات، هەبوونی ژنێک ئەگەریش لە پۆستی یەکەمدا نەبێ، لانیکەم لە پۆستی دووهەمدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دەبێ وەپشت گوێ نەخرێ.
- دەبێ یاسای خانەنشینی وەک هەموو ئۆرگانێکی زیندووی دنیا لە حیزبدا پیادە بکرێ، بۆ ئەوەی دەرگا بەرەو ڕووی گەنجان و خاوەن بەهرەکان کراوەتر بێ و لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبدا بەشداریی زیاتر بکەن.
- بۆ قووڵبوونەوەی دێموکراسی لە حیزبدا، دەبێ کەسانێک لە نێو نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرە دیاری کرێن بۆ ئەوەی پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب (کۆمیتەی ناوەندی/دەفتەری سیاسی)، پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی هەبێ بۆ ئەوەی دەنگی ڕۆژانە و ڕاوبۆچوونی ئەندامانی حیزب تا کۆنگرەی داهاتوو بە گوێی

بەڕێوەبەرایەتیی حیزب بگەیێنن. ئەمە دەبێتە هۆی بەشداریی بەردەوامی بەدەنەی حیزب لە کاروباری ئیداریی حیزبدا. واتا دەبێ هەمیشە فیدبەکێک هەبێ لە نێوان ئەندامانی حیزب و بەڕێوەبەراندا و نابێ لە پاش کۆتاییی کۆنگرە، ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی بە دڵی خۆیان و بەبێ گوێ دان بە بەدەنەی حیزب کاروباری حیزب ڕاپەڕێنن.

- هەر وەک دەزانین حیزبی دێموکرات وەک کێویکی سەهۆڵ (Iceberg) وایە کە زۆرینە و بەشە ئەسڵییەکەی لە نێوخۆی کوردستان دەژی؛ بۆ لەبەر چاو گرتنی ویست و داخوازیی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆ، پێویستە کەسانێک وەکوو ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرانی حیزب لە نێوخۆی کوردستانەوە هەڵبژێردرێن. لە سەردەمی ئینتێرنێتدا، مەسێنجێرەکانی وەکوو واتساپ و سیگناڵ دەتوانن ئەم دەرفەتە بۆ حیزب و خەڵک پێک بێنن.
- دەورەکانی بەرپرسیارەتیی کەسی یەکەم پێویستە بۆ چەند دەورە کەم بکرێتەوە و بەرپرسیارەتیی هەتاهەتایی بە قازانجی حیزب و بەرپرسەکانیش نییە.
- بەڕێوەبەرایەتیی حیزب دەبێ ڕەنگدانەوەی گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و گرینگییەکی تایبەت بە باشووری ڕۆژهەڵات واتا کرماشان و ئیلام بدرێ. بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە هێما نەتەوەییەکانی وەک جامانە و جلی خاکی لە مانگی ڕەمەزاند و لە نێو کوردانی شیعەدا خاڵێکی وەچەرخانە کە دەبێ لە بەڕێوەبەرایەتی و خەباتی حیزبدا ڕەنگ بداتەوە.

### ۴-۵ دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ (دموکراسی افقی رادیکال)[۳۴]

چ لە ئاستی ئێران و چ لە کوردستان و هەروەها لە نێوخۆی حیزبیشدا، ئەسڵی دێموکراسی لەسەر بنەمای زۆرینە - کەمینە کاتی بەسەر چووە؛ چونکە لە کۆتاییدا دیکتاتۆریی زۆرینەی لێ دەکەوێتەوە. لە سەردەمی پاش بزووتنەوەی ژینا کە سەردەمی پاش‌گەشەیە، دێموکراسیی ڕادیکاڵ هەم لەگەڵ سەردەم سازگارترە و هەمیش دێموکراسی لەنێو کۆمەڵ و حیزبدا قووڵ دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕێ لە گوتارگەلی گشتگیر و ڕەگەزپەرستانەی وەک سەڵتەنەتخوازەکان دەگرێ کە بە تەمان لەسەر بنەمای مافی شارۆمەندی، جیاوازییە نەتەوەیییەکان بسڕنەوە و بە سەپاندنی ڕای زۆرینە بەسەر کەمینەدا، دیسان ئێرانێکی یەکڕەنگ و یەکدەنگ و ناوەندگەرا ساز کەنەوە. لە لایەکی دیکەوە قووڵ کردنەوەی دێموکراسی دەتوانێ ڕێگری لەوە بکا بە قەولی چارلز ڕایت میلز[۳۵]، هەڵبژاردن تەنیا ببێتە ئامرازێک بۆ گەیشتنی بژاردەکان (نخبگان) بە لووتکەی دەسەڵات و دەستراگەیشتنیان بە سەرووت و سامانی وڵات و خەڵک سەریان بێ کڵاو بمێنێتەوە (میلز، ۱۳۸۹: ۴۳). میلز پێی وایە بژاردەکانی دەسەڵات تۆڕێکی لێک گرێدراو پێک دێنن کە بە هۆی حەز و خولیا و بەرژەوەندیی هاوبەش بە شێوەیەکی بەهێز یەک دەگرن و بە هۆی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەریان، زۆر گوێ نادەنە ویست و داخوازەکانی خەڵک (سیدمن، ۱۳۹۵: ۱۳۹). لە ئاوا دۆخێکدا کەمایەتییەکی فرە بەهێز لە دەسەڵاتداران ڕووبەڕووی زۆرینەی کۆمەڵگا و کۆمەڵانی خەڵک دەبنەوە و بە بێ گوێدان بە ویستی ئەوان سیاسەت بەڕێوە دەبەن. دیاردەیەک کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دەبینرێ و بە جێی دێموکراسیی ڕاستەقینە، وەهمێک لە دێموکراسی دروست دەکات، وەک ئەم حاڵەتەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە؛ ئەمەش هەم گەندەڵیی سیستەماتیکی لێ دەکەوێتەوە و هەمیش خەڵک لەمەڕ دێموکراسی و هەڵبژاردن دردۆنگ دەکات؛

چونکە دەبینن دیموکراسی و نیشانە سەرەکییەکانی وەک پارلەمان و هەڵبژاردن، نابنە هۆی ئەوەی دەسەڵات گوێ بداتە رای خەڵک و هیچ گۆرانکارییەک لە ژیانی ئەواندا پێک بێنێ، بۆیە بۆ بەشداری لە سیاسەت دردۆنگ دەبن. رێگەچارەی ئەم خەسارە، دامەزراندنی دیموکراسیی رادیکاڵە. بەڵام پێویستە ئەم جۆرە دیموکراسییەش تۆزێک هەموار بکرێتەوە بە چەشنێک کە لەگەڵ کۆمەڵگاگەلی فرەنەتەوە بگونجێ؛ ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئەسڵەی دیموکراسیی رادیکاڵی ئێرنێستۆ لاکلائۆ[٣۶] و چانتاڵ مووف[٣٧] کە بە خوێندنەوەیەکی رۆژاواتەوەرانە، گرووپە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان بە مەترسی بۆ سەر دیموکراسی دەزانن، رەت دەکاتەوە و پێی وایە بە گونجاندنی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێران و کوردستان، هەبوونی نەتەوەگەلی جۆراوجۆر، نەک مەترسی بەڵکوو دەرفەتە بۆ قووڵ کردنەوەی زیاتری دیموکراسی. بە هۆی ئەم هەموار کردنەوە بچووکە، ئاوەڵناوی «ئاسۆیی»ی لێ زیاد دەکەین و ناوی لێ دەنێین.«دیموکراسیی ئاسۆیی رادیکاڵ».

دیموکراسیی رادیکاڵی لاکلائۆ و مووف، ئەو هێزەی تێدایە کە کەمایەسییەکانی دیموکراسیی لیبراڵیی پێ سارێژ کرێتەوە و ببێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی بەشداریی خەڵک لە سیاسەت و کۆمەڵگادا. ئەوان پێیان وایە کە پێناسەی بەرتەسک لە چەمکی «شارۆمەندی» و دابەشکاری لە نێوان ئەمری «نۆرماڵ/غەیرەنۆرماڵ» دەبێتە هۆی دوور خستنەوە و سرینەوەی کۆمەڵێک ناسنامە و هۆوییەت کە لە کۆمەڵگادا بە «ناهەنجار و ناباو» پێناسە کراون. بۆنموونە، ناوەندگەراکان بە خوێندنەوەیەکی کلاسیک لە دێمۆکراسیی لیبراڵ لە ئێران، هەوڵ دەدەن شوناسی غەیرە فارسەکان وەکوو «نەتەوە» بە ئەمرێکی ناهەنجار لە قەڵەم بدەن و لە ژێر ئەم خوێندنەوەیەدا سیاسەتێک پەیرەو دەکەن بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییانە بسرنەوە؛ بۆیە فێدرالیسم وەکوو مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران دادەنێن.

دیموکراسیی رادیکاڵی لاکلائۆ و مووف، باشترین مکانیزمە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم جۆرە گوتار و سیاسەتانە. دیموکراسیی رادیکاڵ بە هۆی ئەوەی سۆسیالیزم و دیموکراسی پێکەوە گرێ دەدات، دەتوانێ لەگەڵ ئامانجی دوارۆژی حیزب واتا سۆسیالیزمی دیموکراتیک تەبایی هەبێت. لە دیموکراسیی رادیکاڵدا، ئیتر چین (طبقه)، توخمی زاڵ بۆ رزگاریی مرۆڤ نییە؛ گۆرەپانی سیاسی بریتییە لە ململانێی کۆمەڵێک شوناسی جیاواز کە بەردەوام لە کێبڕکێدان. دەوترێ کە ئێستاکە، چەپ هیچ بژاردەیەکی لە بەر دەستدا نییە جگە لەوەی هیوای بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بێ و دان بەوەدا بنێ کە بۆ رزگاری، چەندین ستراتێژی لەبەر دەستە نەک تەنیا ستراتێژیی چینی کرێکار. کەوابوو سۆسیالیزمیش خۆی یەکێکە لە بژاردەکانی رزگاریی مرۆڤ. ئەوانە تا رادەیەکی زۆر هەماهەنگییان لەگەڵ سۆسیالیزمی دیموکراتیکی د.قاسملوو هەیە و دەتوانین کەڵکیان لێ وەرگرین.

دیموکراسیی رادیکاڵ لە سەر بنەمای «ناسنامەگەلی ناجێگیر(هویتهای سیال)» بیچم دەگرێ. لە دیموکراسیی رادیکاڵدا، ململانێ لە حاڵەتی ئەنتاگۆنیزم[٣٨] (دوژمنایەتی) و سرینەوە (حذف) دێتە دەرێ و دەگۆردرێ بۆ حاڵەتی ئاگۆنیزم[٣٩] (کێبڕکێ) و بە جێی سرینەوە، لەپەراوێزخستن و دوورخستنەوە ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتی، دەبێتە بنەمای ململانێ. لاکلائۆ و مووف، بە جێی سیاسەت لە «ئەمری سیاسی» دەدوێن. مەبەستی ئەوان لە ئەمری سیاسی ئەوەیە کە سیاسەت پانتاییەکی بەرینتری لە حەوزەی دوڵەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و پەیوەندیی هاووڵاتییان لەگەڵ دەوڵەت هەیە و کۆی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێ، کەوابوو گۆڕەپانی سیاسەت زۆر فرەوانتر و ڕەنگاوڕەنگترە و تەژی لە جیاوازییەکان، دژایەتییەکان و ململانێکانە (باباخانی تیموری و دیگران، ۱۴۰۱: ۶۳). بە پێچەوانەی مۆدێلی پلۆرالیستیی «ڕۆبێرت داڵ[۴۰]»، کە پێی وایە دەتوانرێ لە ململانێی گرووپە دژبەرەکان و بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی ئەوان کۆدەنگی و یەکێتی ساز بکرێ؛ بەڕای لاکلائۆ و مووف، ئەنتاگۆنیزم (دوژمنایەتی) هەمیشە لەگۆڕیدایە و بەشی دانەبڕاوی ئەمری سیاسییە. چونکە دژایەتی و ململانێ هیچ کات تەواو نابن، گرینگ ئەوەیە کە بکرێن بە ئاگۆنیزم واتا کێبرکێ؛ ئەوەش لە «دێموکراسیی ڕادیکاڵ»دا دەستەبەر دەبێ و لیبرالیسم و سۆسیالیسم ئەم دەرفەتەیان تێدا نییە.

لە دێموکراسیی ڕادیکاڵدا، لایەنە دژبەرەکان پەیوەندیی هاوبەشیان هەیە و «دوژمن» دەبێ بە «دژبەر» و هیچ پێویست ناکا کە لەنێو بچێت. بە وتەیەکیتر، لایەنەکان بە شێوەیەکی دۆستانە دوژمنی یەکترن؛ چونکە هەموویان لە فەزایەکی سەمبولیکی هاوبەش کەڵک وەردەگرن. ئەوان لەوانەیە لە سەر هێندێک شت بۆ ماوەیەکی کاتی ڕێک کەون، بەڵام هەمیشە لەسەر شیکردنەوەکان (تفاسیر)، جیاوازیی ڕا و بۆچوونیان هەیە. لەم دێموکراسییەدا، دوژمنایەتی کەوی دەکرێ، گرووپە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەوەی سوور دەبن لەسەر باوەڕی خۆیان، ڕەواییی دژبەرەکانیان بە ڕەسمی دەناسن. ئەمە بە واتای گۆڕینی ئەنتاگۆنیزمە بۆ ئاگۆنیزم. لیبرالیسم و سۆسیالیزم هیچیان ئەم برشتەیان نییە، بەڵام سۆسیالیزمی دێموکراتیک ئەم دەرفەتەی تێدایە، چونکە نە وەک سۆسیالیزمی مەوجوود بۆ یەکڕەنگ و یەکدەنگ کردنی کۆمەڵگا هەوڵ دەدات و نە وەک لیبرالیزم بە بەرجەستە کردنەوەی ئازادیی لەرادەبەدەری تاک بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، کۆمەڵایەتیبوونی مرۆ دەخاتە مەترسییەوە. مووف پێی وایە دێموکراسیی ڕادیکاڵ، تاکگەراییی بەرژەوەندیخوازانەی لیبرالیسم و تۆتالیتاریسمی سۆسیالیزم ڕەت دەکاتەوە و بە شوێن قووڵکردنەوەی (بەهێز کردنی) دێموکراسی و بەفەرمیناسینی ئەم ئازادییە مەدەنییانەوەیە کە لە لایەن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەخرێنە ڕوو هەتا بتوانێ تاکگەراییی لیبراڵ لە کۆگەراییی دێموکراتیک گرێ بدات (مووف، ۱۳۹۳: ۳۸). ئەمە وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەیە و دەتوانین کەڵکی لێ وەرگرین.

مووف، لیبرالیسم بە تاوانی ئاوەزمەندیی لە ڕادەبەدەر، یونیڤێرسالیزم، ڕوانگەی تەکجەمسەری و تاکگەراییی بەرژەوەندیخوازانە دەخاتە بەر ڕەخنە و پێی وایە بۆ بەهێزبوونی دێموکراسی، پێویستە لەمانە تێپەڕ بین (باباخانی تیموری و دیگران، ۱۴۰۱: ۶۹-۶۷). بیرۆکەی ساز کردنی خاڵێکی هاوبەشی دێموکراتیک و ڕێکخستنی کۆمەڵێکی هەماهەنگ و یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە ڕوانگەی لاکلائۆ و مووفەوە خەون و خەیاڵە. ئەزموونی تەواوی پارچەکانی کوردستان چ لە نێوخۆ و چ لە پەیوەندی لەگەڵ ناوەند و بە تایبەت ئەزموونی هەشتا ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ سازکردنی بەرەیەکی کوردستانی یان سەراسەری لە ئێراندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە هیچ کۆدەنگی و سازانێک پێویست نییە، بەڵکوو بە واتای ئەوەیە کە تەوای سازانەکان کاتین و بەردەوام گرووپەکان دەیانهەوێ لە ڕێگای دووبارە پێناسە کردنەوەی نیشانەکانەوە، هێژمۆنیی خۆیان بسەپێنن (مووف، ۱۳۹۳: ۲۴) ئەمە بە واتای قووڵ کردنەوەی دێموکراسی و دەست هەڵگرتنە لە خوێندنەوەیەکی جەوهەری و زاتگەرایانە. لە بزووتنەوەی ژینادا ئەم ململانێیەمان لە نێوان گوتاری

حیزبی دێموکرات لەگەڵ ناوەندگەراکان و لە نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاریدا لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا بە شێوەکی عەینی دیت. لە هەر دووک ململانێکەدا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزب توانی بە شێوەی دێموکراتیک گوتاری خۆی زاڵ کات. بە تایبەت لە نەورۆزی مەشخەڵاندا دیتمان کە حیزبی دێموکرات توانی لە سەر سەمبولەکانی خۆی وەک جامانە و جلی خاکی و دەی خاکەلێوە لە کۆمەڵگای کوردستان کۆدەنگی ساز کات، بە بێ ئەوەی نادێموکراتیک بجووڵێتەوە. کەوایە ئەمە واقعییەتی سەردەمی پاشگەشەیە و دەبێ قەبووڵی کەین، چونکە هیچ چارەیەکمان نییە. زیاترین قازانجی ئەم جۆرە دێموکراسییە ئەوەیە کە فرە پلۆڕاڵە و هیچ ناوەندێکی هەتاهەتایی بۆ هیچ هێز و دەسەڵاتێک دیاری ناکات؛ بۆیە دەتوانێ پاوانخوازی لە ناو ببات. ئەم ناوەندسڕینەوەیە(تمرکززدایی) لە ئاستی ئێراندا بە قازانجمانە، چونکە دژی خۆسەپاندن و خڕکردنەوەی دەسەڵاتە لە یەک ناوەند و یەک شوێنی تایبەت بۆ هەمیشە.

چانتاڵ مووف، بەرابەری، ئازادی و پلۆڕالیسم وەکوو ڕۆحی دێموکراسیی مۆدێرن پێناسە دەکات کە بەتەواوی لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیک سازگارە. خودی مووف، دێموکراسیی ڕادیکاڵ وەکوو ڕادیکالیزاسیۆنی سۆسیال دێموکراسی دەبینێ کە توانای ئەوەی هەیە پەرە بە دادپەروەری و ئازادی بدات. دێموکراسیی ڕادیکاڵ هەوڵ دەدا پەرە بە ئازادییە مەدەنییەکانی ڕۆژاوا لە بەستێنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بدات. ڕەخنەیەک کە دێموکراسیی ڕادیکاڵ لە لیبرالیسمی دەگرێ ئەوەیە کە هەوڵ دەدات بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر لە چەمکی «شارۆمەندی»، کۆمەڵگا یەکدەست و یەکڕەنگ بکات و جیاوازییەکان لە ژێر پەردەی چەمکی مافی شارۆمەندیدا بشارێتەوە. ناوەندگەراکانیش لەم جۆرە مافی شارۆمەندییە کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی نەتەوەی باڵادەست بۆ هەتاهەتایە سوڵتەی خۆی بسەپێنێت. بەڵام دێموکراسیی ڕادیکاڵ دژی ساز کردنی ئەم «شارۆمەندییە تەک کەلتووری» (شهروندی تکفرهنگی) و تەکڕەهەندییە دەوەستێتەوە و دان بە جیاوازییە کەلتوورییەکان لە ئاستێکی یەکجار بەرزدا دەنێت و بە جێی ئەوەی هەوڵ بدات هەمووان وەک یەک لێ بکات، ڕێگە دەدات هەر کەس وەک خۆی بمێنێتەوە.

کێشەیەک کە بیرۆکەی لاکلائۆ و مووف لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتێکی وەک ئێران تووشی دەبێ ئەوەیە کە بە هەڵبژاردنی ڕوانگەیەکی ئۆرووپاتەوەرانە، جگە لە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، دان پێدانان بە گشت جیاوازییەکانیتر بە قازانجی دێموکراسی دەزانن. بەڕای من هەر جیاوازییەک تا کاتێک دژایەتیی لەگەڵ پرەنسیپە دێموکراتیکەکان نەبێت، لەگەڵ ڕۆحی دێموکراسی سازگارە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێران دانان بە مافی نەتەوە نافارسەکان دەبێتە هۆی پتەو بوونی دێموکراسی نەک لاواز بوونی و ئەزقەزا حاشاکردن لەم جیاوازیانەیە کە بۆ ماوەی سەد ساڵە نەیهێشتووە دێموکراسی لە ئێران شکڵ بگرێ. بۆیە پێویستیمان بە سازگار کردنی دێموکراسیی ڕادیکاڵ لەگەڵ وڵاتانی ناڕۆژاواییش هەیە، ئەویش لە ڕێگای بەفەرمی ناسینی مافی نەتەوایەتیی نەتەوە بەشخوراوەکانەوە سەر دەگرێ. ئەمەش لە ڕێگای «دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵەوە» جێبەجێ دەبێت، چونکە ڕێز لە تەواوی جیاوازییەکان بە نەتەوەیی و ئایینییەوە دەگرێ بە مەرجێک ئەم ڕێز لێ گرتنە نەبێتە هۆی لاواز بوونی دیموکراسی. ئەگەر لاکلائۆ و مووف پێیان وایە لە ئۆرووپا ڕێز گرتن لە مافی ترانسێکشواڵەکان[٤١] دێموکراسی بەهێز دەکات، بۆچی ڕێز گرتن لە مافی نەتەوەکان،

لاوازی دەکات؟ ئەمە پارادۆکسێکە کە لەم بیرۆکەیەدا هەیە و پێویستە هەموار بکرێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵگاگەلی فرەنەتەوە بگونجێنرێ، ئەمەش لە ڕێگەی «دیموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵەوە» جێبەجێ دەکرێ.

هەر وەک گوتمان لاکلائۆ و مووف، نەتەوەخوازی وەکوو بناژۆخوازیی ئایینی بە ئەنتاگۆنیزم یان دوژمنی دیموکراسی دەزانن و لە مافی شارۆمەندی بێبەریان دەکەن. هەر چەند بناژۆخوازیی ئایینی بە تەواوی دژی بەها دیموکراتیکەکانە، بەڵام خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەگەلی ژێردەستی وەکوو کورد کە بە شێوازی مەدەنییانە بەڕێوە دەچێ، دەتوانێ یارمەتیی بەهێز بوونی دیموکراسی بدات، بۆیە دەتوانین لێرەدا دژبەیەکییەک لە بیرۆکەی لاکلائۆ و مووفدا ببینین و پێویستە بە لابردنی ئەم ئەسڵە، دیموکراسیی ڕادیکاڵ بەهێزتر کەین و لەگەڵ وڵاتانی فرەنەتەوە و سەردەمی ئاسۆیی بوون ڕێکی خەین. مووف دەڵێ سووژە بریتییە لە کۆمەڵێک گرووپی جۆراوجۆر وەکوو ژنان، هاوڕەگەزخوازان، ڕەشپێستەکان، پارێزەرانی ئاشتی و ژینگە، پەنابەران و بە گشتی پەراوێزخراوان کە لە نەریتی لیبراڵیدا لە دەرفەتە سیاسی و ئابوورییەکان بێبەش کراون. عەیبێک کە ئەم بیرۆکەیە هەیەتی ئەمەیە کە بە تەواوی خەسڵەتی ڕۆژاوایی پێوە دیارە و تایبەتە بە کێشەکانی کۆمەڵگای ڕۆژاوا و نەپەرژاوەتە سەر کۆمەڵگاکانی دیکە. بەڵام چەمکی «پەراوێزخراوان» ئەم دەرفەتەمان بۆ دەهێڵێتەوە کە دیموکراسیی ڕادیکاڵ ئەوەندەی دیکە بەهێز کەین و لەگەڵ کۆمەڵگاگەلی فرەنەتەوەی وەک ئێران بیگونجێنین؛ واتا کاتێک بمانهەوێ لەسەر کۆمەڵگایەکی وەکوو ئێران دایبەزێنین، دەبێ پەراوێزخراوانی دیکەی وەکوو نەتەوە نافارسەکانیش کە مافی مرۆیی خۆیانیان لێ زەوت کراوە، لەم بیرۆکەیە زیاد کەین. کەوابوو زیاد کردنی پەراوێزخراوانێکی دیکەی وەک نەتەوەی کورد کە بە شێوەی دیموکراتی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان خەبات دەکەن، نەک دژایەتی لەگەڵ ڕۆحی دیموکراسیی ڕادیکاڵ نییە، بەڵکوو بەهێزیشی دەکات. ئێمە بەم دیموکراسییە ڕادیکاڵەی لە ڕێگەی دانان بە مافی نەتەوایەتیی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە ئەوەندی دیکە بەهێز دەکرێ دەڵێین «دیموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ».

لاکلائۆ و مووف پێیان وایە ساز کردنی کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و دادپەروەرانە، لە ڕێگای «بەهێزکردنی دیموکراسیی لیبراڵ»ەوە دەستەبەر دەبێت نەک بە فڕێدانی. لە ڕوانگەی لاکلائۆ و مووفەوە، ساز کردنی کۆمەڵێک زنجیرەی هاوتەراز لە داخوازە دیموکراتیکەکانی وەک ژنان، کرێکاران و ژینگەپارێزان، دەرەتانی ئەوە بە پەراوێزخراوان دەدا کە بەرەنگاری سوڵتەی دەسەڵاتداران ببنەوە. لە وڵاتێکی وەک ئێران، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بەشی هەرە سەرەکیی بەشخوراوان و پەراوێزخراوان پێک دێنن و پێویستە لە ڕێگەی «دیموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵەوە» دەرفەتی بەرخۆدان و وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان پێ بدرێ.

کەوابوو پێویستە لەسەردەمی ئێستادا خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ چەمکی «هێز» هەبێ و لە دەلاقەی گوتارەوە لێی بڕوانین، نەک وەک ڕوانگەی پۆزیتەیڤیستی پێمان وابێ هێز ئەو شتەیە کە دەستەیەک هەیانە و دەستەیەکیش لێی بێبەرین. سیاسەتیش هەر وا بریتییە لە ململانێی نێوان گوتارەکان کە هەر کەس و دەستەیەک دەیهەوێ بە مەیلی خۆی کۆدەنگی لە سەر واتای نیشانەکانی خۆی ساز کات و هەوڵ دەدات سوڵتەی خۆی بسەپێنیت. ئێمە ئەم ململانێیەمان لە سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا لە نێوان گوتاری «کوردایەتی» و گوتاری «ئێرانشاری»دا دیت. ئەگەرچی گوتاری ئێرانشاری هەوڵی دا بە

شێوەی نادێموکراتیک و بە پشتیوانیی میدیا زەبەلاحەکانییەوە هێژمۆنیی خۆی بسەپێنێ، لانیکەم لە کوردستان نەیتوانی، چونکە گوتاری «کوردایەتی» یەکجار زۆر بەهێزتر بوو. هەروەها لە نەورۆزی ئەمساڵ و لە دەی خاکەلێوەدا، لە نێوان حیزب و کۆمەڵە ئەم ململانێیەمان لە سەر هێماکان و هەوڵدان بۆ ساز کردنی کۆدەنگی لەسەر واتاکان دیت و بینیمان کە حیزب توانی کۆدەنگی لە سەر واتای هێماکانی خۆی ساز کات بە بێ ئەوەی پەنا بۆ ئاکاری نادێموکراتیک بەرێ.

کەوابوو، دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ ئەم تایبەتمەندیە باشەی هەیە کە تۆتالیتێر، زۆرینەخواز و ڕەهاخواز نییە و ئەو ڕێگایە دەهێڵێتەوە کە گوتارەکان یان بڵێین هێزە سیاسییەکان، ئەم فەزایەیان لە بەردەست بێ کە بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی نیشانەی ناوەندیی گوتاریی زاڵ تێک بشکێنن و بە پێدانی واتایەکی دیکە کۆدەنگیی لەسەر ساز بکەن. ئەم ململانێیە، دێموکراتیک و سرووشتییە و هەمیشەش دەبێ. بەم چەشنە، بە پێچەوانەی دێموکراسیی لیبراڵیی، لە دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵدا ڕێگە دەدرێ کە هۆوییەت و تەنانەت وردە هۆوییەتەکانیش بواری چالاکی و خۆدەرختستنیان بۆ بڕەخسێ و لە بەڕێوە بردنی کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت، ڕێکخستنی کۆمەڵگا بۆ هەمیشە نییە، بەڵکوو ڕێکخستنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی کاتییە و هەمیشە بوار بۆ گوتار و ڕوانگە جیاوازەکان دەمێنێتەوە کە سەرلەنوێ ڕێکی بخەنەوە. بە پێی ئەم ئەسڵە، دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و ناوەندگەرای وەک ئێران کە ۹۹ ساڵ پێش و بە پێی حەز و بەرژەوەندیی کۆمەڵێک ئیلیتی ئەوکات دامەزراوە، نابێ ببێ بە دیاردەیەکی هەتاهەتایی و دەکرێ سەر لە نوێ و بە شێوەیەکی تر ڕێک بخرێتەوە و تەنانەت دەکرێ هەڵیشوەشێتەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ هێزدا، میشێل فۆکۆ[۴۲] دەڵێ هێز لە هەموو پەیوەندییەکدا هەیە و قەت ناتوانین بیسرینەوە. دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ لەسەر ئەم بنەمایە پێی وایە ململانێ و ئەنتاگۆنیزم قەت لەنێو ناچن، کەوابوو دەبێ باوەڕمان بە «پێکەوەژیانی ململانێ و کۆدەنگی»(تضاد و توافق) پێکەوە هەبێ و هەوڵ بدەین کێبڕکێ و دەمەتەقە لە جێی دوژمنایەتی و شەڕ دانێین. خاڵی بەهێزی دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ ئەوەیە کە هیچ گوتار، هێز یان هیچ پێکهاتەیەک ناتوانێ ئیددعا بکا کە هەمووی ڕاستییەکانی لە لایە و جگە لەوەش هەر هێژمۆنی و کۆدەنگییەکیش کاتییە نەک هەمیشەیی. کەوابوو دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ لە ئاستی ئێران و کوردستان بە قازانجە و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا لە تۆتالیتاریسم و یەکدەنگی و یەکڕەنگی دوور بکەوێتەوە و ئەوەش قووڵ کردنەوە و بەهێزتر کردنی دێموکراسیی لیبراڵی و تەنانەت دێموکراسیی ڕادیکاڵیشی لێ دەکەوێتەوە.

بە گشتی بەم هۆکارانەی خوارەوە پێم وایە پێداگری لەسەر دێموکراسیی ئاسۆیی ڕادیکاڵ لە شکڵەکانی دیکەی دێموکراسی بۆ سەردەمی ئێستای ئێران و کوردستان باشترە

- لەگەڵ سەردەمی بزووتنەوەی ژینا کە سەردەمی ئاسۆیی بوونە، تەبایە.
- لەگەڵ کەلتووری سیاسیی ئێستای خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کەلتوورێکی ئاسۆییە، گونجاوە.
- بە جیی پێداگری لە سەر ئەسڵی زۆرینە - کەمینە لە ئاستی ئێران و کوردستان لەسەر بەرەسمی ناسینی جیاوازییەکان پێداگری دەکات و ڕێگا نادات زۆرینە ویستی خۆی بەسەر کەمینەدا بسەپێنێت.
- دان بەوە دادەنێ کە هێز لە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگادا حزووری هەیە و بەردەوام ململانێی لەسەرە. هەبوونی ئەم هێزە بە زیان نییە و زۆر جار بە قازانجی

گۆڕانکاریی باش لە کۆمەڵگادایە؛ هەڵبەت بە مەرجێک ململانێ لە شکڵی دوژمنایەتی بێتە دەرێ و ببێ بە دژبەرایەتی و کێبڕکێ (مخالفت و رقابت).

- لە نێوخۆی حیزبیشدا دەبێتە هۆکارێک بۆ بیستنی دەنگە جۆراوجۆرەکان و پاڵنەرێک دەبێ بۆ ئەوەی بەدەنەی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک زیاتر بەشداری لە بڕیاراتی حیزبدا بکەن و ئەمەش ئاستی متمانەی کۆمەڵگا بە حیزب و هەروەها بەدەنە بە بەڕێوەبەرایەتی بەرز دەکاتەوە.
- ئەزموونی ناسەرکەوتووی هەوڵدان بۆ ساز کردنی بەرەیەکی گشتگیر و سەراسەری چ لە کوردستان و چ لە ئێران، ڕاستییەکانی ڕوانگەی لاکلائۆ و مووف وەدەردەخەن کە هێزە سیاسییەکان هەمیشە لە ململانێدان و هیچ یەکگرتوویەکی هەمیشەیی لە هیچ کوێ لە گۆڕێدا نییە.
- لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیک تەبایە.

**٦-٤-خەباتی ئاسۆیی و چەندڕەهەندی (سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و چەکداری**

ئەگەر دەمانهەوێ خەباتی ئێستامان وڵامدەر بێت، پێویستە لەگەڵ باروودۆخی هەنووکە و لەگەڵ سەردەمی ئێستا کە پێموایە سەردەمی ئاسۆیی بوونە، بیگونجێنین. بە پێی باروودۆخی ئێستا و بۆ ئەوەی خەباتەکەمان لەگەڵ کەلتووری سیاسیی ئێستای کوردستان کە کەلتووری سیاسیی ئاسۆییە بگونجێ، پێویستیمان بە «خەباتێکی ئاسۆیی[٤٣]» و چەندڕەهەندی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین خەباتی میللی-دێموکراتیکی خۆمان بەرەو پێش بەرین. خەباتی ئاسۆیی، خەباتێکی چەندڕەهەندییە و هەموو ڕەهەندەکان لەبەر چاو دەگرێ؛ هەر چەند بە پێی هەلومەرج ڕەنگە گرینگیی زیاتر بە لایەنێک بدرێت و لایەنێکی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیرێ یان کەمتر بایەخی پێ بدرێ. بەڵام دەبێ بزانین هەموو ڕەهەندەکان پێویستن. حیزبێکی سیاسی کە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی تێدەکۆشێ، لەم پەیوەندییەدا دەبێ هەم کاری سیاسی و دیپلۆماتیکی لە بەر چاو بێت و هەم لە کاری کەلتووری و کۆمەڵایەتی چاوپۆشی نەکات. ئەوەی لە پاش بزووتنەوەی ژینا دیتمان بە جوانی پێشانی داین کە حیزب لە خەباتی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و تەقریبەن خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستای کوردستان گونجاندووە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی مەودایەک لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی نەدیترێ و تەنانەت زۆر جار حیزب وەکوو بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی بێتە هەژمار. هەماهەنگ بوونی حیزب و زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگا لەسەر هێما و واتاکان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا و نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاریدا بە ڕوونی وەدەر کەوت. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ نیشانی دا کە حیزب بووەتە بەشێک لە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمانە ئەو پەیامە بە حیزب و نەتەوەی کورد دەدەن کە دەبێ بە شێوەیەکی ئاسۆیی و چەندڕەهەندی خەباتی کورد درێژە پێ بدات. خەباتێکی ئاسۆیی، خەباتێکی هەمەلایەنە و گشتگیرە و نابێ لە هیچ یەک لە شێوازەکانی خەبات چاوپۆشی بکات. بۆ پەرە پێدان و گەشەسەندنی ئەم جۆرە خەباتە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن:

- دانانی تەلەڤیزیۆنێکی پرۆفیشناڵ و بەهێز لە دەرەوەی وڵات بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هێژموونیی میدیاییی فارسەکان.
- ئەرکدار کردنی زیاتری تەواوی ئەندامانی حیزب بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سیاسەت و بەرنامەکانی حیزب زیاتر بڵاو کەنەوە. بە تایبەت لە تێلگرام و ئینیستاگرامدا کە

زۆرینـــەی خەڵکـــی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بەکاری دەهێنن.
● پشـــتیوانیکردنی زیاتـــر لە هەر چەشـــنە جووڵەیەکی نیشمانپەروەرانەی وەک چالاکیی ئەدەبی، کەلتووری، زانستی و ژینگەپاریزی.
● خەباتـــی چەکداری: لـــە پەیوەندی لەگەڵ خەباتـــی چەکداریـــدا، هێندێـــک کـــەس ئەم شـــکڵە لە خەبـــات بە بێمێشـــکی یان دواکەوتوویی دەزانن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەسانێک لە ژێر باندۆری گوتاری ئێرانشاریدا و بە ڕوانگەیەکـــی تەقلیلگەرایانە، دەیانهەوێ مافـــی نەتەوەییی کورد دابەزێنن بۆ ئاســـتی مافی شـــارۆمەندی. ئەوان کێشەی کوردێکی کرماشـــانی و کابرایەکـــی تارانی وەک یەک پێناسە دەکەن. دەســـتەیەک وەدەستهێنانی هێندێک مافی کەلتووری وەکوو دابینکردنی مافـــی نەتەوەیـــی دەخەمڵێنـــن. تاقمێـــک بەدەســـتەوەگرتنی چەند پۆســـتی سیاسی و ئیداری بە بەشـــداریی سیاســـی دەشوبهێنن؛ کاردانەوەی ئەم بۆچوون و ڕوانگانە دابەزاندنی مافـــی نەتەوایەتیی کورد بـــۆ هێندێک مافی ســـەرەتاییە. لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕوانگانە ناتوانـــن یـــان نایانهـــەوێ پـــەردە لە ســـەر پەیوەندییەکانـــی دەســـەڵاتی داگیرکارانە و کۆلۆنیالیســـتیی لە ئێران هەڵدەنەوە کە سەد ساڵە باڵادەستی و بندەستیی لێ کەوتووەتەوە. چارەســـەری گشـــت ئەم ڕوانگانە ژانرێکی کاتییـــە. کێشـــەی بنەڕەتیی کـــورد لەگەڵ ناوەند، کێشـــەی نەتەوەیییـــە نەک هێندێک کێشـــەی ئابووری یان کەلتووری. تا کاتێک کە پێداچوونەوەیەکی ئەساســـی لەســـەر ئەم پەیوەندییانـــە نەکرێتـــەوە کە باڵادەســـتی و ژێردەستییان ساز کردووە، ناتوانین ئاخێزگەی کێشەی خۆمان کە کێشـــەیەکی نەتەوەیییە بدۆزینەوە. کەوابوو نەتەوەیەک کە پارچەپارچە کراوە، خاکی داگیر کراوە و نەتەوەیەکی دیکە دەســـەڵات و ناسنامەی خۆی لەسەر کەلتوور و خاک و ئابووریی ئـــەو دامەزراندووە، چۆن دەتوانـــێ بە بێ هێزێکی چەکداری ڕێکوپێک و پۆشـــتە و بەبـــاوەڕ، ئەویـــش لـــە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت، مافەکانی وەدەســـت بێنێ و ئەگەریش وەدەستی هێنا بە بێ بوونی ئەم هێزە چۆن دەیپارێزێ؟
ئـــەم ڕوانگانـــە مەترســـیدارن، چونکە کێشـــەی کـــورد تەنیـــا کێشـــەی مافـــی شـــارۆمەندی نییە؛ تەنیا کێشەی ئیداری یان ئابووری نییە؛ بەڵکوو کێشـــەی خاک و مافی دیاریکردنی چارەنووســـە. لەگەڵ نەتەوەگەل و دەوڵەتانێـــک کـــە هیـــچ ڕێزێک لـــە بەها دێموکڕاتیکەکان ناگـــرن، ئەگەر کورد هێزی پێشـــمەرگەی ئامادەی نەبـــێ، هیچ مافێک دەســـتەبەر نابێ و ئەگەریش دەســـتەبەر بێ، هیچ گارانتییەک بۆ پاراستنی نییە. جگە لەوە، نابـــێ لە بیرمان بچێ کە هێزی پێشـــمەرگە کۆڵەکـــەی خەباتی کـــوردە و ئۆتۆریتەیەکی گـــەورەی لە کوردســـتان هەیـــە و وره بە خەڵکی کورد دەدات. بۆیە قەت نابێ وەپشت گوێ بخرێ و لاواز بکرێ. کۆڵەکەی خەباتی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئەورۆ خەباتی پێشـــمەرگانە بووە و هەر کات برەوی پەیدا کـــردووە، ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتیش گەشـــەیان ســـەندووە. هەستیاریی دوژمنان خۆی دەرخەری ئەم ڕاســـتییەیە. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە دوو قۆناغ لە شۆڕشـــی نەتەوەکەمـــان لە دوو بڕگەی جیـــاوازدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ؛ یەکیان شۆڕشی چەکداریـــی ٤٧-١٣٤٦ بـــوو کـــە ئەوکات خەباتـــی کوردی بووژاندەوە و ئەویتریشـــیان خەباتی ڕاســـانی ڕۆژهەڵات لە چەند ســـاڵی ڕابـــردوودا ورەیەکـــی یەکجـــار بەهێزی بە شۆڕشـــی نەتەوەییی کـــورد دا. کەوابوو نەک پێویستە خەباتی پێشمەرگایەتیمان ڕاگیرێ، بەڵکـــوو دەبێ بەهێزیش بکـــرێ و هەر کات دەرفـــەت خولقا، بە زووتریـــن کات ئاوێتەی ڕەهەندەکانـــی دیکەی خەباتـــی بکەین. ڕای گشـــتیی کۆمەڵگای کوردســـتان هەمیشـــە

پشـــتیوانیی لە هێزی پێشمەرگە کردووە. لە سەردەمی بزووتنەوەی ژیناشدا خەڵکی کورد چاوەڕوانی پاڵپشـــتیی هێزی پێشمەرگە بوو کەچـــی بەداخەوە بە بیانووی ئەوەی زەربە لە بزووتنەوەکە دەدات، یان بیانوو دەداتە دەستی ڕێژیم بۆ ئەوەی چاتر سەرکوتی کا، کەڵکی لێ وەرنەگیرا. ئەگەر هێزی پێشـــمەرگە بە پلان و بەرنامە بەشـــداریی لـــە بزووتنەوەی ژینادا بکردایە، ســـەیر نەبوو بزووتنەوەکە گەشـــەی زیاتری کردبا و بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتبا.

بە تایبەت دەبـــێ ئەوەمان لە بیر بێ بۆ قۆناغی ســـەرەتاییی پـــاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامـــی، بۆ بەرقەراریی نەزم و ئەمنییەت و پاراســـتنی خاکی کوردستان، پێویستیمان بە هێزی پێشـــمەرگە هەیە و ئەگەر لە ئێستاوە هێزی پێشـــمەرگەی پێویست ئامادە نەکرێ، هیچ زەمانەتێک بۆ وەدەست هێنانی ڕزگاری و ئـــازادی نییە.کەوابوو لەگەڵ ئەوەی خەباتی ئاســـۆیی گرینگی بـــە هەموو شـــێوازەکانی خەبات دەدات، بەڵام خەباتی پێشمەرگانە بە یەکێک لە کۆڵەکە ســـەرەکییەکانی خەباتی کـــورد دەزانێ. ئەزموونی باشـــوور و ڕۆژئاوای کوردســـتان ئەوەمـــان پـــێ دەڵێـــن کە لە داهاتووشـــدا ئەم شوێنانە بە دەستی کوردەوە دەمێننەوە کە هێزی پێشـــمەرگە کۆنترۆڵیان بکات؛ کەوایە نابێ قەت لە قورســـاییی ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان غافڵ بین.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا پێویستە بڵێین بە گشتی لە خەباتی ئاســـۆییدا حیزبی سیاسی لەگەڵ ئەوەی بۆ کۆمەڵگا سیاســـەت دەکات، دان بـــەوەدا دەنێ کە سیاســـەت لە هەناوی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ؛ کەوابوو تاقمێک ئیلیتی سیاســـی یان کۆمەڵێـــک ئەندازیاری کۆمەڵایەتـــی ناتوانـــن بـــە بێ گوێـــدان بە کۆمەڵانـــی خەڵـــک و بە بێ ئـــەوان جڵەوی خەبات بە دەســـتەوە بگرن. خەباتی ئاسۆیی پێویســـتی بـــە حیزبێکی سیاســـی هەیە کە ئەندامان و بەڕێوەبەرانی بە شێوەکی بەردەوام و بەوپەڕی ســـەداقەتەوە لەگـــەڵ خەڵک لە پەیوەندیـــدا بن. ئەوان ئەشـــێ بە پەیوەندیی بەردەوام، لایەنگرانیان بێننە ســـەر ئەم باوەڕە کە حیزبەکەیان وزە و ویستی ئەوان لە ڕاستای دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی خەباتی میللی-دێموکراتیکی کورددا کـــە بریتین لە: دابین کردنی مافی نەتەوایەتی، ئازادیی تاکەکەسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەرابەری و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکار دەکەن.

خەباتـــی ئاســـۆیی، دەیهـــەوێ دەنگـــی بێدەنـــگان و ڕەنگی بێڕەنـــگان بێ، هەر بۆیە دژی هەر چەشـــنە هـــەڵاواردن و وەلانانێکە. خەباتی ئاســـۆیی لە ڕاســـتای بەهێز کردنی دێموکراسیدا لە یەکڕەنگ کردن و یەکدەنگ کردنی کۆمەڵگا بێزارە؛ بۆیە پێی وایە بۆ ســـاز کردنی یەکێتیی نەتەوەیی، بە جێی یەکدەنگی و هاوچەشـــنی و لەیەکچوون، پێویســـتی بە هەستێکی هاوبەشی کوردانە هەیە بۆ ئەوەی خەباتـــی میللی-دێموکراتیکی کـــورد بەرەوە پێش بچێت. خەباتی ئاســـۆیی بە وشیارییەوە لە نێوان «بەهاکان» و «ئامرازەکان»دا جیاوازی دادەنێ و لەگـــەڵ ئـــەوەی بەهاکانی «مافی نەتەوەیی، ئازادی، بەرابەری و دێموکراســـی» بە کۆڵەکەی خەبات دادەنێ، بەردەوام ڕێگای نـــوێ و ئامرازی تازە بۆ دەســـتەبەر کردنیان تاقی دەکاتەوە.

### ٧-٤-هاوئاهەنگی بە جێی پێشەنگی

پێویست بە ئاماژەیە کە ناوەند هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندگەرای ئێرانەوە هەتا ئێستا، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک سیاسەت و بەرنامەی کۆلۆنیالیستی، تەواوی هەوڵی خۆی داوە کە کوردســـتان لە پەراوێزدا بهێڵێتەوە، بە تایبەت لە ســـەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێژیم زۆربەی هـــەرە زۆری کانگا و مەوادی خاو و سروشتیی کوردســـتانی تالان کردووە و زێدەباییەکەی بردووە بۆ ناوچەکانی ناوەند و نیمچەناوەنـــدی وەک تاران، ئیســـفەهان و

تەوریز و پشکی خەڵکی کوردستان، هەناردە کردنی هێــزی کاری هــەرزان و تێکچوونی ژینگەکەی بووە.

ناوەند، ئیزنی نەداوە کوردستان لە رووی ئابوورییەوە گەشــە بــکات و بەرنامە و پلانی گەشــە لە ئێران هەمیشــە وەکوو ئامرازێک بۆ ســڕینەوە و پەراوێزخســتنی نافارسەکان بە تایبەت کورد ئیشــی کــردووە. بەڵام بە خۆشــییەوە، نەیتوانیــوە پێش لە گەشــەی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کوردســتان بگرێ و تەنانەت کۆمەڵێک هۆکاری وەک بارودۆخی ســەردەمی کۆماری کوردســتان و خەباتی سیاسیی کورد لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧، بوونەتە هۆی ئەوەی گوتاریکی نــەرم و کۆمەڵایەتی لە گەشــە زاڵ بێــت و کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان پەرە بســتێنن. زاڵبوونــی ئــەم گوتارە بووەتە هــۆی ئەوەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە بە ئەندازەی ناوەند گەشــەی نەکردووە، بەڵام لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە لەوێ پتر گەشە بســتێنێ. ئەم گەشەکردنە، بیرۆکەی ئابووریگەرایانی دیتێرمینیســت کە گەشــەی ئابووری بە پێشــمەرجی گەشەی کۆمەڵایەتــی و سیاســی دادەنێــن، ڕەت دەکاتــەوە. ئابووریگەرایانی دیتێرمینیســت پێیان وایە گرینگترین فاکتەر بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، گەشەی بەهاگەلی دیموکراتیک و ئینســانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدایە کە لە ڕەوتی گەشــەی ئابووریدا ســەر هەڵدەدەن. ئەگەرچی، بەشــی یەکەمی ئــەم گریمانەیە کە دەڵێ گەشــەی بەهاگەلــی دیموکراتیک مەرجی گەشــەی دیموکراســییە، دروستە؛ بەڵام وێناچێ هەمیشە و لە هەموو شوێنێک گەشەی ئابووری پێشمەرجی گەشەی سیاسی و کەلتووری بێــت؛ چونکە بە بێ بناغەیەکی کەلتووری مەحاڵە دیموکراسیەکی ڕاستەقینە و بــەردەوام دامــەزرێ. ئەزموونــی خەباتی سیاســی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، دەیســەلمێنێ ئەگەرچی کوردســتان لەرووی ئابوورییەوە لە ناوچەکانی ناوەندی وەک ئیسفەهان و تاران و نیمچەپەراوێزی وەک تەوریز کەمتر گەشەی سەندووە، بەڵام لەرووی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەوان پێشــکەوتووترە. واتا ئەگــەر لەو ناوچانــە، پێوەرەکانی گەشــەی ئابــووری وەک کەمتربوونــی نرخی بێکاری، داهاتی ســەرانە، بەرهەمهێنانــی زیاتر و بە گشــتی بارودۆخی خۆشبژیوی لە کوردستان بەرزترە، بەڵام پێوەرە نەرمەکانی گەشە کە بە گەشەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دەناسرێن، وەک هەبوونــی ڕێکخــراوە سیاســییەکان، ڕێکخــراوە نادەوڵەتییــەکان (NGO)، بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان، بایکۆتــی وشــیارانە، نافەرمانیی مەدەنی، ژینگەپارێزی، سێکۆلاریسم، بەرابەریی نێوان ژن و پیاو و ... لە کوردســتان زیاتر گەشەیان کردووە. ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی پێکهاتەی دەســەڵات لە کوردســتان بەرەو هاوتەرازی و ئاســۆیی بوون بــڕوات. بزووتنەوەی ژینــا و نەورۆزی مەشــخەڵانی ڕزگاری بە جوانی ئەم گەشــە کۆمەڵایەتییەیان پێشان داین.

بــەم شــەرحە، پێویســتە چاوێــک بە پەیوەندیــی نێــوان حیــزب و کۆمەڵــگای کوردســتاندا بخشــێنینەوە. ئێمــە دەزانین حیــزب بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی میللی-دێموکراتیکــی کــورد خۆی بە پێشــڕەوی ئەم خەباتە دەزانێ. ئــەم ڕوانگەیە لە «کورتە باس»دا ئاماژەی پێ کراوە. ڕەنگە ئەم ڕوانگەیە بــۆ قۆناغی ســەردەمی دامەزرانــی حیزبی دێموکــرات هەتــا دە پازدە ســاڵ لەمەوبەر دروســت بووبێت، چونکە ئەوکات حیزب لە کۆمەڵگاکەی پێشــکەوتووتر بــوو و دەیتوانی ڕۆڵی پێشــەنگایەتی بگێڕێ؛ بــەڵام لەم دە پازدە ســاڵەی دواییدا بە هۆی پەرە سەندنی ئینتێرنێت و گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەنای بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواری،




**چارتی ژمارە ٢: مۆدێلی خەباتی ئاسۆیی: مانیفێستی حیزبی هاوئاهەنگ**

خەڵکی کوردستان لە ڕووی هزری و کەلتوورییەوە زۆر پێش کەوتوون و لە بواری کۆمەڵایەتییەوە فرە گەشەیان سەندووە. ئەم گەشەسەندنە کۆمەڵگای کوردستانی خستۆوەتە قۆناغێکی تازەوە و بووەتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی بنچینەییی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا دروست بێت. پێکهاتەی دەسەڵات هەر لە خێزانەوە بگرە تا قوتابخانە و شوێنی کار بەرەو پێکهاتەیەکی ئاسۆیی و ناهیرارشیک ڕۆیشتووە. ژنان، گەنجان، مێرمندالان و تەنانەت منداڵان هاتوونەتە نێو گۆڕەپان و داوای ماف و دەسەڵات دەکەن. ئەمە قۆناغێکی نوێی بە ناوی سەردەمی «ئاسۆیی بوون» ساز کردووە. لەم سەردەمەدا کە تایبەتە بە سەردەمی ئینتێرنێت، ئیتر حیزبی سیاسی ناتوانێ ئیددعای «پێشڕەو بوون» یان «پێشەنگایەتی» بکات؛ چونکە ئەگەر کۆمەڵگا لە حیزبە سیاسییەکان پێشکەوتووتر نەبێ، پێموا نییە پاشکەوتووتر بێ. لانیکەم دەتوانین بێژین

کۆمەڵگا و حیزب لەگەڵ یەک هەماهەنگن و تەقریبەن لە یەک ئاستدان. نموونەی ئەم هاوئاهەنگییەمان لە بزووتنەوەی ژینادا دیت و بۆمان دەرکەوت کە کۆمەڵگای کوردستان و حدکا فرە هاودەنگ و هاوئاهەنگن. بینیمان کە هەر دووک لا چۆن شێواز و ئیدەی خەباتگێرانە بە یەکتر دەدەن و لە یەکی وەردەگرن. بە گوێرەی ئەم هاوتەرازی و کۆدەنگییەی لە نێوان حیزب و کۆمەڵگا لە کاتی ئێستادا هەیە، پێویستە لە گوتاری حیزبیشدا ئەم گۆڕانکارییە روو بدات؛ ئەویش ئەمەیە کە حیزب خۆی وەک «حیزبێکی هاوئاهەنگ»، نەک «پێشەنگ» پێناسە بکات. ئەم گوتارە خەڵکیتر و دێموکراتیکترە و لەگەڵ سەردەمی پاش بزووتنەوەی ژینا کە سەردەمی «ئاسۆیی بوونە»، تەبایی زیاتری هەیە. بە کورتی دەستەواژەی «حیزبی پێشەنگ/پێشڕەو» تایبەتە بە سەردەمی مۆدێرنیزاسیۆن و سەردەمی گەشە، بەڵام دەستەواژەی «حیزبی هاوئاهەنگ» تایبەتە بە سەردەمی پاش گەشە و پۆست مۆدێرنیزم. ئەمساڵ بەرچاوترین نیشانەکانی پەیوەندیی ئاسۆیی نێوان «خەڵک» و «حیزب» لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی مەشخەڵانی ڕزگاری و دەی خاکەلێوەدا بینرا. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە حیزب لە قۆناغی ڕاسانی رۆژهەڵاتەوە تا ڕادەیەکی زۆر وازی لە گوتاری ئەستوونی هێناوە و بە کردەوە بووەتە خاوەن گوتارێکی ئاسۆیی؛ کەوایە ئێستا پێویستە بە فەرمی ڕایبگەیێنی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی هاوئاهەنگە نەک پێشەنگ.

لە کۆتاییدا بە گشتی و بە کورتی دەڵێین بیچمگرتنی کەلتووری سیاسیی ئاسۆیی لە کوردستان بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ بە ناوی «سەردەمی ئاسۆیی». لەم قۆناغە نوێیەدا خەباتێکی ئاسۆیی پێویستە. ئەسڵەکانی ئەم جۆرە خەباتە بریتن لە: **١** سۆسیالیزمی دێموکراتیک **٢** مافی دیاریکردنی چارەنووس **٣** گەشەی ئاسۆیی (هەمە لایەنە:گەشەی سەوز، کۆمەڵایەتی – ئابووری- سیاسی- کەلتووری) بە جێی گەشەی ئابووریتەوەر **٤** بەڕێوەبەرایەتیی ئاسۆیی **٥** دێموکراسیی ئاسۆییی ڕادیکاڵ **٦** خەباتی ئاسۆیی و چەند ڕەهەندی (سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و چەکداری) **٧** هاوئاهەنگی بە جێی پێشەنگی.

## سەرچاوەکان


استیون سیدمن، کشاکش آرا در جامعهشناسی، ترجمه هادی جلیلی (تهران، نشر نی، ١٣٩٥).

آمارتیا سن، توسعه به مثابه آزادی، ترجمه سیداحمد موثقی (تهران: دانشکده حقوق و علوم سیاسی دانشگاه تهران، ١٣٨١).

چارلز ڕایت میلز، نخبگان قدرت، ترجمه مؤسسه غربشناسی، (تهران، نشر فرهنگ مکتوب، ١٣٨٩).

شانتال موفه، بازگشت امر سیاسی، ترجمه جواد گنجی (تهران، نشر نی، ١٣٩٣).

عەبدولڕەحمان قاسملوو، سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک فەسڵی یەکەم لە کتێبی تاقگەی حەقیەت، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی (سلێمانی، ١٣٨٢).

مارتین هایدگر، پرسش از تکنولوژی، ترجمه شاپور اعتماد، فلسفه تکنولوژی، (تهران، نشر مرکز، ١٣٨٦).

مانوئل کاستلز، شبکەهای خشم و امید: جنبش‌های اجتماعی در عصر اینترنت، ترجمه مجتبی قلیپور، (تهران، نشر مرکز ، ١٤٠١)

معزالدین باباخانی تیموری؛ زهرا نیکپور، ؛ عصمت زرچینی، « تبارشناسی تحلیل گفتمان انتقادی و شکل گیری دموکراسی ڕادیکال از نظر موفه»، فصلنامه دانشنامه علوم سیاسی ٦ (١٤٠١): ٤٨-٨٠.

هیوبرت دریفوس؛ پل ڕابینو. میشل فوکو: فراسوی ساختگرایی و هرمنوتیک، ترجمه حسین بشیریه ( تهران، نشر نی، ١٣٩٢).

Arturo Escobar, Encountering Development: The Making and Unmaking of the Third World, (Princeton: Princeton University Press, 1995).

https://hdr.undp.org/content/human-development-report-2023-24.(Human Development Report 2023-24).

https://www.socialprogress.org.

https://www.The Economist Intelligence Unit Limited.

Roberto Foa and Jeffery Tanner, “Methodology of the Indices of Social Development” International Jnstitute of Social Studies, Vol. 89 of Discussion paper, Research Institute for Social Development, ISSN, (2012), 1012-6511.



## ژێدەرەکان


1. Horizontal social movement (جنبش اجتماعی افقی)
2. New social movements
3. Manuel Castells
4. Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet Age
5. Post-development and post-modern
6. Vertical political culture
7. Horizontal political culture
8. Radical horizontal political culture
9. Radical horizontal struggle
10. Radical horizontal development
11. Post-development
12. Ivan Illich
13. Arturo Eskobar
14. Gustavo Esteva
15. social capital
16. Karl Polanyi
17. Amartya Sen
18. Development as Freedom
19. International Institue of Social Studies
20. Civic Activism
21. Clubs and Associations
22. Intergroup Cohesion
23. Interpersonal Safety and Trust
24. Gender Equality
25. Inclusion of Minorities
26. Max Weber
27. Ideal Type
28. Democracy index
29. Social Progress index
30. Human development index

٣١. سەبارەت بە ڕاست و دروستیی ئەم دەیتایانە بڕواننە ئەم پێگانەی ژێرەوە:

https://www.socialprogress.org
https://www.The Economist Intelligence Unit Limited
https://hdr.undp.org/content/human-development-report-2023-24.(Human Development Report 2023-24)

32. Clientelism
33. Martin Heidegger
34. Radical Horizontal Democracy
35. Charles Wright Mills
36. Ernesto Laclau
37. Chantal Mouffe
38. Antagonism
39. Agonism
40. Robert A. Dahl
41. Transsexuals
42. Michel Foucault
43. Horizontal struggle

# "تیۆری"

# مافیای ئاوی ئێران و ئاسەوارەماڵوێرانکەرەکانی*

ئالان حەسەنیان**

ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندیی ناهاوسەنگی ناوەند-پەراوێز لە ئێران و کێشەکانی پەیوەندیدار بە هەڵوێستی دەوڵەت لەمەڕ ئاسایشی ئاو دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە لە قەیرانی ئاوی ئێران، گرژی و ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە دەستڕاگەیشتن و بەشینەوەی سامانەکانی ئاو ئاشکرا دەکات. ئەو توێژینەوەیە پێی وایە سیاسەتی ئاویی دەوڵەت پڕ کێشەیە و کاردانەوەی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی- ژینگەیی لەسەر کۆمەڵگا ژێردەستەکانی ئێران هەیە.

## کورتە

ئاو دینامیکی جۆراوجۆری سیاسی-ئابووری هەن. کەمایەسیی ئاو دەبێتە هۆی کێشە و، ئەوە یەکێک لە کێشە ژینگەیییە سەرەکییەکانی ئێرانە. وێژەی کێشەی ئاوی ئێران، کاردانەوەکانی ئەو بابەتە لە ڕوانگەی تێکچوونە فرە ڕەهەندییەکانی ژینگە، تێکچوونی کۆمەڵگا، دەوڵەت-کۆمەڵگا و کێشەی نێوان مەڵبەندەکان ئاشکرا دەکات. نزیکەی ٢٨ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی ٨٥ میلیۆنیی ئێران، لە ناوچەکانی خاوەن قەیرانی کەمئاویدا دەژین، ئەوە دۆخێکە کە بە ‹مایەپووچی›ی ئاو دەستنیشان کراوە. کەمیی ئاو لە سەرانسەری ئێراندا بە شێوەی جیاواز هەستی پێ دەکرێ. بەشە نیوەندییەکانی فەلاتەکە، وێستگەی پیشەسازییە مەزنەکانی ئێران، ئەو شوێنەیە کە زۆرترین کەمایەسیی ئاو بەرچاو دەکەوێ. بەڵام، شوێنی خاوەن سەرچاوەی ئاوی زۆر و زەبەندیش لەو کێشەیە بێبەش نەبوون. ئەو ناوچانە کە بە ‹حەوزە بەخشەندەکان› دەناسرێن، بە هۆی گواستنەوەی لە ڕادەبەدەری ئاوی نێوان حەوزەکان و دەستێوەردانە ئەندازیارییەکانی دەوڵەت بە مەبەستی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمایەسیی ئاوی ناوچە ناوەندییەکان، تووشی جۆرێکی جیاواز لە کێشەی ئاو بوونەوە. دۆخێکی ناهاوسەنگ و پڕ لە کێشەی پەیوەندیی دەسەڵات لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا ژێردەستەکانی ناوچە پەراوێزەکان دروست بووە. لە ڕوانگەی ئەو توێژینەوەیە، ئەوە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیییە کە مۆرکی هەژارکردنی چەند تەوێ و پێشکەوتنی ناسەقامگیریی کۆمەڵگاکانی ناوچە بەخشندەکانی پێوە دیارە.

## وشە سەرەکییەکان

ئاو، گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، بەنداو، ڕێچکەی نەرم، ڕێچکەی ڕەق

## پێشەکی

دۆخی ئێکۆلۆژیک و ژینگەیی ئێران بووەتە هۆی دڵەڕاوکێی گەلێک لە چاودێران. دروست کردنی ژمارەیەکی نارێژەیی بەنداو، ژمارەیەکی نارێژەیی پرۆژەی گواستنەوەی ئاو لەنێوان حەوزەکانی ئاو، کەڵکی زێدەڕۆیانە لە سامانەکانی ئاوی سەر- و ژێر زەوی، ڕووتاندنەوەی بەربڵاوی دارستانەکان و بە بیابانبوون، پیسبوونی ئاو، وشکبوونی زۆنگ و گۆلەکان و، نموونەی زۆری دیکەی تێکچوونی ژینگە بوونیان هەیە (ئەمانەت، ٢٠١٦، لاپەڕەکانی ٩٤١-٩٢٥). ئەو ئاڵوگۆڕانە یارمەتیدەر دەبن تا ئێران لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە یەکێک لە هەستیارترین جوغرافیاکان بۆ مرۆڤ و ژیانی سرووشتی. لە هەمان کاتدا، سەرەڕای ئەوە، دەوڵەتی ئێران ئەو ئالنگارییانە وەک پرسی ناگرینگ سەیر دەکات و درێژە بە قوربانیکردنی ژینگەی سرووشتی بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی وێرانکەر و پیشەسازییەکانی دەدا. سامانە ئاوییەکانی ئێران قوربانیی سەرەکیی گەشەکردن و چالاکییە پیشەسازییەکانن (دەوڵەت ئابادی، ٢٠١٢، مەددەنی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦؛ جەهانگەرد ٢٠١٨؛ حەسەنیان ٢٠٢٠؛ میرزاوەند و باقری، ٢٠٢٠). بەنداوی زەبەلاح، تونێل و کاناڵ لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی زایینییەوە بە مەبەستی باشترکردن و گواستنەوەی بەرفراوانی ئاوی نێوان حەوزەکان، گەیاندنی ئاو بە بنەماڵەکان، کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ناوەندی ئێران جێبەجێ کراون. بەڵام، دەستپێشخەرییەکانی چالاکییەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بوونە هۆی هەرا و مشتومڕی زۆر لەبارەی تێکچوونە کۆمەڵایەتی-ژینگەیییەکانی پەیوەندیدار بەو پلانانەوە (کۆمیسیۆنی جیهانی لەمەڕ بەنداوان، ٢٠٠٠؛ قاسمی و وایت، ٢٠٠٧).

زیاتر لە یەک میلیۆن هێکتار زەویی

کشـــتوکاڵی، باغی میوە و دارستان لە ئاکامی هەڵبەســتنی بێبەزەییانــەی بەنداوان ژێر ئــاو کەوتــوون، لە ئاکامــدا زیانــی بەرچاو بــەر ئێکۆسیســتەمی سەرانســەری ناوچە بەخشــندەکان کەوتووە (ســەڤیک، ٢٠١۶). بــە گوێرەی دایرەی پارێــزگاری لە ژینگەی ئێران، ٢ میلیۆن هێکتار یان ۶٧٪ی زۆنگاوە ٣ میلیــۆن هێکتارەکانی ئێــران لەناو چوون (مەیدان، ٢٠١۶). وێرانکارییەکە وەها بەرچاوە کە تەنانەت هێندێک لە کاربەدەســتانی دەوڵەت دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردووەتەوە. بۆ وێنە، بە گوێرەی وەزیری پێشووی کشتوکاڵ، عیسا کەلانتەری، «ئەمــڕۆ هیچ زۆنگ یان گۆلێکی وڵات نەماوە کــە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی چالاکییەکانمان. ئێمە خۆویســتترین جیلین کــە لە ٧ هەزار ســاڵی ڕابــردوودا لەو وڵاتە ژیاوین» (هەواڵدەریی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێران، ٢٠١٧).

کەمیــی ئاو لــە ئێــران بووەتــە هۆی خولقاندنی قەیران و کێشــەی زۆر، لە ناویاندا بەریەککەوتنی پەرەئەستێن لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵــگا و لێکهەڵوەشــانی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی. سیاســەتی ئاوی ئێران، بە تایبەت هەڵوێستی دەوڵەت لەمەڕ هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمیــی ئــاوی وڵات و دابینکردنــی ئاو بۆ ناوچە وشکەکانی ناوەندی وڵات، ناتوانێ هەر وا بەردەوام بێ. لایەنێکــی گرینگی قەیرانی ئاو لە ئێران ئەوەیە کــە ئەزموونی کەمئاوی و هۆیەکانی ئــەو کەمئاوییە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیــاوازە (وێنەی ژمارە ١). گواســتنەوەی ئاوی ناوچە و پارێزگاکانی باکوور، خۆراوا و باشووری خۆراوای ئێران، لە ناویاندا چوار مەحاڵی بەختیاری، خوزســتان، کوردســتان و مازەنــدەران (حەوزەکانــی بەخشــندە)، بۆ ناوچە بیابانە وشــکەکان، لە ناویاندا ئیســفەهان، کرمان، قوم، ســێمنان، یــەزد و گوڵپایــەگان (حــەوزە وەرگرەکان) لە بەشــە ناوەندییەکانــی وڵات، بووەتە هۆی زەرەری قەرەبوونەکراوی کۆمەڵایەتی-ئابووری و هەژاریی ناوچە بەخشــندەکان (وڵات بۆکان، ٢٠١٨ ب). ئەو سیاســەتە ئاوییە ناهاوســەنگە بووەتــە هــۆی خراپتربوونــی پەیوەندیــی دەسەڵات، کە پێشتریش خراپ بوو، لەنێوان ناوەنــد و خەڵکانی ناوچە پەراوێزەکانی وڵات. جووڵانەوەیەکــی فرەلایەن بــۆ دادپەروەریی ژینگەیی، ڕەتکردنەوەی سیاسەتی ژینگەییی دەوڵــەت بەرانبەر بە ناوچە و ســامانەکانیان وەک هەڵاواردنــکار و ناســەقامگیر و، داوای کەڵــک وەرگرتنی بەرپرســیاران لــە ئاو و دابەشینەوەی دادپەروەرانە و دەستراگەیشتن بە ســامانەکانی ئاو، لە ناوچــە پەراوێزەکانی ئێران سەری هەڵداوە (تیموتی، ٢٠٠۵؛ میرزاوەند و باوری، ٢٠٢٠).

ویــژەی ئاکادێمیــک لەمەڕ ئەو پرســە بــوار بــۆ دیتنــی دەســتەواژەی لێکهاڵاوی دادپەروەریــی ژینگەیی و ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیــی خــۆش دەکات (ریــد، ٢٠٠٩). ئەو توێژینەوەیە باوەڕی وایە کە سیاســەتی ئاوی ئێران بە ئاشکرا ناوەندگەرایانە (کۆمپانیای ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ل. ٣)، هەڵاواردنکار و ئەتنیک گەرایانەیە و بە قازانجی دابینکردنی ئاو بۆ لایەنــی دیاریکراوی کۆمەڵگا لەســەر حیســابی کۆمەڵگاکانی دیکــە بەڕێوە دەچێ و لە ئاکامــدا دەبێتە هــۆی زیانی بەرچاوی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی-ئابووری. لە بەشەکانی داهاتوودا، ئەوە شــی دەکرێتــەوە و زانیاری و بەڵگە پێشــکەش دەکرێن کە کاریگەرییە تێکدەرانەکانی سیاسەتی ئاوی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر گەلان و کۆمەڵگاکانی تەواوی پارێزگا و ناوچە پەراوێزەکانی ئێران، کە دەبێتە هۆی هەژاریی زیاتر و پەراوێز خران، ئاشکرا دەکەن.

## میتۆد

### ئامانجی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری

ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندیی ناهاوســەنگی ناوەند-پەراوێــز لــە ئێــران و کێشــەکانی



● ناوچەکانی بێ زەختی کەمئاوی
● ناوچەکانی خاوەن کەمێک زەختی کەمئاوی
● ناوچەکانی خاوەن زەختی زۆری کەمئاوی
● ناوچەکانی خاوەن قەیرانی کەمئاوی

**وێنەی ژمارە ١: نەخشەی ناوچەکانی ئیران کە خاوەن زەختی کامئاوین (زارعی، ٢٠١٨)**

پەیوەندیدار بە هەڵوێستی دەوڵەت لەمەڕ ئاسایشی ئاو دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە لە قەیرانی ئاوی ئێران، گرژی و ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە دەستراگەیشتن و بەشینەوەی سامانەکانی ئاو ئاشکرا دەکات. ئەو توێژینەوەیە پێی وایە سیاسەتی ئاویی دەوڵەت پڕ کێشەیە و کاردانەوەی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی لەسەر کۆمەڵگا ژێردەستەکانی ئێران هەیە (وینفیلد و مۆریس، ١٩٩٤). تێگەیشتن لە قەیرانی ژینگەییی ئێران و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدان و قووڵتربوونەوەی کێشەی نێوان کۆمەڵگەیی، چەندین ئامانجی لە پشتن. ئەو جۆرە توێژینەوانە یارمەتیدەری دەستنیشان کردنی سیاسەتی بەردەوامتری سامان و ژینگە و، بنیاتنانی پەیوەندیی یەکسانتر، گشتگرتر و دیموکراتیکتری نێوان ناوەند-پەراوێز لە وڵاتی پڕ کێشەی وەکو ئێران. ئەو توێژینەوەیە کەڵک لە شیکاریی چۆنایەتیی ناوەڕۆک وەک مێتۆدی توێژینەوە وەردەگرێ. مەبەستی شیکاریی ناوەڕۆک لێکدانەوەی زانیاری لەنێو بوارێکی دیاریکراودا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واتایانەیە کە خەڵک بۆیانی لەبەرچاو دەگرێ. ئەو زانیارییە توێژینەوەی سیاسی، بەڵگەنامەی دەوڵەتی (لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاگواستنی ئاوی نێوان حەوزەکان و دروستکردنی بەنداو)، وتارەکانی هەڵمەتی سیاسی و شتی دیکە دەگرێتەوە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، بخوێندرێنەوە، لێیان تێبگەن و بۆ مەبەستی تایبەتی کەڵکیان لێ وەربگیرێت. لە کاتی لێکۆڵینەوە لەو زانیارییە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت. بۆیە دەکرێ لێکۆڵینەوەیەکی باشوێژانە بەرێوە بچێ و دەرئەنجام لە زانیاریی بەردەست، واتە نووسراوە و پەیام، لەمەڕ هەلومەرجی گەشەکردنەکەی و (هێندێک جار) ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی-کولتووریی لێدوانەکە وەرگیرێت (کریپەندۆرف، ٢٠٠٤). ئەو هەڵوێستە جەخت لەسەر لێکدانەوەی بابەتییانە دەکاتەوە و مەبەستی هەڵسەنگاندنی ژمارەیی زانیارییەکان و دەستەواژەی ژمارەیی نییە. لە جیاتان، ئەوە دەستنیشان کردنی بابەت و شێوازی جیاواز لە زانیارییەکاندا دەگرێتەوە. ئەو توێژینەوەیە لە لایەنە کێشەدارەکانی سیاسەتی ئاوی ئێران بە هەڵسەنگاندنی ژمارەیەک بیناسازیی ئاو (وەکو بەنداو، کاناڵی ئاو و تونێل) لە سەرانسەری پارێزگاکانی خوزستان، کوردستان، مازەندەران، چوارمەحاڵی بەختیاری و هەروەها کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-ژینگەییەکانی ئەو پرۆژانە دەکۆڵێتەوە.

بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ئاویی دەوڵەت

له کۆمەڵگاکانی پەراوێزخراو و ژێردەستەکانی ئێـــران، هەروەهـــا ڕوانگـــە ڕەخنەگرانەکانی چالاکانی بواری ژینگە، زانستوانان و ڕێکخراوە ناحکوومییـــەکان، کە بـــە نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگایانـــە چالاکـــن کـــە ئەو سیاســـەتە کاریگـــەری لەســـەریان هەبووە. ئـــەو ڕوانگە نەرێنییانـــە و مەحکوم کردنانەی سیاســـەتی گەشـــەپێدانی دەوڵەتیـــش بووەتـــە بابەتی لێکۆڵینـــەوەی ناوەرۆک. بـــۆ جێبەجێکردنی ئەو توێژینەوەیە، گەرانێکی بەرفراوان بەدوای زانیاریـــدا بەرێوە چـــووە. زانیاریی کەڵک لێ وەرگیراو لەو توێژینەوەیەدا، لە ســـەرچاوەی جۆراوجۆر و بە بەکارهێنانی گەرانی فرەزمانی کە فارســـی، کوردی و ئینگلیزی دەگرێتەوە، دەســـتەبەر کراوە. پتر لە دوو سەد بەڵگەنامە، کە ســـەرچاوەکەیان پشتراســـت کراوەتەوە، پۆســـتی سۆســـیال مێدیایی، بلاگ، بابەتی هەواڵ و ڕاپۆرت لەمەڕ ئاو و ژینگە، پشکنین و شیکاریان بۆ کراوە. لەو پەیوەندییەدا، زانیاری لە چەند پۆرتاڵی سەرهێل وەکو مەیدان (-htt ps://meidaan.com/)، ئەژمـــاری ڕێکخـــراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێز لە ئینســـتاگرام و تێلێگـــرام (واتـــە t.me/chya_ngo, t.me/ kanibell, t.me/sedayepayeab1, t.me/Wl-latBokan) وەرگیراون. ‹کەمئاوی›، ‹بەنداو›، ‹گواســـتنەوەی ئـــاوی نێـــوان حـــەوزەکان، هەلاواردن/ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی›، لە چوارچێوەی ئێراندا ئەو چەمکە ســـەرەکی و وشانە بوون کە بەدوای کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەو توێژینەوە کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئەوانەی ژێرەوە ســـەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، توێژینەوەی ستراتێژیک و بەڵگەنامە لەبارەی چالاکییەکانی گەشـــەکردنی ئاو و پرۆژەکان بوون. ئەوانە زۆربەی هەرەزۆریان بە فارسین؛ جوغرافیا و پەیوەندییە مرۆییەکان (جغرافیا و روابـــط انســـانی)، ناوەنـــدی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک (مرکز بررســـیهای استراتژیک)، گۆڤاری ئابووری (مجله اقتصادی)، بلاڤۆکی زانســـتی-توێژینەوەی ئوقیانووسناسی (نشریه علمی پژوهشی اقیانوس شناسی)، کۆمپانیای بەرێوەبەریی سامانەکانی ئاوی ئێران (شرکت مدیریت منابع آب ایران)، وەرزنامەی گەشەی ژینگەیی و نێوانکەرتی (فصلنامه علمی زیست و توسعه فرابخشـــی) و، گەڵێک سەرچاوەی دیکە.

بێجگە لە بەشـــەکانی پێشەکی و مێتۆد، ئەو توێژینەوەیە لە سێ بەش پێک هاتووە:

**١** چوارچێـــوە چەمکییەکـــە: بـــۆ بـــاس و شـــیکردنەوەی ئەوە کە چـــۆن چەمکی وەکو ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، سوری ئاو-کۆمەڵگا [کاریگەریـــی دوولایەنـــەی ئاو-کۆمەڵگا] و، ڕێچکـــەی ســـەخت (بەرێوەبەریـــی لایەنی دابینـــکاری ئاو)، لە بەرانبـــەر ڕێچکەی نەرم (بەرێوەبەریی لایەنی داواکاری ئاو)، سیاسەتی ئاویی ئێران دەگرنەوە.

**٢** گواســـتنەوەی ئاوی نێوان حـــەوزەکان و بەنـــداوەکان لە ئێران: ئەو بەشـــە دیدێکی گشتی لەسەر ژمارەی بەنداوەکان، کاناڵەکان، تونێلەکان و ژێرخانەکانـــی دیکەی ئاوی کە بوونـــە ئامانجی گواســـتنەوەی ئـــاوی نێوان حەوزەکان پێشکەش دەکات. جەخت لەسەر چەند نموونەی بینای ئاویی وێرانکەر لە ناوچە و پارێزگاکانی ژێـــر لێکۆڵینەوە دەکاتەوە. ئەو هەروەها شـــی دەکاتەوە چۆن دامودەزگاکانی ئێرانی پاســـاویان بۆ ئەو بینایانە و کاریگەرییە چارەنووسسازەکانیان لەسەر کۆمەڵگا-ژینگە و بەردەوامی هەیە.

**٣** بەشـــی ‹کاریگەرییەکانـــی سیاســـەتی ئاویـــی ئێران› ڕوانگەیەکی بەربلاوتر لەســـەر سیاســـەتەکانی ژینگەیی ئێـــران و هەروەها پەرچەکردار و بەرهەڵستکارییەکانی ڕێکخراوە ژینگەپارێـــزە ناحکوومییـــەکان و کۆمەڵـــگا ژێردەســـتەکان بەرانبەر تێکچوونی ژینگە و دەسپێششخرییە گەشەکردنەکانی ئاراستە کراو لـــە لایەن دەوڵەت دەگرێتـــەوە. بێجگە لەوە، ئەو بەشـــە دەپەرژێتە ســـەر نیگەرانییەکانی

پەیوەندیدار بە ئاو لە ڕوانگەی ناوچەییەوە، وەکو کێشەی نێوان ئێران و ئەفغانستان لەسەر مافەکانی ئاوی ئەمبەر ئەوبەری سنوورەکانیان و چۆن ئـەوە دەتوانێ ببێتە هۆی کێشـــە و پێکدادانی ئەوتۆ کە ســەقامگیریی هەرێمی بنکۆڵ بکات.

## ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی

بابەتەکە بە شــێوەی ســەرەکی بە یارمەتیی چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی شـــی دەکرێتەوە کە لە خـــوارەوە وردتر باس دەکرێ. لایەنەکانی سیاســـەتی ئاو لە ئێران، لە ناویاندا دروســـتکردنی زێدەڕۆیانەی بەنداو و ئەندازیاریـــی ژێرخانی ئاو بۆ ڕاگواســـتنی ئاو لـــە پارێزگاکانـــی پەراوێزەوە بـــۆ ناوچە ناوەندییەکان، وەک ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی داســـەپێنراو بەســـەر تاقمە نەتەوەییەکانی نافارس، وەکو کورد کە دانیشـــتووانی ناوچە خۆرهەڵاتییەکانی ئێرانن، عەرەبی خوزســـتان لە باشـــووری خۆراوا و گیلەکی مازندەران لە باکووری ئێران سەیر دەکرێ. ئەو توێژینەوەیە هەروەها باسی ئەو بەنداوانە دەکات کە نە تەنیا لە ڕوانگەی ژینگەیییەوە ماڵوێرانکەرن، بەڵکو لە خزمـــەت بەرژەوەندییەکانی بەناو «مافیای ئاوی» ئێرانـــدان. دوایین بڕگەی توێژینەوەکە باســـێک لەســـەر هاوکارییـــە هەرێمـــی و نێودەوڵەتییـــەکان لەبـــارەی بەڕێوەبەریی ئاو پێشـــکەش دەکات، بە تایبەتی لە پەیوەندیی لەگـــەڵ ئاوە هاوبەشـــەکاندا (ڕەمەزانی، ٢٠١٩).

ئەو توێژینەوەیە پەنجە لەسەر زیانە ژینگەیی و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانـــی ئەزموونکراو لە هێندێک لە ناوچـــە پەراوێزەکانی ئێران، واتە چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان، کوردستان و مازنـــدەران، بـــە چاویلکـــە تیۆریکەکانی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی دادەنێت (بولارد، ١٩٩٣؛ لازاروس، ٢٠٠٠؛ ئیـگان، ٢٠٠٢). ویـــژەی بەردەســـت لەمەڕ ژینگەناسیی سیاسی باسی چۆنیەتیی کارتێکەریی دوولایەنەی سیاسەت و ژینگە، هی نێوان ســـەرکوت و بەرگریکردن و شێوازی کاریگەریی سیاسەتەکانی ئابووری و ژینگەیـــی لەســـەر بەردەوامیـــی خەڵک و کۆمەڵـــگا ژێردەســـتەکان دەکات (ڕۆدریگێز-لاباخـــۆس و مارتینێز-ئالیـــەر، ٢٠١٥). بەڵگـــەی باش بۆ تێکگیرسانی کێشـــە ژینگەییەکان لەگەڵ کێشەکانی شوناسی مرۆڤ، کێشەکانی پەیوەندیدار بە خاکەوە و کێشمەکێشـــەکان لەسەر ســـامانەکان، لەبەردەســـتدان (گلیەک، ١٩٩٣؛ ڕەنجان، ٢٠١٢؛ خان و ئاوان، ٢٠٢٠).

دەستەواژەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بۆ یەکەم جار لە ١٩٨٢ لە لایەن بنیامین چاڤیس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشخستنی خەڵکی ناسپیپێست و چـــالاک و ڕێکخەرێکی لەمێژینەی خەبات بـــۆ مافە مەدەنییەکان، کەڵکـــی لێ وەرگیرا. چەمکەکە لەخـــۆوە کاتێک درکا کە چاڤیس خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ پێشکەشـــکردنی ڕاپۆرتێک بە یانەی ڕۆژنامەوانیی نیشتمانی بوو کە ناوبراو یەکێک لە نووسەرانی بوو و لەبارەی ســـەرگوێلکی پاشـــماوەی ژاراوی و ڕەگەز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو. بە گوتەی خودی چاڤیس، «[مـــن] هەوڵم دەدا تێبگەم چۆن بتوانم بە شـــێوەیەکی گونجاو باسی ئەو شتە بکەم کە لە ئارادایە. ‹ڕەگەزپەرستی›ی ژینگەیی بە مێشـــکمدا هـــات. ئەوە ئەو کاتە بوو کە من دەســـتەواژەکەم دروست کرد. بۆ من، ئەوە ئەو شـــتەیە کـــە ڕوو دەدات. ئەوە بوو بە خاڵی وەرســـووڕان بۆ باسای ژینگەیی لـــە وڵاتـــە یەکگرتـــووەکان.» لازاروس دەڵێ «خاڵـــی وەرســـووڕانی دادپەروەریی ژینگەیی «پاڵنەرەکەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بووە»، بە تایبەت کاتێک کە تێکدانی ژینگە هۆیەکەی کار و چالاکییەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ئیلیتیســـت و ســـتەمکارە (لازاروس ئاماژەی بە چاڤیس کـــردووە، ٢٠٠٠، لاپەڕەکانـــی ٢٥٨-٢٥٧) ئیدیعـــای ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی یان ئێکۆلۆژیکـــی هەروەها دەبێتە هـــۆی داوای

چالاکانی بواری ژینگە بۆ کەڵک وەرگرتنی دادپەروەرانە و ڕەوشتی لە زەوی و سامانەکانی نوێبووەوە لە بەرژەوەندیی هەسارەیەکی بەردەوام بۆ سەرجەم گەلان و زیندەوەران (بولارد، ١٩٩٣).

بولارد دەڵێ هەر جۆرە سیاسەت، کردار یان فەرمانێک کە کاریگەریی جیاوازی لەسەر خەڵک، تاقم یان کۆمەڵگای بێبەش، بە هۆی ڕەگەز یان ڕەنگ هەبێ، ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە. بێجگە لەوە، ئەوە ڕێکاری ئەوتۆش دەگرێتەوە کە پێش بە ئەندامانی تاقمە بێبەشەکان دەگرێ تا لە کۆمیسیۆنەکانی یاسادانەر و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا بەشدار بن (بولارد، ١٩٩٣، لاپەڕەکانی ٢٦-٢٣) ڕەگەزپەرستی دەوری سەرەکیی لە پلاندانانی ژینگەیی لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا هەیە، کە ڕەگەز فاکتەری سەرەکی بۆ کەوتنە ژێر مەترسییەکانی ژینگەیی و ساخڵەمی و دەسترانەگەیشتن بە خزمەتگوزاریی پزیشکییە (بولارد، ١٩٩٣، ل. ١٧؛ لازاروس، ٢٠٠٠).

دەستەواژەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی هەروەها نیشان دەدا چۆن فاکتەرە ڕەگەزی، ئەتنیکی و ئایینییەکان دەبنە هۆی ئەوە کە تاقمە پەراوێزخراوەکان زۆرتر لە کۆمەڵگا خاوەن ئیمتیازەکانەوە زەرەریان پێ بگات و بکەونە ژێر کارتێکەریی مەترسییە ژینگەییەکان. تیۆرییەکە چەند جۆر بابەت دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر ئاسەوارەکانی پرسە ژینگەییەکان لەسەر خەڵکانی بێبەش دەکات (پولیدۆ، ١٩٩٦). ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە کۆمەڵگای فرەچەشن (وەکو ئێران)، کە پیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان دەکرێ زۆر جار وەک پەیوەندیی نێوان خاوەن ئیمتیازەکان و بێبەشان پێناسە بکرێ، کاتێک سەر هەڵدەدات کە سیاسەتەکانی ژینگەیی نوخبەگەرا و لایەنگرانەن، دەسەڵاتی کۆمەڵگا بێبەشەکان لەسەر کاروباری ژینگەیی کەم دەکاتەوە و ئەوان تووشی تێکچوونی ژینگەیی و بەتاڵانبردنی سامانە سرووشتییەکانی دەکات (پولیدۆ، ١٩٩٦، ل. ١٤٢).

ئەگەرچی لە وێژەی ئاکادێمیکدا دەستەواژەی بێلایەنیی ژینگەیی، دادپەروەریی ژینگەیی و ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی «زۆر جار ئاماژە بە پەیوەندیی جوغرافیایی لەنێوان پیسکردن و سەرگوێلکەکان لە وڵاتانی کەم داهات یان کۆمەڵگا کەمینەکان دەگرێتەوە»، مشتومرێک لە ئارادایە ئاخۆ ئەو نموونانەی زانایان دەیبینن «وەک بەڵگەی نایەکسانی، نادادپەروەری و ڕەگەزپەرستی دێنە ئەژمار» (هۆلیفیلد، ٢٠٠١، لاپەڕەکانی ٧٩-٧٨) هیچ هاوراییەک لەنێوان زانایاندا لەبارەی چۆنیەتیی پێناسە کردنی دەستەواژەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بوونی نییە، ئەوە لە ڕوانگەی هێندێک کەسەوە هەڵخەڵەتێنانەیە. بەڵام، سەرەرای ئاڵۆزیی مێتۆدناسی و دەستەواژەییەکەی، شێوەی شیکردنەوەی هۆلیفیلد بۆ ئەو دەستەواژەیە، ڕەوایی بە کەڵک لێ وەرگرتنی لەو توێژینەوەیەدا دەدات. ئەو دەڵێ دادپەروەریی ژینگەیی و ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی قەت چەمکی شیکەرەوەی ساکار نەبوون و نابێ بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ. وەک جێگرەوەیەک، ئەو پێشنیار دەکات:

*ئێمە دەبێ قبووڵ بکەین کە خەڵک لە چوارچێوەی جوغرافیایی، مێژوویی، سیاسی و، دامەزراوەیی جیاوازدا، بە شێوەی جیاواز لە دەستەواژەکە تێدەگەن. لە جیاتی نەبوونی پێناسەی گەردوونی وەک بەربەستێکی گەشەکردن سەیر بکەین، پێویستە لە پانتا و فرەیی لێکدانەوەکان وەکو ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەری توێژینەوەی نوێ کەڵکی لێ وەرگرین. بێجگە لەوە، ئێمە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە لێکدانەوەکانی دەستەواژەکان، بە ناچار، کاردانەوەی*

*سیاسییان هەیە. توێژینەوەی ئێمە دەبێ گریمانەکانمان لەمەڕ سرووشتی ڕەگەزپەرستی و دادپەروەریدا ڕوون بکاتەوە. (ەۆلیفیڵد، ۲۰۰۱، ل. ۷۸).*

لەوڵامی نیگەرانییەکان لەمەڕ دابەشینەوەی ناهاوسەنگیی بارە ژینگەیی‌یەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێز و ڕێکخراوانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ باسی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی‌یان کردووە. جووڵانەوەی دادپەروەریی ژینگەیی زۆر جار پرسیاری وەکو «قازانج و بارەکانی سیاسەتی ژینگەیی چۆن دابەش کراون؟ کێ چی بەر دەکەوێ، لە کوێ و بۆ؟ ئاخۆ چالاکییەکانی گەشەکردن کاریگەریی ناهاوسەنگیان هەیە؟» و، گەلێک پرسیاری ئەوتۆ (بولارد، ۱۹۹۲). هێندێک لەوانە لە بەشی ئەو پرسیارەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ «سیاسەتی ئاویی ئێران چۆن یارمەتیدەری نادادپەروەریی ژینگەیی و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی لە ناوچە و پارێزگاکانی پەراوێزی وڵات بووە؟»

## ڕێچکەی ڕەق لە بەرانبەر ڕێچکەی نەرمدا

کێشەکانی ئاو ئاڵۆزن و کاریگەریی بەرچاویان لەسەر مرۆڤان و ساخلەمیی سیستەمی ژینگە و بەردەوامی هەیە. ئەو کێشانە وەکو ‹کێشەی باوی دژوار› پێناسە کراون (گلەیک، ۲۰۰۳) و، ڕێگاچارەکەیان تێکەڵاوێک لە هەڵوێستی گونجاوی زانستی و دەوڵەتداری دەخوازێ. چەند ڕێگاچارەیەک، وەک بۆ وێنە ‹ڕێچکەی نەرم› و ‹ڕێچکەی ڕەق› بۆ بەڕێوەبەریی سامانە ئاوییەکان بوونیان هەیە. لەبەر بوونی ڕوانگەی جیاواز لەسەر ئاو وەکو سامان، تەکنیکی جیاواز بۆ دابینکردن و داواکاریی جیاواز هەن. ‹ڕێچکەی ڕەق› پێی وایە ئاوی تازە بە ڕێژەی بێ‌سنوور هەیە و سامانەکان بە شێوەیەک گەشەیان پێ دەدرێ تا پێداویستیی مرۆڤەکان دەستەبەر بکرێ. بەڵام، ‹ڕێچکەی نەرم› دان بەوەدا دەنێ کە سامانەکانی ئاوی تازە سنووردارن، بۆیە لە جیات گەڕان بە دوای سەرچاوەی دابینکردنی بێ‌سنوور، جەخت لەسەر باشترکردنی بەردەوامی کاریگەرییەکەی دەکات. بۆیە، لە دۆخی کەمیی ئاودا، ڕێگاچارەی بەڕێوەبەریی دابینکردن ئەوەیە لە جیات زیاترکردنی ئوتوماتیکی سەرچاوەی ئاوی زیاتر، ڕادەی کەڵک لێ وەرگرتنەکە کەم دەکرێتەوە (گلەیک، ۲۰۰۳؛ براندس و کریوۆکەن، ۲۰۰۶). ئەو ڕێگاچارەیە تێوەگلاندنی خەڵکی هەرێمەکە لە بڕیاردان لە مەڕ بەڕێوەبەریی ئاو، دابینکردن و کەڵک لێ وەرگرتنی دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە هاوکات بەرەو بە سیستەمی بەردەوام و درێژمەودا بە دابەشینەوەی گونجاوی سەرچاوەکانی ئاو دەدرێ. بێجگە لەوە، بە گوێرەی ئەو هەڵوێستە «ئامانجی کۆمەڵگا نابێ بەکارهێنانی ئاو، بەڵکو خۆشبژیویی کۆمەڵگا و تاک بۆ هەر یەکەیەک لە ئاوی بەکارهێنراو» (گلەیک، ۲۰۰۳، ل. ۱۵۲۷). بروکس و پیترز لە کتێبەکەیاندا (۱۹۸۸، ل. ۳) کە وەکو هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانە و خۆگر لەبارەی بەڕێوەبەریی سامانەکانی ئاو، لە کاتی کەمیی ئاودا، سەیر دەکرێ دەڵێن بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاری ئاو بە شێوەیەک پێناسە بکە کە، «هەر ڕێکارێک کە ڕێژەی مامناوەندی و ترۆپکی هەڵێنجانی ئاو لەسەر زەوی و سامانە ژێرزەوییەکان، بێ‌ئەوەی ڕادەی تێکچوونی چڵکاو زیاد بکات، کەم بکاتەوە».

پەرەپێدانی ژێرخانە ئاویی-ژینگەیی‌یە زیانبەخشەکانی دەوڵەت، وەکو پلانەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی زیادەڕۆیانەی سامانەکانی ئاو ( واتە بۆ مەبەستی کشتوکاڵ و پیشەسازی )، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە لە ئێران بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکاری ئاو، هەڵوێستی سەرەکییە. کەوابوو، خولیای دەوڵەتە جیاجیاکانی ئێران بۆ

گەشەکردن و پێشکەوتن بە بەراورد بێبەشن لە ستراتیژییەکی ڕێچکەی نەرم، کە پێک هاتبێ لە سیاسەت و وەبەرهێنانی درێژخایەن و گشتگر بۆ بەڕێوەبەریی ئاو. شکستی ئەو دەوڵەتانە لە بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاری ئاو دەتوانێ بۆ فاکتەری وەکو بەڕێوەبەریی خراپ، گەندەڵی و لاگریی ئەتنیکی بگەڕێتەوە کە کاریگەری لەسەر ئەو لایەنەی کۆمەڵگا، ژینگە و سامانەکان هەیە (حەسەنیان و سوهرابی، ٢٠٢٢). بە هەست پێکردن بە سنووردار بوونی ڕێکارەکانی لایەنی دابینکار، هەروەها لە ئێران بیر لە بەڕێوەبەریی لایەنی داواکاریش کراوەتەوە. بۆ وێنە، بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی لە کەنداوی فارس/عەرەب، بۆ پەرەپێدانی سامانەکانی ئاوی شیرن، لە ناوچە کەنارییەکان کارگەی شیرنکردنی ئاو دروست کراون (پاپارێللا، داگۆستینۆ و برت، ٢٠٢٢). بەڵام، بە لەبەرچاوگرتنی ئاسەوارە زیانبارەکانی بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکاری ئاوی وڵات، ستراتیژیی ڕێچکەی نەرم وێدەچێ بچووک و بێبایەخ بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێچکەی نەرم هەڵوێستێکی وەرچەرخانە بۆ بەڕێوەبەریی ئاو کە «پێویستە بە ئاڵوگۆڕی دامەزراوەیی، لێهاتوویی و ئامرازی بەڕێوەبەریی نوێ و، پشتبەستنی بەرینتر بە کرداری ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەر دەخوازێ تا تەنیا چەند ئەندازیار» (گلەیک، ٢٠٠٢، ل. ٣٧٣).

بە گوێرەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی-ئاوی، ڕێژەی ئاو وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-سرووشتی سەیر دەکرێ کە بێپسانەوە سرووشت و کۆمەڵگا لێک گرێ دەدا. ئەو هەم پرۆسەیەکی فیزیکی و هەمیش کۆمەڵایەتییە (سوینشاداو، ٢٠٠٩؛ لەبباف خانیکی، ٢٠٢٠). بە ئیلهام وەرگرتن لە لێکۆڵینەوە بەربەرینەکەی سوینشاداو لەمەڕ لایەنی ئابووریی سیاسی و ئیکۆلۆژیکی سوڕی ئاو-کۆمەڵگا، ئەو توێژینەوەیە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە پێکهاتەی تەکنیکیی کۆمەڵایەتی سوڕی ئاو-کۆمەڵگا، نایەکسانیی دەسەڵاتی کۆنترۆڵی دەستراگەیشتن و پێشگرتن بە دەستراگەیشتن بە ئاو و لاسەنگیی دەسەڵاتی سیاسی کە کاریگەریی لەسەر ئاراستەی ئاو هەیە، پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە. سوینشاداو گوتەنی (٢٠٠٩، ل ٥٩) «بە ڕاستی پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان نەزمی ئاو-کۆمەڵگا و شێوازی سیاسی-ئابووری هەیە، بە واتایەکی دیکە، لەنێوان ‹سرووشتی کۆمەڵگا› و ‹چۆنیەتیی ئاراستەی ئاوەکانی›، هەر پرۆژەیەکی ئاو-کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا-ژینگەیە.» بۆیە، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئاو لە ئێران، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کێشەکانی پەیوەندیدار بە ئاوەوە لەو وڵاتەدا لەبەر تیکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە هۆیەکان، لە ناویاندا بەربەستی دامەزراوەیی (واتە بەڕێوەبەریی خراپ، گەندەڵی و لاگری)، پێداگرییەکی زێدەڕۆیانە لەسەر بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکار و بەڕێوەبەریی نەشیاوی لایەنی داواکار، وێدەچێ پەرە بستێنن.

## گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و بەنداوەکانی ئێران

### گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ئێران

ئەگەرچی بینای فیزیکیی ئاو، وەکو بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان سوودیان بۆ چەند میلیارد کەس لە سەرانسەری دنیادا هەبووە، لە هەمان کاتدا زۆر جار بوونە هۆی زەرەری مەزنی چاوەڕواننەکراوی ئابووری-کۆمەڵایەتی و ژینگەیی (گلەیک، ٢٠٠٣). پلانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ئێران بەخێرایی و بە شێوەیەکی هێرشبەرانە پەرە دەستێنن کە دەبنە هۆی تێکچوونی سیستەمی ژینگەیی، کولتوور و کۆمەڵگاکانی ناوچە بەخشندەکان. هەموو ساڵێک، پێشنیاری پرۆژەی نوێ بە دەوڵەتی ئێران دەکرێ کە زەختی سیاسیی لە پشتە. ئەگەرچی پرۆژەکانی گواستنەوەی

ئاوی نێوان حەوزەکان یارمەتییان بە کەمکردنەوەی چڕیی کەمئاوی لە ناوچە وەرگرەکان کردووە، بەڵام ئاسەوارەکانی بۆ ناوچە بەخشندەکان بەرچاو بووە. بە گوێرەی ئامۆژگاریی زانستی، پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دەبێ تەنیا کاتێک پەسەند بکرێن کە دۆخی ژینگەیی هەنووکە و داهاتووی حەوزە بەخشندەکان پشتڕییەتی پێ بدرێ، کاریگەرییان لەسەر سیستەمی ئاوی حەوزە بەخشندەکان نەبێ و خەڵکی ئەو ناوچانەی حەوزەکانی لێ هەڵکەوتووە، دژایەتی نەکەن. بێجگە لەوە، گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان تەنیا کاتێک کەڵکی لێ وەرگیرێت کە بە مەبەستی دابینکردنی ئاو بۆ پێداویستییەکانی ماڵان بێ، نە وەکو بۆ مەبەستەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ (میدۆر، ١٩٩٢؛ تیەن بوی، ٢٠٢٠؛ کۆمپانیای ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١). بەڵام، بە هۆی لاگریی ئەتنیکی و گەندەڵیی دەوڵەتی، دامودەزگاکانی ئێرانی گوێ نادەنە پێوەر و ڕێنوێنییە ژینگەیی و زانستییەکانی پەیوەندیدار بە گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان. دەوڵەت سەرەڕای وشکەساڵی، قەیرانی ئاو و نارەزایەتیی ناوچە بەخشندەکان، درێژە بە دروستکردنی بەنداو و ژێرخانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دەدا (فانی و مەعروفی، ٢٠١٧؛ عەبباسی، ٢٠٢١).

بە جەختکردنەوە لەسەر گرینگیی سیاسی و ئابووریی ئاو، ڕابێرت ئێف کێنێدی دەڵێ، « ئێمە شایەتی شتێکی پێشتر نەبینراوین: چی دیکە ئاو لە هەورازانەوە نارژێتە خوار. ئەو بەرەو دراو دەڕوا» (سوینشاداو ئاماژەی پێ کردووە، ٢٠٠٩، ل. ٥٦). بە پشتبەستن بە لێدوانێکی گرینگ، سوینشاداو (٢٠٠٤) دەڵێ کە ڕوانگە سیاسی-ژینگەناسییەکان لەمەڕ ئاو پەیوەندییەکی ناسک لەنێوان دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری و گۆڕینی سوری هیدرۆلۆژیک لە ئاستی هەرێمی، ناوچەیی و جیهانیدا هەیە. تیۆریزانانی دەوڵەتی و کاربەدەستانی وەکو ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری ئێران لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ تا ١٩٩٧ و کەسایەتیی دیاری شۆڕشی ئێران لە ١٩٧٩ تا کاتی مردنی لە ٢٠١٧، هاندەری سیاسەتی ئێستای ئاوی ئێران بوو، واتە ڕەخساندنی بوار بۆ دروستکردنی بەنداو بۆ باشترکردنی دۆخی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بۆ ناوچە ناوەندییەکانی ئێران، شوێنی ناوەندە پیشەسازییە زەبەلاحەکان و ئەو شوێنەی زۆربەی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی ئێران خەڵکی ئەو دەڤەرەن. لەو سیاسەتەی دروستکردنی ژێرخانی زەبەلاحدا، بێجگە لە بەنداو، کاناڵ و تونێل لێدان ڕێکارە بنەڕەتییەکانی باشترکردنی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانن. سەرەڕای ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو سیاسەتە بۆ سەر ژینگە، دەوڵەت بە حەزەوە خەریکی جێبەجێکردنیەتی (ئیرنا، ١٩٩٦). بارودۆخەکە ئاشکرای دەکات کە گۆڕینی دەستێوەردانەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەی سوری هیدرۆلۆژیکی، سرووشتێکی سیاسییان هەیە و پەیوەندیی ئابووری دەورێکی پەرەئەستێن لە پێناسەکردنی پرۆسەی سوری ئاو-کۆمەڵگادا هەیە و ئەو بابەتە دەکاتە هۆی ململانێ و مشتومڕ.

ڕێکخستنی سوری ئاو-کۆمەڵگا بە شێوەی ئاسایی نوێنگەی حەزە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی تاقمی خاوەن دەسەڵاتە. بۆیە، ئەوە زۆر گرینگە کە لێکۆڵینەوە لە کارتێکەریی دوولایەنە لەنێوان سیستەمەکانی سیاسی، ئاستی کەڵک وەرگرتن لە ئاو، بەڕێوەبەری و دابەشینەوەکەی و هەروەها پێکهاتەی سیستەمی ئاو-کۆمەڵگا بکرێت (سوینشاداو، ٢٠٠٤). بە گوێرەی مێهدی پەژوهێش، توێژەرێکی زانستگای شاری کورد، بەڵگەنامە و سیاسەتی ئاوی ئێران لە ٢٠١٩، «نادادپەروەرانەیە و بە شێوەیەک داڕێژراوە کە

لە بەرژەوەندیی دروستکەرەکاندایە و خزمەت بــە بەرژەوەندییەکانــی ناوچــە بیابانییەکان دەکات»، واتە پارێزگاکانی ناوەندی ئێران (لە مەیداندا ئاماژە بــە پەژوهێش کراوە، ٢٠٢١ ئ). ڕێژەیەکی بەرچاو لە گواســتنەوەی ئاوی نێوان حــەوزەکان بە هۆی پەرەئەســتاندنی چالاکییەکانی پیشەســازیی فــرە ئاوخواز لە ناوچــە بیابانییەکان پێویســتە کــە دەبێتە هــۆی لێکهەڵتەکاندنی هاوســەنگیی نێوان دابینکردن و بەکارهێنانی ئاو. لەبەر ئەو هۆیە، پەژوهێش ســتراتێژیی گەشەپێدانی دەوڵەت دێنێتە ژێر پرســیار و دەلیــل دێنێتەوە کە «ئەو کۆمپانیا ئاو هەڵلووشــەرانە پێویستە لە جیات ئەو شوێنانەی کامئاون، لەو پارێزگایانە دامەزرێن کە ڕێژەی ئاوی پێویستیان هەیە.» و ناوبراو ئەو پرســیارە دێنێتە گۆڕێ «بۆچی پارێزگاکانی ناوچەی زاگرۆس، بە پۆتانسیەلی مەزن بۆ گەشــەکردن، پاشگوێ خراون و لە هەژاریدا جێ ماون لە کاتێکدا پیشەســازییە ئاو هەڵلووشــەرەکان لە پارێزگا بیابانییەکانی ئیســفەهان، یەزد و کرمــان جێگیر کراون» (مەیدان، ٢٠٢١ب).

لە ئێران، پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانی خواردەمەنی/کشــتوکاڵ، پــۆڵا و گەشــەی دانیشــتووان ســێ فاکتــەری ســەرەکیی داواکردنن کە ڕەنگدانەوەی کارتێکەریی نێوان دامەزراوە/مەرجەکانــی نێوخۆیــی و زەختی ژینگەیین. بۆ وێنــە، خولیای دەوڵەتی ئێران بــۆ خۆبژێویــی خواردەمەنــی و دابینکردنی ڕێژەیەکی ناهاوســەنگ بۆ کەرتی کشتوکاڵ، ئــەو پیشەســازییەی کردووەتــە مەزنترین بەکارهێنــەری ئــاو لە ئێران. لەنــاو گەلێک پرۆژەی جێگای مشــتومڕدا، دانی مۆڵەتنامە بە گواســتنەوەی ئاوی نێــوان حەوزەکان لە ڤەنەک بۆ سۆڵگان بە نیوی هەوڵی خۆبژێویی خواردەمەنی پاســاوی بــۆ هێنراوەتەوە. دانی مۆڵەتنامە بە پلانی ئەوتۆ لە جیات ستانداردی زانســتی-ژینگەیی بە هۆی زەختی کەس و دامەزراوەی دەستڕۆیشــتوو مسۆگەر دەکرێن (مەرگان، ٢٠١٧). بێجگە لەوە ئاو بۆ ناوچەکانی ناوەندی ئێران بە مەبەســتی ئاوداشتنی باغە پســتەکانی ناوچەی ڕەفسەنجان لە پارێزگای کرمان ڕاگوێزراوە. لــە کاتی بەڕێوەبەرایەتیی محەممەد مەرعەشی، کۆمپانیای گەشەپێدانی ڕەفســەنجان، لە ٢٠١٧ بــەولاوە چاودێریی جێبەجێکردنی گواســتنەوەی ئــاوێ نێوان حەوزەکانــی ڤەنەک-ســۆڵگان-ی کردووە. ئامانجی ئــەو پرۆژەیە دابینکردنی ئاو بۆ باغە پستەکانی ڕەفسەنجانە. بە گوێرەی کۆمپانیای ئــاوی ماهاب قــودس، « گواســتنەوەی ئاو بــە مــەودای ٦٣٧ کیلۆمیتر بە مەبەســتی پێراگەیشــتن بە باغەکانی پستە لە ڕوانگەی بازرگانییەوە ڕەوایە» (مەرگان، ٢٠١٧). هەروەها ئاوی بەنداوی ڤەنەک لە پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیارییەوە بۆ ڕەفسەنجان گوازراوەتەوە. لە یەکەم ساڵەکانی سەرۆک کۆماریی محەممەد خاتەمیــدا (٢٠٠٥-١٩٩٧)، چالاکییەکــەی بە شێوەی کاتی وەستێندرا. بەڵام، گواستنەوەی ئاو لە ٢٠١٣ بەولاوە و دوای پەسەندکرانی لە لایەن ئاژانسی ژینگە لە کاتی دەسەڵاتداریی ســەرۆک کۆمار حەســەن ڕوحانی (٢٠٢١-٢٠١٣) درێژەی هەبووە. لایەنگرانی پاراستنی ژینگە ئاشــکرایان کرد کە ئەو پلانە بە نهێنی و دوور لە ســتانداردەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حــەوزەکان جێبەجێ کــراوە (مەیدان، ٢٠١٩ئ).

پرۆژەکانــی گواســتنەوەی ئــاوی نێوان حەوزەکان بوونە هــۆی هاندانی بەکارهێنانی زێدەڕۆیانــەی ئــاو لــە ناوچە وەرگــرەکان. بــۆ وێنــە، لــە پارێــزگای ســمنان ڕێژەی بەکارهێنانــی ئاوی هەر تاکێــک لە ڕێژەی مامناوەنــدی وڵات زیاتــرە، بــەڵام لەجیاتی هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنان، دەوڵەت پیشەســازیی ئاو هەڵلووشــەری زیاتری لەو پارێزگایــە دامەزراندوون، وەکو پیشەســازیی بەرهەمهێنانــی پــۆڵا (کیادەلیــری لــە مەیدان

ئامــاژەی پــێ کــراوە، ٢٠١٩ ب). پیشەســازیی پۆڵای پارێزگاکانی ناوەند قازانجی بەرچاویان بۆ وەبەرهێنــەران هەیە، بــەڵام کاریگەریی نەرێنییان لەســەر ژینگە و ســامانەکانی ئاو هەیە. بــۆ نموونە، لــە بەرهەمهێنانی پۆڵادا نزیکەی ٢٣٠ هەزار لیتر ئاو بۆ دروستکردنی هەر تۆن پۆڵا بەکار دێ. بە پاشگوێ خستنی ســەرجەم ئامۆژگارییە زانستییەکان، زۆربەی کارگەکانی پۆڵای ئێران لە ناوچە وشکەکان، وەکــو پارێزگای خۆراســان یان ئیســفەهان هەڵکەوتوون کە ئەزموونی ســەختی قەیرانی ئاویان هەبووە. دوو شاری پیشەسازیی دیکە، کە بەسەر یەکەوە رووبەری ٣٢٠٠ هێکتاریان دەبێ، خەریکە شــارە پیشەسازییە ١٢ هەزار هێکتارییەکەی ئیسفەهان دروست بکرێ.

ئــەو جــۆرە پەرەپێدانی پیشەســازی لە ناوچەکانی بەناو بیابانیدا لە کاتێکدا جێبەجێ کــراون کــە ناوچەکانی وەکــو چوارمەحاڵی بەختیاری، لۆرستان، خوزستان، کوردستان و سیستان و بەلوچستان، سەرەرای شیاوبوونیان، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پاشــگوێ خراون. لەو ناوچانە هەلــی بەرهەمهێنان و دامەزران بوونــی نییــە و، دەوڵەت ئــەوەی کردووەتە سیاســەتێکی سیســتەماتیک تا ئەوان هەژار و ناگەشەســەندوو بهێڵێتــەوە. هــەروەک رەخنەگرانــی وەک حەســەن فروزانفــەرد ئاماژەیــان پێ کــردووە، « ئەو بریــارە بۆیە دراوە چونکە بۆچوونی ئێلیتیســت پێی وایە ســوودی ئابووریی ئــەو جــۆرە چالاکییانە دەبێ بــۆ هێندێــک پارێــزگای دیاریکراو، کە کاربەدەســتانی دەوڵەتی لێــی راهاتوون، تەرخان بکرێ » (مەیدان، ٢٠٢١ ج). بەراســتی ئاسۆی ئابووریی ناوچە پەراوێزەکان چالاکانە زیانی پێ گەیشتووە، بۆ وێنە لەبەر وێرانکاریی ناوچەکانی ناوەندی زاگرۆس (مینەبری، ٢٠١٨)، بە هۆی زێدەرۆیی لە دروســتکردنی بەنداو و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە سەرچاوەکانی رووبارەکانی کاروون و دێزەوە. بە گوێرەی فەرەجی بیرگانی (٢٠١٧)، «بەرهەمهێنانی ســامان لە شوێنی وەکو یــەزد، ئــەردەکان، موبارەکە، کرمان و رەفسەنجان لەسەر حیسابی لەناوبردنی ژینگە و هەژارکردنــی خەڵکی ناوچــە پەراوێزەکان جێبەجــێ کــراوە». پیشەســازییە قورســە ئاوهەڵلووشــەرەکانی ئیســفەهان، کرمان و یــەزد دەتوانێ بۆ ئــەو ناوچانــە راگوێزرێن کە ســەرچاوەی زۆروزەبەنــدی ئاویان هەیە، وەکــو کەنارەکانــی چابەهار لە سیســتان و بەلوچستان، یان هۆرمۆزگان. وەکو لە خوارەوە دێتە بەر باس، سیاســەتی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و دروستکردنی بەنداوەکان، پاڵنەرەکــەی بەرژەوەندیــی تاکەکەســیی ئێلیتێکی گەندەڵ، یان «مافیای ئاوە».

سیاسەتی ئاویی ئێران لە بەهای ژینگەیی بەتاڵە و رێچکەی رەق، رێگاچارەی فیزیکیی بەردەوام کەڵکیان لێ وەردەگیرێت تا کامئاویی ئەو وڵاتە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەو رێگاچارانە بەرەورووی بەرهەڵستکاریی پەرەئەستێنی ئەو کۆمەڵگایانــە دەبنەوە کە لە لایەن دەوڵەتەوە ئاوی ناوچەکەیــان دەگوازرێتەوە. نارەزایەتیی زۆر دژی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لــە ناوچەکانــی بەخشــندە بەرێــوە چوون (وێنــەی ژمارە ٢). لــە چوارمەحاڵی بەختیاری، نارەزایەتییەکان بە هۆی کەمئاوییەوە سەریان هەڵــداوە کە کاریگەریی لەســەر ٤٦٠ هەزار کەس هەبووە، نیوەی دانیشتووانی پارێزگاکە دەستیان بە ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە راناگا. خۆپیشــاندەران لە شــاری کورد، دروشمیان دەدا، «هیــچ ئاوێــک نابــێ بگوازرێتــەوە»، دەیانگــوت بــە دروســتکردنی تونێلەکانــی کوهرەنــگ ٣، گولاب ٢ و بەهەشــت ئاباد، ســەرجەم پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیاری بەخێرایــی تێــدا دەچێ. بە گوتەی قاســم تەقیزادە خەمســی، وەزیری وزە، لە هاوینی ٢٠٢١، ژمارەی ئەو شارانەی گیرۆدەی قەیرانی ئاو بوون گەیشــتووەتە ٣٠٠، کە لەو ژمارەیە،




**وێنەی ٢؛ خۆپیشـــاندانی خەڵکی خوزستان دژی گواســـتنەوەی ئاو لە کاروونەوە بۆ ئیسفەهان. لە باندرۆڵەکان نووســـراوە: «کاروون بۆ خوزستان، نەوەک بۆ ئیســـفەهان؛ ئێمە کاروون نەجات دەدەین» (گوڵکەرەمی و کاویانی راد، ٢٠١٧، ل. ١٢٩).**

١٠١ شـــار لە دۆخی هەســـتیاری سووردان. گەلێک لە گرژییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکامی پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و هاوڕا نەبوون لەسەر ئەو پرسە کە کێ دەستی بەو ئاوە ڕا بگات و چۆن سەریان هەڵداوە (حەسەنیان و سوهرابی، ٢٠٢٢) لە ناویاندا کێشـــەی نێوان کاربەدەســـتانی پارێزگاکانی وەرگری ئاو لە ئیســـفەهان و یەزد و کێشەی نێوان شـــارەکانی پارێزگای کرمان (کوردەواران، ٢٠١٨). بۆ وێنە، لە دۆخی کرماندا، پسپۆران و دانیشتووانی باشووری کرمان دەڵێن ئامانجی گواستنەوەی ئاو دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشـــتووانی کرمانە، بەڵام ئاوەکە دەدرێ بە بەشی پیشەسازی (پەیک ئیران، ٢٠٢١).

## بەنداوەکانی ئێران

لـــە کاتێـــکدا بەنـــداوەکان وەک جۆرێـــک تەکنەلۆژیـــای ئاو دەتوانـــن بووژێنەری پرۆژە هەژەمۆنیکەکانی دەوڵەت و گەشـــەکردن بن، لە ئێـــران بە هۆگەلـــی جۆراوجۆرەوە خەڵک بە شـــێوەیەکی بەرفراوان دژیان دەوەستنەوە. چالاکییـــە ئابوورییـــەکان هۆی ســـەرەکیی کێشـــەکانی ژینگەیـــی لە دنیان. گەشـــەی ئابووری و پێشکەوتن، هەردووکیان سەرچاوەی ســـامان و هەڕەشە بۆ ســـەر ژینگەن؛ ئەوان یارمەتیـــدەری بەردەوامبوونی نایەکســـانین. گەشەی ناهاوســـەنگ و بازرگانی بوونە هۆی ئافراندنی پەیوەندییەکانی دەســـەڵات لەنێوان نەتەوە و تاکەکان لە چوار سەدەی ڕابردوودا. ئەو پەیوەندییانە بە چەند شـــێوە پشتڕاســـت کراونەوە، لە ناویاندا «کۆلۆنیالیزم، ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزمـــی نێوخۆیی و، ڕەگەزپەرســـتیی بە دامەزراوەییکـــراو» (هامیلتۆن، ١٩٩٣، ل. ٦٣). گەشـــەی بەردەوام بۆ نەتەوە ژێردەســـتەکان و مانـــەوەی کۆمەڵگاکان گرینگە (حەســـەنیان، ٢٠٢١؛ ڕەحمانـــی، ٢٠٢٣)، بـــە تایبـــەت بۆ ئەو گەلانـــە «کە نە تەنیا بە دەســـت سیاســـەتی ژینگەیی گەمژانەوە دەناڵێنن، بەڵکو گیرۆدەی

هەژاریی پەرەئەستێن، سووکایەتیی کولتووری و نەبوونی دەسەڵاتی سیاسین» (پولیدۆ، ١٩٩٣، ل. ١٢٣).

بەنداو ژێرخانی گرینگ بۆ بەڕێوبەریی سامانی ئاون. لە سەرەتاکانی ١٩٤٠، لە سەردەمی پەهلەویی دووهەم (١٩٧٩-١٩٤١)، ئێران دەستی بە دروستکردنی یەکەم بەنداوی مودێرن کرد، کە وەکو پرۆژەی ژێرخانی ئابووری، لەبەر یارمەتیدان بە بردنەسەری ئاستی ڕمێنی کشتوکاڵ ڕەواییان پێ دەدرا. بەڵام، دروستکردنی بەنداو لە ئێران بووەتە پیشەسازییەک کە لە کۆنترۆڵ و لە خزمەتی دامەزراوە گەندەڵەکانی دەوڵەتی، تاقم یان تاکدان، لە کاتێکدا خەڵکی ناوچە پەراوێزەکان تووشی مەترسیی نادادپەروەریی قووڵی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی دەکەن، دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو لایەنانە. هەر وەکو فاتمە زەففارنژاد، پسپۆڕێکی بواری گەشەکردنی بەردەوام، ئاماژەی پێ کردووە «بەنداوەکان ئاو ناگەیەننە خەڵک، بەڵکو نانی هێندێک لە کۆمپانیاکان دابین دەکەن (لە ئامان ئاماژەی پێ کراوە، ٢٠١٦، ل ٦).

هاوتەریب لەگەڵ دامەزراوەی گەندەڵ و ناکارامەی دیکە، ئێران هەروەها «مافیای ئاو» یان «مافیای دروستکردنی بەنداو»ی هەن، کە هێندێک لە نەیارانی بەنداوەکان پەیوەندیی ئەوانیان لەگەڵ زەختی سیاسیی بۆ دروستکردنی بەنداوەکانیان پشتڕاست کردووەتەوە (مەیدان، ٢٠١٦). لە زۆر دۆخدا، دامودەزگا دەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ژینگەوە دژی سیاسەتی زێدەڕۆیی لە دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بوون، بەڵام لایەنی دیکە و دامەزراوەکان پشتگیریان لەو چالاکییانە کردووە و دەسەڵاتی ئەوان لە سەرووی دەوڵەتەوەیە (سەید و مەریەم، ٢٠١٤). بۆ وێنە، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و قۆنتەراتچییەکانی زۆر جار بەرپرسی دروست کردنەکانن، بە قازانجی زەبەلاحی ئابوورییەوە، هەم بە دروستکردنی ژێرخانەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان و هەروەها لە چالاکییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کە ئەو ئاوانە دابینیان دەکەن. بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی ئەندازیاری و بیناسازی و قۆنتەراتچییەکان هی سوپای پاسداران، دامەزراوەی موستەزعەفان کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەییدایە، دامەزراوەی ئایینی-ئابووریی ئاستانی قودسی ڕەزەوی و دامەزراوەی هاوشێوەدان. بە دەردی سوینشاداو دەڵێ، ئەو دۆخە ئەوە پشتراست دەکاتەوە کە « پێکهاتەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی سوری ئاو-کۆمەڵگا، ئەو کەلێن و قوژبنانەی دەسەڵات کە کۆنترۆڵی دەستراگەیشتن و بێبەش کردن لە ئاوی بەدەستە و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی نایەکسان کە کاریەگریان لەسەر ئاراستەی ئاو هەیە، هەموویان بە چڕی لێک گرێ دراون» (سوینشاداو، ٢٠٠٩). چالاکانی بواری ژینگە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەو تاوانبارانە دەڵێن مافیای ئاوی ئێران.

سیاسەتوانانی پارێزگاکانی ناوەندی ئێران، لە ناویاندا محەممەدڕەزا عارف، حەبیبوڵڵا بیتەرەف، ئیسحاق جەهانگیری، محەممەد خاتەمی، عەلی ئەکبەر ئەولیا، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، محەممەد حاجی ڕەسولیها و ڕەسوڵ زەرگەر، دەکرێ وەکو ئەندازیارانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە ئێران سەیر بکرێن. هەر کام لەو کاربەدەستانە، بە شێوەی خۆیان و لە دەورەی کاتیی جیاجیادا، یارمەتیدەری گەشەپێدان و بە سیستەم کردنی پلانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان بوون. ئەوان سوودیان بە دەنگدەرانیان گەیاندووە و سەلمێنەری خزم خزمێنە و سوودگەیاندن بە ئەتنیکێکی دیاریکراو لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا بوون، بەڵام ئاشکراکەری

ئەو ڕاستییەشـــن کـــە «پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان نەزمی کۆمەڵایەتی-ئاوی و شـــێوازی سیاسیی-ئابووریدا هەیە» (سوینشاداو، ٢٠٠٩، ل. ٥٩). بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی گواستنەوەی ئاو بۆ پارێزگاکانی خۆیان و دابینکردنی ئاو بۆ بازرگانیی خۆیان، ئەو کاربەدەستانە فەرمانی گۆڕینی ئاراســـتەی ڕووبارەکانیان دا، سەدان بەنداویان دروست کردن و هەزاران کیلۆمیتر تونێـــل و کاناڵیان هەڵکەنـــد، بە تێچوویەکی زەبەلاحی ئابووری بـــۆ دەوڵەت. ئەو «مافیای ئاوە»، زۆر بە ئاشکرا لە کاتێکدا بیتەرەف وەزیری وزەی دەوڵەتـــی خاتەمی لە ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ بوو، خۆی دەرخست. بەنداوە زیانبەخشەکانی گاتونداليـــا و کاروونـــی ٢، هەروەها پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان کە ئاوی ئەلیگـــودەرزی بۆ گۆلپایەگان و قوم (ڕووباری قوم) گواســـتەوە، میراتی بیتەرەفن. بیتەرەف سەرکەوتووانە لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئافتاب یەزد لە ٢٨ی مارســـی ٢٠١٧ گوتی، پرۆســـەی بڕیاردانی لێـــڵ و فریودەرانە بووە هۆی گواســـتنەوەی ئاوی دێـــز و کاروون بۆ یەزد (بیرگانی، ٢٠١٧).

لـــە نەوەدەکانـــی زایینییـــەوە، کەرتـــی دروستکردنی بەنداو گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیـــەوە بینیوە و بۆ ئاســـتی هەرەبەرزی پێشترییەتیی وڵات بۆ دەستپێشخەرییەکانی پێشـــکەوتن بـــەرز بووەتـــەوە (مەنوچێهـــری و مەحموودیان، ٢٠٢٢؛ زەفەرنژاد، ٢٠٠٩). سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاوی ئێران ئیلهام لە سیاســـەتی بەڕێوبەریی دابینکـــردن وەردەگرێ (مدیریت عرضـــه) و، گەلێک لـــە بەنـــداوەکان بۆ ئەو مەبەســـتە دروســـت کراون (بەلـــوت، ٢٠٢٢، ل. ٣٧). بـــە گوێرەی زانیاریـــی فەرمی، ئێران ســـەدان بەنـــداوی هـــەن (٦٤٨ لـــە دۆخی کەڵـــک لـــێ وەرگرتنـــدان، ١٣٧ خەریکی دروستکران و بیر لە دروســـتکردنی ٥٤٤ دانـــەی دیکەش دەکرێتـــەوە). زیاتر لە ٢٥٠ لەو بەنداوانـــە لە پارێزگاکانـــی چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستانن. بەنداوی چاورەمـــی کاروون، بـــە بەرزاییی ٢٣٠ میتر، دووهەمین بەنـــداوی هەرەبـــەرزی دنیایە و دەکەوێتـــە دوای بەنـــداوی جینپینگی ١ی چیـــن ( ٣٠٥ میتر بەرزە). بـــەڵام، بەنداوی ناتـــەواوی بەختیـــاری، کە ئێســـتا خەریکی دروستکردنی لەســـەر ڕووباری بەختیاری لە پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیارین، چاوەڕوان دەکرێ دوای تەواوبوونـــی بە بەرزاییی ٣٢٥ میتـــر، ببێتە بەرزترین بەنـــداوی دنیا (موازی نەســـەب، ٢٠١٨، ل. ٣). زۆرێک لە بەنداوەکانی ئێران گیروگرفتـــی ئەمنییەتییان هەیە، یان لەبەر ئەوە کە لە هەڵســـەنگاندنی ئەمنییەتی ژینگەدا دەرنەچوون، بەڵام بەبێ پەسەندکرانی ئەمنییەتی و ژینگەیی دروســـت کراون، یان هیچ هەڵسەنگاندێکی ئەمنییەتییان بۆ نەکراوە (کۆمپانیای ئاوی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ل. ٦٣) گەلێک لـــە بەنداوەکانی ئێـــران، بە تایبەت ئەوانەی ئاوی خواردنەوە بۆ کۆمەڵگاکان دابین دەکـــەن، لە دۆخێکی خراپـــدان. بە گوێرەی زانیاریی ڕادەســـتکراو لە لایەن کۆمپانیای ئاو و ئـــاوەڕۆی وڵات، « ٨٨ بەنداوی دابینکەری ئاوی خواردنەوەی وڵات لە دۆخێکی خراپدان، لە کاتێکدا ٥٦ لەوانە دۆخێکی هەســـتیاریان هەیـــە» (ئاژانســـی هەواڵدەریـــی قوتابییانی ئێران، ٢٠١٨)، کە سەلمێنەری پەیڕەوکردنی ڕێچکەی ڕەق لە بەڕێوەبەریی ئاو و لە هەمان کاتـــدا پەرەپێدانی نابـــەردەوام و وێرانکەری ژینگەیە.

نموونەیەکی ئەو دواییانەی بەنداوێک کە بووە هۆی لێک هەڵوەشانی کۆمەڵگە، بەنداوی تەنگی سورخە، کە ئێســـتا خەریکە دروست دەکرێ و لە سەر ڕووباری باشار لە پارێزگای کۆهگیلویـــە و بویرئەحمەد هەڵدەبەســـترێ. ســـەدان هـــەزار دانیشـــتووی کۆهگیلویە و بویرئەحمەد ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵییان لـــەو ڕووبارەوە دابین دەکرێ. چالاکیی بواری ژینگە، مورادی دەڵێ، « دروستکردنی تەنگی

سـورخ دەبێتە هـۆی پەرتەوازەبوونی دەیان هـەزار بنەماڵەی دانیشـتووی ئـەو دەڤەرە، لەناوچوونـی زینـدەوەری کێـوی و زەویی کشـتوکاڵی لە خـوارەوەی ڕووباری باشار و زۆربـەی سـەرچاوەکانی ئـاوی پارێزگاکە وشـک دەکات» (پەیامی ما، ٢٠٢١). لـە ٢٠٢١ و لە کاتی سـەردانی سـەرۆک کۆمار ئیبراهیـم ڕەئیسـی بۆ یاسـوج و شـوێنی بیناکردنی بەنداوی تەنگی سـورخ، سەرەڕای چاوەڕوانیی خەڵکی دەڤەرەکە بۆ سـڕکردنی پرۆژەکـە، ڕەئیسـی بـە قۆنتەراتچییەکەی گوت پرۆسـەی بیناکردنەکـە خێراتر بکات. ئەو توێژینەوەیە تەنیـا چەند پرۆژەی بەنداو و گواسـتنەوەی ئاوی نێـوان حەوزەکان لە پارێزگای چوارمەحالی بەختیاری، خوزستان، کوردستان و مازەندەران بە شێوەیەکی قووڵتر دێنێتە ژێر لێکۆڵینەوە تا ڕووبەری ئاسـەوارە کۆمەڵایەتی-ژینگەیی‌یەکانی سیاسەتی ئاویی ئێران نیشان بدات.

## بەنداوەکانـی چوارمەحاڵی بەختیاری و خوزستان

مەزنترین و تەنیا ڕووباری شیاو بۆ کەشتیوانی لە ئێران، ڕووباری کاروونە (رودخانە کارون)، کە لە ناوەڕاستی چیاکانی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگـرێ و بە نێـو بیابانەکانی خوزسـتاندا دەڕژێتـە خـوار، زیانێکی فـرە بەرچاوی لە ئاکامی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانەوە پێ گەیشـتووە (وێنەکانی ٣ و ٤). لە ئێسـتادا، کاروون بـە هـۆی دروسـتکرانی ٢٤ بەنداو لەسەر ڕێچکەکەی لە دۆخێکی قەیراناویدایە (کەعـب، ٢٠٢١، ل. ٩٢). لقە سـەرەکییەکانی ڕووبارەکـە بـە هـۆی جێبەجێکرانی دەیان پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، زیانیان پێ گەیشتووە. یەکێک لە مەزنترینی ئـەو پرۆژانـە، ڕایەڵەی گواسـتنەوەی ئاوی کوهرەنگە، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.

پارێزگای چوارمەحاڵی بەختیاری شوێنی دوو ڕووبـاری مـەزن، کاروون و زایـنـدە و هەروەها بەشـێکی بەرچاو لـە ڕووباری دێزە و لە ڕوانگەیەکی مێژوویی‌یەوە دابینکاری ئاو بۆ پارێزگاکانی دراوسـێی لە کاتی پێویستدا بووە. بەڵام، لەو ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەکی نارێژەیی پرۆژەی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێـوان حـەوزەکان، کاری دابینکردنی ئاوی بۆ دانیشـتووانی خۆی دژوار کردووە. ئێسـتا زیاتـر لە ٢٠٠ گونـد بە هۆی وشـکبوونی کانیاوەکانیان، بـە تانکەر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرێ. بەشـکردنی ئـاو هەروەها کاریگەریی لەسەر چالاکییە ناسەقامگیرەکانی پیشەسازیی ئەو پارێزگایە داناوە.

ڕێژەیەکـی زۆر لە بەنـداوە خاوەن گیر و گرفتـەکان، وەکـو بەنـداوی گۆتوەنـد، بەنداوەکانی کاروون ٣ و ٤ لەسەر کاروون و بە مەبەستی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دروسـت کراون. گۆتوەند نموونەی بەرچاوی دروسـتکردنی بەنداوی زەبەلاح لـە ئێرانە. دروسـتکردنەکەی لە سـەردەمی پەهلەویی دووهەمدا دەسـتی پێ کرد، بەڵام لە دواین ساڵەکانی دەورەی دووهەمی سەرۆک کۆماریی مەحمـود ئەحمەدینژاد لـە ٢٠١٢ تەواو بوو (شـەهریاریها، ٢٠٢١). گۆتوەند، کە لە سەرەتادا دەوڵەتـی ئێـران وەکو شـاکارێک و توانایی ئەندازیاریی وڵات لە بواری بینا زەبەلاحەکانی کەرتـی ئـاودا پێی هەڵدەگوت، بـە کردەوە سەلمێندرا کارەسـاتێکی ژینگەیی لە چەند ئاستدایە. شـوێنی خەزنەی ئاوەکە، بنەکەی بەردی خوێیـە و بووەتە هۆی وێرانکارییەکی فرەمەزنی ژینگەیی. ئاوی گۆتوەند دە هێندەی ئاستی ماماوەندی سـوێرە؛ بۆیە بە خزنەکە دەڵێن مەزنترین حەوزی خوێئاوکی ئێران.

تەنیا لە ناوچەیەکی خوزسـتان، گۆتوەند ئاستی سوێریی کاروونی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کردووە، لە ئاکامدا ٤٠٠ هەزار دار خورما لەناو چوون. وێرانکارییەکی ژینگەییی ئەوتۆ، کاردانەوەیەکی ئابووریی فرە بەرچاوی هەیە،



**وێنەی ژمارە ٣ (لای چەپ) و ٤ (لای ڕاست) هی ڕووباری کاروونن. وێنەی ژمارە ٣ پێش وشکبوونی کاروون نیشان دەدا، لە کاتێکدا وێنەی ژمارە ٤ کاروونێکی مردوو و وشک لە ئاکامی دروستکرانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لەسەر ڕێچکەکەی نیشان دەدا (مەیدان، ٢٠١٥؛ ساعید نیوز، ٢٠٢٠).**

چونکە خوزستان شوێنی بەرهەمهێنانی ٪٤٠ی خورمای ئێران بۆ هەنارده کردنە (میرزاخانی، ٢٠١٨). زانیاریی بڵاوکراوە لە ٢٠٢١ ئاشکرای دەکات کە ٪٤٠ی دار خورماکانی خوزستان لەناو چوون. بە گوتەی سەید سوڵتان حوسەینی ئەمین، جێگری ژووری بازرگانیی خوزستان، «وشکەساڵیی بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سوێریی ئاو و خورماکان تامیان خۆش نەماوە. چۆنایەتیی بەرهەمەکانمان دابەزیوە، ئێمە لە بازاڕی ڕکابەریدا لاواز بووین و، کڕیاران چی دیکە مەیلیان لە بەرهەمی ئێمە نییە» (دیدبان ئیران، ٢٠٢١). لێکۆڵینەوەکان لە باغە خورماکانی خوزستان، کارەساتی مەزنی ژینگەیی ئاشکرا دەکەن، لەو لێکۆڵینەوانەدا ئاشکرا بووە کە ٥ میلیۆن دار خورما لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە کارەساتی جۆراوجۆر، لە ناویاندا شەڕ و خراپ بەڕێوەبردنی ژینگە و کشتوکاڵ، کەمئاوی و سوێریی ئاو لەناو چوون (کەعب، ٢٠٢١، ل. ٣١٨).

دروستکردنی بەنداو لە لایەن دەوڵەتەوە هەروەها بووەتە هۆی ئاوارەبوونی بەربڵاوی خەڵکی خۆجێیی، لە ناویاندا ڕووخاندنی تەواوەتیی ٤١ گوند لە کەنارەکانی بەنداوەکان. بە گوێرەی گوڵزار، «بەسەرهاتی تاڵی گوندەکانی خوزستان کە بە هۆی دروستکردنی بەنداو گواستراونەوە شتێکی تازە نییە؛ ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوە لە ١٩٦٢ دەستی پێ کرد، کاتێک کۆمەڵگاکانی دەوروبەری بەنداوی دێز ڕیشەکێش کران» (گوڵزار، ٢٠٢٢ ئ). بەنداوی کاروونی ٣ (لە ٢٠٠٥ کۆتایی هات) لە خوزستان و کاروونی ٤ (لە ٢٠١٠ کۆتایی هات) لە شاری کورد لە چوارمەحاڵی بەختیاری کە بۆ گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان دروست کران، بوونە هۆی وشکبوونی کاروون و سەدان زۆنگاوی ئەو پارێزگایەیان لەناو برد و بووە هۆی دروستبوونی بیابان و خۆڵبارین. دروستکردنی بەنداوی کاروون ٣ بووە هۆی ئاوارەبوون و گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتووانی ٦٣ گوند. ئەو خەڵکە ئاوارەبووە، بە گوێرەی گوڵزار (٢٠٢٢ب)، قوربانیی مافیای ئاو یان ‹سد سالاران› (ئاغاکانی بەنداوەکان)، کاربەدەستان، دامەزراوە و کۆمپانیاکانن کە بە قووڵی لە دروستکردنی بەنداوی نائاسایی و زیانبەخشەوە گلاون و بەرژەوەندییان لە دروستکردنی ئەواندایە و هەروەها دامەزراوە و کەسانێک کە بەرژەوەندییان لەوەدایە و لەو پرۆژانە، قازانجی بەرچاویان گیر دەکەوێ.

دروستکردنی بەنداوی نائاسایی بووەتە

هۆی وشکبوونی زۆنگاوەکانی خوزستان. جارە، کەرخە، کاروون، ماروون و زەهرا، کە سەردەمێک حەوزە پڕ ئاوەکانی خوزستان بوون، بە هۆی کەمبوونەوەی باران بارین و گواستنەوەی بەردەوامی ئاوی نێوان حەوزەکان، خەریکن بەتەواوەتی وشک دەبن. بە گوێرەی ئاژانسی ژینگەی خوزستان، زیاتر لە ٪١٠ی زۆنگاوەکانی ئەو پارێزگایە، لە ناویاندا قامیشەڵانەکانی شادگان، لە ئاکامی پرۆژە بەرفراوانەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان وشک بوون (فولادوەند وسەید، ٢٠١٥؛ شوکرانی، ٢٠١٨). ئاوی زیاتر لە ٪٦٢ی بەنداوەکانی خوزستان لەژێر قەبارەی چاوڕوانکراودان. سەرەڕای ئەوە، دەوڵەت ئیزنی دروستکردنی دوو بەنداوی زەبەلاحی دیکەی لە خوزستان داوە، واتە بەنداوەکانی مەرد و بەهمەنشیر.

## نموونەکانی مازەندەران و کوردستان

ڕووبارەکانی نەرماب، فینەسک و زارەم سێ نموونەی پرۆژەی وێرانکەری ئاو بە ئاسەواری دژواری کۆمەڵایەتی-ژینگەیی بۆ کۆمەڵگاکانی باکووری ئێران. پارێزگای گوڵستان کە لە ناوچەی چل چای هەڵکەوتووە و دەرواسێی پارێزگای مازەندەرانە، بەنداوی بەرماب (لە ساڵی ٢٠٢٢ تەواو بوو) بووەتە هۆی ئاوارەکردن و لێک هەڵتەکاندنی کۆمەڵگاکان. خەڵکێکی زۆری هەرێمەکە لەبەر دروستکردنی بەنداوی نەرماب ئاوارە بوون؛ ١٢٠٠بنەماڵە لە چوار گوندی نزیکی خەزنەی بەنداوەکە ناچار کراون دەست لە ماڵ و حاڵیان هەڵگرن.

بەنداوی فینەسک لەنێوان دوو پارێزگای سێمنان و مازەندەران هەڵکەوتووە کە یەکێک لە بێگەردترین ناوچە سرووشتییەکانی ئێرانە. ئامانجی دروست کرانەکەی دابین کردنی ئاو بۆ پارێزگای سێمنانە. پێش دروستکردنی بەنداوەکە، چالاکانی بواری ژینگە هۆشدراییان دا کە دروستکرانی بەنداوەکە و بەتاڵانبردنی سامانی ئاوی لقەکانی ڕووباری تەجەن، دووهەمین ڕووباری مەزن لە حەوزی باکوور، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ڕووبارەکە و وشکبوونی ڕێڕەوە ئاوییەکان. چالاکان گوتیان بەنداوەکە پرۆژەیەکی شکستخواردووە کە تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکە بێویژدانەکانی مافیای ئاودایە. سێ گوندی تەم، تەلاجیم و مەلادێ، لەگەڵ نزیکەی ٤٠٠ هێکتار زەویی کشتوکاڵی، بە هۆی بەنداوی فینەسک کەوتنە ژێر ئاو و، زیاتر لە ٢٥ کۆمەڵگای کەنار ڕووبارەکە زیانی قورسی ئابووریان وێکەوت (گوڵزار، ٢٠٢٢ ب).

بەنداوی زارەمرود، چوارەمین بەنداوی مەزنی مازەندەران، هێشتا تەواو نەبووە و چاوەڕوان دەکرێ چەند گوند و ٢٤٠ هێکتار مەزرای برنج ژێر ئاو بخات. بیانووی دروستکردنی ئەو بینایە، دابینکردنی ئاوی بەردەوام بۆ مازەندەرانە. بەڵام، باس لەوە دەکرێ کە ئەو بەنداوە یەکێک لەو پرۆژانەیە کە زۆرترین زیان بە ژینگە دەگەیەنێ و هاوشێوەی گۆتوندە. بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوە کە لە دارستانی چغوری هیرکانیان هەڵکەوتووە، زانستوانانی بواری ژینگە و چالاکان گریمان دەکەن لەنێوان ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هێکتار دارستان و زەویی کشتوکاڵی لە کیس بچێ. بێجگە لەوە، بە میلیۆنان میتر سێ جا خاکی بەپیت لە خەزنەی بەنداوەکەدا لەناو دەچێ (ڕەحیمی، ٢٠٢١). بەنداوی شەرەفرودیش لەنێو دارستانی هیرکانیدا هەڵکەوتووە، بەنداوی شەرەفروود وەکو یەکێک لە کارەساتبارترین پرۆژەی بیناسازیی ئێران دەمێنێتەوە کە بووەتە هۆی لەناوچوونی ٩٣ هێکتار لە دارستانی هیرکانی و ئاسەواری نەرێنیی دیکەی هەبوو (ڕەزایی، ٢٠١٥).

سیاسەتە ئاوی و ژینگەیی‌یە ڕەگەزپەرستانە و هێرشبەرانەی دەوڵەتی ئێران، کاریگەریی قووڵی نەرێنی لەسەر ناوچەکانی کوردستان، کە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش

ناسراوە، هەبووە. پارێزگای کوردستان شوێنی پێنج ڕووباری مەزنی ئێرانە: کەرخە، قزل ئوزون (وەزان)، سیروان، زابی بچووک و زەرینەرود. سەرەڕای ئەو ئاوە زۆروزەبەندە، قەیرانی ئاوی کوردستان لە سنە، پێتەختی پارێزگای کوردستان، هێندە قووڵە کە یەکێک لە سێ شاری ئێرانە کە کەمئاوییەکەی لە دۆخی تەنگەتاودایە. کەمئاوی لە کوردستان بووەتە هۆی هەڵمەت و نارەزایەتیی زۆر، لە ناویاندا هەڵمەتی ئاوی خواردنەوەی دڵنیا لە سنە، کە پشتیوانیی بەربەرینی لە پارێزگاکەدا بەدواوە بووە. لە کوردستان، خەڵک ئەو بەنداوە وەک سەرچاوی کارەسات سەیر دەکەن کە تەنیا بۆ دابینکردنی ئاوی ناوەند بە گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانە (فەتاحی، ٢٠١۶، ل. ٢۶).

ئاژانسی ژینگەی ئێران لە ٢٠١۴ گوتی، تەنیا لە پارێزگای کوردستان، دەوڵەت بەتەمای دروستکردنی ۵٣ بەنداوی دیکەیە، بێجگە لەو بەنداوانە کە دروست کراون و ژمارەیەکی زۆر لە بەنداوە دروستکراوەکان بۆ ژینگە کارەساتبار بوون. هەر ئێستا دروستکردنی ئەو بەنداوانە دەستی پێ کردووە، سەرەڕای ئەوە کە هێشتا هەڵسەنگاندنی مەترسیە ژینگەییەکانیان بۆ نەکراوە. بۆ وێنە، ١٣ بەنداو لەسەر گۆلی سیروان دروست کراون کە لە پارێزگا کوردییەکانی کرماشان و کوردستان هەڵکەوتووە. ئەوانە بە مەبەستی بەهێزکردنی چوار پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکانی ئەو ناوچەیە دروست کراون. ژینگەپارێزانی کورد ئەو کارەیان وەکو «دروستکردنی بەنداو بە نێوی ئێمە، بەڵام لە پێناو خەڵکی دیکەدا» باس کردووە (وەڵات بۆکان، ٢٠١٨ ئ).

ئەو ڕاستییە کە بەنداوەکانی کوردستان، لە جیاتی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو ناوچانەی کوردی لێ دەژین، بۆ دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازیی پارێزگاکانی دراوسێ دروست کراون، تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ستراتێژیی ئاویی دەوڵەت لە کوردستانە. بۆ وێنە، بەنداوی تالوار لە بیجار هەڵکەوتووە، کە شارێکی پارێزگای کوردستانە، بەڵام ئاوی کشتوکاڵ، پیشەسازی و بنەماڵەکانی پارێزگاکانی هەمەدان و زەنجان دابین دەکات؛ تەنیا ٨٠٠٠ هێکتار لە زەویی کشتوکاڵیی بیجار بە ئاوی ئەو بەنداوە ئاودێری دەکرێ. تالوار لە لایەن کۆمپانیاکانی ئاوی زەنجانەوەی بەڕێوە دەبرێ و کاری پێ دەکرێ. بە گوێرەی فەتاحی و ئەوانی دیکە (٢٠١۶، ل. ٢٧)، «کۆمپانیاکانی بیناسازی قازانجێکی زۆر لەو پرۆژانە دەکەن، لە کاتێکدا گەلی کورد و ژینگەکەیان تا سنووری لەناوچوون زەرەرمەند دەبن، کۆمەڵگەکان ئاوارە دەبن، دارستان و زەویی کشتوکاڵی دەکەونە ژێر ئاو، خەڵک تووشی کەمئاوی و پیسبوونی ئاو دەبن.» مۆنومێنتی مەزنی کولتووری و کەوناراییی کوردستان بەو بەنداوانە لەناو چوون. بۆ وێنە، پرۆژەی تالوار بووە هۆی ژێر لافاو کەوتنی ١٨ گرد و شوێنەواری مێژوویی، لە ناویاندا مۆنومێنتێکی کەونارا کە مێژوویان دەگەڕایەوە بۆ ٧۵٠٠ ساڵ لەوەپێش. ئەگەرچی تالوار لەسەر ڕووبارەکانی کوردستان هەڵبەستراوە، «ئاوارەکردنی دانیشتووانی گوندە ژێر ئاوکەوتووەکان و نوقمبوونی خاکی بەپیتی کشتوکاڵی، تەنیا دەستکەوتی گەلی کورد لێی بووە.» (فەتاحی و ئەوانی دیکە، ٢٠١۶، ل. ٢٧)

لە کتێبەکەیدا بە نێوی ‹ئاسایشی نەتەویی و سیستەمی ئابووریی ئێران› کە لە ساڵی ٢٠١٠ بڵاو بووەوە، سەرۆک کۆماری پێشوو ڕوحانی باسی کەمئاوی وەکو مەزنترین کێشە بۆ گەشەی ئابووریی ئێران دەکات. ئەو دەڵێ گواستنەوەی ئاوی چیاکانی زاگرۆس، کە چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان، کوردستان و لورستان دەگرێتەوە، بۆ ناوچەکانی نێوەڕاستی ئێران تەنیا ڕێگای دەربازبوون لەو کێشەیەیە. بۆیە بەنداو لە

 

**وێنەی ژمارە ٥ (چەپ) و ٦ (ڕاست) دیمەنی شوێنەکە پێش و دوای هەڵبەستنی بەنداوی داریان لە سەر ڕووباری سیروان نیشان دەدەن (کانی بەڵ، ٢٠١٨)**

نزیک سنووری عێراق دروست کراون، چونکە دانیشتووانی ئەمبەر ئەوبەری سنوور کوردن (وڵات بۆکان، ٢٠١٨ ئـ). بەلبار، داریان، پالەنگان و سیازاخ (EWRDC، ٢٠٢٢) تەنیا چەند نموونەی ئەو بەنداوانەن کە لە مەودایەکی بەرتەسکی جوغرافیایی لە سنووری پارێزگای کوردستان دروست کراون کە بووەتە هۆی وێرانکاریی مەزنی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی.

بە تایبەتی بەنداوی داریان کاریگەریی نەرێنیی قووڵی لەسەر ژینگەی سرووشتی و کەلەپووریی گەلی کورد هەبووە. ئەو سەرەڕای نارەزایەتیی مەزنی جەماوەری، کە بووە هۆی دەستپێکی کەمپەینی کانی بەڵ، تاقگەیەک لەنێو ١٤ کانیاودا کە کەوتە ژێر خەزنەی ئاوی داریان، دروست کرا. گەلێک بنەماڵە و کۆمەڵگە کە سەردەمێک بەشێکی یەک گوند بوون بە هۆی خەزنەی داریان لێک هەڵبران. گوندییە ئاوارەبووەکان ئێستا لە گەڕەکە گەشەنەکردووەکانی قەراخ شارەکانی کرماشان، پاوە و سنە دەژین کە بووەتە هۆی هەژاری و پەراوێزخرانی زۆرتری کوردستان. داریان هەروەها بووەتە هۆی وێرانکاریی بەربڵاوی دارستان کە بە نۆرەی خۆی وشکبوونی هێندێک ناوچە (بڕوانە وێنەی ٥ و ٦) و، نوقمبوونی داری دەگمەن، گژوگیا و شوێنی حوانەوەی زیندەوەرانی دیکە و سەدان هێکتار لێرەوار و دارستانی شوێنی دیکەی لێ کەوتووەتەوە (ئەمینی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٨، لاپەڕەکانی ١٧١-١٧٠). زیاتر لە ٥ هەزار هێکتار لە باخەکانی بەنرخی هەورامان بە هۆی دروستکرانی داریان، لەناویاندا باخەکانی هەنار، لەناو چوون. وەکو کەیوان مەجیدی (٢٠١٥، ل. ١) دەڵێ، «بێجگە لە خنکانی کانی بەڵ، داریان سیستەمی ژینگەیی و دیمەنی ئەو ناوچەیەی وێران کردووە». ئەوە بۆیە بێ‌پاساو نییە، کاتێک چالاکانی بواری ژینگە لە ناوچەکە سیاسەتی ئاویی ئێران بەرانبەر بە ژینگەی وڵات وەک «تەکنۆ-فاشیست» و «هێرشی داعشیانە» وەسف دەکەن و، بە دامەزراوەکانی تیوەگلاو لەو چالاکییانەدا دەڵێن «مافیای ئاو». بە کەڵک وەرگرتن لە لێکدانەوەی مەنگا و سوینشاداو (٢٠١٨، ل. ٢) لەمەڕ ڕێکخستنی ئاو-کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرێ بڵێین «ئاو تەنیا سامانی سرووشتی و ئامرازێکی فیزیکی نییە، بەڵکو بە قووڵی ئاوێتەی پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بووە» و، دەستڕاگەیشتن بە ئاو وەکو مێکانیزمێکی بازاڕ و دەسەڵاتی دراو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی، مرۆیی یان ژینگەیی دەبینرێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ (ل. ٥٨). ئاشکرایە سیاسەتە ئاوییەکانی کۆنباو و قۆرخکراو لە

ناوەند کەمایەسـیـیان هەیە، بۆیە گواستنەوە بۆ ڕێچکەی نەرم، «کە تەواوکەری ژێرخانی فیزیکیی قۆرخکراو لە ناوەند بە تێچووی کەمتر لە ئاستی سیستەمی هەرێمی، بڕیاردانی کراوە و داماڵدراو لە قۆرخکاریی ناوەند، بازاڕەکانی ئاو و نرخی گونجاو، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کاریگەر و پارێزگاری لە ژینگە» پێویستە. (گلەیک، ٢٠٠٣، ل. ١٥٢٤).

## کاریگەریی سیاسەتی ئاویی ئێران

پاراستنی ژینگە و سامانە سرووشتییەکان پێشترییەتی دانێکی تا ڕادەیەک نوێیە بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، بێ لەبەرچاوگرتنی لەسەر کاربوونی کام تاقم، جا چ ڕیفۆرمخوازەکان بن یان کۆنەپارێزە توندئاژۆیەکان، بەردەوامیی ژینگەیی بووەتە قوربانیی گەشەی ئابووری و کەڵەکەکردنی قازانج. تەنانەت گەشەی ئابووریش، بە لەبەرچاوگرتنی لاگری لە پارێزگاکانی خاوەن کۆمەڵگەی فارس، بە شێوەی لاسەنگ چووەتە پێش، بە وەبەرهێنان و بەشینەوەی سامانەکان بە شێوەیەکی گەلێک نایەکسان. نەبوونی هۆشیاریی ژینگەیی لە دەوڵەتدا، لەگەڵ سیاسەتە ئەتنیکگەرا سیاسی و ئابوورییەکەی، یارمەتیدەری سەرهەڵدانی نادادپەروەریی ژینگەیی سیستەماتیکە کە لە لایەن خەڵکانی کۆمەڵگاکانی پەراوێزی ئێرانەوە هەستی پێ دەکرێ.

## کێشە ژینگەیییەکان وەکو پەرەپێدەری مەترسییەکان

دەوڵەتی ئێران حەزێکی لە ڕادەبەدەری لە گەشەی ئابووری و دەستەمۆکردنی سامانەکانی ئاوی وڵاتە. بەڵام، گەشەی نایەکسان و نابەردەوام، زەرەری گەلێک بەرچاوی لە ژینگەی سرووشتیی وڵات داوە. دوای ١٩٧٩، کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەوڵی دا سەربەخۆیی خۆی لە بەرانبەر باقیی دنیا لە ماوەی هەشت ساڵ جەنگی ئێران-عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) و ژمارەیەک گەمارۆی ئابووریی نێونەتەوەیی بسەلمێنێ. لە ١٩٨٩، یەکەم پلانی گەشەی وڵات، بە ئامانجی سەرەکیی برەودان بە گەشەی ئابووری و بیناکردنەوەی وڵات دوای جەنگ، پێشکەش کرا (ڕەزاییان، جۆزی و مالماسی، ٢٠٢٠). سەرەڕای وێرانکاریی بەربەرینی ژینگەی سرووشتیی ناوچەکانی وەکو خوزستان و کوردستان لە ماوەی جەنگدا، چاککردنەوە و پارێزگاری لە ژینگەی سرووشتی لەبەرچاو نەگیرا. لەو کاتییەوە، پلانەکانی گەشەکردن بە بیانووی پەرەپێدانی پیشەسازی و ڕایەڵەی ژێرخانی ڕێگاوبان بە مانای پێڕاگەیشتنی فرە کەم یان بەتەواوی پاشگوێ خستنی ئامانجە درێژخایەنەکانی پارێزگاری لە ژینگە بووە. پێویستیی گەشەی بەردەوامی ژینگەیی تا ئاستێکی زۆر پاشگوێ خراوە کە بووەتە هۆی زەرەری بەرچاو لە ژینگەی سرووشتیی وڵات. تێکدانی دیمەنی وڵات و گۆڕینیان بۆ هەرێمی ژێرخانی و پیشەسازی، لە بنەڕەتەوە سرووشتی هەڵسوکەتی مرۆڤانی لەگەڵ ژینگەکەیان لە ئێران گۆڕیوە. (مەدەنی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٦، لاپەڕەکانی ١٠٠٦-١٠٠٢).

داواکاریی ئاو لە لایەن پارێزگاکانی نێوەڕاستی ئێران، کە هاندەرەکەی کەڵک لێ وەرگرتنی نێوخۆیی و چالاکییەکانی گەشەپێدەر و پیشەییە، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوونە. بەرنامەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان لە لایەن دەوڵەتەوە، بۆ دابینکردنی ئەو داواکارییانە، بەزۆر بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەکاندا دەسەپێنرێ، بێ لەبەرچاوگرتنی زیانی ژینگەیی و کەمئاوی لە خەزنە بەخشندەکان و تەنانەت بڵاوکردنەوەی نەخۆشی لە هەر دوو خەزنەکانی بەخشندە و وەرگر (ژوناگ، ٢٠١٦، ل. ١٢٨٦٧). کێشەی دیکە کە بەرەورووی خەڵکی ناوچە بەخشندەکان

دەبنەوە، وشکەساڵی و ڕاماڵینی خۆڵە کە کاریگەری لەسەر کشتوکاڵ هەیە، شەپۆلی خۆڵ و خۆڵبارین، کێشەی تەندروستی (بە تایبەت بۆ سەر ئەندامەکانی هەناسەدان)، کۆچی بەکۆمەڵ (ئاوارەیی ژینگەیی) و، بێکاری. ڕاماڵینی خاک لە سەرانسەری ئێران باوە، کە دەبێتە هۆی گونجاوبوونی زۆر ناوچە بۆ هەستانی لافاو و بە بیابان بوون کە ئەویش نیشانەی جیددی بوونی ئالنگارییە ژینگەیی‌یەکانی وڵاتە. جاجەرمی، پیشگاهیفەرد و مەهکوهی (٢٠١٣) جەختیان کردووە کە ڕاماڵینی خاک لە ئێران شەش هێندە لە ئاستی مامناوەندی جیهانی زیاترە، کە دەبێتە هۆی لەکیس چوونی ساڵانەی یەک میلیۆن هێکتار زەویی کشتوکاڵی. ئاماری فەرمی ئاشکرای دەکەن کە ١٤ پارێزگای ئێران، واتە ئەلبورز، ئەردەبیل، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، فارس، گوڵستان، هەمەدان، ئیسفەهان، کرمان، خۆراسانی ڕەزەوی، مەرکەزی، قەزوین، سێمنان، تاران و یەزد، بە دەست ڕۆچوونی زەویەوە دەناڵێنن (ژینگە پارێزانی سەقز، ٢٠١٩).

به شێوەیەکی پێشبینیکراو، بارگرانییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە سەر ناوچە پەراوێزەکان کە شوێنی ژیانی گەلە نافارسەکانە. موختار هاشمی، زانای بواری ژینگە و چالاکی ژینگەیی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆچوونی زەوی لە دەشتەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان هەڕەشەیەکی جیددیی ژینگەیی‌یە و هەروەها دەڵێ، «لە ناوچەی گەنجی، کە لە دەشتی قوروە [لە پارێزگای کوردستان] هەڵکەوتووە، ئێمە ڕۆچوونی ٤٥ میتری لە ئاکێفەرەکان [ئەو شوێنانەی ئاوی ژێر زەوی تێیاندا کۆ دەبێتەوە. و.] لە ناوچەیەکدا دەبینین کە قەرارە زەوی پارێزراو بێ» (هاشمی لە ژینگەپارێزانی سەقزدا ئاماژەی پێ کراوە، ٢٠١٩). ڕاماڵینی خاک هەروەها بووەتە هۆی شەپۆلی تۆز و خۆڵ و خۆڵبارین لە ناوچەکانی خەزنە بەخشندەکانی ناوچە پەراوێزەکان، لە ئاکامدا گیروگرفتی تەندروستیی هەناسەدان و شێرپەنجە پەرەیان ئەستاندووە. خۆڵبارین بووەتە هۆی پەراوێزخرانی زۆرتر بە هۆی کاریگەرییەکەیان لەسەر ئاسایشی ئابووریی هەرێمی و کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر چالاکییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمهێنانی خواردەمەنی، دابەزینی داهاتی بنەماڵەکان بە هۆی پچڕانی چالاکیی ئابووری و پیشەسازی و، چوونە سەری تێچووی چاودێریی پزیشکی هەبووە. لە خوزستان و مەزنترین شارستانەکەی، ئەهواز، خۆڵبارین زەرەری جیددی بە ژێرخانەکەی گەیاندووە، لە ئاکامدا وەبەرهێنانی نێوخۆیی و دەرەکی چاوترسێن بوون (ئاندەرسۆن، ٢٠١٩) بە گوتەی کاربەدەستانی هەرێمی خوزستان، «بە هۆی تۆز و خۆڵەوە، ئێمە شاهیدی داخرانی زانستگاکان و قوتابخانەکان و دابەزینی چالاکیی ئابوورین. وەبەرهێنەرەکان ئامادە نین لە پارێزگاکە وەبەرهێنان بکەن. بەڕێوەبەریی خراپ و نەبوونی ڕێگاچارەی بەردەوام بۆ ئەو کێشانە بووەتە هۆی تووڕیی جەماوەری و نارەزایەتی» (وڵات بۆکان، ٢٠١٨ب).

خۆڵبارین بووەتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر بەردەوامیی کۆمەڵایەتی. لە لادێیەکانی پارێزگاکانی خوزستان و سیستان و بەلوچستان، ئاوارەیی نێوخۆیی یەکێک لە گەلێک کێشەی ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانە کە لە ئاکامی پەرەئەستاندنی دیاردەی بە بیابانبوونی خێرا و خۆڵبارینی ئێران سەری هەڵداوە. بۆ وێنە، بە گوێرەی زانیاریی فەرمی، ١٢٤ گوند لە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سیستان و بەلوچستان لە ٢٠٠٢ ژێر خاک کەوتن، کە بوو بە هۆی لەناوچوونی بژێوی کۆمەڵگەیەکی مەزن (جاجەرمی، پیشگاهیفەرد و مەهکوهی، ٢٠١٣). بە گوێرەی ژینگەپارێز محەممەد دەروێش (٢٠٢١)، «کۆچی بەکۆمەڵ، کە لەویدا ١٠ هەزار مامۆستا پارێزگایان [خوزستان] بەجێ هێشتووە و ١٠

هەزاری دیکەش لە سەرەی جێ هێشتندان»، نموونەیەکی ئازاری پارێزگا بە دەست لەناوبردنی ژینگەوەیە.

دیاردەی ئاوارەی نێوخۆیی بووەتە هۆی دیاردەیەک کە بە «کۆچبەران/پەنابەرانی ژینگەیی» ئاماژەی پێ دەکرێ (مایەرز، ٢٠٠١) و، دەورێکی مەزن لە داماڵینی لادێ لە دانیشتووان دەگێڕێ. کۆچی ژینگەیی بەکۆمەڵ لە لادێیەکان، لە وڵامی تێکچوونی ناڕێژەیی ژینگە و هەژاریی ئابووری، یەکێک لە ئاکامەکانی ئالنگارییە ژینگەیییەکانی خوزستانە (ئاندێرسۆن، ٢٠٠١). لەناوبردنی ئابووریی کشتوکاڵی و پشتئەستوور بە ئاو هەروەها بووەتە هۆی ناچارکردنی کۆچی ژمارەیەکی زۆر گوندنشین، بە تایبەت لە خوزستان و ناوچەکانی دەوروبەری حورئەلعەزیم، بۆ ناوچەکانی نێوەڕاستی ئێران (کەعب، ٢٠٢١، ل. ٣٣٩). سەرەڕای هەبوونی سامانی سرووشتیی زەبەلاح، خوزستان بووەتە ناوچەیەکی خاوەن گەلێک گوندی چۆڵکراو. ڕێژەی کۆچی نێوخۆیی نیشانەی ئاستی جیددی بوونی کیشە ژینگەیییەکانە. بە گوێرەی ئاماری فەرمی، لەنێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٦، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە خوزستان کۆچیان کردووە (کەعب، ٢٠٢١، ل. ١٠٧).

کیشە ژینگەیییەکان هەروەها دەوری پەرەپێدەری مەترسییەکانیان گێڕاوە، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی دیکە کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان دەبنە هۆی ناڕەزایەتی. ناڕەزایەتیی مەزن دژی سیاسەتەکانی ژینگەیی، گەشەکردن و ئابووریی دەوڵەت هاتوونە ئاراوە، لە ئاکامی بێتوانایی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و شکستهێنانی لە پشتگیری لە ئەو دانیشتووانەی کەوتوونە ژێر کاریگەریی کێشە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی پەیوەندیدار بە خۆڵبارینەوە (ئەندێرسۆن، ٢٠١٩). هاندەرە ژینگەیییەکانی پشت ناڕەزایەتییەکان لە ئێران زۆر جار لە بەراورد لەگەڵ فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکانەوە، پاشگوێ دەخرێن، بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن گرینگن و زۆر وێدەچێ دەورێکی مەزنتر لە سەرهەڵدان و قووڵتربوونەوەی کێشەکانی داهاتوودا بگێڕن. خراپ بەڕێوەبردنی ژینگە، گەندەڵیی بە دامەزراوەییکراو و ژێرخانی ئاویی نەشیاو بوونە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئاوی وڵات، کە ئەوەش بووەتە هۆی ناڕەزایەتیی جەماوەریی کۆمەڵایەتی. فاکتەرێکی بەرچاوی کیشە ژینگەیییەکانی دەوڵەت، گەندەڵییە، بە کاربەدەستانێک کە بۆ مافی تالانکردنی ئاو، بەرتیل وەردەگرن و هەروەها فاکتەری بەهێزی سیاسی کە ئاراستەکاری ئاو بەرەو پیشەسازییەکانیان. تووڕەیی لە گەندەڵی پاڵنەرێکی مەزن بۆ ناڕەزایەتییەکان لە ئێرانە و، گەندەڵیی ژینگەیی ئەو دۆخەی خراپتر کردووە. ناڕەزایەتییەکانی ئێران بەرەورووی دڕندەیی توندی پۆلیس دەبنەوە (کەعب، ٢٠٢١، ل. ١٦٦). لە ئاکامدا، ڕێژیم هەر جۆرە چالاکییەک و هەنگاوێک کە ڕەنگدانەوەی پەرچەکرداری خەڵک بە کیشە ژینگەیییەکان بێت، خستووەتە ژێر لێکۆڵینەوەی چڕەوە (عەبباسی، ٢٠٢١).

ئەو توێژینەوەیە ئاماژەی بە سیاسەتی ناوەندگەرا، هەڵاواردنکار و ئەتنیکگەرای ئاویی ئێران و کاریگەرییەکانی بۆ سەر تاقمە نەتەوەیییە نافارسەکان کردووە، کە لە ناویاندا کورد، عەرەب و گیلەک بوونە قوربانیی ئەو سیاسەتە. توێژینەوەی زۆرتر بۆ باس لەو پرسە پێویستە کە ئاخۆ ئەو کاریگەرییانە بە ئەنقەستن یان بە هەڵکەوت سیاسەتەکە بە شێوەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی داڕێژراوە. کاریگەریی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی سیاسەتی ئاویی ئێران بە گوێرەی پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆیە زۆر پرسیار بێ وەڵام دەمێننەوە. کێشەکانی پەیوەندیدار




**وێنەی ژمارە ٧، نەخشەی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی کانی میران و ساوا، دوو گوندی مەریوانە کە لەوێدا ١٨٠ هێکتار دارستان لە یەکەم ڕۆژەکاندا لەناو چوون (چیا، ٢٠٢٣ ئـ).**

بە سیاسەتی ئاویی ئێران و کاریگەرییەکەی بۆ سەر بەردەوامیی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی لە ناوچە و پارێزگاکانی وەکو چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستان توێژینەوەیەکی تا ڕادەیەک کەمی لەسەر کراوە و توێژینەوەی زۆرتر لەو پرسیارە پێویستە کە ئاخۆ ئامانجی سەرەکیی کەڵک وەرگرتنی زێدەڕۆیانەی ئێران لە گواستنەوەی ئاوی خەزنەکان بۆ سوود گەیاندن بە ئێلیتی دەسەڵاتدار بە دابینکردنی ئاوی کۆمپانیاکان و دەنگدەرەکانیانە، یان هیشتنەوەی پارێزگاکانی خاوەن دانیشتووانی کەمینە ئەتنیکییەکان لە هەژاری و گەشەنەسەندووییدا؟

وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بە لەبەرچاوگرتنی لێڵیی سیستەمی سیاسیی ئێران ڕەنگبێ فرە دژوار بێ، ئەگەر نەڵێین نامومکین. بەڵام، گێڕانەوەکان و لێدوانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێز لە ناوچە پەراوێزەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە زۆربەی ئەو چالاکییە وێرانکەرانە بۆ «سزدانی» کۆمەڵگە نافارسەکان بە هۆی چالاکییە دژە دەوڵەتییەکانیانە (چیا، ٢٠٢٣ب؛ مێدیانیوز، ٢٠٢٣) بۆ نموونە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ژینگەپارێزی کورد ئاماژە بە ئاگرکەوتنە بەربڵاوەکانی جولای ٢٠٢٣ (وێنەی ژمارە ٧)، کە بوونە هۆی لەناوچوونی بەشێکی بەرچاوی دارستانەکانی زاگرۆس، لە دەوروبەری مەریوان، شارێکی پارێزگای کوردستان، بە ئەنقەست لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دەکەن کە بە مەبەستی سزادانی گەلی کورد بۆ دەوری دەستپێشخەرانەیان لە نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەی ئێران، دوای کوشتنی ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵەی کورد، ژینا ئەمینی لە ١٦ سێپتەمبەری ٢٠٢٢ لە لایەن پۆلیسی ئیرشادەوە، هەڵگیرسێنرا.

کاتێک سوپای پاسداران ئاگری لە دارستانەکانی سێف، سالەسی، پەلە و کانی میران [گوندی دەوروبەری مەریوان] بەردا کە بووە هۆی ڕووتانەوەی بەربڵاوی دارستانەکان و زەرەر و زیان بە فرەچەشنیی زیندەوەری ناوچەکە، دەوڵەت بێ‌خوست

بــوو و هیچ کام لە دامــەزراوە دەوڵەتییەکان لــە کوردســتان بەشــداریی ئاگرکوژاندنەوە نەبوون. ئەوە هەموو بۆ ســزادانی گەلی کورد لەبەر بەرهەڵســتکارییەکەی دژی دەوڵەت و سیاسەتەکەی بەرانبەر بە کوردان بوو (وتووێژ، ٢٠٢٣).

پێویســت بە ئاماژەیە کە ئاسایشــی ئاو دەتوانــێ ببێتە هۆی کێشــەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی-ژینگەیــی لە ئاســتی هەرێمی/ نیشــتمانیدا، بــەڵام دەشــتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی کێشــەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی ناوچەیی. کێشــە و ناکۆکییە ئاوییەکانی ئێران لەســەر ســامانەکانی ئــاو لــە نێوخــۆی وڵات تەنیا ئالنگاریی نێوخۆیی نین.

ناکۆکییــەکان لەســەر مافەکانــی ئاوی ئەوبەری سنوور لەگەڵ دراوسێکانی ئێران، لە ناویاندا تورکیە و ئەفغانستان، ئاویان کردووەتە پرسێکی سیاسی و فاکتەری ناسەقامگیری بۆ ناوچە. بۆ وێنە، کێشــەی پتر لە ١٥٠ ســاڵە لەنێوان ئێران و ئەفغانســتان لــە پەیوەندی لەگــەڵ ڕووباری هیرمەند، لە ٢٠٢١ بەولاوە، پەیوەندییەکانــی نێــوان ئــەو دوو وڵاتەی دراوسێی ناسەقامگیر کردووە (داگرەس، ٢٠٢٣)

سیســتان و بەلوچســتان، ناوچەیەکــی پەراوێزی ئێران و هەژارترین پارێزگا، هەروەها بــە تونــدی کەوتووەتە ژێــر کاریگەریی ئەو کێشــەیە. کەمیــی ئاو، کە ئاکامــی گۆڕینی ئاراســتەی ئاوی ڕووباری هیرمەند لە لایەن کابولەوەیــە، کاریگەریــی قووڵــی لەســەر چالاکییەکانــی کۆمەڵگەکانی ئــەو پارێزگایە هەبووە. ئەو نموونەش بێتواناییی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییەکان ئاشکرا دەکات. بە گوتەی فاتیمە ئامان لە ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاســت، «کۆماری ئیسلامی چوار دەیەی کات هەبوو، لە شۆڕشــی ١٩٧٩ بەولاوە، تا لە کەرتی ئاودا وەبەرهێنان بکات و دڵنیا بێ ئاوی خواردنەوەی ناوچەکان بە ئاوی ئەوبەری ســنوورەکانەوە نەبەسترێتەوە. بەڵام ئەوان شکســتیان هێنــا [و] دەرفەتەکانیان لەکیس چــوون» (لە داگــرەس دا ئاماژەی پێ کــراوە، ٢٠٢٣). کاربەدەســتانی ئێرانی نەتەنیا هۆشــدارییەکانی چەند ســاڵەی پسپۆڕانیان پاشــگوێ خســت، بەڵکو هەروەها چالاکانی ژینگەپارێزشــیان، کــە کاریان بۆ پرســەکە دەکرد، دادگایی و زیندانی کرد.

## دەرئەنجام

لــەو توێژینەوەیــەدا هــەوڵ دراوە بــە کەڵکوەرگرتــن لە چەمکی ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیی، سیاســەتی ئاویــی دەوڵەتی ئێران لــە پەیوەندیی لەگەڵ ناوچــە پەراوێزەکان و گەلانی ئێران شــی بکرێتەوە. تالانی ئاو و سامانە سرووشــتییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە سیســتەماتیکە و بووەتــە هــۆی تێکچوونی چەند تەوەریی بــواری کۆمەڵایەتی-ژینگەیی ناوچــە پەراوێــزەکان، شــوێنی حاوانەوەی کورد، عەرەب، گیلــەک، تورکمەن، بەلۆچ و ئەوانی دیکە. ســەرەرای قەبارەی پرســەکە، مەســەلەکە لێکۆڵینەوەیەکی کەمی لەســەر کراوە. سیاسەتە ڕەگەزپەرســتانە، مەلاسالار و هەڵاواردنکارەکانــی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە سەدەکانی بیستەم و بیست و یەکەم بەرانبەر بە گەلانی نافارس و کۆمەڵگە نەتەوەیی‌یە ناشیعە و تاقمەکانی ئایینی ڕوون و ئاشــکرایە. بەڵام، ئەو بڕوایە کە سیاســەتە ڕەگەزییەکــەی دەوڵــەت هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەکەی بەرانبەر بە ژینگەی سرووشتی و ســامانەکانی کۆمەڵگــە بێدەســەڵاتەکان جێبەجێ دەکرێ، کە دەکەوێتە چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیی، هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر شەنوکەو نەکراوە.

ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیــی چوارچێوەی بەنرخی تیۆریک بۆ شیکردنەوەی توخمەکانی تێکچوونی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی ئەزموونکراو لــە لایەن تاقــم و کۆمەڵگە ژێردەســتەکان

پێشکەش دەکات. سەرەڕای پانتایی‌یە سنووردارەکەی، ئەو توێژینەوەیە ئاشکرای کردووە کە سیاسەتی ئێران بۆ دابینکردن و بەشێنەوەی ئاو و سامانە سرووشتییەکانی دیکە ئەتنیک گەرایانەیە و پێشترییەتی بە ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی فارس دەدا و لەسەر حیسابی تاقم و کۆمەڵگە نەتەوەیی‌یە نافارسەکانی ئێرانە، کە بووەتە هۆی ڕێژەیەکی بەربەرینی لەناوچوون و تێکچوونی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی، کە یارمەتیدەری پەراوێزخستن وهەژاریی زۆرتری ئەو کەسانەیە کە ئەو سیاسەتە دەیانگرێتەوە. لە بنەڕەتدا، سیاسەتی گواستنەوەی ئاو، «تاڵانکردنی نەتەوە بێدەسەڵاتەکان بە قازانجی نەتەوەی باڵادەستە» کە لە جۆری ئێرانییەکەیدا، تاڵانی ئاوی چوار مەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستان، بۆ ئافراندنی سامان و گەشەسەندن لە بەشە ناوەندییەکانی ئێرانە. بەو هیوایە ئەو توێژینەوەیە و لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو ببنە هۆی گفتوگۆی جیددیی ئاکادێمیک و توێژینەوەی مەزنتر لەسەر چەمکی وەکو ژینگەناسیی کۆمەڵایەتی، گەشەی بەردەوام و بێ‌دەسەڵاتی لە ئێراندا.

ئەو پێشهاتەیە ئاشکرای دەکات حەزی دەوڵەتی ئێران لە درێژەدان بە هەڵوێستی بەڕێوەبەریی دابینکردنی ئاو بە مەبەستی مسۆگەرکردنی ئاوی ناوچەکانی ناوەند، هەر بیرێک بۆ داوای بەڕێوبەریی [بەرپرسیارانە] بنکۆڵ دەکات. هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئاویی ئێران بەکارهێنانی ژێرخانی ئاویی پڕ تێچوو و مشتومڕ لەسەر ئاشکرا دەکات، وەکو دامەزراوەکانی گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشە بەردەوامەکانی ئاو لە وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا، پاشگوێخستنی کاولکاریی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی و نادادپەروەریی گرێدراو بەو سیاسەت و ڕێکارانەوە ئاشکرای دەکات کە هەڵوێستی ‹بەڕێوەبەریی لایەنی دابینکار› پشتئەستوور بە لاگری، ڕێگاچارەی چارەسەرکردنی کەمئاوی نییە؛ بەڵکو ئەو دەبێتە هۆی کاولکاریی زیاتری ژینگە، زیاترکردنی کێشەی نێوان کۆمەڵگەکان و پێکدادان و، نادادپەروەریی سوری ئاو-کۆمەڵگا، کە بە شێوەی سەرەکی بەسەر دانیشتووانی شوێنی خزنەکانی ئاودا سەپێنراوە. بۆ دەوڵەتان گرینگە دان بەوەدا بنێن کە پێشمەرجی گەشەکردن، خەمخۆری بۆ جیلەکانی هەنووکەیی و داهاتوو، لە پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا بێ و بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام، پارێزگاری لە ژینگە دەبێ وەک بەشێکی ئاوێتەبوو لە گەشەسەندن سەیر بکرێ و نابێ لیی جیا بکرێتەوە. نادادپەروەریی ژینگەیی، هاوشێوەی شێوازەکانی دیکەی نادادپەروەری لە ناویاندا هەڵاواردنی سیاسی، زایەندی، ئەتنیکی و ئایینی، بەرهەمی سیستەمی سیاسیی ئێرانە. برەودان بە دادپەروەریی ژینگەیی و سیاسەتی بەردەوامی ئاوی، هەڵسەنگاندنەوەی بنەڕەتیی پلاندانی ئاوی دەخوازێ کە لەوێدا خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی-ژینگەیی و بەردەوامیی کۆمەڵگا ژێردەستەکان بیری لێ بکرێتەوە و پێشترییەتی پێ بدرێ. بە تایبەت، دابەشینەوەی ڕادیکاڵی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و بڕیاردان لە ئێران پێویستە، تا ڕێگا بە کۆمەڵگا نافارسەکان بدرێ، لە ناویاندا هەموو ئەوانەی سیاسەتی ئاوی، نەخشەکانی بەنداو و گواستنەوەی ئاوی نێوان خەزنەکانی ئێران کاریگەریی لەسەریان هەبووە، سوود لە سامانە سرووشتییەکانی هەرێمەکەیان وەربگرن.

*. ئەم وتارە بەشێکە لە پڕۆژەنووسینی نووسەر کە لە داهاتوودا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە.

**. ئالان حەسەنان مامۆستای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی عەرەبی و ئیسلامی (IAIS) لە زانکۆی ئێکزێتەرە.

## سەرچاوەکان

Abbasi F (2021) Dust crisis and its effects on the security of regions (Case study: Ahvaz city), Joghrafiya ve Rewabet-e Ensani 3; 156-174.
Aman F (2016) Iran and Afghanistan are feuding over the Helmand River. The water wars have no end in sight. Available at https://www.atlantic-council.org/wp-content/uploads/2016/09/Water_Dispute_Escalating_between_Iran_and_Afghanistan_web_0830.pdf
Amanat A (2016) Environment and Culture: An Introduction. Iranian Studies 49: 925-941.
Amini K, Veisi F, Mohammadi S, et al. (2018) Analysis and explanation of the effects of dam construction on sustainable livelihood of rural areas, Case study: Darian Horaman dam. Strategic Studies of Public Policy 8: 170-171.
Anderson K.B. (2019) Environmental problems fuel Iran protests. Available at https://www.arab-news.com/node/1589586
Babaoghli M (2013) Overview of the environmental crisis in Iran around the axis of air pollution and destruction of water resources. Majele-e Eghtesadi 5; 59-72.
Balout (2022) Multilingual Periodical Magazine for the Support to the Campaign of Zagros-e Mihraba', N/A 2; 25-47.
Birgani Faraji S (2017) A minister to complete water transfer projects. Available at https://mei-daan.com/archive/40693
Brandes L (2011) The water soft path - a new approach to ensuring adequate water supplies, Environmental Science & Engineering Magazine, May; 22-23.
Brandes O and Kriwoken L (2006) Changing Perspectives - Changing Paradigms: Taking the «Soft Path» to Water Sustainability in the Okanagan Basin, Canadian Water Resources Journal 31; 75-90.
Brooks, D.B. and Peters R (1988) Water: The Potential for Demand Management in Canada. Science Council of Canada. Ottawa.
Bullard R (eds) (1992) Environmental Blackmail in Minority Communities. In: Race and the Incidence of Environmental Hazards A Time for Discourse, (New York: Routledge), pp. 110-124.
Bullard R (ed) (1993) Anatomy of Environmental Racism and the Environmental Justice Movement. In: Confronting Environmental Racism Voices from the Grassroots. Boston: South End Press.
Bullard R (1993) Natural Resources & Environment. American Bar Association 7; 23-26.
Chya (2023b) The machine of destruction and degradation of this ancient land has no intention to cease. Available at https://t.me/chya_ngo/9571
Chya (2023a) Image 7, Map of wildfire in the forests of Kani Miran and Sawa. Available at https://t.me/chya_ngo/9621
Dagres H (2023) Iran and Afghanistan Clash over Water Rights. Available at https://www.atlantic-council.org/blogs/iransource/iran-afghanistan-taliban-water-helmand/
Darvish M (2021), Khuzestan A Lesson to Old Management. Available at https://www.instagram.com/p/CRfwYYylxdL/?utm_medium=copy_link
Dolatabadi J (2012) Sociological analysis of environmental movements in Iran, Islamic Azad University, Central Tehran Branch, MA Thesis.
Didbaniran (2021) Due to drought and water salinity, 40 per cent of Khuzestan's palms have been lost. Available at http://www.didbaniran.ir/fa/tiny/news-122306
Egan M (2002) Subaltern Environmentalism in the United States: A Historiographic Review. Environment and History 8; 21–41.
Faani Z and Marufi A (2017) Investigation of the effects of drought on Lake Urmia on the natural and human environmental vulnerability of the surrounding area. Faselname-y 'Almi Tarwiji-e Mohit-e Zist 58; 1-16.
Fatahi S, Rafiei N, Chaghazardi J, et al. (2016) Strategic problemology in Kurdistan province. Center for Strategic Studies 2; 22- 45.
Fuladavand S and Sayyad Gh A (2015) The Impact of Karkheh Dam Construction on Reducing the Extent of Wetlands of Hoor-Alazim. Journal of Water Resources and Ocean Science 4; 33-38.

in Eastern Kurdistan/Rojhelat. Local Environment 26; 930–947.

Hassaniyan A and Sohrabi M (2022) Colonial Management of Iranian Kurdistan; with Emphasis on Water Resources. Journal of World Systems Research 28; 320- 343.

Holifield H (2001) DEFINING ENVIRONMENTAL JUSTICE AND ENVIRONMENTAL RACISM. Urban Geography 22; 78-79.

Kaab A (2021) Environmental Security, theoretical analysis and case study (Khuzestan). Joyand-e, Tehran.

Kani Bell (2018) Alteration of Kurdistan's landscape and biodiversity. Available at https://t.me/kanibell

Khan A and Awan N (2020) Inter-Provincial Water Conflicts in Pakistan: A Critical Analysis. Journal of South Asian and Middle Eastern Studies 43; 42-53.

Krippendorff K (2004) Content Analysis: An Introduction to Its Methodology. Sage Publications, Thousand Oaks.

Kurdewaran (2018) Water transfer cut off from Isfahan to Yazd for the third time. Available at https://t.me/kurdewaran

Kurdistan Regional Water Company (2021) Planning studies on the value of resources and expenses of Sirwan projects. RDPI-Rep-130-Final.

Jahangard E (2018) Environment and development programs in Iran. Bi-quarterly Journal of Environment and Natural Resources Economics 2; 105-142.

Jajarmi K, Pishgahifard Z and Mehkohi H (2013) Assessment of environmental threats impact on Iran›s national security, Quartely Rahboord 22; 193-230.

Jinga Parezan Saghez (2019) Do not destroy the soil. Available at https://t.me/JingaParezanSaghez

Interview (2023) Author's interview with Kurdish environmental activist.

IRNA (1996) Dam construction, desertification and water transfer; Basic policies of the government. Available at https://meidaan.com/archive/79160

EWRDC (2022) Siyazakh Reservoir Dam'. Date. Available at https://bit.ly/3Rakg18

Ghassemi F and White I (2007) Inter-Basin Water Transfer Case Studies from Australia, United States, Canada, China and India, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, Cambridge.

Gleick P (1993) Water Resources and Conflict Fresh Water International Security. International Security 18; 79-112.

Gleick P (2000) A Look at Twenty-first Century Water Resources Development, Water International 25; 127-138.

Gleick P (2002) Water management: Soft water paths Nature, 418; 373.

Gleick P (2003) Global Freshwater Resources: Soft-Path Solutions for the 21st Century, State of the Planet 28; 1524-1528.

Golkarami A and Kaviani Rad M (2017) The Effect of Limited Water Resources on Hydro-politic Tensions (Case Study: Iran's Central Catchment with Emphasis on Zayandehrood Basin), Journal of Geography and Environmental Planning, Vol 28, No. 1, Ser No. (65), pp. 113-134.

Golzar HR (2022b) Dam's impact on indigenous people and communities? Available at https://meidaan.com/archive/82537

Golzar HR (2022a) What are the environmental consequences of constructing mega-structures? Available at https://meidaan.com/archive/82537

Halabian AH and Shabankari M (2010) Water resources management in Iran (case study: challenges of the water transfer from Beheshtabad to Zayandehrood. 4th International Congress of the Islamic World Geograpgers 1-15.

Hamilton C (ed) (1993) Coping with Industrial Exploitation. In: Confronting Environmental Racism Voices from the Grassroots. South End Press, Boston.

Hassaniyan A (2020) Environmentalism in Iranian Kurdistan: causes and conditions for its securitisation. Conflict, Security & Development 20; 355-378.

Hassaniyan A (2021) The environmentalism of the subalterns: a case study of environmental activism

Menga F and Swyngedouw E (2018) Water, Technology and the Nation-State. Routledge, Oxon.
Mergan L (2017) Water transfer from Wenek to Rafsanjani's pistachio orchards. Available at https://meidaan.com/archive/44229
Minberi A (2018) The destruction of the Zagros water transmission lines led to a water cut in Yazd. Available at https://t.me/kurdewaran
Mirzakhani A (2018) Gotvand Dam: An Environmental Disaster. Available at https://iranwire.com/en/features/65407/
Mirzavand M and Bagheri R (2020) The water crisis in Iran: Development or destruction? World Water Policy 2020; 1–9.
Myers N (2001) Environmental refugees: a growing phenomenon of the 21st century. The Royal Society 357; 609–613.
Nasab RM (2018) Statistics of the number of dams in [Iran] by the executive body in different stages, Iran Water Resources Management Company N/A; 1-8.
Paparella F, D'Agostino D, and Burt J (2022), Long term, basin scale salinity impacts from desalination in the Arabian/Persian Gulf, Scientifc Reports 12; 1-12.
Payamema (2021) Statement issued by 22 environmental and natural resources organizations: 'Teng Sorkh dam' will displace 300 thousand people. Available at https://payamema.ir/payam/articlerelation/60902
Peykeiran (2021) Transferring water for Kerman›s industries and entertainment centres under the pretext of drinking. Available at https://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=240104
Pulido L (ed) (1993) Sustainable Development at Ganados del Va'. In: Confronting Environmental Racism Voices from the Grassroots. South End Press Boston.
Pulido L (1996) A CRITICAL REVIEW OF THE METHODOLOGY OF ENVIRONMENTAL RACISM RESEARCH. Antipode 282; 142-159.
Rahimi M (2021) Zaram Rood dam, Mazandaran's second dangerous dam. Available at https://bit.ly/3Y0XXNs
Iranian Students' News Agency (2017) Iran's water bankruptcy. Available at https://isna.ir/xcZXL6
Iranian Students' News Agency (2018) 56 dams in Iran are in critical condition. Available at https://isna.ir/xd3vdP
Labbaf Khaneiki, M (2020) Hydro-Social Cohesion. In: Cultural Dynamics of Water in Iranian Civilization, Cham, Springer), pp. 73–93.
Lazarus RJ (2000) Environmental Racism, That›s What It Is. Georgetown University Law Center N/A; 257-258.
Madani K, AghaKouchak A, Mirchi A, et al. (2016) Iran's Socioeconomic Drought: Challenges of a Water-Bankrupt Nation, Iranian Studies 49; 997-1016.
Majidi K (2015) Do they want to bury Bel; the God of waters, with thousands of poems, songs, stories and legends? Shahrvand Newspaper 727.
Manouchehri GR and Mahmoodian SA (2002) Environmental Impacts of Dams Constructed in Iran, International Journal of Water Resources Development 18; 179-182.
Meador MR (1992) Inter-basin Water Transfer: Ecological Concerns. Fisheries 17; 17-22.
Medya News (2023) Massive fires in the forests of Marivan. Available at https://shorturl.at/sET03
Meidaan (2015) Image 2, Karon's destruction surrounded by environmental crises. Available at https://meidaan.com/archive/6940
Meidaan (2016) Construction of 113 new dams even though half of the dams are empty. Available at https://meidaan.com/archive/22531
Meidaan (2019a) The Ministry of Energy is determined to destroy Karun. Available at https://meidaan.com/archive/64310
Meidaan (2019b) The transfer of Caspian Sea water causes ethnic conflicts. Available at https://meidaan.com/archive/64740
Meidaan (2021a) Water policy document serves the water industry in desert provinces. Available at https://meidaan.com/archive/78072
Meidaan (2021b) Lobbying and political power; transferring water to the central plateau. Available at https://meidaan.com/archive/81438

University Press, Oxford.
Swyngedouw E (2009) The Political Economy and Political Ecology of the Hydro-Social Cycle, Journal of Contemporary Water Research & Education 142; 56-60.
Tien Bui D, Talebpour Asl D, Ghanavati F, Al-Ansari N, Khezri S, Chapi K, Amini A, Pham BT, et al. (2020) Effects of Inter-Basin Water Transfer on Water Flow Condition of Destination Basin, Sustainability 12; 1-38.
Timothy D (2005) Environmental movements in minority and majority worlds, A Global Perspective. Rutgers University Press, New Brunswick.
Varady R G, Albrecht T, Gerlak A K, et al. (2020) The exigencies of transboundary water security: insights on community resilience, Current Opinion in Environmental Sustainability 44;74–84.
Winnefeld JA and Morris ME (1994) Where Environmental Concerns and Security Strategies Meet, Green Conflict in Asia and the Middle East. Effects of Inter-Basin Water Transfer on Water Flow Condition of Destination Basin https://www.rand.org/pubs/monograph_reports/MR378.html
Wllat Bokan (2018a) The Islamic Republic’s policy of stealing water. Available at https://t.me/WllatBokan
Wllat Bokan (2018b) Extensive migration of Khuzestanis to Karaj and Mashhad. Available at https://t.me/WllatBokan
World Commission on Dams. (2000). Dams and development: A new framework for decision-making. London, England and Sterling. Earthscan, VA.
Wutich A, White D, Larson K L, et al. (2014) Hard paths, soft paths or no paths? Cross-cultural perceptions of water solutions, Hydrol, Earth Syst. Sci., 18; 120.
Zafarnejad F (2009) The contribution of dams to Iran’s desertification. International Journal of Environmental Studies 66; 327-341.
Zarei’ M (2018) Image1, Geographical map of Iran’s water stress. Available at https://iranprimer.usip.org/blog/2023/may/30/iran-and-afghanistan-clash-over-water-rights
Zhuang W (2016) Eco-environmental impact of inter-basin water transfer projects: a review. Environ Sci Pollut Res 23;12867–12879.
Rahmani J (2023) ‘Critical Discourse Analysis of Environmental Collective Actions In the Kurdistan of Iran’, Kharazmi University of Tehran Faculty of Literature and Humanities  Department of Sociology, Ph.D. Thesis.
Ramazani H (2019) Water looting/exploitation at what cost? Available at https://t.me/sedayepayeab1
RanjanA (2012) Inter-Provincial Water Sharing Conflicts in Pakistan, Pakistaniaat: A Journal of Pakistan Studies 4; 1-21.
Reed TV (2009) Toxic Colonialism, Environmental Justice, and Native Resistance in Silko›s «Almanac of the Dead». Ethnicity and Ecocriticism 34; 25-42.
Rezaei F (2015) The mysterious future of Shafarood dam construction for the country›s natural resources. Available at https://bit.ly/3wtrNyC
Rezaian S, Jozi A, and Malmasi S (2020) The Role of Citizen Participation in Urban Environmental Protection (Case Study: District 9 of Tehran), Faselname-y ‘Elmi-e Mohit-e Zist ve Tose’e-y Ferabekhshi, 66.
Rodríguez-Labajos B and Martínez-Alier J (2015) Political ecology of water conflicts. POLITICAL ECOLOGY AND WATER JUSTICE 2; 537–558.
Saed News (2020) Image 3, Karoon River in Ahvaz. Available at https://old.saednews.com/en/post/karoon-river-in-ahwaz
Seyed AJ and Maryam M (2014) Environmental Risk Assessment of Dams by Using Multi-Criteria Decision-Making Methods: A Case Study of the Polrood Dam, Guilan Province, Iran. Human and Ecological Risk Assessment: An International Journal 20, 69-85.
Sevinc H (2016) The Role of Dams In Drying Up Lake Urmia and Its Environmental Impacts on Azerbaijani Districts of Iran. SAUSSUREA 6; 54-65.
Shahriariha (2021) The Gotvand disaster; From Pahlavi to Rouhani/ Shocking details of the history of the construction of the dam. Available at https://www.shahriariha.com/?p=563457
Shokrani M (2018) Country of failed development’. 30 January 2018. Available at https://bit.ly/3HxW5X4
Swyngedouw E (2004) Social Power and the Urbanisation of Water. Flows of Power. Oxford

# مفاهیم عصر جدید و اندیشهٔ سیاسی در ایران
# دربارهٔ تداوم استیلای دگم‌های شرق‌شناسی و تئوری مدرنیزاسیون

## بخش دوم

**معروف کعبی**

این پژوهش که بعنوان بخش اول از کتاب مدرنیزاسیون و انقلاب در ایران (۲۰۱۴) منتشر شده است، در نشریه تیشک در دو قسمت ارائه شده است. کعبی در قسمت اول به بررسی مفاهیم علوم انسانی در ارتباط با دوگانه مدرنیزاسیون و سنت، و نقد شرقشناسی از دیدگاه ادوارد سعید پرداخته است. در بخش دوم اندیشه سیاسی در ایران با تمرکز بر افکار جلال آل احمد و شجاع الدین شفا و بررسی بومی‌گرایی ایرانی و بازتولید شرق‌شناسی واکاوی می‌شود.

*معروف کعبی در سال ۲۰۱۹ دکترای خود را در رشته تاریخ از دانشگاه سنت اندروز دریافت کرد. پایان نامه او به بررسی تأثیر مدرنیزاسیون ایران بر جامعه کردی در ایران بین سال های ۱۹۲۱ تا ۱۹۷۹ می پردازد. پایان نامه او در قالب کتاب با عنوان ایران: مدرنیته، مدرنیزاسیون و تغییر اجتماعی (۱۹۲۱-۱۹۷۹) منتشر شده توسط نشر ئای بی تورس چاپ سده است. کعبی تاریخ و فرهنگ خاورمیانه را در دانشگاه سنت اندروز در مقاطع کارشناسی و کارشناسی ارشد تدریس کرده است. هم اکنون او در مدرسهٔ اقتصاد و علوم سیاسی لندن در مورد گسترش جنبش های مدنی در کردستان ایران در قرن بیست و یکم پژوهش می کند.*

## جلال آل‌احمد و شجاع‌الدین شفا: بومی‌گرایی و بازتولید شرق‌شناسی

جستجو و پژوهش برای جمع‌آوری اطلاعات و دانش لازم از کشورهای شرق نیازی بود در انطباق با توسعه‌طلبیِ عصرِ امپراطوری که در پایان قرن نوزدهم شدت بیشتری به خود گرفت. مکتب شرق‌شناسی زائیده این تحول در جهان و تثبیتِ نظریِ برتریِ بخشی از جهان بر بخش دیگر بود. اطلاعات و دانش کسب‌شده در مورد شرق در سیاست‌گذاری دولتها مفید و موثر واقع می‌شد. انبوه نوشته‌ها در مورد جوامع مختلف، زبان و آداب و رسوم آنها توسط کسانی که الزاماً بخاطر این توسعه‌طلبی و سیاست‌گذاریها تهیه نمی‌گردید در نهایت به مکتبی با اقتدار مبدل شد. شرق‌شناسی بنابراین انسانها را بنابه خصائص فرهنگی، دین و آداب و رسومشان تقسیم‌بندی می‌کرد. این تقسیم‌بندی و تفاوتها به صورت اجزاء غیرقابل زدودنیِ فرهنگ مسلط جهانی درآمد. عرب، فارس، کُرد، تُرک، هندی و چینی خارج از پروسه‌های تاریخی توضیح داده می‌شدند. اعراب در ادبیات بعد از شکست سال ۱۹۶۷، شکست‌خورده و تسلیمی نشان داده می‌شدند در حالیکه بدنبال بحران نفتی سال ۱۹۷۳، یک عرب قاعدتاً یک شیخ و صاحب یک چاه نفت هم بود. شرق‌شناسی به جغرافیا کاری نداشت. این مکتب در برخورد به آفریقا و آمریکای لاتین نیز همین رویه را اتخاذ می‌کرد. «شرق‌شناسی» خود مفهومی گمراه‌کننده است.

آنچه بعدها به عنوان شرق‌شناسی به مثابه مکتبی منسجم در توضیح شرق (یا بهتر است بگوییم در ممانعت از اشاعه دانش در مورد آن) موسوم گشت با زبان‌شناسی، در ابتدا توسط ساسی و سپس به کوشش ارنست رنان آغاز گردید که به تقسیم‌بندی زبانهای گوناگون و شاید مهمتر از همه موج وسیع تحقیقات در اواخر قرن نوزدهم و در اوایل قرن بیستم در مورد ریشه زبانی گروه‌های مختلف اجتماعی در خاورمیانه منجر گشت.

میشل فوکو، فیلسوف فرانسوی، در توضیح رابطه دانش و قدرت معتقد بود که: «در این جهان عجیب، دانش دیگر نه خود حقیقت بلکه محصول مبارزه برای قدرت بود که در آن رویداد و گفتمانها (حاملین «اقتصاد سیاسی»)، «شبکه» و «رژیم»های دانش [ساختار فکری یا صورتبندی دانایی] را می‌آفرینند- که تنها تا ظهور نوعی جدید و کاراتر به حیات ادامه می‌دهند. بنابراین، حقیقت...خارج از قدرت قرار ندارد».[۱] از نظر او زبان از اواخر قرن هجدهم و در قرن نوزدهم بدین گونه تغییر کرد که دیگر منعکس کننده واقعیت (شی و اجسام) نیست بلکه به شکل «فیلم» شفافی که از آن کنده شده است در می‌آید. به قول حسین بشیریه «نشانه‌ها بر خلاف عصر رنسانس مقید به رابطه شباهت میان واژگان و چیزها نیستند بلکه رابطه میان نشانه‌ها و مدلول آن خود جزء درونی دانش

بود».[۲] زبـــان در نتیجه کلمـــات و اظهارات دیگر نه به مثابه نشـــانه‌ها برای بیان اشیاء و اجســـام بلکه به رویدادهای شناور در مکان، میدان یا اپیستمه [صورتبندی دانایی] مبدل می‌گردند.[۳] بنابرایـــن، دانش نه حقیقت امر بلکه محصول مبارزه برای قدرت می‌شـــود و هنگامـــی از هر لحاظ کاربـــرد می‌یابد که به شکل گفتمان در آید.[۴]

بر این اســـاس می‌توان گفت که «ایران» دیگر صرفاً نه یـــک واقعیت جغرافیایی، بلکه گفتمانی بـــا چارچوب معین اســـت که ادعا دارد تاریخـــی ۲۵۰۰ ســـاله و بلاانقطاع دارد. این گفتمان بخشـــی از یک ساختار فکری یا صورت‌بندی دانایی اســـت که خود به عنوان «مجموعـــه روابطی اســـت کـــه در یک عصر تاریخی به کردارهای گفتمانی موجد دانشها، علـــوم و نظام‌های فکری وحدت می‌بخشـــد». [۵] به همیـــن خاطر هر بیانی در تضاد با این گفتمان ممکن اســـت «هـــرج و مرج طلبی»، «تجزیه» و «خدمت به بیگانه» نام بگیرد. ارزش تاریخ در این گفتمان، دادن مشروعیت به نهاد امروزین (مثلاً حکومت، حزب) اســـت. تاریخ «ایران»، با انکار جوامع ماقبل و تشکیل‌دهنده خود، از هخامنشـــی شروع می‌شود همچنانکه تاریخ «کردستان بزرگ» برای بسیاری از مادها آغاز می‌گردد و عوامل گوناگون در شکل‌گیری جوامـــع کُـــردیِ در مقاطع مختلـــف تاریخی بدنبال آن معمولاً نادیده گرفته می‌شـــود؛ و بدین‌گونه است که جدال بر سر ریشه نژادی مادها و صلاح‌الدین ایوبی به میدانهای اصلی منازعه تاریخی در بیـــن مردمان گوناگون بر سر تصاحب تاریخ تبدیل می‌شود؛ و تهران نه طهران و پارس و نه فارس معنا پیدا می‌کنند. زبان در ادامه این روند تصفیه تاریخ و کلمات «بیگانه» را ضروری می‌سازد (مثلاً زبان تُرکی بعد از تشـــکیل جمهـــوری ترکیـــه) و انکار پیوندهـــا و تأثیرگذاریهـــای تاریخی، فرهنگ دورگـــه و متداخل و نه مجزا، در بین مردمان مختلف که کلمات مشترک بسیاری را آفریده است نُرم می‌شود. این نوع برداشت از تاریخ به عادت و سنت تبدیل می‌شود؛ از پدر و مادر به فرزند می‌رسد و بدین گونه کمبود در آموزش و پرورش مســـلط (که به مثابه یک دستاورد مهم عصر جدید مســـلم پنداشـــته می‌شود و ارتباط آن با قدرت پوشـــیده می‌ماند) جبران می‌گردد.

کارهای بســـیاری از نویسندگان در به جا انداختن تلقیاتی مشخص در مورد خلقها تأثیر قطعی داشـــته اســـت و به نظر می‌رسد این مردمان توســـط کســـانی دیگر و نه خودشان نمایندگی می‌شـــوند. محمـــد قاضی، مترجم نامی کُرد، در ترجمه کتاب واسیلی نیکیتین به نام کُرد و کردســـتان می‌نویسد: « نویسنده [نیکیتین]...بـــه یکی از راههایی که برای حل مســـئله کردستان به نظرش می‌رسد اشاره‌ای کرده و آن اینکه سه قسمت مجزای کردستان (ایران، ترکیه و عراق) بجای اینکه هر قسمت به کشـــوری تعلق داشـــته باشند فعلاً به یک کشـــور ضمیمه شـــوند تا همه کردها با هم باشند، به امید اینکه بعدها وضعی پیش بیاید که شـــاید سرنوشـــت بهتری پیدا کنند. من خود یکی از کســـانی هستم که به پیروی از این نظر معتقدم دو قســـمت کردستان عراق و ترکیه هر دو باید به ایران ملحق شـــوند و بدین‌گونه کردســـتان بزرگ جزو خاک ایران گردد، زیرا ملت کرد ملتی است که هیچگونه پیوند نژادی و زبانی و فرهنگی با ترک و عرب نـــدارد و حال آنکه هم نژادش با ایرانیان یکی است و هم زبان کردی شباهت و خویشاوندی بسیار نزدیکی با زبان فارسی دارد...به ویژه که در عهد باستان هر سه قسمت کردستان جزو خاک ایران و تابع امپراتوریهای هخامنشـــی و ساسانی بوده است.»[۶]

در ایـــن نقل‌قول «مســـئله کردســـتان» مســـئله‌ای گنگ اســـت و اینکه «فعلاً به یک کشور ضـمیمه شوند» به چه دلیل، تا کی و از

نظر منافع چه کسی بایستی اینچنین باشد؟ بدین‌گونه « ایران»، که گویا زمانی همه تابع آن بود، و نوعی از «کردستان بزرگ» به نژاد و مشروعیتی غیرتاریخی متوسل می‌شوند و مسئله اصلی که آزادی در تعیین سرنوشت و سعادت اقتصادی مردم و جوامع آنها باشد قربانی قدرت سیاسی می‌گردد.

مردم در کردستان اساساً بر طبق کارهای مینورسکی و نیکتین هم خود را تعریف کرده‌اند و هم توسط مردمان دیگر قضاوت می‌شوند. علاقه‌مندی برای نشان دادن مکان عشایر کُرد در نقشه و توضیح خصائص، جمعیت و نوع زندگی آنها در متون اوایل قرن بیستم و برجسته کردن زندگی غیر شهری، دادن تصویری روستایی و مردانه و تقریباً حذف خصوصیات دیگر این مردم، در طول قرن بیستم و تاکنون، اساساً عملی اتفاقی و بدون ارتباط با قدرت و گفتمان نیست. بهنام امینی، جامعه‌شناس کُرد، بنا به تجربیات خود نتیجه می‌گیرد که: «گفتمان ناسیونالیستی ایرانی که به ویژه پس از جنگ جهانی اول در حوزه روشنفکری و نیز سیاسی از طریق رضا شاه در ایران حاکم شد، از آن زمان تا به حال به اشکال پیچیده و عموماً مستتری عناصر گفتمان شرق‌شناسی را در مورد اقوام ایرانی بازتولید کرده است...در برنامه‌های صدا و سیمای مراکز این استان‌ها کردی حرف زدن و پوشیدن لباس کردی مختص پیرزنان و پیرمردان تکیده و زشت‌رو و یا شخصیت‌های دلقک‌ماب بود. پسران و به‌ویژه دختران جوان فارسی حرف می‌زدند. در واقع فارس بودن و فارسی حرف زدن پدیده‌ای مدرن، شهری، متمدن و باکلاس بود در حالی که کُردی پوشیدن و حرف زدن مربوط به انسان‌های بدوی، دهاتی، قدیمی و عقب‌افتاده بود».[۷]

دوای شکستی خوێناویی شۆڕشی نۆڤەمبەری ئەڵمانیا و دامەزراندنی کۆماری نیمچە دیموکراتیی ڤایمار لە ئەڵمانیا، قەیران دوای قەیران بەرۆکی ئەڵمانیا دەگرێت، لە قەرەبووکردنەوەی وڵاتانی زیانلێکەوتووەوە بگرە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی و بۆ قەیرانە ئابوورییە یەک لە دوای یەکەکان و بۆ داکشانەوەی پیشەسازیی ئەڵمانی. هەموو ئەمانە دەرفەتی گرنگ دەبن بۆ سەرهەڵدانی هێزە توندڕەوە ڕاسترەو و فاشیستەکان لە ئەڵمانیا. لە هەموو ئەم شتانەشدا جوو تۆمەتبار دەکرێن کە لە پشتی یەک بەیەکی ئەم قەیرانانەوە وەستاون و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم تۆمەتانەش هەمیشە بریتییە لە پرۆتۆکۆلەکان. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٢٠دا نزیکەی ١٢٠ هەزار نوسخەی نامیلکەکە دەفرۆشرێت. تا ساڵی ١٩٣٣ و بە ماوەیەکی کەم پێش هاتنی هیتلەر بۆ دەسەڵات، دەگاتە سی و سێ چاپ و بە نزیکەی تا ١٠ ملیۆن فرۆش دەڕوات. وەک فۆلکە ئولریش، یەکێک لە کاریگەرترین و ناسراوترین مێژوونووسانی ئەڵمانی و بە نزیکەی دوایین ژیننامەنووسیی هیتلەر، دەڵێت «لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆن لە ئەڵمانیا و بە زمانی ئەڵمانی... تیۆریی پیلانگێڕی بووە ڕەگەزی هەرە سەرەکیی پروپاگەندەی ئەتنیکی-شۆڤینیستیی ئەڵمانی»[٦]. هانا ئارنت لە کتێبە کاریگەرەکەیدا، سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم (١٩٥١) تۆمارنامەکان وەک دەقی سەرەکیی نازیزم دەبینێت و دەڵێت نازییەکان ئەم دەقەیان وەک «کتێبی وانەیی» بەکار هێناوە[٧]. نۆرمان کۆهن، مێژوونووس و دەروونشیکاری بریتانی، لە کتێبە بەناوبانگ و کلاسیکەکەیدا فەرمانی جینۆساید: ئەفسانەی پیلانگێڕیی جیهانیی جوو و تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن (١٩٦٧)، ئەم نامیلکەیە وەک «فەرمانی جینۆساید» لەقەڵەم دەداتە و دەڵێت ئەم دەقە بووە «دەربڕین و پاڵنەری باڵا و سەرەکی بۆ ئەفسانەی پیلانگێڕیی جووی جیهانی. مێشک و زەینی هیتلەری بە قووڵی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد و دەقەکە بووە ئایدیۆلۆژیای سەرەکیی توندڕەوترین و شێتانەترین لایەنگرانی هیتلەر لە ناوخۆ و لە دەرەوە — و دەقەکە یارمەتیدەر بوو لە ئامادەکردنی ڕێگەکە بۆ بە نزیکەیی قڕکردنی سەرتاپای جووەکانی ئەورووپا»[٨]. ڕۆبەرت

ویستریش، بەناوبانگترین مێژوونووسی بواری ئەنتیسێمیتیزم دەڵێت ئەم دەقە ڕاستەوخۆ هۆلۆکۆستی لێ کەوتەوە[۹]. سێرگێ نیلوس، قەشە و ئەریستۆکراتیی ڕووسی، لە ساڵی ۱۹۰۵دا دەقەکە بەناوی «مەزن لە بچووکدا: هاتنی دژە-مەسیح و حوکمی شەیتان لەسەر زەوی» چاپ دەکات، بە دیاریکراوی لە سەروبەندی شۆڕشی ۱۹۰۵ی ڕووسیادا، کە جووە لیبراڵ و سۆسیالیستەکان ڕۆڵی چالاکانەیان هەبوو لە شۆڕشەکەدا و شکستی شۆڕشەکەش، هاوکات کوشتار و ڕاوەدوونانی بەکۆمەڵی جووەکانی لێ کەوتەوە.

کەواتە دەکرێت بپرسین چۆن دەکرێت دەقێکی بچکۆلەی ڕووسی، لە ماوەیەکی کەمدا هێندە بە ئاسانی جیهان بتەنێتەوە و لەگەڵ ئەوەی هەر زوو هەم بەلشەڤییەکان و هەم ئەمریکییەکان، بریتانییەکان و فەڕەنسییەکان ئاشکرایان کرد کە دەقێکی ساختەکراوی پۆلیسی نهێنیی ڕووسییە، بتوانێت هۆلۆکۆست و قڕکردنی سەرتاپاگیری جووەکان بخوڵقێنێت؟ دەروونشیکارەکان و مێژوونووسانێکی زۆر و بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن کە فەنتازیا پیلانگێرییەکان و درۆ و پروپاگەندەکان بەئاسانی دەتوانن کار لە هۆش و زەین و دڵ و دەروونی جەماوەر بکەن و بیجووڵێنن. ئەم دەقە هاوکات کاریگەریی لەسەر کەسایەتییە دیارەکانی جیهان و سەرمایەداران و بەدیاریکراویش بە فراوانی لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی داناوە. بۆ نموونە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە خۆراوا ئەم دەقە بەتەواوی لە ڕەوایەت کەوت، کەچی لە ساڵی ۲۰۰۳ تەلەڤزیۆنی ئەل-مەناری حزبوڵا دەقەکە دەکات بە زنجیرەفیلمێکی ۲۹ بەشی بەناوی «دیاسپۆرا» (الشتات). بۆ نموونە بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی حەماس لە ۱۹۸۷دا تۆمارنامەکان وەک بەڵگەیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینە لەقەڵەم دەدات و لەم ڕێیەوە دەڵێت بوونی ئیسرائیل بۆ حوکمی جیهان و تێکدانی جیهانی ئیسلامی، پێشتر لە تۆمارنامەکاندا هاتووە. لەگەڵ ئەوەی تۆمارنامەکان لە پێش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەرگێردراوە بۆ فارسی، بەڵام لە سەردەمی خومەینییەوە تا ئەمڕۆ یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی گوتاری فەرمیی دژە-جووی کۆماری ئیسلامی.

بەکورتی، لەگەڵ ئەوەی نووسەری دەقەکە زانراو نییە، بەڵام ئەوە بە فراوانی ناسراوە کە دەقەکە لە دەزگای نهێنیی پۆلیسی ڕووسیادا دروست کراوە و لە ۲۴ بەش پێک هاتووە، واتا بە گریمانەیی لە ۲۴ خولەکی دیداری زایۆنیستەکان، کە لە ڕوانگەی دەقەکەوە، دیدارێکی نهێنی بووە و وەک «پلانە نهێنییەکان»ی جووەکان بۆ حوکمی جیهان ناو براوە کە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ئابووری، کۆنترۆڵکردنی میدیا، بەشەڕدانی وڵاتان و نەتەوەکان و هەڵگیرساندن و وروژاندنی جەنگە ئایینییەکان، ئامانج و پیلانی خۆیان بۆ باڵادەستبوون بەسەر جیهاندا بەدی دەهێنن. بەڵام بێگومان چەندین سەرچاوەی سەرەکی بۆ نووسینی ئەم دەقە بەکار هاتوون کە ڕیشەی ڕاستەوخۆیان لە دژە-جووایەتیی فەڕەنسا و ئەڵمانیای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هەیە و دیارە لێرەدا ئێمە ناتوانین بە وردی هەڵوەستە لەسەر ڕەگوڕیشەکانی ئەم دەقە بکەین و بەدڵنیاییەوە هەڵی دەگرین بۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ[۱۰].

دەتوانین بڵێین هیچ نووسراوەیەک لە مێژووی مرۆڤدا هێندەی ئەم دەقە ساختەکراوە نەیتوانیوە بنچینەی فەنتازیای پیلانگێری پێک بهێنێت. هۆکارە سەرەکییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ناوی جووەکان کە دەیانەوێت حوکمی جیهان بکەن، بەوەدا جیهان پێشتر بەدرێژاییی دوو هەزار ساڵ دەستوپەنجەی لەگەڵ دژە-جووایەتییدا نەرم کردووە. ئەم دەقە ئەو بیروباوەڕەی لای فەنتازیسازانی پیلانگێریی بەهێز کردووە کە جووەکان

بکاتە بەرپرسی هەموو کارەساتەکانی سەر زەوی و هەموو دیاردە مۆدێرنەکان، تەنانەت دژبەیەکەکانیش: کۆمۆنیزم و سەرمایەداری. بۆ نموونە جوو دەتوانێت ستالین و رووزەڤێلتی سەرۆکی ئەمریکا بکاتە هاوڕێ. وەک باس کرا، ئەم دەقە دوای جەنگ لە جیهانی خۆراوادا باوی نامێنێت، تەنها لە بازنەیەکی بچووکی گرووپە ژێرزەمینییە نیۆنازییەکاندا نەبێت، بەڵام ئەمڕۆ کاریگەریی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ جیهانی ئیسلامی و تەنانەت بۆ سیکۆلارترین ڕەوتەکانی ئەم جیهانە: ناسیۆنالیزمی پانعەرەبی واتا بەعسیزم و چەپ گواستووەتەوە و ئەم جارە ڕەهەندێکی دیکەش بۆ سەر ئەم فەنتازیا پیلانگێرییە زیاد کراوە: کورد.

## ئەنتیسیمیتیزم چییە؟ ڕاست، چەپ، ئیسلامی

ڕقبوونەوە لە جووەکان (Judenhass)، جووبێزی (Judenfeindseligkeit)، دژە-جووایەتی (Anti-Judaismus) و دژە-سامی (Antisemitismus) کۆمەڵە دەستەواژەیەکن لە دەوری یەک تیما دەخولێنەوە: دوژمنایەتی بەرانبەر جووەکان (Judenfeindschaft) و ئەمەش بەشێکە لە کۆدە کولتوورییەکانی مرۆڤ بە درێژایی دوو هەزار ساڵ بێ پچڕان بووە بە بەشێک لە یادەوەری و توانا و ڕێچکەی پەیوەندیگیریی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ، لە کۆمەڵگەی خۆراواییەوە بگرە تا کۆمەڵگە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین، ئاسیای ناوەڕاست و دوور. دژایەتیکردنی ئەم دیاردەیەش نە پەروەردە و نە زانایی و زیرەکی چارەسەر نین.

ساڵی ۲۰۱۴ ئەنجومەنی ناوەندیی جووەکان لە ئەڵمانیا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بڵاو کردووە کە هەم بە ئیمەیل بۆی هاتوون و هەم کۆمێنتی فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرامی کۆ کردبوونەوە و بڵاوی کردنەوە تێیدا هاتبوو: «هەی جوو، هەی جوو، هەی بەرازی جەبان، وەرە دەرەوە و دووبەدوو بجەنگە»، «ئیسرائیلی منداڵکوژ»، «تیرۆریزمی جوو بوەستێنن»، و هتد ئەم جۆرە دەربڕینە بەئاشکرا دژە-جووانە لە پەیوەندیدا بە ناکۆکیی غەزە-ئیسرائیل بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم دەربڕینانەی سەرەوە تەنها لە ئاستی کۆمێنت و ئیمەیلدا نەما بوونەوە، بەڵکو ببوونە نووسراوی سەر لافیتەکان لە خۆپیشاندانی شاری ئیسن، بەرلین، کۆڵن و چەندین شاری دیکەی ئەڵمانیا. هەروەها بە بەردەوامی لە پۆستی فەیسبووک، ئینستاگرام و تویتەردا دەبینین جووەکان بە نازییەکانی ئەمڕۆ ناو دەبرێن و غەزە بە گیتۆی وارشۆ. هەروەها ڕۆژانە کونسوڵخانەی ئیسرائیل و سەرجەمی دامەزراوە و ناوەندە جووەکانی ئەڵمانیا ئیمەیلیان بۆ دەچێت، تێیاندا دەوڵەتی جوو وەک گەورەترین و پیسترین زبڵدانی سەر زەوی و جووەکان بە هەمان شێوە و بە یەکسان وەک منداڵکوژان دەبینرێن و وەک تاوانبار و درندە و ئاژەڵی کێوی لەقەڵەم دەدرێن. هەڕەشەی کوشتن لە جووەکان وەک کوشتنی سەرجەمی ئیسرائیلییەکان و فەنتازیای قرکاری وەک بە چەکی ئەتۆمی بۆمبارانکردنی «دەوڵەتی تاوانکاری ئیسرائیل» و سڕینەوەی لەسەر زەوی، بووە بە گوتاری بەردەوامی وڵاتان و خەڵکانی جۆراوجۆر و ئەمڕۆ چی تر هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل بە چەکی ئەتۆمی وەک گوتارێکی فەناتیکی ئێران نەماوەتەوە و بووە بە بەشێک لە کۆمێنتنووسانی ئەڵمانیش. لە شاری ڤوپەرتال بە مۆلۆتۆڤ و ئامرازی ئاگرکەرەوە هێرش دەکرێتە سەر پەرستگای جووەکان (سیناگۆگەکان). لە سەرجەمی ئەڵمانیادا خۆپیشاندەران هەم ئاڵای ئیسرائیل و هەم کیپا (کڵاوی سیمبولیی ئایینانەی جووەکان، یارمولکە) وەک نیشانەی نەخۆشی پیشان دەدرێن و جوێنیان پێ دەدرێت، و ئەوانەی

کیپایان لەسەر کردبێت، هێرشیان دەکرێتە سەر[١١].

ئەنتیسێمیتیزم لە رووی مێژووییەوە ریشەیەکی قووڵی دووردرێژی هەیە و ریشەکەی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە سەر میسرییە کۆنەکان. بۆ نموونە فلاڤیوس ژۆزێفوس (٣٧-١٠٠ی زایینی) مێژوونووس و رابەری میلیتاریی رۆمانی-جوو، دوای شکستی یوریشەلایم بەدەستی رۆمانەکان، دەچێتە پاڵ رۆمانەکانەوە و پۆست و پلەی باڵا بەدەست دەهێنێت، و پاشان دەبێتە لێکۆڵەری فەلسەفە و تیۆلۆژیا و مێژوونووسی، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «دژی ئاپیۆن» یاخود بە وەرگێڕانی مۆدێرن: «دژی یۆنانییەکان دەربارەی کەونارایی گەلی جوو»، دەڵێت: «یەکەم جار میسرییەکان دەستیان پێکرد جوێنمان پێ بدەن»[١٢]. دژە-جوولەکەیی پاشان دەپەرێتەوە ناو مەسیحایەتی، بەتایبەت بە دوو هۆکار: یەکەم حەوارییەکانی مەسیح بۆ ئەوەی رەوایەتی بە ئایینی تازەی مەسیحی بدەن دەبوو جووەکان بەدیو بکەن، لە رەوایەتی دایان بماڵن و لە بنەڕەتدا خودی ئایینی جوو، پێش سەرهەڵدانی مەسیحایەتیش وەک ئایینێکی رەتکراوە ببینن. دووەم، لەقەڵەمدانی جووەکان وەک «خواکوژ». نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە کۆمەڵگەی مەسیحیدا، بەتایبەت لە خۆراوا، جووەکان وەک «خواکوژان» دەبینرێن، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی سەرجەمی دەنگۆکان دەربارەی جووەکان: منداڵکوژان و خواردنەوەی خوێنیان، ژەهراویکردنی کانیاوەکان، و ئەمانەش هەروەها جووەکان وردە وردە بەرەو کەنارەکان و پەراوێزەکانی کۆمەڵگە پاڵ دەنێن و دەیانکەن بە مرۆڤانی پەراوێزنشین و سەرجەمی کارە شایستەکانیان لەسەر قەدەغە دەکەن. رێگەیان پێنادەن بەشداریی کۆمەڵگەی خانەخوێ بکەن، لە خوێندنگاکانیان بخوێنن، سەردانی شوێنە پیرۆزەکان بکەن و هتد[١٣].

## یەک: ئەنتیسێمیتیزمی راستڕەو

لەگەڵ ئاوابوونی دەسەڵاتداریێتیی مەسیحی و سیکۆلاریزەبوونی کۆمەڵگە خۆراوایییەکان، ئەنتیسێمیتزمی ئایینی هەر دەمێنێت، بەڵام ئەم جارە سیکۆلاریزە و بەدونیایی دەبێت. لەپاڵ بینینی جووەکان وەک خواکوژان، ئەم جارە وەک داهێنەرانی ئایدیا و ئایدیۆلۆژییە مۆدێرنەکان دەبینرێن بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگەی قووچەکێتی و هایرارکیی ئەریستۆکراسیی خۆراوایی: رۆشنگەری، مۆدێرنیتە، لیبراڵیزم، سۆسیالیزم، سەرمایەداری و دەوڵەت-نەتەوەکان. لێرەوە ئەنتیسێمیتیزمی راستڕەو دەست پێدەکات. هەڵبەت ئەم ئەنتیسێمیتیزمەش ریشەی قووڵی لەنێو نەریتی دوور و درێژیی مێژوویی و هەروەها زرە-زانستی رەگەزیی سەدەی نۆزدە و ئایدیۆلۆژییە رەگەزی و شۆڤێنییەکانی کۆتاییی سەدەی هەژدەدا هەیە. لە ئەورووپا وەک باسمان کرد، ئەنتیسێمیتیزمی کلاسیک، فۆرمێکی ئایینی هەیە و بەستراوەتەوە بە رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی مەسیح و بینینی جووەکان وەک خواکوژان، ئەمەش هۆکاری راودوونان، جیاکاری، توندوتیژی، ئازاردان و چەندین کوشتاری لێ کەوتووەتەوە. ئەم فۆرمەی توندوتیژی بەرانبەر بە جووەکان و سیکۆلاریزەبوونی لە هۆلۆکستدا دەگاتە لوتکە. یەکێک لەو بۆچوونە باو و هەڵانەی سەبارەت بە ئەنتیسێمیتزم لە خوێندنەوەی مارکسیستیدا هەیە ئەوەیە ئەنتیسێمیتزم وەک فۆرمێکی بێگانەبێزی (xenophobic) و راسیزم دەبینێت کە دەڵێت نازییەکان جووەکانیان وەک رەگەزی نزمتر و خەڵکانێکی بچووکتر دەبینی. بەپێچەوانەوە لە ئایدیۆلۆژیا و فەنتازیای دژە-سامیی نازییەکاندا و بەگشتی راستڕەوەکاندا، جووەکان فۆرمێکی ترسناک وەردەگرن بەوەدا دەسەڵاتدارترینن و توانای هەموو جۆرە کارێکیان هەیە.

لە گێڕانەوەی نازییەکاندا و هەروەها

ڕاستڕەوی ئەمڕۆشدا جووەکان کۆنترۆڵی دارایی جیهان، میدیا و سیاسەتیان کردووە. پێشتر باسی «تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن»مان کرد، ئەم گێڕانەوەیە دەڵێت بەڵگەی ئەم کۆنترۆڵەی جوو بەسەر سیاسەت و دارایی و میدیای جیهانیدا پێشتر لە تۆمارنامەکاندا هاتووە. هەموو ڕەوتە ڕاستڕەوەکان و ئایدیۆلۆژییەکان لە نازییەکانەوە بۆ ڕاسیستە سپیپێستە ئەمریکییەکانی ئەمڕۆ کۆکن لەسەر ئەوەی جووەکان خەریکی پیلانگێڕین لە دژی جیهان و کولتووری خۆراوا. هەر لەبەرئەوە بوو هیتلەر دەیگوت بە لەناوبردنی جووەکان «مرۆڤایەتی ڕزگار دەکەم» و لە ساڵی ١٩٣٩دا بە ماوەیەکی کەم پێش داگیرکردنی پۆڵەندا، لە ڕایشتاگی ئەڵمانیدا، هیتلەر دەڵێت: «ئەگەر جووایەتیی ئەنتەرناسیۆنالی دارایی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەورووپا بیەوێت جارێکی دیکە گەلان بگلێنێتە نێو جەنگێکی دیکەی جیهانییەوە، دەرەنجامەکە ئەم جارە بە بەلشەڤیکردنی زەوی و لەگەڵیدا سەکەوتن و بردنەوەی جووایەتی نابێت، بەڵکو بریتی دەبێت لە قڕکردنی سەرتاپای ڕەگەزی جوو لە ئەورووپا»[١٤].

لێرەدا ئێمە دەبینین هیتلەر نەک تەنها جوو بۆ جەنگی یەکەمی جیهانیش تۆمەتبار دەکات، کاتێک دەڵێت «جەنگێکی دیکەی جیهانی»، واتا جەنگی یەکەمیش هەر جوو هەڵگیرسێنەری بووە، هەروەها پێداگری لەسەر ئەو فەنتازیایە دەکات کە جووەکان بەهێزترین «ڕەگەز»ن و لە پشتی هەموو ڕووداوەکانەوە وەستاون. شولامیت ڤۆلکۆڤ، بیرمەند و مێژوونووسی ئیسرائیلی، لە تێزە ناوازەکەیدا بەناوی «ئەنتیسێمیتیزم وەک کۆدی کولتووری»، لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەڵمانیا ئایدیۆلۆژییەک دەر کەوت:

*«خۆی لەنێو مێتالیتییەکی ڕادیکاڵی دژە-مۆدێرندا پیشان دەدا کە لیبراڵیزم، سەرمایەداری و سۆسیالیزم ڕەت دەکاتەوە و جۆش و خرۆشێکی بەتینی نۆستالژییانەی بۆ جیهانێکی لەمێژ لەدەستچوو هەیە. ئەمەش زنجیرەیەکی ڕوانگە سیاسییەکان پیشان دەدات، بە خودی دژایەتیکردنی دیموکراسی و بانگەواز بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی چوونیەک و هارمۆنی. ئەمەش چوو بووە پاڵ ناسیۆنالیزمی پەرگیر، پاڵنەرێکی کۆڵۆنیالی و ئیمپریالی، جۆش و خرۆشێک بۆ جەنگ و بانگەشەکردن بۆ کۆد و ڕێسا و یاسایەکی ئەخلاقیی پێش-پیشەسازی، هەمووی تێکەڵبوو بە زیاتر لە تەنها ئاسەوار و شوێنپێیەکی دووڕووی و ڕیاکاری. بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم ڕەوتە هەمیشە و سەتاپا ئاوێتە بوو بە ئەنتیسێمیتیزم»[١٥].*

ئەم جۆرە بینینەی جوو لەنێو بزووتنەوە ڕاستڕەوەکاندا دوای ١٩٤٥ بەتەواوی کۆتایی پێ نەهات و ئەمڕۆ لە فۆرمی جۆراوجۆردا دەر کەوتووەتەوە. بۆ نموونە دەتوانین باس لە ئەنتیسێمیتیزمی ڕاستڕەوی نوێ بکەین کە دیسان پێداگری لەسەر پیلانگێڕیی جووی جیهانی دەکات. بۆ نموونە ئێستا جووەکان لەپشتی ئەجێندا جیهانییەکانەوە وەستاون، وەک سیاسەتەکانی کۆچبەری و پەنابەری تا سەروەریی نەتەوەیی وڵاتانی خۆراوا لاواز بکەن، یاخود ئەجێندا ئابوورییەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن. کەسانی وەک جۆرج سۆرۆس، جوویەکی ملیاردێر بەگشتی وەک هێمای کاریگەری و هەژموونی جوو دەبینرێت کە هەم دەیەوێت بە کردنەوەی سنوورەکانی ئەورووپا بەڕووی پەنابەراندا هێزی کاری هەرزانی دەست بکەوێت و هەم هەستە نەتەوەیییەکانی ئەورووپییەکان لاواز بکات و ڕاستڕەوەکان

ئەوەش ناشارنەوە کە ئەم پیلانگێرییەی جوو وەک جۆرێک تۆڵەکردنەوە لە ئەورووپا بۆ هۆلۆکۆست ببینن. تەنانەت کتێبێکی تازە، لە نووسینی مات پالومبۆ، راستڕەوی ئەمریکی، سۆرۆس وەک «پیرەهڤۆک»، دێو، و دەستی شاراوە لەپشت هەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا و جیهانەوە دەبینێت[١٦]. لە هەموو ئەم دارشتنانەدا، پارە، سامان، سەرمایە، بازرگانی و ... هتد هیچ ترسێکی لەسەر نییە، تەنها ئەو کاتە ترسناک دەبێت ئەگەر ئەو سامانە لەدەستی جووەکاندا بێت.

## دوو: ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو

ئەنتیسێمیتیزم پێکهێنەری ناوەکی ئایدیۆلۆژیای چەپ نییە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیدا ئەنتیسێمیتیزم نەبوو بێت. ئێمە جارێ باسی ئایدیۆلۆژیای ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ناکەین، بەڵکو باس لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دەکەین. هەموو رەخنەکان لە جووەکان رەخنەی دژە-سامییانە نەبوون، یاخود سەرجەمی رەخنەکان و هێرشەکان بۆسەر زایۆنیزم لەلایەن چەپەوە لە ئەنتیسێمیتیزمەوە نەدەهاتن، بەڵکو لە ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیی ئەم بزووتنەوەیە دەهات بەرانبەر بە دەوڵەت-نەتەوەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دووبارەکردنەوە و بگرە لە زۆر شوێندا رادیکاڵیزەکردنی زیاتری ئەنتیسێمیتیزم لەبەرەی چەپ هەبووە. کارل مارکس، لەگەڵ ئەوەی قووڵ بڕوای بە رزگاریی جووەکان هەبووە، هاوکات هەندێک تێما و ناوەڕۆک لە نووسینەکانیدا هەن دەری دەخەن هێشتا قووڵ لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای شۆڤینیستی و مەسیحیی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بووە، بەتایبەت وتارە بەناوبانگ/بەدناوەکەی «دەربارەی پرسی جوو» (Zur Judenfrage)[١٧]. لەم نووسینەدا مارکس هەوڵ دەدات گەشە بە پێناسەیەکی جوولەکەیی، سروشتەکەی و مانا مێژووییەکەی بدات. ئایدیاکانی بەهیچ شێوەیەک تازە نەبوون: ئەو هەروا بەسانایی بەشێکی زۆری ئەو ناوەڕۆک و بۆچوونانەی هەڵگرتبوونەوە پێشتر لای فۆیەرباخ هەبوون - جوولەکەیی وەک ئایینی ئیگۆییزم - و زۆر گشتیتر لای هێگڵییە لاوەکان ئامادە بوون، بۆ نموونە یەکسانکردنی جوو بە پارە وەک لای مۆزس هێس هەبوو. مارکس دەنووسێت: «بناغەی سیکۆلاری بۆ جوولەکەیی چییە؟ پێداویستیی پراکتیکی، خود-بەرژەوەندی. ئایینی دونیاییانەی جوو چییە؟ بازرگانیی گەرۆک (Händler). ئەی خوای دونیاییی جوو چییە؟ پارە. کەواتە زۆر باشە! رزگاربوون لە بازرگانیی گەرۆک و لە پارە، دواجار لە جوولەکەیی پراکتیکی و راستەقینە، دەبێتە خۆرزگاربوونی رۆژگاری ئێمە»[١٨]. رەگەزە پێکهێنەرەکانی جوولەکەیی «پراکتیکی، راستەقینە» - پارە و بازرگانی – ئێستا ئیتر ببوونە بناغەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی. نەتەوایەتیی خەیاڵی و وەهمی (chimärische Nationalität)ی جوو، «مرۆڤی پارە» یاخود «مرۆڤە-پارە» (Geldmensch) لە جیهانی سەرمایەدا خۆی هەڵوەشاندبووەوە؛ لەم رووەوە، مەسیحییەکان چەندە «ببوونە جوو»، جووەکانیش بەو رادەیە خۆیان رزگار کردبوو[١٩]. مادام بەهاکانی جوولەکەیی ریشەیان لەنێو کۆمەڵگەی مەسیحیی بۆرژوازیدا داکوتا بوو و لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا بڵاو ببوونەوە، رزگاریی مرۆیی، تێپەڕاندنی سەرمایەداری و تێپەڕاندنی جوولەکەیی تێکەڵی هەمان پرۆسە ببوون. هەرکە «بازرگانی» تێپەڕێنرا، جوولەکەیش لە رەوایەتی هەبوونی خۆی دەکەوێت:

*«هەرکە کۆمەڵگە سەرکەوتوو بوو لە هەڵوەشاندنەوەی جەوهەری ئەزموونگەریی جوولەکەیی – واتا ‹بازرگانیکردنی گەرۆک›(Händler)*

*و پێــش مەرجەکانی – جوو مەحاڵ دەبێت (der Jude wird unmöglich)، چونکە وشــیارییەکەی چی تر بابەت و ئۆبژێکتێکی نەبووە، چونکە بناغەی خودێتیــی (بکەرێتیــی) جووایەتی، پێداویســتیی پراکتیکــی بەمرۆیــی کــراون، و چونکە ململانێــی نێوان بوونی تاکگەری-هەستەوەریی مرۆڤ و بوونی جۆرایەتیی خۆی لەناو چووە و نەماوە. ڕزگاریی کۆمەڵایەتیی جوو بریتییە لە ڕزگاربوونــی کۆمەڵگە لە جووایەتی»*[٢٠].

بینینی جووەکان وەک «مرۆڤە-پارە» (Geld-mensch) یاخود «گەلی بازرگانپیشە» (Han-dlsvolk) لەلایەن مارکسەوە، پیشانی دەدات بیرمەندە شۆڕشــگێڕە سۆسیالیستەکە دابڕاو نەبووە لە تێگەیشــتنی باوی ئەو سەردەمە و پەیوەندی بە ئەنتیســێمیتیزمەوە، ئەگەرچی مارکسی پیرتر، بەتەواوی خۆی لەم ئایدیایانە دادەبڕێــت، بەتایبــەت کاتێــک ئــەم جارە ستایشی بۆرژوازی و ســەرمایەداری دەکات بە هەڵگەڕاندنــەوەی پەیوەندییە کۆنەکان و ڕزگارکردنــی مرۆڤ لــە کۆتوبەندی زەوی و بیرکردنەوە لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری نەک وەک دیاردەیەکــی بازرگانــی، بەڵکو مۆدێلی بەرهەمهێنان و تێیدا ئەم جارە نەک جووەکان (کە ئێستا وەک پەراوێزنشین دەبینرێن) بەڵکو بۆرژوازیی ئەورووپی بەرپرسن لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری. هەموو ئەمانەش نەبوونە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا بزووتنەوەی کۆمۆنیســتی بەتەواوی خۆی لە ئەنتیسێمیتیزم داببڕێت.

دوو بیرمەنــدی هەرەڕادیکاڵــی نــاو سۆســیالیزم کە هەڵگری گوتــاری قڕکارین بەرانبــەر بە جــووەکان، ژۆزێف پــرۆدۆن و میخایل باکۆنین، دوو ڕابەری سۆســیالیزمی ئەنارشیســتی، بوون. ســاڵی ١٨٤٧ ژۆزێف پرۆدۆنی ئەنارشیســتی فەڕەنســی دەڵێت: «دەبێــت لە دژی ئەم ڕەگەزی جووە بجەنگین کە هەمــوو شــتێک ژەهــراوی دەکات، لە هەموو شــوێنێک دەر دەکەوێــت بێ‌ئەوەی خۆی تێکەڵی گەلانی دیکــە بکات... دەبێت ئەم ڕەگەزە یان بنێردرێتەوە بۆ ئاســیا یاخود بەتــەواوی قڕ بکرێــت». تەنانــەت پرۆدۆنی ئەنارشیســت و ئەتاییست خۆی لەوە بەدوور ناگرێت نەریتی مەســیحی دووبــارە بکاتەوە و جووەکان بــە «خواکوژ» لەقەڵــەم بدات و دەنووســێت «ڕقبوونەوە لە جوو هاوشــێوەی ترس لــە ئینگلیز دەبێــت بنچینەی باوەڕی سیاسیی ئێمە بێت»[٢١].

هەڵوەســتەکردن و لێکۆڵینــەوەی قووڵ لــە ئەنتیســێمیتیزمی چەپ پێویســتی بە لێکۆڵینەوەی ســەربەخۆ هەیــە. بەڵام ئەگەر لێرەشــدا بــە کورتی ئامــاژە بــە هەندێک ســەرەقەڵەم بکەم، دەبێت ئامــاژە بەوە بکەم تەنانەت لە کۆتاییی‌یەکانی سەدەی نۆزدە کاتێک ئەنتیسێمیتیزم وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی لە بەرەی ڕاســت لە ئەڵمانیا دەر دەکەوت و خۆی وەک ئایدیۆلۆژییەکی دژە-سەرمایەداری دەبینی و بنکە جەماوەرییەکەشی جووتیاران بوون، دژی بەپیشەســازیکردن دەوەستایەوە و لەمەشــدا بەردەوام جووەکانی بە بەرپرسی سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەزانی، بەشێکی زۆری سیاســەتمەداران و بیرمەندانــی نــاو بزووتنەوەی سۆسیالیســتیی ئەڵمانیا، ئەگەر ڕاســتەوخۆش پشــتیوانییان لەم بزووتنەوە دژە-سەرمایەدارییە دژە-سامییە نەکرد بێت، بەرانبــەری بێدەنگ بوون، چونکە پێیان وابوو بەم جــۆرە دەتوانن لــە داهاتوویەکی نزیکدا دەنگــی جەمــاوەری جووتیار ببەنــەوە. هەر لەبەرئەمــە، بیرمەند و ڕابەری مارکسیســتی سۆســیال دیموکراتیــی ئەڵمانی، ئۆگۆســت بیبــل نــاو لەم ڕەوتــەی ناو چــەپ دەنێت «سۆسیالیزمی گەمژەکان» (Sozialismus des dummen Kerls)[٢٢]. لەگــەڵ ســەرهەڵدانی بزووتنەوەی زایۆنیستیدا وەک بزووتنەوەیەک

بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی جوو لە فەڵەستین، مارکسیستە ئەڵمانییەکان دژی بزووتنەوەکە دەوەستنەوە، بەتایبەت لەنێویاندا کارل کاوتسکی. هەڵبەت ناتوانین ڕەخنەکانی کاوتسکی وەک دژە-سامی لەقەڵەم بدەین، بەڵام ڕەخنە کلاسیکەکانی ئەو ئەمڕۆ لەنێو چەپدا دووبارە سەریان هەڵداوەتەوە، کە لە زمانی دژە-زایۆنیستی و دژە-ئیسرائیلیی خۆیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زمانی ڕاسترەوەکان و ئیسلامییەکاندا نییە.

ئەگەر زۆر کورتتر بنچینەکانی ئەنتیسێمیتیزمی چەپ هەڵ بدەینەوە، دەبێت بڵێین بەگشتی خۆی لەژێر ناوی ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری و ئیمپریالیزمدا دەر دەخات. وەک چۆن لە سەدەی نۆزدەدا بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جووەکانی وەک هێماکانی سەرمایەداریی بۆرژوازی دەبینی، بەتایبەت لە ئەورووپا، کە جووەکان ڕۆڵیان لە سەرمایەی داراییدا هەبووە. ئەمەش وای کرد جووەکان وەک سەرمایەدارانی چاوچنۆک ببینرێن، لەناو بزووتنەوەیەکدا کە وا دەر دەکەوت دژی ڕاسیزم و جیاکاری بێت: بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. لە ڕۆژگاری هاوچەرخیشدا، ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو، بەگشتی خۆی لەژێر ناوی ڕەخنە لە ئیسرائیل و زایۆنیزمدا دەر دەخات. لەکاتێکدا دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی حکومەتی ئیسرائیلی بە ڕەهایی ڕەوایە و دژە-سامییانە نییە، وەک چۆن ڕەخنەگرتن لە سیاسەتە حکومییەکانی دەوڵەتانی دیکەش ڕەوایە، بەڵام بەگشتی ئەمڕۆ چەپ لە خۆیەکخستن و خۆیەکسانکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی فەڵەستینیدا زمانێکی قرکارانەی ڕاسترەوەکانی هەڵگرتووەتەوە لە ڕەوایەتی خستنی دەوڵەتی ئیسرائیل و بینینی وەک «تەنها دەوڵەتی خراپەکار»ی سەر زەوی و «هەڕەشە لەسەر ئاشتیی جیهانی»[٢٣].

ڕەخنەی چەپ لە ئیسرائیل تەنها لە ئاستی ڕەخنەدا نەوەستاوەتەوە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ خۆڕێکخستنی سەربازی و میلیشیاییش بەرانبەر بە ئیسرائیل و جووەکان تا دەگاتە ڕفاندن و تیرۆرکردنی جووەکان لە ئەڵمانیای خۆراوا. بۆ ڕەوایەتیدان بەمەش، چەپی ئەنتی-ئیمپریالیست و ئەنتی-کۆلۆنیال ئیسرائیل وەک پرۆژەیەکی چێنراوی کۆلۆنیالیستیی ئیمپریالیزمی خۆراوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت و خۆبەخۆش جووەکان دەبنە چەوسێنەرانی سەرمایەداریی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەمەشدا چەپ جووەکان وەک یەکەیەکی کۆلەکتیڤ و کۆیی دەبینێت و دەیانکاتە بەرپرسی سیاسەتە حکومییەکان و هاوکات دەیانکاتە دەرەوەی بوار و بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکانەوە. ئەمڕۆ جووەکان شوێنی نازییەکان و ئیسرائیل شوێنی ئەڵمانیای نازی و نەتانیاهو شوێنی هیتلەری گرتووەتەوە. لەم هێرشانەشدا بۆ سەر ئیسرائیل، لە دوای ١٩٦٧ەوە چەپ چووەتە پاڵ هەموو ئەو هێزانەی ئامانجیان لەناوبردنی ئیسرائیل بووە، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستینییەوە بۆ حەماس و حزبوڵا، لە حزبی بەعس و سەدام حوسێنەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

## سێ: ئەنتیسێمیتیزمی ئیسلامی

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامیزمی سیاسیی ڕادیکاڵ لەم سێ دەیەی ڕابردوودا ئەنتیسێمیتیزم پلاتفۆرمێکی دیکەی بەفراوانی بەجیهانیکراو و هێرشبەری وەرگرتووە، یاخود بوارێکی دووەمی سیاسیی سەروو-نەتەوەیی لە جیهانی هاوچەرخدا. ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ لە ئایدیالەکانی خۆیدا هاوبەشە لەگەڵ بەرەی ڕاسترەوی ڕادیکاڵی ئێتنۆ-شۆڤینیست، لە ستایشکردن و پیرۆزکردن و شکۆمەندکردنی ڕێکخستنی دەسەڵاتخوازانەی نالیبراڵ، نۆستالژیا و تاسەی بەتین بۆ ناسنامەیەکی کۆیی پاککراوە کە ڕزگاریی خۆی تەنها لە

ڕێگــەی لەناوبردنــی توندوتیژانــەی هەموو ئەوانە دەبینێتەوە کە ئیسلامیزم وەک دوژمن لەقەڵەمیان دەدات؛ و لێرەدا ئەنتیسێمیتیزمی ئیسلامــی دەر دەکەوێــت[٢٤]. ئــەم فۆرمە تازەیەی ئەنتیسێمیتیزم لە جیهانی ئیسلامیدا فۆرمێکی هاوردەکراوی پروپاگەندەی نازیزمە، بەڵام هاوکات ڕادیکاڵیزەکردنی زیاتری دژە-جوولەکەیەتیی نێو ئیسلام، قورئان و حەدیســە و هەروەهــا خوێندنــەوەی هەڵبژاردەیــە بۆ قورئــان و حەدیس. بەو مانایــە وەک چۆن ئەنتیســێمیتیزم لەگەڵ ســیکۆلاریزەبوونی کۆمەڵگاکان لە ئەورووپا، ئەویش سیکۆلاریزە دەبێت، ئەنتیســێمیتیزم بە هەمان شێوە لە جیهانی ئیسلامیدا لە فۆرمی کلاسیکی دژە-جوولەکەیەتیــی موســڵمانانەوە بەرەو ئەو شــتە دەڕوات کە من پێی دەڵێم «ئیسلامیزەکردنی ئەنتیسێمیتیزم».

زۆرێک پێیان وایە ئــەم فۆرمە توندڕەوە ئیسلامییەی ئەمــڕۆ بەرانبەر بــە جوولەکان هەیە، دەگەڕێتەوە بــۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیســرائیل و شکســتی جیهانــی عەرەبی لە جەنگدا بەرانبەر بە ئیسرائیل. لە نەریتی کۆنی ئیسلامیدا موسڵمانان براوە بوون و محەممەدی پەیامبەری ئیسلام هۆزە جوولەکانی لە مەدینە بەزاند و وەدەری نان و کوشتاری بەکۆمەڵی تێدا کردن. ئەمەش بووە گێڕانەوەی باڵادەست لە جیهانی ئیسلامیدا کە جوولەکان لە خوارەوەی موسڵمانانەوەن، بەڵام شکستی شەش ڕۆژەی وڵاتانــی عەرەبــی بەرانبــەر بە ئیســرائیل، سەرتاپای ئەم وێنەیەی هەڵگەڕاندەوە. ئێستا جیهانی عەرەبی-ئیسلامی لە شــۆکی ئەوەدا دەژیــت چۆن گەلێکی بچکۆلەی ٧ ملیۆنی و وڵاتێکی بچکۆلەی وەک ئیســرائیل بتوانێت ســەدان ملیۆن موســڵمان و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی یەک بەدوای یەکدا بشــکێنێت. لێــرەدا جــوولەکان ئیتــر فۆرمــی فیتنە و پیلانگێری وەردەگرن، نــەک وەک پاڵنەری ئەنتیســێمیتیزم بەڵکــو وەک میکانیزمێکی

قەرەبووکردنــەوەی دەروونییــش بەرانبەر بە دۆڕانــی موســڵمانان لــە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتی جوودا. هەموو ئەمانە تا ئێرە ڕاستن. بزووتنــەوەی ئیسلامــی هەر لە ســەرەتاوە جووەکانــی وەک داهێنــەری مۆدێرنیتــە، ســەرمایەداری، لیبراڵیزم و کۆمەڵگەی کراوە دەبینــی. زۆر پێــش دامەزراندنــی دەوڵەتی ئیســرائیل، کۆچی جووەکان بۆ فەڵەســتین و کاردانــەوەی ئیسلامییــەکان بــەر لەوەی کاردانەوەیەکی نەتەوەیــی بێت، کاردانەوەی نەریت و مۆدێرنیتە بووە. ئەمین ئەلحوسەینی، موفتی گەورەی یوریشەلایم کە دواتر دەبێتە هاوپەیمانی سەرەکیی هیتلەر و ڕابەری سوپای موســڵمانانی نازی، لە کۆتاییی بیستەکان و لە بڵندگۆی مزگەوتەکاندا بە ڕاشــکاوی باس لەوە دەکات کە هاتنی جووەکان بۆ ناوچەکە و هەبوونــی کچانی تەنوورەلەبەر دەبێتە هۆی تێکدانــی ئــەخلاق و مۆراڵــی لاوەکانمان و لاوازبوونی هەستی ئایینی و لاوازبوونی جیهاد و خووگرتن بە ژیانی مەدەنییەوە، واتا لەبری خۆشویســتنی مەرگ و جیهاد لەپێناو خوادا لاوانی موســڵمان لەسەر دەســتی جووەکان فێری خۆشــی و خۆشویســتنی ژیان دەبن و دەســتبەرداری جیهاد دەبن. بۆ نموونە لە یادەوەرییەکانیدا لەنێوان ١٩٣٩-١٩٤٥ (واتا سەردەمی هاریکاری لەگەڵ نازی) ئەلحوسەینی بەڕاشکاوی ساڵی ١٩٣٣ بە کونسوڵی ئەڵمانی لە یوریشەلایم، پشتیوانیی خۆی بۆ نازییەکان دەر دەبڕێت و دەڵێت ئێمەش هاوشێوەی ئێوە دژی دیموکراسین[٢٥]. هەروەها لە نامەیەکیدا بــۆ فرانتز فۆن پاپن، پێش هیتلەر ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و ئێستا کونسوڵی ئەڵمانیای نازی لە تورکیا، ئەلحوسەینی پشتیوانیی موسڵمانان لە فەڵەســتین بۆ جەنگی ئەڵمانەکان و خەبات دژی دیموکراســیی دەر دەبڕێــت و دەڵێت زۆر پێش ئێوە، ئێمە لە فەڵەستین جەنگمان «دژی دیموکراســییەکان و جووی جیهانی» بەگەڕ خستووە[٢٦].

لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت جەنگی موسڵمانەکان دژی جووەکان زۆر پێش دەوڵەتی ئیسرائیل، هیچ پەیوەندییەکی بەو شتەوە نییە کە پێی دەگوترێت ململانێی ئیسرائیل-فەڵەستین. سەید قوتب، ڕابەری سەرەکیی ئایدیۆلۆژیی ئیخوان موسلمین، لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «خەباتی ئێمە دژی جووەکان» (١٩٥٠) جگە لەوەی سەدانجار وشەسازیی هیتلەر دووبارە دەکاتەوە و ستایشی هیتلەر دەکات، ئەنتیسێمیتیزم زیاتر ڕادیکاڵیزە و ئیسلامیزە دەکات و دەنووسێت:

*«جووەکان بەردەوامن لە پیلانگێڕیی دژی ئیسلام و کۆمەڵی موسڵمانان لە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی ئیسلامەوە... لە مێژووی نوێدا جووەکان لە پشتی هەموو ئەو کارەساتانەوەن بەسەر کۆمەڵی موسڵماناندا لە هەموو قوژبنێکی دونیادا باریوە»*[٢٧].

لای قوتب هاتنی ئایدیاکانی هەرسێ بیرمەند: کارل مارکس، زیگموند فرۆید و ئێمیل دۆرکهایم، سێ بیرمەندی بە ڕیشە جوو، بۆ جیهانی ئیسلامی، نیشانەی پیلانگێڕیی جووەکانە دژی کۆمەڵی ئیسلامی، مارکس وەک تێکدەری سیستەمی خێزان، فرۆید وەک ئاوەژووکردنەوەی پەیوەندییە سێکسوالییەکان و دۆرکهایمیش وەک لەناوبەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاییەکان. هەرسێ بیرمەند بەشێوەی نهێنی لەلایەن تۆڕی جووەکانەوە بە یارمەتیی موسڵمانانی مێشک کۆنترۆڵکراو لەلایەن جووەکانەوە، هێنراونەتە جیهانی ئیسلامی تا هەم باوەڕی ئیسلامی لەناو بەرن و هەم کۆمەڵێک سەرکردەی بەناو موسڵمان لە لوتکەی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامی دابنێن بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی جووی جیهانی بکات.

لێرەشدا دەبینین ئەوەی پێی دەگوترێت سەرهەڵدانی ئەنتیسێمیتیزم لە جیهانی ئیسلامیدا پەیوەندی بە ململانێی ئیسرائیل-فەڵەستینەوە هەیە، دوورە لە ڕاستییەوە. با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە: شێخی سەلەفی، محەممەد حوسەین یەعقوب، بانگخوازی سەلەفیی ئیسلامی، خەڵکی میسر زۆر ڕاشکاوتر لە ئەوانی دیکە باس لەوە دەکات کە ڕق و کینەی ئیسلامییەکان بەرانبەر بە جووەکان هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسرائیلەوە نییە:

*«ئەگەر جووەکان واز لە فەڵەستین بهێنن و بۆ ئێمەی بەجێ بهێڵن، ئایا ئێمە ئیتر ئەوانمان خۆش دەوێت؟ بێگومان نەخێر. هەرگیز جووەکانمان خۆش ناوێن. بە ڕەهایی نەخێر. جووەکان کافرن – نەک لەبەرئەوەی من وا دەڵێم، و نەک لەبەرئەوەی ئەوان موسڵمانان دەکوژن، بەڵکو لەبەرئەوەی... ئەوە ئەڵایە دەڵێت ئەوان کافرن... بیروباوەڕتان بەرانبەر جووەکان سەرەتا دەبێت، یەکەم ئەوان کافرن و دووەم ئەوان دوژمنن. ئەوان دوژمنی ئێمەن نەک لەبەرئەوەی فەڵەستینیان داگیر کردووە. ئەوان هەر دوژمنمانن و هەر دوژمن دەمێننەوە تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکیش داگیر نەکەن... جەنگی ئێمە دژی جووەکان جەنگێکی ئەبەدییە، و ئەم جەنگەش هەرگیز کۆتایی نایەت تا دوایین جەنگ...، تا ئەو کاتەی یەک جوو لەسەر زەوی نامێنێت... هۆ ئێوەی جوو، نەفرەتی خواتان لێ بێت، ئێوەی بەرازی سەر زەوی»*[٢٨].

هەروەها لەنێو جیهانی ئیسلامیدا، نووسین و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جووەکان بە ستایلی هیتلەر ئێجگار باڵادەستە. بۆ نموونە کتێبی

«گەلی ئیسرائیل لە قورئان و حەدیس»دا لە نووسینی شێخ محەممەد سەید تەنتاوی، سەرۆکی زانکۆی ئەلئەزهەری میسر، سەرەکیترین دامەزراوەی ڕۆحیی ئیسلامی سوننی، کە نامەی دکتۆراکەیەتی لە ساڵی ١٩٦٧دا و لە ١٩٩٧دا چاپ بووە، دەڵێت جووەکان لە پشتی هەموو شۆڕشەکانەوە بوون. بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسیی ١٧٨٩ و شۆڕشی بەلشەفیی ١٩١٧. تەنانەت لە کتێبەکەیدا گوتە لە خەباتی منی هیتلەر دەگوازێتەوە «لە دژایەتیکردنی جووەکاندا من فەرمانی خوا جێبەجێ دەکەم». تەنتاوی هەروەها لە کتێبەکەیدا ستایشی تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن دەکات کە هەموو نهێنیی جووەکانی بۆ دەر خستوون و خۆشحاڵانە دەنووسێت «دوای بڵاوبوونەوەی تۆمارنامەکان لە ڕووسیا ١٠ هەزار جوو کوژران»[٢٩].

بەکورتی، ئیسلامیزم لە ڕووبەڕووبوونەوەی جوودا جیهادی ئیسلامی، هاوشێوەی نازیزم هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵی جیهان و ئەنجامدانی دوایین خەبات دژی جوو. بۆ نموونە کاتێک ١١ی سێپتێمبەر ڕووی دا، دوو لە ئەنجامدەران و ڕێکخەرانی کردەوە تیرۆریستییەکە لە ئەڵمانیا، لە شاری هامبورگ جگە لەوەی لە دادگای هامبورگ لە ساڵی ٢٠٠٢دا دان بەوەدا دەنێن کە زۆر شت لە نازیزمی ئەڵمانییەوە فێر بوون و هیتلەر مرۆڤێکی مەزن بووە بۆ جیهانی ئیسلامی، هەردوو تیرۆریست، محەممەد عەتا و مونیر ئەلموسەدەق دان بەوەدا دەنێن کە «نیویۆرک وەک سەنتەری جووی جیهانی» دەبینن و هەڵبژاردنی نیویۆرک بۆ هێرشەکانیان، هێرشکردنە سەر جووی جیهانی و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بووە لە جووەکان[٣٠]. گوتاری قڕکردنی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر دەبێت. بۆ نموونە پروپاگەندەی نازی لە ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ لە بەرلینەوە بۆ جیهانی عەرەبی، هەمیشە هاندانی عەرەب و موسڵمانان بووە بۆ نەهێشتنی ڕەگوڕیشەی جووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حەماس، حزبوڵا، حوسییەکان و لەگەڵیدا ئێران، هەروەها کۆمەڵگەی ئیسلامیستی تورکی و سەرجەمی بزووتنەوە ئیسلامییە شیعە و سوننەکان، بۆ نموونە داعش، ئامانجیان قڕکردنی جووەکان و نەهێشتنی ئیسرائیلە لەسەر نەخشەی زەوی. تەنانەت بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، بەدانپێدانانی ئەحمەدینەژاد، بۆ هەبوونی چەکی بەهێزە بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی ئیسرائیل. ساڵی ٢٠٠٥ لە تاران کۆنفرانسی ڕەتکردنەوە و بەدرۆخستنەوەی هۆلۆکۆست بە سەرپەرشتیی ئەحمەدینەژاد دەبەستریێت. هۆلۆکۆست بەدرۆ بخرێتەوە، واتا ئیسرائیل لە ڕەوایەت دەکەوێت. ساڵی ٢٠٠١ عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا ئاماژە بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەکات کە بە یەک چەکی ئەتۆمی سەرجەمی ئیسرائیل وێران دەکەن[٣١]. گوتاری وێرانکردن و سڕینەوەی ئیسرائیل گوتاری فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ. ئێستا ئەگەر بپرسین، هۆکار چییە ئێران دەیەوێت ئیسرائیل لەناو بەرێت، لەکاتێکدا هیچ سنوورێکی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها کێشەی کۆچبەر و پەنابەری فەڵەستینیشی نییە؟ وەڵام: ئەنتیسێمتیزمی ئیسلامی. خوێنەری ئەم نووسینە باش ئاگای لەوەیە تەنانەت هەر ناکۆکی و نارەزایەتییەکی ناوخۆی ئێران و کوردستان بە «ڕژێمی زایۆنیستیی»یەوە دەبەسترێتەوە. تەنانەت عەلی خامەنەیی لە تویتێکدا، شۆڕشی ژیناش بە فیتی زایۆنیزم ناو دەبات.

## کوردستان و ئیسرائیل: ڕیفراندۆم و حەوتی ئۆکتۆبەر

ئێستا، دوای گەشتێکی کورتی بەسەرکردنەوەی فەنتازیا پیلانگێرییەکان و ئەنتیسێمیتیزم

له ئاست و ڕەهەندە سیاسی و کولتوورییە جۆراوجۆرەکانیدا، جێی خۆیەتی ئاوڕ لەو تێزە بدەمەوە کە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکەم: بەناویەکداچوونی ئەنتیسێمیتیزم و ئەنتیکوردیزم. بۆ یەکەم جار ئەم تێزەم لە وتارێکمدا بە زمانی ئەڵمانی، بەناوی «هاوپەیمانیی ناپیرۆز: هاوپەیمانیی نێوان چەپ، پۆستکۆلۆنیال و ئیسلامیستەکان»[٣٢] ڕاستەوخۆ دوای هێرشی تیرۆریستیی حەماس بۆسەر خەڵکی مەدەنیی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا پەرە پێدا. ئەمەش دوای ماوەیەک ڕامان و وردبوونەوە لە بەناویەکداچوونی گوتاری ئیسلامیزم، پۆستکۆلۆنیالیزم و چەپ و لە زۆر شوێندا یەکگرتنەوەی لەگەڵ گوتاری ڕاست، هەوڵم دا وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزمەوە: وێنەی کورد چییە؟ پاشان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ و لە کتێبێکی دیکەی هاوبەشدا بە ئەڵمانی بەناوی «٧ی ئۆکتۆبەری بیست و سێ: دژە-زایۆنیزم و سیاسەتی ناسنامە»[٣٣] لە بەشێکدا دەربارەی «کۆتاییی سەردەمی دژە-ڕاسیزم» و ڕووداوە پەیوەستەکان بە بزووتنەوەی چەپ و فەڵەستینی و هەروەها هێرشی ڕاستەوخۆ تورک و ئیسلامیستەکان بۆسەر کۆچبەرانی کورد و بێدەنگبوونی بەرەی دژە-ڕاسیزم، زیاتر ئەم تێزەم فراوان کرد. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو زوو لە ئاستێکی فراواندا پێشوازی لێکرا، لە پەیمانگای تەل ئەڤیڤەوە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکانی ئەڵمانیا و تا ئەم دواییانەش بۆ زانکۆی واشینگتن و پەیمانگای پاول پیکۆل تیلۆس و وەرگێڕانی وتارەکە بۆ ئینگلیزی[٣٤]. لێرەدا بەباشی دەزانم بە زمانی کوردی هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە و تێزەکانی بکەم.

لەم تێزەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم هۆکار چییە لە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە (ئیخوان موسلمین) بۆ پانعەرەبیزم و تەنانەت بۆ ڕاست و چەپی ئێرانی، ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی دژە-ئیمپریالیستیی تورکی، هەمیشە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەبەستنەوە بە زایۆنیزمەوە، یاخود بە جووەوە؟ مێژووی ئەم دوو سەد ساڵە پیشانی داوە کە هەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بزووتنەوەیەکی خۆجێیی و لەسەر خاکی خۆی بووە و هەمیش وشیاری و هەوڵی دارشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەییی کورد تەنانەت زۆر پێش سەرهەڵدانی زایۆنیزم دەکەوێت. زایۆنیزم بزووتنەوەی زیندووکردنەوە و گەڕاندنەوەی جووەکانە بۆسەر خاکی مێژوویی فەڵەستین کە دوای ڕووخانی پەرستگای زایۆن یاخود پاشایەتیی دووەمی یەهودا، لەسەر دەستی ڕۆمانەکان، لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا، جووەکان ئاوارە بوون و بەدونیادا بڵاو بوونەوە. بەپێچەوانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایدیا و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و هەوڵ بۆ دارشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد، هەمیشە لەسەر خاکی خۆی بووە و لەناو دڵی کۆمەڵگەشەوە لەدایک بووە. لەگەڵ ئەوەی نزیکەی سەد ساڵ بەشێوەی پچڕ پچڕ خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد هەیە و لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە نزیکەی چوارسەد ساڵ لە ئەحمەدی خانییەوە بۆ مەلای جزیری و فەقێ تەیران و نالی و پاشان حاجی قادری کۆیی، هێشتا ئایدیا و بیرۆکەی دەوڵەتی جوو و زایۆنیزم بە خەیاڵی هیچ جوویەکدا نەهاتووە. زۆریش بە درەنگەوە زایۆنیستەکان دەگەنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەگشتی ئامادەیی و تەرکیزی زایۆنیستەکان لەسەر فەڵەستین بووە و یەکەم ئامادەبوون و تێبینیکردنی زایۆنیستەکان لە ئێستای باشووری کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣، بەڵام ئەم سەردەمە سەردەمی پێکدادانە ئایدیۆلۆژییەکان بووە و زایۆنیستەکانیش بۆ ئەوەی فەنتازیای پیلانگێڕی پێی دەڵێت، لەوێ نەبوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، کە هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل بوونی نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ هاندانی کۆچی جووەکان بووە

و ژمارەی هەبوونی زایۆنیستەکانیش لەوێ لە پەنجەی دەست تێ نەپەڕیوە[٣٥].

بەو جۆرەی پێشتر بینیمان ئامادەییی جووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە هۆی هەوڵی قڕکردنی بەردەوام و سەرهەڵدانی دەیان فۆرمی ئەنتیسیمیتیزم لە ئیسلامیزمەوە بۆ بەعسیزم و بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. بۆ یەکەم جار جەمال ئەلحوسەینی، برای ئەمین ئەلحوسەینی، دامەزرێنەر و سکرتێری گشتیی کۆمیتەی جێبەجێکاری کۆنگرەی عەرەبی فەڵەستینی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای موسڵمانان، لە وتارێکی بەناوبانگیدا لە لەندەن و پاشان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «چوونیەک لە ڕەگەزدا» (homogeneity in race) بۆ جیهانی عەرەب دەبینێت[٣٦] و دەڵێت ناوچەکە لە ڕووی ڕەگەزییەوە چوونیەکە بۆ نەتەوەی عەرەب و بە بۆچوونی ئەو هەبوونی دەوڵەتێکی جوو لە ناوچەی «ڕەگەزییانە چوونیەک»ی نەتەوەی عەرەب، شێواندنی ڕەسەنێتی و یەکدەستبوون و چوونیەکبوونی نەتەوەی عەرەب و پاشان هەڕەشەیە لەسەر ئایینی ئیسلام و دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی فرەچەشن و فرەئاراستەیە و ئەمەش واتا ئاوابوون و نەمانی نەتەوەی عەرەب و ئیسلام. جەمال ئەلحوسەینی، لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی باڵای ئەنجومەنی موسڵمانان بووە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزووتنەوەی بەعس هەبووە.

ئەوەی لێرەدا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرسوڕهێنەرە، بەناویەکداچوونی ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانە: ئیخوان موسلمین لە میسرەوە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی فەڵەستینی، پاشان بۆ حەماس، (وەک لە بەڵگەنامەی دامەزراندنی حەماس لە ١٩٨٧دا بەندی دووەم هاتووە: «لەم بەڵگەنامەیەدا حەماس خۆی وەک ‹بزووتنەوەیەکی جیهانی› و ‹یەکێک لە لقەکانی ئیخوان موسلمین لە فەڵەستین› پێناسە دەکات»)[٣٧] تا دەگاتە داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، بۆ بەعسیزم وەک بزووتنەوەیەکی ناسیۆنال-سۆسیالیستیی جیهانی عەرەبی، بەتایبەت لە عێراق و سوریا تا دەگاتە حزبە کۆمۆنیستییەکانی عێراق و چەپی ئێرانی و تورکی. ئەم بزووتنەوانە هەمووی لەسەر خاڵێک کۆکن: زایۆنیزم یارمەتیی کوردەکان دەدات بگەن بە دەوڵەت.

یەکەم جار بەعسییەکان ڕاستەوخۆ باسی هاریکاریی زایۆنیزم بۆ کورد دەکەن. عەبدولعەزیز ئەلعوقەیلی، وەزیری بەرگریی عێراق لەساڵی ١٩٦٦دا هەوڵی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەچوێنێت بە «دووەم ئیسرائیل» لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکات «خۆراواییەکان و خۆرهەڵاتییەکان پشتیوانی لە یاخیبووان[ی کورد] دەکەن بۆ دامەزراندنی ئیسرائیلێکی نوێ لە باکووری نیشتمان [مەبەست باشووری کوردستان، پ.] وەک ئەوەی لە ١٩٤٨ کاتێک ئیسرائیلیان دروست کرد، ئەنجامیان دا. وەک بڵێیت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە»[٣٨]. هەروەها بە ڕاشکاوی هەوڵی کورد بۆ نەتوانەوە و مانەوە وەک کورد، وەک جۆرێک لە ئایدیۆلۆژیای چێنراوی زایۆنیستی-جوویی دەبینێت کە ئامانج لە ڕێگەی کوردستانەوە گەیشتنەوەیە بە ڕووباری فورات و ئیسرائیلی گەورە، بەو جۆرەی ئەو دەڵێت لە تەلمود و تەوراتدا هاتووە. ئایدیۆلۆژیای بەعس لەسەر بنەمای «یەکێتیی نەتەوە و نیشتمانی عەرەبی» دامەزرا بوو. بەڵام ئیسلام بڕبڕەی نیشتمان و یەکێتیی نەتەوەی عەرەبی بوو. بۆ نموونە میشێل عەفلەق، دامەزرێنەری بەعسیزم، بیرمەندی سۆسیالیست-ناسیۆنالیستی سوری، بە ڕیشە مەسیحی، دەرچووی زانکۆکانی پاریس و بەرلین لە سەردەمی نازیزمدا، لە کتێبەکەی ساڵی ١٩٤٣ی خۆیدا بەناوی «یادکردنەوەی محەممەد، پەیامبەری عەرەب» دەنووسێت:

*«بە سروشت هیچ مرۆڤێک، جا چەندەش مەزن بێت توانای ئەوەی نییە بەو شتە بگات محەممەد پێی گەیشتبوو... محەممەد بەدیهێنەری نەتەوەی عەرەبە»... «لەبەرئەوە تا ئەو کاتەی پەیوەندیی نێوان ئیسلام و عەرەبیزم بەهێز بێت، دەبێت ئێمە هەمیشە بڵێین عەرەبیزم وەک جەستە و پەیکەرە شوێنی رۆحی ئیسلامە. نابێت هەرگیز ترسمان لەوە هەبێت کە عەرەبەکان لە ناسیۆنالیزمەکەیاندا توندڕەو و پەرگیز بن... دەبێت بڵێین عەرەبەکان هەرگیز ناتوانن ئەرکێکی وەهای بەهێزبوون ئەنجام بدەن تاوەکو نەتوانن وەک نەتەوەیەکی بەهێز دەر بکەونەوە و زیندوو ببنەوە. یەکەم ئەرک و فەرمانی مرۆڤگەریانەی ئیسلام ئەوەیە: عەرەبەکان دەبێت بەهێز بن و سەروەرانی نیشتمانی خۆیان بن»*[٣٩].

میشێل عەفلەق بە هەمان شێوە، ئەگەرچی کەمترین قسەی لەسەر کورد کردووە و تەنها لە یەک وتاریدا نەبێت بەناوی «پرسی کورد و شۆڕشی عەرەبی» لە ساڵی ١٩٦٩دا، نکوڵی لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد ناکات، بەڵام تەنها تا ئەو شوێنە ڕەوایە بەشێک بێت لە شۆڕشی عەرەبی «بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بەشێکی ڕەوا و ڕاستەقینەی شۆڕشی عەرەبییە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، دژی چەوساندنەوەی چینایەتی، دواکەوتوویی و دابەشکردن». بەڵام هەر زوو باس لەوە دەکات کە زایۆنیزم دەیەوێت بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردی لە شۆڕشی عەرەبی دوور بخاتەوە و بیخاتە باوەشی چینی فیودال و بەکورتی، کورد لە خەباتی دژە-ئیمپریالیستیی و دژە-زایۆنیستیی دوور بخاتەوە[٤٠]. پاشان بە فراوانی گوتاری بەعس بەتایبەت لە عێراق دەگۆڕێت بۆ بینینی کورد وەک یەکەیەکی زایۆنیستیی. شکستی بەعس لە تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی کورد لە عێراق، دەبێتە دەرەنجامی گرتنەبەری کردەی جینۆساید کە لە هەڵەبجە و پاشان لە ئەنفالدا دەگاتە لوتکە. لە سەرجەمی گوتاری بەعسدا وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی دژە-ئیمپریالیست و دژە-زایۆنیست، هەموو جووڵەیەکی خەباتی نەتەوەییی کورد، بە دابڕاو لە عەرەب، وەک لاوازکردنی یەکێتیی نەتەوەی عەرەب دەبینرێت و لەبەرئەوەش بەعس خۆی وەک گەڕاندنەوەی سەروەریی یەکێتیی نەتەوەییی عەرەب و نیشتمانی عەرەب دەبینێ و بە ئەرکی مێژوویی خۆی دەبینی ئیسرائیل لەناو بەرێت، هەوڵی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بە پلەی یەک لە عێراق و بە ڕادەیەکی کەمتر لە سوریا، وەک ئەو هاریکارییە نهێنییەی جووەکان بۆ کوردەکان دەبینرا بۆ ئەوەی خەونی عەرەب لەگۆڕ بنێن و خەونی ئیسرائیلی مەزن بە بەکارهێنانی کورد، بەدی بهێنن.

گوتاری دژە-زایۆنیزم و بینینی کورد وەک سەربازێکی زایۆنیستی بە فراوانی دەپەڕێتەوە ناو داعش. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام-یش بە هەمان شێوە لە منداڵانی ئیخوان موسڵمینەوە لەدایک بوو، بەڵام لە عێراق بە فراوانی بەجێماوانی سوپای بەعس، ئەفسەران و سەربازانی شارەزا لە گرتنی موسڵ، هێرش بۆسەر شەنگال و هەرێمی کوردستان، هاوکار بوون بە دوو هۆ: شارەزای جەنگی و میلیتاری و هەروەها شارەزای ناوچە لاوازەکان بۆ پرسی سەربازی. ئەگەر ئێمە تەنها سەیری کردەی داعش و هێرشی بۆسەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا بکەین، و بەراوردی بکەین بە گوتاری ئایدیۆلۆژییان تێدەگەین، داعشیش هەڵگر و درێژەپێدەری هەمان میراتە لە گەشە و هەڵکشانی وشیاریی نەتەوەیی، خاک و پانتاییی کوردستان وەک یەکەیەکی زایۆنیستی. لە گۆڤاری دابقی داعشدا بە زمانی ئینگلیزی،

جگــە لەوەی بە ئاشــکرا دەڵێــت ئامانجیان گەڕاندنەوەی کــوردە بۆ نێو ناوچەکانی پێش ٢٠٠٣، لەبیری ناکەن پێشــمەرگە و گەریلا بە «شەڕڤانی زایۆنیستی» (Zionist Fighters) نــاو ببەن. لە هەر شــوێنێکدا ناوی هەرێمی کوردســتان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشــتمانیی کوردستان بێت، وەک دوو حزبی سیکۆلار-مارکسیستی کاریگەر بە ئایدیۆلۆژیــای زایۆنیزم نــاو دەبرێن. تەنانەت پەکەکە، ئەگەرچی لــە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەک پارتێکی مارکسیست-لینینیســت و لە ڕووی پراکتیکیشــەوە لەگەڵ ئیســرائیل لە شــەڕدا بووە، هێشتا نابێتە هۆیەک بۆ داعش، پەکەکەش وەک بەکرێگیــراوی زایۆنیزم ناو نەبات. لەلای داعشیش هاوشێوەی حەماس، بەعسیزم و ئیخوان موســلمین، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیــی کورد لە کارگــەی زایۆنیزمدا دروســت دەکرێت بــۆ لەناوبردنــی جیهانی ئیسلامی و نەتــەوەی عەرەبی، ئامانجەکەش گەیشــتنە بە ئیســرائیلی گەورە لە ڕووباری نیلەوە بۆ ڕووباری فورات.

لە هەمووی سەرنجڕاکێشــتر دەرکەوتنی ئەم گوتارەیە لــە گوتاری ئایدیۆلۆژیی چەپی ئێرانیدا. پێشــتر لــە لێکۆڵینــەوە ئەڵمانی و ئینگلیزییەکەمدا بەوردی هەڵوەستەم لەسەر حەمید دەباشــی کردووە. دەباشی، نووسەری ئێرانی، خــۆی بە مێژوونووســی کولتووریی چــەپ و دژە-زایۆنی ناو دەبــات و دەکرێت بڵێیــن ڕادیکاڵتر لە بەعســیزم و لە گوتاری داعش، کوردســتان لە ڕوانگــەی ڕوایــەت و دەیخاتە باوەشــی زایۆنیزمەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە پوختــی جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر ئەم پرسە. لە ســەروبەندی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستاندا، دەباشی لە ئەلجەزیرەی ئینگلیزی، وتارێک بەناوی «دەربارەی پرســی کــورد» دەنووســێت و بــەم جۆرە دەســت پێــدەکات: «دامەزراندنــی کوردســتانێکی سەربەخۆ کارەساتە بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە، بە کورد خۆشــیانەوە»[٤١]. دەباشی بە هەمان شــێوە لە گوتاری ڕیتۆریکی دژە-خۆراواییی خۆیدا کــورد وەک نەتەوەیەکی ســەربەخۆ نابینێت، بەڵکــو وەک نەتەوەیەکی کۆچەری جیهــان -نیشــتمان، بــەڵام دروســتبوونی چەمکــی «کــورد» وەک دروســتکراوێکی زایۆنیســتی و کارگەی جووەکان دەبینێت و لێرەوە کورد دەبێتــە «دووەم جوو» (second jew) و دامەزراندنی کوردستان وەک «دووەم ئیســرائیلی کۆلۆنیالیزمــی نیشــتەجێکەر» بەنــاو دەکات. تەنانــەت هەوڵــی کــورد بۆ دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی نەتەوەییی کورد وەک «بەئیســرائیلیکردنی جیهانی عەرەبیی و جیهانــی ئیسلامــی» لەقەڵــەم دەدات[٤٢]. لێــرەدا دەبینیــن چــۆن ئەنتیســێمیتیزم، ئەنتیکوردیزم و شــۆڤینیزم لە گوتاری چەپدا یــەک دەگرن[٤٣]. هەڵبەت هەمان دەباشــی، هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەتــی ئیســرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی فەڵەستینی وەک چارەســەر و بنچینەی پرسی ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت.

دەباشــی ئیســرائیل و زایۆنیــزم وەک دوژمنی بنچینەیــی فرەکولتووری و جیهان-نیشــتمانی دەبینێــت، هــەر لەبەرئەوەشــە ئیســرائیل دەیەوێت پشتیوانی لە دەوڵەتێکی کوردی بکات بــۆ لەناوبردنی فرەکولتووری و جیهان-نیشــتمانیی جیهانی عەرەبی، تورکی و ئێرانــی. دەباشــی بەزمانێکــی ڕەوانبێژانە بۆ ڕەوایەتیــدان بە بۆچوونە شۆڤینیســتی-دژە-ســامی دژە-کوردییەکــەی خۆی باس لەوە دەکات ئەو ئازاری کــوردەکان لەلایەن دەوڵەتــە حاکمەکانەوە چەشــتوویانە هەموو مافێکــی ئەخلاقیــان پێــدەدات داوای ئۆتۆنۆمی بکەن[٤٤]. لێرەدا دەباشــی پرســی کوردســتان بۆ ڕەوایەتییەکی ئەخلاقی کورت دەکاتــەوە، بەڵام ماف و ڕەوایەتییە سیاســی و قەڵەمڕەوییەکەی (تێریتۆریال واتا پرســی خاک)ی لێ وەردەگرێتــەوە. کورد تەنها ئەو

کاتە ئەخلاقییانە مافی هەیە داوای ئۆتۆنۆمی بکات، ئەگەر ئەوانی دیکە ئازاری بدەن. لێرەدا پرسی داگیرکاریی خاک لەلایەن ئێران، تورکیا و عێراق و سوریاوە بابەتی قسە لەسەر کردن نییە. ئەوەشـمان نابێت بیـر بچێت تەنانەت خـودی ئەم هەسـتە ئەخلاقییەش دەکرێت زایۆنیـزم لـە کارگەکانی خۆیدا دروسـتیان بکات بـۆ لەناوبردنی «پلورالیزمی دیموکراتی» لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. ئایـا پلورالیزمی دیموکراتـی کوێـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەگرێتـەوە وا جـووەکان بـە هاندانی کورد دەیانەوێت لەناوی بـەرن بۆ حوکمی خۆیان بەسەر هەموو ناوچەکەدا؟ بەڵای دەباشییەوە کورد لەبری جیابوونەوە دەبێت خەبات بۆ ئەم پرسـە بکات، پرسی پلورالیزمی دیموکراتی و ئـەم ئەگەر و تواناییـەش تەنها دەکرێت لەناو ئێران، عێراق، تورکیا و سوریادا هەبێت. ڕێک هەر چوار دەوڵەت کە هەر یەکەیان بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیر کردووە.

بـۆ زیاتـر لە ڕەوایەتیخسـتنی پرسـی کوردسـتان، پێشخستنی پرسـی فەڵەستین و پـەرەدان بـە ئایدیۆلۆژیـای زیاتـری ئەنتیسـێمیتزم، دەباشـی لەگـەڵ ئەوەی ئیسـرائیل بە دروسـتکراوێکی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی دەبینێت، بـەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکاتـەوە کە ئەگەر ئیسـرائیل کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی، بەتایبەت بریتانی دروستی کردبێت، کەواتە هیچ ڕەوایەتییەکی نییە، بەڵام عێراق و سوریاش کۆلۆنیالیزمی بریتانی و فەرەنسی دروسـتی کردن و تورکیاش هەر بە بڕیاری کۆلۆنیالیزمـی بریتانی دروسـت بوو. بۆ ئەم دروستکراوە کۆلۆنیانە ناخرێنە ژێر پرسیارەوە و ڕەوایەتیان هەیە، بەڵام ئیسرائیل لە ڕەوایەتی دەکەوێت و لە ڕێگەی لە ڕەوایەتی خسـتنی ئیسرائیلەوە، ئامانج لە ڕەوایەتیخستنی خەباتی ڕزگاریخواز و سەربەخۆییخوازیی کوردستانە. هەرچۆنێک بێت، دەباشـی زیندووبوونەوەی خەباتی فەڵەسـتینی وەک دەرفەتێک دژی کۆلۆنیالیزم بۆ هەموو گەلانی دونیا دەبینێت، تەنهـا لێرەشـدا کوردی لێ بـەدەر دەکات: «ڕاپەڕینـی فەڵەسـتینی دژی داگیرکاریـی کۆلۆنیالیسـتیی نیشـتمانەکەیان بنچینە و سـەرچاوەی هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەیی‌یەکانـە لـە جیهانـدا. وەک چۆن ئەورووپییەکان کۆلۆنییەکی نیشـتەجێکەری زایۆنیسـتییان لـە فەڵەسـتین چانـد، بە هەمان شـێوە ئەو کۆلۆنیالیستە ئەورووپییانە دەیانتوانی لـە ناوچەکەدا کوردسـتانێکیش دروسـت بکـەن»[۴۵]. بـەڵام ئێسـتا کـە بەرژەوەندیی زایۆنیستی لەوەدایە، کەواتە ئەو کوردسـتانە بۆ بەرژەوەندیی ئیسرائیلی مەزن و بەئیسـرائیلیکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانـی ئیسلامی و تێکدانی ئێران و تورکیا، دروست دەکەن.

## هاوپشـتی یان ئەنتیسێمیتیزم؟ چەپ، فەڵەستین و کوردستان

یەکێک لەو پرسـیارانەی بەردەوام دەخرێتە ڕوو: چـی وا دەکات چـەپ، کـە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییـەوە سـیکۆلار، ئەتایسـت و لە هەندێک بڕگەی مێژووییشدا دژی دامودەزگا دینییەکان بووە، ئێستا بە فراوانی پشتیوانیی بێمەرج لە هەموو بزووتنەوە فەڵەستینییەکان دەکات، تەنانـەت بە خودی حەماسیشـەوە؟ چۆن چـەپ توانی پرسـی فەڵەسـتین بە جیهانی بـکات و ئامانجەکانی چی بوون لەم بابەتـەدا؟ ئەی بۆ هەمان کار لەگەڵ پرسـی کوردستاندا ناکات؟ چۆن چەپ هەوڵ دەدات کەمپینێکی گـەورەی جیهانی وەک «BDS» (بایکۆسـت، لە سـەرمایەگوزاری خسـتن، ئابڵوقە)ی ئیسرائیل دابمەزرێنێت، لە کاتێکدا بچووکترین ڕەخنەی بنچینەیی لە دەوڵەت-نەتـەوەی تورکی، ئێرانی، سـوری و عێراقی نییـە و بگرە لە هەندێـک قۆناغی مێژووییدا بووەتە هاوپەیمانی ئەم دەوڵەتانەش: شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و سـەدام حوسـێن. ئەی

ئەگــەر بڕیار بێــت ئایدیۆلۆژیــای چەپ واتا پشتیوانی لە گەلانی ژێردەستە و چەوساوە و پشــتیوانی کردنیان لە خەباتیاندا بۆ ڕزگاری، ئەی چۆنە ئەم پشــتیوانییە لە کورد ناکرێت؟ پرســیارێکی دیکە ئەمە دەبێت: ئایا ئەوان لە بنەڕەتــەوە کورد وەک گــەل و نەتەوەیەکی ســەربەخۆ دەبینن، یاخود وەک چەوساوە و داگیرکراو سەیری دەکەن؟ بەڵێ لە هەندێک گوتــاری ئایدیۆلۆژیای چەپــدا ئێمە ئەمە بە ڕوونــی دەبینیــن. لەگەڵ ئەوەشــدا چەپی جیهانــی لێرە و لەوێ داوای ســەربەخۆیی کوردســتانی کــردووە، بــەڵام هەرگیز ئەمە نەبووەتە هەمان ئەو پرەنسیپەی بۆ فەڵەستین هەیەتی. وەڵامەکە لە دوو شــوێندایە: بینینی ئیســرائیل وەک تەنها «دەوڵەتی خراپەکار»ی ســەر زەوی کــە چێنــراوی ئیمپریالیزمە و بینینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک بەشێک لە بلۆکی باشــووری جیهان، کە بە بلۆکی دژە-ئیمپریالیستی و دژە-کۆلۆنیالیستی دەبینرێت و هــەر چــوار دەوڵەتــە ســەرکوتکارەکەی کوردستانیش لەناو ئەم بلۆکەدان.

لــە دوای جەنگی دووەمــی جیهانیدا و بەدیاریکــراوی لــە دەیــەی ١٩٦٠دا چەپی جیهانی چاوی خۆی لەســەر سەرمایەدارییە خۆراواییەکان لا برد و ئێستا ڕووی کردووەتە ناوچــەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت. چەپ پێی وابــوو چینــی کرێکار لــە خــۆراوا ئاوێتەی سیســتەمی ســەرمایەداری بــووە و کەواتە گەندەڵ بووە و توانای شۆڕشی نەماوە، ئێستا هێزە شۆڕشــگێڕەکان لە جیهانی ســێیەمدا (ئەمڕۆ باشــووری جیهان) هەن و مەرجیش نییــە کرێکار یــان پرۆلیتاریا بــن، دەکرێت ئیماندارێکی فەندەمێنتالیســتی ئیسلامی بن. ئەمە یەکێک لــە خاڵــەکان، خاڵێکی دیکە ئەوە بوو ئیسرائیل وەک جەستەیەکی نامۆی چێنــراوی ئیمپریالیزمی خــۆراوا لەنێو دڵی باشــووری جیهاندا چێنراوە بــۆ لێکترازاندنی هێزە شۆڕشــگێڕەکان. کەواتە مادام ئێســتا نوێنــەری ئیمپریالیزم لــەو ناوچەیە هەیە و هێزێکــی ئامادەش هەیــە جیهاد بکات دژی هەبوونی دەوڵەتی جوو، بۆ چەپ هەوڵ نەدات ســەرمایەداری لە ئەڵقــە لاوازەکانی خۆیدا بشــکێنێت؟ واتا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. لێــرەدا گوتــاری چــەپ بــۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل لە گوتارێکی کۆنی لینینیستیی دژە-ئیمپریالیستییەوە دێت. تا دەیەی ١٩٦٨ کە چەپ بەتایبەت لە ئەڵمانیا هێشــتا دەیویست شۆڕشگێڕانە «ســەری ماری ئیمپریالیستی» ئیدانە بکات، کەوتبــووە بەردەم مەتەڵێکەوە: قورس بوو بە «ویژدانە دژە-فاشیستییەکەیەوە» هێندە بەهێز دەهۆڵ بەتایبەت دژی ئیسرائیل بکوتێت کە خۆی وەک دەوڵەتی بەجێماوانی ئاوشڤیتز پێناسە دەکرد.

بــەڵام لــە دوای ١٩٦٨وە چــەپ ئیتر ئەو ئەنتیســێمیتیزمە چەپێنــراوەی هەیبوو، وردە وردە دەریخســتەوە و تەنانــەت کەوتە گومانکردنیش لە هۆلۆکۆســت و ئاوشــڤیتز. بــۆ نموونە چەپــی ئەڵمانی بــەردەوام خۆی لەوە بــەدوور دەکرد یادی ئاوشــڤیتز وەک کردەوەیەکی تۆقێنەرانەی جینۆساید بکاتەوە. لە ١٩٧٩دا دوای بڵاوبوونەوەی زنجیرەفیلمی ئەمریکیی هۆلۆکۆست لە تەلەڤزیۆنی فەرمیی ئەڵمانــی بە ســەرکەوتنێکی گــەورەوە، کە چیرۆکــی قڕکردنــی جــووی دەگێڕایــەوە، کۆمەڵــەی کۆمۆنیســتی ئەڵمانیــای خۆراوا (Kommunistischer Bund West-deutschlands) ئــەم فیلمــەی تەنها وەک «پرۆپاگەندەی زایۆنیســتی» لەقەڵەم دەدا[٤٦]. کۆمیتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســتی کۆمەڵەکە لە هایدلبێرگ هۆشداری لە دژی «ئەم هەوڵە نهێنییــە بــۆ ڕەوایەتیدان بە ســەری ماری ئیمپریالیســتیی ئیســرائیل» دەدا[٤٧] - لای ئەوان پیلانگێریی ئیمپریالیستی-زایۆنیســتی تا قووڵایی هۆلیوود ڕۆیشتووە.

لە دەیەی حەفتا و دەیەی هەشتادا، چەپی ئەورووپی بەشــداریی کردەی تیرۆریســتیی

دژی جووەکان و دژی دەوڵەتی ئیسرائیلی دەکرد، لەوانە ئەوەی پێی دەگوترێت «خانە شۆڕشگێڕییەکان» لە ئەڵمانیا، هێڵی ئاسمانیی فەڕەنسا لەساڵی ١٩٧٦ دەرفێنێت و لە ئێنتێبەی ئۆگەندا دەینیشێنێتەوە. دوای ئەوەی سەرنشینە ناجووەکان لە جووەکان جیا دەکاتەوە و ئازادیان دەکات، دەیەوێت ئیسرائیل ناچار بکات گیراوانی فەڵەستینی ئازاد بکات. کاتێک هێزێکی مۆساد خۆی دەگەیەنێتە ئێنتێبە، و پێکدادان ڕوو دەدات، سەرجەمی جووە بەدیلگیراوەکان لەلایەن چەپی ئەڵمانییەوە تیرۆر دەکرێن[٤٨]. بۆ یەکەم جار دوای ئاوشفیتز، ئەڵمانی، ئەم جارە چەپ نەک ڕاست، چەک بەرووی جوودا دەر دەهێنێت و تیرۆری بەکۆمەڵی دەکات. ئەمڕۆ ئەگەر ئەنتیسێمیتیزمی چەپڕەو چی تر لە قۆناغی تیرۆریزمدا نەماوە بێتەوە، پەریوەتەوە بۆ مەیدانی کولتووری و خەباتی بایکۆتکردنی سەرجەمی کاڵای ئیسرائیل، بۆ نموونە «BDS»، کە ساڵانێک بانگەشەی ئەوە دەکرا لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی فەڵەستینییەوە وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر سیاسەتی داگیرکاری دامەزرابێت، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا دەر کەوت لەلایەن چەپی بریتانی و لە لەندەن دامەزراوە. دەیڤد هیرش، مێژوونووس و کۆمەڵناسی بریتانی، لە مانگی مای ساڵی ٢٠١٦ لە کۆنفرانسی قوتابخانەی لێکۆڵینەوە خۆرهەڵاتی و ئەفریقییەکاندا دەڵێت:

*«بزووتنەوەی بایکۆت، لەسەرمایەگوزاری خستن، ئابڵوقەدانی ئیسرائیل نە لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە، واتا چەوسێنراوانەوە دەستپێشخەری بۆ کراوە نە لەلایەن ئەوانیشەوە داهێنراوە. بەڵکو لە بریتانیا، لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی بریتانییەوە داهێنرا، کە دەیانویست بایکۆتی ئیسرائیل بکەن. ئەوان لەنێوان ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥ بەردەوام دەچوونە فەڵەستین و هەندێک چالاکی فەڵەستینییان بەوە ڕازی کرد کە BDS ستراتیژییەکی زۆر گونجاو دەبێت. ئەوان ئەوەشیان ڕوون کردەوە کە باشترین ڕێگە بۆ بەگەڕخستنی ئەم ستراتیژییە ئەوەیە کەمپینەکە وا پیشان بدەن کە لە فەڵەستینەوە سەرچاوەی گرتووە و بڵێن ئەمە بانگەوازێکی ڕەسەنە لەلایەن چەوسێنراوانەوە بۆ بەتەنگەوەهاتن و هاوپشتی. پاشان هەمان چالاکە بریتانییەکان گەڕانەوە بۆ بریتانیا، کەمپینەکەیان لە زانکۆکانی بریتانیا بۆ زانکۆکانی فەڵەستین و کەمپینی فەڵەستینی بۆ بایکۆتکردنی کولتووری و ئەکادیمیی ئیسرائیل، بەگەڕ خست»[٤٩]*

پێویستە بەوە ناکات بڵێین کەمپینی BDS شتێکی نوێ نییە، بەڵکو لە سەردەمی نازیزمدا بە هەمان شێوە هەبووە و ئەوە نازییەکان بوون بۆ یەکەم جار داوایان دەکرد: بازنە ڕۆشنبیرییەکان، کتێبی جووەکان، بازاڕ و کەسابەتیان، گەڕەک و شوێنی نیشتەجێبوونیان و ... هتد بایکۆت بکرێن.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە پێشتر من، ئەو کاتەی هێشتا لەنێو چوارچێوەی مارکسیزمدا بیرم دەکردەوە، پێم دەگوت «پشتیوانیی هەڵبژاردە» (Selective Soli-dartiy)ی چەپ لەگەڵ کورد بەراورد بە فەڵەستین، بەڵام ئێستا پێی دەڵێم «لە هاوپشتی خستنی مەبەستدارانە» (Delib-erate Desolidarisation) دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن و ئایدیۆلۆژیزەکردنی ئەوەی چەپ پێی دەڵێت «باشووری جیهان» کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا بەشێکییەتی. چەقبەستنێکی هەڵکشاوی نەریتێکی بیری چەپڕەوی دوای جەنگی جیهانیی دووەم سەر هەڵدەدات و

دەچێتە نێو چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی بیرکردنەوەی یەک-ئاراستەبینییەوە، یاخود دانانی نەیاری و ناکۆکییەکان لە بەرانبەر یەکتر، روونتر، رەش و سپیبینین، بۆ نموونە دوو رەنگی مرۆڤ هەن رەش/سپی، رەشپێست یاخود ئەمرۆ دەگوترێت رەنگی یان ئەسمەر نوێنەرایەتیی بیری پێشکەوتووخواز و فیمینیستی و چەپ دەکەن، سپیپێست خۆبەخۆ گوزارشتە لە فاشیزم، سەرمایەداری، کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم؛ باکوور/باشوور، باشووری جیهان بریتییە لە وڵاتانی لە رووی ئابوورییەوە دواکەوتوو بەهۆی داگیرکاریی کۆلۆنیالییەوە، بەڵام لە رووی کولتووری و سیاسییەوە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو، هەر لەبەر ئەوەیە حەماس و حزبوڵا و حوسی و ئێران وەک بەشێک لەم بەرە شۆڕشگێڕییە دەبینرێن، باکووری جیهانیش خۆبەخۆ واتا خۆرئاوای دژە-دیموکراتی، ئیمپریالیزم، دژە-شۆڕشگێڕ و نارەنگاورەنگ؛ چەوساوە/چەوسێنەر، لێرەشدا باشووری جیهان شوێنی چەوساندنەوەی دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی سەر بە باکووری جیهانە؛ ئیمپریالیست/دژە-ئیمپریالیست؛ دیسان لێرەشدا ئێرانی خومەینی، تورکیای ئەردۆغانی بەتایبەت لەو سەردەمەی بریاری ڤیتۆی لە دژی هاتنی فینلاند و سوید بۆ ناو ناتۆ دا، عێراقی سەدام حوسەین، لیبیای مەعمەر قەزافی، و ... هتد وەک بەرەی دژە-ئیمپریالیست دەناسێنرێن؛ و دواجار سەدا ١/ سەدا ٩٩؛ واتا باکووری جیهان سەدا یەکە و باشووری جیهان سەدا ٩٩ پێک دەهێنێت بەخودی ئەوانەش کە لە باکووری جیهان لە بەرەی سەدا ٩٩ دەوەستن، واتا چەپەکان، کۆچبەران، رەشپێستەکان، پۆستکۆلۆنیالەکان و ... هتد.

لەم چوارچێوە ئایدیۆلۆژییە چەپگەری-پۆستکۆلۆنیالییەدا، بێگومان جووەکان لە باشووری جیهاندا جەستەیەکی نامۆن و هەبوونی ئیسرائیل هاوکێشەی پێشکەوتنخوازیی دژە-ئیمپریالیستیی باشووری جیهانی لاواز کردووە. لەبەرئەوە چەپ دەبێت بە هەموو هێزی خۆیەوە لەپاڵ باشووری جیهان بوەستێت بۆ نەهێشتنی دەوڵەتی ئیسرائیل کە وەک «دەوڵەتی فیتنە، خراپەکاری سەرزەوی، سپیپێست، ئیمپریالیست، چێنراوی کۆلۆنیالیزم» و ... هتد دەیبینێت. لێرەدا ئێمە نزیک دەبینەوە لەو تێزەی پێشتر بەرزم کردووەتەوە: «لە هاوپشتی خستنی مەبەستدارانە». لەبەرئەوەی کورد لە رووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ناو بلۆکی باشووری جیهانەوە، بەڵام لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە نەک سەر بەو بلۆکە نییە، بەڵکو لەلایەن هەر چوار دەوڵەتی ئەم بلۆکەوە دەچەوسێنرێتەوە، هەروەها لە رووی ئایدیۆلۆژیشەوە کورد بەدرێژاییی لانیکەم ٨٠ ساڵی رابردوو ئەوەی پیشان نەداوە لە بەرەی «بلۆکی بەرەنگاری» (axel of resistance) دەوەستێت، واتا دژی خۆرئاوا، ئەوا ئەمە بەئاسانی «سیاسەتی هەڵوێستگەرایی» (politics of position)ی چەپی بەرانبەر بە کورد بەرهەم هێناوە. بێ هۆ نییە، چەپ کاتێک لە رووی زمانی رەوانبێژییەوە پشتیوانی لە کوردستان دەکات، هەمیشە خۆی لەنێو ئەم زاراوانەدا دەر دەبڕێت: چینی کرێکاری کورد، سۆسیالیزم لە کوردستان، هەڵوێستی دژە-ئیمپریالیستی و دژە-زایۆنیستی، دوورکەوتنەوە لە خۆرئاوا و ئیسرائیل. ئەمانە لە روانینی یەکەمدا وا دەر دەکەون چەپ بیەوێت پشتیوانی لە کوردستان بکات، بەڵام لە بنەڕەتدا هۆشداریدانە بە کورد: ئێوە لە بەرەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وەستاون. هەر لەبەر ئەوەیە هەر خەباتێکی کورد دژی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا لەلایەن پۆستکۆلۆنیالیزم و چەپی پۆستکۆلۆنیالەوە وەک لاوازکردنی بلۆکی باشووری جیهان دەبینرێت، ئەمەش بێگومان بە هاندان و دەست لە پشتدانی زایۆنیزم. تەنانەت

کەسێکی وەک ئێدوارد سەعید لە ساڵی ١٩٩١دا نکوڵی لەوە دەکات سەدام حوسێن هەڵەبجەی کیمیاباران کردبێت و ئەمە وەک درۆیەکی پروپاگەندەی خۆراوا بۆ لاوازکردنی بلۆکی دژە-ئیمپریالیستی دەبینێت[٥٠].

بەڵام لە هیچ شوێنێکی حیکایەت و خەباتی چەپدا لەگەڵ فەڵەستین ئێمە بەر ئەوە ناکەوین مەرج بۆ پشتیوانییەکان ببینین. واتا چەپ نالێت من پشتیوانی لە دەوڵەتێکی سۆسیالیستیی فەڵەستینی دەکەم، بەپێچەوانەوە، حەماسیش وەک بەشێک لە چەپی جیهانی دەبینێت. لەلایەکەوە ئاڵای وڵاتان (بە ئاڵای کوردستانیشەوە) وەک هێمای ناسیۆنالیزم و ڕەتکراوە دەبینێت، بەڵام ئاڵای فەڵەستین، کە لە بنەڕەتدا ئاڵای پانعەرەبیزم بووە و یەکەم جار بەعسییەکانی سوریا و پێشتریش بۆ عێراقی پاشایەتی دانراوە، وەک هێمای ئەنتەرناسیۆنالیزم و خەباتی جیهانیی دەبینێت. هەر لەبەر ئەوەیە لە سەردەمی شەڕی دژە-داعشدا چەپەکان ڕەتیان دەکردەوە کورد چەک لە ئەمریکا و ناتۆ وەربگرێت، لەکاتێکدا دونیا دەیزانی کورد کەوتووەتە بەردەم جەنگی مان و نەمانەوە، بەڵام وەرگرتنی ڕاکێت و هاژەک لەلایەن حەماسەوە لە ئێران، وەک ڕاکێتی سۆسیالیستی و دژە-ئیمپریالیستی دەبینن. بەکورتی، لە گێڕانەوەی ئێستای چەپدا کورد و جوو دەبنە دوو پەیکەرە و جەستەی نامۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناو بلۆکی باشووری جیهان، فەڵەستینییەکان دەبنە بکەر/سەبژێکتە تازە شۆڕشگێڕییەکان لە حیکایەتی چەپدا و شوێنی پرۆلیتاریا دەگرنەوە. کوردەکان و جووەکانیش وەک هێزە چینە ناوەڕاست یان لە خراپترین حاڵەتدا لومپەن پرۆلیتارە دژە-شۆڕشگێڕەکان دەبینرێن.

## ژێدەرەکان

١. ئەنتیسێمیتیزم وەک ناو بە دەربڕینە ئینگلیزییەکەی بەکار دەهێنم، کە بە وشە بە وشە بە مانای «دژە-ڕەگەزی سامی» دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنتیسێمیتیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرن جیاوازە لە «دژە-جوولەکەیەتی»ی کلاسیکی مەسیحی و ڕق و کینە بەرانبەر بە جوو لە ئیسلامدا و فۆرمگۆڕینی ئەنتیسێمیتیزم لای چەپ و بوونی بە دژە-زایۆنیزم، و هەروەها لەبەرئەوەی عەرەبە موسڵمانەکانیش یاخود عەرەبە چەپەکان بۆ ئەوەی ئەنتیسێمیتیزمی خۆیان بشارنەوە، بیانووی ئەوە دەهێننەوە و دەڵێن «ئێمەی عەرەبیش هەر سامین، چۆن دەکرێت دژی ڕەگەزی سامیی خۆمان بین»، دەبێت پێداگری لەسەر بەکارهێنانە لاتینییەکە بکەینەوە و پاشان ناوەڕۆکەکەی شی بکەینەوە. لە ڕابردوودا دژە-جوولەکەیەتیم لەبری ئەنتیسێمیتیزم بەکار دەهێنا، بەڵام ئەمڕۆ وەک خۆی بەکاری دەهێنمەوە.

٢. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ:
Samuel Salzborn, Antisemitismus seit 9/11: Ereignisse, Debatten, Kontroversen, Nomos Verlagsgesellschaft, Baden-Baden, 2019, s.308-320.

3. Stephen Eric Bronner, A Rumor about the Jews Conspiracy, Anti-Semitism, and the Protocols of Zion, Palgrave/St. Martin›s Press, 2019.

4. Theodor W. Adorno, Minima Moralia: Reflexionen aus dem beschädigten Leben, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2016, s.125.

5. Richard Evans, The Hitler Conspiracies: The Third Reich and the Paranoid Imagination. Allen Lane Publishing House, 2020, p.25-26.

6. Volker Ullrich, Adolf Hitler: Die Jahre des Aufstiegs 1889—1939, Fischer Verlag, Frankfurt am Main, 2013, s.93-94.

7. Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism, Penguin Classics, London, 2017, p. xix.

8. Norman Cohn, Warrant for Genocide: The Myth of the Jewish World Conspiracy and the Protocols of the Elders of Zion, London, 1967, p.13.

9. Robert Wistrich, A Lethal Obsession. Anti-Semitism from Antiquity to the Global Jihad, New York, 2010, p.158.

١٠. خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێتەوە بۆ کتێبە کاریگەر و باشەکەی مێژوونووسی ئەڵمانی، ڤۆلفگانگ بێنتز: تۆمارنامەکانی سەرانی زایۆن: ئەفسانەکانی باڵادەستی جیهانیی جوو:
Wolfgang Benz, Die Protokolle der Weisen von Zion: Die Legende von der jüdischen Weltverschwörung, C.H.Beck, München, 2017.

١١. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هەڵکشانەوەی ئەنتیسێمیتیزم لە ئەڵمانیا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بگەڕێنەوە بۆ:
Monika Schwarz-Friesel, Judenhass im Internet Antisemitismus als kulturelle Konstante und kollektives Gefühl, Bundeszetrale für politische Bildung Verlag, Bonn, 2020.

12. Flavius Josephus, Against Apion, translated by William Whiston, https://www.gutenberg.org/cache/epub/2849/pg2849-images.html

١٣. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ دەربارەی نەریتی دژە-جوولەکەیەتی لە خۆراوا بگەڕێنەوە بۆ کتێبە زۆر گرنگەکەی دەیڤد نیرنبێرگ بەناوی: دژە-جوولەکەیەتی: نەریتی خۆراوایی:
David Nirenberg, Anti-Judaism: The Western Tradition, W. W. Norton Publishing House, New York, 2014.

14. Adolf Hitler, Verhandlungen des Reichstags, Stenographische Berichte für die Wahlperiode 1939-1942, Band. 460, zitiert nach: Eberhard Jäckel: Hitlers Herrschaft, 3. Aufl. Stuttgart, 199, s.94.
15. Shulamit Volkov, Interpreting Antisemitism: Studies and Essays on the German Case, Walter de Gruyter GmbH, Berlin/Boston, 2023, p.68.
16. Matt Palumbo, The Man Behind the Curtain: Inside the Secret Network of George Soros, Liberatio Protocol, 2022.
17. Karl Marx, Zur Judenfrage, in Karl Marx und Friedrich Engels, Gesamtwerke, Karl Dietz Verlag, Berlin. Band 1, 1976, s.347-377.
١٨. مارکس، پرسی جوو، بەرگ، ل.٣٧٢.
١٩. هەمان سەرچاوە، ل.٣٧٣.
٢٠. هەمان سەرچاوە، ل.٣٧٧.
21. Pierre Joseph Proudhon, On the Jews, https://www.marxists.org/reference/subject/economics/proudhon/1847/jews.htm
22. Peer Jürgens, Antisemitismus: Sozialismus des dummen Kerls? Sozialdemokratie und Antisemitismus im Deutschen Kaiserreich, Diplomica Verlag, 2013.
٢٣. بۆ ڕەخنەیەکی جددیی سەرتاپاگیر لە ئەنتیسێمیتیزمی چەپرەو بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی ڕۆبەرت ویستریش:
Robert S. Wistrich, From Ambivalence to Betrayal: The Left, the Jews, and Israel, University of Nebraska Press, Lincoln and London, 2012.
24. Matthias Küntzel, "Islamic Antisemitism: Ist Genesis ,Meaning, and Effects," Antisemitism Studies 2, no.2 (2018): 235–253.
٢٥. بڕوانە:
مذكرات الحاج محمد أمين الحسيني، إعداد وتصنيف: عبد الكريم العمر، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع الطبعة الأولى، ١٩٩٩.
26. Joseph B. Schechtman, The Mufti and the Fuehrer: The Rise and Fall of Haj Amin el-Husseini, New York, Thomas Yoseloff, 1965, p.104.
٢٧. سيد قطب، معركتنا مع اليهود، دار الشرق، القاهرة، ١٩٩٣، ص٢٠.
٢٨. محمد حسين يعقوب، هل أنت يهودي، ٢٠٠٩، https://www.youtube.com/watch?v=GtczRFGKPNM
٢٩. محمد سيد طنطاوي، بنو إسرائيل في القرآن والسنة، دار الشرق، القاهرة، ٢٠٠٠، ص.٧١٣.
٣٠. بۆ تۆمارنامەی دادگای هامبورگ بگەڕێنەوە بۆ
Christian Eggers, ‚Die Juden werden brennen' – Die antisemitischen Wahnvorstellungen der Hambruger Al-Qaida-Zelle um Mohammed Atta, in Matthias Küntzel, Islamischer Antisemitismus und Deutsche Politik, LIT Verlag, Berlin, 2007, s.161-163.
٣١. بڕوانە هەمان سەرچاوە.
32. Peshraw Mohammed, Eine unheilige Allianz: Das Bündnis zwischen Linken, Postkolonialen und Islamisten, 21.12.2023 https://jungle.world/artikel/2023/51/linke-postkoloniale-und-islamisten-eine-unheilige-allianz
33. Vojin Saša Vukadinović (hrs), Siebter Oktober Dreiundzwanzig: Antizionismus und Identitätspolitik, Querverlag, Berlin, 2024.
34. Peshraw Mohammed, Left and Islamism: Antisemitism and Antikurdism, translated by Russell Berman, https://www.telospress.com/author/pmohammed/
٣٥. بۆ زانیاری سەبارەت بە هاتنی زایۆنیستەکان بۆ کوردستان، بگەڕێنەوە بۆ
Scott Abramson, Early Zionist-Kurdish Contacts and the Pursuit of Cooperation: the Antecedents of an Alliance, 1931-1951, University of California, 2019.
36. Jeffrey Herf, Israel's Moment: International Support for and Opposition to Establishing the Jewish State, 1945-1949, Cambridge University Press, Cambridge, 2022, p,66.
٣٧. المادة ٢ تعرف من ميثاق حماس بأنها «حركة عالمية» و«أحد فروع الإخوان المسلمين في فلسطين»: ميثاق حركة المقاومة الإسلامية، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد ٤، العدد ١٣ (شتاء ١٩٩٣)، ص ١٤٦.
٣٨. محمود حسن الدرة، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، دار الطليعة، الطبعة الثانية منقحة، منشورات دار التعالية، بيروت، ١٩٦٦، ص.٣٨٨.
٣٩. ميشيل عفلق، ذكرى الرسول العربي، http://albaath.online.fr/Volume%20I-Chapters/Fi%20Sabil%20al%20Baath-Vol%201-Ch33.htm
٤٠. ميشيل عفلق، المسألة الكردية والثورة العربية، في سبيل البعث - الجزء الخامس، بغداد، ١٩٨٧، ص.٣٦.
41. Hamid Dabashi, "On the Kurdish Question," Al Jazeera, November 27, 2017. https://www.aljazeera.com/opinions/2017/11/27/on-the-kurdish-question
٤٢. هەمان سەرچاوە.
٤٣. بڕوانە:
Peshraw Mohammed, Left and Islamism: Antisemitism and Antikurdism, translated by Russell Berman, https://www.telospress.com/author/pmohammed/
٤٤. دەباشی، دەربارەی پرسی کورد، سەرچاوەی پێشوو.
٤٥. هەمان سەرچاوە.
46. Kommunistische Volkszeitung v. 29.1.1979.
47. Zitat nach Martin Kloke, Israel und die deutsche Linke. Zur Geschichte eines schwierigen Verhältnisses, Schriftenreihe des Deutsch-Israelischen Arbeitskreises für Frieden im Nahen Osten, 2. Aufl, Frankfurt am Main 1994, s.94.
٤٨. بڕوانە:
Jeffrey Herf, Three Faces of Antisemitism: Right, Left, Islamist, Routledge, London and New York, 2024, p.135.
49. David Hirsh, Contemporary Left Antisemitism, Routledge, London and New York, 2018, p.103.
50. Edward Said, an American and an Arab, writes on the eve of the Iraqi-Soviet peace talks, https://www.lrb.co.uk/the-paper/v13/n05/edward-said/edward-said-an-american-and-an-arab-writes-on-the-eve-of-the-iraqi-soviet-peace-talks

# وێنەسازییەکانی
# کوردێکی هیومانیست

ڕزگار ئەمین‌نژاد

پێوەندیی قاسملوو بە ڕیاڵیزم و هەروەها ڕیاڵپۆلیتیکەوە، لە گوتار و نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە، کاتێ پرسی کورد و داڕشتنی ستراتیژییەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەخوێندرێتەوە، بەراوردکردنی تیۆر و واقعییەت بە بنەما دەگرێت. بۆ نموونە کاتێ باسی سوسیالیزم دەکات دەڵێت: «فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە ئەوەیە کە ئەوان هەوڵ دەدەن واقعیياتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیۆرییەکەیان ڕێک بخەن و، ئێمە بە پێچەوانە، دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاوی وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا بێ».

## پێشەکی

مانگی پووشپەڕ لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەدا نەک هەر ئاوێتەی یادی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەبێتەوە، بەڵکە تا دێ ڕەنگ و بەرامەی سەمپۆزیۆمێکی زانستی لەمەڕ هزر و رووکردە سیاسییەکانیشی بەخۆیەوە دەگرێت. قاسملوو وەک سیاسەتمەدارێکی کورد لە بیر و زەینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا وەها ناخینە بووە، کە بەدوور لە هەر چەشنە زێدەڕۆیییەک دەتوانم بڵێم؛ قاسملوو بەشێکە لە کۆبیرەوەریی کورد. یادی قاسملوو بە لانیکەمەوە لە دوو ڕەهەندەوە جێگای سەرنجە: یەکەم ڕەهەندی سۆز و ویژدانییە و ئاماژە بە رووداوێکی دراماتیک دەکات کە بەشێوەیەک پێوەندیی بە چارەنووسی کوردیشەوە هەیە. واتە ڕێبەرێکی کورد کار لەسەر داهێنانی ڕێتۆریکێک دەکات بەڵکوو زمان، دەنگی چەک کپ بکات، بەڵام لە کاتی وتووێژ بۆ دۆزینەوەی ڕێکارێکی ئاشتییانە لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کورد، دیسان دەنگی چەک بڕیاری دوایی دەدات و کۆتایی بە ڕۆڵی زمان دەهێنێت. دووهەم: ڕەهەندی عەقڵانییە کە یادی قاسملوو دەکات بە بنەما بەڵکوو جارێکی دیکە بە ژین-جیهانی ئەم سیاسەتمەدارە کەموێنەیەدا بچێتەوە و بیکات بە دەرفەت بۆ لێ فێربوون و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە. بە سەرنجدان بەو بارستاییە مەزنەی لەمەڕ کاری توێژینەوە، وتار، فیلمی بەڵگەیی و هەروەها بیرەوەریی چالاکانی سیاسی لەسەر قاسملوو، دڵنیا دەبینەوە کە قسەکردن لەسەر قاسملوو بە مانای خوێندنەوەی ژین-جیهانی ڕێبەرێکی ئایدیالیستە کە باش دەیزانی لە بازنەی تەنگی ڕیاڵپۆلیتیکدا چۆن خەبات بۆ خەونە بەرزەکانی بکات. ئایدیالیست لەم وتارەدا ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکە سیاسییانەی کە هزر، نۆرم و ئامانجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان بە بنەما دەگرن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی باشتر و هەروەها بووژاندنەوەی عاملییەتی مرۆڤ کە لە خۆیدا ئاماژەیەکیشە بۆ ڕوانگەی هیومانیستیی ڕێبەرانی سیاسی. هەڵبەت ئایدیالیست مانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت کوردستان کە لەنێوان سنووری چوار وڵاتدا دابەش کراوە، کارێکی ئاسان نییە. هەر ئەو ئاڵەنگارییانە هۆکارن بۆ پاساوی کردەوە و گوتارە پارادۆکسیکاڵەکانی سیاسەتمەدارانی کورد کە هێندێ جار نەک سنووری چەمکی پراگماتیک دەبەزێنن بەڵکە هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی حیزبی و بەرژەوەندیی نەتەوەییش تێک دەدەن. کەوایە کایەکردن لە مەیدانی سیاسەت کە ڕیاڵپۆلیتیک یاسا و ڕێساکانی دیاری دەکات، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسییە کە ئامانجی ڕێبەرانی ئایدیالیستە.

ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەو وێنانە بخوێنێتەوە و لێیان بڕوانێت کە قاسملوو لە نەخشاندن و نواندنیاندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. وێنەسازی ئاماژەیەکە بۆ وێناکردنی هزرە دەروونی و ئینتزاعییەکان لە چوارچێوەی وێنەیەکی گەورەتردا، بەڵکوو داهاتوویەکی مومکین بنوێنێت و لەگەڵ ئیحتیمال و واقعە دەرەکی و هەنووکەیییەکاندا بگونجێت. سیاسەت لە سۆنگەی وێنە گەورەکانەوە، مێتۆد و شێوازی گونجاو بۆ خەبات و کاردانەوەی چالاکانی سیاسیش دیاردی دەکات و لەوەش گرنگتر؛ هەستی خۆبوون و پێکەوەبوون بەلای تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەهێز دەکات کە لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە پوختی شیی بکەمەوە. هەڵبەت چوارچێوەی وتارەکە لە باری فەزا-کاتەوە سنووردارە و باسی قۆناغێکی مێژوویی دەکات کە قاسملوو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی، واتە ئەم وتارە نایهەوێت پێش مێژوو بکەوێت

## وێنە وەک مانیفێستی سیاسی

نواندنەوەی شێوازی سەروەریی سیاسی لە

قاڵبی نەخشێکی دیواریدا، بە بۆچوونی دەیڤید میلێر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەی زایینی کە لەلایەن یەک لە نیگارکێشە ناودارەکانی ئیتالیا، واتە «ئامبراجۆ لۆرێنتسێتی» نەخشاوە و دیوارەکانی کۆشکی «سییەنا»ی پێ ڕازاوەتەوە. ئاماژەدانی میلێر بەم بەرهەمە هونەرییە لە ڕاستیدا پێوەندیی بەم پرسیارەوە هەیە: فەلسەفەی سیاسی باسی چی دەکات و نێوەرۆکەکەی چییە؟ ناوی ئەو نەخشە دیوارییە «نواندنەوەی حکومەتی باش و خراپە» کە لۆرێنتسێتی هەوڵ دەدا لە ڕێگای ئەو وێنەیەوە سرووشت و نێوەرۆکی حکومەتی باش و نەباش و هەروەها کاریگەریی ئەو حکومەتانە لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی پیشان بدات. لە وێنەکەی حکومەتی باشدا کە زۆر سیمبولیکە، سەرورێکی سیاسی لە لای سەرووی کۆڕی هاوڵاتییان و لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووە و، لە سیمایدا ئازایەتی، گەورەیی، فەزیلەت و هێمنایەتی بەدی دەکرێت. بە لای دەستە ڕاستی وێنەکەدا، وەک چۆن میلێر باسی دەکات، کاریگەریی ئەم سەروەرە مێرخاسە لەسەر ژیانی هاوڵاتییان پیشان دەدات کە خەڵک لە شاری پاکژەوە هەتا گوند و مەزرا ئاوەدانەکان، لە تەناهی و تەباییدا خەریکی کار، ژیان، وەبەرنان و خۆشبژیوین. لەبن وێنەکەدا نووسراوە: «لە سایەسەری ئەم خانمە بەڕێزە و لەم کۆمارەدا گشت کەسێک بۆی هەیە ئازادانە و بێ ترس کار بکات و خێر لە کار و بەرهەمەکانی خۆی ببینێت، چونکە ئەم سەروەرە مەزنە کۆتاییی بە ڕاو و ڕووت هێناوە». ئەم وێنەیە نواندنەوەی سیستەمی کۆمارییە کە بە بۆچوونی میلێر لە بەشێکی وڵاتی ئیتالیا و لە سەدەی چواردەی زایینیدا لەوپەڕی ئارامی و ئاسوودەییدا بوو (میلر ۱۳۸۸).

وێنەکەی شانی چەپ، وێنەیەکی دیستۆپیاییە کە لەودا سەروەرێکی سەرەڕۆ حوکم دەکات و لای سەرووی کۆمەڵێک سەربازی پڕ چەک، لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتووە و تووڕەیی، غەزەب و غروور لە نێوچاوانییەوە دەبارێت. بەرهەمی حکومەتی دیکتاتۆر لە وێنەکەدا شارێکی وێران، گوندی کاول و مەزرا بێ حاسڵاتەکانە و خەڵکەکەش لە بن سێبەری ترس و دڵەڕاوکەدا درێژە بە ژیانی قولەمەرگی دەدەن. لە بن وێنەکدا نووسراوە: «لەم شارەدا کەس لە خەمی کەسدا نییە و هەر کەس هەوڵ بۆ خۆی دەدات، هەر بەم هۆیە ڕێز و قەدری داد لەبن پێی سەرەڕۆییدا شکاوە. لەم جادەیەدا کەس هەست بە تەناهی ناکات چونکە خێڵی چەتە هەموو ڕۆژێ لەسەر ڕێی شار و گوندەکان لە بۆسەدان».

لەم خوێندنەوەیەدا ئێمە لەگەڵ دوو وێنەی گەورە بەرەورو دەبینەوە: وێنەیەکی باش و وێنەیەکی خراپ کە ڕەنگدانەوەی پرسیارێکی فەلسەفییە بۆ سیاسەت بەڵکوو لە نێوەرۆک، هۆکار و کارتێکەریی دەسەڵاتی باش و نەباش تێ بگەین. لە شرۆڤەکانی میلێر سەبارەت بەم وێنانە ئاماژە بە سێ بۆچوونی فەلسەفی کراوە کە لەو وێنانەدا بەدی دەکرێن:

● یەکەم بۆچوون پێمان دەڵێت کە ژیان لە دوو دەسەڵاتی باش و نەباشدا زۆر جیاوازە. ئێمە ناتوانین خۆ لە سیاسەت نەبان بکەین، خۆ بە ژیانی ڕۆتینایزەوە سەرقاڵ بکەین و بڵێین مۆدێلەکانی دەسەڵات هیچ لە ژیانی ئێمە ناگۆڕێت (ibid). کەوایە ئەخلاقی ژیان، تەناهی و تەبایی لە گرەوی حکومەتێکی باشدایە.

● بۆچوونی دووهەم پێمان دەڵێت کە مۆدێلی دەسەڵاتی سیاسی لە چارەنووسی ئێمەدا نەنووسراوە، بەڵکوو خەمساردیی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتدا، تووشی حکومەتی خراپمان دەکات (ibid). مافی هەڵبژاردن پێوەندی بە ئەرکی مەدەنی و خەباتی سیاسیی ئێمەوە هەیە. خەمساردی لە ئەرکی مەدەنیدا و خۆ دزینەوە لە ئالەنگارییەکانی سیاسەت،

ڕێگا بۆ دەسەڵاتداریی سەرەڕۆ خۆش دەکات و سرووشتییە کە چارەنووسی وێنە خراپەکە هەرەشەمان لێ بکات.

● بۆچوونی سێهەم پێمان دەڵێت کە دیاردەیەک هەیە بە ناوی هزری سیاسی کە فێرمان دەکات چی بکەین و چ تایبەتمەندی و ڕێکارێک لەبەرچاو بگرین، بەڵکوو دەسەڵاتێکی باش دابمەزرێنین (میلر ١٣٨٨). نواندنەوەی فەلسەفەی سیاسی لە قاڵبی وێنەدا هەر بە سەردەمی لۆرێنتسێتی کۆتایی نایەت. «تۆماس مۆر» (١٤٧٨-١٥٣٥) لە سەدەی ١٦ی زایینیدا ئۆتۆپیا وەک وێنەیەکی گەورە بۆ نواندنەوەی کۆمەڵگایەکی سیاسی دەکار دەکات کە خەیاڵی و بێ کێشەیە. دواتر «تۆماس هابز» (١٥٨٨-١٦٧٩) لەسەدەی ١٧ ی زایینی و لە کتێبی «لیڤیتان»، بە سوود وەرگرتن لە وێنەی ئاناتۆمیی مرۆڤ هەوڵ دەدات فەلسەفەی سیاسیی خۆی وێنا بکات کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی سیاسی و سێنترالیزەکراو دادەمەزرێت و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیش ڕەوایی بەو دەسەڵاتە دەدات. کۆمەڵگای کۆمۆنیستیی «کارڵ مارکس» کە لەودا پرۆلیتاریا کۆتایی بە چەوساندنەوە و جیاوازییە چینایەتییەکان هێناوە، یەک لە وێنە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەمە و ئەگەرچی ڕەهەندی ئۆتۆپیایی وێنەکە بەرچاوتر بوو، بەڵام تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کارتێکەریی لەسەر فەلسەفەی سیاسی هەبوو.

بە سەرنجدان بەو ڕەوتە لە وێنەسازی کە لە سەدەی ١٤ی زایینییەوە کار بۆ نواندنەوەی فەلسەفەی سیاسی کردووە، ئێمە لەگەڵ دوو مۆدێلی جیاوازی وێنەسازی بەرەوروو دەبینەوە: یەکەمیان وێنەسازیی خەیاڵی و ئەوەی دیکەشیان وێنەسازییەکی واقعییە. نەریتی وێنەی خەیاڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون کە لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدات پێوەندیی نێوان واقعییەت و حەقیقەت پیشان بدات. واقعییەت لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە سێبەرە دەستکاریکراوەکانی نێو ئەشکەوتەکەن کە زیندانییەکان وەک وێنەیەکی ڕاستەقینە دەبینین، بەڵام حەقیقەت لە فەزای دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا بەدی دەکرێت کە زیندانییەکان دەستیان پێ ڕاناگات. بەم چەشنە حەقیقەت بۆ هەمیشە لە دونیای مێتافیزیکیدا جێگا خۆش دەکات. ئۆتۆپیای تۆماس مۆریش باس لە جیهانێکی ئایدیال دەکات کە پێی لەسەر عەرزی واقع نییە و دەبێتە بەشێک لە خەونەکانی مرۆڤ بۆ ئاسوودەیی، خەونێک کە لەوانەیە مومکین بێت، بەڵام نامۆ بە جیهانی واقعییە. لەوانەیە وێنە خەیاڵییەکەی مارکس، کاتێ ماتریالیزمی دیالیکتیک بە بنەما دەگرێت و هەوڵ دەدات مەودای خۆی لەگەڵ مێتافیزیای ئەفلاتوونی و ئۆتۆپیای تۆماس مۆر دیاری بکات، دوایین هەوڵی وێنەسازە مێژووییەکان بێت بەڵکوو خەیاڵ لەگەڵ جیهانی واقعی و ئەزموونی ژیان ئاشت بکاتەوە. مارکس ئالەنگارییەکانی زەینی دەستکرد (واتە ئایدیالۆژی) لەگەڵ ئۆبژەی واقعیدا وەها فۆرموولە کرد بەڵکوو لە فۆرمی هاوکێشەیەکی دیالێکتیکیدا بگات بە سەنتێزی جیهانێکی ئۆپتیماڵ و ئایدیاڵ کە مرۆڤ چی دیکە بە دەستی مرۆڤ نەچەوسێتەوە. بەڵام وێنە گەورەکەی مارکسیش خەیاڵی دەرچوو، چونکە هەم لە ڕادەبەدەر ئانتاگۆنیستی و ئۆپتیماڵ بوو، هەم ئەو بەڵگانەی بۆ ڕەتدانەوەی ئایدیالۆژی وەک دەزگایەکی چەواشەکاریانە دەیهێنانەوە، مارکسیزمی دوای مارکسیشی کرد بە ئایدیالۆژییەک کە بەرگەی واقعییەتی مێژوو نەگرێت و ڕەنگەکەی کاڵ بێتەوە.

سەبارەت بە وێنەسازیی واقعی، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێت کە وێنەکان بەشێکن لە خولیاکانی ئێمە چونکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵاندن و تیۆرییەکانمان. ڕاستە ئێمە وێنەکان لە زەینی

خۆماندا ساز دەکەین، بیریان لێ دەکەینەوە و لە فۆرمی خولیا و ئاواتەکانماندا وێنایان دەکەین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو وێنەیەک وەراست ناگەڕێت چونکە زۆر جار وێنەکان پێوەندییان بە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە و تەنانەت لە دارشتنی ستروکتۆری تێگەیشتن و لێکدانەوەکانی ئێمە لەمەڕ ناسینی کردەوە و ئاراستە ڕەفتارییەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە (Boulding 1956). وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێ دا، مەبەست لە وێنە فۆرمێکی گوتارییە کە ئاماژە بە دیاردەیەکی گرنگ دەکات و تەنانەت لە شرۆڤەکانی ئێمەشدا دەر دەکەون. کەوایە هەوڵەکانی وێنەسازی بۆ ئەوەیە بەڵکوو واقعییەتە ئاڵۆزەکان سادە پیشان بدات. وێنەی واقعی، نواندنەوەی[۱] واقعییەتێکی دەرەکییە کە دەبێ لەگەڵ زەینی ئێمەدا تەبا و گونجاو بێت و بمانگەیەنێتە تێگەیشتن (دانشنامه آکسفورد ۱۳۸۷: ۷۷۴). لە بەشی دواییدا هەوڵ دەدەم وێنەسازیی واقعی لەم دۆخی ئینتزاعییە ڕزگار بکەم و بە هێنانەوەی نموونە لە وێنەسازییەکانی دوکتور قاسملوو، شیکارییەکی عەینیتر بۆ وێنەسازیی واقعی بکەم.

## چەند سەرنج لەسەر ریالیزم

کاتێ باس لە وێنەی واقعی دەکەین، دەبێ سەرەتا پێوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ ڕیاڵیزمدا ڕوون بکەینەوە، چونکە ڕیاڵیزم قەبارە و پێوەری جیاوازی هەیە. بۆ نموونە «سووکە ڕیاڵیزم[۲]» ڕەهەندێکی زمانی-گێڕانەوەیییە و پێمان دەڵێت شتەکان لە دەرەوەی بیر و خەیاڵی ئێمەدا هەن کە لە ڕێگای وەسفکردنەوە دەتوانین بیهێنینە بەرچاو، مێتافیزیک و بەڵگەهێنانەوەی دین نموونەیەکن لە سووکە ڕیالیزم. «ڕیالیزمی زانستی[۳]»یش قاییل بە فرەیی و تاقیکارییە، واتە ڕیاڵیزمێکی خەستە کە کارەکەی پێوان و سەلماندنە. بەڵام «ڕیاڵیزمی میانەڕەو[۴]» باسی دیالێکتیکی نێوان ئۆبژە و سووژە دەکات کە دامەزراوەیی کردن[۵] سێنتێزەکەیەتی. کەوایە ئەگەر وێناکردن ڕەهەندێکی زەینی بێت و لە ڕێگای پەسەندکردن، باوەڕکردن و تێگەیشتنەوە بسەلمێندرێت، دەبێ ئەو وێنەیە سەرەتا بیسەلمێنێت تا چەند سەربەخۆیە لە نواندندا و هەروەها تا چەند لەگەڵ ژینگەی ڕاستەقینە و ئەزموونی ژیاندا تەبایە (Berger og Luckmann, 2006).

فۆرم و نێوەڕۆکی ڕیاڵیزم لە جیهانی سیاسەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو سێ نموونەیە کە ئاماژەیان پێ درا، بەڵام جیاوازیی ڕیاڵیزمی سیاسی پێوەندی بە فۆنکسیۆنی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە کە بە میکانیزمی هێز دەچێتە پێشەوە و تەنانەت زۆرجار هێز دەتوانێ واقعییەتی سیاسیش ساز بکات. هانس مورگێنتاو بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی ڕیاڵیستی لە بابەت سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە. یەک لەو تیۆرییانەی کە مورگێنتاو لە کتێبەکەی خۆیدا، واتە سیاسەت لەنێوان نەتەوەکاندا[۶]، گیانی بە بەردا کردەوە؛ تێرمی ڕیاڵپۆلیتیک بوو. ئەگەرچی دەکارکردنی سیاسەتی ڕیاڵیستی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئینقلابەکانی ئۆرووپا و زیاتر بزاڤە سوسیالیستەکان سوودیان لەم تێرمە وەردەگرت، بەڵام پێناسەی بیسمارک بۆ سیاسەتی ڕیاڵیستانە ڕێخۆشکەر بوو بۆ شرۆڤەی ڕیالپۆلیتیک لە سەردەمی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی. بیسمارک پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی وەک تاکە پرەنسیب و هەروەها ڕاسترین سیاسەت بۆ دامەزراندنی سەروەریی سیاسی دەزانی و لەم سۆنگەوە مەودای خۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕۆمانتیک دیاری کرد، چونکە پێی وابوو سیاسەت بە سۆز و ئاوات ناکرێ، سیاسەت هونەری

مومکینە، دیاردەیەکی ئۆبژەکتیڤ و ڕێژەیی‌یە (مورگنتا ۱۳۷۴). مورگێنتاو ئەم چەمکەی لە چوارچێوەی تیۆرییەکی سیاسیدا دارشتەوە و لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە ئیتر ڕیاڵپۆلیتیک دەبێت بە بنەما بۆ تێگەیشتن لە ململانێی نێوان حکومەتەکان و پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەت-نەتەوەکان. بە کورتی، خوێندنەوەکانی مورگێنتاو پێوەندیی بە پرەنسیبی دیپلۆماسی و میکانیزمەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز، ئەخلاقی نێونەتەوەیی، ڕای گشتیی جیهانی و هەروەها مافی نێونەتەوەیی‌یەوە هەیە کە چاوەدێریی بەرژەوەندی و ململانێی نێوان دەوڵەت-نەتەوەکان دەکات و یاسا و سزایان بۆ دیاری دەکات. ئەو شتەی لە بۆچوونەکانی مورگێنتاودا بەرچاو دەکەوێت، هەڵسەنگاندنی نێوان ڕۆمانتیزمی سیاسی، ئەخلاقی سیاسی و ڕیاڵپۆلیتیکە کە بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی بیسمارکیشە. ڕۆمانتیزمی سیاسی، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بە بنەما دەگرێت بەڵام هێز و ئەوتۆریتی، پرەنسیبێکی بنەمایی‌یە بۆ ڕیاڵپۆلیتیک. سەبارەت بە ئەخلاق لە سیاسەتدا، تەنانەت تیۆرسییەنە مۆدێرنەکانیش بەم قەناعەتە گەیشتوون کە پرسی ئەخلاق لە سیاسەتدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە حکومەتەکان سیاسەتی پێ بکەن، چونکە ئەو شتەی لای بەشێک لە ڕای گشتی وەک ئەخلاق پێناسە کراوە، دەتوانێ لای بەشەکەی دیکە نائەخلاقی بنوێنێت و زیانی بۆ کۆمەڵگا زۆرتر بێت. کەوایە سیاسەتی ڕۆمانتیک، ئەخلاقی دیۆنتۆلۆژیک بە بنەما دەگرێت کە ڕەچاوی کەرامەتی مرۆڤ و ئەرکەکانی دەکات، بەڵام ئەخلاق لە سۆنگەی ڕیاڵپۆلیتیکەوە دەرەنجامخوازە[۷] و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کە لە یاسای بنچینەیی وڵاتەکانیان پێناسە کراوە، بە بنەما دەگرێت. وابزانم «جۆرج کێنان» بە زمانێکی گونجاوتر پێوەندیی نێوان ئەخلاق و ڕیاڵپۆلیتیک شی دەکاتەوە کاتێ دەڵێت: گرنگترین ئەرک بۆ دەسەڵاتی سیاسی، پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیانە نەک جێبەجێکردنی بۆچوونە ئەخلاقییەکانی هاوڵاتییان (لیک ۱۳۸۷). کەوایە ڕیاڵپۆلیتیک یانی پاراستن و گەشەپێدانی بەرژەوەندیی وڵاتان و ئەم سیاسەتەش تەنیا بە هێز جێبەجێ دەکرێت. هێز لە ڕاستیدا چوارچێوە ئەخلاقی و تیۆریکەکانی ڕیاڵپۆلیتیکیش دیاری دەکات، کەوایە بەر لە ڕیاڵپۆلیتیک هێز هەبووە و بە دوای ڕیاڵپۆلیتیکیشدا دیسان هێز بڕیاری کۆتایی‌یە.

### وێنەی واقعی لە هەرێمێکی پڕکێشەی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

پێوەندیی قاسملوو بە ڕیاڵیزم و هەروەها ڕیاڵپۆلیتیکەوە، لە گوتار و نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە، کاتێ پرسی کورد و دارشتنی ستراتیژییەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەخوێندرێتەوە، بەراوردکردنی تیۆر و واقعییەت بە بنەما دەگرێت. بۆ نموونە کاتێ باسی سوسیالیزم دەکات دەڵێت: «فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە ئەوەیە کە ئەوان هەوڵ دەدەن واقعییاتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیۆرییەکەیان ڕێک بخەن و، ئێمە بە پێچەوانە، دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاوی وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا بێ» (قاسملوو ۲۰۰۳: ۵۰). سەبارەت بە ڕیاڵپۆلیتیک، بۆچوونەکانی لەگەڵ ئەو چوارچێوە تیۆریکە کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هەماهەنگە و زۆر بەباشی لە بەربەستە بەرچاوەکانی ڕیاڵپۆلیتیک و هەروەها ناکۆکیی ئەم تیۆرە لەگەڵ ڕۆمانتیزمی سیاسی و ئەخلاقی سیاسیدا شارەزایە. کەوایە لە کاتی وێنەسازییەکەیدا لە بیری

ناچێتەوە لە کوێی ئەم جیهانەدا سیاسەت دەکات. بۆ نموونە لە تەعامول لەگەڵ هزرە سیاسییەکاندا ڕەوەندێکی پراگماتیک دەگرێتە بەر و دەڵێ: «... مێژوو قانونی تایبەت بەخۆی هەیە. تیۆرییەک بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ دادەنرێ، بەڵام ڕەوڕەوەی مێژوو کۆمەڵ بەرەو جێگایەکی دیکە دەبا، ئەمجا تیۆری ناچارە خۆی لەگەڵ واقعییەت ڕێک بخات» (قاسملوو ۲۰۰۳: ۲۱). لەوانەیە ئەم تێگەیشتنە مێژووییە هانی دابێت کە لە دارشتنی وێنە گەورەکەیدا وردبینانەتر و وەسواستر بێت، بۆ نموونە لە نامیلکەی «دروشمی بنەرەتیی حیزبەکەمان» لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی سەربەخۆیی دروشمی ستراتیژیکی حیزبەکەی نییە، سەرەتا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دابەشبوونی کوردستان دابەشبوونێکی «دەستکردە» و «سرووشتی» نییە، بەڵام: «ئەگەر واقعبینانە بیر بکەینەوە [...] وەزعی «ستراتیژیکی» و «ژئۆپۆلیتیکی» ئەوە کە پێی دەڵێن جوغرافیای سیاسی هێچیان ڕێگا نادەن کە ئێمە بتوانین سەربەخۆیی کوردستانی ئێران بپارێزین» (قاسملوو ۱۳۷۳: ۱۲). ئەم تێبینییە تەنانەت لە شێوازی تەعامول و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەرچاو دەکەوێت کە بە شێوەیەکی دەستکرد کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە؛ لە لایەکەوە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکەی بۆ گرنگە و لە لایەکی دیکەشەوە پێوەندی سازکردن بەهەند دەگرێت. لە کاتی تەعامولدا یەک لە پرەنسیبەکانی دیپلۆماسی تێبینی دەکات کە لەگەڵ نیوەرۆکی ڕیاڵپۆلیتیکدا بێتەوە، واتە وەرگرتنی پشتیوانیی سیاسی و بەفەرمی ناسینی حیزب و دۆزی ڕەوای گەلەکەی. بە واتایەکی دیکە نە دوژمنایەتییان دەکات و نە لە تەعامولەکانیدا هێندە دادەبەزێت کە پرستیژی حیزبەکەی بشکێت (ibid).

بە سەرنجدان بەو نموونانە دەتوانین پێوەندیی قاسملوو لەگەڵ ڕیاڵیزمدا لە چوارچێوەی ڕیاڵپۆلیتیک و ڕیاڵیزمی میانەڕەودا بگونجێنین و بەتایبەت لەو کاتانەدا کە حیزب (واتە دامەزراوە) دەکات بە سەنتێز بۆ ڕیاڵیزەکردنی وێنە گەورەکەی. بەڵام وێنەیەکی واقعی دەبێ هەڵگری دینامیزمی حەقیقەتیش بێت، بەڵکوو لە کاتی بەراوردی وێنەکە لەگەڵ مەرجەکانی سەردەمدا بگونجێت و گرفتاری چارەنووسی وێنە ئۆتۆپاییەکان نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە ڕۆڵی بونیاتنەرانەی دەبێت بۆ واقعیی نواندنەوەی وێنە گەورەکان. ئەو پێی وایە گرنگیدان بە ڕەخنەگری و ڕەخنەوەرگری جیدییەت و بەرپرسیارەتیی حیزبەکەی دەسەلمێنێت: «پێشڕەوبوون و ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەرا دەر دەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆڕشگێر نابێ لەوە بترسێ کە گۆیا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یا لە ئیعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانەوە پێلێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردووی تێکۆشان ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیدی بوون و بەرپرس بوونی حیزبەکە نیشان دەدا» (قاسملوو ۱۳۷۸: ۵۹). بۆ کەسێکی ڕیاڵیست ئاشکرایە کە پەسەندکردنی ڕابردووی حیزب و پێداهەڵگوتنەوەی بۆ خەباتی هەنووکەیی حیزبەکەی، تەنیا یەک ئاکامی لێ دەکەوێتەوە و ئەویش بەرهەمهێنانەوەی ئەو دۆخەیە کە تووشی چەوتی کردووە و لە ئەنجامدا بزووتنەوەکە لە زلکاوی زەمەندا دەچەقێت.

## بەستێنەکان بۆ نەخشاندنی وێنە گەورەکەی کورد

پرسی نەهێشتنی چەوساندنەوە یەک لە مشوورەکانی دوکتور قاسملوودا بوو کە لە گشت بابەت و لێدوانەکانیدا بە ڕوونی دەر

دەکەویت و بەیان دەکریت. بە واتایەکی دیکە گشت بۆچوون و کارە مەیدانییەکانی قاسملوو لە دەوری بازنەیەکدا دەخولێتەوە کە لابردنی ‹چەوساندنەوە› ناوەندەکەی پێک دەهێنێت. چەوساندنەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتیشدا مێژووییە. ئێمە نازانین چەوساندنەوە کەی بووەتە دیاردە، بەڵام دەزانین پرسی داد کەی دەبێتە پرسیارێکی سەرەکی بۆ فەلسەفە و دواتریش سیاسەت. بۆ نموونە چەمکی داد لە کتێبی «ئەخلاق»ی ئەرەستوودا، لەسەر بنەمای هاوسەنگی[٨] داڕێژراوە (Aristoteles 2013)، بەڵام لای ئەفلاتوون و لە نامیلکەی «گارگیاز[٩]»دا یەکسانی[١٠] بە بنەما گیراوە (Platon 1989) مەبەست لە هاوسەنگی ئەوەیە کە مافی تاک لە کۆمەڵگەدا بە پێی لێهاتوویی و کردەوەکانی دیاری بکرێت، واتە تایبەتمەندیی سرووشتیی تاکەکان لەبەرچاو گیراوە. بەڵام پرسی داد لای ئەفلاتوون بە پێی دوو پارامێتری «نیاز» و «یەکسانی» دیاری کراوە و دواتر دەبێت بە بنەمایەک بۆ ئەم پرسیارە: نێوەرۆکی دەسەڵاتی سیاسی تا چەند وەڵامدەری یەکسانی و نیازی مرۆڤە؟. کەوایە ئینساف ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی هاوسەنگیدا و هەروەها نەهێشتنی چەوساندنەوەش دەبێت بە مشوورە سەرەکییەکەی یەکسانی و یەک لە پرسیارە ڕژدەکانی هزرە سیاسییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمیشدا. هاوسەنگی جێگای خۆی لە سیستەمی داد و تاوانناسیدا گرتەوە، بەڵام یەکسانی ڕێی لە داڵانە تاریکەکانی سیاسەت و پرسە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات کەوت.

ئەگەر تیشکی داد، کە یەکسانی بە بنەما دەگرێت و لە دژی چەوساندنەوەیە، لە وێنە خەیاڵییەکەی توماس مۆر بگرین، لەوانەیە پێوەندییەک لەنێوان وێنەی سوسیالیزمی خەیاڵی و بزاڤە هیومانیستییەکانی سەدەی هەژدەهەم، نۆزدەهەم و تەنانەت بیستەمیش بدۆزینەوە. سەلماندنی ئەم تیۆرە بۆ من زەحمەتە و لە ڕاستیدا خوێندنەوەکانی من لەو ئاستەدا نییە کە وەها ئیدەعایەک بسەلمێنم، بەڵام با ئەم بۆچوونە وەک «ئەگەر» لەبەرچاو بگرین و لە خۆمان بپرسین؛ ئەگەر وێنە خەیاڵییەکەی سوسیالیزم لە ئارادا نەبوایە، ئەگەر چەوساندنەوە پرسیاری واقعیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەبوایە، تۆ بڵێی چ پاڵنەرێک دەیتوانی کارل مارکسێکی قەرزدار، کرێچییەکی مایەپووچ و نیشتەجێ لە گەڕەکێکی هەژارنیشن وا لێ بکات کە بە زگی برسییەوە لە دوای پێوەندییەکانی کار و دەستمایە بگەڕێت و لە ئەنجامدا بگات بە دیاردەی «زێدەبایی»، لە کەفوکوڵی زێدەباییشدا هەناسەی ساردی چەوساوەکان بەدی بکات و دواجار سەنتێزێک بۆ ڕیالیزەکردنی سوسیالیزمێکی زانستی بدۆزێتەوە؟ کەوایە پرسی چەوساندنەوە جیدیترین پرسیاری مرۆڤە و ئەم پرسیارە نەک فەلسەفە، بەڵکە سیاسەت و لقەکانی دیکەی زانستی کۆمەڵایەتی و هەروەها بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیشی بەخۆیەوە خەریک کردووە بەڵکوو لە دوای وێنەیەکی گەورەتر بگەڕێن کە لەودا جێگایەک بۆ چەوساندنەوە نەمێنێت.

زستانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و لە وتووێژێکی لەگەڵ ڕادیۆ «دەنگی کوردستانی ئێران»، دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی دێمۆکراتی و «ئینساندۆست» پێناسە دەکات. کەوایە بزووتنەوەیەک کە مرۆڤ بە بنەما دەگرێت، دەبێت وەڵامێکی ڕوونیشی بۆ کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤ کە یەک لەوانە پرسی چەوساندنە، پێ بێت. هەر لەو وتووێژەدا مکوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو مافانەی نەتەوەی کورد خەباتی بۆ دەکات، داوایەکی تایبەت یا ئیمتیازێک نییە کە دەبێ بۆ کورد لەبەرچاو بگیرێ، بەڵکە داوایەکی ڕەوا و مرۆیییە کە لە بەیاننامەی جیهانیی

مافی مرۆڤدا هاتووە. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە؛ چ شتێک پرسی چەوساندنی پرسی کورد لە پرسەکانی دیکەی مرۆڤ جیا دەکاتەوە؟ لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا، واتە «کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم» ببینەوە.

نامیلکەی کورتەباس (٢٠٠٣) لە ڕاستیدا وەڵامێکە بۆ سێ پرسیاری سەرەکی: ١ بۆچی سوسیالیزم لە بەرنامەی حدکادا هاتووە؟ ٢ ئەو سوسیالیزمە دەبێ چۆن دابمەزرێ و هەروەها دەبێ چۆنیش دانەمزرێ. ٣ دیاریکردنی چوارچێوەیەکی دیپلۆماتیک بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی لە سەردەمی شەڕی سارددا. لە پێوەندی بە سوسیالیزم نووسەر لە بیری ناچێتەوە کە حیزبەکەی حیزبێکی مارکسیستی نییە، بەڵام ئەگەر سوسیالیزم زانستی بێت، ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە سوسیالیزم بە بنەما بگرن بۆ نەهێشتنی پرسێکی گرنگی وەک ستەمی کۆمەڵایەتی، چونکە زانست موڵکی کەس نییە (قاسملوو ٢٠٠٣). لێرەدایە کە دەبێ بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین کە حدکا و بەتایبەت قاسملوو چۆن پێناسەی چەوساندنی کورد وەک کۆمەڵێکی مرۆیی دەکات و ئەو تایبەتمەندییانە چین کە حدکا بەر لەوەی ئاوێتەی خەباتێکی وەها بێتەوە، دەبێت خوێندنەوەیەکی مۆدێرن بۆ مەزن تیۆرییەکی وەک سوسیالیزم بکات؟ لە کورتەباسدا بە ڕوونی ئاماژە بە دوو هۆکار کراوە: یەکەم پرسی ئازادییە و ئەوەی دیکەش تایبەتمەندیی مۆدێلی چەوساندنی کوردە کە ئەو بە ناوی «پۆلی ستەم[١١]» ناوی دەبات، واتە فرەیی چەوساندنەوە (ibid). بەڵام یەک لە تایبەتمەندییەکانی پۆلی ستەم لەوەدایە کە لە چەند لایەنەوە چەوساندنی کوردی بندەست هاوبەش دەکات لەگەڵ چەوساوەکانی نەتەوەی باڵادەست کە دەبێتە هۆی ئەوە پرسی چەوساندنی کورد کەمێ ئاڵۆز بکات.

لە کورتەباسدا چەوساندنەکان وەها پۆلبەندی کراون: ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی کۆمەڵایەتی و ستەمی سیاسی. وەک دیارە لەمەڕ چەوساندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا کورد هاوبەشە لەگەڵ گەلانی ئێران و ئەو شتەی کە پرسی کورد جیا دەکاتەوە، چەوساندنی نەتەوایەتییە. مێژووی ئیستبدادی سیاسی لە ئێراندا بووەتە هۆی ئەوە کە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە پەراوێز بخات. هۆکارەکەش سادەیە؛ بۆچی ئێرانییەکان دەبێ چەوساندنی نەتەوەیەکی بەکەمینەکراو بە هەند بگرن لە کاتێکدا بۆخۆیان بەرەوڕووی چەوساندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە؟ لە لایەکی دیکەوە هێزە سیاسییەکانی ئێران و تەنانەت کارناسانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە لێنزی خۆیانەوە سەیری پرسی کورد لە ئێران دەکەن و سرووشتییە ئەزموونی خۆیان لەمەڕ چەوساندنەوە، بۆ کوردیش تەعمیم بدەنەوە. واتە سەرچاوەی چەوساندنەوە بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گرێ بدەنەوە، بەڵکوو گەشەی ئابووری بتوانێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پرسی کوردیش چارەسەر بکات. ڕەخنە سەرەکییەکەی دوکتور قاسملوو لەسەر سوسیالیزم لەم گۆشەنیگایەوە دەست پێ دەکات کە نوخبەی چەپ، ئابووری بە بنەما دەگرن، لە کاتێکدا گرفتە قەبە و سەرەکییەکەی ئێران ڕەهەندی کولتوورییە، واتە ئازادی و دیمۆکراسی. گەلانی ئێران و بەتایبەتی نەتەوەی کورد سەدان ساڵە بە دەست ڕێژیمە ئیستیبدادییەکان چەوساوەتەوە و خەبات بۆ ئازادییە سیاسییەکان سەرەکیترین و واقعیترین ئەکتی سیاسییە، هەر بەم هۆیە دیمۆکراسی وەک قۆناغی یەکەم لەبەرچاو گیراوە و چارەسەرکردنی چەوساندنی کۆمەڵایەتی دەچێتە قۆناغی دووهەمەوە (قاسملوو ٢٠٠٣).

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە داخوا

دیمۆکراسی دەتوانێ چارەسەری گرفتی نەتەوایەتی بکات؟ هەڵبەت پێویستە پێش مێژوو نەکەوین، قاسملوو نەوەی سەردەمی خۆیەتی، واتە فازی یەکەمی دیمۆکراتیزاسیۆن کە دیمۆکراسی وەک ئامانج و دەراوێکی ڕوون بۆ تێپەڕین لە ڕێژیمە تۆتالیتێرییەکان دەبینی. فازی یەکەمی دیمۆکراتیزاسیۆن بە خێراییەکی بەرچاو کۆتایی بە حکومەتە توتالیتێرەکان هێنا و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو وڵاتانەی بەرەو دیمۆکراسی دەڕۆیشتن، ڕووی لە زیادبوون دەکرد. قاسملوو لەو سەردەمەدا نەژیا کە بە چاوی خۆی دیاردەیەک بەناوی «هایبرید-دیمۆکراسی» ببینێت کە چۆن لە بەشێکی جیهاندا خەونی دیمۆکراتیزاسیۆنی شێواند. مەبەست لە هایبرید-دیمۆکراسی ئەو حکومەتانەیە کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە توتالیتاریزم تێپەڕین، بەڵام دیمۆکراسی لەو وڵاتانەدا هێندە ڕادیکاڵ نەبوو کە خەڵک هەست بەوە بکات حاکمی چارەنووسی خۆیانن و بە پێچەوانە دیمۆکراسی بوو بە میکانیزمێک لە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی ئەوتۆریتیی هێندێ کەس و گرووپە تایبەتەکان، بەڵکوو پەرە بە دەسەڵاتە سیاسی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بدەن. ئەم بۆچوونە بە لامانەوە نامۆ نییە کە یەک لە ئاڵەنگارییەکانی دیمۆکراسی خودیی دیمۆکراسییە و زۆرجار دەبێتە هۆی «دی-دیمۆکراسیزاسۆن»، چونکە زۆرجار دەبینین کە دەنگی زۆرینە، شانسی دەسەڵاتی توندئاژۆکان (چەپ، ڕاست، ئایینی و پان ئەتنیکی) دەباتە سەرەوە و سرووشتییە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەییدا، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە کەمینەکراوەکان قەت لە سندووقی دەنگدان نایەتە دەر. هەر لەم پێوەندییەدا لە وتووێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئێگێن» (١٩٨٧) کە لە باسکی ئیسپانیا دەر دەچوو، دەنگدانی گشتی بۆ مافی نەتەوەکان بە دیمۆکراتیک نازانێت: «ئەگەر ڕێژیمێکی دیمۆکراتیک لە وڵاتێکدا هەبێ، ئەوا زۆرینە بڕیار دەدا و کەمایەتی پەیڕەوی دەکا. بەڵام لەوەدا کە پێوەندی بە مەسەلەی میللییەوە هەیە جێی خۆیەتی کەمایەتیی نەتەوەیی بڕیار بدا و مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەبێت» (ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٦٦). ئەم بۆچوونە پێوەندی بە تێگەیشتنی کەمینە نەتەوەییەکانەوە هەیە لەمەڕ لابردنی چەوساندنەوە، بۆیە لە وڵامی ڕۆژنامەی «راه ارانی»شدا ئاماژەی پێ داوەتەوە: «تەنیا ئەندامانی گەلێکی زۆرلێکراون کە هەست بەو ستەمە دەکەن و هەر بۆیەش دەتوانن تێبگەن لاچوونی ستەم چییە؟ ئەویش ئەوە کە خەڵک دەبێ هەست بەوە بکەن کە لە نیشتمانی خۆیاندا بێگانە و هاوڵاتیی دەرەجە دوو نین و لەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵن» (ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٦٧).

سەبارەت بە ئازادی لە کورتەباسدا ئاماژە بە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست کراوە کە مارکس و ئەنگێلس بە ڕاشکاوی باسیان لە ئازادی وەک ئامانجی حیزبی کۆمۆنیست کردووە: «ئێمە کۆمەڵێکمان دەبێ کە لەودا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس، شەرتی گەشەکردنی ئازادانەی هەمووانە.» (قاسملوو ٢٠٠٣: ٣٨). لەم گۆشەنیگایەوە ئازادی یەک لە میکانیزمەکانی بزاڤە سوسیالیستییەکان بوو کە ئیستالینیزم بە هێنانەوەی تیۆریی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەربەستی بۆ ساز کرد. لە وڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووس عاتیفە گۆرگین لەمەڕ چییەتی و چۆنایەتیی ئەو دیمۆکراسییەی کە حدکا باوەڕی پێیەتی، دەڵێت: «... پرسیارمان لێ دەکەن ئێوە باوەڕتان بە دیمۆکراسیی گەلییە یا دیمۆکراسیی بورژوایی؟ ئێمەش دەڵێین هەر دیمۆکراسی» (گرگین: ٣٢-٥٤) ئەم وڵامە دەکرێ پێوەندیی بەم بۆچوونەوە هەبێ کە دیمۆکراسی نابێ ئایدیالۆژیزە بکرێت بەڵکە

دەکرێ ئایدیالۆژی دیمۆکراتیزە بکرێت. پێناسەی قاسملوو بۆ دیمۆکراسی ئازادییە و ئازادی نەک وەک پێشمەرجی دیمۆکراسی، تەنانەت بۆ ئایدیالۆژی و گەشەسەندوویش زەرووره: «هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر کام لە وڵاتانی سوسیالیستی، لیوەشاوەیی ئەوەیان هەیە تەنگوچەڵمەکانی دامەزرانی سوسیالیزم لەنێو بەرن. بەڵام بۆ ئەم کارە بەشداریی هەموو خەڵک پێویستە و هەوەڵ هەنگاو ئەوەیە کە بە خەڵک ڕێگا بدرێ بە ئازادی نەزەری خۆی لەسەر گیر و گرفتەکان دەرببڕێ و بیرورا ئاڵوگۆڕ بکا. لێرەدایە کە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی واتە دیمۆکراسی دێتە گۆڕێ» (قاسملوو ٢٠٠٣: ٣١). بۆچی ئازادی دەبێ جەوهەرەی دیمۆکراسی بێت؟ بەڵکوو «... [خەڵک] هەست بەوە بکا کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا» (قاسملوو ١٣٧٣: ٥). ئەگەر دیمۆکراسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەستەبەر نەکات، ئەگەر خەڵک ئازاد نەبن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بە بۆچوونی قاسملوو: «... هەرچی لەباری ئابووری و فەرهەنگییەوە ئیعتباریشی بدرێتێ، هیچ نەتیجەیەکی ئەوتۆی نابێ» (ibid: ٦).

## وێنەیەکی گشتگیر و فرەڕەهەند

لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژە بە وێنە دیوارییەکەی لۆرێنتسێتی و پێوەندییەکەی بە فەلسەفەی سیاسییەوە درا، بەڵام ئەو وێنەیە لە باری فەزا-کاتەوە زۆر جیاوازەترە لە وێنەی سەدەکانی دوای لۆرێنتسێتی. وێنەکانی لۆرێنتسێتی عەینین، واتە وێنەی دوو سیستەمی حوکمرانیی پیشان داوین کە لە سەردەمی خۆی و لەو وڵاتەی تێیدا ژیاوە، تاقی کراوەتەوە. بەڵام وێنەی سەدەکانی دواتر زەینی و نۆرماتیڤن، واتە ڕوویان لە داهاتووە و هەروەها لە باری فەزا-کاتیشەوە لە سەردەمێکی ئاڵۆزتر و ئینتەزاعیدا نەخشاون. بەڵام بە گشتی هەر دوو وێنەکان لە نیوەڕۆکدا بە دوای وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارەن: نیوەڕۆک و کارکردی فەلسەفەی سیاسی چییە؟ لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا و بە نموونەهێنانەوە لە وێنە خەیاڵییەکان، تیشک خرایە سەر پرسێکی گرنگ کە دەتوانێ وێنەی خەیاڵی لە وێنەی واقعی جیا بکاتەوە، واتە ڕەگێکی ڕیاڵیستییانە کە لەگەڵ زەینی ئێمە تەبا و گونجاو بێت و بمانگەیێنێتە تێگەیشتن. بێگومان خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە یەک لە سەرەکیترین مێتۆدەکانە بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن، بەڵام ڕەخنە دەبێ ئەوەندە ئۆبجەکتیڤ بێت کە بتوانین ستراتیژییەکی نوێی لەسەر دابمەزرێنین. وێرای خوێندنەوەی مێتۆدۆلۆژییانەی پرسی کورد، تایبەتمەندییەکی دیکەش بۆ وێنەسازی زۆر گرنگە و ئەویش ڕوانینی هونەرییە بۆ نواندنەوەی گوتار. چونکە هەر هونەرمەند دەتوانێ شتەکان وەها بنوێنێتەوە کە ناچار بە تێفکرینمان بکات، لێیان ڕابمێنین و لە ڕەهەندێکی دیکەوە سەیری جیهان بکەین کە پێشتر نەدەهاتە بەر چاومان. کەوایە بیرکردنەوە لەمەڕ دیاردە و پرسە جیددییەکان و لە ئەنجامدا بڕیاری هەڵوێستەکردنی ئێمە نایەتە دی، ئەگەر ڕوانین و هزراندن لە ئاستێکی بەرزترەوە سەیری دیاردە و ئۆبژەکان نەکات و دواجار لە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەریدا پیشانمان بداتەوە. هەڵبەت فرینی بەرزیش نایەتە دی، ئەگەر مرۆڤ خۆی لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون ڕزگار نەکات (واتە دۆگمەکان) و پەنجە بۆ پرچی زێرینی خۆری ئازادی نەبات. یەک لە هەڕەشە جیددییەکانی دیکەش بۆ وێنەکانی سەدەی بیستەم، دیاردەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و شەڕی بەرژەوەندییەکانیان بوو کە لە چوارچێوەی تیۆریی ڕیاڵپۆلیتیکدا گونجاون، واتە ئاراستەی سیاسەت لە خزمەت بەهێزمانەوە و پاراستنی بەرژەوەندیی دەوڵەت-نەتەوەکان.

هەرچەند لەم وتارەدا چەند جار ئاماژە بە بۆچوونی میلێر لەمەڕ پێوەندیی نێوان وێنەکانی لۆرێنتسێتی و نیوەرۆکی فەلسەفە دراوە، بەڵام سترۆکتۆری وتارەکە مەجالی نەدا فەلسەفەی سیاسی شرۆڤەیەک بکەین. فەلسەفەی سیاسی لە ڕوانگەی «لیۆ ستراوس» پێوەندی بە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی باش و دامەزراندنی ژینگەیەکی سیاسییەوە هەیە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە «شادی»، تەناهی، ئازادی و بەختەوەری بکات. کەوایە پرسی فەلسەفەی سیاسی دەبێ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ ئامانجەکانی سیاسەت کە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ هاتووە. بەڵام ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە هزرە سیاسییەکان ئاراستە و کارکردی سیاسەت دیاری دەکەن و بێگومان ڕەنگدانەوەیان لەسەر وێنە گەورەکانیشدا دیارە. هزرە سیاسییەکان لە سەدەی نۆزدەی زایینییەوە تا دێ مەودا لە فەلسەفەی سیاسی دەگرن و زیاتر خۆیان بە تەعامولێکی نۆرماتیڤانەوە سەرقاڵ دەکەن بۆ پێناسەکردنەوەی سیمبول و سووژەکانی سیاسەت. لەم قۆناغەوە پرۆژەی هزرە سیاسییەکان نەک وەدیهێنانی ئامانجەکانی فەلسەفەی سیاسی بەڵکە چۆنایەتیی ڕاڤەکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی و پێناسەکردنەوەی بەختەوەری، ئازادی و شادییە لەسەر بنەما فکرییەکانی خۆیان. جیاوازییەکانی هزری سیاسی بە بۆچوونی ستراوس لە تێفکرین لەمەڕ هەلومەرجە سیاسییەکانی ڕۆژدا دەر کەوت کە لە ئەنجامدا هێڵی گشتی و هەروەها بۆچوونی جیاوازی لێ کەوتەوە، بەڵکوو لە چوارچێوەی کۆمەڵێ پرنسیبی سیاسیدا هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت و ڕای گشتی بەسەر ئەو پرەنسیب و ڕوانگانەدا دابەش بکەن (Strauss 1988). بۆ نموونە ئازادی لای لیبەڕالیستەکان چ مانایەکی هەیە و لای سوسیالیست چۆن پێناسە دەکرێت، ئەولەوییەتەکانی لیبەڕالیزم بۆ شادی و بەختەوەری چین و سوسیالیزم چی بە بنەما دەگیرێت و... دەرکەوتەی مەودایەکی وەها بە بۆچوونی ستراوس، ئەوە بوو کە هزرە سیاسییەکان گرفتاری دووانەی «مەعریفەی سیاسی» و «گومانی سیاسی» دەبن و بەداخەوە باڵی گوماناوییەکەی دەڵەمەترە و زۆرجار ڕەهەندی مەعریفەی سیاسەت دادەپۆشی (ibid). چاوپۆشی کردن لە فەلسەفەی سیاسی کە داد و ئەخلاق بە بنەما دەگرێت، هزری سیاسی وەها مەسخ کردووە کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کارکردەکەی بووەتە مشتوماڵ کردنەوەی ئاوێنە ژەنگاوییەکانی ئایدیالۆژی و تا دێ لە ئامانج و وێنە سیاسییەکان دوور دەکەونەوە و بە کردەوە لە بازنەی بەرتەسکی ڕیاڵپۆلیتیکدا هەوڵ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەدەن. ئەم دۆخە بە ئاقارێکدا دەڕوات کە زۆرجار پێکهاتە سیاسییەکان لە پێناو بەرژەوەندیی مۆنۆپۆلەکانی هێز و سەرمایە و هەروەها پاراستنی ماتریسێک کە لە زانستی سیاسەتدا بە دەوڵەت-نەتەوە سەلمێندراوە، چاوپۆشی لە ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤ بکەن کە بریتییە لە داد، عاملییەتی تاک و سووژەی مرۆڤایەتی. واقعییەتی ئەم ماتریسی سیاسییە وەها عەینییە کە قاسملوو لە وتووێژێکی لەگەڵ گۆڤاری «اصیاد» دەڵێت: «... لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەتێکی ڕوونت هەبێ، کارێکی دژوارە چونکە لە تەواوی بوارەکاندا لەگەڵ گیروگرفتی زۆر بەرەوڕوو دەبی» (ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٦٤).

لەو سەردەمە تووشەدا و لە گێژاوی ئاڵۆزییەکی وەها، لە بەرانبەر ئەو کۆسپە جیددییانەدا کە لەسەر ڕێگای فەلسەفەی سیاسی و وێنەسازییەکاندا هەبوون، هەر لەو ڕۆژهەڵاتە کۆمپلێکسەی ناوەراستەوە، هیومانیستێک کە باش دەیزانی پراگماتیزم لە مەیدانی ڕیاڵپۆلیتیکدا تا کوێ بڕ دەکات، بە لێنزێکی کوردانەوە خەریکی نەخشاندنی

وێنەیەک دەبێت بەڵکوو ئاراستەی خەباتی نەتەوەیی دێمۆکراتیکی کورد بۆخۆی و نەوەکانی دوای خۆی دیاری بکات. ئەم وێنەسازە، قاسملووەکەی پێش ساڵانی پەنجای هەتاوی نییە کە لە ژێرخانەکەی ماڵی پێشەوا بە نهێنی خەریکی خوێندنەوەی دەستنووس و کتێبی نێو کتێبخانەکانی پێشەوا بوو، لەگەڵ عەزیز یوسفی و بلووریان و هاورێیانی دیکەی لە گەڕەکەکانی تاراندا بە نهێنی دەژیان و کیانووری و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی توودە دانیشتنی لەگەڵدا دەکردن. ئەم وێنەسازە، قاسملووی دوای ساڵانی پەنجای هەتاوییە کە لە پارادۆکسە تیۆریک و فکرییەکانی مارکسیست-لێنینیزم تێگەیشتووە، بەهاری پراگ (١٩٦٨) لە نزیکەوە دەبینێت و لە گشت وڵاتانی سوسیالیستیدا، کە سەردەمێک خەون و ئامانجی بوون، پەنایەک شک نابات چونکە هەوڵی دابوو سوسیالیزم و ئازادی بەیەک شاد و ئاشت بکاتەوە. هەڵبەت لەو سەردەمانەدا وێنە گەورەکە نەخشا بوو، بەڵام تەمێکی ئایدیالۆژیک کە بە هۆی ناتەبایی لەنێوان تیۆر و واقعە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران پێک هاتبوو، دووڕەدیمەنی وێنەکەی تەڵخ دەکرد. پرسی لابردنی چەوساندنی کۆمەڵایەتی ئەو بەشە لە وێنەکە بوو کە لە دوای کۆنگرەی چواری حیزبەکەیەوە زیاتر کەوتە بەر سەرنج و دەبووایە کاریگی زۆرتری لەسەر بکات، بەڵکوو ڕێگە نەدات وێنەیەکی تەماوی ببێتە هۆی ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان. بەم چەشنە بە شێوەیەکی مێتۆدۆلۆژییانە و سیستەماتیک، بە نێو گشت مەزن تیۆرەکاندا[١٢] دەگەڕا بەڵکوو لە گوزارەیەک نزیک ببێتەوە کە لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستاندا بێتەوە.

وێنەگەورەکەی قاسملوو بە پێچەوانەی وێنەکانی هاوچەرخی خۆی، وێنەیەکی کۆلاژیکە. واتە برپتییە لە چەند پارچە وێنەی ئینتزاعی کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک دامەزراون و هاوپەیوەندی و هەوەڵییەتی هەرکام لە وێنە چکۆلەکان لە فۆرمولێکدا دیاری کراوە بەناوی دروشمی ستراتیژیک و ئامانجی دوارۆژی حیزب. بەم چەشنە تێکرای وێنەکان لە قاوغێکی بەرینتردا، وێنەیەکی گەورەتر پێک دێنن بە ناوی «لابردنی چەوساندنەوە». پێرسەکتیڤی وێنەکە لابردنی چەوساندنەوەیە، بەڵام وەک پێشتر باس کرا، لە کوردستاندا چەوساندنەوە فرەچەشنە و بریتییە لە چەوساندنی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەر لەم سۆنگەیەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک کۆنتراست دیاری کراوە بۆ ئەوەی ببێت بە پێوەر بۆ لابردنی ئەو چەوساندنانە. لە وێنەکەدا چەوساندنی نەتەوایەتی بنەمایە بۆ خەبات و خودموختاری کۆتایی پێ دەهێنێت، چەوساندنی سیاسیش ئازادی چارەسەری دەکات، بەڵام چەوساندنی کۆمەڵایەتی بە هێندێ مەوداوە دەچێتە قۆناغی ئامانجی دوارۆژی خەبات. لە وێنەکەدا فلاشێکی دوو سەر، پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەنێوان مافی سیاسی و مافی نەتەوەییدا پیشان دەدات و، هەروەها فلاشێکیش لە قۆناغی دوای مافی نەتەوەیی و سیاسییەوە، سیلە لە مافی کۆمەڵایەتی دەگرێت چونکە بە پێی هەوەڵییەتەکانی خەبات ئەوجار پرسی کۆمەڵایەتی بنەماییتر دەبێت. دێمۆکراسیش کۆمپۆزیسیۆنی وێنەکانی ڕاگرتووە. واتە چارەسەریی هەر کام لەو چەوساندنانە بە دێمۆکراسییەوە گرێ دراوە. کەوایە ئێمە کاتێک دەتوانین باس لە ئێرانێکی دێمۆکراتیک بکەین، کە هۆکارەکانی ئەو چەوساندنانەی بنبڕ کرد بێت.

لەوانەیە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە بۆچی دێمۆکراسی وەک کۆمپۆزیسیۆنی وێنەکە دیاری کراوە؟ وڵامەکەی پێوەندی بەو شیکارییەوە هەیە: «لە قۆناخی ئێستای خەباتی ئێمەدا ستەمی نەتەوایەتی ئەساسییە، لە قۆناخی پاش دابینکردنی مافی




نەتەوایەتیدا، ستەمی چینایەتی خۆی دەر دەخا و خەبات دژی ئەو ستەمە ئەساسیتر ئەبێ. بەڵام ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە لە هەموو وەختێک و لە هەموان ئەساسیترە، چ لەنێو حیزبدا و چ لە دەرەوەی حیزب، خەبات بۆ دیمۆکراسییە.» (قاسملو ۲۰۰۳: ۶۷).

یەک لەو پرسیارانەی کە زۆرجار بەرەورووی وێنەیەکی وەها بووتەوە، پێوەندیی نێوان مافی نەتەوەیی و دیمۆکراسییە، بۆ نموونە ئەگەر دەسەڵاتێکی نادیمۆکراتیک کە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێشێل بکات و ئامادەش بێت لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد ڕێک بکەون ، کاردانەوەی حدکا چی دەبێت؟ عەقلانییەتی سیاسی لە دۆخێکی وەهادا قاسملو سەرپشک دەکات بەڵکوو بە قازانجی پرسی نەتەوەیی، دروشمی «دیمۆکراسی بۆ ئێران» کە بەشێک لە ستراتیژیی حیزبەکەی پێک دێنێت، سڕ بکات. پاساوەکەش پێوەندیی بە بەرپرسیارەتیی حیزبەکەیەوە هەیە لە حاند دۆزی کورد و پێی وایە حیزبەکەی شەڕ بۆ شەڕ ناکات بەڵکە شەڕ بۆ وەدیهێنانی خودموختاری دەکات (قاسملو ۱۳۸۳ : ۳۵۱). سڕکردنی ئەو بەشە لە دروشمی حیزبەکەی وەک تاکتیک لەبەرچاو دەگرێت، چونکە ئاشنایە بە ڕەگی مێژوویی ئیستبداد لە ئێراندا و بە پێی سرووشتی ئیستبدادیکی وەها، خەباتەکەش بۆ دامەزراندنی دیمۆکراسی درێژماوەتر دەبێت. وەرگرتنی خودموختاری تەنانەت لە سیستەمی ویلایەتی فەقیشدا وەک دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی دیمۆکراسی تێبینی دەکات و تەنانەت لە وڵامی پرسیارێکی گۆڤاری «راه ارانی»شدا ئەم بۆچوونە پشتراست دەکاتەوە: «ئەگەر ڕۆژێک ڕێژیم ناچار بە قبوڵکردنی خودموختاریی کوردستان کرا، بە بڕوای ئێمە ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ دیمۆکراسی، چونکە لەو حاڵەدا لەنێو بەشێک لە ئێراندا دیمۆکراسی جێگیر بووە» (ڕۆژنامەی کوردستان ۱۳۶۷).

پرسیارێکی دیکە کە بەرەورووی وێنە گەورەکە بووەتەوە، دواخستنی خەبات دژی چەوساندنی کۆمەڵایەتییە بە قازانجی لابردنی چەوساندنی نەتەوەیی و سیاسی. ئەم دیاردەیە یەک لە ئاڵۆزترین مشتومڕە نیوخۆییەکانی حیزبەکەی و تەنانەت دەرەوەی حیزبەکەشی بوو. چونکە خەبات دژی چەوساندنی کۆمەڵایەتی لە بەراورد لەگەڵ دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان زەروور دەهاتە

بەرچاو و تەنانەت لە شرۆڤەکانی بۆ دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەشیدا ئاماژەی پێ داوە: «ئەو خودموختارییەی کە داوای دەکەین دەبێت بە مەحتەواش ئەوە بێ کە شتێکیش بەو میللەتە بدا. بەتایبەتی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان زەحمەتکێشـــانن...» (قاسملوو ١٣٧٣: ٨). لـــە لایەکی دیکـــەوە کەموکوورییەکانی خەباتی کوردستانی عێراق لە ساڵانی حەفتای زایینی باش دەناســـی و ڕەخنەشـــی لێی هەبوو کە بۆچی نەیتوانی وێنەیەکی گەورە ســـاز بکەن، بەڵکوو گشـــت پێکهاتەکان لە خۆی بگرێت. بـــۆ نموونە پارتـــی دێمۆکراتی کوردســـتان پرســـی نەتەوەیی و حیزبی شیوعی خەباتی چینایەتـــی بە بنەمـــا دەگرت. سوســـیالیزم وەک ســـێنتێزێک بـــۆ ئەم کەمایەســـییە لە بەرنامـــەی حیزبەکەیـــدا هاتـــووە، چونکـــە: «ئەساســـی سوسیالیزم لە ڕاستیدا لەنێوبردنی چەوساندنەوەی ئینســـانە» (قاسملوو ٢٠٠٣: ٩) بەڵام بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجە «... حیزبێکی شۆڕشـــگێر پێڕەوەی لە هێندێک ئوسوولیش دەکا کە بۆ دابینکردنی هەر کام لەو ئەسڵانە بە چەندین قۆناغی ستراتیژیکدا تێ دەپەڕێت» (ibid: ١١). کەوایە بۆ گەیشتن بە سوسیالیزم (لابردنـــی چەوســـاندنی کۆمەڵایەتی) دەبێ دوو قۆناغی ســـتراتیژیک، واتـــە دابینکردنی مافی نەتەوەیی و سیاســـی تێپەڕ بکات. بەڵام نووســـەری کورتەباس کە بۆخـــۆی تویژەری ئابووریی سیاســـییە، لەوە خافڵ نییە کە «... سوسیالیزم بەو وەزعە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەی ئێســـتای کوردستان هەیە، ناتوانێ نەک دروشـــمی ڕۆژ بـــێ، بەڵکوو لە ڕاســـتیدا بـــۆ قۆناغێکی تاکتیکیـــش ناکرێ باســـی لەســـەر بکرێ...» (ibid: ١٢). ئەمەی کە باس کرا ڕەهەندی کارکردیی سوسیالیزم بوو، بەڵام قاســـملوو لە باری ستروکتۆریشەوە تێبینی لەســـەر سوســـیالیزم هەبـــوو. کاتێ حیزبێـــک سوســـیالیزم دەکات بـــە ئامانج، دەبێ دیاری بکات کام وڵاتی سوسیالیســـتی دەکات بە نموونە. ئێمـــە دەزانین کورتەباس نامیلکەیەکی ڕەخنەگرانەیە لەو سوسیالیزمە کـــە نموونەکانی؛ کۆمەڵی وڵاتـــی توتالیتار و دژ بە ئازادییە سیاســـییەکان بوون و پێکەوە زیندانیکیـــان پێک هێنابوو بـــە ناوی بلۆکی سوسیالیستی. بەڵام قاسملوو سوسیالیزمێکی مەبەســـت بـــوو کـــە بتوانێـــت وڵامـــدەری واقعییەتی کۆمەڵگاکەی بێت: «مەسەلەیەکی زۆر ئەساســـی کە لە سوســـیالیزمی دامەزراو بە پێی هەلومەرجـــی تایبەتیی وڵاتەکەمان، دەبێ لەبەرچاو بێ، مەسەلەی دێمۆکراسی و ئازادییە» (ibid: ٣٨).

تیۆریـــی ڕادیکاڵ و سیاســـەتی مەیدانی بەبێ ســـنووردارکردنی هێندێ لە بەرچاوگە ئەخلاقـــی و بەشـــێک لـــە ڕەهەندەکانـــی چەوســـاندنەوە ناچێتە پێـــش. زۆر زەحمەتە لە کاتی سیاســـەتکردندا گشت ڕەهەندەکانی چەوســـاندنەوە بە یەک چاو ببینین و پێمان وابێ گشـــتیان یەکســـانن و دەبـــێ تێکرای هۆکارەکانی چەوســـاندن بنبـــڕ بکرێن. ئێمە دەتوانین باوەڕمان بە گشت بەرچاوگە ئەخلاقی و سیاســـییەکان هەبێـــت، دەتوانین گشـــت چەوســـاندنەوەکان بە چاوێک سەیر بکەین، بەڵام سیاسەت لە مەیداندا بە پێی ستراتیژی، تاکتیک و ئاســـتی هێـــزە عەینییەکانی کار دەکات و دەچێتـــە پێـــش (Evelina 2019) بـــەم پێیـــە ســـەرکردنی دێمۆکراســـی، لـــە قۆناغێکـــدا کە شانســـی وەدیهێنانی یەک لە ئامانجەکان زۆرتر بێت کە شـــەڕی بۆ دەکرا، هەروەها هەڵپەســـاردنی خەبـــات بۆ لابردنی چەوســـاندنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ قۆناغەکانی دوای لابردنـــی چەوســـاندنەکانی دیکـــە کە بنەماییتـــرن و تەنانـــەت ڕێـــگا بـــۆ لابردنی چەوســـاندنی کۆمەڵایەتـــی خـــۆش دەکەن، عەقڵانیتر دەنوێنێت ئەگەر هێزە عەینییەکانی خـــۆت لەگـــەڵ واقعـــی سیاســـەتی ڕۆژدا بەراورد بکەی. مکووڕبوون لەســـەر گوتارێکی ئەخلاقی (واتە ئەخلاقی سیاسی) و هەروەها

چەقین لە مەیدانی سیاسەتی ئایدیالۆژیانە (واتە ڕۆمانتیزمی سیاسی) دەبێتە هۆی شکست و نسکۆی بزووتنەوە سیاسییەکان (ibid). کەوایە سیاسەتی مەیدانی دەبێ لەم بۆچوونەی میشێل فۆکو سەبارەت بە دەسەڵات نزیک بێتەوە کە دەڵێ؛ دەسەڵات یانی مشوورخواردن لە دارشتنی ڕێکوپێکیی ئۆبژەکان، وەها کە ئامانجی دەسەڵات مسۆگەر بکات. بێگومان وێنەیەکی گەورە و بەهێزیش دەبێ ڕەچاوی پرەنسیبێکی وەها بکات بەڵکوو لە کاتی وێنەسازیدا تووشی کەموکووری نەبێت و پارادۆکسە گوتارییەکانی نەبێتە هۆی ئەوە کە وێنە گەورەکەی تەماوی بکات. هەڵبەت هیچ دیاردەیەک ناتوانێ بەبێ پارادۆکس بێت، هۆکارەکەش پێوەندیی بە مێژوو و پارادایمەکانییەوە هەیە. بەڵام شتێک کە وێنە گەورەکەی قاسملوو لە وێنەکانی سەردەم جیا دەکاتەوە، کەمکردنەوەی پارادۆکسەکانی نێو وێنە گوتارییەکانیەتی کە بووەتە ڕەمزی زیندوومانەوە و قەدرگرانبوونی یادی قاسملوو.

## سەرچاوەکان بە ئینگلیسی و نۆرویژی


• Aristoteles, (2013), “Den nikomakiske etikk“. Oversett av Stigen, Anfinn & Rabbås Øyvind, opplag 1, Vidarforlaget, Oslo 2013.

• Berger, Peter L. Og Luckmann (2006), “Den Samfunnsskapte Virkelighe“. oversatt: Wiik, Frøydis, 4. opplag, Oslo 2006.

• Boulding, K (1956), “The Image: Knowledge in Life and Society“. Ann Arbor, MI: University of Michigan Press.

• Evelina Johansson Wilen (2019), “Mellan jaget & världen“. Tankekraft förlag.

• Miller, David (2003), ”Political Philosophy: A Very Short Introduction”. Oxford Universisty Press, 2003.

• Platon (1989), “Gorgias“. Oversett av Anfinn Stigen, forlag Det Norske Samlaget. Oslo 1989.

• Strauss, Leo (1988), “What is Political Philosophy”. Chicago: The university Press (, pp. 9-55).


## سەرچاوەکان بە کوردی و فارسی


• میلر، داوید (١٣٨٨) فلسفەی سیاسی. ترجمەی کمال فولادی، چاپ اول ١٣٨٨، نشر مرکز.

• دانشنامه آکسفورد (١٣٨٧) مدخل: تصویر. تهران: انتشارات دانشیار.

• گرگین عاطفه (١٣۶۵)، «فصلی در گلسرخ». دوره جدید، جلد ٣، پائیز ١٣۶۵

• ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠۶، پوشپەڕی ١٣۶۴.

• ژمارە ١٢٠، خەرمانانی ١٣۶۶

• ژمارە ١۴۵، ١٣۶٧

• مورگنتا، هانس جی. ١٣٧۴. «سیاست میان ملتها: تلاش در راه قدرت و صلح». ترجمەای از مشیرزاده حمیرا. تهران: انتشارات مرکز مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه.

• لیک دیوید، ١٣٨٧. «فلسفه و جامعه و سیاست» (ترجمه مجموعه مقالات). ترجمەی: فولادوند، عزت الله. نشر ماهی پاییز ١٣٨٧.

• قاسملوو، عەبدولڕەحمان ٢٠٠٣، کورتەباس (سوسیالیزمی دێموکراتیک)، نووسینەوە و ئامادەکردن بۆ چاپ: شەشە، سەلاح. چاپخانەی کتاب ارزان، سوئێد ٢٠٠٣.

• قاسملوو، عبدالرحمن (١٣٧٨)؛ «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازدی»؛ کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی سێهەم.

• قاسملوو، عەبدولڕەحمان، ١٣٧٣، «دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان». پاشکۆی ژمارە ۴٧ی گۆڤاری تێکۆشەر (نامیلکەی نێوخۆیی حدکا)، کمۆسیۆنی سیاسی-نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

• قاسملوو، عەبدولڕەحمان ١٣٨٣. «تاقگەی حەقیقەت» (بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)، کۆکردنەوەی بەهرامی، کاوە.


## پەراوێزەکان

1. Visualization
2. minimal realism
3. Scientific realism
4. moderate realism
5. Institutionalization
۶. سیاست میان ملتها
7. Consequentialism Ethics
8. Proportionality
9. Gorgias
10. Egalitarianisme
11. Poly injustice
12. Grounded Theory

# کوردستان و بەرهەمە دامەزراوەییەکانی

گۆران بەهرامی

”

لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەکان کە کوردستانیان داگیر و پارچەپارچە کردووە، ئەرکی چۆنیەتیی کۆنترۆڵ و ڕاڤەکردنی ئایین لە کوردستان کەوتە ئەستۆی ئەوان. هەرچەند دۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە کوردستانی گەورە لە یەک ڕەهەندەوە شرۆڤە بکەین، بەڵام مۆدێلی بەڕێوبەری و هاوپێوەندی سازکردنی دامەزراوەی ئایین لە جۆگرافییای کوردستاندا، دەکەوێتە ڕیزی مۆدێلی سێیەم، واتە دامەزراوەی دەرەکی کە بە هزری دەرەکی لە کۆمەڵگای کوردستاندا جێبەجێ کراوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت ئەو کەسانەی ئەم مۆدێلەیان پێشنیار کردووە، دان بەوەدا دێنن کە ئەم تیۆرییە دەتوانێ ببێتە هۆی سادەکردنەوەی بەراوردکارییانە و ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئاکامی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن دامەزراوەی خۆجێیی کە بە هێزی خۆجێیی بەڕێوە دەچێت، زیاتر بەردەوام دەبێت.

“

## پێشەکی

له سەدەی ڕابردوودا، یەک لە سەرەکیترین مشتومڕەکانی بواری سیاسی-ئابووری و هەروەها تیۆریی هەڵبژاردنی گشتی،[١] لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی دامەزراوە بووە. بۆ چەمکی دامەزراوە پێناسەی جۆراوجۆر هەیە و لە مانا بەرفراوانەکەیدا، بە ناوەندێک دەڵێن دامەزراوە یان ئەنیستیتۆ کە یاسای پێوەندیی نێوان ئەندامەکانی دیاری دەکات و بڕیاریان پێ جێبەجێ دەکات. دامەزراوە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک یاسا کە لە لایەن دامەزراوەوە پەسەند کراوە و چونکە ئەم یاسایانە دەستکردی مرۆڤن و بەپێی جێگا و کات لەنێوان ئەندامانیدا سەلمێندراوە و هەروەها پێڕەو دەکرێن، زۆر جار چەمکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی[٢] دەکار دەکرێت. لەنێو زانایانی بوارە جیاوازەکاندا پێناسەیەکی گشتی بۆ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەئارادا نییە و هەر بەم هۆکارە بە جێگای ئەوەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێت، پێویستە دەکات کاراکتەرایز بکرێت و لە ڕەهەندی جیاوازەوە شرۆڤە بکرێت. هەرچەند چەمکی کۆمەڵگە[٣] چوارچێوەیەکی تەواوتر و هەروەها ئاڵۆزترە، بەڵام لەم وتارەدا باس لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵات و ئیرادەی مرۆڤەوە بەرهەم نەهاتوون. کەوایە مەبەست لە چەمکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەم وتارەدا ئاماژەیە بۆ کۆی یاسا فەرمی و نافەرمییەکان (نۆرمی کۆمەڵگە) کە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن.

لە درێژەی ئەم وتارەدا، سەرەتا پێناسەکانی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی زانستیی جیاوازەوە دێنە بەر باس، بەڵکوو خاڵی هاوبەشی ئەم پێناسانە بو ناسینی کاراکتێری دامەزاوەی کۆمەڵایەتی دیاری بکەین. لە بەشی دووهەمدا هەوڵ دەدرێت ڕەهەندی جیاواز و جۆرەکانی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی کارکرد و ئامانجی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و هەروەها مکانیزمی کارکردن و بەریەککەوتنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون ببێتەوە و بەشی کۆتاییی وتارەکەش کۆبەندی باسەکە پێک دەهێنێ کە لە چوارچێوەی کوردستان، کاراکتێر و میکانیزمەکانی دامەزراوە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات سوود لە ڕوانگەی ئابووری-سیاسی لەمەڕ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی وەربگرێت و چەمکە پێوەندیدارەکان بە پرسی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە کانتێکستی کوردستاندا شرۆڤە بکات کە بێگومان گۆتارێکی نوێ پێشکەش ناکات. لە ڕوانگەی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسییەوە خوێندنەوە بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کراوە، بەڵام بواری ئابووری-سیاسی کەمتر باسی لێ دەکرێت. لەم سۆنگەوە، ئەم وتارە هەوڵ دەدات یارمەتیدەر بێت بەڵکوو «نرخ» وەک بەرهەمی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆنتێکستی کوردستاندا بەرجەستە بکاتەوە، هەروەها باسی بارودۆخی کورد وەک نەتەوە کە خاوەن چەندین دامەزراوەی جیاوازە بکات، بەڵکوو لەم ڕوانگەیەشەوە تیشک بخرێتە سەر کەموکووڕی و خاڵە بەهێزەکانیان.

سێ گریمانەی سەرەکی کە لەم وتارەدا بە بنەما گیراوە بریتین لە: یەکەم، ئابووری کە زانستی لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە و لەباری ڕەفتارییەوە تەک ڕەهەندانە نییە. واتە گشت کەسەکان بەرانبەرن و بۆ بەدەستهێنانی نرخی جیاواز ڕەفتاری جیاوازیان دەبێت. دووهەم، دامەزراوە ڕەفتارییەکانە کە مرۆڤ سنووردار دەکات، واتە لە هێندێک یاسای فەرمی-نافەرمی و هێزی داسپاندن پێک هاتووە کە چوارچێوەیەک دیاری دەکات بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤ و خۆی یاسای یاریکردن دیاری دەکات. سێیهەم، کولتوور و شێوازی ژیانە کە بە هۆی تێپەڕینی

کات و هەروەها لە پرۆسەیەکی لێکدانەوەیی لەمەڕ هەڵە و چاککارییەوە پێک هاتووە، واتە پێشتر دیزاین نەکراوە.

## پێناسەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی

هەرچەند لای زانایانی بوارە جیاوازەکانی زانستدا یەک پێناسەی گشتی بۆ شرۆڤەکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەئارادا نییە، بەڵام دەکرێت خاڵە گرینگەکانی هەر کام لەو پێناسانە جیا بکەینەوە، بەڵکوو پێناسەیەک کە نزیکتر بێ لە هەمووان، وەک خاڵی هاوبەش دیاری بکەین و لە ڕێگای کاراکتێزەکردنی[۴] دامەزراوەی کۆمەڵایەتییەوە بگەین بە پێناسەیەکی هاوبەش. زۆر لە زانایان، لەوانە «ویلیام ریکەر»[۵] (Ricker, 1982: 155) لەسەر ئەوە کۆکن کە بەبێ تێگەیشتن لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ئێمە ناتوانین لەسەر نرخ[۶] بدوێین. کەواتە نرخ یان بەها، بە مانا بەرفراوانەکەی، لێرەدا بەرهەمی سەرەکیی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. لەم پێوەندییەدا نرخ بە واتای دەرئەنجامی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی ڕەچاو کراوە کە سوود یان زیانی بۆ یەک کەس، چەند کەس و یان کۆی کۆمەڵگە دەبێت، کەواتە دەکرێ باش یان خراپ بێت و نرخەکان بە پێی ئەوەی چەند کەس سوودیان پێ دەگات و ئەم سوودە تا چەندە بەردەوام دەبێت، لەبەرچاو دەگیرێت. بۆ نموونە سیستەمی ئاودێری لە کشتوکاڵدا کە سەرچاوەکەی یەک کانی بووە، لە ڕێگای ڕێککەوتن لەنێوان باخدارەکانەوە کەسێک وەک «میراو» دیاری دەکەن، بەڵکوو ئەرکی دابەشکردنی ئاو لەنێوان باغەکان وەئەستۆ بگرێت. خاڵی سەرنجراکێش لەم ڕێککەوتنەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نەریتی ئاگای لە سنووردار بوونی سەرچاوەکانی ئاو بووە و هەنووکەش یەک لە بنەما گرینگەکانی ئابووری لە دنیای مۆدێرندا ئەوەیە کە سەرچاوەکان سنووردارن[۷]، لە هەمان کاتدا بە ڕەچاوکردنی تیۆریی یاری توانیویانە پێوەندییەکی ئۆرگانیک پێک بێنن، بەڵکوو هەموو لایەنەکان سوودی لێ ببینن و ئەم سوودە تەنیا لە خزمەت جیلێکدا نەبێت. ئەم پێوەندییە ئۆرگانیکە هۆکارێک بوو کە هەم سەرچاوەکان و هەم باخەکان بۆ جیلی دوای خۆیان بە میرات بەجێ بهێڵن. کەواتە لەم پێوەندییەدا، نرخ بەرهەم هاتووە و لە ڕێگای میکانیزمەکانی بەردەوامبوون، خۆی بەرهەم هێناوەتەوە (Lofthous, 2019).

«چارلز پلات»[۸] لە بواری تیۆریی هەڵبژاردنی گشتییەوە[۹] هاوکێشەیەک دادەڕێژێت و دەڵێت؛ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە یاسایەکن کە دیاری دەکەن تاک لە کۆمەڵگەدا چۆن خۆی دەربخات، پیوندی ساز بکات و مافی بەرایی[۱۰] خۆی هەڵبژێرێت (Plott, 1979: 160).واتە:

دامەزراوە + مەجال + مافی بەرایی = ئەنجام

ئەنجام یان ئەو شتەی دواجار وێنا دەکرێت، لەم فۆرمولەدا کۆبەندێک لە مەجال و مافە بەراییەکان پێک دەهێنێت کە لە دامەزراوەیەکدا بەدی دەکرێن. واتە دەرئەنجام دەبێ لە لایەن دامەزراوەوە پەسەندکراو بێت، چونکە ئەوە دامەزراوەیە کە دەرئەنجامەکان دەنرخێنێت و دیاری دەکات کام یەک لە دەرئەنجامەکان قەدەغە یان ڕێگەپێدراون. ئەگەر دەرئەنجامێک بە پێی یاساکانی دامەزراوە و بڕیاری بژاردە بەردەستەکان دیاری کرابێت کە پەسەندی دامەزراوە نەبێت، ئەوا دەبێتە جێی پرسیار و گومان. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراودا هەرچەند بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان گشت کەسێک مافی ئەوەی هەیە مۆڵکی خۆی بفرۆشێت و دەسەڵات بۆی دیاری ناکات بە کێی بفرۆشێت، بەڵام ئەگەر هاوڵاتییەکی بیانی بێت ئەوا دامەزراوە ڕێگای پێ نادات، چونکە

پەسەندکراو نییە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە مافی خاوەندارێتیی گشتیی کۆمەڵگە (وڵات) لە سەرەوەی مافی تاکە کەسییەوەیە. بەم هۆیەوە لە وڵاتێکدا کە سەروەریی سیاسی هەیە، سەرەڕای یاسای کۆمەڵایەتی یاسای حکوومیش ڕۆڵی سەرەکی دەبێت، بەڵکوو چاوەدێریی پرۆژەی کڕین و فرۆشتنی موڵکی هاوڵاتییان بکات و ڕێگە نەدات ئەو جۆرە سەودایانە هەڕەشە لە سەروەریی سیاسیی نەتەوەیەک بکەن. بۆ نموونە ئەو یەهودییانەی لە خاکی فەڵەستیندا نیشتەجێن و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیسرائیل دەژین، هەرچەندە ئەو شوێنانە لە پرۆسەیەکی داگیرکاریدا لە لایەن یەهوودییەکانەوە کڕدراون، بەڵام بە پێی یاسای ژمارە ۴۹ی پەسەندکراوی ژنێڤ، گواستنەوەی شارۆمەندانی داگیرکەر بو خاکی داگیرکراو قەدەغە کراوە (Geneva Convention, 1949: 23).

ئەم هاوکێشەیە جەخت لە کەرتە تایبەتەکان دەکاتەوە و ئەنجام بەو کەرتانەوە دەبەستێتەوە، واتە کەرتەکان دەبێ عەقڵانی[۱۱] بیر بکەنەوە و پارسەنگی قازانجەکانیان وەها ڕابگرن کە زەرەری بۆ بەرژەوەندیی گشتی نەبێت. بۆ نموونە، لە زۆر ناوچەی کوردستان سەبارەت بە شاخاوی بوونیان، مەجالی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ کەم بووە و خەڵک ڕوویان لە ئاژەڵداری و باخەوانی کردووە، لە دۆخێکی وەهادا کۆمەڵگە بڕیاری داوە لە ڕێگای هەناردەکردنی بەرهەمەکانیانەوە ساتوسەودا لەگەڵ ئەو ناوچانە بکەن کە بەرهەمی کشتوکاڵیان زۆرتر بووە. ئەم شێوە بازرگانیکردنە لەسەر بنەمای پسپۆڕبوون[۱۲] ئەنجام دراوە. واتە بە ئەزموون و لە ڕێگای تاقیکارییەوە کەرتە تایبەتەکان هەڵیان بژاردووە کە بازرگانیکردن دەتوانێ سوود بە هەر دوو لا بگەیەنێت، هەروەها ئەم پێوەندییە ئابوورییە توانیویەتی کولتوورێکیش دابهێنێ بە ناوی «کاروان کردن». سیستەمی بازرگانی لە دنیای مۆدێرنیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە، وەها کە پێویست ناکات کۆمەڵگایەکی مرۆیی هەموو شتێک بەرهەم بێنێت، بەڵکە دەشێ لە ڕێگای ئاڵوگۆڕەوە نیازەکانی خۆی دابین بکات. بۆ ڕوونتربوونەوەی ئەم بەشە، بە پێویستی دەزانم پێناسەیەک بۆ تێرمی «تێچووی دەرفەتی جێگرەوە»[۱۳] بکەین، واتە تێچووی هەڵبژاردنەکانمان دەبێ تا چەند لە قازانجی ئێمە بێت، بەڵکوو ناچار نەبین جێگرەوەی دیکە هەڵبژێرین. بۆ نموونە ناوچەیەک کەشوهەواکەی گونجاو نییە بۆ بەرهەمهێنانی گەنم، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی سێو گونجاوترە، واتە بەراورد بکەین کە بۆ بەرهەمهێنانی یەک فەردە گەنم دەبێ چاوپۆشی لە بەرهەمهێنانی چەند کیلۆ سێو بکرێت. دیارە کۆمەڵگای کۆن چ لە کوردستان و چ لە ناوچەگەلی جیاوازی جیهان، بەبێ ئەوەی ئاگاداری تێورییەکانی ئادام ئیسمیت و ئابووریناسەکانی دیکە بن، لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکارییەوە فێری تێچووی دەرفەتی جێگرەوەکان بوون و بەو یاسایە کاریان کردووە.

بە پێی ئەو دوو پێناسەیە کە ئاماژەیان پێ درا، دامەزراوە و یاساکانیان ڕۆڵیان هەیە لە کولتوور و شێوەی پێوەندییەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا، بەڵام «ئەندروو سکاتێر»[۱۴] باوەڕی وایە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی یاسای یاری کار ناکەن بەڵکە هەڵقوڵاوی بڕوای گشتین. بە بڕوای ئەندروو بە پێی ماوە و هەروەها شێوازی هاوپێوەندیی ئەندامانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، باشترین یان عەقڵانیترین ستراتیژی دادەڕێژرێت و بە هۆی تێپەڕینی کات و دووپاتکردنەوەی ئەزموونەکان، لە کۆمەڵگەدا گشتگیر دەبن (Schotter, 1981: 155). مەبەست لەم وتانە ئەوەیە کە زانست بە تەنیا ڕۆڵی نییە، بەڵکە ئەزموونی کردەیی و کولتوور باشترین ڕێگاچارەکان دەدۆزنەوە. بۆ نموونە هۆکاری



ئاوەدانکردنەوەی بەشـێکی زۆر لە گوندەکانی کوردستان لە ناوچە سەخت و شاخاوییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنــی تەناهی، واتە بە پێی ئەزموونی گشتی بەو ئەنجامە گەیشتوون کە بۆ پاراســتنی خۆیان لە هێرشی دەرەکی، باشترین شوێن بۆ ژیان بەرزاییەکانە. لێرەدا دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و کولتوور دوو یەکەی جیا، بەڵام گرێــدراوی یەکترن و کاریگەرییان لەســەر یەکتــر هەیە. بــە گۆتــەی «دان لاڤوی»[١٥] کولتوور چوارچێوە یان کانتێکســتی تاک لە کۆمەڵگەیەک دیاری دەکات کە هەموو جۆرە کردارێکی تاک واتادار دەکات و هەروەها ئەوە کولتوورە کە مەجال بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێ و یارمەتی دەدات لە هەڵبژاردن و بەهەندگرتنی بڕیارەکاندا سەرپشــک بن (Lavoie, 1991) کەواتــە کولتوور گرینگیــی تایبەتی هەیە بۆ کارایی دامەزراوە و هەروەها دامەزراوەکان بە پێی یاسا و ڕێساکانی پێوەندی گرتنەوە دەتوانن کولتوور بەرهەم بێنن یان کولتوورێکی تایبەت بگۆڕن. بۆ نموونە کولتووری ڕاو لە کوردستاندا شــتێکی باو بــووە و لە ســەدان چیرۆک و بەنــد و گۆرانیــدا وەک کولتوورێکی ئەرێنی باســی ڕاو کراوە و لە پاڵ ئەم شــێوە ژیانەدا هونەر و هێنــدێ جاریش میتۆلۆژیی تایبەت بەرهەم هاتووە. بۆ نموونە لە چلوپێنج شــەو دوای زســتاندا ئەڵێن «ئەمشەو کۆڕی سەیاد (ڕاوچی) چووە بــۆ ڕاو» کە ئاماژەیە بۆ گەرم بوونــی زەوی و کۆتاییهاتنی ســەهۆڵبەندان. بــەڵام دامەزراوە زانســتی و ژینگەیییەکانی پاش سەدەی بیستەم، چی دیکە داکۆکی لە پیشــەی ڕاوکردن ناکەن و لە پێناو پاراستنی ئێکۆسیســتەم و ژینگەدا؛ ئەم جۆرە کولتوورە بــاوی نامێنێــت و کولتــووری ژینگەپارێزی جێگای دەگرێتەوە و زۆرتر بەهەند دەگیرێت. لەم ســۆنگەوە و لــە چوارچێــوەی گوتاری ژینگەپارێزیــدا، دیســان دامەزراوە یاســا و نۆرمێکــی نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە و کۆتایی بە کولتوور و پیشەیەک دەهێنێت کە سەدان ساڵە لای مرۆڤ بەهەند گیرابوو.

هەڵبــەت بــە درێــژی ســەبارەت بــە هاوردەکــردن و کاریگەرییەکانــی دامەزراوە دەرەکییەکانیش لەســەر ژینگەی کوردەواری قســە دەکەین، بــەڵام بەر لــە کۆتاییی ئەم بەشە بە پێویســتی دەزانم شرۆڤەیەکی زیاتر لەمەڕ ڕۆڵی یاسا[١٦] بکرێت. بۆ کردنەوەی ئەم باســە خۆ لە مانای لەکسیکاڵی یاسا دەبوێرم، چونکــە زۆر یارمەتیدەر نابێــت، ئەو بابەتەی کە جێــگای ســەرنجی ئەم وتارەیــە مانای ستراتیژیکی یاسایە، واتە ئەو ڕێسایانەی تاک لە کۆمەڵگەدا ملکەچیان دەبێت و بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیار و لە کاتێکی دیاریکراودا کاری پــێ دەکەن. لەم گۆشــەنیگایەوە ئەوە یاســاکانن کــە دیــاری دەکــەن ئەندامانی دامەزراوەیەکــی کۆمەڵایەتــی دەتوانن چی هەڵبژێــرن، چــی یاســاغە و چ ئەنجامێک

دەتوانێ لە کۆمەڵگەدا مەشرووعییەتی هەبێت. یاساکانی دامەزراوە ئەگەر لەگەڵ کولتووری گشتیشدا ناتەبا بن، بەڵام توانای گۆڕینی ڕەفتاری خەڵکیان هەیە بە مەرجێک ئەندامانی کۆمەڵگە پەیڕەوی لێ بکەن. بۆ نموونە لە کۆنەوە، بەبێ ئەوەی سیستەمی دەوڵەت بوونی هەبوو بێت، سنووری گوندەکان دیاری کراون و هەر گوندێک ئاژەڵی خۆی لەنێو سنووری لەوەڕگاکانی خۆیان بەخێو کردووە. لێرەدا ڕۆڵی یاسا لە ڕەفتاری خەڵکی گوندەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە بەپێی ڕەزامەندیی لایەنەکان مافی خاوەندارێتیی یەکتریان بە فەرمی سەلماندووە. ئەوەی ڕاستی بێ، ڕێککەوتنێکی وەها هەمان یاسای مافی خاوەندارێتییە[١٧] کە لە سەردەمی مۆدێرندا پارێزگاری لە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگە دەکات.

بە کورتی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ناوەندێکی ئینتزاعی یان واقعییە کە یاسا، ماف و مەجال دیاری دەکات بۆ کۆمەڵە خەڵکێک بەڵکوو بگەن بە ئەنجامێکی تایبەت. کاراکتێرەکانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بریتین لە: یەکەم، نرخ (ئەرێنی و نەرێنی) بەرهەم بێنن، دووهەم؛ جۆرێک لە نەزم و ڕەفتار دابهێنن و هەروەها مافی خاوەندارێتی بە فەرمی بناسێنێت. ئەم سێ کاراکتێرە زۆر گرینگن، چونکە لە چوارچێوەی مافی خاوەندارێتیدا، نەزمی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش دەتوانێ نرخ بەرهەم بێنێت و بیپارێزێت. لە ڕوانگەی زانستی جیاوازەوە، بۆ نموونە کۆمەڵناسی و سیاسەت، کاراکتێری جیاواز بو دامەزراوە دیاری کراوە و لە بواری ئابووری سیاسیشدا دەتوانین سێ لە سەرەکیترین کاراکتێرەکانی دامەزراوە بەم چەشنە دیاری بکەین:

**١** خۆ بەرهەمهێنانەوە یان بەرهەمهێنانی نرخ

**٢** پارێزگاریکردن لە مافی خاوەندارێتی

**٣** داهێنانی نەزمی ڕەفتاری لە کۆمەڵگەدا، واتە شارستانییەت

## مۆدێلەکانی دامەزراوە

لە سەردەمێکەوە کە مرۆڤ ژیانی بەکۆمەڵی هەڵبژاردووە، دامەزراوەش دەستی پێ کردووە. بۆ نموونە لە سەردەمی ڕاوچییەتیدا کە مرۆڤ بێجگە لە ڕاوکردن داهاتی دیکەی نەبووە، دامەزراوە لەئارادا بووە. واتە پیاوان چوون بۆ ڕاو و ژنانیش ئەرکی پاراستنی منداڵانیان لە ئەستۆ بووە، لە دۆخێکی وەهادا جیاکاریی هێزی کار دروست دەبێت و ئەم بەرپرسیارەتییانە نەزمێکی بە ژیان بەخشیوە. بە گشتی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک و بە پێی سەردەم، دامەزراوەی فرەچەشن وێنا دەکرێت کە لەم وتارەدا ئاماژە بە پێنج دامەزراوە دەکرێت کە لە گشت کۆمەڵگایەکدا تا ڕادەیەک بەدی دەکرێن: **١** دامەزراوەی ئایین، **٢** دامەزراوەی بنەماڵە، **٣** دامەزراوەی پەروەردە، **٤** دامەزراوەی حکوومی یان بەڕێوەبردنی سیاسی و **٥** دامەزراوەی ئابووری. ئەم دامەزراوانە هەرچەند لە ئەرک و کاراکتێردا جیاوازن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی دامەزراوەی ئایین، پەروەردە، بنەماڵە و ئابووری شی بکەمەوە و دواتر دامەزراوەی حکوومی یان بەڕێوەبەری بە شێوەی تایبەت شرۆڤە دەکەم کە هەژموون و کۆنترۆڵی لەسەر دامەزراوەکانی دیکە هەیە.

## دامەزراوەی ئایین

یەکەم پرسیار لێرەدا ئەوەیە داخوا ئایین دامەزراوەیە؟ واتە، دەتوانێ لە کۆمەڵگەدا نرخ بەرهەم بێنێت؟ پرسیاری دووهەم ئەوەیە؛ ئەگەر ئایین دامەزراوەیە، چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و لە بواری ئابووری-سیاسی و هەروەها کۆمەڵناسییەوە چۆن پێکهاتە و میکانیزمەکانی کارکردنی دامەزراوەی ئایین پێناسە دەکرێت؟ سەرەتا

پێویســت دەکات بەکورتی دامەزراوەی ئایین پێناسە بکەین، بەڵکوو بیسەلمێنین کە ئائین دامەزراوەیە، دەتوانێ نــرخ بەرهەم بێنێت و لە باری ئابووریشـــەوە چۆن ئینترۆپینرشیپ ، وەک مۆدێلێک بــو پێوەندییەکانی دامەزراوە پێــک دەهێنێــت. ئینترۆپێنرشــیپ[١٨] پرۆســەیەکە بــۆ بەرهەمهێنانی نــرخ کە لە ڕێــگای گەشەســەندوویی و ڕێکخســتنەوە مسۆگەر دەبێت.

یــەک لــە کارکــردە گرینگەکانــی ئاییــن دۆزینــەوەی وڵامێکــە بۆ پرســیارە مێتافیزیکییەکانــی مــرۆڤ و، هــەر ئــەم کارکــردەش ڕۆڵی ئایین وەک ڕێپیشــاندەر بۆ شــێوە ژیانێکی تایبەت کــە پێوەندی بە داهاتووی مرۆڤەوە هەیە، بەهێز دەکات. لەباری کولتووریشـــەوە مرۆڤ ئایین وەک بەشێک لە ناســنامەی خۆیان دەســەلمێنن و هەر ئەم ڕەهەندە کولتوورییەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەهێزبوونی باوەڕ و گشتگیربوونی یاساکانی ئاییــن لە کۆمەڵگەدا کــە دواجار کاریگەریی ڕاســتەوخۆیان لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت. بۆ نموونە کەسێک کە خۆی بە موسڵمان پێناسە دەکات، بەپێی یاسایەک کە ئیسلام بۆ ماڵیات و باج دیاری کــردووە، ڕەفتار دەکات. کەوایە دەتوانین بڵێین ئاییــن دامەزراوەیە، چونکە ڕۆڵی هەیە لە ســازدانی بڕیار و ئەنجامەکان. ســەبارەت بــە ئابــووری، لە زۆر یــەک لە کۆمەڵگەکاندا لەســەر ئەم پرسیارە کە داخوا دامەزراوەی ئایین دەتوانێ نرخی ئەرێنی یان نەرێنی لە کۆمەڵگایەکی باوەڕمەنددا دروست بکات، بە بەردەوامی مشــتومڕی زۆر لەئارادا هەبووە، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبــێ تەباییەک لەنێوان دامەزراوەی ئایین و دامــەزراوەی کولتــووردا هەبێــت، بەڵکوو بەگژ یەکتــردا نەچنەوە و نەبنە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی دژەنرخ لە کۆمەڵگەدا. هەڵبەت ئەمە ئەرکــی دامەزراوەیەکــی گەورەترە کە هەژموونی هەبێت لەسەر دامەزراوە کولتووری و ئایینییەکان، واتە دامەزراوەی حکوومی، چونکە هەم هێزی پاڵپشــتی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئایین و کولتوور، هەم ســەرچاوەی پێویستی لەبەردەســتدایە بۆ داهێنانی میکانزمێک کە ئــەم دوو دامەزراوە لە کۆمەڵگەدا تەبا و ڕێک بخات.

ئەبوو حەنیفە ئەیوب[١٩] لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی ئیسلام لە وڵاتــە ئیسلامییەکاندا دەڵێــت: «ئابووریی نوێــی جیهان لــە وڵاتــە مۆســڵمانەکاندا نەک وڵامــی نەداوەتەوە، بەڵکــە کاریگەریی نەرێنیشی هەبووە لەسەر سیستەمی ئابووریی کلاســیک. چونکــە «بڕیــارە» ئابوورییەکان بەپێی مەرجەکانــی لیبەڕالیزمی ئابووری کار دەکەن کە نامۆیە لەگــەڵ مەجال و مەرجە کولتوورییەکانی وڵاتانی موســڵمان» (Ayob, 2019: 649). واتــە ئابووریــی مۆدێــرن لەم سەردەمەدا و لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بەپێی مەجالەکانی سیســتەمی ئابووریی جیهان کار دەکات و کاراییەکەی تەنیا ڕاگرتنی ئابووریی وڵاتە نــەک بەرهەمهێنانی نرخــی ئەرێنی. سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان، شیکاریی پێوەندیی نێوان دامەزراوەی ئایین و ئابووری کارێکــی ئەســتەمە، چونکە کــورد خاوەنی دەوڵەتــی خۆی نییە کە لەو پێوەندییەدا لێی بکۆڵێتــەوە، بەڵام دەتوانیــن بڵێن پێوەندیی دامــەزراوەی ئایین و دامــەزراوەی کولتوور، ئابووری و سیاســی لە کوردســتاندا بە دوو هۆکاری سەرەکی پێوەندییەکی ئاڵۆزە؛ یەکەم، نەبوونی سیستەمێکی بەڕێوبەریی گشتی کە ئەرکی ئایین لە کوردســتان ڕوون بکاتەوە و دووهەم، فرەچەشنبوونی ئایینە لە کوردستان کە لە بنەڕەتدا یەک لە هۆکارەکانی ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسیی کوردستانیشە.

تــا ئــەو جێگایــە پێوەندی بــە دۆخی کوردســتانەوە هەیە، کاریگەریــی ئەرێنی و نەرێنیی دامەزراوەی ئایین لەســەر شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەبووە کە دەتوانین

ئاماژە بە چەند نموونە بکەین: ڕۆڵی شـــێخ و کەسایەتییە ئایینییەکان بۆ زیندووکردنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانە بە دوای سەرکوتکرانی سەرۆک هۆز و میرنشینەکان، بوونی چەکداری کـــورد لەنـــاو ڕیزەکانی هێـــزی داگیرکەر بە ناســـنامەی ئایینییەوە وەک جاشەکان کە بە ناوی «پێشـــمەرگەی موســـڵمان» و بە دوای شۆڕشـــی گەلانی ئێراندا بەشدارییان کرد لە سەرکوتی خەباتی میللی دیموکراتیکی کورد، فەرمانـــی جیهادی خومەینی دژی شۆڕشـــی ڕزگاریخوازانـــەی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، تێکەڵبوونی ســـەدان گەنج لەنـــاو ڕیزەکانی داعیـــش کـــە دژی نرخەکانی کوردســـتان شـــەڕیان دەکرد، خـــۆ نەبانکردنـــی پێکهاتە باوەڕمەندەکانی مەزهەبی شـــیعە لە شۆڕشی ڕزگاریـــی ڕۆژهەڵات و تەنانەت ڕێکخســـتنی گرووپگەلـــی چکۆلە لە ڕۆژهـــەڵات بە ناوی ســـەلەفییەت کـــە دوور نییە بە پاڵپشـــتیی دەوڵەتـــی ئێـــران بـــە مەبەســـتی تێکدانی بارودۆخی ڕۆژهەڵات سەریان هەڵدابێ و زۆر نموونەی دیکە کە هەر کام شرۆڤەی تایبەت بە خـــۆی دەوێت و هەموویـــان دەگەڕێتەوە بو ڕۆڵی دامـــەزراوەی ئایین لـــە کۆمەڵگە و کاریگەریی ڕاســـتەوخۆی دامەزراوەی ئایین لەمەڕ دارشتنی بڕیار و جێبەجێکردنی کار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوەی حکوومەت بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی دامـــەزراوەی ئاییـــن پێویســـتیمان بە شـــرۆڤەیەک هەیە، بەڵکوو مۆدێـــل و میکانیزمەکانـــی بەڕیەکەوتنـــی دامەزراوەکان ڕوون بکاتـــەوە. واتە مۆدێلێک بـــۆ دیاریکردنی چۆنیەتیـــی گرێخواردنەوەی دامەزراوە بە کولتووری گشـــتیی کۆمەڵگە کە لە وتـــاری «بۆتیک و ئـــەوان[٢٠] ئاماژەی پێ دراوە. ئەم مۆدێلـــە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بەڵکوو زیاتر لە شێوازی پێوەندیی کۆمەڵگای کوردســـتان لەگـــەڵ دامـــەزراوەی ئایین تێ بگەیـــن. لەم مۆدێلەدا ئامـــاژە بە دامەزراوەی خۆجێیـــی کراوە کە بە هـــۆی کات و بەپێی ئەزموونـــی کۆمەڵگە، پێک هاتووە و لە لایەن هێـــزی خۆجێییـــەوە پشـــتگری دەکرێـــت. نموونەیەکی دیکە لە دامەزراوە خۆجێییەکان کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا نین، بەڵکە وەک مۆدێلێکـــی هاوردە لە لایەن بەشـــێکی کۆمەڵـــگاوە بەهەند گیراون و بـــە دامەزراوە دەرەکییـــەکان پێناســـە دەکرێـــن. مۆدێلی یەکەم، خۆڕسـکە و لە هەنـاوی کۆمەڵگەدا و بەپێـــی ئەزمـــوون پێک هاتـــووە، مۆدێلی دووهەم، کانســـتراکتە و لە لایەن بەشـــێکی ئەندامـــی کۆمەڵگەوە هـــاوردە کراوە و کار بۆ جێگیرکردنی ئەو دامەزراوە خۆجێییە دەکەن. بەڵام لەم نێوەدا، مۆدێلێکی سێهەمش هەیە کە نەک لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە هاتووە، بەڵکە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پشتگری دەکرێن و کار بۆ جێگیرکردنیان دەکرێت. بە گشـــتی دەکرێ سێ مۆدێلی دامەزراوەی خۆجێیی لە کۆمەڵگەدا بەدی بکرێن:

١ دامـــەزراوەی خۆجێیـــی کە بەشـــێکە لە نەریتـــی کۆمەڵگـــە و بـــە هـــزری خۆجێیی جێبەجێ دەکرێت[٢١]

٢ دامەزراوەی دەرەکی کە بە هێزی خۆجێیی جێبەجێ دەکرێت[٢٢]

٣ دامەزراوەی دەرەکی کە بە هێزی دەرەکی جێبەجێ دەکرێت[٢٣] (Boettke& Conyne, 2008).

ئێمە دەزانین کە کۆمەڵگای کوردســـتان ســـەرچاوەی ئایینی ئیسلام نەبووە و کەچی زیاتر لە سەتا نەوەدی نەتەوەی کورد مۆسڵمانن. هەر چەند ئارادەیەک کولتووریکی ســـیکۆلار چ لـــە دامەزراوەی کولتوور و چ لە شۆڕشـــە ڕزگاریخوازانەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت، بەڵام ڕێژەی باوەڕدارانی ئیسلام لە تاکەوە بۆ تاک و لـــە کۆمەڵگەیەکەوە بو کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. واتە دامەزراوەی ئایینی ئیسلام وەکوو دامەزراوەیەکی دەرەکی لە کوردستان

هەیە و بەدرێژایی مێژوو جێگیر بووە و بەڕێوەبەری، ڕێکخستن و وەرگیرانی یاساکانی ئایین لە ئەستۆی ئەم دامەزراوە دەرەکییەوە بووە. لە سەردەمی پێش دەوڵەت-نەتەوەکان بە هۆی لامەرکەزیبوونی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی حکوومەتەکان لەسەر کوردستان سنووردار بووە کە پێوەندی بە سیستەمی ئیمپڕاتووری و نەبوونی هاوپێوەندیی ڕاستەوخۆ لەو سەردەمەدا هەیە. لە دۆخێکی وەهادا ئەرکی ڕێکخستن، وەرگیران و بەڕێوەبەری لە کوردستاندا زیاتر لە ئەستۆی شێخەکان و کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد بووە، واتە مۆدێلی یەکەمی دامەزراوەی خۆجێیی کە ئەگەرچی دامەزراوەی ئایین دامەزراوەیەکی دەرەکییە، بەڵام بە هۆی تێپەڕینی کات، دەبێت بە بەشێک لە نەریتی کوردان و بە هزری خۆجێیی جێبەجێ کراوە.

لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەکان کە کوردستانیان داگیر و پارچەپارچە کردووە، ئەرکی چۆنیەتیی کۆنترۆڵ و ڕاقەکردنی ئایین لە کوردستان کەوتە ئەستۆی ئەوان. هەرچەند دۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە کوردستانی گەورە لە یەک ڕەهەندەوە شرۆڤە بکەین، بەڵام مۆدێلی بەڕێوبەری و هاوپێوەندی سازکردنی دامەزراوەی ئایین لە جۆگرافییای کوردستاندا، دەکەوێتە ڕیزی مۆدێلی سێیەم، واتە دامەزراوەی دەرەکی کە بە هزری دەرەکی لە کۆمەڵگای کوردستاندا جێبەجێ کراوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت ئەو کەسانەی ئەم مۆدێلەیان پێشنیار کردووە، دان بەوەدا دێنن کە ئەم تیۆرییە دەتوانێ ببێتە هۆی سادەکردنەوەی بەراوردکارییانە و ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئاکامی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن دامەزراوەی خۆجێیی کە بە هێزی خۆجێیی بەڕێوە دەچێت، زیاتر بەردەوام دەبێت و دامەزراوەی دەرەکی کە بە دەستی دەرەکی جێبەجێ دەکرێت، کورتماوەترن. بە ڕەچاوکردنی ئەم مۆدێلە لەمەڕ ئانالایزکردنی هاوپێوەندیی دامەزراوەکان و کۆمەڵگەی کوردستان، ڕێخۆشکەرە بۆ خوێندنەوەی دامەزراوەکانی دیکەی کوردستان، بۆ نموونە دامەزراوە بەرۆژەڤەکانی وەک ژینگەپارێزی، مافی مرۆیی، سەندیکالیستەکان و ...هتد کە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ دامەزراوە کولتووری و ئایینییەکانی کوردستان هەیە. لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە گرینگەش بدەم کە ئایین وەک سیستەمێکی باوەڕمەند بە تەنیا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا نابێ، بەڵکە وەک گشت دامەزراوەکانی دیکە، کاریگەری لەسەر کولتوور و یاسا نافەرمییەکانی کۆمەڵگەش دەبێت. بە گشتی پێوەندی و کاریگەریی دوو دامەزراوە، دوو لایەنەیە و تەنیا هێز دیاری دەکات کە کام لایەن کاریگەرییەکەی زۆرتر بێت.

## دامەزراوەکانی بنەماڵە و پەروەردە

هەرچەند لە گشت کۆمەڵگایەکدا بە شێوەی سرووشتی ئەم دوو دامەزراوەیە بەدی دەکرێن، بەڵام هاوشێوەی دامەزراوەی ئایین، دامەزراوەی حکوومیش کاریگەریی زۆری لەسەریان هەیە و هەمیشە لە هەوڵدایە بەڵکوو ئەو دوو دامەزراوەیە لە پاوانی خۆیدا ڕابگرێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەم دوو دامەزراوەیە گرینگترین بنەمان بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی هاوڵاتییان. دامەزراوەی پەروەردە کە ئەرکە سەرەکییەکەی پەروەردەی هێزی مرۆییە لە کۆمەڵگەدا، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگاشەوە هەیە. واتە ئاراستەی ئابووری، ڕوانگەی کولتووری و جۆری قوتابخانە هزرییەکانی کۆمەڵگە، سەرەتا لە دامەزراوەی پەروەردەدا ڕادەهێندرێن و لە نەبوونی دامەزراوەی پەروەردەدا، قەت مەجال بۆ بەرهەمهێنانی نرخ نارەخسێت. کەوایە یەکێ لە ئەرکەکانی دامەزراوەی پەروەردە بەرهەمهێنانی سەرمایەی مرۆییە لە

کۆمەڵگادا، بەڵکوو نرخ بەرهەم بێنن، بەڵام دامەزراوەی پەروەردە لە درێژماوەدا کاریگەری لەسەر دامەزراوەی حکوومیش دەبێت، چونکە دامەزراوەی حکوومی لە ڕێگای دامەزراوەی پەروەردەوە خۆی نوێ دەکاتەوە و لە ڕاستیدا قوتابخانەکان کانگای پەروەردەی کارگێرانی حکوومیشە.

دامەزراوەی بنەماڵە لە زۆر ڕەهەندەوە خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ دامەزراوەی پەروەردە و دامەزراوەی کولتوور، چونکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەمان ڕۆڵی هەیە کە دامەزراوەی پەروەردە بۆ دامەزراوەی حکوومی هەیەتی، واتە دامەزراوەی بنەماڵە یەکەم قوتابخانەی ڕاهێنانی کولتوور و نۆرمەکانە. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە فۆرمی بنەماڵە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەم گۆڕانانە لەژێر سریمەی بەرهەمهێنان و ڕەوەندی دیالیکتیکی مێژوو جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە پێش گەشەکردنی ئابووریی سەرمایەداری، فۆرمی مەزن-بنەماڵە لەئارادا بووە کە لە چەند جیلی جیاواز پێک هاتووە. لە سەردەمی سەرمایەداریدا بنەماڵەکان سلولی و چکۆلەتر دەبنەوە، واتە لە دایک و باوک و یەک دوو منداڵ پێک هاتوون. وەک دەبینین دامەزراوەی ئابووری ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕانی فۆرمی بنەماڵەدا. هەڵبەت زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی لەم گۆڕانکارییەدا خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ئابووریی سیاسییەوە هەیە، گۆڕان لە ڕۆڵ و ئەرکە پیشەییەکانی ئەندامانی بنەماڵە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگە نەریتییەکان پیاوان کاری دەرەوەی ماڵیان لە ئەستۆ بووە وەک؛ ڕاوکردن و چوونە کاروان، بەڵام کاری نێو ماڵ لە ئەستۆی ژنان بووە و لە هەمان کاتدا بەشێک بوون لە هێزی کاریی کشتوکاڵیش. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا ئەرک و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و ژنانیش دەبن بە بەشێکی گرینگ لە بازاڕی کار، ئەم گۆڕانکارییە نەدەهاتە دی ئەگەر ئاقاری بەرهەمهێنان و سەرمایە، گۆڕانی بەسەردا نەهاتبا.

بە گشتی دامەزراوەی پەروەردە و بنەماڵە هەروەک هەموو دامەزراوەکانی دیکە لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و بە گشتی کار لە یەکتر دەکەن.

## دامەزراوەی ئابووری

سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە جیاوازیی نێوان دامەزراوەی ئابووری و هەروەها زانستی ئابووری بکەم. زانستی ئابووری چۆنایەتیی بڕیاردانی بنەماڵە یان تاک لەسەر کەرتە ئابوورییەکان لێک دەداتەوە و، هەروەها لێکۆڵینەوە لەمەڕ مەجالە ئابوورییەکان دەکات، بەڵکوو بگات بە ئەنجامێکی دڵخواز، بەڵام چانگ[٢٤] باوەڕی وایە کە دامەزراوەی ئابووری سیستەمێکی حکوومییە بۆ پشتیوانی و پاراستنی مافی خاوەندارێتیی هاوڵاتییان و بازاڕی سەرمایە (Chang, 2011: 475) بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاماژە کورتە، هەوڵ دەدەم شرۆڤەیەک بۆ دامەزراوەی ئابووری لە ڕەهەندە جیهانییەکەیەوە بکەم کە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە یەک لە نمادەکانیەتی و هەڵبەت کانتێکستی کوردستان وەک وڵاتێکی بێدەوڵەت، ئامانجی سەرەکیی ئەم بەشە لە وتارەکە دەبێت.

لەمەڕ ڕەهەندی جیهانیی دامەزراوەی ئابووری، دامەزراوە جیهانییەکانی وەک بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و ... هتد، لەنێو دەوڵەت-نەتەوەکاندا لقی تایبەت بەخۆیان هەیە و وێڕای ڕێزگرتن لە سەروەریی سیاسیی یەکتر کاریگەرییان لەسەر دامەزراوەی ئابووریی ئەو وڵاتانە هەیە، بەڵکوو ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕی کالا و خزمەتگۆزاری و گەشەی ئابووری خۆش بکات. دامەزراوەی

ئابووری هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی دامـــەزراوەی حکوومییـــە و، سیاســـەت و ئایدیۆلۆژیی حکوومەتەکان نابن بە بەربەست لەمەڕ ئەرکی دەســـەڵات بۆ پاراســـتنی مافی خاوەندارێتی، بازاڕی سەرمایە و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەیان.

لــە بابــەت کارتێکــەری و ئاکامەکانی دامەزراوەی ئابووریی ئێران لەسەر دۆخی کار و بازاڕی ســـەرمایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی زۆر کراوە، بەڵام ئەم وتارە هەوڵ دەدات تیۆریی کۆمەڵگای کرێخواز بە بنەما بگرێت، بەڵکوو لە ڕەهەندێکی دیکەوە ئاوڕ لــەو کێشـانە بداتەوە کە بــەرەورووی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بوونەتـــەوە. لە زمانی فارسیدا کۆمەڵگای کرێخواز[۲۵] کە چەمکێکی ئابووری-سیاســـییە، بە ڕانت وەرگێردراوەتەوە و ئاماژە بـــە گەندەڵیی ئابووری دەکات، بەڵام ئەم چەمکە پێوەندیـــی بە گەندەڵییەوە نییە، بەڵکـــە ئاماژە بـــە هاوپەیوەندیی نێوان کەرتە ئابوورییە تایبەتەکان و دەســـەڵاتی سیاســـی دەکات. لەمـــەڕ تیۆریی کەرتـــە ئابوورییەکان کە پێشـــتر لە لایەن گۆردن توولۆک[۲۶] وەک تیۆریی هەڵبژاردنی کۆلێکتیڤ پێناسە کرابوو، دواتر ئانا کروگـــر[۲۷] (Krueger, 1974) یەک لە ئابووریناســـەکانی ئەمریکا، لە حەفتاکانی زایینی و لــە وتاریکدا ئامـــاژەی بە چەمکی کۆمەڵـــگای کرێخواز کـــردووە. دواتر توولۆک و هاوکارەکانی تیۆریـــی کۆمەڵگای کرێخواز و تیۆریـــی هەڵبژاردنـــی گشـــتی دەکەن بە بنەمـــا بەڵکوو شـــرۆڤەیەکی گونجـــاو بۆ ئەم پرســـیارە بیبیننەوە کە بڕیارە سیاسییەکان چ پێوەندییەکیـــان بە گەشەســـەندوویی کەرتە تایبەت و گشـــتییەکانەوە هەیە. مەبەست لە کاری کۆلێکتیڤ (کاری هەرەوەز) ســـازدانی بەســـتێنێکی مامەڵەگەرایانەیە بەڵکوو کەرتە تایبەتـــەکان و دامـــەزراوەی حکوومی بگەن بـــە بڕیارێکی هاوبـــەش لەمـــەڕ وەدیهێنانی ئامانجێکی ئابووری-سیاســـی کـــە خێری بۆ هـــەردوو لا هەبێ و هـــاوکات بەرژەوەندی و گەشەســـەندوویی کۆمەڵگاش مسۆگەر بکات. ڕۆڵـــی حکوومـــەت وەک جێبەجێـــکار لەم پێوەندییەدا دیارە، چونکە ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتـــی لـــە ئەســـتۆیە و لەهەمـــان کاتـــدا پاراســـتنی بەرژەوەندیی کەرتە تایبەتەکانیش مەشـــروعییەت بە دەســـەڵاتی سیاســـیش دەدات. بـــۆ نموونە لە وڵاتانـــی دیمۆکراتیکدا گشـــت یاســـا و بڕیارنامەکانـــی حکوومەت لەمـــەڕ سیاســـەتی ئابـــووری وەهـــا تەکووز دەکرێـــن کە خێری بـــۆ کۆمەڵگە و هەروەها کەرتە ئابوورییـــە تایبەتمەندەکانیش هەبێت کە ســـەرچاوەی داهاتی وڵاتن. هەڵبەت ئەم هاوپێوەندی سازکردنەش لە ڕێگای لابیکردن و هەروەها بە لۆژیکـــی هاوڵاتیبوون دەرواتە پێش، بەڵکوو حکوومەت ڕازی بکەن کە پرۆژە ئابوورییەکانیان چەندە خێری بۆ گشت لایەک دەبێت (Tollock, 1980: 1304).

چۆن ئانالایزکردنی پرۆژەی ئابووریی کەرتە تایبەتـــەکان و هەروەها ڕوانگەی دەســـەڵاتی سیاســـی لەمەڕ بەرژەوەندییە گشـــتییەکان، لە ڕاســـتیدا پێوەندی بە مۆدێلی سەروەریی سیاســـییەوە هەیـــە. بۆ نموونە سیســـتەمی دیمۆکراتیـــک لـــە وڵاتانـــی ڕۆژاوا تێبینی و لێکدانەوەکانیان لەسەر بنەمای سوود و زیانی کەرتـــە جیاوازەکانە، واتـــە هەماهەنگییەک هەیە لەنێوان حکوومـــەت وەک جێبەجێکار، کۆمەڵگە وەک دەنگدەر و کەرتە ئابوورییەکان کـــە کار و ســـەرمایەی وڵات دەخەنە گەڕ وماڵیاتـــی حکوومەت دابین دەکـــەن. کەوایە ڕانتی حکوومی دەتوانێ بەرژەوەندیی گشتی بپارێزێت، ئەو کەرت و پرۆژانەی کە لە ڕێگای ڕانتی حکوومەتییەوە هەوڵ بۆ سوود دەدەن، دەتوانـــن ببن بە پاڵنەر بۆ گەشەســـەندوویی کۆمەڵگا و لە ئەنجامدا گشـــت لایەک خێری لـــێ دەبینن. ئەم پرۆســـەیە وەک ڕانتی باش دێتـــە ئەژمار، چونکـــە هۆکارێکە بۆ دیاردەی «پوختەیی ئەرێنی».[۲۸] بـــۆ نموونە کۆمەڵەی

دەروونناسانی کەندەدا لە ساڵی ٢٠٢٣ داوای لە حکوومەت کردماڵیات نەچێتە سەر نرخی ڤیزیتی ئەو کەسانەی بۆ پشکنینی دەروونی سەردانی دوکتورەکانی بەشی دەروونناسی دەکەن، چونکە لەبەر گرانبوونی ڤیزیت خەڵک کەمتر سەردانی دەروونناسان دەکەن. کەوایە پێوەندییەکی کاوزاڵێتی لەنێوان سلامەتیی دەروونیی هاوڵاتییان و هەرزانکردنی پارەی ڤیزیت هاتە ئاراوە و حکوومەتی بە قەناعەت گەیاند کە لە پێناو تەندروستیی هاوڵاتییان، ماڵیات نەخاتە لەسەر پارەی ڤیزیت.

کۆمەڵگەی کرێخواز چۆن دەبێت بە هۆکار بۆ گەندەڵی و تێکچوونی سیستەمی ئابووری؟ وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ هاوپێوەندیی نێوان کەرتە سوودخوازەکان و حکوومەت و هەروەها چۆنیەتیی دابەشکردنی سەرچاوەکانی داهات. کاتێک حکوومەت ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی نەکات و سەرچاوەکانی داهات بە جۆرێک ڕێک بخات کە تەنیا ئەو کەرت و گرووپانە سوودی لێ ببینن کە لە خزمەت مانەوەی دەسەڵاتی سیاسین (بۆ نموونە سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی) ئەوا گەندەڵیی ئابووری سەرهەڵدەدات. لە دۆخێکی وەهادا سەرمایەی گشتیی کۆمەڵگە ڕوو لە کەمبوون دەکات و بەشێک لە بژاردە و کەرتە تایبەتەکان لەمەڕ قەرەبووکردنەوەی کەسادبوونی بازاڕی سەرمایە، هەوڵ دەدەن خۆیان لە ناوەندی بڕیاردانی حکوومەت نزیک بکەنەوە، بەڵکوو دەستیان بەو ڕانتە حکوومییانە ڕابگات. لە دۆخێکی وەهادا لەنێوان حکوومەت و کەرتە کرێخوازەکاندا مامەڵە لەسەر خوانی سەرمایە و ئابووریی گشتیی وڵات دەکرێت و خێرەکەی دەچێتە گیرفانی حکوومەت و ئەو کەرتە کرێخوازانە. دەرکەوتەی گەندەڵییەکی وەها نایەکسانی، گرانی، هەڵاوسانی ئابووری و هەژارییە و لە باری کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵێک کێشەی چاوەڕواننەکراوی لێ دەکەوێتەوە.

## دامەزراوەی ئابووری و کوردستان

یەک لە گرفتەکانی شرۆڤەی دامەزراوەی ئابووری لە کوردستان، ئەوەی ڕاستی بێ، پێوەندی بە نەبوونی سەروەریی سیاسیی کوردەوە هەیە. کاتێ سەروەریی سیاسی لەئارادا نەبێت، بەدڵنیاییەوە دامەزراوەی بەڕێوەبەریش لەئارادا نابێت کە کار بۆ هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی گشتی، سەرمایە و هەروەها مەشرووعیەتی دەسەڵاتی سیاسی بکات. واتە زەروورەتی کەرت و گرووپە تایبەتەکان لەئارادا نابێت، بەڵکوو لە ڕێگای ڕانتی پۆزیتیڤەوە یارمەتیی گەشەسەندوویی کوردستان بکات. هەڵبەت هێندێک کەرتی تایبەت و بەشێک لە سەرمایەدارەکانی کورد و هەروەها کەسانی کرێخواز لە کوردستان هەن کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و هەروەها دابینکردنی تمووعی کەسییەوە هەوڵ بۆ وەرگرتنی ڕانتی حکوومەت دەدەن، بەڵام بە هۆی دۆخی جوگرافی-سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت ناتوانن ببن بە بەشێک لە کۆمەڵگای کرێخواز و لە ئەنجامدا کاریگەرییان لەسەر مەشرووعیەتی دامەزراوەی حکوومی هەبێت. ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە ڕێگای ڕانت و تمووعی ئابوورییەوە ئەم کەرت و گرووپانە وەک پرۆژەیەک بۆ کۆنترۆڵ و سەرکوتی بزاڤە نەتەوەییەکانی کورد و هەروەها نامۆکردنی دێمۆگرافیای کوردستان بە پرۆژە خۆبژێوییەکانیان و لە ئەنجامدا لاوازکردنی سۆلیدارێتیی نەتەوەیی لەبەرچاو دەگرێت. یەک لە نموونەکانی ئەم پرۆژانە سیاسەتی بەنداو سازکردن بوو لە کوردستان، بەتایبەت بەنداوەکانی ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ماوەی چوار ساڵاندا ئاوی سیروانیان لە ڕێگای تۆنێلەوە ڕەوانەی ناوەندی ئێران کرد بە مەبەستی بووژاندنەوەی پرۆژە ئابوورییەکانی ئەو ناوچانە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاوی سیروان سەدان

ساڵە سەرچاوەی ئاوەدانی و بژێو و سەرمایەی شار و گوندەکانی دوو سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بووە. کارایی نێگەتیڤی پرۆژەیەکی وەها لەسەر حەشیمەتی ناوچەی هەورامان بە ڕوونی دیارە کە بە هۆی گوندە ئاوەدانەکانییەوە ناوچەیەکی پڕ حەشیمەت بوو و هەنووکە ڕووی لە کەمی کردووە. بۆ نموونە گوندی داریان ٧ هەزار کەس و گوندی هەجیج ٤ هەزار کەس دانیشتووی هەبوو کە بە بەرەکەتی ناوچە شاخاوییەکان و ئاوی سیروان، بە هۆی ئاژەڵداری و باخەوانییەوە هەمیشە ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبوو و بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە ڕێگای هەناردەکردنی بەرهەمەکانی خۆیان و هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی کە بە هۆی ژینگەی هەورامان بەرهەم نەدەهاتن، بە سەربەستی ژیاون. بە واتایەکی دیکە، هەماهەنگییەک لەنێوان ژیانە کولتووری و دامەزراوە ئابوورییە نەریتییەکەیاندا هەبوو. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، نامۆ نەبوون و تەبایی دامەزراوە کولتووری و ئابوورییەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ کۆمەڵگایەکی زیندوو و دوور لە هەرچەشنە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی.

بە دوای دروستکردنی ئەو بەنداوانە و چەسپاندنی سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێژیم، هەرچەند بۆ ماوەی سێ چوار ساڵ خەڵکی ئەو دەڤەرە بە هۆی بەنداوسازییەوە کاری کرێکارییان دەست دەکەوت و قەرەبووی زەرەری ئاژەڵداری و باخەوانی بۆ دەکردنەوە، بەڵام دوای ئەوەی پرۆژەی بەنداوەکە دوایی هات، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو دەڤەرە بێکار بوون و نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ دۆخی ژیانی بەرهەمهێنەرانە و بوون بە سەرمایەی مرۆیی لە خزمەت پرۆژەی بازاڕی ڕەش بۆ قاچاخ کردنی کاڵا دەرەکییەکان. پیشەی کۆڵبەری کە کێشەگەلی کۆمەڵایەتیی زۆری لێ کەوتووەتەوە و زیانەکەی بۆ ئابووریی ئەو دەڤەرە زۆرتر لە قازانجەکانییەتی، یەک لە بەرهەمەکانی پرۆژەی کەرتە کرێخوازەکانی کوردستان بوو کە مەجالی بە بازاڕی ڕەش دەدا و تەنانەت بووتەوە هۆی بەرزبوونەوەی ئاماری کوژراو و نوقووستانەکانی کوردستان، هەروەها دیڤۆرمە کردنی کولتووری کورد. ئەو نموونانەی باس کران ئاماژە بە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی دەکەن، بەڵکوو کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی کرێخواز هان بدات و ئەنجامەکەی تێداچوونی سەرچاوە زەوینی و مرۆڤییەکانی کوردستانە و لەوەش داراماتیکتر؛ هێزی کار و بەرهەمهێنانی ئەو دەڤەرەی کرد بە دەستفرۆشی بەرهەمی کارخانە و کەرتە بەرهەمهێنەرەکانی هەمەدان، تاران، ئیسفەهان و ... هتد. بەم چەشنە سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا، وێڕای بۆچوونەکەی د.کەماڵ سولێمانی[٢٩] لەمەڕ چەمکی دژە_گەشە[٣٠] (Soleimani, 2020)، پەلکێش کردنی کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی کرێخواز بووە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا نەتوانێ لەباری ئابوورییەوە کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو بێت، چونکە کولتووری کرێخوازی هۆکارێکی گرینگە بۆ ئیفلیج کردنی دامەزراوە سەرەکییەکانی کوردستان و هەروەها سازبوونی تەعامولێکی مێرکەندالیستیانە.

مەبەست لە مێرکەندالیزم[٣١] شێوازێک لە مامەڵەی ئابوورییە لەنێوان دوو لایەن یان دوو وڵاتی سەربەخۆ بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. لەم پێوەندییەدا، لایەنێک گشت سەرچاوە زەمینی و سەرەکییەکان بە کەرتە بەرهەمهێنەرەکان دەفرۆشێت، بەبێ ئەوەی نرخی پێوە زیاد بکات. لەبەرانبەردا، لایەنی بەرهەمێنەر هەر ئەو سەرچاوانە دەکات بە کاڵا و لە هەمان کاتدا نرخێکی زیاتری دەخاتە سەر و پێی دەفرۆشێتەوە. ئەم پێناسەیە دەتوانێت

دۆخی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران باشتر ڕوون بکاتەوە کە سەرچاوەکانی وەک ئاو، کانزا، کشتوکاڵ و هێزی کار بە ناوەند دەفرۆشێت، ناوەندیش لە ڕێگای کەرتەکانی بەرهەمهێنانەوە دەیکات بە کاڵا و بە کوردستانی دەفرۆشێتەوە و ماڵیاتێکی لەسەر بار دەکات. بۆ هەموومان ڕوونە کە بەشێکی زۆری بودجەی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەر وڵاتێک بە باج و ماڵیات دابین دەکرێت، کەوایە دەسترەنجی کار، ئاو، کانزا و بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان سەرچاوەیەکی گرینگن بۆ دابینکردنی بودجەی حکوومەتی ناوەندی. لەم مامەڵەیەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ نرخێک بەرهەم ناهێنێتم لە حاڵێکدا ئێرانییەکان نرخ بەرهەم دەهێننەوە و پەرە بە ئابووریی ناوەند دەدەن. کەوایە کۆمەڵگای کرێخواز، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئاستی کرێچی دادەبەزێنێت و ڕەوەندی بەستراوەبوونی کوردستان بە ناوەندی دەسەڵاتەوە بەهێزتر دەکات و؛ لە ئەنجامدا بەرژەوەندیی کۆمەڵگە دەبێت بە فیدای سوودی تاکەکەسی (واتە بژاردە و کەرتە ڕانت-خوازەکان).

## دامەزراوەی حکوومەت[٣٢]

هەرچەند دامەزراوەی حکوومەت پێوەندی بە بەڕێوەبردنی وڵاتانەوە هەیە، بەڵام پێویستە دەکات شرۆڤەیەک بۆ دوو چەمکی ئایدیای دامەزراوە[٣٣] و ساختاری دامەزراوە بکەین، بەڵکوو پێوەندیی ساختاری دامەزراوە بە ئایدیای دامەزراوەوە ڕوون ببێتەوە. سەرەتا باشترە دەوڵەت[٣٤] لە ڕوانگەی تۆماس هابز و لە کتێبی لێڤیتاندا[٣٥] کە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهایە لەبەرچاو بگرین (Hobbes, 1669) و هەروەها بۆچوونی ڕۆسۆ (Russo, 1755) لەمەڕ گرێبەستی کۆمەڵایەتی[٣٦] بە بنەما بگرین و وەک چۆن ئیبراهیمی[٣٧] (Ibrahimi, 2020:4) ئاماژەی پێ داوە، دەوڵەت:

١ خاوەنی دەسەڵاتی گشتییە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیاریکراودا.

٢ خەڵکی نێو ئەو سنوورە سەرچاوەی مەشرووعییەتی دەوڵەتن.

٣ دەوڵەت دەبێ پێداویستی و خۆشبژێویی خەڵک دابین بکات.

بۆ پێناسە کردنی ئایدیا بۆچوونی گۆڵدستین و کیوهەین[٣٨] بە بنەما دەگرم: «... ئایدا لە بنەڕەتدا کۆمەڵێ بڕوای باون کە گۆڕانیان بە سەردا دێت و وەک کانتراکسێکی مێژوویی لە لایەن ئەجێنت و ئەکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە دادەهێندرێت» (Goldstein& Keohane, 1993: 185). هەروەها سەبارەت بە ڕەفتار و سیاسەتیش کامپبێل دەڵێ: «نابێ ئایدیا وەک ملکەچی و شوێنکەوتوویی لەبەرچاو بگرین، بەڵکە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی هەیە لە ڕەفتار و بڕیارە سیاسییەکانمان» (Campbell, 2004,3). کەوایە ئایدیا ئاراستەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات و لە نەبوونی ئایدیایەکی تایبەتدا مرۆڤ و کۆمەڵگە لە باری ڕەفتارییەوە تووشی ئاڵۆزی دەبن. ئەم وتارە باوەڕی وایە کە دامەزراندنی دەوڵەت لە ئێرانیش وەک وڵاتانی دیکە ئایدیایەکی لەپشت بووە و ئایدیایەکی وەها لە گشت قۆناغە مێژووییەکانی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە ستێفانی کرۆنین[٣٩] ئاماژە بە بۆچوونی «ڕوودی مەتی» دەکات سەبارەت بە مێژووی بیست ساڵەی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی: «سێ ڕەهەندی ئایدیالۆژیک، ڕەزاخانی هان دا بەلکوو دەوڵەت-نەتەوەی لەسەر بنیات بنێت: مۆدێرنیزاسیۆن، ناوەندگەرایی و ناسیۆنالیزم» (Cronin, 2003: 9). ناوەندگەرایی واتە دیاریکردنی ناوەندی بڕیار و بۆ ناسیۆنالیزمیش مۆدێلی سەدەی نۆزدەهەمی بە بنەما گرت، واتە «کاتێ گەشەی پیشەسازی دەستی پێ دەکات و بۆ ئەوەی دەوڵەت-نەتەوەکان نەبنە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی گەشەسەندوویی، بیریان لە

یەکدەست کردنی شوناس، زمان و کولتوور کردەوە، بەڵکوو یەک نەتەوە دابمەزرێنن بۆ ئەوەی لە پێناو یەک ئامانج خەبات بکەن»[40](Gellner, 1998: 377) پرۆژەی تاک زمانی، تاک کولتووری، مێژووسازی، فەرمیکردنی یەک ئایین و جوگرافیا داگیرکارییەکەی ڕەزاخانیش لە خزمەتی پرۆژەیەکی وەهادا بوو، واتە دەوڵەتەکان لە ئێراندا سیاسەت بە پێی ئایدیای ئێرانییەت بکەن و دەرکەوتەی خەباتێکی وەها سڕینەوەی جیاوازییەکان و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێت. ئەم پرۆژەیە بە دوای نەمانی ڕەزاخان و بە ئێستاشەوە بەردەوامە و دەتوانین بڵێین نەوە لە دوای نەوەی ئەتنیکی فارس بەم ئایدیایە ڕاهاتووە و بۆ وەدیهێنانی ئایدیایەکی وەها خەبات دەکات. بۆ نموونە چەپ لە ئێران، نەتەوەپەرستە ئێرانییەکان، نەتەوەیی مەزهەبییەکان، لیبەراڵ و کۆماریخوازەکان و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە ئایدیایەکی وەها ڕاهاتوون و کاری بۆ دەکەن. هەڵبەت لە بابەت پرسی کوردەوە هیچ کام لەم دامەزراوە حیزبی و سیاسییانە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و تەنیا لە ڕیتۆریکدا جیاوازییان پێکەوە هەیە.

## دامەزراوەی بەڕێوەبەری (Administration)

دامەزراوەی بەڕێوەبەری دامەزاوەیەکی کاتییە کە لەگەڵ گۆڕانی دەوڵەتەکاندا ئاڵوگۆڕیان تێدا دەکرێت و ئەرکەکەی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کاروباری بیرۆکراسیی وڵاتە. ئامانجی سەرەکیی دامەزراوەیەکی وەها، سەرپەرشتیکردنی دامەزراوەکانی دیکەیە لە چوارچێوەی سنوورەکانی یاسای بنچینەییی وڵاتدا، بۆ نموونە چاوەدێری و سەرپەرشتیکردنی دامەزراوەی ئایین، ئابووری، پەروەردە و .. هتد. دامەزراوەی بەڕێوەبەری لە دوو ئاستدا کار دەکات: یەکەم ئاست، پێوەندیی بە ئایدیاوە هەیە کە زۆرتر مێتافیزیکییە و ئاستی دووهەم، دیاردە مادی و عەینییەکان. واتە ڕۆڵی دامەزراوەیەکی دایک دەگێڕێت بۆ گشت دامەزراوەکانی دیکە.

## کۆبەند و دەرئەنجام

لەم وتارەدا کارکردی دامەزراوە لە کۆمەڵگەشی کرایەوە و ڕۆڵی چالاکیی کۆلێکتیڤ بە هەند گیرا. لە درێژەی بابەتەکەدا هەوڵ درا تیشک بخرێتە سەر هاوپێوەندیی دامەزراوەکان و کاریگەریی ئایدیا وەک چەسپێکی کۆمەڵایەتی لە پێناو لکاندن و هەماهەنگکردنی دامەزراوەکان. ئامانجی سەرەکیی وتارەکەش ئەوە بوو کە تاک لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت ببێت بە ئەجێنت، ئەگەر لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا چالاک نەبێت. لە ڕەهەندی کۆلێکتیڤیشەوە ئاماژە بەو ڕاستییە درا کە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ، ئازاد و چالاک نایەتە دی ئەگەر ئامانج و ئایدیا و دامەزراوەی کارای نەبێت. کوردستان بەدرێژاییی مێژوو، لە قۆناغە سەرەتایییەکانی کۆمەڵگەوە تا ئەمڕۆش، بە هێندێ جیاوازییەوە، وەک کۆمەڵگەکانی دیکە دامەزراوەی هەبووە. بەڵام ئەو شتەی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، نەبوونی دامەزراوەی حکوومییە، بەڵکوو گشت جومگەکانی کۆمەڵگای کوردی بەیەکەوە بلکێنێت و هەماهەنگیان بکات. یەک لەو ئەلێمانانەی کە کوردستانی لە دۆخێکی وەهادا هێشتووەتەوە، نەبوونی ئایدیایەکە بۆ وێناکردنی کوردستانێکی یەکپارچە، بەڵکوو گشت لایەنەکان بیسەلمێنن و لە ئەنجامدا تێکڕا بیکەن بە ئەجندای کاری هاوبەش. یەک لە زەروورەتە هەنووکەیییەکانی کورد دامەزراوەیەکی سەرانسەرییە کە پشت بە ئایدیایەکی ڕوون و دیاریکراو دەبەستێ بۆ سازدانی کۆدەنگییەک، بەڵکوو خەبات بۆ چارەسەریی کێشەکانی کورد بکات، دواتر سیاسەتێکی ڕەفتاری دیاری بکات

بــۆ کۆمەڵگەی کــوردی و دواجار وێنەیەکی واقعیش لە کورد ســاز بکات ڕوو لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان. هەڵبەت لەم وتارەدا نکۆڵی لە ڕۆڵــی دیــاردەی دەوڵەت-نەتەوە لە گەمەی سیاســەتی جیهانیــدا نەکراوە و پڕ ئاشــکرایە کە سیاسەتێکی ســەلمێندراو و داننــان بە نەتــەوەکان بەبــێ دامەزرادنی دەوڵەت-نەتــەوە دوور لــە چاوەڕوانییە. هەر ئەم پرســە گرینگە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ چاوپۆشــیکردن لە کورد وەک نەتەوەیەک و جۆگرافیایەکی نەتەوەیی و، لە ئەنجامدا کورد وەک نەتەوە بووە بە سووژەی سیاسەتی چوار وڵاتــی داگیرکەر کە خاوەنی ئایدیای خۆیانن و سرووشــتییە ئایدیاکانیان دژی سەلماندنی کورد وەک نەتەوەن.

پێویســت بــوو گشــت دامەزراوەکانــی کوردســتان شــی بکرێنەوە و لێک بدرێنەوە کە بەدوای دامەزراندنی دەوڵەت_نەتەوەکان سەریان هەڵداوە، بەڵام بە هۆی سنووردارbوونی وتارەکــە ئەو دەرفەتە نەڕەخســا. کە باس لە دامەزراوەی کوردســتانی دەکەیــن، ئەوەی ڕاستی بێ، دەبێ ئاماژە بە دەیان حیزبی سیاسی بکەیــن کە لە بواری سیاســی، کۆمەڵایەتی، ئایینــی و... هــەر کامەیان ژێردامــەزراوەی خۆیان هەیە. ســەرەڕای حیزبــەکان، دەیان دامەزراوەی مەدەنی وەک دامەزراوە ئەدەبی، زمانناســی، فێرکاری، مێژوویی، ئاکادێمیک، ژینگەپارێــزی، مافی مرۆڤ، مافی ژنان و... لە کوردســتان چالاکن کە چاوپۆشی لە هەوڵ و خزمەتگوزارییەکانیــان ناکرێت، بەڵام یەک لە گرفتەکان بۆ دامەزراوەگەلی وەها، تەنانەت بە حیزبەکانیشەوە ئەوەیە کە چالاکییەکانیان کورتخایەنن و بە هۆی کەمبوونی ســەرچاوە هــزری و مــاددی، بــە هــۆی کارێگەریی دامەزراوەکانــی داگیرکــەر و هەروەهــا بە هــۆی ناتەبایی و لێکدابڕانــی دامەزراوەکانی کــوردەوە، زۆرجــار چالاکییەکانیــان ســڕ دەبێت و سرووشــتییە لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە وەدوا بکــەون. تەنانەت چالاکترین و کاریگەرترین دامەزراوەکانی کوردســتان لە بری ئەوەی هۆکاری داگیرکاری لە کوردستان نەهێڵــن، کارکردەکەیــان تەنیــا ئەوەیە کە خێرایی ئاسیمیلەکردنی کورد کەم بکەنەوە.

لەم وتارەدا ئاماژە بە سێ خاڵی جوهەری بۆ دامەزراوەی حکوومەتی کرا:

**١** دەستراگەیشتن بەسەر گشت سەرچاوەکان و ئەرکی دابەشکردنیان، وێڕای ڕەچاو کردنی سنووردارbوونی سەرچاوە.

**٢** دارشــتنی ئایدیایەکی گشــتی کە گشت دامەزراوەکانــی وڵات بخاتــە ژێــر چەتری خۆیەوە.

**٣** داهێنانــی مکانیزمێــک بــۆ کارکردنــی دامەزراوەکان و چارەســەرکردنی بەرکەوتن و کێشەی نێوان دامەزراوەکان.

هەڵبــەت دەبــێ لــە دوو ڕەهەنــدی سەرەکییەوە ســەیری بنیاتنانی دامەزراوەی حکوومەتی بکەین: یەکــەم؛ ئەو دامەزراوەیە دەبێ بە ویســت و ئیــرادەی نێوخۆیی‌یەوە دامەزرا بێت و دووەهەم؛ ئەو دامەزراوەیە دەبێ لە دەرەوەی وڵاتیش بســەلمێندرێت و دانی پێــدا بنرێت. ئەرکی ڕەنگدانەوەی خواســتی ناوخۆیی دەکەوێتە ئەســتۆی دامەزراوەکانی کوردســتان، بەڵکــوو ببێت بە خواســتێکی نەتەوەیی و ڕێککەوتن لەســەر ئایدیاییەکی گشــتگیریش بۆ دامەزراوەیەکی وەها، دیسان لــە ئەســتۆی دامەزراوەکانی کوردســتانە و هەر ئــەوان دەتوانن ببن بــە میدیۆمێک بۆ گشــتگیرکردنی ســیمبول، خوێندنــەوەی مێژوویی و دیسکۆرس(وێژمان)ی نەتەوەیی.

لــەم وتارەدا ئاماژە بە چێبوونی پێوەندیی دوولایەنە کرا کە لە ڕێگای هەستی نەتەوەیی یان هێــزەوە دێتە دی. دیارە لــە وتارەکەدا پێشــفەرز یــان پێشــنیارێک بۆ ســازدانی پێوەندییەکــی وەهــا دیاری نەکــراوە، بەڵام دەتوانین بیر لە تیۆریی گەمە بکەینەوە، واتە بەرژەوەندیی لایەنێک بە مانای بەرژەوەندیی

ئایدیۆلۆژیـاکان کە سـەردەمانێک وەک «نەخشـەی جیهانی نوێ» لە پـاش دارمانی جیهانی کۆن، توانیان بەسـەر «نیهیلیزم»دا زاڵ ببن، لە نیوەڕاسـتەکانی سەدەی نۆزدەدا بنەمـاکان و یۆتۆپیای خۆیان دارشـت و لە سەدەی بیسـتەمدا بەشـێکی زۆریان تاقی کرانەوە و «چاڵێکی ڕەش»یان لێ بەجێ ما کە چاوی واقوڕماوی مرۆڤی سـەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەک بە حەپەسان و ترسەوە تا ئێستاش لێی دەڕوانێت!

## نیهیلیزمی کامۆیی:

«ئۆدیپی پاشا»- داهێنراوی سۆفۆکلیس - پاش ئەوەی کە زانیـی دایکی خۆی مارە کردووە، چاوەکانـی خۆی کوێـر دەکات ... پاش ئەو تاوانە و پێشـێلکردنی بەهاکان، ئیدی جیهان بە هۆی ئەو پەڵەی شەرمەوە نابێ ببینرێت!

«کالیگۆلا مرۆڤێکە کە تاسەی ژیان ئەو بۆ لەنێوبردنی ئەوانی دیکە هەڵدەخرێنێت. ئەو کەسێکە کە هەندە شەیدای خۆیەتی کە هۆگری بە کەسانی دیکەی لە دەست داوە. ئەو نکۆڵی لە هەموو بەهاکان دەکات.»[٣]

لە «ئەفسانەی سیزیف»یشدا چەمکی بێهوودەیی «کار»ی مرۆڤی مودێرن لە پێوەندیگەلی بێبەزەییانەی «سەرمایە» و «پارە» بە کەڵکوەرگرتن لە ئوستوورەیەکی یونانی خراوەتە بەرباس. سیزیف لەبەر یاخیبوون لە خودای خوداکان واتە «زیۆس» ناچار کراوە بەوەی کە بەردێکی قورس بباتە سەر لووتکەی چیایەک. بەڵام هەرکە دەگاتە لووتکەی چیا، بەردەکە بە فەرمانی «زیۆس» تلۆر دەبێتەوە و دیسان «سیزیف» ناچارە بیباتەوە سەر لووتکەی چیاکە. لە ڕاستیدا ئەم کارەی سیزیف «بەرجەستەبوونەوەی پووچی»یە. بەرجەستەبوونەوەی «کار»ی مرۆڤی گیرۆدە لەنێو پێوەندییە هۆڤانەکانی سەرمایەداری و تووشبوون لە داوی «بۆرۆکراسییە». لێرەدا دەبێ سەرنج لە دژایەتیی بیروبۆچوونی کامۆ لەگەڵ ئێگزیستانسیالیستەکان بدەین کە دەڵێن مرۆڤ «بکەر»ە. هەڵبەت دیوێکی دیکەی ئەم تاریکییە، وەک کامۆ دەڵێ: «جوانیی ژیانە کە لە پاڵ گۆڕانکارییە گەمژانەکانی ژیانی ئەمڕۆیی و بوونبەیەتیی (صیرورة) بێماناوە، لەو دیوی پووچییەوە دەدەڵێنێت».

«کامۆ» سەرەڕای ئەم پووچییەی کە مرۆڤی ئەمڕۆیی تێی کەوتووە، تاکە ڕێگەچارە بە یاخیبوون لەم پووچییە ڕادەگەیەنێت. واتە دەربازبوون لە «بنبەست». لێرەوە جارێکی دیکە هاواری «نیچە» لە زاری کامۆوە دەبیستین کە «ویستی هێز» بە میکانیزمی زاڵبوون بەسەر «نیهیلیزم» دەزانێت، مرۆڤی یاخی دیوێکی دیکەی ئەم ویستی هێزەیە - بەشێوەیەکی کامۆیی - کە دەبێ سەرەڕای بێئاکامیی ژیان کام لەم ژیانە وەربگرێت و هەوڵ بدات مرۆڤانەتری بکاتەوە!

کامۆ، هزرەکانی خۆی بە دوو بێهیوایی دەست پێدەکات: «جڤاکی» و «ئایینی» و بە وەرگرتنی ئەزموونە ئێگزیستانسیالیستییەکان بە تونێلێک دەگات کە دیارییەکەی «پووچی»یە و بەبۆرییەکی ناوێزەوە دەچێتە نێو تونێلەکە. چونکە دەزانێت بۆ «ناسین»، وەپارێزی(موحافزکاری) ملۆزمە.[٤] ئیدی بۆ ڕزگاربوون لەم «پووچی»یە «مرۆڤی یاخی» دەئافرێنێت: دووانەی پووچی و جوانی!

## نیشانەناسیی نیهیلیزم:

لە نیهیلیزمدا، سەرەتا بەخۆداشکانەوە و پاشان بێزاری لە شیرازە و سیستمی هەنووکەیی جڤاکی و فەرهەنگی و سیاسی دێتە ئاراوە و دواتر بێتوانایی لە لێکدانەوەی بەهاکان لە زەین و بیروهۆشدا تەشەنە دەکات و سەرەنجام لەهەمبەر هەموو ئەو شتانەی کە هەن کینە و دڕدۆنگی لە ناخدا کەڵەکە دەبێت. لە نیهیلیزم یان هیچگەراییدا نەمانی ئامانجی جڤاکی، بێپێوەری و نەمانی پارسەنگ و نەبوون و لەدەستدانی پێنوێن(ئێندێکس) و تەرازوویەک بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکان دێتە گۆڕێ. دەبێ لە جڤاکە سەرەتاییەکاندا پەیجۆری چاوگەی نیهیلیزم بکەین کە بریتین لە وازهێنان لە دنیا، خۆفەرامۆشکردن، گوێنەدان و کەمتەرخەمی و بێباوەڕی بە ئامانجداربوونی جیهان کە بێتوانایی زەینی و هزریی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە. گومانگەرایی پەرگیرانە لە هەمبەر هەموو شتێک و ڕق لە ژیانی جڤاکی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بێهوودەییان، هەندێ چاوگی گوورانەکی(تکوینی) و هەوێنە سەرەتاییەکانی نیهیلیزمن.[٥]

***

سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژی نەخشەڕێگەی جیهانێکی نوێ بوو. بانگەشەی ئایدیۆلۆژیاکان کە مزگێنیدەری جیهانبینییەکی زانستی و پەروەردەیی و ئامانج و ئاکامێکی نوێ



پێشکەش

بــۆ مرۆڤی مودێــرن و هاوچــەرخ دەهێنن بۆ ماوەیــەک توانی ســەرهەڵدانی نیهیلیزم دوا بخات. ئــەم هیوا تازانــە بریتی بوون لە ناســیونالیزم، لیبراڵیزم، نازیزم و فاشیزم کە نەتەوەکانیان بە مێژوویەکەوە دەبەستەوە کە پڕ لە ململانێی خوێنــاوی بوو و گەڕانەوە بۆ مێژووی پڕشــانازی، یۆتۆپیــای ئەمدنیاییان دەســازاند و کۆمەڵانــی خەڵکیــان دەکردە ســەربازی ئــەم یۆتۆپیایە. دوابــەدوای ئەوە مارکسیزم لە سەنگەرێکی دیکەوە هیوایەکی دیکە بوو کــە بە دژی ســەرمایەداری قوت بوویەوە و کۆمۆنیزم و کۆمەڵگەی جیهانیی لە هاووڵاتیی جیهانیدا هێنایە کایەوە: ئەم ڕێبازە وردە وردە کەموکوورییەکانــی دەرکەوتن کە بریتی بوون لە : ماشــینیزم و ســاینتیزم[۶] کە زانســتگەراییی بــە تەوەری ســەرەکی دەزانی و تەنانەت لەنێو خۆیشیدا جۆرێک لە ناسیونالیزمی پاساو دەدا (بۆ نموونە سلاڤیزم) کە بە جەخت لەسەر ماتریالیزم و پێناسەیەکی چەقبەستوو لە «کار» و «بەرهەمهێنان» ئەویش تووشی جۆرێک لە یۆتۆپیانۆری بوو!

لــە تەنیشــت دارمانــی یۆتۆپیــای فاشــیزم و نازیزم، «کــۆلاگ» و «تاوانەکانی ســیبریا» یۆتۆپیای کۆمۆنیزمــی داڕووخاند. فەیلەســووفانی چەپــی مارکسیســت بەناچــار «ڕیڤیزیۆنیزم»یان بــۆ دەربازبوون لە «بنبەســت»ی سوســیالیزمی زانســتی هەڵبــژارد و دواجــار بــۆ خوێندنەوەیەکی نوێــی پــاش جەنگــی دووەمــی جیهانی، ئەندامانــی «قوتابخانەی فرانکفــۆرت» لەم حەزیای مودێرنیتەیــە ڕامان و ڕەخنەگرانە ئاســۆکانی داهاتوویان ڕاڤە کرد. ئەو دۆخە نیهیلیســتییەی پاش دوو جەنگی جیهانی پێویستیی بە شــیکردنەوە و ڕاڤەیەکی نوێ بــوو. لەو بڕوایــەدام هەوڵەکانــی مارکیۆزە لــە «ئێرۆس و ژیــار» و «مرۆڤی تاکرەهەند» ڕێگەیەکــی قوتاربوون لەو «نیهیلیزم»ە بوون کە مرۆڤی ئەورووپایی تووشی بووبوو.

## پۆستمودێرنیزم و نیهیلیزم

پۆســتمودێرنیتە لە ڕەخنــەی مودێرنیتەوە دەست پێدەکات. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا باسوخواس لە «بنبەستی مودێرنیتە» بووە مایەی ڕەوتێک کە بە «پۆستمودێرنیتە» ناسراوە. هەرچەند «مانیفێستی پۆستمودێرن» لەبەرانبــەر پــرۆژەی مودێرنیتــەدا ئــەو هێــزەی دەرکەوتنــی نەبوو و تا ئێســتاش نەیتوانیوە لەبەرانبــەر مودێرنیتەدا بەرەنجامە بەرهەســتەکییەکانی بەرچــاو بــن، بــەڵام لێکەوتەکانی مودێرنیتە و بارودۆخی جیهانی مودێرن بەباشی لە لایەن پۆستمودێرنەکانەوە نیشــان دراون و بەر نەشتەری ڕەخنە نراون. بیرمەندانێکی هەڵکەوتەی فەرەنســیی وەک فۆکــۆ و لیوتار و بۆردیــار و هەروەها ڕیچارد ڕۆرتیــی ئەمریکایــی و ڤاتیمــۆی ئیتالیایی ناســێنەری پۆســتمودێرنیتەن. هەڵبەت ئەم بیرمەندانــە لەژێر کاریگەریــی «هایدگەر»دا بوون و بەم شێوەیەش ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نیچەیان بەسەرەوە دیار بوو، گەڵاڵەی هزریی نیچــە لەبارەی «نیهیلیــزم»ەوە یارمەتییەکی زۆری گەشــەی پۆستمودێرنیزمی دا و ئەوان لەبــارەی چەمکانێکــی وەک خــودا، مێژوو، میتافیزیک و مرۆڤ گەلێ بنەواشــەی نوێیان خســتە ڕوو؛ بەتایبــەت ڕەخنــە لە چەمکی «هەقیقەت».

زاراوەی پۆســتمودێرنیزم یەکەمجــار لە لایەن ئارنۆڵد توین بی لە ۱۹۳۹ بەکار هات. ئەم زاراوەیە دواتــر لە ۱۹۶۰ لە نیۆیۆرک لە لایــەن هونەرمەنــدان و ڕەخنەگرانەوە بەکار هات. پاشــان تیۆریداڕێژە ئەورووپاییەکان لە ۱۹۷۰ ئەم وشــەیەیان بەکارهێنا؛ هەرچەند جۆن ئارگیبینــز، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەی لە ســاڵی ۱۹۳۴ وەپــاڵ فێدریکــۆ ئونیس (ڕەخنەگــری ســپانیایی) داوە کــە وەک زاراوەیەکــی دژەئیمپریالیســتی لە شــیعرە سپانیۆلیســتییەکاندا بەکاری هێناوە (گیبینز ۱۳۸۱، ۲۵). جۆن مــەک گوان، لە وتارێکدا

لــه ســاڵی ١٩٩١ چەمکانێکــی وەک پاش پێکهاتەگەرایی، نیومارکسیزم و نیوپراگماتیزم و پۆستمودێرنیزم بە بەرهەمی هزروبۆچوونی کانــت، هیــگڵ و مارکــس و هەڵبەت نیچە دەزانێت (1، 1997، Best).[٧]

ئەگــەر بڵێیــن نیهیلیــزم یەکێــک لە لێکەوتەکانی مودێرنیتەیە، دەشتوانین بڵێین «نیهیلیزم» ســەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی پۆســتمۆدێرنیزم یان پــاش مودێرنیتە. بەو مانایەی کە «بنبەستی مودێرنیتە» بووە مایەی نیشــاندانی ڕێگەیەکی دیکە بە بیرمەندان تا خۆیان لەو نیهیلیزمــە وێرانکەرە قوتار بکەن کە دەکرا هەموو شــتێک لە سیاچاڵی خۆیدا قووت بدات.

لەبەر ئــەوەی دەرفەتــی درێژدادریمان نییە، لــەو کاریگەرییانــە دەدوێین کە تێیدا «نیهیلیــزم» بووەتە مایەی ڕاڤە و دارشــتنی بنەواشەکانی پۆستمودێرنیزم کە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەینەوە:

بنەواشە(پرەنسیپ)ی یەکەم: هەرچییەک لە مودێرنیتــەدا هورمی(اعتبــار) هەبووە لە چاخی پۆستمودێرندا بێهورم و هەڵوەشاوەیە

بنەواشــەی دووەم: نکۆڵــی یــان بەرتەکدانەوەی کەتوار.

بنەواشەی سێیەم: مرۆڤ توانای ناسینەوە و جیاوازیدانــان لەنێوان ئیمــان و کەتواری لەدەست داوە و مرۆڤ لەجێی کەتوار، لەگەڵ خۆرانوێنێکدا بەرەوڕووە.

بنەواشەی چوارەم: ناسەقامگیریی واتایی (لە جیهانی داماڵــدراو لە ژێری و هەقیقەت، جیهانێک کە تێیدا هیچ زانســت و زانینێک بەهــورم نییە و هیچ کەتوارێک لە ئارادا نییە و زمان تاکە ڕایەڵێکی زراق و ناســکی ژیانە، گەلێ سروشتییە کە مانا، مانایشی نەبێت).

بنەواشــەی پێنجــەم: تەنیــا لــە گومانگەراییدایــە کە تێیــدا هیچ تیۆرییەکی ڕەهاگەرایــی و ئەزموونێــک نــرخ و هورمی نامێنێت.

سەرباری ئەوەش بنەمایەکی دیکەیش کە پۆستمودێرنیزم لەسەری هەڵنراوە، بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ فرەچەشــنی، فرەنەژادی و فرەزمانی کە دەتوانێت ســیمای هەنووکەیی جیهان بگۆڕێت.[٨] لە وەهــا بارودۆخێکدا کە ئیمان بە هەقیقەت یان هەقیقەتەکان لەرزۆک بووە و بێبنەمایی و بێمانایی و مەرگ، بەها و بایەخەکانی جیهانی ئیمەیان تەنیوە، نیهیلیزم زیاتر لە ســەدەکانی پێشوو - نیچە گوتەنی - لە دەرگا دەدات:

«نیهیلیــزم لــە دەرگا دەدات: ئــەم ســامناکترینەی تێکرای میوانەکان لە کوێوە دێت؟ شوێندەسپێک هەڵەیە؛ ئەگەر «هەژاریی جڤاکی» یــان «ترۆبوونــی فیزیۆلۆژیک» یان خراپتر لــەوە، گەندەڵی بە هۆی هیچگەرایی بزانین. چاخی ئێمە ڕازاوەترین و دڵسۆزانەترین چاخ و سەردەمە. هەژاری، هیی دەروونە، یان لەش، یان ژیری؛ بەڵێ، [ژیری] خۆی ناتوانێت نیهیلیزم (واتە بەرتەکدانەوەی ریشــەی بەها، واتا و خوازراویتی) بەرخسێنێت...» (یاداشتی ساڵی ١٨٨٥ –١٨٨٦).[٩]

## ئیگزیستانســیالیزم و زاڵبوون بەسەر نیهیلیزمدا

نەمانــی ئاکامێــک بۆ جیهــان، بێهیوایی و بێباکــی لە ناخی مرۆڤدا دروســت دەکات و لایەنی مەترســیداری نیهیلیزم لێرەوە دەست پێدەکات. بنبەستی مارکسیزم لە بەجێهێنانی بەڵێنەکانی لە چوارچێوەی مرۆڤێکی لەقاڵبدراو و کۆمەڵگەیەکی ڕەنیوهێنەتەوەر(production - oriented )کە هەموو هەســت و خوســت و شــەرەفی مرۆییی لە ڕیشــەیەکی جەبریی ئابووریــدا دەکــردە قوربانــی، دەبێتە مایەی دەنگهەڵبرینــی ئیگزیستانســیالیزم. لــە جیهانێکدا کــە مرۆڤێکی هەڵپەســێردراوی بێهیوا لــە میتافیزیــک و ئایدیۆلۆژییەکان گیــرۆدەی نیهیلیزم بووە، مرۆڤ ســەرەرای بوونــی بێ چییەتیی(ماهیــت)ی خۆی دێتە

مەیدانەوە و دەبێ خـۆی چییەتیی خۆی لە باشـاری جڤاکدا، بە چەرمەسەری و تێکرای پەرۆشـی و کەڵکەڵەکانـی دروسـت بکات. ئاشـکرا و دیارە کە هۆی باوەڕی ئەم ڕێبازە بە پێشـەنگایەتیی بوون لەبەرانبەر چییەتیدا، وەبارهاتـووی هــەرەس و بۆردرانـی مرۆڤە لەوەیدا کە ئایدیۆلۆژییەکی پێشوەختە هەبێت و ئیگزیستانیسـالیزم لـە وەهـا ژینگەیەکدا پەیجۆری بەخشینی مرۆڤگەراییەکە بە مرۆڤ دەتوانیـن لەبـاری مرۆڤگەراییـی ئیگزیستانیسالیستییەوە دوو خاڵ دەستنیشان بکەین:

**١ ئازادی و بەرپرسایەتی**

لـە فەلسـەفەی ئیگزیستانسـیالدا ئەرکـی مـرۆڤ گەلێ دژوارە. چونکە بە سـرینەوەی چییەتییەکـی پێشـتردیاریکراو بۆی، خۆی بەرپرسی دروسـتکردنی خۆیەتی؛ واتە ئەمە دەبێت بە ئاکامێک بۆ مرۆڤ لەجێی ئاکامێک بۆ جیهان و لێرەوە مرۆڤ دەتوانێت بەسـەر نیهیلیزمدا زاڵ ببێت. ئەو دەبێتە بەرپرسیاری داهاتوو، کۆمەڵگە، مێژوو و بەختەوەریی خۆی. ئەمە پرۆسـەیەکی دژواری شوناسبەخشینە. چونکە ئیـدی لەمەولا مرۆڤی ناتۆرالیسـتی لـە ئارادا نییـە. ئازاد لە هەمـوو جەبرێک و داڕێژەری جەبری خۆی.

**١ دڵەڕاوکێ یان نیگەرانی**

دڵەڕاوکێ یەکێک لـە بنەماییترین ماناکانی فەلسـەفەی ئیگزیستانسـیالە. نیگەرانـی وەبارهاتوو لە ئەمرۆ و بەیانی، ئەڤین، خوێندن و سامان نییە. بەڵکو بەرەنجامی بەرپرسایەتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاست لە دروستکردنی خـۆدا. نیگەرانی لـە هەڵبژاردنی باشـترین بژاردەدا. دڵەڕاوکێ بەرەنجامی هەسـتکردن بە بەرپرسـایەتییە. ئیگزیستانسـیالیزم بەم ڕێگەیە هــەوڵ دەدات دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی ئاکامناسـانەی یەزدانناسـانە و یۆتۆپیایی - کە بە نیهلیزم دەگات - بەگوێرەی ڕێسـای پێشەنگایەتیی بوون لەبەرانبەر چییەتیدا بۆڕ بدات و مرۆڤگەرایی لە خۆیدا ببێت بە ئاکام؛ بەگوێرەی ئەم ڕێبازە بەم چەشـنە بەسـەر نیهیلیزم یان لایەنە تێکدەرانەکانی نیهیلیزمدا زاڵ دەبین.

## دۆخی کورد

هەروەک لە بەراییی وتارەکەدا گوترا، ناتوانین ئەو سروشـتەی نیهیلیزمـی ئەورووپایی لە کۆمەڵگەی کوردی و لەم سەردەمەی ئێستادا پەیجـۆر و دانەدوو بکەین. واتــە گوتەیەکی بێمانایە لە هەنووکـەی کۆمەڵگەی خۆماندا پەیجۆری نیهیلیزمی فەلسەفی بکەین.

لە ئەدەبی خۆرهەڵاتی نێوەڕاسـتدا، وەک دەگوترێت دەرکەوتی نیهیلیزم لای «خەییام» و «ئەبوعـەلای موعەڕی» وەبەرچاو دەکەوێت. دۆخێکی گومانگەرایانەی فەلسـەفی لەبارەی نەخشـەی ئافراندنی گـەردوون، زۆرەملێ و سەرپشکیی مرۆڤ، (لوحة المحفوظ)، پاداشت و سـزا و دواجار خۆسـپاردن بە مەی - لای خەییام - وەک سرکەری پرسیار و شێتییەکی دیۆجانوسـانە لـە هەمبەر باوەڕی گشـتیی جڤاک لەم ئەدەبەدا دەبینرێت و بەشـێک لە نیشانەناسیی نیهیلیزمی تێدا بەدی دەکرێت.

پێویسـتە لێرەدا لەنێـوان «نیهیلیزم» و «دەربڕینی نیهیلیسـتی»دا جیاوازی دابنێین. «نیهیلیزم» ڕوانگەیەکی فەلسـەفییە کە وەک ڕێبازێک یـان دیاردەیەک بـەدی دەکرێت و تایبەتمەندییانێکـی هەن کـە باس کران. لێـرەدا من لــە داوەری لەم بـارەوە کە ئایا «نیهیلیزم» بە هەمــوو تایبەتمەندییەکانیەوە لەم سەردەمەی کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئارادایە، خۆم دەبوێرم. بەڵام جەخت لەسەر «دەربڕینی نیهیلیسـتی» دەکەمەوە کــە دەتوانین وەک بەشـێک لـە «نیشانەناسـیی» نیهیلیزم لێی بدوێین و ڕەنگە لە کۆتاییدا بتوانین بەگوێرەی ئەم نیشانەناسییە لەبارەی هەبوون و نەبوونی

ســـەرلەبەری نیهیلیزم لە «دۆخـــی کورد»دا ڕاوبۆچوونێک بخەینە ڕوو.

تەنانـــەت لەنێو سیســـتمی باوەڕدارانەی دینییشدا بارودۆخێک دێتە پێشەوە کە مرۆڤ هەســـت بە «فەرامۆشـــیی خودا» دەکات. ئەم فەرامۆشییە کە کەسانێک هەست بەوە دەکەن خودا ئەوانی لەبیر چووەتەوە، چرکەســـاتێکی نیهیلیستییە. لەو ساتانەی کە دەڵێین «خودا لەکوێی؟» بۆشـــاییەکی گەورە لـــە ڕۆحماندا دروســـت دەبێت. چرکەســـاتێک کـــە تێیدا «دیزاینی خواوەندانەی جیهان» تێک دەرمێت. ئەم ســـاتانە، ســـاتی پچرانی ڕایەڵـــی نێوان «بەندە» و «خودا»یە. لە ڕوانگەی ئیماندارێکەوە جیهان و مرۆڤ بە ڕایەڵێکەوە پێک بەستراون کە «گومان» و «کوفر» دەبنە مایەی پچراندنی. بەڵام ئەگەر لە چرکەســـاتێکدا تێکرای باوەڕ بـــە هـــۆی دڵنیابوونـــەوە لـــە «بوونبەیەتیی میکانیستیی جیهان» هەڵبوەشێتەوە، هەستی «هەڵپەســـێردران» ناخی مرۆڤ دادەپۆشێت و ڕوونکردنەوەی «ئاکامی مرۆڤ و جیهان» نەلواو دەبێت؛ ئەمە ئەو شـــتەیە کە چەندین جار بە «بنبەست» ناومان هێنا. بڕوا بە «بوونبەیەتیی میکانیســـتیی جیهان» دەکرێ هاوکات ببێتە هـــۆی «نیهیلیزمـــی خوداناباوەڕانـــە». ڕەنگە بـــۆ تاکێکی بیرمەنـــد کە بـــە بیرکردنەوەی فەلســـەفی ڕاهاتووە و دەتوانێت وێستگەکانی داهاتـــووی بیرکردنـــەوەی خۆی پێشـــبینی بکات، وەها دۆخێک کاریگەرییەکی تۆقێنەری نەبێـــت. بەڵام ئەم دۆخە بۆ کۆمەڵانی خەڵک کە ڕادێن دەســـت بە ڕایەڵێکی بوونەکییەوە وەک «ئـــاکام»ی هەمـــوو شـــتێک بگـــرن و پێشـــوەختە بە وڵامە ئامادەکراوەکان، هەموو پرسیارەکانیان بخەنە لاوە، دۆخێکی تۆقێنەرە. «هەڵپەســـێردران» چ فیزیکی و چ دەروونی، ســـامناکترین هەلومەرجێکـــە کـــە دەکرێ کۆمەڵگەیەک تووشی ببێت.

دەتوانیـــن لە بـــاری چۆنیەتییـــەوە دوو جۆر نیهیلیزم دەستنیشـــان بکەین: هەمەکی و هەندەکـــی. هەروەها بەگوێـــرەی بۆچوونی بۆلنێـــت دیکێـــن (لەدایکبـــووی ١٩٦٤)، فەیلەســـووف و کۆمەڵناسی دانیمارکی، چوار جـــۆر نیهیلیزم هـــەن: نیهیلیزمـــی ئایینی، نیهیلیزمی ڕادیـــکاڵ، نیهیلیزمی کارتێکراو و نیهیلیزمی تەســـەل. هەڵبەت ئەم چوار جۆر نیهیلیزمە لێکدابڕاو نیـــن و دەکرێ هاوکات و هاوپێناو بن، بە جۆرێک کە خودی کابرای بیهیلیست هەســـت بە هاوپێناوییان نەکات. کە وابـــوو دەکرێ دەرکەوتـــی نیهیلیزم بەو شـــێوە تەســـەل و هەمەکییە بەشـــێوەیەکی یەکســـان کۆمەڵگەکان داگیـــر نەکات، بەڵام لەم سەدەیەی ئێمەدا هیچ قوژبنێک لە دنیادا نەماوە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان نیهیلیزم بە دەرکەوتی جیاوازەوە تێیدا بەدی نەکرێت. کە وابوو بەگوێرەی چۆنیەتی دەتوانین لانیکەم جـــۆری هەندەکیی نهیلیزم لە دۆخی کورددا دەستنیشـــان بکەین. ســـەرەتا لـــە ئەدەبەوە دەست پێدەکەین.

پرســـیار و گلەیـــی لە «چارەنـــووس» و «بەختی «ڕەش» و دۆشداماویی میتافیزیکی و هیچێتیی کاروباری دنیا و چەرخی چەواشـــە و گەردوونـــی چەپگەرد ... و هتد، لە ئەدەب، بەتایبەتی شیعری کوردیدا لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی «کوردبوون» بـــە زەوەندی دەبینرێت. ئێمە بۆ دەبێ چارەنووسمان وابێت، گیرۆدەی دەستی تورک و عەرەب و فارس و بێ خودان و بێ ســـەروەر؛ لای ئەحمـــەدی خانی و لە پێشـــەکیی «مەم و زین»دا کە شەرحی دڵی خـــۆی دەکات بـــە «فەســـانە» ڕەنگدانەوەی بێهوودەیی و هیچێتیی بارودۆخێکی زەمینین کە «بێدەوڵەتی» خولڵقاندوویەتی و «ئاوارەبوون» و «هەڵوەدایـــی کۆمەڵگـــە» ڕەخســـێنەری نیهیلیزمێکی هەندەکیی جڤاتییە. بە گەڕانەوە بۆ گوتەکەی نیچە کە نالەباریی «سیاســـەت و ئابووری» دەکرێت هۆکارێکی ســـەرهەڵدانی نیهیلیزم بێت، دەتوانین نەبوونی سیاســـەت و سیاســـەتوان بە هـــۆکاری ســـەرهەڵدانی

نیهیلیزمێکی زەمینی (ناسووتی) بزانین کە ئەم لایەنە بە زەقی لای «خانی» دەبینرێت.

نیهیلیزمی ئایینی - باوەڕدارانە، لایەنێکی دیکەی نیهیلیزمی هەندەکییە؛ ئەم لایەنە بەزەقی لای «خانای قوبادی» لە حەوت خشتەکییەکانیدا دەبینرێت کە بە ناونیشانی «حەوت تەرجیعبەند» لە دیوانەکەیدا هاتوون

قەدیم موتڵەق، قەدیم موتڵەق
یا قائم بە ذات قەدیم موتڵەق ...

ئەم دیرە لە کۆتاییی خشتەکەکاندا پاتەوپات دەبێتەوە:

وەرنە بە زاتت، جە لای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر من شکات تۆ
(سکاڵا لە خودا لای زاتی خودایی خودا!)

حاکمەنی تۆ، هەم وێت کەر قازی   کەس بە سونع وێش چوون نیەن ڕازی؟
ئەورۆ کە هەستیی منت کەرد ڕەقەم   «واللە و باللە» بە زاتت قەسەم
ئەر مەبی بەدەست من ئیختیاریَ   جەو دەمدا دەرلاد مەکەردم کاریَ
دونیای بێ وەفای تۆ نەدیام بە چەم   نەکەوتام بەی تەور نە گێجاو خەم
کەسیَ جە ئیبلیس ساعیتەر نەبی   چوون جەزبەی تەوفیق تۆ یاوەر نەبی
بە عەبەس بەرشەی جەفا بەردەنش   تەوقیَ جە لەعنەت شی نە گەردەنش
خانا جە دەرگای زات بێزەواڵ   جە ڕووی گوستاخی، مەپەرسۆ هەواڵ
سا جە بەندەگان کیَ تەقسیرشەن   کیَ ساحێب قەزا، کیَ تەقدیرشەن؟
گا شەیتان، گا نەفس شووم شەرانگێز   مەکەری پێشان تۆ بە دەستاویز
مەنیەی نە گەردەن چەندین گۆناشان   بە ئاگر دۆزەخ مەدەی سزاشان
هەرچی ڕەزاتەن مەکەری تەقدیر   گشت کەردەی وێتەن، کێن ساحێب تەقسیر؟
قەسەم بە زاتت، یاگەی ئومێدەن   ئەر مەکەیم وە سەنگ، ڕاستش هەر ئێدەن
نە زەرڕێو گۆنای نەفس ئەممارەن   نە فیتنەی شەیتان شووم بەدکارەن
هەرچی مەکریۆ، بە ئیرادەی تۆن   کوسیَ چکارەن، ساحێب وجوود کۆن؟
هەرچەند ئەی حەرفە جە ئەدەب دوورەن   خاریج ڕای شەرع ئەهل شعوورەن
قەسەم وە زاتت، گشت کەردەی وێتەن   گۆنای کەس نییەن، بنیادەم شێتەن[١٠]

لەبەر ئەوەی دەرفەتی لێکدانەوەی دێر بە دێری شیعرەکەمان نییە نێوەڕۆکی پەیامەکەی خانا لێرەدا دەخەمە ڕوو:
(خودایە تۆ خۆت فەرمانڕەوای، خۆت دادوەری خۆتی، ئەریَ کێیە کە لە ئافرێنراوی خۆی ڕازی نەبێت؟ ئەمڕۆ کە گیانت وەبەر من نا هەر بە خۆت سوێند دەخۆم، ئەگەر لە دەستم بهاتبایە لەمەولا کارێکم دەکرد دنیای بێوەفای تۆ بە چاو نەبینم نەک بەم شێوەیە بکەومە نێوە گێژاوی خەم.
کەس لە ئیبلیس (شەیتان) خوداپەرستتر نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ڕات لێی نەبوو، هەر لە خۆڕا ستەمی چەشتووە و تەوقی لەعنەتی کراوەتە مل. خانا بە چاوقایمی و گوساخییەوە پرسیار دەکات جا لە بەندەکانی تۆدا لێکدانەوەی کیَ دروستە، ئاخۆ کیَ خاوەنی چارەنووس و چی لە چارەی کیَ نووسراوە؟ تۆ هەندیَ جار تەشک (نفس) و هەندیَ جار شەیتانیان لیَ دەکەی بە ملۆزم و گوناهکە دەخەیە ئەستۆی خۆیان و بە ئاگری دۆزەخ سزایان دەدەی. سوێند بە زاتی خۆت کە تەنیا هەر ئەوە جێی ئومێدە، ئەگەریش بمکەی بە بەرد ڕاستییەکە ئەمەیە: نە تۆزقاڵێک خەتای «نەفسی ئەممارە»یە و

نە خەتای شەیتان! هەرچییەک دەکرێ بە ویستی تۆیە و کێ بە کێ و کێ دەتوانێ قسە لە قسەتدا بکات؟ هەرچەند ئەم قسەیە دوورە لە ئەدەب و لە دەرەوەی شەرع و دایانانە، سوێند بە زاتی خۆت هەر هەمووی کردەوەی خۆتە، گوناهی کەسی تێدا نییە، ئادەمیزاد خۆی شێتە [بڕوا بەم شتانە دەکات]!)

نیهیلیزمێکی هەندەکی یان ڕێژەیی کە لەم شیعرەی «خانا»دا هەیە، کە بە سەرنجدان لەگەڵ چەمکەکانی «دانای ڕەها» یان «هەمەشتزان»، بەتوانای ڕەها و باڵانوار، «ڕاساوبەخۆ» (قائم بالذات) دەبینرێت، بە خوداناباوەڕی(الحاد) و نکوڵی لە ئاکامی جیهان و ئافرێنەر نەگەیشتووە؛ بەڵام «بێهوودەیی» و «گۆترەیی» و هیچێتیی» هەندێ لایەنی یەزدانناسیی ئایینی بەرتەک دەداتەوە کە گوایە مرۆڤ سەرپشکە (مخیر)ە بەڵام خانا بە ناچار (مسیر)ی دەزانێت! خانا لە تووناوتوونی گومان، ئیمان، ترس، پرسیار و دڵەڕاوکێدا، بوێریی ئەوەش نیشان دەدات کە سەرچاوەی «چاکە» و «خراپە» بگەڕێنێتەوە بۆ لای خودا و بەکردەوە «نەفسی ئەممارە» و «ئیبلیس» بە چاوبەست دەزانێت. کە وابوو لەگەڵ ئەوەی «هیچێتیی» ئەم چەمکانە دەخاتە ڕوو، بەڵام ڕاستەوخۆ داوا لە خودا دەکات لێی ببوورێت چونکە ڕاشکاوانە خودا بە بەرپرسیاری گوناهی خۆی دەزانێت! لایەنێکی دیکەی ئیمانی خانا، سەرەڕای ترس و دڵەڕاوکێ لە سزای یەزدانی ئەوەیە کە دەڵێ خودا من لەو دنیا سکاڵا لە زاتی خواییت دەکەم. سکاڵا لە خودا لای زاتی خودا وەک ئەوەیە کە خودا بە ویژدانی خودایانەی خۆی بسپێریت و ئەمە خاڵێکی پرشنگدارانەی جۆرێک لە نیهیلیزمی ئێگزیستانسیالە کە لە چوارچێوەی وێژمانی ئایینیدا بەشێکی زیادەی وێژمان (گوتار، دیسکۆرس) بەرتەک دەداتەوە تا چاوبەستێک کە هەمان «هیچ»ە ئاشکرا بکات کە خودا خۆی بۆ شاردنەوەی «سەرچاوەی خراپە» لە مرۆڤی دەکات و ئادەمیزاد بە شێت دەزانێت ئەگەر بڕوا بەم چاوبەستە یەزدانییە بکات. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەی وا دیارە «خانا» مرۆڤ بە «ناچار» دەزانێت، بەڵام وەک «سیزیف» بەردەکە کۆڵکێش ناکات، بەڵکو وەک ئەوەیە بە خودا بڵێت من بە چاوبەستەکەت دەزانم، بە قسەت ناکەم، بەڵام دەزانم کە تۆ ئاکامی ڕەهای جیهان و سەرچاوەی چاکە و خراپەیت و دەبێ بمگەڕێنیتەوە بۆ بەهەشت!

بە بڕوای من، ئەم تایبەتمەندییە نیهیلیستییە لە شیعرەکەی «خانا»دا، «نیهیلیزمی بنیاتنەر»ە کە ئێگزیستانسیالیزمی سارتەری وەری دەگرێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە تایبەتمەندییە وێرانکەرەکەی نیهیلیزمی ڕەها بگرێت.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە کە «خانا» لە «فەرامۆشیی خودا» نادوێت، لە «چاوبەستی خودا» دەدوێت. «فەرامۆشیی خودا» بەرەنجامی گوناهباریی مرۆڤە کە خودای تووڕە کردووە و گلەیی «خودا لە کوێی؟» تکا و لاڵانەوەیەکی ئیماندارانەی هەستکردن بە گوناهە؛ ئەم دۆخە، دۆخێکی بێهیوابوونە بەڵام «ڕەها» نییە. پەیبردن بە «چاوبەستی خودا» هیچێتی دەردەخات، هەندێ چەمکی زیادە کە خودا لە پشتییەوە خۆی وەک سەرچاوەی خراپە دەشارێتەوە! زیادەبوونی «شەیتان» و «نەفسی ئەممارە». لەگەڵ ئەوەشدا شەیتان وەک بوونەوەرێکی بەنەفرەتکراوی بێ‌تاوان لە شانۆکە دەر دەکات تا نەخشەکێشی ڕاستەقینەی جیهان خۆی بنوێنێت؛ مرۆڤ وەک پەیبەری هیچێتی و ئەفسانە و دەرخەری پووچەڵانێکی مێژوویی لە دووتوێی دیندا. من ئەمە بە دەرخەری «نیهیلیزمی ئێگزیستانیسال»ی خانا لێک دەدەمەوە.

«نیهیلیزمی ڕەها» یان هەمەکی و سەرلەبەر، نیچە گوتەنی: «ئێستا لەنێوان دووهیچدا»یە. «هەڵپەسێردران» بەرهەمی

گومانە، بەڵام هەستکردن بە «بنبەست» ئێستایە لەنێوان «دوو هیچدا»؛ ئێستا یان «من» یان «ئێمە»ین. هەستی «هەڵپەسێردران» ترس و نیگەرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ترس و نیگەرانییەک کە بەرەنجامی سەرگەردانی و سەرلێشێواوییە لەمەڕ چلۆنایەتیی بەخشینی «چییەتی» بە «بوون»مان کە«چییەتی» و «بوون» هەبوونی ئێمە لە جیهاندا مانادار دەکات. هەر بۆیە، ترس و نیگەرانی دوابەدوای هەستکردن بە بەرپرسایەتی لەهەمبەر مرۆڤ و جیهان دێتە کایەوە. هەستی «بنبەست» بەپێچەوانەی هەستی «هەڵپەسێردران» هەستی «بێهوودەیی» و «پووچی» بە دوای خۆیدا دەهێنێت. «ئێستا» واتە «مرۆڤ»، کاتێک بە هۆشیارییەوە دەکەوێتە نێوان «دوو هیچ»، بەو بەرەنجامە دەگات کە هیچ نەخشەیەکی پێشوەختە لە چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤدا لە گۆڕێدا نییە و «بوونبەیەتیی» کوێرانەی گەردوون بەگوێرەی «ڕێکەوت» بوونەوەر و گیانەوەر دەخولقێنێ و بە جەبری «کات» «سەرهەڵدان» و «پووکانەوە»ی بەدوادا دێت. وڵامی خەییامیانە بۆ پرسیاری: «فەرمووتە لە پاش مەرگ بەرەو کوێ دەمبەن؟»(خەییامی هەژارانە) ئەمەیە کە «سەرخۆش کە دەڕۆم کێوە بچم دڵخۆشم!»(خەییامی هەژارانە) بەرەنجامی هەستکردن بە «بێهوودەیی» و «پووچی»یە کە تەنیا بە خۆسپاردن بە «مەی» چارەسەر دەکرێت کە ئەویش بریتییە لە «فەرامۆشی» و «مەستی». ئەم نیهیلیزم تاکەکییەی (فردی) خەییام نیهیلیزمێکی کارتێکراو (منفعل)ە کە نە بوێریی «خوداناباوەڕی»یی هەیە و نە بوێریی هەبوونگەراییەکی کارتێکەر یان کارا تا چییەتییەکی ئێستایی بە بوونێکی دێرین ببەخشێت! دۆشدامان لە دەستنیشانکردنی ئاکامناسانە(تێلۆلۆژیک)ی ئادەمیزاد، بە میکانیزمێکی ئاوەزمەندانە کە هەڵبەت بەدەر لە توانستی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە، بە «بنبەست» دەگات. ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی هۆنینەوە و هەڵبەستنی «ئەفسانە» و «ئوستوورە» هەڵهاتن لەم «بنبەست»ە بێت و مرۆڤی کۆن هەوڵی داوە بە جیهانناسییەکی ئوستوورەیی لەم «بنبەست»ە خۆی قوتار بکات؛ بەتایبەتی لە بنبەستێک کە ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک تووشی ببن، جڤاک هەڵدەوەشێتەوە.

ئای کێ بێ؟ بانگ و هاوار و پەیام
بگەیەنێتە گوێی گۆڕەکەی خەیام
بڵێ هەی سەرشێت، کوشتەی گڕ تەڕ
گەر تێتا ماوە یەک تۆز نرخ و فەڕ؟
تۆ ... لەسەر باکەی شووشەکەی شکان
لەگەڵ خودادا کردت بە زۆران
هەڵسە؛ بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ
نەک شووشە شکا وا ڕەز دەسووتێ
بەرەو مەڵبەندی کوردستان ڕەوتێ
نەک کووپە شکا وا ڕەز ئەسووتێ
(حەمەساڵح دیلان)

هاوارێکی لەمێژینەی «خەییام، لای «دیلان» بە بانگ و هاوار و پەیامێکی دیکە، بۆ «سەرشێت»ێک دەنێردرێت کە لەنێوان دوو هیچدا کوشتەی «گڕی تەڕ»ە! دوو هیچ لەنێوان دوو «بەدەرکات»ی «بوون»دا. «نوایی (ئەزەلی) و «تاهەتایی» (ئەبەدی) دوو «هیچ»ن کە چیرۆکی باوی ئافراندنی دینی، خەییام قایل ناکات، بەڵام «ڕۆحی هەڵپەسێردراو»ی خەییام ناتوانێ لەنێوان «گومان» و «ئیمان»دا خۆی یەکلایی بکاتەوە و ئەم نیهیلیزمە تاکەکی و کارتێکراوە وەک خۆی دەمێنێتەوە. «با»یەک کە بە شکاندنی شووشەی مەی، مەستی و سەرخۆشی یان بێهۆشی لە سەری خەییام دەپەڕێنێت، دەیباتەوە نێو ململانێیەکی یەکلایینەکراوە. «خەییام» لەگەڵ خودادا زۆران دەگرێت. بەڵام زۆرانی «خەییام» لە زۆرانی «خانا» ناچێت.

خەییام «بەهۆشهاتنەوە» و «ڕەوینەوەی مەستی» کە تاکە شادمانیی ئەمدنیاییی

ئەوە، لە شووشەیەکدا دەبینێت کە «با»یەکی خودایــی دەیشــکێنێت، وەک بەردێــک کــە «زیــۆس» هەمــوو جارێــک ناچــار بە گلۆرکردنەوەی دەکات و «ســیزیف» ناچار بە بردنەوەی بۆ ســەر چیاکە دەکات! «شــکانی شووشــە» «گلۆرکردنــەوەی بەرد» چەشــنی سیمبۆلێک کە مرۆڤی مەحکومکراو بە زەبری زۆرەملێی یەزدانی، «هیچێتیی» چارەنووســی ئادەمیزاد نیشان دەدات. هەڵبەت جیاوازییەک لــە ئارادایــە: خەییــام دەیکات بــە زۆران، زۆرانێک کە چەشــنی زۆرانەکەی خانا نییە! خەییام لە مەســتیی خۆیدا بۆ «فەرامۆشــیی خودا» دەگەڕێت، بەو مانایەی کە «مەســتی» دەبێتە مایــەی ئەوەی کە کەڵکەڵەی خودا و بوونی لەبیر دەچێتەوە و خوداش ئەمی لەبیر دەچێتەوە! «خانا» بەپێچەوانەوە لە «چاوبەستی خودا» دەدوێت، واتە پەردەیەک هەڵدەماڵدرێت کــە تەنیــا «ڕووهەڵماڵدراو»ێــک دەتوانێت هەڵیبماڵێــت! خەییــام ئەوەنــدە بوێر نییە «چاوبەســت»ی خودا بە بیر خودا بهێنێتەوە. هەر بۆیــە نیهیلیزمی خەییــام کارتێکراوە و نیهیلیزمــی خانــا کارتێکــەر و کارایە و ئەم دەنگهەڵبڕین و لەقاودانە، نیشانەی یاخیبوونە. هەڵبەت دەبێ بڵێین نە «خەییام» و نە «خانا» ناکەونە خانەی «نیهیلیزمی خوداناباوەڕانە»وە.

«دیلان» زۆرانبازییەکە دەبینێت؛ لەســەر «شووشەیەکی شەراب» کە ئامرازی فەرامۆشیی مرۆڤە، بۆ ئەوەی لە «فەرامۆشــیی بوون»دا - کــە لە دیدی ئیمانــدارەوە هەمان خودایە - لەبیر بچێتەوە. ئەگەر «گڕی تەڕ» تۆزێک نرخ و فەڕی بۆ «خەییام» هێشــتبێتەوە، «دیلان» دەڵێ «تۆ» لەسەر ئەو بایەی کە شووشەکەی شــکاند، زۆرانت لەگەڵ یەزدان گرت؛ «وەرە بەرەو ئەم نــاوە هەڵتووتێ»، «ئەم ناوە» زەوی (ناســووت)، «ڕەز» ســەرچاوەی «گڕی تەڕ» (ئامرازی مەســتی)، دەســووتێت. بەگوێرەی فەلســەفەی هەبوونگەرا، بۆ زاڵبوون بە ســەر هیچگەراییــدا دەبێ ئەمجارەیان چییەتییەک دروســت بکەیــن. چییەتیی ئێمــە، ئەرکی ئێمەیە. بەرپرسیارێتیی ئێمەیە و بەم شێوەیە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی وەک سروشــتی ئێمە نیشانەی مرۆڤگەراییی ئێمەیە و مرۆڤگەرایی و مرۆڤدۆستی ئاکامی ئێمەیە.

«دیلان»، پەژارە و پەرۆشــی و نیگەرانیی زەمینــی لــە وشــەی «ڕەز»دا کــە هەمان «نیشــتمان»ە، نیشان دەداتەوە. لەو نیهیلیزمە تاککییــەی خەییــام دادەبڕێــت و هێما بە «کووپەی شــکاو» و «ڕەزی سووتاو» - وێڕای باس لە «لەدەســتچوون» و «دۆشــدامان» و «بێهیوایــی»- دەکات؛ تەنزێکــی تاڵیشــە بــۆ «زۆرانبازیی بێســوود»ی خەییام لەگەڵ خودادا کە سەبارەت بە پرسیارێکی لاهووتی، «گڕی تەڕ»ی زەمینی دەنۆشــێت، لەکاتێکدا «ڕەز»، دایکی «گڕی تەڕ»، لە بڵێســەی ئاگردا دەسووتێت!

## زەمانی بزربوو

شەممە دەستی یەکشەممەیە و
لە قەدوباڵای دووشەممە ئاڵاوە
سێشەممە پێڵووی خەواڵووی چوارشەممەیە و
ئەشکی ئاوارەی پێنجشەممە
لە لێواریا قەتیس ماوە!
هەینیش چ بڵێم! ئاوێنەیە
دەرخەرەوەی دەستە سامناکەکەی نێوان گەرووی
زەردەپەڕی ئێوارەکانی شەممەیە!
......
شــەممە بــاڵای یەکشــەممەیە و لــە باخەڵی
دووشەممەدا لێی نووستوە
سێشەممە نەخۆشی کەوتووی بەر نەشتەری چوار
شەممەیە و لە پێنجشەممەدا مردووە!
هەینیش چ بڵێم! زەمەنێکە لەمێژە بزر بووە
تابووتێکە «میلی کاتژمێر بەسەریا چەماوەتەوە»[١١]

## «چ بڵێم!» - دۆشدامان و بنبەست!

ڕەنگــە بتوانین نموونەی تەســەل و ڕەهای نیهیلیــزم لــەم شــیعرەدا پەیجــۆر بکەین؛

هیچێتیی «کات» و ئارایی مرۆڤ لە کاتدا کە شانبەشانی ژیان، مەرگیش لەگەڵیدا گەشە دەکات! کات تابووتێکە کە میلی کاتژمێرەکەی «سالڤادۆر دالی» بەسەریدا چەماوەتەوە»! کاتژمێرێک کە ئێمە گوایە تێیدا ژیان دەژمێرین و ئەو لە ئێمەدا کاتی مەرگ دەپێوێت!

پووچیی «کات» - پووچیی «شوێن» و هیچێتیی «بوون» و بێمانایی «بوونبەیەتی(صیرورة).

لە «دیلان»ەوە تا «فاتیح عیزەدین» دەبێ چ ڕووداوانێکی دراماتیک و تراژیک کە پڕن لە «ترس» و «هیوا» و «مەرگ» ڕوویان دابێت. لە «سووتانی ڕەزێک» (نیشتمان)ەوە تا دەگات بە هەرەسی کورد بە دەستی کورد، کوشتار و زیندان. هەر کام لە توخمەکانی نیهیلیزم بەپێی پلەبەندی لە زۆربەی شاعیرانی کورددا دەتوانین بەجیا دەستنیشان بکەین؛ «بێهیوایی»، «گومانی ڕەش»، «هەڵپەسێردران» و «بنبەست». هەڵبەت ئاشکرایە ناتوانین بە بینینی یەک لەو نیشانانە لە ژانرێکی ئەدەبیدا، یەکسەر بیخەینە نێو ئەدەبی نیهیلیستییەوە. دەتوانین بێهیوایی «سوارە ئیلخانیزادە» لە «دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت» (١٩٧٠) و شیعری «خێڵی درۆ» (١٩٦٨) بە نیشاندەری «بنبەستی سیاسی» بزانین کە «تووڕەیی و هیوابڕاوی» هاوکات لێیان هەڵدەهێنجرێت. ئەگەر «تووڕەیی و هیوابڕاوی» یان جۆرێک لە «بنبەست» تەنیا بە نیشاندەری نیهیلیزم لێک بدەینەوە، ئەوە بەشێکی زۆری «ئەدەبی کوردی» تەژی لە وەها نموونەگەلێکە و ئاشکرایە ئەمە دەمانخاتە هەڵەوە. ڕەهەندی بوونەکیی نیهیلیزم و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئاکامێک بۆ جیهان و بوون و ژیان لە «نیشانەناسیی نیهیلیزم و نیهیلیزمی ئەدەبی»دا یارمەتیمان دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بە چەند نیشانەیەکی سنووردار هزر یان ئەدەبێکی دیاریکراو بە «نیهیلیستی» لەقەڵەم بدەین. تێخزانی نیهیلیزم لەنێو «ئیگزیستانسیالیزم» هەندێ جار نیشانەناسیی نیهیلیستی و نیشانەناسیی ئیگزیستانسیالیستی وەها تێکەڵ دەکات کە وەک دووانەیەک دێنە بەرچاو. وەک «نیهیلیزمی ئیگزیستانسیال» کە ڕووبەرەکەی لە «نیهیلیزمی ڕەها» بەرفراوانترە و دەتوانین لە بەشێکی زۆر لە شیعر و پەخشان و چیرۆک و ئەدەبی گێڕانەوەدا سەرەداوی بدۆزینەوە.

***

«کەتوارتارێنی»، واتە تاراندنی هەر جۆرە کەتوارێک و دوورکەوتنەوە لە ئەرکی جڤاکی و نەمانی ئاسۆیەکی هیوا بۆ کۆمەڵگە یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی هیچگەراییە. لە جیهانی هاوچەرخدا نیشانەکانی نیهیلیزم لە ڕەفتارگەراییی سیاسیدا دەر دەکەوێت کە ناهاوسەنگیی بەرەنگاریی هێزەکان بە «خۆوێرانکردن» دەگات بۆ نموونە: خۆتەقاندنەوە. دیارە لە وتاری «نۆستالۆژیای داگیرکراوان»دا هێمایەکم بەم «خۆوێرانکردن»ە کردووە. ڕەنگە بتوانین بێژین لەدەستدانی ڕابردوو و هیواکانی و نەمانی هیچ ئاسۆیەک بۆ داهاتوو ئەم «خۆوێرانکردن»ە بەرهەم بهێنێت. لە «نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی»دا مەبەست ئەوە نییە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی «نیهیلیزمی فەلسەفی» هەن و کۆمەڵگە وەک «فەیلەسووف» پەی بە بێهوودەییی پێوەندییەکانی «هۆ»(علة) و «بەرهۆ» (معلول) دەبات و بنبەستی پرسیاری ئاکامی جیهان تووشی «هیچێتی» و «پووچێتیی» دەکات. بەپێچەوانەوە نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی پێوەندیی بە دەرۆستنەهاتنی کەتوار و گیرۆدەبوون بە کەتوارێکەوە هەیە کە جڤاک ناتوانێت خۆی لێی قوتار بکات. بەم مانایە کە ناتوانێت لە دەست سیستمی سیاسی و ئابووری هەڵبێت یان بیگۆڕێت. «دۆشدامان» هەستی «هیچێتی» لای مرۆڤ دروست دەکات، نەک هەستی پەیبردن بە «هیچێتیی بوون» بەڵکو هەستی پەیبردن بە



«هیچێتیی خۆ» کە دواجار «بەخۆداشـکانەوە» لە ناخـدا چـێ دەکات و «بێکردەوەیی» لە گۆڕینی چارەنووس، تایبەتمەندیی نیهیلیزمی جڤاکیی و تاکەکین.

کـەی نیهیلیزمـی سـەرلەبەر و جڤاکی دێتە پێشـەوە؛ نیچەگوتەنی، ئـەو کاتەی کە ڕۆحی سـەردەم دادەمرێـت، مرۆڤانی بوودەڵە کڕنۆشـی بۆ دەبـەن؛ «پەتبـاز» نوێنەری ئەم ڕۆحی سەردەمەیە. «پەت پەتێن» کاری کابرای پەتبازە! سیاسـەتێک کە ئەم پەتبازە بەڕێوەی دەبات لەسـەر بنەمای «بێبەهاکردنی گشـت بەهاکان» هەڵنراوە. پەتباز، نە لەسـەر زەوییە و نە لە ئاسـمان. پەتباز، نە زەوی ئاوەدان و نە ئاسمان ڕووناک دەکاتەوە؛ پەتباز، لەسەر پەتێک پـەت پەتێـن دەکات کە چاوانـی واقورماوی حەشـامات بە خۆیەوە خەریک دەکات! خەڵک ڕادەهێنرێت کە هەمیشـە ئەم پرسیارە بکات، ئاخـۆ پەتباز کەی دەکەوێتە خـوارەوە؟ بەڵام لەڕاستیدا پەت و پەتباز هەر لە بنەڕەتەوە ڕێک کەوتوون وا لە خەڵک بکەن کە چارەنووسـی خۆیـان بـەو کەوتنەخوارەوەیە ببەسـتنەوە. «داکەوتن»(سـقوط)ێک کـە دوایین مرۆڤ دەخاتەوە نێو حەشامات و لە پاش ئەو داکەوتنە خەڵک لەبەر ئەوەی لەنێو ئـەو «داکەوتن»ەدا دەژیـن، ناچارن «پـەت» و «پەتباز»ێکی دیکە بخوڵقێنن، چونکە ناتوانـن لە ڕۆحی مردووی هاوچـەرخ خۆیـان ڕزگار بکەن. ئـەم «چاو»ە کە ڕاهاتووە هەمیشـە بـۆ ڕزگارکردنی خۆی چاوەڕوانـی داکەوتنی پەتـباز بێت، گیرۆدەی چارەنووسـباوەڕییە و وردە وردە «هیچێتیـی» ئەم چاوەڕوانییـەی بۆ دەر دەکەوێت و دواجار بەو «داکەوتن»ە ڕازی دەبێت. تەنانەت «پەتباز» ناتوانێـت جارێکی دیکە بە پەت پەتێنی خۆی سەرقاڵیان بکات. خەڵک سەری خۆی دادەخات و وەکو «کرم لـە جیهانی ژێرزەمینی و تاریک و شـێداری خۆیدا» تەنیا بیر لـە گڵخۆرکێی خۆی دەکاتـەوە! بە گوتەی نیچـە، تەنیا لەو دەمەدایە «زەردەشـت» بە پەیامی سەرهەڵدانی «کەڵەمـرۆڤ» کۆتایـی بە بازنـەی پاتەوپاتی «پەتبـاز» دەهێنێت. وەک بڵێـی «کەڵەمرۆڤ» دێـت تا کۆتایـی بە دوایین مـرۆڤ بهێنێت، چونکە ئیدی شـایانی ڕزگارکردن نییە. ئەو لە سـیاچاڵی نیهیلیزمدا کە هەمـان «داکەوتن»ە دارزیوە. تەنیـا «کەڵەمرۆڤ» دەتوانێت جیهانی دارزیـوی هاوچـەرخ، واتە جیهانـی «پەتباز» وەربگۆڕێت کە تێیدا کەڵەمرۆڤان بخوڵقێن و بە بێ ئەم مرۆڤە نوێیانە جیهانی نوێ ناخوڵقێت.

ڕەنگـە دارسـتان، لـە «وەهـای گوت



زەردەشت»دا هەمان نیهیلیزم بێت. «دارستان ناوچەیەکە کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان دەسڕدرێنەوە یان دەڕەوێنەوە. خۆراک بە هیچ کەس مەدە، یان ئەگەر دەیدەی بە هەمووانی بدە؛ زەردەشت بە یەکەمین کابرای دوورەپەرێز شتێکی نەدا و هیچیشی لە دووەمین کەس وەرنەدەگرت و بێ ئەوەی شتێکیش بخوات ئەو بەجێدەهێڵێت. شۆڕشەکان یان دروستکردنی زنجیرەپلەکان [لە پێگەی مرۆڤان]، لە شارەکاندا ڕوو دەدات؛ پەیامنامەکانیش لە شارەکان جێبەجێ دەکرێن، هەرچەند ئیلهامەکان و دیناوەکان(مکاشفات) لە لووتکەی چیاکانەوە ڕوو دەدەن. کە وابوو ئەی لە دارستانەکاندا چی ڕوو دەدات؟ هیچ! بەڵام جیاوازییەک لەنێوان ئەم دوو دوورەپەرێزەدا هەیە. یەکەمیان بڕوای بە خودا هەبوو و ڕووی لە مرۆڤایەتی وەردەگێڕا، بەڵام دووەمیان نە ئیماندار و نە خودانەناس؛ ئەو تەنیا خۆراک دابەش دەکات. ڕەنگە دوورەپەرێزی یەکەم سیمبۆلی گەندەڵیی مەسیحایەتی بێت و دووەمیان هەڵگری مانایەکی دنیایی یان سیاسی بێت؛ دارزیویی بەرهەمهاتووی یەکسانیخوازی یان دیمۆکراسی».[١٢]

شۆڕشگێڕان لە چیاوە سەرچاوەی «ئیلهام و دیناوەکان» بوون؛ پەیامەکانی ئازادی لە لووتکەی چیاکانەوە بە پێدەشتەکان و پاشان بە شارەکان دەگەیشت. کاتێک کە خاوەنی ئیلهام و دیناوەکان دێنەوە شار، وارسکە سەرکوتکراوەکان بەسەریاندا زاڵ دەبن. دەبن بە «تێرنەخۆرە»، بۆ شاردنەوەی تێرنەخۆریی خۆیان، ناچارن ببن بە «پەتباز». پەتباز، لەنێوان ئاسمان و زەویدا پەتبازی دەکات، ئەم پەتبازییە بۆ ئەوەیە پەیامێکی ساختە بە مرۆڤان بدرێت. چاوانی چاوەڕوان (خەڵک) دەیانهەوێت بزانن کە «پەتباز» - شۆڕشگێڕی دوێنی و سیاسیی ئێستا - کە گوایە خۆی خستووەتە مەترسیی کەوتنە خوارەوە، خەڵکی تەماشاوان تووشی خۆتەڵقینکردن دەکات؛ گوایە کابرای پەتباز خەریکە پەیامە نوێیەکان لە ئاسمانەوە دەهێنێتە سەر زەوی. پەتباز، نوێنەری لەچاوەڕوانیهێشتنەوەیە؛ تا ئەو دەمەی کە چاوانی چاوەڕوان ڕوویان لەوە ئەو دەتوانێت زەوی هەڵلووشێت، تاڵانی زەوی و داگیرکردنی ژیانی دنیایی لەو کاتەی کە خەڵکی ساویلکە بەتەمای داگرتنی بەهەشتن لە لایەن پەتبازە. پەتباز، نوێنەری «هەڵپەسێران»ە؛ هەڵپەسێرانی شار و فەرهەنگی شار! پەتباز، بیروهۆشی خەڵک

لەنێوان ئاسمان و زەویدا دووکەرت دەکات! دۆخی چاوەڕوانی، دۆخی هەڵپەسێرانە. وردە وردە خەڵک بێهیوا و ماندوو، کاتێک بە هۆش خۆیان دێنەوە، دەبینن شارەکانیان بوونەتە «دارستان». دارستان ئەو شوێنەیە کە «هەموو جیاوازییەکان دەسڕدرێنەوە و دەروێنەوە»؛ دارستان شوێنی بێبەهابوونی هەموو بەهاکانە. بەهێزەکان ڕاو دەکەن و لاوازەکان خۆیان دەشارنەوە. «بەکرمبوون»، واتە «ژیانی شێداری ژێرزەمینی و گڵخۆرکی»؛ ئەم ژیانە شێدارە قایلبوونێکی ترسنۆکانەیە کە بە ئیمانێکی ساختەوە «تاکی کۆمەڵایەتی» داگیر دەکات. ئەم مرۆڤە لاوازە پڕە لە رق، بەڵام ترسنۆک، پڕە لە چاوچنۆکی و پڕە لە چەپاندنی ئارەزوو و لە هەمان کاتدا بێ ئەوەی ڕووناکیی ئیمان لە ڕوخساریدا ببینرێت، گوایە پڕە لە ئیمان! دووڕوو، چڵێس، پرکینە هاوکات ترسنۆک و لێبووک و لە کۆتاییدا دەبێت بە مار! ئەوەندە زەمینی دەبێتەوە کە توانای بیرکردنەوە لە ئاسمانی (جیهانی بەها نوێیەکان) نامێنێت. زیرەکە لە خۆحەشاردان و پێوەداندا! لە جیهانی ژێرزەمینیی خۆیدا خەریکی مشکخواردن و کەروێشکخواردنە! لاوازترینەکان، هەمیشە لاوازترینەکان دەخۆن!

ئەو جڤاک و جڤاتانەی کە «کەڵکەڵەی هزری»یان نییە هیچکات تووشی «نیهیلیزمی فەلسەفی» یان نیهیلیزمی ڕەها» نابن. تەنانەت باسکردن لەوەی کە کۆمەڵگەیەک سەرلەبەر بکەوێتە دۆخێکی نیهیلیستی – بە مانا فەلسەفییەکەی – هەروەک گوتمان بێمانایە. ئەو دۆخەی کە دەتوانین بە «نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی» ناودێری بکەین، هەڵهاتن لە کەتواری سیاسی - کۆمەڵایەتییە؛ بێباکی و دۆشدامان و هەڵپەسێران. هیچ کۆمەڵگەیەک شک نابەین کە بەتەواوەتی لە جیهانی هزری میتافیزیکی و ئایینی و یەزدناسانە و سەرچاوەی بێئومێدی و داماوی و سەرگەردانی و هەڵپەسێردران و بنبەستەکەی فەلسەفییانە بێت! ئەگەر وەها بانگەشەیەک بکەین، سەرلەبەری ئەم وتارە دەبێتە هاتەران و پاتەران! بارودۆخی جەنگ، شەڕی نێوخۆیی، ستەمکاریی سیاسی و نالەباریی ئابووری و جڤاکی و فەرهەنگی بۆشاییەکی واتایی دروست دەکەن کە تێکرای ژیانی کۆمەڵایەتی بێمانا دەکەن. کە واببوو ئەگەر نیهیلیزم تەنیا بە نەمانی «ئاکامناسییەکی بوونەکی» لێک بدەینەوە، لەو دۆخەدا نیهیلیزممان بە حاڵەتێکی تاکیی بیرمەند لێک داوەتەوە کە لەنەکاو پەی بە پووچیی «بوون» دەبات و ئیدی لە وەها دۆخێکدا باسکردن لە «نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی» نابەجێیە. هەڵبەت نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی «نیهیلیزمی هەمەکی» نییە و هەندەکییە؛ واتە بەشێوەیەکی هەمەکی سیستمی باوەڕەکان ناگرێتەوە، بەڵام هەموو سیستمی کەتوار دەگرێتەوە.

سەیروسەمەرەی کەتواری باشووری کوردستان لەوەدایە کە بێ ئەوەی لەنێو مودێرنیتەدا جێیەکت هەبێت، لە گەمارۆی کۆمپانیاکاندایت؛ بێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی ئەلکترۆنیک و دیجیتاڵ بزانیت بە ئەلکترۆنیک و دیجیتاڵ دەورە دراویت؛ بێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی فەرهەنگی ڕیکلام بزانیت بە ڕیکلام داپۆشراویت و بێ ئەوەی هیچ شتێکی خۆتت بۆ نیشاندان لە میدیادا هەبێت، پڕی لە ڕاگەیاندنی سەمەرەی نامۆ کە لەجێی بەستنەوەی کورد بە «کەتواری فەرهەنگی - سیاسیی» خۆی، کورد بە بەدەرلەخۆی دەبەستێتەوە. نامۆیی بە ژینگە و نامۆیی بە هونەری خۆماڵی، دوورکەوتنەوە لە بەرهەمهێنانی خۆماڵی، دەستکاریکردنی چەشەی خۆراکی و شێوانی سیستمی خۆراک، نامۆیی بە هونەری تەلارسازی لە شاردا، تەنانەت دارودرەختی نامۆ بە جوگرافیای سروشتیی کوردستان لە شارەکاندا، مەترسییەکانی سیستمی خۆراک کە ترسێکی هەمیشەیی تووشبوون

به نەخۆشییە جەستەییەکانی لە ناخی هاوولاتیدا چاندووە کە ئەوەش ناسەقامگیریی دەروونیی دروست کردووە. ترسی هەمیشەیی لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسی لە لایەک و نەمانی داهاتوویەکی روون لە پەنای لەدەستدانی رابردوو! تەنانەت گۆڕانی فۆرمی دینداریی کۆمەڵگەی کوردی و هێنانی فۆرمێک لە ئاییندارێ کە ژیان و پەروەردەی ئایینیی سەدان ساڵەی حوجرە رەت دەکاتەوە! هەموو ئەمانە، دڵەراوکێ، ترس، هاوکات بێباکی و چارەنووسگەراییان تەشەنە داوە و لێکەوتەی سەرەکیی ئەم دیاردانە بە «بێ‌کردەوەیی» و «دۆشدامان» دەگات.

بێ‌متمانەیی بە ئۆرگانیزاسیۆنی دەسەڵات و نەمانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لەکارکەوتنی دادگا، رۆژنامەگەری و بەگشتی رەوتی بڵاوبوونەوەی زانیاری لە لایەک و گەمەی نیوەی راست و نیوەی درۆی تۆڕی مەجازیی ئینتەرنێت و هەڵکشانی وروژانی ئێرۆتیک و سێکس لە جیهانی مەجازی و سەرکوتی وارسکە و حەزە جەستەیی و رۆحییەکان لە جیهانی راستەقینەدا، لە لایەکی دیکەوە تەشەنەیان بە جۆرێک لە «گرگنیی کۆمەڵایەتی» داوە. بەو مانایەی «بێزەون» ئەو شتەیە کە نابێ باس بکرێت، بەڵام ئەو شتەیە کە هەمووان بەنهێنی خۆیانی پێوە خەریک دەکەن. دووکەرتبوونی ویژدانی کەسی لەنێوان جیهانی مەجازی و راستەقینەدا وەها تەشەنەی کردووە کە مشتەری جنێو بە مشتەری دەدات! لەکاتێکدا هەموویان لای یەک «کریار» کاڵای خۆیان دەکرن!

دۆخی نایەکانگیریی جوگرافیایی لە کوردستاندا کە هەم هۆی نێوخۆیی و هەم هۆی دەرەکیی هەیە و تێکەڵنەبوونی ئەم جوگرافیایە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر برەوی ناوچەگەری داناوە کە سیاسییەکانیش جاروبار لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکاریان هێناوە. ئەنفال کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی – دەروونناسانەی کارەساتباری لەسەر رۆحی مرۆڤی کورد لەم پارچەیەی کوردستان دانا. پاش راپەرینیش شەڕی نێوخۆیی بەشێک لە خەڵکی لەگەڵ بەشێکی دیکەی خەڵک بەرەنگار کردەوە. تەنانەت پاش کۆتایی ئەم شەڕە نێوخۆییە، بنەماڵەکان نەیانتوانی لەو خوێنە بەفیڕۆدراوە خۆش ببن و بە هۆی پێکهاتەی خێڵەکیی حەشیمەتی هەرێم، دوژمنکاری و تۆڵەسەندنەوە، قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانی جوگرافیای زەق کردووە کە بەندە بە «دێگەڵەی زەینی» ناودێر کردووە. لایەنگریی دەمارگیرانەی ئەندامانی حزبە سیاسییەکان، گەلێ جار دەگوازرێتەوە بۆ نێو کایەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت زیانیش بە خزمایەتییەکان دەگەیەنێت. ناسەقامگیریی سیاسی بووەتە مایەی ئەوە کە هەموو جارێک لە زاری بەرپرسێکی سیاسی زاراوەی «ئاشتیی کۆمەڵایەتی» ببیستین؛ واتە هەموو جارێک تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێتە ناتۆرەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە رەخنە لە زیادەڕۆییەکان لەبارەی مافێکی زیادە بۆ لایەنێک یان پێکهاتە یان کەمینەیەک دەگرن. ئەم حاڵەتە بەرەبەرە کابرای رەخنەگر ناچار بە «خۆسانسۆرکردن» دەکات، چونکە بەر پەلاماری میدیایەکی ئاراستەکراو دەکەوێت. لە وەها دۆخێکدا توێژێکی جڤاکی هەست بە بێ‌دەرەتانی دەکات و قسەی هەڵپەسێردراو دەبێتە هۆی «بەخۆداشکانەوە» و هەستکردن بە پەراوێزخران یەکێک لە هۆکارەکانی کەڵەکەبوونی «قینی شاراوە»یە. بەگژداچوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە کۆدەنگیی سیاسیی پەک خستووە. هەر هێز و رێکخراوێکی سیاسی کە دادەمەزرێت، دەبێت بە بەشێک لە کێشە نەک چارەسەر. هەر بۆیە بێ‌هیوابوون لە چاکسازیی سیاسی، ئاسۆکانی داهاتووی ژیانی کۆمەڵگەی تاریک کردووە.

بێجگە لە نەهامەتیی ئابووری و سیاسی، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە گەورەکانی بەخۆداشکانەوە و ورەبەردانی کورد، کە دەتوانین بە سیاسەتی چاوشۆڕکردن ناودێری بکەین، ئەو کەوتنە بەر پێلەقەی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی تورکیا و ئێرانە کە سنووربەزاندنەکەیان هاوکاتە لەگەڵ ساخکردنەوەی کاڵاکانیان لەم هەرێمەدا؛ واتە چەکی کوتەک و نان! ئەم حاڵەتە لە ناخەوە هەستی «بەکرمبوون» لە ناخی مرۆڤدا دروست دەکات کە ژیانی ژێرزەمینی و شێداری ژێر خاک هەڵدەبژێرێت و ناتوانێت تەنانەت لەسەر زەویی نیشتمانی خۆی، هەست بە «ئازادی» بکات لەکاتێکدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا گوایە ئازادە!

بەدەر لە ڕەهەندی بووناسانە و فەلسەفیی نیهیلیزم لە باوەڕدا، دەتوانین تێکرای نیشانەکانی نیهیلیزم لە ناخ و ڕەفتاری مرۆڤی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا ببینین. «پووچی»، «دۆشدامان»، «هەڵهاتن لە کەتوار» کە خۆی لە هەڵهاتن لە بەرپرسایەتیدا دەبینێتەوە، بێکردەوەیی و ناکارایی و کارتێکراوی و «هەڵپەسێردران لەنێوان ئێستا و داهاتوو» (لەنێوان دوو هیچدا)، ڕق و کینەی کەڵەکەکراو، دیندارییەکی نابەرپرسیار بەرانبەر بە دنیا و دەوروبەر، چارەنووسگەرایی - بەبێ پەیرەویکردن لە هیچ ڕێبازێکی پێوەندیدار بەم بابەتەوە - هاوکات لە هەمووی سەیرتر، چێژخوازی و ماددیگەراییەکی چڵێس لە تەنیشت دینداریيەکی ڕواڵەتی بە بێ قووڵایيی عیرفانی، هەندێ جار وامان لێدەکات کە لە ناودێرکردنی سەردەمەکە بە سەردەمێکی پووچگەرایانە خۆمان ببوێرین؛ هۆیەکەش لێکچوونی هاوکات و ناکۆکیی زەقی دیاردەیەکە کە ئێمە دەمانهەوێت بە نیهیلیزم ناودێری بکەین. سەرەڕای ئەم ناکۆکییەی نێوان کەتوار و پێناسە، هەروەک گوتمان، نیشانەناسیی نیهیلیزم هانمان دەدات کە بێژین جۆرێک لە هیچگەرایی لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت. هەڵبەت ئەوەی کە نابینرێت لایەنی بنیاتنەرانەی نیهیلیزمە کە ئەویش بریتییە لە یاخیبوون لە زۆرەملێی سەردەم. واتە «ئەوەی کە دەئافرێنێت دەبێ پێشتر فێری وێرانکردن ببێت!»

## کەمتەرخەمیی سیاسی

کردەی سیاسی، کردەیەکە بۆ گۆڕینی دەوروبەر و ژینگە و دۆخی هەبوونی مرۆڤ لەپێناو دەستنیشانکردنی چارەنووسی خودی مرۆڤدا. کردەی سیاسی بە پەیرەوی لە جیهانناسی و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێکی سیاسی، لەپێناو «جیهاناسازی»دایە. کردەی سیاسی دەتوانێت دەرخەری کارەکتەری سیاسی بێت. دەرخەری ئاوات و ئارەزووەکان و سیستمێک کە لەو چوارچێوەیەدا ژیانی سیاسیی فەرهەنگێک دەر دەخات. «سیاسەت» وەک نوێنەری «فەرهەنگ»، لە نواندنی کردەی سیاسیدا دەبێ ئەو جۆگرافیا سیاسییە دەستنیشان بکات و بیپارێزێت کە فەزای ژیانی فەرهەنگیی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە «نەتەوە» دەناسرێت. لە وێنەیەکی بچووککراوەی دەسەڵاتیشدا نوێنەرایەتیی سیاسی دەتوانێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت. بە بڕوای من کاری سیاسی لە خۆیدا دەتوانێت ئامانجێک دروست بکات؛ مانایەک بخوڵقێنێت کە تەنانەت ئەگەر باوەڕێکی میتافیزیکی یان ئایینیشمان نەبێت، باوەڕێکمان بۆ بخوڵقێنێت کە ئەم باوەڕە لە دەستنیشانکردنی ئایدیای سیاسیدا دەئافرێنرێت. ئەو جیهانەی کە دەبێ دروستی بکەین و ئەو مانایەی کە دەبێ بە هەبوونی مرۆییانەی خۆمانی ببەخشین، لە خۆیدا کردەیەکی سیاسییە. نیهیلیزمی کۆمەڵایەتی بەرەنجامی هەرەسهێنانی سیاسەتە. چونکە بە تێکچوونی سیاسەت هەموو شتێک تێک دەچێت. سەقامگیریی فەرهەنگ و زمان و

پێوەندییە ئابوورییەکان و خاوەندارێتیی جوگرافیا لەنێو دەچێت. بێسەقامیی مرۆڤ لە شوێندا، ترس و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە نەبوونی ئاسایشی هزری و دەروونی دەنێتەوە کە ئاسۆکانی داهاتوو دەسڕێتەوە. ئەگەر سیستمێکی باوەڕی میتافیزیکی و ئایینی لە پێوار(غیاب)ی سیاسەتدا نەبێت، ئەمە بە نیهیلیزمی هەمەکی دەگات و ئەگەریش هەبێت نیهیلیزمێکی هەندەکیی کۆمەڵایەتی چێ دەکات کە لایەنە تێکدەرەکەی کەمتر لە لایەنە تێکدەرەکانی نیهیلیزمی هەمەکی نییە. زەمینی وێران(ناسووت) بە ئاسمانی ئاوەدان(لاهووت) بەرێوە ناچێت. بەشێکی زۆری نیهیلیزم لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە سەدەکانی ڕابردوو «هەندەکی» بووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییە وێرانکەرەکەی لە چوارچێوەی «سۆفیگەری»، «دەروێشایەتی»، «نازانمیتی ڕەچەیی» (لادرية)و... هتد، ڕەنگی داوەتەوە. هەر ئەم ڕەوشە بەشێوەیەکی دیکە لەم هەرێمەدا بەدی دەکرێت، هەرچەند بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر و شێواوترا!

ستەمکاریی سیاسی، هۆکاری سەرەکیی نەمانی بەشداریی سیاسیی کۆمەڵگەیە. دەستەبژێرێکی سیاسی لە چوارچێوەی خێڵەکی و ئۆلیگارشی یان بە شێوەی جیاوازتر، کردەی سیاسی قۆرخ دەکەن. قۆرخی کردەی سیاسی، بەشداریی سیاسی بە لانیکەمی خۆی دەگەیەنێت و لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە قارچکێکی سیاسی زوو زوو سەرهەڵدەدەن، بەڵام زیاتر لە لێبووکی سوڵتان دەچن تا هێزی سیاسی. «پەتباز» تاکە کارەکتەرێکی سیاسییە کە گەمەی خۆی دەکات، بەڵام وەک جاران چاوی چاوەڕوانی خەڵک تەماشای ناکات، هەمووان سەریان داخستووە و بە ژیانی کرمئاسای خۆیانەوە خەریکن. لە بێدەنگیی خۆیاندا خەریکی گڵخۆرکێن. تەنانەت وەک جاران سەیری ئاسمان (لاهووت) ناکەن و وەک «خانا»یش پرسیاری بوێرانە لەو خودایە ناکەن کە ئاخۆ بۆچی بووەتە پارێزەری «پەتباز»! فەرمانەکانی دین جێبەجێ دەکەن و لەسەر جێبەجێنەکردنی فەرمان یەکدی بە کوفر تۆمەتبار دەکەن و شەڕی کۆمەڵگە بە دژی کۆمەڵگە بە بێ بارووت و خوێن هەڵگیرساوە

لاوازبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و پاشەکشێی ڕەوتی ڕووناکبیری، بووە مایەی پاشەکشێی ڕەوتی ڕەخنەی سیاسییش. ڕەخنە لە گۆڕەپانی گشتیدا ئەگەرچی سەرئێشەی بۆ سیاسییەکان دروست دەکرد، بەڵام هیوای گۆڕانکاریی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا بەزیندوویی دەهێشتەوە. ئەرکی ڕووناکبیر ئەوە بوو پەیمان بڵێت «پاشامان ڕووتە»!(ڕاستی لە منداڵانەوە ببیستە: وێژدانی پاک و بوێرا) ئەم لەقاودانە هەرچەند دەسەڵاتی سیاسیی بێزار دەکرد بەڵام بوێریی سیاسیی کۆمەڵگەی نیشان دەدا و بە کردەیەکی سیاسی لەقەڵەم دەدرا. لە پڕۆژەی ڕەهەند بەملاوە، بۆ ساڵانێک گفتوگۆ و مشتومڕ لە مەیدانی ڕەخنەی گشتیدا برەوی سەند. مەشقێکی هزریی بەسوود بوو - وێڕای هەڵەکان - کە خۆراکی هزریی بۆ خوێنەران و توێژی خامەبەدەستان دابین دەکرد. زاڵبوونی «من منۆکێ»(ئیگۆییزم) وردە وردە بووە مایەی لەبەریەکهەڵوەشانی دەستەی ڕەهەند کە ئەندامانی تا ئێستاش یەکدی تۆمەتبار دەکەن. ئەمە زیانێکی زۆری لە کاری هەرەوەزیی ڕووناکبیری دا کە دواتر لەجێی گفتوگۆی لایەنگران، «شەڕی لایەنگران» مەیدانی گشتیی ڕەخنەی ژەهراوی کرد.

دواتر بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ڕووناکبیران و ئەم چڵ و ئەو چڵکردن لە میدیا و ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکان، لایەنێکی دیکەی پاشەکشێی ڕەخنە لە مەیدانی گشتیی کۆمەڵگە بوون.

نالەباریی باری دارایی ڕۆژنامە و گۆڤاری کاغەزین، بڵاوکراوەکانی تێکەوەپێچا

و تەنیــا ڕۆژنامە و گۆڤــاری زمانحاڵی حزبی سیاسیی لە گۆڕەپانەکەدا هێشتەوە کە لەبەر نەمانی ڕەخنە لە مەیدانی گشــتیدا، ئەوانیش خوێنەریان گەیشــتە کەمترین ئاستی خۆی. هۆیەکەش تاکدەنگییەک بوو کە بە شــێوازی تەڵقینکردن لەگەڵ کۆمەڵگە دەدوا.

نۆرە گەیشتە فەزای مەجازیی دیار و نادیار کە بــوون بە ئامرازی شــەڕێکی دەروونی لە کۆمەڵگەدا. وەک «شوانە درۆزنە» بێمتمانەیی بە هــەواڵ و ڕاپۆرت، تەشــەنەی بە دۆخی بێئاگایــی دەدا. هەواڵنێــران و پەیامنێرانی تۆڕی مەجازیی وەک «فەیســبووک» هەزاران دەزگای پڕوپاگەندەی کەسی بوون کە لەجێی ڕۆشــنگەری، شــێواوییان نایەوە. مانشــێتی بێمانــای «هەواڵی بەپەلە» دەرخەری «پەلەی ژیان»ێک بوو کە چی دیکە هەڵنەدەســووڕا! بێمانایی تەشــەنەی ســەند و هیچ شتێک بە ڕژدی نەمایەوە. لەشــکری ڕووناکبیران و دەســتەبژێرانی کڕدراو و فرۆشراو لە میدیای فەرمیــی دەســەڵاتدا دەر دەکەوتن؛ بوون بە شــرۆڤەکار و ڕۆشنگەری ئامارە دەسکردەکان و پاڵەوانی ساختەی گێڕانەوەی فەرمیی میدیا کە بە نەمانی فەزای گشتیی ڕەخنە، بە ناوی دیمۆکراسییەوە نوێنەری تاکدەنگی بوون!

«نەمانی ڕژدی»، ڕۆحــی تەوس و پلار و جنێــو و پێڕابواردن و تەنزی نابەرپرســانەی لە تــۆڕی مەجازیدا بڵاو کردەوە. چەشــنی ســەردەمە کۆنــەکان، کەســانێک کــە نەیاندەویست لەو زەلکاوەدا پیس ببن، بوونەوە بە «ســۆفی» و «خەلۆەکێش» و پەراوێزنشین کران. لەشــکرێک لە هەواڵنێر و شــرۆڤەکار و یوتۆبێــر و فاڵچی و جادووگــەر لە لاپەڕە نادیارەکانــەوە، ژیانی ڕۆژانــەی کۆمەڵگەیان داگیــر کرد. ئەگەر نیهیلیزم بە «بۆشــایی» و «بێمانایی» وەربگێڕین، ئەمە ئەو فەزایەیە کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی ئەم بەشەی کوردستان تێی کەوتــووە. بەرپرســی ســەرەکیی ئەم دۆخــە، نالەباریی دۆخی سیاســی و کردەی سیاسییە کە لایەنەکانی دیکەی ژیانی تووشی «بنبەست» کردووە.

دۆخێکــی نیهلیســتی نــەک ڕەوتێکی نیهلیســتی؛ پووچێتــی و هیچێتییەک کە تێیدا دەژین، بەڵام لێی تێی نەگەیشتووین و پێناســەمان نەکردووە! لەم ڕوانگەوە دەتوانین بێژیــن نیشــانەکان هەموویان هــەن، بەڵام ڕەوتێک نییە کە یاخیبوون بەرهەم بهێنێت. « دۆخی سیزیفی»، چەقیو لە پاتەوپاتکردنەوەدا. تلۆربوونــەوە و هەڵزنینی بەردەوام و بێئاکام! ئەم دۆخــە کەســێکی دەوێــت بچێتە نێو تونێلە تاریکەکە و چرایەک هەڵبگیرســێنێت؛ لــە دەرەوەی تونێلەکــە تەنیــا پاتەوپات و بێهوودەیــی لە ئارادایــە! هەرچەند ئەوپەڕی تونێلەکە نابینرێت، بەڵام «زاڵبوون» بەسەر ئەم دۆخە نادیارەدا، تەنیا بە چوونە نێو تونێل یان ئەو سیاچاڵە دێتە دی.

## پەراوێزەکان

1. «Friedrich Heinrich Jacobi». Stanford Encyclod pedia of Philosophy.

٢ . نولــن گرتز، نیهیلیســم، ت. تورج حوری، انتشــارات مازیار، ١٣٩٩، ص ١٠.

٣ . آلبر کامو، کالیگولا، ترجمه: پری صابری، چاپ یازدهم، ١٣٨٩، نشر قطره، ص ٥٢.

٤ . ارشــد عباسی، (وتاری( اگزیستانسیالیزم، اومانیسم، نیهیلیسم، ماڵپەڕی: «عقل سرخ».

٥ . هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦ . زانســتگەرایی Scientism . ڕوانگەیەکــی فەلســەفییە کــە مێتۆدی زانســتە سروشــتییەکان لە هەمــوو مێتۆدەکانی دیکە بە ســەرتر دەزانێت. زانستگەرایی بە واتای پێویســتیی باوەڕهێنان بە تەوەرێتیی زانستە ئەزموونییەکان و مێتۆدی ئەزموونی لە هەموو بوار و کاروبارەکانی ژیاندا.

٧ . فیاض زاهد، پســت مدرنیســم و تأثیر نهیلیسم بر آن، (وتار)، ١٣٩١، لا ٢.

٨ . هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩ . نیچە، اراده قدرت. ترجمه: د. مجید شــریف، تهران، انتشارات جامی، چاپ سوم، ١٣٨٣، ص ٢٣.

١٠ . خانــای قوبادی، دیوانی خانــای قوبادی، حەوت تەرجیعبەند، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات، سنە، نشر شوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

١١ . فاتیح عیزەدین، زەمانی بزربوو، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، ٢٠٢٠، سلێمانی، لا ١٨٠.

١٢ . اســتنلی روزن، نقاب روشــنگری، زرتشت نیچە، ت. داریوش نوری، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٩، تهران، ص ١٣٤.

# مێژەر و جەستە[1]

## خوێندنەوەیەکی دیالێکتیکی- ئینتێرسێکشن

شەهلا دەباغی

هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە بۆ شیکردنەوە چەندین هۆی هەبوو:
یەکەم: ڕۆمانەکە وەک دەقی ئەدەبی و گێڕانەوە یەکجار جوانە، دووهەم: نووسەری ڕۆمانەکە خەڵکی لوبنانە و دژی داگیرکاری و حکوومەتی ئێرانە کە پەلی هاویشتووەتە ناو لوبنان و ئەوێندەرێی کردووەتە مەیدانی شەڕ. سێهەم: ڕۆمانی نووسەرێکی ژنە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ دەبارەی جەستەی ژن و سیکسوالیتەی ژن دەدوێ و دیاردەی سیغە بە گوتەی دەلال زینەدین وەک «کاڵایەکی هەناردەی عەجەم» دێنێتە ژێر پرسیار.چوارەم: نووسەر لەکاتی شۆڕشی ژینادا چەندین جار پشتیوانیی خۆی بە ئاشکرا بۆ ئەم شۆڕشە دەربڕیوە و ئەمە ڕادەی پێگەیشتوویی نووسەر نیشان دەدا کە بە باشی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی ئێرانی ناسیوە.

## ئابستراکت

ئەم وتارە هەوڵ دەدا بێتە نووسین و شوێنێکی نێوان بــواری[٢] بۆ شــیکردنەوەی تێکتەنراویی رووبەرەکانی ژێردەســتی[٣] لــە رۆمانی «مێزەر و جەســتە»دا و پرســی کۆیلەتــی، گەیشــتن بــە ئاگایی و هــەوڵ بۆ رزگاری لــەم رۆمانەدا نیشــان بدا. رۆمانەکە رەوایەتی ژنێکە کە دوای ٢٥ ســاڵ باســی پەیوەندیی خۆی و شێخێکی ئەندامــی حیزبــوڵڵای لوبنــان دەگێڕێتەوە کە لە شــازدە ســاڵیدا ســیغەی کردبوو. رۆمانەکە پێمان نیشــان دەدا چۆن جەستەی ژن، وەک کۆلۆنییەکی ســێکســی، بەرێــگای ئیدیۆلۆژی، سیاســەت، ژێردەســتیی ئابووری و چینایەتی، بەناوی دین و گەیشــتن بە بەهەشــت کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هاوکات لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، قەگێڕ نیشانمان دەدا چۆن تاک بە روانگەیەکی رەخنەگرانە پێکهاتەکانی دین، سیاست و چین دێنێتە ژێر پرســیار و هەوڵی خۆی دەدا رزگار بــێ. بەڵام هەوڵی رزگاری رێــگا و رەهەندێکی بێ بەربەست نییە.



## چەمک و وشە کلیلییەکان

جەســتەی بەکۆلۆنیکراو، ســیغە، دیالێکتیک، تێکتەنراویی رووبەرەکانی ژێردەستی، ئەرباب و بەردە، ئاگایی، رزگاری


## پێشەکی

«دەلال زەینەدین» وەک نووسەرێک کە بە زمانی عەرەبی رۆمانی مێزەر و جەســتەی نووسیوە، بۆ من نەناسراو بوو هەتا ئاپریلی ئەمساڵ پۆستێکم ســەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم رۆمانە[٤] لەســەر دیواری فەیســبووکی وەرگێڕی کورد مامۆستا «ســەباح ئیســماعیل»[٥] دیت و چونکە پێشتر رۆمانــی پۆستکۆلۆنیالیســتیی «وەرزی کــۆچ بەرەو باکوور»م لــە هەمان وەرگێڕ دیبوو، داوام لە دۆســتێک کرد کتێبی مێزەر و جەستەم لە هەولێرڕا بۆ بهێنێ. وردە وردە لەســەر لاپەڕەی فەیســبووک و گووگڵ بەدوای نووسین لەسەر مێــزەر و جەســتە و زانیــاری ســەبارەت بە نووسەرەکە و وەشانخانەی «نرد النشر و التوزیع»دا گەڕام کە کتێبەکەی هەوڵ جار بە عەرەبی لە ١٨ی ژووئەنــی ٢٠٢٢ لە ئاڵمان چاپ کردووە.[٦] هەرچی گەڕام هیــچ زانیارییەکم بە زمانی ئینگلیســی یا سویدی نەدیتەوە. دواتر لە چەند ســایتی عەرەبی چەند بابەتێکی کورتم دیتەوە کە زۆربەیان زۆر بە کورتــی ئاماژەیان داوە کە رۆمانەکە باسی سیغە، گرفتی هەژاری و شەڕ لە باشووری لوبنان دەکا.[٧] دواتر بابەتێکم لە بەشی کەلتووریی رۆژنامــەی ئیلێکتریکیی «المدن»[٨] لە نووســینی «فوزی ذبیــان» دیتەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە نووســراوە. ئەم نووسینە گەرچی کورتــە بەڵام تا رادەیــەک رادیکاڵ و قووڵترە لە نووســینەکانی تر کە ســەبارەت بە رۆمانەکە نووسراون.[٩] دوای ماوەیەک لاپەڕەی فەیســبووکی نووســەرم دۆزییەوە و پۆستێکم دیــت کە «دەلال زەینەدیــن» لە ١٠ی جولای ٢٠٢٢دا نووســیویێتی و باسی ئەوە دەکا کاتێک فوزی ذبیان نووسەری ناسراوی لوبنانی بەدەنگ پەیامــی بۆ دەلال نــاردووە و تاریفــی رۆمانی «عمامە و جســد»ی کردووە، دەلال لە خۆشیان گریاوە.[١٠] خودی دەلال زەینەدین لە باســێکی ئەدەبــی لەگەڵ تیڤییەکی ســووری (قناة ندوة وطــن)، لە ماوەی بیســت خولەکێکدا باســی رۆمانەکەی و «کەڵکوەرگرتن لە جەســتەی ژن لەژێرناوی زەواجی موتعە» لە «مجتمع شــیعی» لەلایــەن «رجال دین» و«تجارة و اســتغلال»ی ژنان لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە دەکا.[١١] دواتر لە بەشی شیکردنەوەدا دەگەڕێمەوە سەر گوتەکانی نووسەر دەلال زەینەدین.

هاوکات گرینگییەکی تایبەتی هەیە بزانین لە رۆژانی شۆڕشی ژینادا دەلال زەینەدین چەند پۆســتی دژی دەســەڵاتی تۆتالیتــەری ئێرانی بڵاوکردووەتــەوە. بۆ وێنە لە پۆســتێکدا وێڕای وێنەیەک لە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ پشــتیوانیی خۆی لە شــۆڕش دژی حاکمانی ئێرانی نیشان دەدا و نووسیویێتی:

*«نعم ، نحن البسطاء السذج الدراويش نعلم أن وجود نظـام الملالي هو حاجة ضرورية لأميركا وهذا ما يجعل سقوطه صعب جدا، لكن هذه الصورة وحدها كفيلة بأن تجعلنا نحلم ولو لبعض الوقت»*[١٢]

*«بەڵێ ئێمە دەروێشــە ســادەکان دەزانین بوونی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ ئەمریکا پێویستە و ئەمەش وا دەکات کە ڕووخانی زۆر دژوار بێ. بەڵام ئەو وێنەیە بە تەنیا خۆی بەســە کە بۆ ساتێک خەیاڵ بمانباتەوە.»*[١٣]

هەروەک گوترا مێزەر و جەستە (عمامە و جسد) بەرهەمــی نووســەری لوبنانــی «دلال ابراهیم زین‌الدین»لە دەزگای «نرد النشــر و التوزیع» لە ئاڵمان لە مانگی ژووئەنی ٢٠٢٢ دا بڵاو بۆتەوە. ڕۆژی ١٨ی ژووئەنــی٢٠٢٢ هەم «نرد النشــر» و هەم نووســەر لەســەر لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیان بە ناســاندنێکەوە هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەیان داناوە.

دەلال زەینەدین لە شــارۆچکەی سەفدی ســەر بە بنــت جوبەیلی مەکــۆی حیزبوڵڵای لوبنانــی لەدایک بووە. دواتر لەگــەڵ ئەندازیار «بەســام ســەفوە» زەماوەنــد دەکا و دەچێتــە حومسی ســووریە. ســەرەتا لایەنگری ڕێژیمی بەشار ئەســەد دەبێ بەڵام دواتر بەهۆی دیتنی بێدادی لە خەڵک دەڕواتە تورکیا. لە تورکیا تاقە ڕۆمانێک دەنووسێ و ساڵی ٢٠٢٣ خۆی و سێ منــداڵ و نەوەیەکی لە بوومەلــەرزەدا گیانیان لەدەســت دەدەن.[١٤] کوڕەکەی دەلال لەســەر لاپــەڕەی فەیســبووکی دەلال هەواڵی مەرگی دایکی ڕادەگەیێنێ.[١٥]

وەرگێڕی بەتوانای کورد ســەباح ئیسماعیل ڕۆمانەکــەی کردووەتە کوردی و ئاپریلی ٢٠٢٤ لەلایــەن «دەزگای فــام» لە کوردســتان بڵاو کراوەتەوە.[١٦] سەباح ئیســماعیل تا ئێستا چل و پێنج کتێبی هێناوەتە ســەر زاری کرمانجیی ناوەڕاســت، لەوان وەرزی کۆچ بــەرەو باکوور، زریــاب و میرنامــە.[١٧] بەگوێــرەی مامۆســتا ســەباح ئیســماعیل زۆربەی چاپەمەنییەکان و ڕەخنەگران لە عێراق کە سەربە بەرەی شیعەن، دژی ڕۆمانەکە دداون و قســەی ناشیرینیان بە نووسەر گوتووە.

## بۆ ڕۆمانی مێزەر و جەستە؟

پێش ئەم دۆخەی ئێستا، لوبنان وەک وڵاتێکی کراوە و بەیرووت بە پاریسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرابوو. ئازادییە مەدەنییەکان و ئازادیی ژنان تا ڕادەیەکی باش دەستەبەر کرابوون. بەڵام ئێستا لوبنان مەیدانی شــەڕی گرووپە چەکدارەکان و بەتایبەت تەراتینی میلیشیاکانی سەربە ئێرانە. دیارە کە دۆخی شــەڕ لە هەمــوو دنیا زیاتر بە دژی ژنان دادەشــکێتەوە؛ بەتایبەت ئەگەر شەڕ تێکــەڵاوی ئیدئۆلۆژییەکی ڕادیکاڵ و دژە ژن و دەستوەردانی وڵاتێکی وەک ئێران بێ.

هەڵبژاردنــی ئــەم ڕۆمانە بۆ شــیکردنەوە چەندین هۆی هەبوو:

**یەکەم:** ڕۆمانەکە وەک دەقی ئەدەبی و گێڕانەوە یەکجار جوانە،

**دووهەم:** نووســەری ڕۆمانەکە خەڵکی لوبنانە و دژی داگیــرکاری و حکوومەتی ئێرانە کە پەلی هاویشتووەتە ناو لوبنان و ئەوێندەرێی کردووەتە مەیدانی شەڕ.

**ســێهەم:** ڕۆمانی نووســەرێکی ژنە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ دەبارەی جەســتەی ژن و سیکســوالیتەی ژن دەدوێ و دیــاردەی ســیغە بــە گوتەی دەلال زینەدین وەک «کاڵایەکــی هەناردەی عەجەم» دێنێتە ژێر پرسیار.

**چوارەم:** نووسەر لەکاتی شۆڕشی ژینادا چەندین جار پشــتیوانیی خۆی بە ئاشکرا بۆ ئەم شۆڕشە دەربڕیوە و ئەمە ڕادەی پێگەیشتوویی نووسەر نیشــان دەدا کە بە باشــی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی ئێرانی ناسیوە.

دوای هاتنە ســەرکاری کۆماری ئیسلامی، هــەزاران ژن و کچی منداڵ بە ناوی ســیغەوە

بوونەتـــە قوربانـــی. ســـیغە هەرگیـــز وەک هاوســـەرگیرییەکی مەدەنی، عورفی و ڕەسمی نەبووە و هیچ مافێـــک بۆ ژن و منداڵانی دوای ســـیغە بە ڕەسمی ناناســـرێت. لەڕاستیدا سیغە تەنیا کرینی سێکس و کەڵکوەرگرتنی پیاوانە لە لاوازترین توێژی کۆمەڵگا و ئەم کارە شەرعییەت لە ڕێبەرانی مەزهەبی شـــیعە وەردەگرێ. ئێنجا پێـــم وایە ئەم ڕۆمانە دەتوانێ تا ڕادەیەک ببێتە هۆی گۆڕانکاریـــی کۆمەڵایەتی یـــا هیچ نەبێ هێنانە ئـــارای ڕوانگـــەی ڕەخنەگرانە لەســـەر دیاردەی سیغە لە لوبنان و وڵاتانی ئیسلامیدا.

## کورتەی تەونی[۱۸] مێزەر و جەستە

ڕۆمانی مێزەر و جەســـتە باســـی لەیلایە کە لە تورکیـــە دەژی و دوای بیســـت و پێنج ســـاڵ دەیهەوێ ڕۆمانێک دەربارەی خۆی و شێخ عەلی بنووسێت. لەیلا لە باشووری لوبنان، لەگەڵ دایک و یازدە خوشـــک و برا لە تاقە ژوورێکدا دەژیان. دایکی باوەڕێکی زۆری بە دین و پیاوانی ئایینی بووە. ئیستاش حیزبوڵڵا لە ناوچەکەیاندا دەستی باڵای هەیە. بیســـت و پێنج ساڵ پێش، لەیلا لە بۆنەی ناشتنی پیاوێکی ئاییندا کە لە هێرشێکی ئاســـمانیی فڕۆکە ئیســـرائیلییەکاندا دەکوژرێ، شـــیعر دەخوێنێتـــەوە. بۆ ئـــەو ڕۆژە جلوبەرگ بەقەرز وەردەگرێ و بە قەولی خۆی تەنیا ســـیما و قورگی کـــە هۆنراوەکەی پێ خوێندەوە لەم و لەوی نەخواستبوون.(ل.۲۸) ئەو ڕۆژە شێخ عەلی، کادرێکی باڵای «حیزبـــوڵڵا» دەبینێ. چەند ڕۆژ دواتر شـــێخ بە بیانـــووی زەکات دەچێتە ماڵی لـــەیلا. لەوێ ئیزن دەخوازێ نوێـــژ بکا و کاتی نوێژ بە «ئەڵڵاهو ئەکبەر» لەســـەر بەرماڵ چاو لە لەیلا دادەگرێ.(ل.۳۲) هاتنی شـــێخ بۆ ناو ژیانی ئەوان وەک پەرجوویەکە و پارەی زەکات، ئەوان لە هەژاری نەجات دەدا. لەیلا ئاشقی شێخ دەبێ و دواتر شـــێخ بەدزی لەیلا سیغە دەکا کە ئەمە بە پێچەوانەی ویســـتی لەیلایـــە؛ چونکە لەیلا دەیویســـت زەماوەندی لەگەڵ بکا و بەڕەسمی ببێتە ژنی دووهەمی شـــێخ. سەرەڕای ئەوە کە شێخ قەت لەیلا مارە ناکا، هەمیسان لەیلا ناتوانێ شـــێخی خۆش نەوێ. «شێخ کاتێک لە بارەگای حیزبوڵڵا دا وانـــەی دەگوتەوە، تەواو جیاواز بوو لەوەی بەســـەر جەستەی لەیلادا بەرەڵا دەبوو و جگەرەی دەخســـتە نێو قامکەکانی پێی لەیلا تا قوومی لێ بدات و چێژ لە تەماشـــاکردنی نێوان ڕانی وەرگرێ. (ل.۹۵)

عەبـــاس، بـــرای لەیلا، کە ســـێ ســـاڵ لە لـــەیلا گەورەتر بوو، کوڕێکـــی زۆر نەرم و نیان و نەقاشـــێکی بـــە بەهرە بوو و لەســـەر دیواری ماڵـــە هەژارەکان و ماڵە خۆیـــان کە پەنجەرەی نییە نەقاشیی باڵندە و داری دەکێشاوە. کاتێک ئیسرائیل تۆپ و تەقەمەنی دەخاتە گوندەکەیان، عەباس و ڕەفیقەکەی، مەهدی، ئاسنەواڵەیان کۆ دەکردەوە تا بیفرۆشن. عەباس بە پارەکە ڕەنگی دەکڕی و مێهدی تۆپی پێ. (ل.۴۰) دواتر عەباس و مەهـــدی دەچنە ناو «بزووتنـــەوەی ئەمەل» و «حیزبوڵڵا» و دەکوژرێن. دوای ۲۵ ساڵ لە ڕێگای کۆمێنتێکی ڕەخنەگرانەی لەیلا لەسەر پۆستێکی فەیســـبووکی، شێخ دەیناســـێتەوە و پەیامی بۆ دەنێرێ. هەســـتەکانی لەیلا سەرهەڵدەداتەوە و دیالۆگی نێوانیان دەســـت پـــێ دەکاتەوە. بەڵام ئێســـتا لەیلا لەباری هزرییەوە گەشەی کردووە. شـــێخ دەڵێ دەبێ یەکتر ببینیـــن و بۆ دیتنی لـــەیلا دێتە تورکیە. لەیلا بەیانییەک بە بیانووی چوونە لای دوکتور لە ماڵ دەردەکەوێ و دەڕوا تا شێخ ببینێ.

## تێکنیکی گێڕانەوەی مێزەر و جەستە

تێکنیکی گێڕانەوەی مێزەر و جەستە تێکەڵاوێکە لـــە چەنـــد تێکنیـــک: تاکبێژیـــی دەروونیـــ ڕاســـتەوخۆ/ Direct Interior Monologue گێڕانـــەوەی یەکەم کەس کە ڕووی لە «تۆ» واتە شێخ عەلییە کە زەینی وەگێری داگیرکردووە و شەپۆلی زەین. لە تاکبێژیی ڕاستەوخۆی لەیلادا نووســـەریش هێندێک جار حـــزووری هەیە و هێندێک جار نووسەر وەک زانای کوللیش دێتە نـــاو دەق. گەرچی ڕۆمانەکە زۆری بە شـــەپۆلی

زەیەن نووسراوە بەڵام پڕە لە دیالۆگ و لەڕێگای دیالۆگەکانەوە ئێمە لەگەڵ کارەکتەرەکان و تایبەتمەندییەکانیان ئاشنا دەبین.

لە تێکنیکی شەپۆلی زەیەیندا هەوڵ دەدرێ خوێنەر وا لێ بکرێ کە بیر و یادەکانی ڤەگێڕ ئەزموون بکا. ئەم جۆرە لە گێڕانەوە یا مێتۆدە لە سەدەی نۆزدەدا دەستی پێ کرد و نووسەرانێکی بەناوبانگی وەک جێمز جۆیس، ویرجینیا وۆلف، مارسێل پرۆست و ساموئێل بێکت لە نووسینەکانی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتووە. شەپۆلی زەین نووسینێکە بەرانبەر بەوەی کە هەرئیستا لە مێشکی کارەکتەردا ڕادبرێ. شەپۆلی زەین دەتوانێ زمانێکی قورسی هەبێ وەک زمانی جێمز جۆیس، و یا وەک ویرجینیا وۆلف فراگمێنتەکان بگیڕێتەوە. لە شەپۆلی زەیندا ڤەگێڕ ئەزموونی ژیان و ڕابردووی دێتەوە یاد. یادەکان وەک ڕووبارێک دەڕژێن و زۆر جار پارچە پارچەن و پاش و پێش دەکەن.

لە مێزەر و جەستەدا ڕووی لەیلا/ ڤەگێڕ لە «تۆ» واتە شێخە کە زەینی لەیلای داگیرکردووە. ڤەگێڕ لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا دێت و دەچێ و باسی ئەزموونی ژیانی خۆی و کەسانی دەوروبەری دەکا. شەپۆلی زەین لە مێزەر و جەستەدا بەم شێوەیەیە کە لەیلا لە هەوەڵی ڕۆمانەکە لە تورکیە دەژی و دەڵێ دەمهەوێ ڕۆمانێک بنووسم. لەیلا ڕووبە شێخ دەڵێ دەبێ باسی خۆمان بکەم. بە ڕای نووسەر لە یەکەم دێڕەکاندا ئێمە دەبێ ئەم چیرۆکانە بنووسین کە هێشتا لێیان تێر نەبووین(ل.١٧) و هێشتا تەواو نەبوون. خودی ڕۆمانەکە ٣١٥ لاپەڕەیە و لە لاپەڕە ١٢٠ ڕا شێخ ڕاستەوخۆ دێتەوە ناو دەق و لەیلا و شێخ دەکەونەوە گفتوگۆ. هەڵبەت هەوەڵی ڕۆمانەکە کە ڕوو بە شێخ دەست پێ دەکا ڤەگێڕ دەڵێ دەمهەوێ ڕۆمانێک سەبارەت بە تۆ بنووسم واتە شێخ ناڕاستەوخۆ ئامادەیە.

## شیکردنەوە

ڕۆمانی مێزەر و جەستە دەقێکی فرەڕەهەندە کە دەکرێ چەندین وتاری لەسەر بنووسرێ. پرسگەلێکی وەک پرسی فەلەستین کە بە گوتەی خودی ڕۆمانەکە دەیان ساڵە بازرگانیی پێوە دەکرێ و «بووەتە درۆیەکی گەورە و لەسەری دەلەوەڕێن» (ل. ٣٠٣)، پرسی دین و شیعە کە سەرکردەکانی لە ئیمانی خەڵک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵک وەردەگرن، یا ناسیونالیزمە دژبەرەکانی عەرب و فارس هاتوونەتە ناو دەق. بۆوێنە کاتێک ڤەگێڕ باسی «هەناردەکردنی کەلتووری عەجەم» و داگیرکردنی باشووری لوبنان دەکا، دەکرێ ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ئایا بەکارهێنانی وشەی «عەجەم» و «فارس» لە لایەن نووسەرەوە جۆرێکە لە کێبەرکێی ناسیۆنالیزمەکان یا ئەوە کە لە دنیای عەرەبدا بە دانیشتووانی ناو جوغرافیای ئێران دەڵێن فارس و عەجەم؟

بەڵام ئەم نووسینە هەوڵ دەدا بەکورتی سەرەکیترین خاڵی ڕۆمانەکە، پرسی سیغە، بەکۆیلەکردنی جەستەی ژن بەناوی دین و هەوڵی تاک بۆ ڕزگاربوون بێنێتە بەر ڕاڤەکردن. بۆ شیکردنەوەی ڕۆمانەکە لە هزر و تیۆریی هێگێل، فانۆن و کرێنشاو و چەند تیۆریی دیکە کەڵک وەردەگرم.

گێڕانەوە لە مێزەر و جەستەدا بەم شێوەیەیە کە لەیلا لە هەوەڵی ڕۆمانەکە ڕووبە شێخ عەلی دەڵێ دەیهەوێ ڕۆمانێک دەربارەی ئەودا بنووسێ:

*بەر لەوەی ئەم ڕۆمانە لە بارەی تۆوە بنووسم، ئیزنم لە هاوسەرەکەم خواست. (ل. ١٥)*

بەڵام مێردەکەی دژایەتیی دەکا و پێی دەڵێ بچێتە لای پزیشکی دەروونی. لەیلا لە بەرانبەر ئەم داواکارییەدا ڕادەوەستێ:

*پیاوەکەم مۆچیاریی کردم بڕۆم بۆ لای پزیشکی دەروونی، بڕوای وابوو ئاوەزم*

*لەدەست داوە، بەڵام من وەکوو هەموو جارێک گوێم لە فەرمانەکانی نەگرت. (ل. ١٥)*

*[...] خۆ من شێت نیم تاکوو بچم بۆ پزیشکی دەروونی، لەسەر جێیەکەی ڕاکێشم، لە کاتێکدا ئەو بە تەنیشتمەوە دادەنیشێت، پرسیارە بێمانا و وەڕسکەرەکانی خۆیم لێ دەکات، کە پێشوەختە دەیانزانم. من لەوە شێتترم! (ل. ١٦)*

ڤەگێر کە باشتر لە هەر پزیشکێکی دەروونی دەزانێ پرس و کێشەکەی چییە، هەروەک پێشوو گوێ ناداتە ئامۆژگارییەکانی مێردەکەی و دەخوازێ ڕۆمانەکەی ببێتە ئابڕووچوونێک کە وەک هەواڵێکی بەپەلە لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بگوازرێتەوە. (ل.١٦)

وەک دەبینن هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا ئێمەی خوێنەر لەگەڵ خواستی بەهێزی نووسین و پرسی گرینگی سێکسوالیتە ڕووبەڕوو دەبینەوە؛ ژنێک دەیهەوێ نووسین بکاتە هەوڵێک بۆ ڕزگاری و نووسین بکاتە دەنگی ژێردەستان؛ وەها کە لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە. بەڵام لەیلا لەگەڵ دژایەتیی نۆرمەکان ڕووبەڕوو بووەتەوە و مێردەکەی پێی دەڵێ بۆ باسی خۆمان نانووسی و دەتهەوێ باسی ئەو شێخە بنووسی کە لێرەدا جۆرێک لە ئێرەییش دەبینین. تەنانەت کاتێکیش مێردەکەی ڕازی دەبێ لەیلا ڕۆمانەکەی بنووسێ مەرجی مەحاڵی بۆ دادەنێ:

*[....] پێشنیار دەکا ناوی ڕۆمانەکە بگۆڕم.*
*[....] و بەهانەیەکی ترم بۆ دەدۆزێتەوە:*
*دەبێت خۆت لە ئاماژە سێکسییەکان بەدوور بگریت، ئاماژەی لەم چەشنە لایقی ئافرەتێکی بەڕێزی وەک تۆ نین. (ل. ١٨)*

وەک گوترا تێمی سەرەکیی ڕۆمانەکە لە دەوری چەمکی سێکسوالیتە و سێغەدا خول دەخوا.

لە لایەک مێرد مەرجی بۆ دادەنێ کە لەیلا لە ڕۆمانەکەیدا لە ئاماژە سێکسییەکان خۆی بپارێزێ و لە لایەک بیست و پێنج ساڵ پێش، کاتێک لەیلا سیغەی شێخ عەلی بووە، شێخ ئەو پەڕی کەڵکی سێکسیی لە لەیلا وەرگرتووە کە تا ئێستاش لەسەر دڵی لەیلا گرێیە. لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دەبینین لەیلای ڤەگێر ئاماژە بە ئەکتە سێکسییەکان لەگەڵ شێخ دەکا. یا لە هەوەڵی ڕۆمانەکدا بە ئاشکرا و بێپەردە دەنووسێ کە هەموو جێژنی قوربان و ڕەمەزان، ڕۆژی لەدایکبوونەکانیان، ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییان، ڕۆژانی ڕۆتینی دیکە، لەگەڵ مێردەکەی سێکسیان هەیە. (ل.١٧) یا بەسەرهاتی ئەو ژنانە دەگێڕێتەوە کە شەوانە دەهاتنە ماڵەکەیان و باسی ئارەزووەکانی خۆیانیان بۆ دایکی لەیلا دەکرد. ئێستا ئەم پرسیارە گرینگە دێتە ئاراوە کە بۆ نووسەر/ڤەگێڕ دەخوازێ دەربارەی شێخ و سیغە کردن بنووسێ و ئەم چیرۆکە بگێڕێتەوە تا لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە؟

ڕەنگە باشترین وڵام ئەوە بێ کە نووسین کەمایەسییەک پەردەکاتەوە تا ڤەگێر لە گرێی خۆبەکەمزانین نەجاتی بێ. سەردەمانێک ئەو وەک کچێکی گەنج لە بنەماڵەیەکی هەژار کە بۆ بەخێوکردنی خۆیان پێویستییان بە زەکاتی شێخ بووە نەیدەتوانێ لە بەرانبەر ویستی شێخ و خۆشەویستیی خۆیدا ڕابوەستێ. ئەو ئاشقی شێخ دەبێ. لەیلا وەک داگیرکراوێک کە دەستی بە زۆر شت ڕاناگا و هێشتا بە ڕادەیەک لە ئاگایی نەگەیشتووە و هەلومەرجی ژیانی هی ئەوە نەبوو کە وڵامی شێخ نەداتەوە، بۆ ویست و داواکانی داگیرکەرەکەی دەچەماوە و هەموو داواکانی شێخی جێبەجێ دەکرد. لەیلا لەناوەوە دەپووکێتەوە و دەبێتە سووژەیەکی تێکەڵاو؛ داگیردەکرێ و دەوری بە هەژاری، بێ بابی، ئەوین و کاریزمای شێخ گەمارۆ دەدرێ:

*«حەز دەکەم وەک قەحپەکان لە بەردەممدا هەڵسوکەوت بکەی.» هەر هێندەی وات*

*پێ گوتم دەستم بە جگەرەکێشان کرد، نەمدەزانی وەک ئەوان هەڵسوکەوت بکەم، بەڵام ئەوەی توانیم بۆ رازیبوونت کردم. لەگەڵ خۆشەویستیی تۆدا بەهرەکانم هەمەرەنگ بوون، بۆیە لەگەڵ تۆدا شتەیلێک فێربووم، رۆژێک بە مێشکمدا نەدەهاتن. (ل. ١٢٨)*

فرانتز فانۆن[١٩] لە دوو کتێبی پێستی رەش دەمامکی سپی[٢٠] و بەشمەینەتانی زەوی[٢١] دا هەوڵ دەدا باسی ئەوە بکا کە کۆلۆنیالیزم تەنیا سیستەمێکی سیاسی و ئابووری نییە. لە کتێبی پێستی رەش دەمامکی سپی دا فانۆن باسی کۆلۆنیالیزم وەک پرۆسەیەکی دەروونیی کۆمەڵایەتی دەکا کە توانایی و ناسنامە لە تاکی کۆلۆنیالکراو دەستێنێ و لە ناوەوە دەیگۆڕێ و بەها و نۆرمە هەرە خراپەکانی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ و فۆرمی دەدا. فانۆن بە باسی سیاسییەکانی ئەلجەزایر کە تووشی تراوما ببوون نیشان دەدا تەنانەت تێراپی و یارمەتیی دەروونناسانە نەیدەتوانی یارمەتییان بدا. فانۆن باسی ئەوە دەکا کە کۆلۆنیالیزم وەک سیستەمێکی دەرەکی، کاریگەریی لەسەر دەروون و هەستی کۆلۆنیالکراو هەیە[٢٢] و وێنەی خودی خۆی لەلا دەگۆڕێ وەها کە تاکی کۆلۆنیالکراو لەگەڵ خۆی نامۆ[٢٣] و بێگانە دەبێ و رقی لە خۆی دەبێ. تاکی کۆلۆنیالکراو هەست بە بێزاری، کەمایەسی و سووکایەتی دەکا و نۆرمەکانی کۆلۆنیالیست بەهەند وەردەگرێ و «بە دەروونی»یان دەکا. فانۆن دەپرسێ بۆ خەبات دژی کۆلۆنیالیزم سەختە و وڵامیش دەداتەوە چونکە کۆلۆنیالیزم دەبێتە بەشێک لە تاکی کۆلۆنیالکراو. بەرای فانۆن پێکهاتەی کۆلۆنیالیستی دەبێتە هۆی ناتەندروستی و بارگرانیی دەروونی و نەمانی رێزلەخۆگرتن و دروست بوونی زەبروزەنگ. زەبروزەنگێک کە کۆلۆنیالیستەکان رۆژانە بەرانبەر بە کۆلۆنییەکان بەکاری دێنن، خۆی دەبێتەوە بە جۆرێک لە توورەیی و زەبروزەنگ دژی داگیرکەران.[٢٤]

ئێستا لەیلا لە تورکیە دانیشتووە، گەورە بووە، زانستی هەیە، پێگەیشتووە و دەیهەوێ سەربەخۆیی و لێهاتوویی خۆی نیشان بدا و بە داد بگا:

*با بزانیت، من بۆ ئەوە لەسەرت نانووسم، تاکوو ببمە نووسەرێکی ناودار، هەرچەند زۆرم حەز بە ناودەرکردنە. من بۆیە لە بارەی تۆوە دەنووسم، تاکوو دوای ئەو هەموو گۆڕانە ریشەییەی بەسەر کەسایەتیمدا هاتووە، لێهاتوویی خۆمت بۆ بسەلمێنم، یاخود با بڵێین: بۆیە لەسەرت دەنووسم، بۆ ئەوەی لە گرێی خۆبەکەمزانین چاک ببمەوە، کە ئەو هەموو ساڵە دایگرتبووم! وەکوو دەڵێن: وشەکان دەرمانی کەسانی مایەپووچی وەک منن، یا رەنگە لەبەر ئەوە لەسەر تۆ دەنووسم، هەتا پرسیاری ژیرانەت لێ بپرسم، سادەییەکەم بە هاناما نەگەیشت پێش بیست و پێنج ساڵ لێتی بکەم، دەنووسم بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا رابورد سەرلە نوێ دابیرێژمەوە.*
*چما ئەوە دادپەروەری نییە؟ (ل.٢١)*

هەروەک دەبینین نووسەر/ڤەگێڕ بەدوای دادپەروەرییەوەیە. دادپەروەرییەک کە کەسایەتی و ناسنامەیەکی ئینسانی بۆ کۆیلەیەک، بۆ تاکی وڵاتێکی داگیرکراو بگەڕێنێتەوە. لەیلا دەیهەوێ لێهاتوویی خۆی نیشانی ئەربابەکەی/شێخ بدا. لەراستیدا تەنانەت دوای بیست و پێنج ساڵ هێشتا لەیلا بە جۆرێک لە داوی شێخدایە و دەیهەوێ خۆی بۆ ئەربابەکەی بسەلمێنێ و لێهاتوویی خۆی پێ نیشان بدا.

هێگێل لە کتێبی دیاردەناسیی زەین/ رۆح، برگەی سەروەری و کۆیلەتی[٢٥] دا پرسی ئاگایی دێنێتە بەر باس. بەرای هێگێل سەروەر/ئەرباب و کۆیلە/بەندە لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا بوونیان هەیە. بە گوتەی هێگێل ئەوە تەنیا

سەروەر نییە کە ئەویتر وەک کۆیلەی خۆی دەبینێ بەڵکوو ئەویتریش خۆی بە کۆیلە دەزانێ. تەنیا سەروەر نییە کە خۆی بە ئەرباب دەزانێ بەڵکوو بەندەش ئەو بە ئەرباب دادەنێ. ئەمە کاکڵی وجوودیی ئەوە. ئەرباب ناتوانێ بە سەروەری بگا مەگینایەک ئەویتر بکاتە کۆیلەی خۆی. کۆیلە بۆ ئەو وەک ئاژەڵ یا شتێکە. کەواتە ئارەزووی سەروەرە کە رووی لە شتێکە نەک ئارەزووی کۆیلە. ئاگایی کۆیلە سەربەخۆ نییە بەڵکوو پەیوەندیی بە سەروەرەوە هەیە و ئەمە دژی واقیع و نرخی ئەوە. کۆیلە شەرەفی ئینسانی نە لە خۆیدا بەڵکوو لە سەروەردا دەناسێ. کۆیلە فەرمانبەری سەروەرە. بەڵام خودی کۆیلەتییش جۆرێک خودئاگایی دەهێنێ. کۆیلە سەربەخۆیی و ئازادی دەناسێ بەڵام تەنیا لە سەروەردا دەیبینێتەوە. کۆیلە قازانجی لەمەدایە کە لە کۆیلەتی رزگاری بێ و ئەزموونی کۆیلەتی ئامادەی دەکا تا بۆ سڕینەوەی کۆیلەتی هەنگاو بنێ. دیارە سەرەتا کۆیلەتی بۆتە بەشێک لەو و هێزی نا-گوتنی نییە و هێزی نەفی لە سەروەردا دەبینێ. ژیانی کۆیلە پڕبووە لە ترس و لەرز. نەفیکردنی بوونێکی کۆیلانە هەمان «جەوهەری کۆتایی» و خودئاگاییە. سەروەر لە ئەربابێتیی خۆیدا قەتیس ماوە و توانایی گۆڕانی نییە و ناگۆڕێ، بەڵام کۆیلە خوازیاری کۆیلەیی نەبووە و تەنیا نەیویستووە ببێتە سەرور و سەروەری بکا. کۆیلە ئامادەی گۆڕان و پەروەردەیە و لە بنەڕەتەوە بوونێکی مێژووییە. ئەو ئامانجێکی ئەرێنیی هەیە واتە سەربەخۆیی کە پێشتر لە سەروەرەکەیدا دەیدیت. ئەمە ساتی خۆبوونە و دەزانێ ئازادی بە چ مانایە و دەیهەوێ رزگار بێت. کۆیلە دوای کار بۆ ئەرباب و خزمەت بەو، دەزانێ کە پێویستە بجەنگێ. دڵەراوکێی ترسێکی کە سەرور خستوویەتی ناو دڵی دەبێتە سەرەتای ئاگایی و زانست. کۆیلە بە کار و کردەی خۆی دەگاتە ئاگایی و ئازادی و گەیشتن بە خودێکی سەربەخۆ. ئینسان بە سەربەخۆیی ڕاستەقینە ناگا، مەگینایەک کۆیلەتی تێپەڕێنێ.[٢۶]

لەیلا بیست و پێنج ساڵ پێش کۆیلەیەکی سێکسیی ئەربابەکەی واتە شێخ بوو؛ لە پەیوەندی لەگەڵ شێخدا مانای هەبوو و شێخ ئەوپەڕی کەڵکی جنسیی لە لەیلای کەمتەمەن وەردەگرت. بەڵام بە گوتەی هێگێل جیهان بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە.[٢٧] هەموو شت و ڕووداو و دیاردەکان پەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. لە پرۆسەی دژایەتیی ناوخۆییدا جووڵە دەبێتە هۆی گۆڕان و بەرەوپێشچوون. لە ناو دڵی تێزدا ئانتی تێز دروست دەبێ و لە پێکدادانی ئەو دوانە شتێکی تازەتر (سەنتێز) دروست دەبێ. بۆ وێنە لە سیستەمێکدا کە زوڵم هەیە، دژە زوڵم دروست دەبێ و لە کەشمەکێشی ئەو دووانە شتێکی تازە، شۆڕش و گۆڕانکاری، دروست دەبێ. دیالێکتیک واتە واقیعێک کە بەردەوام لە جووڵەدایە و لە ناو خۆیدا هەڵگری دژایەتییە کە دەبێتە هۆی گەشە و ئاگایی و ئازادی. دژایەتی بۆ گەشەکردن پێویستە و دژایەتی دەبێتە هۆی گەرانی بەردەوام بۆ دیتنەوەی هەقیقەت.

کەڵکوەرگرتنی جنسیی شێخ لە لەیلای کۆیلە تەنانەت سنوورەکانی سادەی ئینسانی و عورفیی تێدەپەڕاند. بۆ وێنە کاتێک برای لەیلا لە بەیرووت دەکوژرێ، شێخ دایکی و لەیلا دەباتە بەیرووت بۆ ناشتنی عەباس. دوای گەڕانەوە لەسەر قەبران دەیانباتە خانوویەکی حیزبی کە حیزبوڵڵا لە شەڕدا وەدەستی خستووە یا بە بوختان دەستیان بەسەر ماڵی کەسێکدا گرتووە. گەرچی لەیلا دڵ بەخەمە بەڵام شێخ تەنیا بیر لە سێکس دەکاتەوە:

*«لە هەموو کات جوانتر دەنوێنیت.» وای گوت. پاشان لەپڕ ڕابوو و بەرەو گەرماوەکە ڕایکێشام، لە ژێر دووشەکە وەستاندمی، کەوتە داکەندنی جلەکانم، ئەوجا کەوتە شوشتنم، چون بیەوێت لە پیسیی خەمم بشوات، چەشنی یارییەک کەوتە شێلانی جەستە سوێرەکەم بێ ئەوەی هیچ*

*حسێبێک بۆ دایکم بکات کە لە یەکێک لە ژوورەکاندا نووستبوو. (ل. ٢٢٦)*

ئێمە لە تەواوی گێڕانەوەکەدا دەبینین کە لەیلا وەک کۆیلە و ئۆبژەیەکی سێکسیی داگیرکراو و ژێردەستی شێخ بە هۆی هەژاری و کەمتەمەنی، دەرەتانی ئەوەی نییە خۆی ڕزگار بکا.

یەکێک لە بیرمەندان و توێژەرانی خوێندنەوەکانی پۆستکۆلۆنیالیستی و ڕەهەندە کەلتوورییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم Anne McClintock لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کۆلۆنیالیزم کەلتوور وەک ئامرازێک بەکار دەهێنێ بۆ پاراستنی باڵادەستیی خۆی. ئەو ئاماژە بەوە دەکا کە چۆن کۆلۆنیالیستە(ئەورووپییە)کان نۆرم، ڕێسا و پلەبەندییان لە کۆلۆنییەکانی ژێردەستی خۆیان دروست کردووە و جێ خستووە؛ لەوانەش کار، سێکس و زاوزێ. مەککلینتۆک دەڵێ جێندێر و سێکسوالیتی، لە پرۆژە و ستراتێژی و فراوان بوونی دەسەڵاتی ئیمپریالیستەکاندا ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕن و هاوکات نیشان دەدا چۆن کۆلۆنیالیسم و پرۆسە مێژووییەکەی، کاریگەریی لە سەر ناسنامە و دارشتنی پەیوەندییەکانی ئێستا لە جیهاندا بووە.[٢٨] هەروەها یەکێکی تر لە پۆستکۆلۆنیال فێمینیستەکان Maria Lugones (١٩٤٤-٢٠٢٢) خەڵکی ئارژانتین و ماموستای زانکۆ لە ئەمریکا، داهێنەری چەمکی کۆلۆنیالیزمی جنسییەتی، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کۆلۆنیالیزم، پێکهاتەکان و نۆرمەکانی جێندێری/جنسییەتیی خۆی بەسەر ژێردەستاندا، هەم ژن و هەم پیاو، دادەسەپێنێ. ئەو پێی وایە کۆلۆنیالیستی ئەورووپی دەبێتە هۆی شێوانی پێکهاتەی خەڵکی ڕەسەن و خۆجێیی کە داگیرکراون.[٢٩]

ئەم دوو بیرمەندە باس لە پەیوەندیی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی لەگەڵ ژێردەستانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەگەر ئێمە بیری وان بەقەرز وەربگرین و پەیوەندیی شێخ و لەیلا وەک پەیوەندییەکی داگیرکەر (شێخ پیاوی ئێرانە) و لەیلای داگیرکراو چاو لێ بکەین، دەبینین چۆن لەیلا بووەتە کۆلۆنییەکی جنسیی شێخ. داواکانی شێخ لە لەیلا دەگەنە ئەوپەڕی بێکەرامەتی و تەنانەت لە کاتی مەرگی براکەیدا لەیلا ناتوانێ لە هەوەسی شێخ خۆی دەرباز بکا.

دەلال زەینەدین لە وتووێژێک لەگەڵ «قناة ندوة وطن» باسی ڕۆمانەکەی دەکا و باسی ئەوە کە چۆن «رجال دین» و پیاوانی حیزبوڵڵا دەسەڵاتیان پەیدا کردووە و ژنان «ئیستیسمار» دەکەن. ئەو دەڵێ دەیهەوێ بە ڕێگای ڕۆمانەکەی خۆیەوە ئەم زوڵمە نیشان بدا هەربۆیە کارەکتەری کچێک لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار کە پیاوێکی دینی هەر کارێکی لەگەڵ دەکا، دەخوڵقێنێ. زەینەدین لە قسەکانیدا باسی سیغە وەک «مفاجعە»یەک دەکا و بەردەوام دەبێ و دەپرسێ «ئەگەر ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دروستە بۆ بە دزی و بەنهێنی ئەنجام دەدرێ؟»[٣٠] دەلال زەینەدین لەم وتووێژەدا ڕەخنە لە ئێپیستیمە و دۆخی مەعریفی و ئاکاری ڕێبەرانی شیعە دەگرێ.[٣١] هەر ئەم بۆچوونەش لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا دەبینرێ:

*[...] ئێمە بە ئەشقی حوسێن سەرخۆش دەبین و بە خۆشەویستیی عەلی مەست دەبین، بە لەخۆدانی زەینەبیش قسان دەبزرکێنین. سۆزانیخانە لە باشوور نییە. ماڵی خودا کەم و ماڵی حوسێنیش زۆر هەن، لە هەر ماڵێکیشدا عەلی و حوسێن و زەینەب هەن. (ل. ٩٧)*

سیغە وەک هەناردەیەکی ئێرانی لەسەر سینیی شەرع وەک پەتایەک لە باشووری لوبناندا تەشەنە دەکا. (ل.٨٥) و ژنانێکی زۆر سیغە دەکرێن و پیاوان بەناو و بیانووی جۆراوجۆر، شەوانە دەچنە ماڵە ئەو ژنانە و هەر جارەی ئابڕووچوونێک ڕوودەدا و خەڵک پێیان دەزانن. هەر ئەوانەی تۆقەکردن لەگەڵ ئافرەتان حەرام

دەکەن، فەتوای ڕەوابوونی ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتان دەدەن:

*[...] ئیدی لەو ڕۆژەوە ئێمە تەوقە ناکەین، بەڵام بە ناوی ئایینەوە زینا دەکەین! (ل.٨٨) و جەستە بە هەندێک خۆراکی قوتوو و سابوون و شامپۆی ساختە دەگۆڕدرێتەوە. (ل.٩٣)*

بەڵام تەنیا سیغە نییە کە وڵاتی داگیر کردووە، بگرە هێزی دەرەکی و داگیرکەری ئێرانی بە هەموو شێوەیەک هاتووەتە ناو سیاسەت و ژیانی باشووری لوبنان. لێرەدا دیسان هەمان ڕاستیی گوتەی فانۆن دەسەلمێنێ کە کۆلۆنیالیزم تەنیا داگیرکاریی ئابووری نییە، بەڵکوو لەڕێگای کەلتوور و لە ناوەوەڕا وێرانکاری دەکات و ناسنامەت لێ دەستێنێ. ئێران گەرچی لەباری مەودا لە لوبنان دوورە، بەڵام لە ڕێگای دین و کەلتوور و سیاسەت پەلی هاویشتۆتە لوبنان:

*[...] ئەوەندە بەس بوو بیرۆکەکە ئێرانی بێت، تاکوو هەڵپە بکەینە سەر ئەنجامدانی بە تەواوی، بێ ئەوەی پرسیار بکەین.*
*تا کوو ئێستا نازانم، پاڵنەری دوای زۆرێک لەو کارە ئێرانییانە چی بوو، بە شێوەیەک پشتمان پێ دەبەستن وەک ئەوەی لە باپیرانی باشووریمانەوە بۆمان مابنەوە؟ (ل.٩٧)*

ڤەگێڕ دەزانێ کە ئێران سەنتەری مادەسڕکەرەکان و نەشتەرگەریی جوانکارییە و وڵاتەکەی ئەوی بە ڕێگای کەلتوور و ئایینەوە داگیر کردووە:

*[...] تۆ کارامەی لە نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ هەموو شێوەکانی گەندی، بە نەشتەرە ئایینییەکەت و بێهۆشکەرە هاوردەکەت لە وڵاتی زعفەران و مافووری عەجەمی. (ل.١۴۶)*

نووسەر هەموو ڕووداو و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دێنێتە ژێر ڕەخنە؛ دین، پیاوانی دینی، شەڕ، داگیرکاریی ئیسرائیل، هاتنی پیاوانی سەر بە ئێران بۆ لوبنان، مەزهەبی شیعە و سیغە، هەژاری و بازرگانی بە پرسی فەلەستین. ئەم ڕوانگە ڕەخنەگرانەیە زۆرجار تێکەڵاوی تەنز و ئیرۆنی دەبێ کە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا خۆی دەنوێنێ، واتە کاتێک ڤەگێڕ باسی ئەوە دەکا چۆن ڕاست لە ڕۆژێکی وەک ڕۆژی عاشووردا چاوی بە شێخ دەکەوێ. ڕاست ئەو کاتەی خەڵک دەگرین و بۆ چاوچاوێن نابێ. بەڵام لەیلا دەزانێ کە لە ڕاستیدا کەس بۆ حوسێن ناگری بەڵکوو هەر کامەو بۆ دەردی خۆیان دەگرین؛ ژنێک کە مێردەکەی ژنی بەسەر هێناوە، پیاوێک کە براکەی لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژراوە، دایکی کە بۆ عەباس دەگری کە چۆتە ناو بزووتنەوەی ئەمەل. لەیلا بە تەنزەوە دەڵێ:

*حوسێن بەر لە هەزارو چوار سەت ساڵ شەهید بوو، کەچی تاکوو ئێستا ئێمەی زیندووان لە هەر بۆنەیەکی ئایینیدا گوایە بۆی دەگرین [...] (ل.٢٧)*

ئیرۆنیی گێڕانەوەکە کاتێک دەگاتە ئەوپەڕی خۆی کە شێخ بۆ دانی زەکات بە کەوشی مارکدار و بە ماشێنی مێرسێدێس دێتە ماڵی لەیلا کە تاقە ژوورێکە لە کۆڵانێکی قیرەتاونەکراودا. ئەو کۆڵانەی هەژارەکانی لە شەوی زەماوەندیشدا تەنیا نان و جاترەیان هەیە بیخۆن.(ل.٢٢) ماڵی لەیلا جگە لە هەژاری و چا هیچی دیکەیان نییە میواندریی شێخی پێ بکەن. شێخ بە ڕواڵەت خاکەڕایانە لە سەر عەرز دادەنیشێ و لەگەڵ دایکی لەیلا دەکەوێتە گفتوگۆ. کاتێک ئێزن دەخوازێ دەستنوێژ بگرێ، منداڵەکان کایە بە

مێزەری شێخ دەکەن. لە تەواوی ئەم ساتانەدا لەیلا شڵەژاوە. دایکی لەیلا بەرماڵەکەی بۆ درێژ دەکا:

*دایکم بەرماڵەکەی بۆ درێژ کردیت، هەر هێندەی رووت بەرەو قیبلە وەرگێرا بە لاچاوی چەپت غەمزەیەکت بۆ کردم، پاشان دەستەکانت بەرز کردەوە، تاکوو ناوی خودا بهێنیت «ئەڵلاهو ئەکبەر»، ئەو چاوداگرتنەت بەلای منەوە تەنیا هێمایەکی راگوزەر نەبوو، چەکی دانپێدانانی راستەوخۆت بوو بە سەرسامییت بە من (ل.٣٢)*

پیاوی دین و چاوداگرتن لەسەر بەرماڵ؟ دوای نوێژ شێخ جزدانە هەڵمساوەکەی لە گیرفانی ناوەوەی عەباکەی دەردێنێ. خۆشی رووی خوشک و برای لەیلا دادەگرێ:

*ئاخر ئێمە لەسەر خێر و خێراتی گیرفانە هەڵمساوەکان دەژیاین [...] (ل.٣٣)*

مێزەر و جەستە گەلێک پرسیار دەورووژێنێ کە بە زار و مێشکی لەیلای ڤەگێردا دێن. چۆن شیعە دوای هەزار ساڵ هەم بۆ «حوسێن» دەگرین و هەم زینا دەکەن. چۆن دەبێ پیاوانی دینی وا لۆکس بژین؟ ئەو پارەیە لە کوێوە دێ؟ بۆ لەسەر بێماناترین شت گرووپە چەکدارەکان کێشمەکێشمیان هەیە؟ بەڵام باشترین پرسیار ئەوەیە کە چۆن شێخ عەلی دوای بیست و پێنج ساڵ هێشتا نەکوژراوە؟ دیارە بۆ؛ ئەوان خۆیان لۆکس دەژین و خەڵکی بێدەرەتان بە کوشت دەدەن. بە هەمان نەفس و شێوازی ئیرۆنیک لە ناوەراستی رۆمانەکەدا کاتێک شێخ پەیدا دەبێتەوە و مەهدی کوژراوە، بەڵام شێخ هەر زیندووە، لەیلا لێی دەپرسێ:

*- بۆچی تا ئیستا نەمردوویت؟*

*- مژووڵی هاندانی ئەوانی دی بووم بۆ مردن. (ل. ٢٤٩)*

ئینتێرسێکشنالیتی روانگەیەکی رەخنەگرانەیە وەهلی شیکردنەوەی تێکتەنراویی ژێردەستی دەرەخسێنێ. ئەم روانگەیە ریشەی لە بۆچوون و تیۆرییەکانی پۆستکۆلۆنیالی، تیۆری رەخنەیی و ئەزموونی رۆژانەی ئەفرۆئەمێریکەنەکاندایە.[٣٢] چەمکی ئینتێرسێکشنالیتی نایەکسانیی رەنگین پێستەکان و نایەکسانیی جنسییەتی دێنێتە بەر باس و پێی وایە بۆ وێنە ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن تەنیا بەهۆی جنس و فیزیکی ژنبوونەوە نییە کە ژێردەستەن، بەڵکوو هۆکار و پێکهاتەی دیکەش وەک رەنگی پێست، لەسەر ژێردەستەبوون کاریگەریی هەیە. ئەگەر ژنێکی سپی بەهۆی ژنبوون ژێردەستە بێ ئەوە ژنێکی ئەفرۆئەمێریکەن چەند جار ژێردەستەیە. واتە جیا لە ژن بوون، فاکتگەلی وەک ئێتنیستیتە، رەنگی پێست، شوێن و ناوچەی ژیان، ناتوانایی و کەمئەندامی، چین، خوێندەواری، تەمەن و هتد، کاریگەرییان لەسەر هەڵاواردەیی و ژێردەستەییدا هەیە.[٣٣] ئینتێرسێکشنالیتی چوارچێوە و روانگەیەکە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن فۆرمە جۆراوجۆرەکانی نایەکسانی و هەڵاواردن یەکتردەبڕن؛ -بەتایبەت لە ژیانی تاکی پەراوێزخراودا- و چۆن رەگەز، نەتەوە، چین، سێکس، ئایین، تەمەن و تاد، کاریگەرییان بۆ دروستکردنی ئەم ژێردەستییە هەیە.

نووسەری مێزەر و جەستە دەیهەوێ دۆخی ژێردەستی چەندقات و چەندلایەنە و دۆخی سووریئالی ژیانی ژنان و کچان لە گەرەکە هەژارەکانی باشووری لوبنان نیشان بدا. ژنانێک کە شەوانە لەماڵی لەیلا کۆدەبنەوە و باسی ئەزموونە سێکسییەکانی خۆیان دەکەن. ئیسرائیل ئەم ناوچەیە بەردەوام بۆمباران دەکا، بەڵام ئەم بۆمبارانانە دەبنە سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەژاران. لەیلا باسی براکەی عەباس و رەفیقەکەی مەهدی دەکا کە چۆن دوای

بۆمبارانەکان ئاسنەواڵەکان کۆ دەکەنەوە:

*ئەو دەمی گوندەکەمان لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە بۆمباران دەکرا، بۆ ئەوەی ڕای نەدەکرد لە ترسی بۆمباران بگەڕیتەوە ماڵەوە، خۆی و مەهدی بۆ ئەوە ڕایان دەکرد تاکوو قەوانە تۆپ و مووشەک کۆ بکەنەوە نەکوو یەکێکی تر پێش ئەوان کۆیان بکاتەوە، هەر دووکیان شەیدای ئەم سەرکێشییە بوون لەبەر پێویستیی کەسێتی. (ل.٤٠)*

عەباس و مەهدی ئاسنەواڵەکانیان بە بازرگانێک دەفرۆشت و پارەکەیان بە یەکسان دابەش دەکرد. عەباس بە پارەکە ڕەنگی بۆ نەقاشی دەکڕی و مەهدی جلوبەرگی وەرزشیی پێ دەکڕی. کاتێک لە پارەکەی مەهدی زیاد دەماوە بە قەرز دەیدایە عەباس کە بنەماڵەیەکی پڕکەسی هەژارتر بوون. عەباس کوڕێکی دەسترەنگینی نەقاشە. لەسەر دارودیواری ماڵە هەژارەکان کە زۆر جار پەنجەرەشیان نییە باڵندە و دار دەکێشێتەوە. عەباس هیچی جگە لە جوانکردنی دەوروبەری نەدەزانی.(ل.٤٣) بەڵام هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بەوە دەزانن و دەیانهەوێ لە توانایی ئەو بۆ خۆیان کەڵک وەربگرن و وێنەی خومەینی و ڕێبەرەکانیان لە سەر دیوارەکان بکێشێتەوە. بۆیە دایدەمەزرێنن

*جەنگ بەهرەی کەسانی ساویلکەی وەک ئێمە دەقۆزێتەوە، ئیدی چۆن لێ دەگەڕێت بەهرەیەکی بەخشەندەی وەک بەهرەی عەباسی لەدەست دەربچێت! (ل.٤٦)*

بەڵام عەباس بیرتیژە و شتەکان دەبینێ. جارێک کە لە بەیرووت ڕا دەگەڕێتەوە ئەو پرسیارە دەکا

*ئێمە لەمێژە هەژارین، بۆچی شێخ عەلی پێشتر تێبینیی ئەمەی نەکردووە، بۆچی ئێستا ئەم هەموو بەخشندەییەمان بەسەردا دەبارێنێت؟! (ل. ١١٥)*

دایکی لەیلا زیاتر لە هەموو کەس متمانەی بە دین و پیاوانی ئایینی بوو. ئەو کە هێندە هەژارە تەنیا تاقە دەرپێیەکی هەیە و کاتی نوێژ دایدەکەنێ و بە کراسەکەی لاقولەتەری دادەپۆشێ، بەڵام قەت شک لە دۆخی ژێردەستەیی خۆیان و ناپاکیی شێخ ناکا. هاوکات شێخ لە کاری خۆیدا کارامەیە. ڕۆژێک کە شێخ لە ئێران ڕا گەڕاوەتەوە و پارەی بۆ خێرکردن لەگەڵ خۆی هێناوە، داوا لە دایکی لەیلا دەکا کە لەیلا لەگەڵی بڕواتە دەر تا جل بۆ منداڵەکان بکڕن. دایکی دیندار متمانەی بە ئایین و شێخە و ڕێگری لە کچەکەی ناکا. ئەم ڕۆژە شێخ بە لەیلا دەڵێ دەیهەوێ سیغەی بکا

*- هێشتا لەسەر قسەی خۆمم، ئەمڕۆ دەمەوێت مارەت ببڕم.*
*- بەڕاستیتە؟! بڕوا ناکەم!*
*- هاوسەرگیریی سیغە، وەکوو هاوسەرگیریی ئاسایی.*
*- تێنەگەیشتم؟*
*خوێن لە دەمارەکانمدا مەیی، چۆن یەکێک زڵەیەکی بە پشتەملمدا کێشابێت، زڵەکەی لێلییەکی لە چاومدا دروست کردبێت. نائومێدییەکەم هەزار قات بوو، نائومێدییەک دوای ئەو هەموو خەونە بەرفرەوانانە چاوەڕوانی نەبووم. (ل.٧١-٧٠)*

دواتر سیغەکردنەکە چەندین جار و بە پارە چەندپاتە دەبێتەوە. پارەیەک کە بنەماڵەی لەیلا لە هەژاری نەجات دەدا بەڵام لەیلا دەکاتە کۆیلەی جنسیی شێخ و لەیلا دەبێتە ئەوینداری شێخ. دۆخی هەژارەکانی کۆڵانەکەیان وا سەختە کە جیرانەکان ئێرەیی بە جلە تازەکانی منداڵەکان دەبەن.(ل.٨٢) لەیلا ناوێری تەنانەت بۆ دەستەخوشکەکانیشی باسی پەیوەندیی خۆی

و شێخ عەلی بکا، ئاخر شێخ کەسایەتیی ئایینی و سیاسی بوو و نەدەکرا لەیلا ببێتە هۆکاری زڕاندنی ناوی شێخ و ئابڕووچوونی.(ل.١٠٣) تەنانەت کاتێک شەوێک لەیلا بەدزی دەچێتە لای شێخ و نیگابانی شێخ لەیلا نابینێ بەڵام تەقە لە تاریکی دەکا بەیانی دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە هەوڵی تیرۆری شێخ دراوە و ئەمەش هەر بۆ پترناوەدەرکردنی شێخ و ئۆتۆریتەی باشە. ئەم دۆخە نەفرەتکراوە، دۆخێک کە حەز ناکەی شانبەشانت بڕوا، پتر لە ساڵێک دەکێشێ و شێخ لەسەر پەنجە لەیلا دەسووڕێنێ.(ل.١١٥-١١٤)

لەم دۆخە نابەرانبەرەدا تێکتەنراویی ڕووبەرەکانی ژێردەستی بە ڕوونی دیارن. لە لایەک شەڕە، لە لایەک بازرگانان لەم شەڕە قازانج دەکەن. لە لایەک باسی شەڕ بۆ فەلەستین دەکرێ و کایە بە هەستی خەڵک دەکرێ، لە لایەکی تر کچانی جەوان دەبنە خۆراکی سێکسیی پیاوانی دین. پارەی زەکات و ئێران هێندە زۆر و کاریگەرە کە بنەماڵەی هەژاران دەتوانن جل و گۆشتی پێ بکڕن و لە خۆشییان خەویان لێ نەکەوێ:

*هاتنەکەت بەلای ئێمەوە لە پەرجوویەکی ڕاستەقینە دەچوو، چرایەکی ئەفسووناوی بوو لەپڕ یەکێک بێ ئەوەی داوای لێ بکەین، لێوەی سەری دەهێنا و ئەم هەموو خۆشییەی بەسەرماندا باراند. من ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم! خوشک و براکانیشم هەر نەنوستن. [...] (ل.٣٦)*

ئەوین، سێکس، دەسەڵات و پارە، جوانی و هەژاری، بازنەیەکی شووم دروست دەکەن. زۆر جار لەیلا ویستوویەتی خۆی ڕزگار بکا بەڵام لە داوی پارە و ئەوینی شێخ ڕزگاری نەبووە. تەنانەت ساڵانی دواتر کە لەیلا مێردی کردووە هەر ناتوانێ شێخ فەرامۆش بکا:

*هەموو هەوڵەکانم بۆ هەڵاتن لە تۆ مایەپووچ بوون، بێ ئەوەی بمویت گەڕاندمیانەوە بۆ لات، چما بەڕاستی دەمەوێت لەبیرت بکەم؟! یا خود پاساو دەهێنمەوە، تاکوو لە بەردەم خوێنەراندا وا نیشان بدەم ئافرەتێکی نموونەییم؟!چۆن لەو گرییەی لەگەڵمدایە قوتار بم و ڕزگار بم لەو هەستی خۆبەکەمزانینە لە بەردەمتدا؟! [...] ئەوەتانێ بزەخەنەت بۆ دەکەم، زۆر بە بێچاورووییەوە هەر کە وشەکانیم بیر دێنەوە تۆش لەو ڕۆژەدا وڵامی پرسیارە بێماناکەم دەدەیتەوە*

*- بڵێی ڕۆژێک بێت لە بیرم بکەیت؟!*

*- بەڵێ، ئەو دەمی فەلەستین ڕزگار ببێت، لە بیرت دەکەم. (ل.١٣٣)*

لەیلا لەسەر نووسینی ڕۆمانەکەی سوورە. نووسینی ڕۆمانێک بۆ ئەوە دەبێ ژیانتی لەسەر دابنێی. دوای ئەوەی ڕۆژێک مێردی لەیلا داوەتی دەکا لە دەرەوەی ماڵ لەسەر «مەرمەرە» ماسی بخۆن، لەیلا مۆڵەتێک بە خۆی دەدا، چونکە هێشتا لەسەر نووسینی ڕۆمانەکە ناخۆشی لەنێوانیاندا هەیە. هاوکات ئیستانبوڵ شارێکە کە کەمەندکێشت دەکا، تەنانەت ئەگەر حەزت لە ماسی خواردنیش نەبێ. مێردی لەیلا خەریکی مۆبایلەکەیەتی و لەیلاش بە هەمان شێوە و وڵامی چەند کۆمێنتێکی فەیسبووکی دەداتەوە. لەیلا بایەخ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدا کە «پەنجەرەیەکت بۆ دەکاتەوە و بانگهێشتت دەکات بێ هەڵاواردن، چاوەدزێ بخەیتە سەر هەموویان.»(ل.١٢٠) لەپڕ لەیلا وێنەیەک دەناسێتەوە. لە ئەکاونتی فەیسبووکەکەی دەگەڕێ. مەهدییە. هەمان مەهدی ڕەفیقی عەباس کە لەیلا لەسەر داوای شێخ ڕازیی کردبوو لە بزوتنەوەی ئەمەل ڕا بچێتە ناو حیزبوڵڵا:

*(مەهدی) پێری بە هۆی کەوتنە ناو بۆسەیەکی شۆڕشگێرانی غوتەوە لە سووریا مرد. لەو دەمی بۆی دەگریام پێکەنینێک*

دایگرتـم. چما ئەمانە ئەو شۆڕشـگێڕانەن سـاڵانێکە من بەرگرییان لـێ دەکەم، بە کوشـتنی مەهدیی هاوڕێی عەباسـی برام پاداشتم دەدەنەوە؟ ئەمە چ پارادۆکسێکە؟ (ل.١٢١)

خەم دایدەگرێ و لەیلا هەسـت بە تاوان دەکا. ئەو زامانەی پێی وا بوو وەخەبەر نایەنەوە دیسان تەشەنە دەکەن. لەسەر یەکێک لە وێنە تازەکانی مەهدی بەدەم گریانەوە کۆمێنتێک دەنووسێ:

«بۆچی بڕوات پێ کردن مەهدی، ئەوان درۆت لەگەڵدا دەکەن، ئەوان هەڵیانفریواندی؛ خۆ ڕێگەکانی قودس بە دۆمادا تێناپەڕن، باشوور کورترین ڕێگەیە بۆ فەلەستین، ئاخر بۆچی بڕوات پێ کردن؟ سوێندت بۆ دەخۆم ئەوان درۆ دەکەن.» (ل. ١٢٢)

ئەم کۆمێنتە سـەرودڵی زۆر کەسـان دەگرێ و لەیلا بە خۆفرۆشـی تۆمەتبـار دەکەن. لەیلا دەگەڕێتـەوە ماڵ و دەخوازێ بنووێت تا هەموو شتێک لەبیربکات. نامەیەکی لە پۆستی تایبەت ڕا بۆ دێ:

ئایـا تۆ لـەیلای؟ ئەدگارت لـە وێنەکەدا تـا ڕادەیەک لـەو دەچێت، ئایـا خۆتی؟ کۆمێنتەکـەی لەسـەر وێنەی شـەهید مەهدی نووسیوتە بسڕەوە! (ل.١٢٢)

شـێخ عەلییە و ئەمە دەبێتە سەرەتای گفتوگۆ و جەنگێک. لەیلا دەیناسـێتەوە. یادگەی لەیلا دەگەڕێتەوە شـەوی عاشـوورا. لـەیلا چاو لە پۆستەکانی شێخ دەکا. لەیلا کەمەندکێش دەبێ. هێشـتا شێخ کاریگەریی بەسـەر لەیلاوە ماوە. شێخ دەست بە پرسـیار دەکا و سەردەکێشێتە ناو قوژبنی ژیانی لەیلا:

- چەند منداڵت هەیە؟
- ئەمە ئیشی تۆ نییە.
- زماندرێژ بوویتە!
- بۆچـی بـە دیاریکـراوی مەهدییـت هەڵبژارد؟!
- خـوا هەڵیبژارد، پاشـان بۆچی ئەوەندە بایەخ بـەم بابەتانە دەدەیـت؟! چاوەڕوانی پرسـیارێکی تر بووم، بۆ نموونە پرسیاری دۆخم بکەی!
- حەز بە پرسـیاری ڕۆتینی ناکەم، ئیستا مەهدی و شۆڕشی سووریا گرینگترن.
- هههههههه، بە شۆڕشی ناو دەبەی! ئایا تۆ لەیلایت یا یەکێکی تر؟!
- بمبەخشە، کۆرپەکەم بێدار بووە، دەبێت بایەخی پێ بدەم.
- ناوی چییە؟
- عەلی نییە، ناوی هیچ یەک لە منداڵەکانم بەم ناوەوە ناو نەناوە.
- بە ئەنقەست وات کرد؟
- ڕەنگە!
- ئەمـە ئـەوە دەگەیێنێـت تۆ لـەم ناوە بترسیت.
- نا، بەڵام کاتێک تۆم لەبیر کرد ناوەکەشم لە بیر کرد، تەنیا ئەوەندەیە.
- خۆت بە گەورە دەزانیت، ئەمە نەریتی تۆ نییە.
- ئیتر نەریتەکانم گۆڕاون.

دەرگەی گفتوگۆم لە نێوانماندا داخسـت، چـۆن دەرگەیەک لـە دەرگەکانی دۆزەخم بەسەردا داخرابێت. (ل. ١٢٦-١٢٧)

وە لەمەودوا شـێوازێکی تازەی گفتوگۆ لە نێوان شـێخ و لەیلادا دەست پێ دەکا. شەپۆلی زەین یادەکان زیندوو دەکاتەوە؛ ئەکتە سێکسییەکان، فێربوونـی جگەرەکێشـان لە شـێخ، عەباس، مەهـدی، نۆیکردنەوەی سـیغە بـە بەهانەی جۆراوجـۆر، فێربوونـی لێکدانـەوەی قورئان و فاڵگرتنەوە، نیشتمانی تایەفە و ئیدیۆلۆژییەکان، تاوانەکانی ئیسـرائیل، گوتارەکانی شـێخ دژی

ئیسرائیل، عیماد، کوڕێکی شێت، کە تا ئەو پەڕی خۆشەویستی لەیلای خۆش دەویست و شێخی نگریس تەنانەت دەیهەوێ عیماد بۆ «چالاکیی ئیستیشهادی»(ل.۲۵۴) بەرەو دوژمن بەڕێ بکا. لەیلا ڕاوەستانی خۆی دژی بڕیاری شێخ بۆ بە کوشتدانی عیمادی دێتەوە یاد:

*- تەنانەت ئەگەر ئەو چالاکییەی باسی دەکەیت هەموو خواروو ڕزگار بکات، ڕێگەت نادەم بە عیمادی بکەیت، لە یەکێکی دی بگەڕێ.*
*- تۆ کێیت تاکوو ڕێگەم بدەیت، یا نا؟!*
*بۆ یەکەم جار تێبینیی ئەم نگریسییە لە تۆنی دەنگی شێخ عەلیدا دەکەم! کاتێک ویستم بڕۆم بە توندی دەستی گرتم:*
*- بۆ کوێ؟! هێشتا ئاوەکەم تێتدا بەتاڵ نەکردووە.*
*- بەو شێوەیە قسانم لەگەڵدا مەکە وەک ئەوەی سۆزانیی تۆ بم.*
*- تۆ وایت. (ل ۲۶۶)*

و شێخ دەکەوێتە گیانی لەیلا و جلەکانی دادەکەنی. بۆ یەکەمجار لەیلا لە شێخ دەترسێ. گەرچی لەیلا تا ڕادەی شێتیی شێخی خۆش دەویست بەڵام دوای ئەم ڕۆژە بڕیار دەدا نەگەڕێتەوە لای شێخ:

*ئەمە دوامین جار بوو شێخ عەلیم بینی، دوامین جاریش بوو زەکاتی پێ داین، دوامین جاریش بوو خۆم یەکلا کردەوە لێی دابڕێم.(ل.۲۶۷)*

جیهانی لەیلای شازدەساڵانە کە تیکەڵاوێک لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و خۆشەویستی و نیاز بوو، ئێستا دوای بیست و پێنج ساڵ تێکەڵاوی باوەڕبەخۆیی و بەرپەرچدانەوە بووە. سەردەمانێک لەیلا منداڵکار بوو و نەیدەتوانی لە بەرانبەر شێخەکەیدا ڕابوەستێ، بەڵام ئێستا بە وتەی مێردی لەیلا، ئەم ئافرەتە ئاڵۆزە، (ل.۲۴۱) دەتوانێ لە بەرانبەر شێخ دا ڕاوەستێ و پێی دەڵێ شێخ بە بیری فارس گۆش کراوە بۆ کوشتنی خەڵک. لەیلا کە بۆخۆی دەزانێ هۆکاری ڕاستەوخۆی گرێی ئەم ئافرەتە ئاڵۆزە هەمان شێخە، ئێستا دەیهەوێ قامک لەسەر جیاوازیی خۆی و شێخ دابنێ:

*- هەوڵ دەدەیت بۆم بسەلمێنیت تۆ لە لایەنی هزرییەوە پێگەیشتوویت، ئەمەم پێگەیشتە، من دانی پێدادێنم تۆ بە ڕۆشنبیرییەکەت لە من لەپێشتری، ئایا ئەمە ئەو شتە نییە دەتەوێت پێی بگەیت؟*
*- نا، ئەمە نییە من دەمەوێت، من تەنیا دەکۆشم بۆت ڕوون بکەمەوە من لە گەلێک شتدا لە تۆ باشترم، نەک تەنیا هەر بە ڕۆشنبیرییەکەم، ئەمە هەموویەتی.*
*- [...]*
*- وادیارە زۆر کاریگەری بەوەی لە ڕۆژئاوادا دەیڵێن!*
*- بەڵێ، ئەمە ڕاستە، کاریگەریم بە بیری ڕۆژئاوا تەواو لە کاریگەریت دەچێت بە بیری فارسی، لەگەڵ جیاوازییەکی سادەدا، ئەو بیروبۆچوونانەی وەریاندەگرم هانی کوشتنی کەسم نادەن وەک ئەوەی بۆچوونەکانی تۆ دەیکەن [...] (ل. ۲۴۲-۲۴۱)*

ڤەگێڕ گێڕانەوەکە تاو دەدا. ئەم ژنە ئاڵۆزە کە باسی نووسەرانی گەورە و بیرمەندانی وەک کافکا و فرۆید و هێلین فیشێر دەکا، بە ئەوین و گیرۆدەیی خۆی بە شێخدا دەچێتەوە. داوای لێبووردن لە دڵی دەکا. شێخ بەردەوام پەیامی بۆ دەنێرێ و دەڵێ دەبێ یەکتر ببینین و شێخ دێتە تورکیە. لەیلا بەیانییەک بە بیانووی چوونە لای دوکتور دەڕواتە دەر تا شێخ ببینێ. شێخ پەیتا پەیتا پەیامی بۆ دەنێرێ. لەیلا پەیامەکان دەبینێ بەڵام وەڵام ناداتەوە. لەیلا دەڕوا بۆ ئەم قاوەخانەیە کە شێخ لەوێ دانیشتووە. لە

دوورەوە شێخ دەبینێ، بەڵام ناچێتە لای شێخ و دەگەڕێتەوە ماڵ.

هــەژاری، بــاوەڕی دینی و خۆشویســتن کاریگەرییــان هەیە لــە دروســتبوونی جۆرە پەیوەندییەک کە لــەیلای جەوان تێیدا دەبێتە بەردەیەکی سێکســی و جەستەی لەیلا دەبێتە کۆلۆنییەکی جنســی. لەیلا بەم هۆکارانە دەبێتە کۆیلەی جنســیی شــێخ بەڵام بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە، هەوڵی دابڕان لە شێخ دەدا تا خۆی ببێتە ســەروەری خۆی. هەم کاتێک ســیغەکە نوێ ناکاتەوە و هەم دوای بیســت و پێنج ساڵ گەرچی دڵی هەر لای شــێخ بــووە، تا بەردەم شــێخ دەڕوا بــەڵام ناچێتە لای و بــەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. لێرەدا لەیلا هەم وەک کۆیلەیەکی جنســی و هەم وەک کەســێک کە وڵاتەکەی داگیرکــراوە، لەبەرانبــەر ئەرباب ڕادەوەســتێ. ئەم پرۆســە دەروونییە گەرچی زیاتر لە بیست وپێنج ساڵ دەخایەنێ، بەڵام سەرئەنجام دەگاتە ســەنتێزێک؛ هەوڵی لــەیلا بۆ ئــەوەی لەژێر ســەروەری و دەسەڵاتی ئەرباب بێتە دەر. دوای گەڕانەوە بۆ ماڵ پەنا بۆ مێردەکەی دەبا:

*بە توندی ئامێزی لــێ دەدەم، نەک لەبەر خۆشەویســتی، بەڵام دەمەویــت دڵنیا بم لەوەی تەنیــا ئەم جارە ســەرکەوتووبووم لــە دەربازبــوون لــە دەســتت، هەروەها ئــەو چۆلەکانەی عەباس لە قــەدە دیواری هەژارەکان نیگاری دەکێشــان، لە دواییدا توانییان لە شــەقەی باڵ بدەن و بفڕن..... (ل ۳۳۰)*

ئایا نەچوون بۆ لای شێخ ڕزگارییە؟

فانۆن بــۆ ڕزگاربــوون لــە داو و زنجیر کاری بەکۆمەڵ و شــۆڕش بە پێویست دەزانێ. فانۆن تەنانەت توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە بۆ گەڕانەوەی کەرامــەت بۆ خەڵک و شــکاندنی دەســەڵاتی کۆلۆنیالیســت بە زەرووری دەزانێ. فانۆن دەڵێ ســتەملێکراوان دەبێ ژیانی خۆیــان کۆنترۆڵ بکەنــەوە. بۆ ڕزگای لە عەقڵییەتــی کۆلۆنیالی، هوشــیاری، ئاگایی و بەخۆداچوونەوە مەرجن و تاک لە ڕێگای بە سوبژەبوون واتە بوون بە تاکی بکەری ئاگا و دابڕان لە نۆرمی داگیرکەر دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا و ئایدێنتیتیی خۆی دروســت بکاتــەوە. ڕزگاری لــە کۆلۆنیالیســتەکان تەنیا ڕزگاریی سیاسی نییە، بەڵکوو ڕزگاریی دەروونی و کەلتوورییــە. ئەوەی پۆستکۆلۆنیالیســتەکان جەختی لەســەر دەکەن و پێیان وایە کە دەبێ دوای ڕزگاری، ئاسەوار و کاریگەریی بەها و نۆرم و مێکانیســمەکانی سیســتەمی کۆلۆنیالیستی لەخــۆت دارنی و لەســەرڕاوە خۆت پێناســە بکەیتەوە. بــەڕای فانۆن ئینســانی کۆلۆنیکراو، گەرچــی هەوڵــی ڕزگاری دەدا، بەڵام بەردەوام لەنێوان چەند ســووژەییدایە؛ ســووژەیەک کە بەســەریاندا سەپاندووە و ســووژەیەک کە پێی وایە خۆی بڕیاردەرە. هەر ئەو جۆرەی لە لەیلادا دەبینین. لەیلا هاوکات کە دەیهەوێ لە شــێخ ڕزگار بێ پەلکێشــی دەبێت. نووســەرهاوکات کە پەیوەندیی جنســیی شــێخی داگیرکەر و لــەیلای داگیرکراو دێنێتە ژێــر ڕەخنە، خۆی دەکاتە ئۆبژەی سێکسی بۆ مێردەکەی تا بتوانێ ڕۆمانەکەی بنووسێ:

*[...] دوور لــە خدیی خۆم خۆشەویســتیم بۆ پیاوەکەم دەرخســت، بۆ یەکەمین جار داوای سێکســی لــێ دەکــەم، هەوڵێکی سەرنەکەوتووی من بوو بۆ پێشکەشکردنی بەرتیلدانــی بەیانییانــە بۆی لــە بەرانبەر ئەوەی واز لە جارسکردنم بهێنێت، کاتێک دەربارەی تۆ دەنووسم...! (ل۱۶)*

ڤەگێڕ بۆ ئەوەی بتوانێ بنووسێ تەنانەت ئامادەیە جەستەی خۆی بکاتە کەرەسەیەک بۆ بەرتیلدان بە مێردەکەی. لێرەدا لەیلا ڕاست هەمان کردووە دوویات دەکاتــەوە کە خۆی بــە دژی دەنگی بەرزکردووەتەوە و ڕەخنەی لێ دەگرێ و ڕۆمانی لەســەر دەنووســێ؛ واتە جەســتەی ژن وەک

کەرسەیەک بۆ ویستەکانی پیاوان یا کردنی بە ئۆبژەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک. ڕاست کاتێک کە لەیلا لە شێخ دادەبڕێ دەچێتە ئامێزی پیاوێکی تر واتە مێردەکەی و لەباوەشی دەکا. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا لەیلا لە ئەخلاقی کۆیلەبوون ڕزگاری بووە؟

سەرەڕای ئەم پرسیارە، خاڵی هەرە گرینگ لە مێزەر و جەستە دا ئەوەیە کە خودی نووسینی ڕۆمانەکە و گێڕانەوەکە دەگاتە مەقسەد و ڕۆمانەکە بە هەموو دژایەتییە ناوخۆییەکانییەوە دەگێڕدرێتەوە و دەنووسرێت. مێردی لەیلا لە هەوەڵەوە ڕازی نییە ژنەکەی ڕۆمانێکی وا بنووسێ و بەتایبەت نابێ ئاماژە سێکسییەکان بچنە ناو دەق. بەڵام لەیلا ئامادەیە بەخاتری نووسینی ڕۆمانەکەی و بەقەولی خۆی گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی واقیعی، تەنانەت جیا بێتەوە؛ گەرچی منداڵی وردی هەیە. نووسین دەبێتە دەرمانی گرێیەکی دەروونی. نووسین دەبێتە دەنگی ژێردەستان و دەرفەت و هەوڵێک بۆ باس لە داگیرکردنی وڵاتەکەی و ئەو ستەمە جنسییەی بەناوی دین و بەهەشت لە ژنان دەکرێ. بەخاتری نووسین لەیلا ئامادیە تەنانەت ناوی»ڕافیزە«ی[۳۴] لەسەر دابنرێ. (ل. ۱۸)

هەڵبەتە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ڤەگێر بۆ دین لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا دەبینرێ و دەکرێ ئەم باسە بێتە گۆڕ کە ڕەخنە و لادان لەو ئایینەی کە تێیدا لە دایک بووی، هەمیشە پرسێکی هەستیار، پڕمەترسی و تێکەڵاوی کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و یاساییە. بۆ وێنە لادان لە ئیسلام کفرە و دەتوانێ حوکمی مەرگی هەبێ یا تاک تووشی زەبروزەنگ، تەریک کردن، ڕفیدان، تاراوگە و تف و لەعنەت بکا. هاوکات تیرامانی ڕەخنەگرانە دەتوانێ لە پرۆسەی گەشەی تاکدا ڕزگاری لەگەڵ خۆی بەدیاری بێنێ. هەر ئەو جۆرەی هەم لە ناو ڕۆمانەکەدا و هەم لە دنیای دەرەوەی ڕۆمانەکەدا نووسەر و لەیلا ناچار دەبن بڕۆنە تورکیە.

وەک پێشتر ئاماژە کراوە ئەم وتارە هەوڵ دەدا ببێتە نووسین و شوێنێکی نێوان بواری[۳۵] بۆ شیکردنەوەی تێکتەنراویی ڕووبەرەکانی ژێردەستی[۳۶] لە ڕۆمانی مێزەر و جەستەدا. بەهەمان شێوە کە ڕۆمان و گێڕانەوەکە، وەک کارێک لە ڕوانگەی هێگێلەوە، هەوڵێکی ڕزگاریخوازانەیە[۳۷] و ستەمی جنسی لەژێر ناوی گەیشتن بە بەهەشت لە لایەن «رجال دین» بە باشترین شێوە نیشان دەدا:

*کاتێک پێت گوتم لە بەرانبەر هەر ساعەتێک چێژ لەگەڵتدا دەیبەمە سەر، کۆشکێکی نوێم لە بەهەشتدا بۆ بنیات دەنرێت، منیش بە ساویلکەیی پێم گوتی: «من بە تەنیا چی لەم هەموو کۆشکە بکەم؟! دەمەوێت لەبری من بۆ خوشک و براکانم و دایکم کۆشک بنیات بنرێن.»(ل. ۱۴۷)*

کاتێک باس لە نێوانبواری دەکەین، بەو مانایەیە کە توێژینەوەیەک چەندین دیسیپلین و بازنەی تیۆریی تێکەڵ بە یەکتر دەکا تا باشتر بە وەڵامی پرسێکی ئاڵۆز بگا. کاتێک باس لە تێکتەنراویی ڕووبەرەکانی ژێردەستی/ئینتێرسێکشنالیتی دەکەین، باس لە چوارچێوەیەکی شیکاریی کۆمەڵناسانە دەکەین بۆ تێگەیشتن لە کارتێکردنی چەندین فاکت و توخم لەسەر یەکتر کە ژێردەستی، جیاوازی یا باڵادەستی دروست دەکەن و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تاک و یا گرووپەکانی لێ دەکەوێتەوە.

دەلال زەینەدین بە نووسینەوەی ژیانی لەیلاکانی وڵاتەکەی کە بەهۆی نەدارییەوە دەبنە نێچیری پیاوانی دەسەڵاتدار و پیاوانی ئایینی، چووەتە ڕیزی نووسەرانی دژەداگیرکاری و بووەتە دەنگی ژنانی ستەملێکراوی ناوچەکە. ڕۆمانی مێزەر و جەستە دەچێتە خانەی ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالی و پێمان نیشان دەدا چۆن جەستەی ژن وەک کۆلۆنییەکی سێکسی بەڕێگای ئیدئۆلۆژی، سیاسەت و ژێردەستیی

چینایەتــی، کەڵکی لێ وەردەگیــرێ. هاوکات لە پرۆســەی گێڕانەوەکەدا نیشــانمان دەدا زۆر جار پێکهاتەکانی خودی کۆمەڵگا، هاســانکاری بۆ داگیرکاری دەکەن. بەڵام تاک بە شــەرێکی دەروونــی دژی مەیلی خــود و دژی بەهاکانی داگیرکەر بە زانست دەگا و هەوڵی خۆرزگارکردن دەدا. رزگاری پرۆســەیەکی چەتوونــە و کاری درێژخایەن و ئاگاییی گەرەکە.

## ژێدەرەکان


١. مێزەر و جەستە، دەلال زەینەدین، وەرگێر: سەباح ئیسماعیل. چاپی یەکەم، دەزگای فام، کوردستان ٢٠٢٤

2. Interdisciplinary
3. Intersection
4. https://www.facebook.com/share/ p/rAiuRDT-BTMfU9eCd/
5. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q= 20081216135604793
6. https://www.facebook.com/share /p/MwnFFUw ERRJqM4o1/

٧. سەرەڕای ئەوە خۆم کەمێک ئاشناییم بە زمانی عەرەبی هەیە بەڵام بــۆ دڵنیابوون دوو دەقــی کورتی ڕۆژنامــە عەرەبییەکانم نارد بۆ کاک سۆران پاڵانی و ماموســتا سەباح ئیسماعیل تا لە ناوەرۆکیان دڵنیا بم. لێرەدا سپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم.

٨. جریدە الکترونیە مستقلە، رئیس التحریر ساطع نورالدین

٩. https://www.almodon.com/culture دلال زین الدین فی «عمامە و جسد»، المهانە والتباس الحب

10. https://www.facebook.com/sha re/p/CDjTHbtD-wxddLmNR/
11. https://youtu.be/WyMAMWCI SR8?si=nObScHZCoZ4bYGgr
12. https://www.facebook.com/share /p/HGxgDJci-3yrZjBsa/

١٣. وێنەی بن پۆســتەکەی دەلال زینەدین ئەو وێنەیە کە چەند کچ لە کلاسی دەرس حیجابیان لابردووە و ڕووبە تەختە و دیوار کە وێنەی خامنەای لەســەر هەڵواسراوە ڕاوەستاون و قامکیان بۆ ڕاداشتووە. وێنەکە کاتی شۆڕشی ژینا بە فراوانی بڵاو بووەوە

١٤. پشت بەرگی ڕۆمانەکە

15. https://www.facebook.com/share /p/fg3qU7X-PwtUmzXKk/
16. https://www.facebook.com/share /p/YD5Wosp-Kj4WsUF3X/

١٧. میرنامە لە نووســینی جان دۆســت، وەرزی کــۆچ بەرەو باکوور لە نووسینی ئەلیەیب ساڵح و زریاب لە نووسینی مەقبول ئەلعەلەوی

١٨. Plot summaryپوختــە و وەســفێکی کورتی چیرۆک بێهیچ





19. Frantz Fanon (1925-1961)
20. Svart hud vita mask. Ö: Stefan Jordebrandt. Daidalos 1997
21. Jordens fördömda. Ö: Per-Olov Zennström. Stockholm: Rabén & Sjögren 1969.
22. Svart hud vita mask, 1997.
23. alienation
24. Jordens fördömda,١٩٦٩.

٢٥. خدایگان و بندە، گ.و.ف. با تفسیر الکساندر کوژو. مترجم حمید عنایت، چاپ سوم ١٣٥٨. چاپ شرکت سهامی انتشارات خوارزمی

٢٦. خدایگان و بندە، گ.و.ف. با تفســیر الکســاندر کوژو. چاپ سوم ١٣٥٨

٢٧. پێشــینەی چەمکی دیالێکتیک دەگەڕێتەوە ســەرەمی کەونارا و ئەم چەمکە لەلایەن هێراکلیتۆس، ســوقرات، ئەفلاتوون و ئەرەســتوو بەکار هاتووە و بەمانای گفتۆگۆ و «منا ظرە» دێ و زیاتر وەک شــێوە، میتــۆد و ڕێگایەکە بۆ باس کردن و دیالۆگ و گەیشــتن بە حەقیقەت و ناســینی سروشــت و دیاردەکان. ئەم چەمکە دواتر لە لایەن هێگڵ و دواتر لەلایەن مارکس و ئێنگێلســەوە (ماتریالیســم + دیالێکتیک) پەرەی سەندووە.

28. Anna McClintock, Imperial Leather, Gender and Sexuality in Colonial Contest, 1995 Routledge. https://www.routledge.co m /Imperial-Leather-Race-Gen der-and-Sexuality-in-the-Colonial-Contest/Mcclintock/p/book/97 80415908900?srsltid=AfmBOoqo Az-KGnKHmQb-g5g7o ZEe8JZgglW1v6xn a4ZeBK6jnLxkfleF1
29. Speaking face to face, The Visionary Philosopghy of Maria Lugones. Edit. Pedro J. DiPietro. 2019, University of New York. https://books.google.se/books ?id=qrKZDwAAQBA J&printsec=frontcover&source=gbs_ge_summ ary_r&cad=0 - v=onep age&q&f=false
30. https://www.youtube.com / watch?v=WyMAMWCISR8

٣١. بۆ دڵنیابوون لەناوەرۆکی قسەکانی دەلال زەینەدین کە بە عەرەبی دەدوێ، لینکی قســەکانم بۆ دۆستێک لە ناو وڵات نارد. لێرەدا سپاسی ئەو ئازیزە دەکەم.

٣٢. فەیلەســووف، یاســاناس و چالاکی مافەکانی شارۆمەندی و ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن ئــەم چەمکەی داهێنــاوە Kimberlé Williams Crenshaw

٣٣. برکی ڕزگاری، ٢٠٢٣. ل ٦٦

٣٤. الرافضە، تاقمێکی شێعەمەزهەبن ڕێگە بە خۆیان دەدەن جنێو بە هاوەڵانی پێغەمبەر بدەن. ل ١٨

35. Interdisciplinary
36. Intersection

٣٧. بە بۆچوونی هێگڵ کاری کۆیلە بۆ سەروەر لە پرۆسەیەکدا ئاگایی بۆ کۆیلە بەرهەم دێنێ

# لەمەڕ چەپی کوردی

ڕێژوان ئەحمەدی

هاتنی ئەندێشەی چەپ [بە واتا مارکسیستییەکەی] بۆ ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریی قاجارەکان؛ بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکاری پەهلەوییەکان بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش حیزبی توودە بە فەرمی دامەزران. گوتاری سەرەکیی حیزبە چەپەکانی ئێران جیاواز لەوەی بە جلوبەرگی مارکسیستی داپۆشرابوون، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەییی ئێران و جوغرافیای سیاسیی ئێران خۆی پێناسە کردووە. ڕەگەی «نەتەوەگەراییی ئێرانی»، هەمیشە لە هەناوی ئەو گوتارەدا هەبووە و پاراستنی مەفهومی «ئێرانی فەرهەنگی»ی بە ئەرک و ڕەسالەتی خۆی زانیوە.

عەداڵەت چەمکێکی فرەرەهەند و فرەمانایە، بەو واتایە کە ئەو چەمکە لە قوتابخانە فکرییەکان، مانا و مەدلوولی جیاواز بەرهەم دێنێ و ئەوەش لە سەردەمی ئێستا بووەتە بەشێک لە ناکۆکییە فکرییەکان. ڕوون و ئاشکرایە چەمکە فکری و فەلسەفییەکان بە پێی هەلومەرج و دۆخی بەستێن و کانتێکستەکان، مانای تایبەت بەخۆیان بەرهەم هێناوە و هەوڵیان داوە لە ڕێگەی دروستکردنی دەزگا و سیستەمێکی فکری و کۆنکریتی، کێشەکانی کۆمەڵگای خۆیان چارەسەر بکەن. نکۆڵی لەوە ناکرێ ڕێبەرانی سیاسیی عەداڵەتخواز وەک «مائۆتسەتۆنگ»، «ویلادیمیر لێنین» و «فیدێل کاسترۆ» و زۆرانی تر، بیرۆکەی مارکسیستییان هەبووە و لە ژێر کاریگەریی «کارڵ مارکس»، چەمکی «عەداڵەت»یان کردووە بە چەقی بیرکردنەوەیان. بەڵام ناتوانین ئەو فێڵە لە خۆمان بکەین و بڵێین هەر یەک لە مارکسیسمی ڕووسی، چینی و ئەمریکای لاتین، بە یەک شێوە کاریگەرییان هەبووە و یەک هێڵی فکری و عەمەلییان کێشاوەتەوە. بێگومان بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئەو وڵاتانە لێکتر جیاوازن و هەر وڵاتە بە پێی بارودۆخی تایبەت بە خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

چینی سەردەمی مائۆ، چینێکی پێش هاتنی سەرمایەداری بوو و بەشی زۆری خەڵک بە شێوەیەکی نەریتی دەژیان و ئابوورییەکەشی لەسەر بنەمای کشتوکاڵ هەڵدەسووڕا؛ بۆیە مائۆ زۆرتر لەسەر هێزی «وەرزێر»ی وڵاتەکەی چڕ بووە و ئەوانی کرد بە جێبەجێکاری سەرەکیی گۆڕانی مێژوویی وڵاتەکەی. کۆمۆنیستەکانی چین بە ڕێبەرایەتیی مائۆ، توانیان گەورەترین دوژمنی خۆیان و داگیرکەری وڵاتەکەیان واتا ژاپۆن ڕاو بنێن و لە وڵاتی خۆیان دەریان بکەن و کۆماری سۆسیالیستیی چین دابمەزرێنن و چین لە دەستێوەردانی بێگانە بپارێزن. هەروەها لە ڕووسیا کاتێک حیزبی بەلشەویک خەباتی چینایەتیی خۆی بە ڕێبەرایەتیی لێنین دەست پێ کرد، خەڵک بە دەستی تێزارەکانەوە دەیانناڵاند و لێنین بە لۆکاڵیکردنی تیئۆرییەکانی مارکس، فەزایەکی سیاسیی تازەی لە وڵاتەکەی خۆی خوڵقاند و بوو بە ئیلهامبەخشی بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرە مارکسیستەکانی جیهان. دەمهەوێ بڵێم پرسی «عەداڵەتخوازی» بە پلەی یەکەم هاوکات بوو لەگەڵ ڕزگاریی نیشتمانی. ئەگەر مائۆ دووبارە بە نموونە بێنینەوە دەبینین کە سۆسیالیسم هاتە خزمەت نەتەوەی چین و یەکسانیخوازیی بۆ ئەو نەتەوەیە بەرهەم هێنا. چینییەکان لێی بەهرەمەند بوون و پێی ڕزگار بوون [بەرانبەرکێ لەگەڵ ژاپۆنییەکان]. هەروەها لێنین باسی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانی کرد و تەنانەت ئیجازەی جوێبوونەوەی پێ دان لە ئەگەری زوڵم و زۆرداریی نەتەوەی باڵادەست بە سەر ژێردەستدا.

هاتنی ئەندێشەی چەپ [بە واتا مارکسیستییەکەی] بۆ ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریی قاجارەکان؛ بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکاری پەهلەوییەکان بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش حیزبی توودە بە فەرمی دامەزران. گوتاری سەرەکیی حیزبە چەپەکانی ئێران جیاواز لەوەی بە جلوبەرگی مارکسیستی داپۆشرابوون، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەییی ئێران و جوغرافیای سیاسیی ئێران خۆی پێناسە کردووە. ڕەگەی «نەتەوەگەراییی ئێرانی»، هەمیشە لە هەناوی ئەو گوتارەدا هەبووە و پاراستنی مەفهومی «ئێرانی فەرهەنگی»ی بە ئەرک و ڕەسالەتی خۆی زانیوە. ڕووناکبیرانی چەپی ئێرانی زۆر بە باشی لەو ڕاستییە



تێگەیشتوون کە مەفاهیم و تیئۆرییەکان تەنێ کەڵک و ئیستفادەی موجەڕڕەد و ڕووتیان نییە کە دەقاودەق و بێ دەستکاری وەرگێڕدرێنە سەر کۆمەڵگای ئێرانی. ئەوان نەهاتوون چوارچێوەی بنەڕەتیی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی تێک بدەن [کە باش دەزانن بەرهەمی زێهنیەتی ناسیۆنالیستیی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییە و بە پێی بڕیار و حەرەکەیەکی سیاسی بەسەر جوغرافیای ئێراندا سەپاوە]. واتا ئەوان دەزانن کە «ئێران» چەمکێکی سیاسییە و چەمکی «ئێرانی گەورەی فەرهەنگی» تەنیا فەنتازیا و خەیاڵێکە لە ناو زەینی پان ئێرانییەکاندایە، بەڵام وەک گریمانە و پێشمەرجێک بێ ئەوەی بۆ تەنیا جارێک گومانی لێ بکەن، پەسند کراوە.

مارکس لە شی کردنەوەی پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخاندا، ڕۆڵی سەرەکی بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەدات و حەوزەکانی وەک سیاسەت، فەرهەنگ و فەلسەفە بە لێکەوتەی ئەو پەیوەندییانە دەزانێ. واتا ئەگەر کانتێکستی ئێران بە شێوەیەکی مارکسی بخوێنینەوە، دەبێ چەمکی سیاسیی «ئێران» و «فەرهەنگی ئێرانی»، بە سەرخانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی قۆناغی سەرهەڵدانی پەهلەوی بەبەستینەوە و بڵێین جوغرافیای سیاسیی ئێران، لێکەوتەیە و دەرەنجامی هەوڵ و ماندووبوونی بورژوازیی ئێرانیە. کەوابوو دوبارە دەکرێ لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی ئەو جوغرافیا سیاسییە ئەو تەقەددوسە لەسەر «تمامیت ارضی ایران» لابەین. بەڵام هیچ کات نابینین چەپی ئێرانی [هەڵبەت ئەگەر بڵێین چەپی فارس ڕەنگە دەقیقتر بێ] پەردە لەسەر ئەو لێکەوتە سەرخانییە لابات و مەفهومی جوغرافیای سیاسی لە فۆرماسیۆنێکی تازەدا پێناسە بکات. چەپی مارکسیستی ئێرانی بە هەوای ناسیۆنالیسمی ئێرانی تەنەففوس دەکا و وەکوو پرەنسیپ و ستراتێژی قەبووڵی کردووە. دروشمی «بەرابەریی خەلقەکانی ئێران»یش لێرەدا لە بری ئەوەی مافی یەکسان بۆ گەلانی ئێران بەرهەم بێنێ، زیاتر بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی پرۆژەیەکی سیاسی بەکار دێت و ئامانجە سەرەکییەکان لە ژێر دەزگایەکی گوتاریدا دەشارێتەوە. لەو دەزگا گوتارییەدا چەند پێشمەرجێک دیاری کراون. بۆ نموونە:

-هەموو ئەو گەلانەی لە ئێران دەژین، بە ئێرانی حیسابن و بەشێکن لە نەتەوەی



گەورەی ئێرانی.

«-تمامیت ارضی ایران» (یەکپارچەیی خاکی ئێران) هێڵی سووره و پێویسته یەکسانیخوازی، گەلان لەو ستراکتۆرە ڕزگار بکات و سیستەمی چینایەتی لە ناو ببات.

-هێزی دیاریکەر و چارەنوسساز «کرێکاری ئێرانییە» و هەر ئەو کرێکارەشە گۆڕانکاریی گەورە دروست دەکات و لە کۆتاییدا لەدەست سەرمایەداری ڕزگاری دێت.

لێرەدا چەپی مارکسیستی ئێرانی [بە هەموو لقەکانیەوە]، خۆی خستووەتە خزمەت نیشتمانی ئێران و بە پاراستنی سەرخانی بونیاد و ستراکتۆری داسەپاو (کە بەرهەمی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانن) درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست بێ، گەلۆ مەگەر پێشتریش ئێمە نەمانکوت هەر وڵاتەی بۆ ڕزگاری و پێشکەوتنی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتووریی خۆی ئەندێشەی مارکسیستیی بەکار هێناوە؟ ئەی بۆچی کە باسەکە گەیشتە جوغرافیای سیاسیی ئێران، هێندە مانۆڕی دێتەسەر کە چەپەکان ستراکتۆرەکان دەپارێزن و هەوڵی بەرجەستە کردنەوەی چەمکی «ئێرانی فەرهەنگی» دەدەن؟ ڕەنگە وڵامی ئەو پرسیارە پێویستی بە لێکدانەوەی زۆر هەبێ و لە ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە شیکاریی بوێ. بەڵام ئەگەر لە دەلاقەی «پرسی نەتەوەکانی ئێرانەوە» چاوی لێ بکرێ، دەبینین کە عەینییەت بەخشینی چەمکی ئێرانی فەرهەنگی و گریمانەگرتنی ئێرانی سیاسی، خۆی لە خۆیدا درێژەپێدان و بەرهەمهێنانەوەی ناعەداڵەتییە بە هەموو جۆرەکانیەوە :

- لە بواری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە، پەراوێزی ئێران دەبەستێتەوە بە ناوەندی ئێرانەوە. واتا دووبارە هەڵاوردن لە ئاستی ناوچەکانی ئێران دروست دەبێت. سۆسیالیسمی دەوڵەتی کە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنانە و دژی «خاوەنداریێتیی تایبەت»ە، دەکەوێتە کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران کە هاوکات پێداگرن لەسەر مێژوویی بوونی ئێرانی فەرهەنگی و «خزمەت بە ناوچە فارس نشینەکان دەکات».

- لە باری سیاسی و دامودەزگای ئیداری و بە گشتی بۆروکراسی لە ئێران، بە حوکمی ئەوەی دامەزراوە حکوومییەکان



لە ناوەندی ئێران دامەزراون و جێگیر بوونە و مارکسیستی ئێرانی هەوڵی بۆ دیسێنترالیزەکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی بونیادنانی سیستەمێکی کۆنفیدێراڵی [غەیری ناوەندی] نادات، نەتەوەکانی غەیری فارس بە جۆرێکی تر دەچەوسێنێتەوە و دیسان لە دەسەڵاتی سیاسی بێبەش دەکرێن یان باشترە بڵێین «کۆمۆنیستە غەیرە فارسەکان» کە خاوەنی شوناس و حافیزەیەکی مێژوویی- ئانتۆلۆژیی جیاوازن، لە «سۆسیالیسمی خۆماڵی و نیشتمانی»ی خۆیان دادەبڕێن و پەیوەندییەکانی باڵادەستیی فارسەکان بەسەر ژێردەستەییی غەیرەفارسەکان، ئەوجار بە ناوی «دەوڵەتی سۆسیالیستیی ئێران» تۆکمەتر دەکرێن.

- لە باری کەلتووری و بە تایبەت مەسەلەی زمان و خوێندن کە دەچێتە خانەی پەروەردەوە، مارکسیستە ئێرانییەکان بەدیلێکی گونجاویان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناسیۆنالیسمی فەرهەنگیی نەتەوەکانی غەیرەفارس پێ نییە. لە حاڵێکدا کە نەتەوە غەیرەفارسەکان باس لە «خوێندن بە زمانی زگماکی» دەکەن و بە فەرمی ناسینی زمانەکەیان لە لایەن دەوڵەتی سۆسیالیستی ئێرانەوە، بە لانیکەمی مافە ڕەوا و بەدیهییەکانی خۆیان دەزانن، لە باشترین حاڵەتدا مارکسیستە ئێرانیەکان تەنیا «خوێندنی زمانی زگماکی» بە ڕەوا دەزانن و لەوەی بترازێ مافێکی تر قائیل نین. ئیدی چۆن چارەسەری مەسەلەی شوناسخوازانەی نەتەوە غەیرەفارسەکان، وەک خەسارێک بۆ چەسپاندنی سۆسیالیسم دەبینن، ئەوە دەبێ بۆخۆیان وڵام بدەنەوە. هەرچەند وڵامەکە لای ئێمە ڕوونە و باش دەزانین ئەو بیرۆکەیە پاشماوەی بەجێماوی شۆڤێنیزمی فارسییە کە لە فۆڕمی چەپدا سەری هەڵداوەتەوە.

بە پێچەوانەی ڕەخنەی باو [بە تایبەت

ناسیۆنالیستە کوردەکان]، کێشەی چەپی کوردی ڕۆژهەڵات ئەوە نییە ئینتمای چینایەتیی هەیە و حەول بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان دەدات. بە عەکسەوە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی پیرۆز و ئەخلاقییشە. کەڵکەڵەی هەبوونی کۆمەڵگایەک کە تێیدا «عەدالەت» دەستەبەر کرابێ، یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە لە فەلسەفەی سیاسیدا بە مەبەستی شەرعییەتدان بە حوکمرانی هاتووەتە بەر باس. واتا بۆ ئەوەی حوکمران دەسەڵاتێکی مەشرووعی هەبێ و خەڵکیش پەیڕەوی ئەو دەسەڵاتە بن، پێویستە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی حوکمران، چەسپاندنی عەدالەت و مامەڵەکردنی یەکسان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا بێ.

کێشەکە کاتێک دروست دەبێ کە چەپی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێت بە پاشکۆ و بەشێک لە جەستەی چەپی ئێرانی. واتا کاتێک دەیهەوێ بوون و دەرکەوتەی هەبێ، لە بری ئەوەی سیستەمێکی مانادار و واتادار لە هەناوی تێزەکانی مارکس، بۆخۆی بەرهەم بێنێ و لە دۆخی مێژوویی - مەعریفی - ئانتۆلۆژیی تایبەت بە خۆیدا کەڵکەڵەکانی خۆی پرۆبلێماتیزە بکات، دەچێتە پاڵ سیستەمی مانایی مارکسیسمی ئێرانی و لە ژینگە-جەهانی ئەودا خۆی ئاراستە دەکات. لێرەدا مارکسیسمی کوردی ڕۆژهەڵات، مارکسیسمێک نییە کە چینی کرێکار و زوڵم لێکراوی خۆی واتا پرۆڵتاریای کورد ڕزگار بکات؛ بەڵکوو دیسان «پرۆڵیتاریای کوردی» دەبێ چاوەڕێی فریادرەسی «پرۆڵیتاریای ئێرانی» [لە واقع دا پرۆڵیتاریای فارس] بمێنێتەوە و فەرمانی شۆڕش لەوی وەرگرێ. بەجێی ئەوەی سۆسیالیسم وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاریی بەشەرییەت بۆ خۆی دابمەزرێنێ و دەوڵەتی سۆسیالیستیی کوردستان بە ئامانجی دواڕۆژی خۆی بزانێ، هێز و وزەکانی خۆی چڕ دەکاتەوە بۆ ئێرانی گەورەی فەرهەنگی لە فۆرمی سۆسیالیسمدا. ئێرانێک کە پرۆڵیتاریای کوردی، هیچ ئینتمایەکی بۆی نییە و بگرە بە حوکمی ئەو چەوساندنەوەی بە دژی کراوە، بە ئاستێکی بەرز لەو چەمکە بێزارە و نایهەوێ دووبارە بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی.

مێژووی هاوبەش و هەست و سۆزی هاوبەشی کرێکاڵ و کرێکاری کورد لە گەڵ نیشتمانەکەی خۆیەتی و «ژینگە-جیهان»ەکەشی جیاوازە لەو «ژینگە-جیهان»ەی ئێرانییەکان تێیدا ژیاون. تەنانەت لە باری «پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان»یش جیاوازییەکی زۆر هەیە. سەرمایەداری [هەڵبەت ئەگەر دانی پێدانێین لە کوردستان ئەو قۆناغە تەجروبە کرابێ] لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە میکانیسم و کارگێڕییەکی جیاواز لە سەرمایەداریی سەنعەتیی ئێرانی خۆی نیشان داوە. هەروەک لە سەرەتاوە باسمان لە جیاوازییەکانی سۆسیالیسمی مائۆیی و لێنینی کرد، لێرەشدا ئەشێ باس لە ئێلێمان و توخمە جیاوازەکانی سۆسیالیسمی کوردی و ئێرانی بکەین. سۆسیالیسمی کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بە دنیابینیی سەرچاوەگرتوو لە پرس و کەڵکەڵەکانی کۆمەڵگای خۆی، دۆخی کرێکارانی کورد چارەسەر بکات. پاراستنی بونیاد و چوارچێوە داسەپاوەکانی ئێران و حەولدان بۆ چارەسەری بە پشت و پەنای سۆسیالیسمی ئێرانی، ناتوانێ «سەرخان»ە سیاسی و کەلتورییەکان بگۆڕێ. هەر ئەو «سەرخان»ەش ڕێگرە لەوەی چەمکگەلی تازە لە حەوزەی سیاسی، ئابووری و کەلتووریدا بێنە ناو جوغرافیای سیاسیی ناوچەکەوە.

# دووانەی ناتەبای کورد بوون و ئێرانی بوون

کەیهان یووسفی

”

خولیای گەیشتن بە مافی یەکسان لە گەڵ داگیرکەر هیچ کات نایەتە دی. ئەمە قەیرانێکە کە بزووتنەوەی کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات. چونکە ئامانجی بزووتنەوەی دژەداگیرکاری مافی یەکسان نییە، بەڵکوو ڕزگارکردنی تاکی داگیرکراوی کوردە لە داگیرکاری. لە پرۆسەی داگیرکاریدا، کەسایەتیی تاکی کورد ئاڵۆز و لە خۆنامۆکراوە و دەبێت کار بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە گشت بوارەکاندا بکات.

“

## پوختە

خەبات لە کوردستان وەکوو خەباتی دژ بە داگیرکاری خۆی ناساندووە و پێناسە کردووە، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەم بزووتنەوەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەڵسوکەوتی بزووتنەوەیەکی دژەداگیرکاریی ناچێت. کوردستان و داگیرکاری باسێکی نوێ لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا نییە، بەڵام بە شێوەی ئاکادیمیک و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم ساڵانەی دواییدا بابەتێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە بووە و بە باشی کاری لە سەر کراوە. داشکاندنی پرسی کوردستان تا ئاستی کێشەی حکوومەتە ناوەندییەکان، لە ڕاستیدا سڕینەوەی مەبەستی سەرەکیی پرسەکەیە. سەروەریی فارس، بە تەنیا خواستی ڕێژیمەکانی تاران نییە، بەڵکوو خاڵی هاوبەشی زۆرینەی فارسە و فارسەکان بە هیچ چەشنێک حازر بە هەڵوەشاندنەوە یان هاوبەشکردنی ئەوانیتر لەم سەروەرییەدا نابن. داگیرکاری فارس بۆ بەردەوامبوونی سەروەریی خۆی، دەیهەوێت لە نێو دیسکۆرسی خۆیدا چالاکی بکەین. بۆ ئەوەی فریای بە گژداچوونەوەی پرۆسە بەردەوامەکەی داگیرکاریی ئەوان نەکەوین، هەوڵ دەدەن پەرە بە زەمینەکانی بەگژداچوونەوەی ناوماڵی کورد بدەن و بەم چەشنە ئێمە لە ئامانجی ڕزگاری دوور بخەنەوە. ناسیۆنالیزم یان کوردستانیبوون بنەما و ستراکتۆری یەکخستن و کۆکردنەوەی هێزی کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردستانە بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ئێرانی.

## پێشەکی

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕەنگە لە چاو نەتەوەکانی تر لە نێو سیاسییەکانی کورددا بەرچاوتر بێت، تایبەتمەندیی یەکنەگرتن و پێکەوە هەڵنەکردنە. لە زۆربەی شرۆڤەکاندا تیشک خراوەتە سەر دیاردەی بەهەندنەگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی «کوردستان و کورد» لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە، لە حاڵێکدا دروشم و لێدوانی ڕۆژانەی شرۆڤەکار و بەڕێوەبەرانی پارتە سیاسییەکان، هەمیشە بە دروشمی «سەرکەوتن لە یەکگرتندایە» دەست پێ دەکات. یەکەم زەروورەت یان ئەولەوییەتی یەکەم بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست و داگیرکراو لەمەڕ ڕزگاری، هەبوونی یەکگرتوویی لە نێو هێز و ڕەوتە خەباتکارەکانیدا و هەروەها ڕێککەوتن لە سەر خاڵەهاوبەشە نەتەوەییەکانیەتی؛ بەڵکوو لە ئەگەری پێشهاتنی دەرفەتێکی لەبار، چ خۆیان بیخوڵقێنن یان بە هەر هۆکارێکی دیکە بۆیان بڕەخسێت، کەڵکی لێ وەربگیرێت و کۆتایی بە ستەمی ژێردەستەیی و داگیرکاری بهێنرێت.

کوردستان و پرسی داگیرکاری باسێکی نوێ لە نێو کۆمەڵگای کوردستان نییە، بەڵام بە شێوەی ئاکادمیک و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا بابەتێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە بووە کە بە باشی کاری لە سەر دەکرێت و لایەنە شاراوەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان و هۆکارەکانی باشتر دەستنیشان دەکرێن. بە گشتی دوو شرۆڤە لەمەڕ «کۆلۆنی»بوونی کوردستان لە ئارادایە: کوردستان وەکوو کۆلۆنییەکی نێونەتەوەیی کە کەسانێکی وەک بیرمەندی تورک، ئیسماعیل بێشکچی باسیان لە سەر کردووە و هەروەها کوردستان وەکوو کۆلۆنییەکی نێوخۆیی کە دەبێت لە چوارچێوی سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە شرۆڤە بکرێت.١ خوێندنەوەی دۆخی خەبات لە کوردستان لەم دەلاقەیەوە، واتە وێناکردنی کوردستان وەک کۆلۆنییەکی داگیرکراوی ئێرانییەکان، زیاتر یارمەتیمان دەدات هەتا بەدوای وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارەدا بگەڕێین کە بۆچی کوردستان ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە خاوەنی بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخراو بێت و

لەبەر چی هەڵسوکەوتی تاکی سیاسیی کورد بەرانبەر بە خۆی لە لایەکەوە و بەرانبەر بە داگیرکەران لە لایەکی دیکەوە، ئاڵۆز و ناسروشتییە. لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێت ئاوڕێک لە چۆنیەتیی بیچمگرتنی تاکی کورد و هەڵسوکەوتی کورد لە پرۆسەی سیاسەتی داگیرکاریی ئێرانییەکاندا بدرێتەوە. هەروەها ئەم وتارە هەوڵ دەدات شرۆڤەیەک بۆ ئەم پرسیارە بکات کە داگیرکەری ئێرانی لە چ ڕێگایەکەوە کار بۆ لەقاڵبدانی کەسایەتیی تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە دەکات بەڵکوو چالاکی و خەباتی تاکی کورد لە بازنەی پێناسە و گوتاری داگیرکەر دەرباز نەبێت و بەم چەشنە سەروەریی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. خولیای گەیشتن بە مافی یەکسان لە گەڵ داگیرکەردا قەت نایەتە دی. ئەمە قەیرانێکە کە بزووتنەوەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی نەیتوانیوە لێی تێپەڕێت. چونکە ئامانجی بزووتنەوەی دژە داگیرکاری، مافی یەکسان نییە، بەڵکوو ڕزگارکردنی تاکی داگیرکراوی کوردە.

## خەونی بوون بە فارس

تەمەنم لە نێوان شازدە و حەڤدە ساڵان بوو، کۆتاییی وەرزی بەهار بوو و لە گەڵ کوڕی پووم، بۆ کرێکاری ڕۆیشتین بۆ تاران. دیارە پوورزایەکی ترمان لەوێ بوو کە لە کارگەیەک کاری دەکرد و ڕۆیشتین بۆ لای ئەو. یەکەم جار بوو دونیای دەرەوەی کوردستانم دەبینی. لە گەراجەوە تەکسییەکمان گرت؛ لە نێو تەکسیدا بانگی کوڕی پوورم کرد تا لەگەڵی بدوێم، بە توورەییەوە سەیری منی کرد و وتی «فارسی قسە بکە لامەسەو (لا مەزهەب) با نەزانن کوردین». دیارە من هەر ملم نەدا، نە حەزم لە فارسی قسەکردن بوو و نە متمانەبەخۆبوونێکم لە خۆمدا شک دەبرد کە بێ لەهجە فارسی قسەبکەم، دواجار ئەویش دوای چەن ڕۆژ سووکایەتی بینین و گاڵتەکردن بە لەهجە فارسییەکەی، ئیدی لە گەڵ فارسەکانیش بە کوردی دەدوا.

وەکوو بەشێک لە ئیلیت و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی داگیراوی کوردستان، کوڕە پوورەکەی منیش دەیویست ببێ بە خاوەنی شکۆ و شارستانییەت. ببێت بە کوڕە تارانی و بە لای ئەووەوە بۆ گەیشتن بەم ئاستە خەیاڵییە، دەبێت حاشا لە کوردبوونی خۆی بکات و ببێت بە فارس یان دەبێ بە فارسییەکی بێ خەوش بدوێت، بەڵکوو دەرگاکانی بەختەوەری بە ڕوویدا بکرێنەوە؛ بەڵام بێ ئاگا لەوەی کۆمەڵگەی داگیرکەر ناتوانێت ئەو لەخۆی بگرێت. ئەو دەبێت هەر سووک و داگیرکراو بمێنێتەوە. ئەو تەمەنی کەم بوو و بە هۆی کاریگەریی سیستەمی پەروەردە و میدیای ئێرانییەوە، وای دەزانی تاکی فارس خاوەن شارستانییەت و هەڵگری حەقیقەتە. «فرانتز فانۆن» لە پەرتووکی «پێستی ڕەش و ماسکە سپییەکان»دا بەم جۆرە شرۆڤەی ئەم دۆخە دەکات: «قارەمان لای منداڵێکی داگیرکراو، پیاوێکی داگیرکەرە. چونکە لە قوتابخانەدا فێری دەکەن کە پیاوی سپی حەقیقەت بۆ وەحشییەکان (ڕەش پێستەکان) دەهێنێت. ئەو لە پەرتووکی داگیرکەران و لە قوتابخانەدا فێری چیرۆکی وەحشییەکان دەبێت.»٢ چیرۆکی منداڵێکی لەدایکبووی کوردستانی داگیرکراو بەدەر لەمە نییە. لە پەرتووکی مێژوو لە قوتابخانە ئێرانییەکاندا، قارەمانە نەتەوەییەکانی ئێمە دەکرێن بە تاکێکی دوور لە شارستانییەت. بۆ نموونە: سمکۆ، باوکی ناسیۆنالیزمی کوردستان بە جەردە و مرۆڤکوژ دەناسێنرێت و داگیرکەرە بکووژەکانیشی دەبن بە قارەمان. واتا ئێمە لە منداڵییەوە فێردەکرێین ڕێز لە بکوژەکانی خۆمان بگرین و بێز لە قارەمانەکانی خۆمان بکەین. ئێمە هەر لە منداڵییەوە لە قوتابخانەکان فێر دەکرێین کوردبوون تاوانە و فارسبوون شانازییە. بۆ

گەیشـــتن بە ئاســـایش و هەڵاتن لە ڕەنج و ئازار، دەبێت کـــورد نەمێنیت و کوردبوون بە واتای دۆخێکی پڕ ئێش و ئازار دێت.

ئەم زارۆکە کوردەش هەر لە ســـەرەتاوە لە نەستی خۆیدا سەرکوت دەکرێت. شوناسی دەشـــێوێنرێت و لە دژوازیی چیرۆکی نێوان بنەماڵـــە و قوتابخانـــەدا، لـــە دژوازیی نێوان چیرۆکی زارەکی و فولکلۆری کۆمەڵگای خۆی و گێڕانەوە درۆیینەکانی نێـــو پەرتووکەکانی قوتابخانـــەی داگیرکەردا دەژیـــت و لەگەڵ شـــوناس و کەلتـــوور و مێـــژووی خـــۆی و نەتەوەکـــەی نامۆ دەبێت. ژیـــان لەم دۆخەدا کاریگەری لە ســـەر دروستبوونی کەسایەتیی تاکی داگیرکـــراو دادەنێت. کاریگەرییەک کە ڕەنگە تا مردن لەگەڵی بێت و نەکرێت خۆی لێ دەرباز بکات. دیـــاردەی «خۆبەکەمزانین»، دەرکەوتەی وەهـــا دژوازییەکە کە لە ڕێگای ڕاســـیزمی داگیرکـــەرەوە بـــۆ ســـەپاندنی ســـەروەریی سیاســـی و ئابووریی خۆی دێتە ئەنجـــام و هەر بۆیە تاکێکی کورد لە بەرانبەر فارسێکدا بەردەوام هەست بە خۆ بە کەمزانین دەکات. تاکێکی خۆبەکەمـــزان ئیدی توانای بەرەورووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەری پێ نامێنێ و لە جیاتی تێکدانـــی پەیوەندیی داگیرکەر-داگیرکراو، دەیهەوێت ببێت بە بەشـــێک لەو. واتا توانای دەربازبوون لەو پێناسەیەی نامێنێ کە بۆی دانراوە.

خولیای گەیشـــتن بە مافی یەکســـان لە گـــەڵ داگیرکەر هیـــچ کات نایەتە دی. ئەمە قەیرانێکە کە بزووتنەوەی کوردستان بەگشتی و لـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان بەتایبەتـــی نەیتوانیـــوە خـــۆی لێ دەرباز بـــکات. چونکە ئامانجـــی بزووتنەوەی دژەداگیـــرکاری مافی یەکســـان نییـــە، بەڵکـــوو ڕزگارکردنی تاکی داگیرکراوی کوردە لە داگیرکاری. لە پرۆسەی داگیرکاریدا، کەسایەتیی تاکی کورد ئاڵۆز و لە خۆنامۆکراوە و دەبێت کار بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە گشـــت بوارەکاندا بـــکات. فانۆن پێی وایە:

«بزووتنەوە نەتەوەییـــە دژەداگیرکارییەکان، توانـــای هەڵوەشـــاندنەوەی ئایدۆلۆژیـــای سیســـتەمی داگیرکارییـــان نییـــە. ڕێبـــەرە نەتەوەییەکانی سەر بە چینی ناوەڕاستی ئەم بزووتنەوانە پێیان وایە گەیشتن بە دەسەڵات کۆتایی بـــە داگیرکارییە، بەڵام دوایی خۆیان دەبن بە نوێنەرانـــی بورژوازیی داگیرکاری».٣ ڕەگی ڕاســـتی و تاڵیی ئـــەم لێدوانەی فانۆن لە ڕەوشی هەنووکەییی باشووری کوردستاندا دەبینرێت. دۆخێکی تراژیک کە بەشیکی زۆر لـــە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک نموونە و ئایدیاڵ خەونی پێوە دەبینن؛ واتا گەیشـــتن بە دەسەڵات لە جیاتی کۆتاییهێنان بە داگیرکاری؛ هەر بۆیە بەردەوام دەیانهەوێت لە گەڵ داگیرکەر پێک بێن.

## پارادۆکسی هەڵسوکەوتی سیاسیی ئێمە

شۆڕشـــی ژینا لـــە پاییزی ســـاڵی ٢٠٢٢ ی زایینی، بۆ جارێکی دیکە تێگەیشتنی تەسکی سیاســـەتمەدارانی کورد لە سەر ئەوانی دیی دەرخســـت. لە شـــەقامەکانی کوردستان بۆ ڕزگاربـــوون لە دەســـت داگیـــرکاری خوێن دەدرا و کەچـــی سیاســـییەکانی ئێمـــە بـــە تەمـــای ڕەحمەتی دەســـتی فارســـێکی بێ دەســـەڵات، لـــە دیبەیـــت و ڕاگەیاندنەکاندا لەبەریان دەکرووزانەوە. ئیدوارد سەعید، پێی وایـــە: «پەیوەندیی نێوان ڕۆژئـــاوا (داگیرکەر) و ڕۆژهـــەڵات (داگیرکـــراو)، پەیوەندیـــی هێـــز، ســـەروەری و پلـــە جۆراوجۆرەکانـــی هێژمۆنییەکی ئاڵۆزە».٤ خەسارناسیی شۆڕشی ژینا پێمان دەڵێت چۆن کورد دیسان هەڵەی دوای شۆڕشـــی ١٩٧٩ی دووپـــات کردەوە. دووپاتکردنـــەوەی ئەم هەڵانە ســـەلمێنەری تێنەگەیشـــتن لە دۆخی خۆت و نەناســـینی قووڵی بەرانبەرەکەتە. هیچ فارسێک لە ڕێگای ئاشـــتییەوە هێز، سەروەری و هێژمۆنی خۆی لە گەڵ تۆ دابەش ناکات. ئێمە پێویســـتمان



بە دووبارە بیرکردنەوە و خەسارناسیی قووڵ و بەربڵاوی مێژوو و دۆخی هەنووکەییی خۆمانە. کورد لە شۆڕشی ١٩٧٩دا سێ ڕەوتی سەرەکیی هەبوو کە ئەم سێ ڕەوتە دەیانویست لە ڕێگەی گشتییەتی ئێرانەوە مافی کورد دابین بکەن. حیزبی دیمۆکرات پێی وا بوو ئێرانێکی دیمۆکراتیک دەتوانێت پارێزەری خودموختاری بۆ کوردستان بێت و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیی بە هاوخەباتیی ڕەوتی دیمۆکراسیخوازی ئێرانی بوو. کۆمەڵە دەیهەویست لە ڕێگای هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە چەپە ئێرانییەکان کۆمەڵگایەکی پرۆلیتاری بۆ ئێران دروست بکات و ڕەوتی ئەحمەدی موفتیزادەش لە ڕێگەی خومەینی و دواتر گرووپە سوننییەکانەوە کاری بۆ دامەزراندنی حکوومەتی شووراییی ئیسلامی بۆ ئێران دەکرد تاکوو گەرەنتییەک بۆ مافەکانی کورد وەربگرێت.

ستەمی نەتەوەیی و ئایینی و دواکەوتوویی ئابووری و ... لە کوردستان، بەرهەمی سیاسەتی داگیرکاریی دەوڵەتی فارسە. هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، دۆخی داگیرکاریی تاکی کورد هەر لە منداڵییەوە تووشی دارمانی کەسایەتی و متمانەبەخۆنەبوونی کردووە؛ بە چەشنێک لە خۆی نامۆکراوە کە هەست بە خۆبەکەمزانین لە ناخیدا جێگیر بووە. دەربازبوون لەم دۆخە پێویستی بە ڕزگاربوونی تاکی کورد لە هەموو ڕەهەندەکانی داگیرکارییە نەک بەستراوەیی بە داگیرکەر و بوون بە ئەو. بزووتنەوەی کوردستان لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای چەپی ئێرانی و ئیسلامی ئیخوانی، لە جیاتی خەبات بۆ بنەبڕکردنی پرۆسەی داگیرکاری، بە وتەی ئیدوارد سەعید، تێکدانی پەیوەندیی هێز و سەروەری و هێژمۆنی، بە تەمای ڕێفۆرم و چاکسازی لەم پەیوەندییەدایە. پەیوەندییەک کە لای دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی فارس هەمیشە ئەولەوییەتی یەکەم و هێڵی سوور بووە و پاراستنی ئەم هێژمۆنییە، پێشمەرجی هەر چەشنە وتووێژ یان دروستکردنی

هاوپەیمانییەک لە گەڵ کورد بووە ودەبێت.
ئـەوەی زۆر روونـە، بەرپوەبەرانی پارتە سیاسـییەکانی کوردسـتان بیرکردنەوەیان هێشتا لە دۆخی شۆرشـی ١٩٧٩دا چەقیوە و نایانهەوێـت ئەو راسـتییە ببینن کە کورد لـە رێگای تارانـەوە رزگار ناکرێـت؛ بەڵکوو بۆ گەیشـتن بە رێگەچارەی نوێ، پێویسـتە دان بە شکسـتی بێ ئـەملاو و ئەولای ئەو چاوەروانییانـەدا بهێنـن کە لـە کۆمەڵگای فـارس هەمانبووە. خەباتی کوردسـتان هەر لـە سـەرەتاوە خەباتێکـی دژە داگیرکاری بـووە و کوردسـتان تەنیا لە کوردسـتانەوە رزگار دەکرێت. د. عەبدولرەحمان قاسـملوو لەمبارەیەوە دەنووسـێت: «هۆکاری سەرەکیی سـەرهەڵدانەکانی کورد، سـتەمی نەتەوەیی بوو. لە لایەکەوە هزری ناسیۆناڵیسـتی لە نێو کوردەکاندا لە حاڵی گەشەدا بوو و لە لایەکی دیکـەوە سـتەمی نەتەوەیـی داگیرکەرانی کوردسـتان بۆ سـەر کۆمەڵگای کوردستان رۆژبەرۆژ زیادی دەکرد»٥. بە بۆچوونی یاماهاتا «دەوڵـەت- نەتـەوە تەنیـا وەک داهێنانی ئەورووپیـەکان پێناسـە ناکرێـت، بەڵکـوو ئامرازی کۆلۆنیالیزمیشە. هەروەها سرینەوەی داگیـرکاری (Decolonisation) پرۆژەیەکی رزگاریدەری نەتەوەییە: واتا لە سـەر بنەمای هێلێکی نەتەوەیی رێکخستنی بۆ دەکرێت تا هێز و دەسەڵاتی داگیرکاری بە پێکوڵ بکێشێ و کۆتاییـی پـێ بێنێ».٦ ئـەم بۆچوونەوەی سەرەوە بۆ ئێمەی کورد لە خەباتی سەد ساڵی رابردوودا جۆرێک پارادۆکسی فیکریی دروست کردووە کە بزووتنەوەی کوردستانی بە تەواوی تووشـی خەسـار کردووە. هەر بۆیە ئێمە لە ژێر کاریگەریی دیسکۆرسـی مارکسیستی و دژە رۆژئاوایـی کە لە تارانەوە پـان ئێرانیزە دەکـرا، بـەرەوروی دەسـەڵاتی داگیرکەری تاران بووینەتەوە. تەنیـا گوتارێک کە توانای یەکخسـتنی خەڵک بۆ رزگاری لە دەسـت داگیرکاریـی هەیە، ناسـیۆنالیزمە؛ هەر بۆیە ئێمە کە لە ژێر سـتەمی داگیرکاریدا دەژین، بۆ رزگاربوون پێویستمان بە ناسیۆنالیزم هەیە و لە لایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزم ودەوڵەت – نەتەوە بە ئامـرازی داگیرکاری و ئیمپریالیزم دەزانرێت.
لـە سـەرەتای شۆرشـی ١٩٧٩دا هەر سێ رەوتی سـەرەکیی کوردسـتان خۆیان وەکوو رەوتێکی دژە ئیمپریالیسـتی پێناسە دەکرد و هـەر بۆیەش یان ناسـیۆناڵیزمیان وەکـوو ئەولەوییـەت لە بەرچـاو نەدەگرت یاکوو دژایەتییان دەکـرد. دەوڵەتی نەتەویی راستییەکی ئەمرۆیی و نەزمێکی جیهانییە. ئەرکـی کورد و هێزی کـوردی نییە کە ئەم نەزمـە بگۆرێ و توانای ئەوەشـی نییە. هەر بۆیە دەبووا و دەبێت خۆی لەگەڵی بگونجێت و جـێ پێیەک بۆ خۆی دابیـن بکات. ئەمە راسـتییەکی روونە کە یەکەیەکی دانپێدانراو و خـاوەن رەوایـی لـە ئاسـتی جیهانیدا؛ دەوڵەت- نەتەوەیە و بۆ رۆڵگێران لە ئاسـتی نێونەتەوەیی و پاراستنی گشتییەتی شوناس و بوونی خۆت، دەبێت خاوەنی خاک و دەوڵەتی خۆت بیت. نزیک بە یەک سـەدە خەبات لە کوردسـتانی رۆژهەڵات سـەلماندوویەتی بۆ گەیشـتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەربازبـوون لە داگیرکاری، پێویسـتیمان بە دەوڵەتی نەتەوەییە و بێدەوڵەتی، ریشـەی ئـەم دۆخە پر لە سـتەم و تراژیکەی کوردە. بۆچوونێـک کە لە کاتی ناشـتنی شـەهید «ژینـا ئەمینـی»دا کۆمەڵگەی کوردسـتان لە گۆرسـتانی شاری سـەقز بە دەنگی بەرز هاواریان دەکـرد: «داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانـی».٧ کۆمەڵگای کوردسـتان ئاگایانە سەرچاوە و هۆکاری ستەمی پێناسە کردووە، هـەر ئەو کات لە سـەر گۆری شـەهیدێک لە بـۆکان، ئەندامێکـی بنەماڵەکەی بەچەند رسـتە، بـەڵام ورد ئەمەی شـی کـردەوە: «رێژیـم لەتاران دیکتاتۆر و فاشیسـتە بەڵام لە کوردسـتان داگیرکەرە».٨ بەڵام رەوایەت و

خواستی شـــەقامی کوردی لە لایەن بەشێک لە ڕێبەرانـــی پارتە کوردییەکانەوە لە وتوێژ و دانیشـــتنەکان وەکوو خۆی بـــاس نەکرا و بۆ ڕەزایەتی باڵادەســـتی فارس داشکانی لە سەر کرا.

خەبات لە کوردستان وەکوو خەبات دژ بە داگیرکاری خۆی ناساندووە و پێناسە کردووە؛ بەڵام هەڵسوکەوتی ئەم بزووتنەوەیە ئێستاشی لە گەڵدا بێت لە هەڵسوکەوتی بزووتنەوەیەکی دژە داگیـــرکاری ناچێـــت. ئێمـــە دەبێـــت پێناسەیەکی ڕوونمان لە خۆمان هەبێت. ئەگەر کوردســـتان داگیرکراوە، پێویستە کوردستان لە داگیرکەر پاک بکرێتەوە؛ واتا ســـەروەریی داگیرکەر لە ســـەر خاک و لـــە زەینی تاکی داگیرکـــراودا نەمێنێت. داگیرکـــەری ئێرانی دەیهەوێت لە سەر خاکی کوردستان جۆرێک لە تاکی بەســـتراوە بە خۆی بەرهەم بهێنێت؛ واتە مرۆڤی ئێرانی بە پێناسەی زمان، کەلتوور و مێژووی فارس. بە واتایەکی تر شـــێواندنی شوناسی تاکی کورد و لە کۆتاییدا تواندنەوەی. لـــە بەرانبـــەردا؛ بزووتنـــەوەی ئێمـــە (دژە داگیرکاری) دەبێت شوناســـی ئەم تاکە (تاکی کـــوردی خـــاوەن زمان، مێـــژوو و کەلتووری خۆی) بپارێزێت و سەروەریی بۆ بگەڕێنێتەوە. خاڵی هاوبەش بۆ بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری و یەکخســـتنی خەڵک، بێگومان ناسیۆنالیزم یـــان کوردایەتییـــە. ئایدۆلۆژیاکانـــی دیکـــە ئەزموونی خۆیان کـــردووە و بێگومان ناتوانن و نەیانتوانیـــووە خەڵک لە ژێر چەترێکدا ڕێک بخەن و تەنیا بە جۆرێکی دیکە، ژێردەســـتی بەرهەم دەهێننەوە و کۆمەڵگای کوردستانیان دابەش و پەرتەوازە کردووە.

ناســـیونالیزم، ســـتراتێژیی ڕزگاری لـــە ژێـــر دەســـتی داگیرکارییـــە. ئەجندایەکە بۆ ڕێکخســـتنی کۆمەڵگەیەکـــی داگیرکـــراو بە مەبەســـتی گەیشـــتن بە ئامانجەکەی، واتە ســـەربەخۆیی. «داگیـــرکاری لـــە بنەڕەتـــدا ئەکتێکی توندوتیژانەی جۆگرافیاییە، ئەکتێک کـــە دژی خەڵـــک و خاوەندارێتییان لە مەڕ خاکەکەیـــان دەکار دێت».٩ ئەوەی کە خاکی کوردســـتان لە ڕێگای توندوتیـــژی نواندنەوە داگیـــر کـــراوە و بە هۆی ســـەرکوتی هێزی ســـەربازییەوە بەردەوامە، ڕوون و لە بەرچاوە، بەڵام بزووتنەوەی کوردســـتان ڕاستەوخۆ یان ناراســـتەوخۆ خۆی وەکـــوو بزووتنەوەیەکی نەتەوەییـــی خوازیاری دەرکردنی گشـــتیەتی داگیرکەر لە کوردســـتان و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیـــی پێناســـە نەکردووە. هـــەر چەند داخوازیی دابینکردنی مافی نەتەوەیی بۆ کورد لە چوارچێوەی جوگرافیای دەسکردی ئێراندا بووە. حیزبـــی کـــوردی و ڕێبەرایەتییەکەی دەبێت لەو ڕاســـتییە تێبگات کـــە فارس تا ئەو کاتە متمانەی پێ دەکات کە ســـەروەری و باڵادەســـتبوونی فارس تووشـــی مەترسی نـــەکات. فانۆن لە زمانی ژان پۆل ســـارترەوە وێکچوونـــی تێڕوانینی ئەو کاتـــی نازییەکان بەرانبـــەر بە جـــووەکان و هەروەها بۆچوونی ئووروپییەکان ســـەبارەت بە ڕەش پێستەکان وەها بـــاس دەکات: «جوویـــەک، چ جێگای متمانە بێت یان نەبێـــت، بە salaud ( زۆڵ) ناودێر دەکرا. مەبەست لەم نازناوە ئەوەیە کە جوو لە هەر دۆخێکدا بێت و هەر چییەکیش بکات، لە دژی خـــۆی دەکات ... جوو دەبێت باوەڕی سیســـتەمی ئاریایی بسەلمێنێت. لای ئەم سیســـتەمە دوو جۆرە پێناســـە بۆ مرۆڤ هەیە: باش و خراپ و جوو هەمیشـــە خراپە. هەر چییەک بکات پیس و نەگریسە، کەوایە با چیتـــر جوو نەبین».١٠ چیـــرۆک و دۆخی جوو وەکوو چیرۆکی ئێمەی کوردە لە چاوی فارســـەکان. تۆ یان دەبێ کورد نەمێنێت یان دەکەویتە ناو بازنەی خراپەی ئەوانەوە. ئەوان تۆیـــان پێناســـە کردووە، تـــۆ جیاییخوازی و جیاییخواز لە بازنەی دۆستانی ئەواندا جێگای نابێتەوە و دەبێت بمرێت.

## کوردی ئێرانی و ئێرانی فارسەکان

زۆر جــار باس لــەوە دەکرێت کــە دوژمنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا کۆماری ئیسلامییە. دەرەنجامی ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە ئەگەر حکوومەت برووخێت، کێشــەی کورد چارەســەر دەبێت. باوەڕهێنــان بەم بۆچوونە وای کردووە کە هیــچ هەوڵێکی جیددی بۆ پێکهێنانــی بزووتنەوە یان هاوپەیمانییەک لە نێــوان ڕەوت و پارتــە کوردییەکاندا نەیەتە ئاراوە. کورتکردنەوەی کێشــەی کوردســتان بە بوونی حکوومەتەوە، ســڕینەوەی پرســی ســەرەکیی مەسەلەکەیە. ســەروەریی فارس تەنیا خواســتی ڕێژیمی تاران نییە. دەکرێت بڵێین خاڵی هاوبەشی زۆرینەی فارسە و فارس بە هیچ چەشــنێک حازر بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەسەڵاتە یان هاوبەشکردنی ئەوانیتر لەم ســەروەرییەدا نییە. خاڵی یەکنەگرتنی ئێمە و ئەوان لێرەوە دەســت پێ دەکات: ئێمە بۆ ڕزگاربوون دەبێت ئەم سەروەرییە پاوانخواز و داگیرکەرە هەڵوەشێنینەوە و لە چاڵی بنێین؛ ئەوان وەکوو دەسەڵات دەیانهەوێت بیپارێزن یان وەکوو ئۆپۆزیسیۆن تەنیا دەیانهەوێت سیما و ناوی بگۆڕن نەک ستراکتۆر و ناوەڕۆکەکەی. فارس دەیهەوێت ئێمە بەردەوام لە نێو بازنەی گوتــاری ئەودا کایە بکەیــن و کایەکردن لە نێو دیسکۆرســی فارس، واتە گەرەنتیکردنی بەردەوامبوونی سەروەریی ئەو.

«ئورووپییەکان و سۆڤیەتییەکان لە کاتی داگیرکردنــی ناوچەیەک، بەهای زۆرتریان بە ئێتنیــک یان ئایینێــک دەدا و پلە و پێگەی بەرزیان لە نێو دامودەزگای ئیداریی خۆیاندا پێ دەبەخشین. بەم چەشنە جۆرێک ڕکابەرییان لە نێوان گرووپەکانی ژێر دەســەڵاتی خۆیان دروست دەکرد. پراکتیزەکردنی لایەنگیریکردن لــە گرووپێکی نەتەوەیــی، ئایینی، ڕەگەزی، یــان گرووپێکی کەلتوری و چاوپۆشــیکردن لــە گرووپەکانی دیکــە لــە کۆمەڵگەیەکی کۆلۆنیالیزمیدا، یەک لە پاڵنەرە بەهێزەکان بوو بــۆ هاتنەئارای ڕکابەری لە نێوان گرووپەکاندا و زۆرجاریش دەبووە هۆکار بۆ بەشداریکردنی یەک لەو گرووپانەی کە بە هەند وەردەگیران لە دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوەکاندا».١١

لە جۆگرافیــای ژێر دەســەڵاتی داگیرکاری فارســدا، دەکرێــت تورکــەکان بە بــەراورد لەگــەڵ کورد یــان نەتەوەکانی وەک بەلووچ و عەرەب، وەکوو نەتەوەیەکی خۆشەویســتتر لای فارس پێناسە بکرێت. ئەمەش بە جۆرێک ڕێخۆشــکەر بووە بۆ کێبەرکێیەکی قووڵ لە نێــوان کورد و تورکدا لە جیاتی ئەوەی کورد و تورک دژ بە فارس بــن. بۆ نموونە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ ئەم کێبەرکێیە هاتە ئاراوە و لە ڕووداوی شــەڕی نەغەدە١٢ خۆی نواند و دەرکەوتەکەشی کوشتاری بە کۆمەڵی کوردەکان بوو بە دەســتی تورکــەکان و بە پاڵپشتیی هێزی سەربازیی دەسەڵاتی ئێرانی. یان بۆ نموونە تورکەکان لە بالاترین پۆســتە حکوومەتییەکاندا دادەنرێن بەڵام ئەو دەرفەتە بە کورد نادرێت و ئاخرین نموونە ســەرۆک کۆماری ئێستای ئێران، مەسعوود پزشکیانە١٣ کە بــە ڕەچەڵەک تورکە بەڵام هیچ کوردێک ( باس لە مۆرەکانی ســەر بــە ڕێژیمی ئێران دەکرێــت کە هەم خۆیان بــە ئێرانی دەزانن و هەمیش گوێڕایەڵی دەســەڵاتن) شانســی خۆپالاوتنیشی پێ نەدرا.

ئــەم میتــۆدە کە بەشــێکە لــە میراتی داگیــرکاری، ئێرانییەکان لە کوردســتاندا بە شێوازێکی زۆر وردتر دەکاری دەکەن. نموونەی هەنووکەیی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەبێ وەک هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر کورستان سەرەنجی بدرێتێ، کێشمەکێش یان دژایەتیی نێوان لایەنگرانی زاراوە کوردییەکانە. ئەگەرچی گشتییەتی کوردســتان لە ژێر داگیرکاریدایە، ئەوان باس لە ســتەمی زاراوەیــەک بەرانبەر بــە زاراوەیەکی دیکــە زەق دەکەنەوە کە ئەم زاراوەیــە دەیهەوێــت زاراوەکانــی دیکــە لە ناوبەرێت. بۆ نموونە ســۆرانی لە بەرانبەر لەکی، کەلهوڕی و هەورامی. لە حاڵێکدا گشــت ئەم

زاراوەگەلـــە، جوگرافیـــا و خەڵکیان لە لایەن فارسەوە داگیرکراوە و ئەوەی دەیهەوێت ئەوان لە ناو ببات داگیرکاری فارســـە، ئەگینا هێشتا کوردستانێکی ئازاد بە سەروەریی کوردەوە لە ئارادا نییە کە بۆ نموونە دەسەڵاتی کوردستان پرۆژەی لە ناوبردن یان تواندنەوەی گرووپێکی بە قازانجـــی گرووپێکی دیکـــە هەبێت. هەر وەک ئاماژەمـــان پـــێ دا داگیرکاری فارس بۆ بەردەوامبوونی ســـەروەریی خۆی دەیهەوێت ئێمە لە نێو دیسکۆرسی ئەودا چالاکی بکەین. بـــە گژداچوونـــەوەی خۆمان لـــە جیاتی بە گژداچوونەوەی پرۆسەی داگیرکاری و هەروەها دوورخستنەوەمان لە ئامانجی ڕزگاری.

لـــە ســـەرەتاوە ئاماژەمان پـــێ کرد کە ناســـیۆنالیزم یـــان کوردســـتانیبوون بنەما و ســـتراکتۆری یەکخســـتن و کۆکردنـــەوەی هێـــزی کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردســـتانە بـــۆ کۆتاییهێنـــان بـــە داگیرکاریـــی ئێرانی. دەوڵەتی ئێران لە دوای ئەوەی لە پرۆســـەی یەکدەستکردن و بەفارســـکردنی کوردستان ســـەرکەوتوو نەبـــوو، هەنووکـــە خەریکـــی بچووککردنەوە یان وردتر دابەشکردنی یەکەی کوردستان و کوردە بۆ یەکەگەلێکی بچووکتر وەک ســـۆرانی، کورمانجی، لەکی، هەورامی، کەلهوری، ئەردەڵانی و ....

بۆ باشترناسینی سیاسەتی دەوڵەتی فارس بەرانبەر بە کوردستان، دەبێت ئێمە پێناسەیەکی وردمـــان لە خۆمان و ئەوی دی هەبێت. ئەگەر کوردســـتان کۆلۆنـــی بێت، داگیرکـــەر لێرەدا فارســـە. فـــارس دەیهەوێت ئەو پێناســـەیە بە ئێمـــە بدات کە لە خزمـــەت خۆیدایە. کوردی ئێرانـــی، هەورامیی ئێرانی، لەکی ئێرانی و... لە خزمەتی ســـەروەری فارسدایە. کوردی ئێرانی، واقعیەتێکی زاتیی سروشـــتی نییە و هەروەک چـــۆن ئێرانیبوون (فارس بوون) ڕاســـتییەکی سروشـــتی نییـــە و دەســـتکردە. قەبووڵکردنی ئێرانیبوون بۆ کورد واتـــا چ حەزی لێ بکەین یان نا، دەبێت ئەو جلەی فارس بۆمانی دووریوە لە بەر بکەین. بۆ ڕزگاربوون دەبێت ئێمە خۆمان لە دەرەوەی ئەم دیسکۆرس و چەمکانە پێناسە بکەین. دەستخستنی سەروەری، ماف و ئازادی لـــە بازنەی ئێرانیبووندا بـــۆ نەتەوەیەک وەکوو کـــورد تەنیا وەکوو وەهمێـــک وایە و هیچکات نابێت بە ڕاستی.

## دەرئەنجام

بزووتنەوەی هەنووکەیی کوردســـتان و پارتە سیاســـییەکانی لە دۆخی هەنووکەدا پێویستە خەسارناســـییەکی ڕەخنەگرانەیان لە ســـەر بکرێـــت بۆ ئـــەوەی ئـــەم بزووتنەوەیە یەک بخرێت و یەکگرتوو و بەربڵاو و بەهێز بکرێت. هێرشـــکردن و بێنرخکردنی مێژووی خەبات، بەهـــاکان و لـــە خۆبردووییەکان، دیســـانەوە ناچێتـــە خزمەتی ڕزگاریی کوردســـتانەوە. بۆ ڕزگاری لـــەم دۆخە پڕ لە ســـتەم و ئازارەی کوردســـتان کـــە لە ســـەرەوە نـــاوی دۆخی داگیرکاریی لێ نرا، پێویستمان بە ڕزگارکردنی تاکی کـــورد لە زیندانی داگیرکاریی زەینی و جەستەیی ئێرانی فارسەکانە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەبێ گشت هەوڵی ئێمە ئەوە بێت کە پەیوەندیی نێوان کوردبوون و ئێرانیبوون تێـــک بدەیـــن. ئـــەوی دیـــی بزووتنەوەی کوردســـتان، داگیرکاری فارسە نەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تەنیا. بە ڕووخانی ڕێژیم، ئەوی دی دەمێنێتەوە و لە نێو ئۆپۆزیســـیۆنی فارســـدا ماســـکێکی دیکەی لە دەم و چاوی داوە. پێناسەکردنی خۆمان بە کوردی ئێرانی، واتـــا چالاکیکردن لە نێو ویژمانی فارســـدا و بێگومان ئەم ویژمانە سەرەتا بیر لە بەردەوامی و ســـەروەریی خـــۆی دەکاتەوە نـــەک مافی ئێمـــە. مافی ئێمـــەش بەبـــێ ڕەچاوکردنی ســـەروەریی خۆمان وەدی نایەت. کەوابوو بۆ ئازادبوون پێویســـتە کۆتایی بـــە داگیرکاریی دەوڵـــەت نەتەوەی ئێرانیی فـــارس بهێنرێت. کوردێکی ئـــازاد ناتوانێـــت کوردێکی ئێرانی بێت.



## ژێدەرەکان


1 . Jan Yasin Sunca ,''Colonial continuities in the Kurdish liberation'', The Commentaries 3, no.1(2023): 71-89. https://journals.tplondon.com/com/article/view/2915/2170

2 . Frantz Fanon,'' Black Skin, White Masks'' (Penguin book ,2021), 127.

3 . Fairchild, H. (1994). Frantz Fanon's the Wretched of the Earth in Contemporary Perspective. Journal of Black Studies, 25(2), pp.191-199.

4 . W. Said Edward, ''Orientalism'' (Penguin book ,2019), 5.

٥ . عەبدولڕەحمان قاسملوو، "کوردستان و کورد"، وەرگێڕانی عەبدوڵا حەسەن زادە ( چاپەمەنی هەرزان، ٢٠٠٤).

6 .Yamahata Yata, ''Anti-Colonial Movements Beyond the Nation-State'', E-international relations, December15, 2019.
https://www.e-ir.info/2019/12/15/decolonising-world-politics-anti-colonial-movements-beyond-the-nation-state/

٧ . ڕۆژهەڵات نیوز، داگیرکەری ئێرانی قاتڵی ژینامانی/ دروشمی خۆپێشاندەرانی سەقزی، ٢٦ی خەرمانانی١٤٠١. https://www.youtube.com/watch?v=MlGhuPdrqD8

8 . For Jina Amini,. Bokan, Yusif Mewludi gives a speech during the funeral of his fallen father 2022-11-18 Part 2. https://www.youtube.com/watch?v=M7LWfPupSxg

9 . Ozlem Gone, '' Rightful Recognition of Kurdistan as a Colony and De-colonizing Knowledge Production'', The Commentaries 3, no.1(2023): 165-196.
https://journals.tplondon.com/com/article/view/3147/2473

10 . . Frantz Fanon,'' Black Skin, White Masks'' (Penguin book ,2021), 158.

11 . Sandra Marker, ''Effects of Colonization'', Beyond Intractability, November 2003. https://www.beyondintractability.org/essay/post-colonial

١٢ . یوسفی هاوری، "غلطواره جنگ ترک‌ها و کردها؛ درگیری در نقده"، ایران وایر،٢٩ مهر، ١٣٩٩ . https://iranwire.com/fa/features/42243

١٣ . بیوگرافی مسعود پزشکیان. مجله علمی و فرهنگی تاروت زندگی.١٦ تیر١٤٠٣ https://rb.gy/v98rze


## سەرچاوەکان


Frantz Fanon,'' Black Skin, White Masks'' (Penguin book ,2021), 127 and 158

Fairchild, H. (1994). Frantz Fanon's the Wretched of the Earth in Contemporary Perspective. Journal of Black Studies, 25(2), pp.191-199.

For Jina Amini,. Bokan, Yusif Mewludi gives a speech during the funeral of his fallen father 2022-11-18 Part 2. https://www.youtube.com/watch?v=M7LWfPupSxg

Jan Yasin Sunca ,''Colonial continuities in the Kurdish liberation'', The Commentaries 3, no.1(2023): 71-89. https://journals.tplondon.com/com/article/view/2915/2170

Ozlem Gone, '' Rightful Recognition of Kurdistan as a Colony and De-colonizing Knowledge Production'', The Commentaries 3, no.1(2023): 165-196. https://journals.tplondon.com/com/article/view/3147/2473

Sandra Marker, ''Effects of Colonization'', Beyond Intractability, November 2003. https://www.beyondintractability.org/essay/post-colonial

W. Said Edward, ''Orientalism'' (Penguin book ,2019), 5.

Yamahata Yata, ''Anti-Colonial Movements Beyond the Nation-State'', E-international relations, December15, 2019. https://www.e-ir.info/2019/12/15/decolonising-world-politics-anti-colonial-movements-beyond-the-nation-state/

عەبدولڕەحمان قاسملوو، «کوردستان و کورد»، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە ( چاپەمەنی هەرزان، ٢٠٠٤).

ڕۆژهەڵات نیوز، داگیرکەری ئێرانی قاتڵی ژینامانی/ دروشمی خۆپێشاندەرانی سەقزی، ٢٦ی خەرمانانی١٤٠١. https://www.youtube.com/watch?v=MlGhuPdrqD8

بیوگرافی مسعود پزشکیان. مجله علمی و فرهنگی تاروت زندگی.١٦ تیر١٤٠٣ https://rb.gy/v98rze

یوسفی هاوری، «غلطواره جنگ ترک‌ها و کردها؛ درگیری در نقده»، ایران وایر،٢٩ مهر، ١٣٩٩ . https://iranwire.com/fa/features/42243

# متافیزیک آشوب

## (خاورمیانه و بی نظمی نوین آن: یک نگاه روتین)

ریباز نیازمند

به نظر می رسد که در چهارچوب هر گونه صورتبندی سیاسی برای خاورمیانه، مجموعه‌ای از مواضع ایدئولوژیک وجود دارند که نه مشغول رقابت با یکدیگر که در صدد حذف یکدیگر هستند. تنوع و تضاد و تعارض منافع نیز در خاورمیانه، این منطقه تاریخی و البته پر آشوب را به عرصه ذخایر و اندوخته‌های افراطی تبدیل کرده که امکان هر گونه ثبات و آرامش برای مردم رنجدیده آن، در نهایت ناممکن می نماید. انرژی و هزینه‌هایی را که دولتها به بهانه‌های واهی در خاورمیانه نیز مصرف می کنند، آرامش و ثبات را در این منطقه به کلی به تهدید تبدیل کرده است.

*«پرزیدنت قول داده است*
*برای پیروزی بزرگ در خاورمیانه*
*جشن مفصلی برپا خواهد کرد*
*میهمانان مهمی از سراسر دنیا*
*در لیست مدعوین خواهند بود*
*خاورمیانه نیز، همراه با آن واع مخلفات*
*جزو لیست غذاهاست.»*

*حافظ موسوی*

با اینکه جایگزین شدن نظم سیاسی جهانی متکی بر امپراطوریها، توسط نظمی متکی بر دولت ملتها طی روندی چهارصد ساله به وقوع پیوست، اما آغاز این روند از نظم نوین جهانی نیز با بحرانهایی مواجه بود که تقابل و خونریزی و کشتار را از استلزامات آن می دانست. به گونه‌ای که کشتار و خونریزی از همان ابتدا جزو منویات این نوع از سیاست پردازی بود. ادامه این روند باعث شد که در سراسر جهان پس از پایان جنگ سرد، این فرضیه بر سر زبانها بیفتد که تقابل بعدی در جهان و البته در خاورمیانه و در اثر تقابلهای ایدئولوژیکی رخ خواهد داد که نه تنها ثبات و آرامش را از خاورمیانه سلب خواهد کرد، بلکه موجودیت آن را نیز بکلی دچار بحران میکند. ظاهرا این فرضیه چندان نیز بی ربط و دور از واقعیت نبود، چون وضعیتی که اکنون در خاورمیانه بصورت نظم نوین دیده می شود، بیش و پیش از آن که مبتنی بر استراتژیهای سیاسی دولتهای منطقه باشد، ناشی از تفکر ایدئولوژیکی آنهاست. در این میان دولت اسرائیل که خود بعد از فروپاشی امپراطوری عثمانی و در جریان یهودی ستیزی اروپا بر خاورمیانه تحمیل شده بود، زمینه هر آنچه آشوب خوانده می شود را در خاورمیانه بنیان نهاد.

از سویی دیگر نیز نظام ایدئولوژیک جمهوری اسلامی ایران، که از همان ابتدا با مسائلی از قبیل عدم مشروعیت دینی و سیاسی مواجه بود، دست کمی از اسرائیل نداشت و به ایجاد تنش در خاورمیانه افزود. تقابل دو دولت افراطی و ایدئولوژیک اسرائیل و ایران، در واقع خطر تهی شدن دموکراسی از اصل برابری را دو چندان کرده است. به گونه‌ای که به جرات می توان گفت که نقطه ثقل نظم نوین خاورمیانه در چهل و پنج سال اخیر، مولود همین مساله اسرائیل و ایران بوده که اولی با توهم سرزمین موعود و قوم برگزیده خداوند به گسترش جنایتهایش در فلسطین دامن زده و دومی در پی برنامه‌نویسی برای نسخه به روزشده‌ی امپراطوری صفوی و گسترش هلال شیعی در حاشیه خلیج فارس و صدور انقلاب ۵۷ به جهان، به ایجاد آشوب در خاورمیانه پرداخته است.

گذشته از اهمیت اقتصادی، فرهنگی، تمدنی و دینی و تاریخی، خاورمیانه همیشه کانون گرایشها و ایدئولوژیها و البته تنشهای سیاسی عمده‌ای بوده است که در دگرگونیهای آن از دوره پس از جنگ جهانی نخست تا امروز تأثیر گذار بوده‌اند. این گرایشهای سیاسی زمینه اتحاد و ائتلاف کشورهای منطقه و گاه قدرتهای خارج از آن شده و زمینه‌های دوستی و کشمکشها و البته تنشهای منطقه‌ای را نیز فراهم کرده است. به گونه‌ای که خاورمیانه نه رنگ آرامش را به خود دیده و نه بوی ثبات را چشیده. این اتحاد و ائتلاف و کشمکشها میان کشورهای عرب خاورمیانه و نیز میان غیراعراب از جمله ایران، ترکیه ، روسیه و سوریه صورت گرفته و روابط و سیاست خارجی و تاکتیکها و استراتژیهای این کشورها را بصورت نظمی نوین ارائه داده که از سویی بیشتر بوی آشوب و ناامنی و تاخت و تاز میدهد و از سویی دیگر هزینه‌های آن را ملتها پرداخت کرده‌اند.

سایه حضور آمریکا در منطقه خاورمیانه

و استقرار اسرائیل بعنوان نگه‌دارنده و البته کاتالیزور سیاستهای هژمونیک آمریکا در خاورمیانه نیز که همیشه در این نقطه از زمین محسوس و ملموس است، خود مزید بر علت بوده؛ به گونه‌ای که نقطه ثقل نظم نوین خاورمیانه را حداقل در دو دهه اول قرن بیست و یکم نیز به نحوی از انحا شکل داده است. دخالت آمریکا در خاورمیانه که بصورت افزایش پایگاههای نظامی در این منطقه خود را نشان داد، بعد از حمله القاعده به سازمان تجارت جهانی در سال ۲۰۰۱ بیشتر شد. در واقع نظم نوین خاورمیانه، بعد از یازده سپتامبر، بهانه دست آمریکا داد تا ضمن استحکام هژمونی خود در منطقه و ایجاد جنگ و حمله به عراق و افغانستان، از موجودیت اسرائیل نیز به نوعی حمایت کند. با این حال هر گونه خوانشی از نظم نوین خاورمیانه، نه تنها از طریق بررسی دکترین آمریکا، بلکه از میان جریانهای سیاسی و ایدئولوژیک موجود در خاورمیانه نیز که عموما طی ایجاد دوقطبی امریکا/جهان اسلام سربرآورده بودند، اگر محال نباشد بدون شک دشوار خواهد بود.

از میان این جریانها، چهار جریان بیش از همه تحولات و دگرگونیهای آن تأثیر گذاشته و سبب روابط منطقه‌ای و فرامنطقه‌ای شده‌اند. از یک سو گرایشهای گوناگون ناسیونالیستی اعم از کورد، عرب، ترک، ایرانی و یهودی بیش از همه در شکل دادن به فرایندها و رویدادهای سیاسی نقش داشته و از سوی دیگر گرایشهای اسلامگرایانه که عموما خود را بصورت افراط گرایانه نشان داده‌اند از دهه‌های آغازین قرن بیستم به شکل جنبشهای سیاسی، در بیشتر کشورهای خاورمیانه وجود داشته و رشد یافته‌اند. به گونه‌ای که وجود این گرایشها در دهه های پایانی قرن به شکل سازمانهای فراملی و چندملیتی نه فقط با بازیگران منطقه‌ای، بلکه با قدرتهای بزرگ نیز کشمکش پیدا کرده‌اند و همزمان در ایجاد نظم نوین خاورمیانه نیز تاثیرگذار بوده‌اند. این کشمکشها در طول دو دهه نخست قرن بیست و یکم نیز ادامه یافته و به شکل عملیات سپتامبر ۲۰۰۱ القاعده و سپس در اواسط دهه دوم این قرن نمود یافته‌اند. تا جایی که به ایران مربوط است تمامی این گرایشهای سیاسی، یعنی ناسیونالیسم عرب و شکل افراطی آن پان عربیسم، ناسیونالیسم ترک، به ویژه نوع رمانتیک/فاشیستیک آن، یعنی پان ترکیسم و سرانجام اسلام سیاسی، چه از نوع میانه‌روی آن، به شکل جریانهایی چون اخوان المسلمین و گرایشهای مشابه آن و یا سلفی گری افراطی که در القاعده و داعش و سایر گروههای مشابه نمود یافته است، به شیوه های گوناگون بر مردم، حکومتها و سیاستهای کلی و کلان داخلی و خارجی کشورهای خاورمیانه تأثیر گذاشته و این تأثیرگذاری نیز به هیچ وجه قابل انکار نبوده است. برای نمونه اسلام گرایی اولیه در مصر یعنی اخوان المسلمین به شکل غیر مستقیم، باعث شکل گیری گروههای اسلام گرای شیعه همچون فداییان اسلام شده است که بعدها رابطه بین اخوان المسلمین و اسلام شیعی در ایران نیز به سبب تعارضات منفعت طلبانه به کدورت و قطع روابط ایران و مصر منجر شد. تاثیرگذاری منطقه‌ای فداییان اسلام در خاورمیانه، آن موقع به سمت رادیکالیزه شدن سوق داده شد و پای ایران را بیشتر به آشوبهای خاورمیانه باز کرد که قضیه فلسطین در میان بود.

قضیه فلسطین از همان ابتدا برای ایران نه از لحاظ دینی که از لحاظ سیاسی و استراتژیکی حائز اهمیتی فراوان بود. در این میان باید به دو رویه بودن سیاستهای ایران در قبال فلسطین و بعدها لبنان شک کرد. در حالیکه اکثریت قریب به اتفاق مسلمانان

مورد حمایت ایران در فلسطین را اعراب سنی مذهب تشکیل میدهند اما، اهل سنت ایران که جمعیت قابل توجهی از ایران را شامل می شوند کماکان از محرومیتهای سیاسی و اقتصادی و اجتماعی در ایران رنج می برند. به نظر میرسد که سیاستهای ایران چه در قالب فداییان اسلام و چه در قالب جمهوری اسلامی، بیشتر ناظر به ایجاد و گسترش هلال شیعی در منطقه و تضمین سیاسی همان ناسیونالیسم باستانگرا و نژادی بوده که خود را در شکل پان ایرانیسم مذهبی(شیعی) نشان داده است. با این حال تأثیر جریانهای سیاسی و ایدئولوژیک خاورمیانه در ایران را بیشتر می توان در چهارچوب ایجاد تضاد و کشمکش دید چرا که گرایشهایی چون ناسیونالیسم عرب و پان عربیسم، ناسیونالیسم ترک و پان ترکیسم و اسلام سیاسی از نوع افراطی یا میانهرو به شیوه های گوناگون دیدگاهها و برنامههای الحاق گرایانه و مداخله جویانهای در خاورمیانه داشتهاند و از سوی دیگر گرایشهای ملی گرایانه در منطقه که نمود آن را می توان در بستر گفتمان کوردی مورد مداقه قرار داد، ایران را برآشفته است.

جریانهای دینی و ملی گرایانه که از همان ابتدا از برنامه ها و سیاستهای ایدئولوژیک برآمده از کشمکشهای گستردۀ جهانی پیش از جنگ جهانی اول و دوم و در جریان آن سرچشمه می گرفتند و بر تمامی منطقه خاورمیانه اثر گذاشته بودند به ایران نیز سرایت کرده و از داخل و خارج بر امنیت ملی آن تأثیر گذاشتند. فارغ از همه این گرایشهای دینی و ناسیونالیستی که بر خاورمیانه تاثیرات خود را گذاشته بودند، چیزی که همیشه ایران و به تبع آن خاورمیانه را برآشفته بود، ناسیونالیسم یهود یا صهیونیسم بود که از آغاز پیدایشش در خاورمیانه تا مرحله رشد و تکامل خود، هم بر خاورمیانه و هم بر ایران اثرگذار بوده و هست. فارغ از اینکه ناسیونالیسم یهود خود را در شکل دولت اسرائیل نشان داده بود، این ارتباط و تأثیرگذاری در دوران حکومت پهلوی و در دورۀ جمهوری اسلامی متفاوت بوده است. در دوران پهلوی ارتباط غیر رسمی با اسرائیل باعث کشمکش میان ایران و ناسیونالیستهای عرب از یک سو و حکومتهای محافظه کاری چون عربستان سعودی از سوی دیگر شد. سیاست دشمنانه جمهوری اسلامی با پدیده صهیونیسم و موجودیت اسرائیل از سال ۱۳۵۷ تاکنون به طور مستقیم و غیر مستقیم امنیت ملی ایران و حتی خاورمیانه را نیز در ابعاد سیاسی اقتصادی و نظامی تحت تأثیر خود قرار داده است.

اینکه ژان ماری گنو، در مورد وجود نوعی عصبیت شدید در بین یهودیان میگوید و فروپاشی یهودیان و تقلیل آنها از ملت به اجتماع را به شکست مدل اقتصادی نخستین بنیانگذاران حزب کارگر و آرمان کیبوتزیم ربط میدهد؛ با این وجود نگاه و رویکرد تاریخی در این مورد نیز خالی از لطف نیست. با تصویب پیشنهاد مورسیون - گریدی یا همان راه حل امریکایی/انگلیسی و پیشنهاد گروه کمینه سازمان ملل مبنی بر تشکیل دولت واحد یهودی/عربی و تقسیم فلسطین به دو منطقه یهودی و عربی در سال ۱۹۴۷ که ایران هم در آن مشارکت داشت، اوضاع خاورمیانه رو به ناآرامی نهاد. در واقع نظم نوین خاورمیانه را میتوان با تصویب این قطعنامه و اعلام استقلال اسرائیل در ۱۵ مه ۱۹۴۸ سراغ گرفت که اسرائیل از پذیرش واحد فلسطینی آن امتناع کرد. تشکیل دولت یهود در قلب فلسطین که از آرزوهای هرتصل نیز بود، نه اسرائیل را قانع کرد و نه فلسطینیها را ساکت. با این حال آنچه به کشمکش میان ناسیونالیسم افراطی و ایدئولوژیک اسرائیل و ناسیونالیسم فلسطینی دامن میزد، نه بی میلی آنها نسبت به عدم به رسمیت شناسی

همدیگر که ورود بازیگران منطقه‌ای از جمله عرب ناصری و بعث و اسلامگرایان عرب و غیر عرب از یک سو و از سوی دیگر آمریکا و اروپا و بخصوص ایران بود.

همانطور که قبلا اشاره شد بخش دیگری از نظم خاورمیانه، پس از انقلاب ایران در سال ۱۳۵۷ نمایان شد. آن روزها هم نیروهای انقلابی ایران و هم اسلام گراها و هم چپ گرایان مارکسیستی، تحت تاثیر فضای گفتمانی رادیکال ایران و منطقه، ناسیونالیسم یهود و صهیونیسم را پدیده‌ای امپریالیستی و در تضاد بامنافع مردم خود و استراتژیهای خود میپنداشتند. جمهوری اسلامی که از همان آوان و به بهانه توطئه طراحی شده علیه ایران و جهان اسلام، مخالفت شدید خود را با صلح کمپ دیوید ابراز کرده بود، اسرائیل را نه تنها دشمن خود که دشمن تمامی جهان اسلام معرفی و خود را متحد فلسطین اعلام کرد. از سوی دیگر نیز اسرائیل فروپاشی دولت پهلوی و تشکیل یک دولت ایدئولوژیک در ایران را مایه نگرانی خود میدانست و از سویی هم ایران به بهانه رسمیت بخشی به ولی امر مسلمین و تعیین تکلیف برای کل مسلمانان جهان و صدور انقلاب به دنیا و گسترش هلال شیعی از هیچ کوششی فروگذار نکرد و این نیز به نگرانی اسرائیل افزوده بود. از سویی دیگر حمایت ایران از جنبشهای ضد اسرائیلی جهاد اسلامی و حماس که در سال ۱۹۸۷ به صحنه آمده بودند، امنیت اسرائیل و خاورمیانه‌ای را که آمریکا پیش بینی آن را برای خود کرده بود به هم زد. به گونه‌ای که مشکل اصلی امنیتی و تهدید اسرائیل نه ایران که فلسطینیهای مسلح مستقر در لبنان و سوریه و فلسطین و دیگر کشورهای عربی بود که موجودیت اسرائیل را به رسمیت نمی شناختند و مورد حمایت جمهوری اسلامی بودند.

پیمان صلح اسلو در سال ۱۹۹۳ با اینکه خطر فلسطینیها و گروههای مسلح محور مقاومت و سازمان آزادیبخش فلسطین و دیگر کشورهای عربی را از اسرائیل زدوده بود، اما حمایت گسترده جمهوری اسلامی از گروههای حماس و جهاد اسلامی و مخالفت سرسختانه آن با قرارداد صلح اسلو، جمهوری اسلامی را به دشمن شماره یک اسرائیل تبدیل کرد. در واقع تغییر مماشات اسرائیل با ایران از همین نقطه شروع شد و طی آن دولت افراطی لیکود در اسرائیل با زیر پا گذاشتن قرارداد اسلو و اشغال سرزمینهای فلسطین و به حاشیه راندن فلسطینیها و ایجاد شهرکهای یهودی نشین، به تغییر استراتژیهای خود در قبال ایران و فلسطین پرداخت. مخالفت جمهوری اسلامی با اسرائیل باعث شد که اسرائیل، ایپک، لابی قدرتمند خود را در آمریکا به جریان بیندازد و پای آمریکا را نیز به دشمنی هر چه بیشتر با ایران باز کند.

موضوع دیگری که اسرائیل در راستای خطرزدایی از ایران در جامعه جهانی مطرح کرده بود، مساله هسته‌ای ایران و انکار مساله هولوکاست از سوی ایران بود. اسرائیل با طرح این ادعاها توانست ایران را به خطری بزرگ نه تنها برای خاورمیانه که برای کل جهان تبدیل کند. شاید بتوان گفت که بزرگترین موفقیت اسرائیل در این راستا، روی کار آوردن دونالد ترامپ در امریکا بود که از طرفی در مخالفت با به انجام رسیدن برجام با اسرائیل هم رای بود و از طرفی هم ایران را بعنوان مخل نظم و امنیت جهانی و منطقه پذیرفته بود. در این میان اسرائیل توانست با لابیگریهای پرنفوذ و قدرتمند خود، غیر از آمریکا، عربستان سعودی را نیز در تقابل با ایران قرار دهد و از این راه با هدف رویارویی با آنچه خطر ایران برای جامعه جهانی و خاورمیانه نامیده می شد بپردازند. ایران اما از آن طرف با کشیدن پای روسیه و چین و

سوریه و ترکیه و حتی کره شمالی به ماجرا، خطر اسرائیل و آمریکا را به طور کلی دفع نکرد بلکه به موازنه نسبی قدرت و تاخت و تاز در خاورمیانه آنگونه که مورد نیاز بود دست یافت؛ اما، مساله اصلی در این میان سهم خواهی روسیه و ایران و ترکیه از سوریه بود که ایران به بهانه دفاع از حرم و ترکیه نیز به بهانه مبارزه با تروریسم، نیروهای خود را با هدف تقابل مستقیم و آشکار با آمریکا و اسرائیل در آنجا مستقر کرده بودند. گفته میشود که ایران در طول حضور نیروهای خود در سوریه تاکنون، بیش از شش هزار کشته و ده‌هزار میلیارد دلار خسارت داشته که برای اقتصادی چون اقتصاد ایران که به کلی اقتصادی مفلوک و منتج از رانتهای دولتی است، رقم تعجب برانگیز و قابل ملاحظه‌ای است.

تداوم حمایت ایران از سوریه و فلسطین باعث شد که این بار آمریکا و شخص دونالد ترامپ، با خروج از برجام و ترور قاسم سلیمانی و همراهش در فرودگاه بغداد، خاورمیانه را بار دیگر دچار تنشهای جدی کنند. حملات اسرائیل به سپاه قدس و ایجاد خسارتهای زیاد جانی و مالی برای ایران در سوریه و اعمال تحریمهای گسترده علیه ایران اما هرگز باعث نشد که ایران در خاورمیانه دست از شیطنت بردارد. مسلح کردن گروههای ضداسرائیلی در لبنان و فلسطین و حمله غافلگیرانه حماس به اسرائیل در هفتم اکتبر ۲۰۲۳ و تداوم حملات اسرائیل به غزه و کشته و زخمی کردن بیش از ۱۸۹۰۰۰ نفر زن و مرد و کودک بی دفاع و مظلوم فلسطینی در غزه و بمباران مساجد و مدارس و بیمارستانهای فلسطین و همچنین دوشیدن کشورهای عربی اسلامی خاورمیانه توسط امریکا و چین و روسیه و ترکیه که هر کدام به بهانه‌ای مشغول خونریزیهای فراوان در اقصی نقاط خاورمیانه هستند، امکان سلب حق و حقیقت و ایجاد هر گونه ثبات و آرامشی را از خاورمیانه سلب کرده است.

به نظر می رسد که در چهارچوب هر گونه صورتبندی سیاسی برای خاورمیانه، مجموعه‌ای از مواضع ایدئولوژیک وجود دارند که نه مشغول رقابت با یکدیگر که در صدد حذف یکدیگر هستند. تنوع و تضاد و تعارض منافع نیز در خاورمیانه، این منطقه تاریخی و البته پر آشوب را به عرصه ذخایر و اندوخته‌های افراطی تبدیل کرده که امکان هر گونه ثبات و آرامش برای مردم رنجدیده آن، در نهایت ناممکن می نماید. انرژی و هزینه‌هایی را که دولتها به بهانه‌های واهی در خاورمیانه نیز مصرف می کنند، آرامش و ثبات را در این منطقه به کلی به تهدید تبدیل کرده است. بنابراین وجود نظامهای ایدئولوژیک و نامشروع در این بخش از جهان، فرایند گسترده‌ای از مبادلات کشمکش آمیز است که نه ارمغان آورنده‌ی نظمی نوین که موجد بی نظمی مبتنی بر کشتار و خونریزی هستند. از این منظر خاورمیانه نه در وضعیتی استثنائی و نه خود وضعیتی استثنائی است بلکه در وضعیتی قرار گرفته که سرکوب چهارسوی آن را گرفته است.

## فهرست منابع


مظفری، علی (۱۴۰۰)؛ «شکل دهی به هویت ملی در ایران»، تهران، نشر شیرازه.

لشکری تفرشی، دکتر احسان (۱۳۹۲)؛ «تعارضات ژئوپلتیک جهان اسلام و غرب»، مشهد، نشر پاپلی.

ماری گنو، ژان (۱۳۸۱)؛ «پایان دموکراسی»، ترجمه عبدالحسین نیک گهر، تهران، نشر آگه.

عباسی، ابراهیم (۱۳۹۶)؛ «رادیکالیسم اسلامی در ایران معاصر»، قم، نشر دانشگاه مفید.

احمدی، حمید (۱۴۰۳)؛ «گرایشهای سیاسی در خاورمیانه و امنیت ملی ایران»، تهران، نشر نی.

گارودی، روژه (۱۳۹۳)؛ «گورکنها، یک هشدار به زندگان (نقد نظم نوین جهان)»، ترجمه علی اکبر کسمایی، تهران، نشر اطلاعات.

جیمز، ارون (۱۳۹۵)؛ «عوضیها ( نظریه‌ای درباره دونالد ترامپ)»، ترجمه علی اصغر شجاعی و پرستو عوض زاده، تهران، نشر شبگون

انسار، پی یر (۱۹۹۲)؛ «ایدئولوژیها، کشمکشها و قدرت»، ترجمه مجید شریف، تهران، نشر قصیده سرا.

# ڕێکخراوی مەدەنی «NGO» و کورد!

**برایم فەڕشی**

گرفتێکی ڕێکخراوی مەدەنی کە کاری گرنگ لە بواری ژینگە، فێربوونی زمان، فێربوونی مۆسیقا، وەرزش، هونەر، ئەدەبیات و فیلم و شانۆ دەکەن، بوونی تاکی لایەنگری حزبەکانە کە حزبی و ئیدئۆلۆژیک دەجووڵێنەوە و ئەم ناوەندانە دەخەنە مەترسییەوە. گەلێک هونەرمەند، شاعیر، نووسەر، ئاکادیمیسیەن و کارسازی ناوخۆی وڵات زۆر جار ئەم بابەتەیان لای نووسەری ئەم دێڕانە باس کردووە. ئەم دیاردەیە لە ڕاپەڕینی ژینا زەق و بەرچاو دەرکەوت، کە پڕۆپاگەندە بۆ حزب و کەسایەتییەکانی گرنگتر لە ڕاپەڕینێکی مەدەنی خەڵک هاتە بەرچاو. تێنەگەیشتن لە خەڵک، مافی خەڵک، بوار و بارودۆخی سیاسی و بەرپرسیارەتی، ناتەبایە لە تەک تاکڕەویی و حزبایەتیی ناو ڕێکخراوی مەدەنی!

[١]

ڕێکخراوی مەدەنی، دەزگایەکی نادەوڵەتیی سەربەخۆیە و لە لایەن خەڵکەوە بۆ پاراستنی مافی هەمەلایەنەی ئینسان، مافی زیندەوەران، ژینگە و باشترکردنی ژیان ساز دەکرێ. ئەم ڕێکخراوانە لە ڕێگای پارەی ئەندامەتی، یارمەتیی ماڵی، خۆیان بەڕێوە دەبەن. هەرچەند لێرە و لەوێ پێوەندیی کاری و ئیداری و دەوڵەتی و پشتگیریی ماڵی هەبێ، بە مانای ژێر سوڵتەبوونی ڕێکخراوەکە نییە و قانوون پشتگیریی ماڵی بەو ڕێکخراوانەی سەلماندووە ڕێکخراوی مەدەنی دوور لە گرێدراویی حزب، کڵیسە، ئایین، ئیدئۆلۆژی دەمێنن و ناکەونە ژێر ئاتۆریتەی ئەوان. تەنیا بەو چەشنە دەتوانن کاری سەربەخۆ و دوور لە دەستتێوەردان بەڕێوە بەرن. ئەوان خۆیان پلان دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن و داهات و خەرجییان لە ئەستۆی خۆیانە و دەزگای ماڵی و ئابووری بۆ قازانجی ماڵی و مادی نین. ئەوەی بیروباوەڕی بەشداربووان چی بێ و لە چ بازنەیەکی فکریدا بن، بڕیاری خۆیانە، بەڵام ئەوکاتەی کەوتنە ژێر بیر و ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی هەر لایەنێک، لە بازنەی ڕێکخراوی مەدەنی دەردەچن. چالاکیی ئەوان بواری فەرهەنگی، هونەری، ئەدەبی، فێرکاری، وەرزشی، بەڕێوەبردنی سمینار، ورکشاپ و فرە کاری تر دەگرێتەوە. بوونی ڕێکخراوی مەدەنی بۆ کۆمەڵگا گرنگە و زۆربوونیان هێزێکە، دەتوانێ کارتێکردنی لەسەر سیاسەتی هەر وڵاتێک هەبێ.

[٢]

ئەو ڕێکخراوانە کاتێک بکرێنە پاژگەڵی دەوڵەت، حکومەت، حزب، ئایین و ئیدئۆلۆژی، مەترسی بۆ خەڵک و کۆمەڵگا دەخوڵقێنن، هەروەک چۆن لە ئاڵمانی سەردەمی نازی بوونە هاودەستی حزب، حکومەت و بەشدار لە جێبەجێکردنی سیاسەت و ویستی حزبی ناسیۆناڵ سۆسیالیست و حکومەتی هیتلێر.

بەرەی کرێکارانی ئاڵمان die Deutsche Arbeitsfront (DAF)، یەکیەتیی ژنان، ڕێکخراوی خزمەتگوزاری Reichsarbeitsdienst (RAD)، ڕێکخراوی ناسیۆناڵسۆسیالیتی ئاڵمان بۆ خزمەتگوزاری Nationalsozialistische Volkswohlfahrt (NSV)، ڕێکخراوی ناسیۆناڵسۆسیالیستی لێخورانی ماشێن Nationalsozialistisches Kraftfahrerkorps (NSKK)، ڕێکخراوی لاوانی هیتلێر Hitlerjugend (HJ)، ڕێکخراوی کچانی ئاڵمانی Bund Deutscher Mädel (BDM) بەشێک لەو «ڕێکخراوە مەدەنی»یانە بوون، کە وەک دەزگاکانی فاشیسم بەکارهێندران.

[٣]

سازکردنی «ڕێکخراوی مەدەنی» بە مەبەستی ڕێکخستنی چین و توێژی ناو کۆمەڵگا پاش دامەزراندنی بلۆکی سۆسیالیستی پەرەی ستاند و سیستەمێکی ژێر کۆنترۆڵی حزبی کۆمۆنیست و حکومەت بوو. حزبی کۆمۆنیستی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا ئەم چەشنە لە «ڕێکخراوی مەدەنی»یان هێنایە ناو کوردستان. یەکەم حزبی کورد کە لەژێر کارتێکەریی حزبی توودەی ئێران دەزگایەکی لەو چەشنەی لە شاری مەهاباد ساڵی ١٣٢٩(١٩٥٠) دامەزراند، حزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە ڕۆژنامە و گۆڤاری حزبی توودەی ئێرانیان دەفرۆشت و لەژێر ئاتۆریتە و بەرنامەی ئەواندا کاریان دەکرد.

حزبەکانی کورد لە مرۆڤی ژێر سیستەمی «پەروەردە»، فەرهەنگ، ئەخلاق، سیاسەت و تێگەیشتنی هەر کام لە وڵاتانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیا پێک هێندراون. ئەوان لەو سیستەمانە دانەبراون و سیستەمی تێگەیشتنی جیاواز لەوانیان پێک نەهێناوە . قەیرانی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی ناو ئەو وڵاتانە و قەیرانی حزبەکانیان، بەسەر ئەوانیشدا زاڵە و سازکردنی بەناو دامودەزگای مەدەنی لە لایەن ئەوانەوە،

جیاوازیـــی بنەڕەتیـــی فکری و تێگەیشـــتنی لەگەڵ ئەو لایەنانـــە نییە، هەربۆیە ڕێکخراوی حزبـــی و «مەدەنـــی»ی ئـــەوان، نەبوونە هۆی بەخەڵکیبوونی دامودەزگاکانیان لە کوردستان.

## [۴]

لــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە ســـاڵی ۱۹۵۰ هەتا ســـاڵی ۱۹۷۹ کـــۆڕ و کۆمەڵی هونەری لە شـــارەکانی کوردســـتان لەژێـــر کۆنتڕۆڵی وەزارەتـــی فەرهەنگ و هونـــەر، کاخ و خانەی جەوانـــان، کانوونی کودەک و نەوجەوان، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و وەزارتی ئاموزش و پەروەرشـــدا بوون. کۆڕ و کۆمەڵی وەک تیپی شـــانۆی لاو کە لە شـــاری بۆکان ساڵی ۱۹۷۳ پێک هات، کارێکی دەگمـــەن بوو کە بەردەوام تووشـــی کێشـــە لەگەڵ ئیدارەی فەرهەنـــگ و هونەر، ئاموزش و پەروەرش و ساواک دەهاتن و ساڵی ۱۹۷۵ کەوتنە بەر هێرشی ساواک.

پاش مەرگی عەزیز یۆسـفی و خۆپیشـــاندانی کاتـــی ناشـــتنی لە بەهـــاری ســـاڵی ۱۹۷۸ کوردســـتان بارودۆخێکی نوێـــی پەیدا کرد و چالاکیـــی هونـــەری، ئەدەبـــی، خوێندکاری، سیاســـی، پیشـــەیی دوور لە دەســـتێوەردانی حکومەت و دامـــودەزگاکان و حزبی ئێرانی و کوردی (کە حزووری ئاشکرا و نهێنییان نەبوو) لە شاری ورمێ-وە هەتا ئیلام پەرەی ستاند.

لــە بـــواری ئەدەبی و شـــانۆ لە ســـاڵی ۱۹۷۵ بـــە دواوە لە زۆربەی شـــارەکانی کوردســـتان پێوەندیـــی نووســـەران و هونەرمەندان دوور لە چاوی ساواک و ئیدارەکانی فەرهەنگ و هونەر و ڕادیۆ تەلەڤزیۆن لە بازنەی بوونی فستیواڵ و جەشنوارە ســـەری دەگرت و کارگەلێک دەکرا، وەک فستیواڵی شانۆی ساڵی ۱۹۷۵ لە مەهاباد و شـــەوی شـــیعر لە شاری ســـەقز، هەرچەند ڕێکخەری ئەو شەوە شیعرە کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ بوو و حەولی لکاندنی شەوەکەی بەو ئیدارە و سیســـتەمەوە دا، کە زیندەیاد جەلال مەلەکشـــا ئاگاداری ئەم فێڵە بوو، بەشـــداریی کۆڕەکەی نەکرد. هەروەها دانشسەرای هونەریی شـــار سنە کە بۆ یەکەم جار لە ئێران لەم شارە دامـــەزرا و ڕادیـــۆ تەلەڤیزیۆنی کرماشـــان کە ببووە مەکۆی نووسەران و هونەرمەندانی کورد، سەرەڕای کۆنترۆڵی تەواوی ساواک، شوێنگەلی پێوەندیـــی نووســـەران و هونەرمەنـــدان دوور لە بۆچوون و سیســـتەمی ڕژیـــم بوون، کە ئەم هێزانە ســـاڵی ۱۹۷۸ لە زۆربەی شارەکان بوونە مایەی ســـازبوونی کۆڕ و کۆمەڵی ســـەربەخۆی ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری، مۆســـیقا، شانۆ و پاش ڕووخانی ڕژیم ڕێکخســـتنی فســـتیواڵ و جەشنوارە و کۆنگرەی لێکەوتەوە و هەتا کۆتایی ســـاڵی ۱۹۸۱ درێژەی کێشـــا و دواتر لەگەڵ دەســـتێوەردانی حزبـــەکان و داگیرکردنەوەی شارەکان لە لایەن ڕژیم، هەڵوەشانەوە و گۆڕان و، ڕژیم کۆڕ و کۆمەڵی ژێر ســـەیتەرەی خۆی پێـــک هێنا. ئـــەم کۆڕ و کۆمەڵانە، لـــە بازنەی شارەکاندا قەتیس مانەوە و نەبوون بە ڕێکخراوی مەدەنیی خاوەن دەستوور، بەرنامە و سیستەم و ڕێکخراوی مەدەنیی کوردستانی لێ نەکەتەوە، هەرچەند حەولی بۆ درا!

پاش ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی، حزبەکان کۆڕ وکۆمەڵی ژێر سێبەری خۆیان پێک هێنا، لەوانە یەکەم کۆنگرەی نووسەران و هونەرمەندان لە شاری مەهاباد. دەستپێشخەریی ئەم کۆنگرەیە کەسانی وەک کەریم حیسامی، هێمن موکریانی لە حزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران بوون. لـــەم کۆنگرەیـــەدا زۆر کەس لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون و لە ناو هۆڵی کۆنگرە کەســـانی لایەنگـــری هەمـــوو ڕێکخراوەکانی سیاســـی و کەسانی دوور لە حزب و سیاسەت بەشـــدار بوون. ئەم کۆنگرە دەکرا ســـەرەتای پێکهێنانی ڕێکخراوی مەدەنیی ســـەربەخۆی کوردستانی، دوور لە دەستێوەردانی حزبەکان بێ، بەڵام هیچی لێ شـــین نەبـــووەوە. ڕەنگە هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنی ئەم کۆنگرەیە، نەبوونی تێگەیشـــتن لە ڕێکخراوی مەدەنی و تێگەیشتنی زاڵی حزبی و ئاتۆریتەی حزبەکانی

ئەوکاتی کوردستان، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی چریکی فەدایی و ئەوانی تر بووبێ.

بە دەستپێشخەریی لایەنگرانی کوردی حزبی توودە کە ئەندام و لایەنگری حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بوون و بەر لە ڕووخانی ڕژیم بۆ حزبی دێموکرات کاریان دەکرد، هەرئەوان هاوینی ساڵی١٣٥٧(١٩٧٨) بەرنامەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە زمانی کوردی بە کاسێتی دەنگ بڵاو کردەوە، ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتیان پێک هێنا و خۆیان سەر بە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەناساند، کە پاش دوولەتبوونی ئەو حزبە، ئەم ڕێکخراوەش لە لایەن حزبی دێموکراتەوە هەڵوەشێندرایەوە و سەرلەنوێ لەژێر چەتری ئەم حزبەدا ڕێکخراوی لاوان ساز کرایەوە.

هەر لە سەردەمی بەر لە ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی، کۆمەڵێک لە لاوانی شارەکانی مەهاباد، سەقز، سنە، مەریوان، بۆکان لە ماڵان کۆ دەبوونەوە و مەیلی سازکردنی کۆمەڵەیەکی هەمەچەشنیان هەبوو و خۆیان وەک کۆڕ و کۆمەڵێکی هەمەلایەن نیشان دەدا، کە هەر کەس دەیتوانی بەشدار بێ. کۆبوونەوەی شەوانی ئەوانە و بەشداریی هەڵسوڕاوانی سەرەکییان لە ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبیی ڕۆژانی هەینی لە شاری بۆکان و کۆبوونەوەکانی سیاسی و خۆپیشاندانی شارەکانی بانە، سەردەشت، مەهاباد و شارە ئازەرییەکان، ڕەوتێکی دێموکراتیکی هەمەلایەنەی ناحزبی دەنواند. ئەم کۆمەڵە کەسە هەمەجۆر بوون و خۆیان لە ئەنجومەن و کۆمەڵێکی دیاریی مەدەنیدا نەدیتەوە و دوای ڕووخانی ڕژیم لەژێر ناوی «جمعیت دفاع از زحمتکشان»، «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» بوونی خۆیان ڕاگەیاند و پاش شەڕی سێ مانگە حزبێکی سیاسیی چەپی لێدەرهات. ئەم ڕەوتە

هەر لە سەرەتاوە نەدەکرا لە بازنەی ڕێکخراوی مەدەنیدا حیسابیان بۆ بکرێ، هەروەک زۆر لەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکان بە ناوی کرێکار، جووتیار، خوێندکار، ژنان، لاوان لە کوردستان ساز کران. هەموو ئەو ڕێکخراوانە فریان بەسەر ڕێکخراوی مەدەنییەوە نەبوو.

سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی بۆ مەستی هەمەجۆری هونەری، کۆمەڵایەتی، خوێندکاری ساز کران، فریان بەسەر ڕێکخراوی مەدەنییەوە نەبوو. دواتر کە حزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوور خرانەوە و لە باشوور نیشتەجێ بوون، ئەم ڕێکخراوانە ئاسەواریان لە ڕۆژهەڵات نەما، بەڵام وەک ناو و ڕێکخراوی حزبەکان تا ئێستا ماونەتەوە.

لە سەروبەندی ساڵی ١٩٧٩ و ٨٠ چەند کەسی سەر بە خەتی کۆمەڵە لە مەریوان و سنە حەولی دەزگایەکی هونەرییان دا کە سەری نەگرت و لە چوارچێوەی حزبەکە نەترازا. ئەمە هەمان ویستێ بوو کە پارتی کرێکارانی کوردستان ساڵی ١٩٩٦ و ٩٧ لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بە بەشداریی گەلێک هونەرمەند کۆنگرەی بۆ ساز کرد و لە چوارچێوەی ئەو حزبە دەرنەچوو.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش دەرچوونی حزبەکان کەوتەوە سەر هەمان دۆخی سیستەمی شاهەنشاهی و سەرجەم ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی بە ناوی هونەر، زانست، فەرهەنگ، ئەدەبیات، ڕۆژنامەوانی و کاری کۆمەڵایەتی و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا ساز کران، لەژێر سەرپەرەستی و چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ڕژیمدا بوون. نووسەری ئەو دێڕانە بەردەوام پێوەندی لە تەک هونەرمەند و نووسەر و گۆڤارەکانی کوردیی چاپی ورمێ، سنە و تارانەوە هەبوو، بە ناوی خوازراو بابەتم بۆ دەناردن و چاپ دەکرا. لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسانی سەروە پێیان ڕاگەیاندم کە هەرچی بگاتە دەستمان، دەبێ هەڵگەڕێندرێتەوە سەر زمانی فارسی و

بدرێ بە قاتی سەرەوە. ئەوە هەمان سیاسەتە کە لە ڕادیۆکانی کوردیی ڕژێمی پەهلەوی بە چەشنێکی تر دەکرا و بابەت بە فارسی دەنووسرا و ویژەر بە کوردی دەیخوێندەوە، لەو ڕێگایەوە زمانی کوردی وێران دەکرا. کۆنترۆڵکردن لە سەرەوە لە ڕژێمی شاهی و ئیسلامی کاری دەزگای ئەمنییەتی لە بواری هونەر، نووسین، وەرگێران بوو.

لە بیست ساڵی ڕابردوودا، هەرچەند کۆنترۆڵی توندوتیژ بەسەر ڕێکخراوەکانی مەدەنی-دا هەیە، بەڵام گلۆبالیسم و بوونی ئینترنێت و تێکەڵاویی جیهانی و تێگەیشتنی چێکەرانی ڕێکخراوی مەدەنی، ئەو ئیمکانەی ڕەخساندووە، کاری مەدەنی بکرێ، هەرچەند زیندان و کوشتن و دوورخستنەوە لە لایەن حکومەتەوە، بەردەوامە.

گرفتێکی ڕێکخراوی مەدەنی کە کاری گرنگ لە بواری ژینگە، فێربوونی زمان، فێربوونی مۆسیقا، وەرزش، هونەر، ئەدەبیات و فیلم و شانۆ دەکەن، بوونی تاکی لایەنگری حزبەکانە کە حزبی و ئیدئۆلۆژیک دەجووڵێنەوە و ئەم ناوەندانە دەخەنە مەترسییەوە. گەلێک هونەرمەند، شاعیر، نووسەر، ئاکادیمیسیەن و کارسازی ناوخۆی وڵات زۆر جار ئەم بابەتەیان لای نووسەری ئەم دێڕانە باس کردووە. ئەم دیاردەیە لە ڕاپەڕینی ژینا زەق و بەرچاو دەرکەوت، کە پڕۆپاگەندە بۆ حزب و کەسایەتییەکانی گرنگتر لە ڕاپەڕینێکی مەدەنی خەڵک هاتە بەرچاو. تێنەگەیشتن لە خەڵک، مافی خەڵک، بوار و بارودۆخی سیاسی و بەرپرسیارەتی، ناتەبایە لە تەک تاکڕەویی و حزبایەتیی ناو ڕێکخراوی مەدەنی!

## [٥]

ساڵی ١٩٩٤ وەک وەفدی ئاڵمانی سەردانی باکوور و باشووری کوردستانمان کرد، لە باشوور یەکیەتیی مامۆستایان، ژنان، هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و کۆڕ و کۆمەڵی هونەری کە ئێمە لەگەڵیان دانیشتین، نەک ڕێکخراوی مەدەنی نەبوون، بەڵکوو ڕێکخراوی گرێدراو بە پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی شیوعی و ئەوانی تر بوون. ئێمە لە کوردستان ئەو ساڵە هیچ ڕێکخراوێکی مەدەنی، مێدیا، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ناحزبی و ناحکومەتیمان بەرچاو نەکەوت. سەرجەم هونەرمەند، ڕۆژنامەنووس وامۆستای فێرگە و زانستگا سەر بەم حزب و ئەو حزب بوون. ئەم دیاردەیە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ئێمە کە سەردانی کوردستانمان کردەوە، زۆر بەرچاوتر لە ساڵی ١٩٩٤ بوو.

## [٦]

ساڵی ١٩٩٤ لە ئەستانبوڵ بووینە میوانی کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی، هەر ئەو ساڵە لە شارەکانی ئامێد، جەزیر و بۆتان تووشی کەسانێک بووین کە هەست و بوونی کوردانەیان دەردەخست. ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێگای وەکیلێکی ناوداری کورد کە دەفتەری وەکالەتی لە نزیک مەیدانی تەقسیم هەبوو، لەگەڵ کەسانی شارەزا و لێزانی بواری چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوە سەربەخۆکان ئاشنا بووم. دەستەیەک لەوان لە بواری ڕۆژنامەگەری و چاپی کتێب چالاک بوون و سەردانی دەفتەرەکەیان و چاپخانەکەیانم لە شاری ئەستانبوڵ کرد. هەر لە ڕێگای ئەوانەوە چووینە شوێنی کاری پرۆفسۆرێکی کورد کە چەشنێک ئەنستیتۆی بۆ زمانی کوردی دامەزراندبوو و ڕایگەیاندبوو لە کاتێکی دیاریکراودا کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی دەست پێ بکات. ئەو ڕووبەڕوو بە ئێمەی گوت، گەر دەوڵەت ئیزنیش نەدات، ئەو خۆی دەست پێ دەکات. ئەو ئەنستیتۆ و ڕێکخراوانە سەربەخۆ و مەدەنی بوون.

هەر ئەو ڕۆژانە لەگەڵ لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە پێی ڕاسپاردەی پێشوو لە ئاڵمانەوە، پێوەندیم گرت و سەردانی ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی مۆسیقای کوردیم کرد. دوو کەس

لەوان لەژێر ناوی ستۆدیۆ شوێنێکیان هەبوو کە بەرهەمی مۆسیقای کوردیان بە شێوەی کاسێت و سی‌دی ئامادە دەکرد و لە مەیدانەکانی شاری ئەستانبوڵ لە زۆر شوێن دەفرۆشران و ئەو ساڵە لە زۆر شوێن گۆرانیی کوردی دەبیسترا. ناوەندی مێزۆپۆتامیا بە رواڵەت رێکخراوێکی مەدەنی بوو، بەڵام لایەنگرانی پارتی کرێکاران بەڕێوەیان دەبرد، لێرە تیپی هەڵپەرکێ، شانۆ، مۆسیقا چالاک بوون.

ساڵی ٢٠٠٥ چالاکیی رێکخراوەکانی مەدەنیی گرێدراو و سەربەخۆ نەتەنیا پەرەی ستاندبوو، بەڵکە رەسمییەتی پەیدا کردبوو. ئەو ساڵە لە شارەداریی ئامێد بینەری شانۆنامەیەک بە زمانی کوردی لە لایەن تیپی شانۆی شارداریی ئامێدەوە بووم. ئەم پرۆسەیە سالانی دواتر گەیشتە ئەو ئاستەی فستیواڵ بە بەشداریی کوردی باشوور و رۆژهەڵات بەرپا بکەن. ئەم هەنگاوەی باکوور کە رێکخراوی مەدەنی و کەسانی بواری جۆراوجۆر کاری هاوبەش بکەن، لە باشوور و رۆژهەڵاتیش دەبیندرێ و جاربەجار لە ئورووپا بیندراوە، کار و هەنگاوێکی پێویست و گرنگە و رێگا بۆ تێگەیشتن لە کاری هاوبەش خۆش دەکات و کۆمەڵگا بەرەو وڵامدانەوە بە نیازی بوونی رێکخراوی مەدەنی دەکێشێ!

«رێکخراوی مەدەنی» لە سەد ساڵی رابوردوو لە کوردستان بە دەگمەن سەربەخۆ و گرێدراو لەگەڵ خەڵک و کوردستانی بووە و ئێستاش دامودەزگا و رێکخراوی کوردستانی بوونی نییە و ئەوەی هەیە رێکخراوی شار و ناوچەی بەرتەسک و سیستەمی ناکارا و نادێموکراتیک بووە. کورد چ بخوازێ و چ نەخوازێ هەم کوردستانی و هەم جیهانییە و ئەوەش ئەرکی نوێ بۆ کورد و کوردستانی دەهێنێ و تێگەیشتن لە حزب و رێکخراوی مەدەنی دەگرێتەوە، کە چۆن بێ و چ جێگایەکی لە کۆمەڵگادا هەبێ و تاک و کۆ چ دەورێکی تێدا بگێڕن. هەموو ئەوانەش گرێدراوی تێگەیشتنی کورد لە خۆی، لە وڵاتەکەی و دەور و رۆڵی لە ناوچە و جیهانە. هەتا ئەم پرسیارانە وڵام نەدرێنەوە، پرسی کورد وەک سەدەکانی رابوردوو دەمێنێ و ئەو رێکخراوانەش لە بازنەی شار و ناوچەی خۆیاندا دەخولێنەوە!

## [٧]

لە دەرەوەی وڵات بە دەستپێشخەریی عەبدولرەحمان قاسملوو، عیسمەت شەریف وانلی و کەسانی تر ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەرلین یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا KSSE دامەزرێندرا. ئەم رێکخراوە خوێندکارییە، وەک باڵوێزخانەی کورد پێناسە دەکرا و کوردی هەر چوار بەشی کوردستان تێیدا چالاک بوون و لە هەمان کاتدا، وێنەیەکی تەواوعەیاری دەستێوەردانی حزب لە کاری «رێکخراوی مەدەنی» بوو. بە پێی ئاڵوگۆری سیاسیی حزبەکان و مەیلی ئەوان ئەم «رێکخراوەیە» ئاڵوگۆری بەسەردا هات و چەند جار تووشی لێکدابڕان هات و چەند لقی لێ بووەوە و دردۆنگیی نێوانیان زۆرتر لەوە بوو دەنگی خوێندکار و کورد لە دەرەوەی وڵات بن، جگە لە ساڵانی سەرەتا و چەند ساڵی نەوەدەکان.

پاش کارەساتی هەڵەبجە حزبەکانی باشوور بەرەیەکیان پێک هێنا و بە دوای ئەوەدا لقەکانی KSSE سەر بە هەر سێ حزبی شیوعی و پارتی و یەکیەتیی نیشتمانی لە پاییزی ساڵی ١٩٨٨ لە بەرلین کۆنگرەی یەکگرتنەوەیان ساز کرد. ئەم کۆنگرەیە بە دەستێوەردانی راستەوخۆی حزبەکان پێک هات و بەڕێوە چوو. لەناو کۆنگرە ئاتۆریتە و دیکتاتۆریی حزبی زاڵ بوو. ئەوان لە دەرەوەی KSSEپێک هاتبوون و کۆنگرە، دانشتنێکی رواڵەتی بوو بۆ بەفۆرمیکردنی یەکگرتن. کۆنگرەی یەکگرتنەوە، لەژێر ناوی یەکگرتنەوە، بوو بە کۆنگرەی هەڵوەشانەوە و بێدەنگ لەناو چوو.(وردەکاریی ئەم کارەساتەم پێشتر بڵاو

کردووەتەوە.)
پارتی کرێکارانی کوردستان نەورۆزی ساڵی ١٩٨٧ لە بازاڕی شەقامی «بەرلین»ی شاری کۆڵن دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایان بەرز بووەوە، لەم ڕۆژە بەدواوە کەوتنە سازکردنی خۆیان گوتەنی، ڕێکخراوی خەڵکی، ئەو کارەی بەر لەوان لە ساڵانی حەفتا پارتی سۆسیالیست و دیموکراتی باکوور دەستیان پێ کردبوو وەک کۆمکار، KKDK و دواتر جەقاتا کورد.
حەولی ئەوان ئەوە بوو دەست بەسەر ئەو ڕێکخراوانەدا بگرن کە هەبوون، وەک ڕێکخراوی مامۆستایان، ئەنستیتۆی کورد لە بۆن و ئەو ناوەندانەی بۆ مەبەستی جیاواز، گرێدراو بە حزبەکانی تر ساز کرابوون. ئەم سیاسەتە لەناوچوونی ئەو شوێنانەی لێکەوتەوە. پارتی کرێکاران بۆ کرێکار، خوێندکار، کارساز، نووسەر، فیلمساز، شانۆکار، فەرهەنگیکار، هونەرمەند، موسڵمان، عەلەوی، زازا ڕێکخراوی ساز کرد و پاش دامەزراندنی مەد تی وی ئەم ڕەوتە پەرەی ستاند و دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەی لێکەوتەوە، کە لە سەرەتا گەلێک بەشدارییان تێدا کرد. ئەم ڕەوتە لە بواری سازکردنی ڕێکخراوی دەستکردی حزب، دەستپێک و کۆتاییی جیاواز لە حزبەکانی تریان نەبوو.
پاش دامەزراندنی هەرێمی کوردستان هەڵکەندنی مرۆڤی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات بوو بە خەسارێکی نەتەوەیی بێوێنە لە مێژووی کورددا. شارەکانی ئورووپا لەگەڵ شاڵاوی پەنابەری کورد ڕووبەڕوو بوون کە ئەمڕۆ ژمارەیان بە دوو ملیۆن مەزندە دەکرێ. حزبەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور، دوور لە بیرکردنەوە لە بوون لە دەرەوە و دوور لە پێداچوونەوە لە کۆچبەری کورد پاش شەڕی دووهەم بۆ ئورووپا، دەستیان کرد بە سازکردنی «ڕێکخراوی مەدەنی» و «حزبی»، وەک ئەوەی لە کوردستان بن. ئەوان کۆمیتەی شار و ناوچە و وڵاتیان لەناو میللەتانی ئاڵمانی، هولەندی، سوئیدی، فەرانسی، بریتانی ساز کرد. ئەوەش لاساییکردنەوەی دەقاودەقی تێگەیشتنی حزبی ئێرانی وەک ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئێران»ئەکسەریت، ئەقەلییەت» و بەرەی شاهی و میللی و کۆمۆنیست بوو.
لە دەیەی هەشتا و نەوەد کۆڕ و کۆبوونەوە و فستیواڵی سیاسی، خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی و مانگرتنی بەردەوامی چەند حەفتە و مانگ، ساز دەکران و یەکگرتوویی‌یەکی کوردستانی لە زۆربەی بوارەکاندا هەبوو، کە ئەوە KSSE، کۆمکار، KKDK، ناوەندی شانۆی کۆچەر، مەدرەسەیەک بۆ کوردستان و ڕێکخراوەکانی کوردی سکاندیناوی، هولەند و شوێنی تر دەگرێتەوە. شەڕی ئێران و عێراق، هەڵەبجە، کۆچڕەوەکە، خۆپیشاندانی خوێناویی نەورۆزی ١٩٩٢ی باکوور و گەلێک کارەساتی تر، تاکی کورد و ڕێکخراوەکانی بەرەو کۆکردنەوەی پارە و شتومەک، پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پڕۆژەی تر هان دەدا، کە ئورووپییەکانیش هاوکارییان دەکرد.
لە چەند ساڵی ڕابوردوو لێرە و لەوێی شارەکانی ئورووپا چالاکیی هونەری، کۆمەڵایەتیی کاتی، دوور لە حزبەکان دەبینەدرێ، کە لە بازنەی دیاریکراودا دەخولێنەوە و ئەو بەردەوامییە کە بوونی ڕێکخراوی مەدەنیٚ دەگەیینێ، نابینەدرێ. بابەتی کورد لە دەرەوەی وڵات، بوارێکی گرنگە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ئانالیزی بنەڕەتی هەیە.
حزب و «ڕێکخراوی مەدەنی» ئەو کاتە مانایان هەیە کە لەناو خەڵک و لەناو وڵات بن. حزب کە لە دەرەوەی سنووری وڵات بێت، نە دەزگایەکی نێوان خەڵک و حکومەتە، نە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات تێدەکۆشێ. بوونی حزب و دامودەزگا و ئەندامانی لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ مەنتقی بوونی حزب نە تەنیا ناتەبا، بەڵکوو لارێیە لە تێگەیشتنی بوونی حزب.
ئەو کەسانەش بە ناوی لایەنگر و ئەندام لە ناوخۆ و دەرەوی وڵات، لەناو «ڕێکخراوی

مەدەنی»، یان لەناو خۆپیشـاندان، کوردستانی نەجووڵانەوە و هەڵڵای سەرەکیان دەرخستنی نـاوی حزب و هێمای حزبـی بوو، لە کاتێکدا ئامانجـی ڕاپەڕینـی ژینا و بەشـداربووان، لە درووشــمەکانیاندا ڕوون و ئاشـکرا بوو، زیانی گەورەیـان لە ناو و دەرەوە بـەو جووڵانەوەیە و خەڵکـی کـورد گەیاند. حزبـەکان لـە خۆپیشاندانی دەرەوەی وڵات ئەوەندەی ئاڵای حزب و هێمای حزبیی خۆیان هەڵدا، ئەوەندە هێما و دروشـمی ڕاپەڕینی ژینایان پێ نەبوو.
ئەم تێگەیشتنەی لایەنگرانی حزبەکان، ئەوانی وەک تاکــرەو و کەمینە لەناو خەڵکدا ناسـاند و لــەم ڕووەوە، جیاوازیی ئەوتۆیـان لە تەک تاکرەویـی حزبەکانی باشـوور و باکوور نییە و هێشـتا ئەو حزبانە لە بازنەی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەسووڕێنەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەبووەتە مەبەسـتی سەرەکیی حزبی و کاری کادر و لایەنگرانیان!
باسـی تێگەیشـتنی حزبـەکان و ئاکاریـان لـە ڕاپەڕینی ژینـادا، لێکۆڵینـەوەی تایبەت هەڵدەگرێ، بەڵام ئـەوە ڕوونە حزبی کوردی وڵامی ئەم پرسـیارانەیان نەداوەتەوە، کە بۆ لە دەرەوەی وڵاتن؟ بۆ «تەشـکیلاتی» حزبیان لە ئورووپا دامەزراندووە؟ بـۆ بە ناوی ڕێکخراوی مەدەنی، حزبایەتی دەکەن؟ بۆ تا ئێسـتا لەناو خەڵکـی وڵاتانی ئورووپـا، حکومەت و حزبی ئورووپی و مێدیا هیچ دەستکەوتێکیان نەبووە؟ ئاکام و بوونی دەیان سـاڵەیان لـە دەرەوەی وڵات چی بووە؟

**[٨]**

تێگەیشـتنی چەوتی حزبـی، مێدیاش لەخۆ دەگرێ، بە تایبـەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە بە هۆی کاراییان لەنـاو خەڵک و دەورێکی کە لە شـەڕی دووهەم بۆ حـزب و حکومەتەکان بەتایبـەت لـە ئیتالیا و ئاڵمـان و وڵاتانی تر گێڕایان، ئیـزن نادرێ، حـزب، ئیدئۆلۆژی، کلیسا، ئایین و زانستگا مێدیای گشتی دەنگ و ڕەنگیان هەبێ.
حزبی کـوردی هـەر چوارپارچـە میدیایان کردووەتـە حزبی کە لای ئـەوان بە کارێکی ئاسـایی دەزاندرێ و هەر ئەوان لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگای کوردسـتانیان دابـەش کردووە. لە باشـوور لە ڕێگای مێدیای حزبی، ئیسلامی و دەوڵەتی کۆمەڵگای کـورد دووچاری گێژاوی خۆناسـین و خۆدیتنـەوە هاتـووە و وێرانیی کەسایەتیی کۆمەڵگای لەبەر یەک ترازاندووە.
مێدیای کـورد جار هەیە بووەتـە بڵیندگۆی سیاسـەت و ویسـتی دەوڵەتان و جار ئەوان بڕیاردەر بوون. دەرهێنەرێکی باشـوور سـاڵی ٩٧/١٩٩٦ لەگەڵ تیپی شانۆ، شانۆنامەیەک لە دوو پەردە ئامادە دەکات کە ناوەرۆکی سیاسی هەبووە و باسـەکە لەسـەر داگیرکاریی چوار ڕژیمی ئێران و عێراق و سـوریا و تورکیا بووە. لە کاتـی بڵاوکردنەوەی ڕاسـتەوخۆ، عەبدوڵا ئوجـەلان لە سـوریاوە تەلەفـوون دەکات و شانۆکە ڕادەگیرێ، ئەوەش بە پێی نارازیبوونی بەرپرسـێکی ئێرانی، کە ئەوکاتە میوانی بووە. ئـەم وێنانە بۆیە بـاس دەکرێن، بـۆ ئەوەی تێگەیشتنی حزبی کورد لە ڕێکخراوی مەدەنی و مێدیا دەرکەوێ.
سـەردەمێک کورد بە هەموو شێوە لە مێدیای ئورووپا بە تایبەت ئاڵمان، بۆ باسـی مەسەلەی کورد، دیار بوون. لە سـی سـاڵی ڕابوردوو کە حزبەکان لـە ئورووپا بوونەتـە خاوەنی بە ناو ڕێکخراوی مەدەنـی و مێدیا، دەنگی کورد لە مێدیای وڵاتان نابیسـترێ ، هەرچەند کوردی ژۆرنالیسـت و پسـپۆڕ لە مێدیای ئورووپی و دامودەزگای سیاسـی، دەوڵەتـی، هونەری و زانسـتی وڵاتانی ئورووپا کار دەکەن، کە ئەمە پێوەندی بە کەسایەتیی مرۆڤی کوردەوە هەیە و جێگای بیرلێکردنەوەیە.

**[٩]**

ئەگەر سـەیری گەشـەی ڕێکخراوی مەدەنی پاش کۆتاییی شـەڕی دووهەمـی جیهانی لە

ئورووپا بکەین، هەم سەربەخۆیی ڕێکخراوی مەدەنی، هەم چەشنی نوێی ڕێکخراوی مەدەنی دەبینین، کە ئازاد و دێموکراتیک و خەڵکیتر لە شێوەی کلاسیک دەنوێنن. نووسەری ئەم دێرانە ئەندامی « یەکیەتیی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان»، «ناوندەی لێکۆڵینەوە و ئارشیوی کورد»، «یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا»، «ناوەندی شانۆی کۆچەر»، «فێرگەیەک بۆ کوردستان» و هاوکاری «فستیواڵی جیهانیی شانۆی منداڵان»، « فستیواڵی جیهانیی فیلم ئاڵمان»، « ڕێکخراوی مێزی خڕ»، » ڕێکخراوی کارگای نووسەران، شاعیران و هونەرمەندان»، «ڕێکخراوی خوێندنەوەی کتێب» و کۆمەڵێک ڕێکخراوی مەدەنیی کورد و ئاڵمان بووم و دەتوانم بڵێم سەرەڕای چەند چەشنیبوونی ڕێکخراوەکان(سەربەخۆ بە پاڵپشتی ماڵیی دەوڵەت، سەربەخۆ بە پاڵپشتی ماڵیی حزب-دەوڵەت، سەربەخۆ بە پاڵپشتی ماڵیی بانک، گرێدراوی تەواو حزبی، تەواو سەربەخۆ) لە هەموویاندا گرفتی هەمەجۆری ئینسانی، ماڵی، کاری، سیاسی، پیشەیی، بەڕێوەبردن، خۆویستی و... هەبووە و هەیە!

ئەوەی ئەمڕۆ زۆرتر گەشە دەکات، فۆڕمی دێموکراتتری ڕێکخراوی مەدەنییە، کە گرێدراو نییە و لە کۆی کەسان بۆ کاری ئەدەبی، هونەری، کۆمەڵایەتی، ژینگە، لاوان، ژنان، منداڵان و کاری فێرکاری و خزمەتی گەڕەک، گوند و شار پێک دێت. لەم گشتکەسییەدا، ئەندامبوون شەرت نییە، هەڵبژاردن بە شێوەی کلاسیک نییە، حەقی ئەندامەتی نییە و یارمەتیدان دڵخوازە. کاری چەند ساڵی دوایی من لەو چەشنە ڕێکخراوانە، ئەوەی دەرخست کە بنەمای دروست بۆ کاری مەدەنی، ئازادیی هەمە لایەنی بەشدارابووانە، دوور لە هەر چەشنە ئاتۆریتە، هەرچەند لێرەش خوو و تایبەتمەندیی کەسان کە ڕەنگدانەوەی «سیستەمی کۆمەڵگا» و کاردانەوەی ئایین، بنەماڵە، سیستەمی سیاسی، فێرگە، شوێنی کار و ژیانە، کارتێکەریی لەسەر کاری گشتی دەبێ.

فۆڕمێکی تری کاری هاوبەش و ڕێکخراوی مەدەنی لە هێندێک گوند و شاری گچکەی ئورووپا هەیە کە هەموو خەڵکی گوند و گەڕەکەکانی شار تێیدا بەشدار دەبن و هەڵبژاردن دوور لە ناونووسکردنی کەسی دڵخوازە. لەم شێوەدا هەر کەس و هەموو کەس دڵخواز ئامادەی کار بۆ گەڕەک، گوند و شارە و هەر کەس و هەموو کەس دوور لە ئاگابوونی خۆی هەڵدەبژێردرێ و لەم سیستەمەدا هەڵبژێردراون بۆ ڕاپەڕینی ئەو کارانەی خۆیان شارەزایی‌یان لێی نییە، لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ دەگێڕنەوە. کاری پسپۆڕان لە بەرانبەر حەقدەست ئەنجام دەدرێ.

تێگەیشتنی نوێ لە ڕێکخراوی مەدەنی و ئەرک و دەوری لە کۆمەڵگای پڕ لە گۆڕانە خێراکان پێویستە ، کە سەرجەم دنیای داگرتووە و ئەم ترسە هەیە کە کۆمەڵگا لە ڕێگای «لێهاتووی دەستکرد- KI-AI» و پەرەستاندنی دەسەڵاتی هەرچی زۆرتری کۆنسێرنەکان، ئەم دێموکراسییە ڕواڵەتییەی ئەمڕۆ، کەمڕەنگتر بکرێ و ئاتۆریتەی کۆنسێرن و ماشێن زاڵ بکرێ و دەوڵەت و پارلەمان بکەوێتە دەست کۆنسێرنەکان، کە هەر ئێستاش زۆرترین دەوری سیاسیی شاراوە و ئاشکرا دەگێڕن. ڕێکخراوی مەدەنی لەم بەستێنەدا ئەگەر نەکەونە ژێر سەیتەرەی لایەنەکانی جیهانی و ناوچەیی، دەتوانن پارێزەری مافی هەمەلایەنی مرۆڤ و ژینگە و دێموکراسی بن! وێنەی جیهانیی ئەو چەشنە لە ڕێکخراوی مەدەنی لە دە ساڵی ڕابوردوودا پەری ستاندووە و کاریگەریشیان هەبووە! کورد زۆرتر لە هەر نەتەوەیەک پێویستی بە ڕێکخراوی مەدەنیی کوردستانی و جیهانیی خۆی هەیە. ئەوە پەیامی ئەم سەدەیە بۆ ئێمەی کوردە، گەر ڕزگاریی مەبەست بێ، ئەوەش بەر لە هەر کەس ئەرکی جیلی نوێ بە تایبەت ژنان و لاوانە، کە هێزی سەرەکیی گۆڕان لە جیهانی ئەمڕۆن!



# پەروەردەی تایبەت؛ تا چەند بۆ کوردستان گرنگە؟

**فەرهاد جەهان‌میهەن***

ئەم وتارە بریتی دەبێ لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمدا
هەوڵ دەدەم شیکاری لەسەر دوو چەمکی کەمتوانا و خاوەن
پێداویستیی تایبەت بکەم کە بەداخەوە لە باشووری کوردستان
زۆر بە هەڵە بەکار هێندراوە و بووە بە بەشێک لە زمانی
نووسین لە ئەدەبییاتی کوردیدا. بەشی دووەمی ئەم وتارە
دەبێتە باسێکی تیۆری لەسەر پەروەردەی تایبەت.

## پێشەکی

## چەمکی پـــەروەردەی تایبەت و منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت:

ئەوەی کە زۆر پێویستە ئێمە دەبێ چەمکەکان بە دروستـــی بـــەکار بێنین. چەمکـــی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت، چەمکێکی پەروەردەییە کە دەبێ لە وشـــەی کەمتوانـــا یان کەمئەندام جیا بکرێتـــەوە. خاوەن پێداویســـتیی تایبەت یان منداڵانی خاوەن پێداویســـتیی تایبەت ئەو منداڵانــە یان گەنجانە دەگرێتەوە کە کێشـــەی فێربـــوون، خوێنـــدن، نووســـین، بیـــرکاری و کێشەی هەڵسوکەوتیان لە سیستمی خوێندن لــە خوێندنگەدا هەیە. زۆرینـــەی کەمتوانایان واتە کەمئەندام هیچ جۆرە کێشەیەکی لەگەڵ خوێندن، فێربوون و هەڵسوکەوت لە قوتابخانەدا نییـــە، تەنیا پێویســـتە ژینگـــەی قوتابخانە بۆ ئـــەو کەمتوانایانە بگونجێندرێت و کەرەســـەی تایبەتیان لە قوتابخانەدا بۆ دابین بکرێت.

چەمکی کەمتوانا یان کەمئەندام لە تیۆریدا بە ژینگە و کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە. کەسێک کە کەمتوانایە، ئەو کەمتوانایی و کەمئەندامییەی کاتێ دەبێت بە کێشە کە دەکەوێتە ناو ژینگە و کۆمەڵگەیەکی نەگونجـــاوەوە. کاتێک ژینگە و کۆمەڵگەش نەگونجـــاو بێت، ئەو کاتەیە کە هەڵاواردن و نایەکســـانی لەنێوان هاووڵاتییاندا دروست دەبێت. هەر بۆیەش ڕوانگەیەک هەیە کە پێیوایە ژینگـــە و کۆمەڵگەیە هاووڵاتییانی کەمئەنـــدام دەکا. بـــە واتایەکـــی تـــر، ئەوە کۆمەڵگەیە کە کەمئەندامە نەک هاووڵاتییانی. جیاکردنەوەی ئـــەو دوو چەمکە واتە کەمتوانا و منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشـــتن لە پەروەردەی تایبەت و ئەو یارمەتییانەی کە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیانە بۆ ئەوەی کە بتوانن لە خوێندندا سەرکەوتوو بن.

### ١ پەیماننامـــە نێونەتەوەیـــی و بەڵگەنامەکان لەســـەر تێکەڵاویـــی منـــداڵان لـــە پۆلـــی وانەگوتنەوەدا[١]

یاســـای ســـتانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ســـەقامگیرکردنی مافی بەشداری و یەکسانیی کەمتوانایان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لەو دامەزراوەیەدا پەسەند کرا، بریتییە لە ٢٢ بەند، بەندی ٧یش بـــاس لە مافی خوێندن بۆ کەمتوانایان دەکات. یاســـای ســـتاندارد زیاتر داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات، کە ژینگـــە و کۆمەڵگە بۆ کەمتوانایان بگونجێنن بـــۆ ئەوەی کەمتوانایـــان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان وەکوو هەموو هاووڵاتییەک بەشـــداری لە ژیان، چالاکـــی و کاری ڕۆژانەدا بکەن. Socialdepartementet 1995

پەیماننامەی مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مـــرۆڤ: ئەو پەیماننامەیە لە ســـاڵی ٢٠٠٦ لە نەتـــەوە یەکگرتووەکاندا پەســـەند کرا و مافی ٦٥٠ میلیۆن کەمتوانا لە سەرانسەری جیهاندا دەپارێزێـــت. پەیماننامەکـــە ٥٠ بەنـــدە و لە پرۆتۆکۆلێک پێک هاتـــووە. لەو پەیماننامەیەدا بەندی ٢٤ واتە خوێندن بۆ کەســـانی کەمتوانا بەپێی بنەمای یەکسان وەکوو ئەوانی تر دیاری کراوە. کاتێ وڵاتێک پەیماننامەکە واژۆ دەکات، دەبێ ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ سیستمی یاسایی خۆیدا بگونجێنێـــت. کاتێک پەیماننامەکە واژۆ کـــرا، ئەوە ئـــەو وڵاتە ناچار دەبـــێ کە بەپێی پەیماننامەکە لەگـــەڵ هاووڵاتییانی کەمتوانادا هەڵسوکەوت بکات. SOU 2008

بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا لە ساڵی ١٩٩٤دا پەســـەند کـــرا. ئـــەو بەڵگەنامەیـــە تایبەتە بە پەروەردەی تایبەت و منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبـــەت. بەڵگەنامەکە لە چوارچێوەی خوێندن بۆ هەموان داڕێژراوە. بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا لەسەر ئاســـتی جیهاندا وەکوو بەڵگەنامەیەکی گرینگی یونسکۆ دەبینرێت. بەپێی بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا، وڵاتانی جیهان ڕێک کەوتوون کە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبێ بەبێ هەڵاواردن لە سیســـتمی پەروەردەی گەشتیدا بەشـــدار بن. خاڵێکی گرینگی ئەو بەڵگەنامەیە مەسەلەی «inclusion» تێکەڵاوییە.

بەنـــدی ٧ لە بەڵگەنامەی ســـەلەمانکا زۆر

گرینگە: ٧- «یەک لە پرەنسیپە بنچینەییەکان بــۆ فێرگــەی گونجــاو ئەوەیــە، کە تــا ئەو جێگەیەی دەگونجێت هەمــوو منداڵان دەبێ لەگــەڵ یەکتردا وانە بخوێنــن، ئەویش بەبێ لەبەرچاوگرتنی دژواریــی منداڵەکە، یان بەبێ جیاوازییەکی ناوخۆیی.

فێرگە گونجــاوەکان دەبێ قبووڵی بکەن و بتوانن وەڵامدەر بن بۆ پێویستی(پێداویستی)یە جیاوازەکانــی ئەو قوتابییانــە، هەروەها بواری جۆراوجۆر هەبێ هەم بۆ شــێوازی فێربوون و هەمیش بۆ ڕەوتی فێربوون. هەر بەم شــێوەیە بە چۆنایەتییەکی باشەوە بتوانرێت وانەگوتنەوە بــە هەمــوان ئەویش بە ڕێگــەی پلاندانان بە کۆرسی گونجاو، شــێوازی پەروەردە، هەروەها بەکارهێنانی کەرەســە و هاوکاری بە ناوچەکە بدرێــت. یارمەتــی و خزمەتگــوزاری دەبــێ بە شــێوەیەکی بــەردەوام بەردەســت بێت بۆ یارمەتیــدان بەو فێرگەیەی کە پێویســتی بە یارمەتیی تایبــەت هەیە. ( Svenska Unes-corådet, 2006)

هەر بۆیەش چەمکی خاوەن پێداویســتیی تایبەت چەمکێکی پەروەردەییە و هەر دەبێ لە بواری پەروەردەدا ئەم چەمکە بەکار بهێنرێت. لە یاســای ســتاندارد و لە پەیماننامەی مافی کەمتواناییاندا ئــەم چەمکە بەکار نەهێنراوە، لە بری ئەوە ئەم چەمکە تەنیا کاتێ بکار دێت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو منداڵانەوە هەیە کە کێشەی فێربوون، خوێندن، نووسین، بیرکاری و هەڵسوکەوتیان لە پۆلدا هەیە.

## ٢ تایبەتمەندیــی پەروەردەی تایبەت لە چیدا دەبینیــن؟ کورتە باســێکی مێژوویی لەســەر هەندێک تیۆریی پەروەردەی تایبەت

زۆر جــاران کە باســی پــەروەردەی تایبەت دەکرێت و دەپرســن تایبەتمەندیی پەروردەی تایبــەت چییە، تەنیا وەڵامێــک کە دەتوانرێ بدرێتــەوە ئەوەیە: کاتێ پەروەردەی گشــتی نەتوانێــت لە پۆلــدا یارمەتیی منــاڵان بدا بۆ فێربــوون لــە خوێندنــگادا، ئــەو کاتەیە کە پــەروەردەی تایبەت دەتوانێــت دەوری خۆی لــە قوتابخانەدا ببینێت و یارمەتیی ئەو منالانە بدات کە خــاوەن پێداویســتیی تایبەتن. بۆ وێنە منداڵێک کە کێشــەی لەگەڵ بیرکاری، یان نووســین و خوێندنەوە هەیــە، لە ڕێگای پــەروەردەی تایبــەت و کەرەســتەی تایبەت یارمەتیــی ئەو منالانە دەدرێــت بۆ ئەوەی ئەو منالانە بتوانن لە خوێندندا سەرکوتوو بن.

لە ڕوانگەیەکی مێژووییــەوە پەروەردەی تایبــەت هەرچەندە بەشــێکی زۆر کۆن نییە وەکوو زانســت، کار و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی. پێش ئــەوەی کە پــەروەردەی تایبەت وەکوو بەشــێکی ســەربەخۆ لەنــاو ئاکادیمیدا جێ بگرێــت، زۆربــەی لێکۆڵینــەوەکان کە تێزی دوکتورایــان لەســەر کەمتواناییان دەنووســی، دەروونناس بوون. هەر بۆیــە دەتوانین بڵێین کــە لێکۆڵینەوەکانی پەروەردەی تایبەت زۆرتر لەســەر کەمتواناییان وەکوو نابینایان، کەڕولاڵ و منالانــی «دواکەوتووی عەقڵی» (دواکەوتووی ئاوەزی/ هۆشــەکی) بــووە تــا منالانێک کە کێشەیان لەگەڵ فێربوون، خوێندن، نووسین، بیرکاری و هتد هەبوو.

لەو ٢٠ ساڵەی دواییدا پەروەردەی تایبەت زیاتر ئەو منالانەی گرتووەتەوە کە کێشــەیان لەگەڵ فێربوون لە پۆلدا هەیە. هەروەها هەندێک لێکۆڵینەوەی پەروەردەی تایبەت هەیە لەسەر منالانی پەنابەر (ئــەو منالانەی کە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون بۆ هەندەران لە دیاسپورا دەژین، بەتایبەتی ئەو منالانەی کە لە وڵاتانی شەڕەوە هاتوون و گرفتی هەڵســوکەوتکردن، کێشەی فێربــوون و زمانیان هەیە)، لە هەندیک وڵاتان لــە ڕێگەی پەروەردەی تایبەتــەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کەمینەکان (کێشەی منالانی ڕۆمەکان، دۆمەکان و ڕەشپێستەکان) کراوە و دەکریت.

کاتێــک کە باســی پــەروەردەی تایبەت دەکرێت، ئــەو پەروەردەیە دەبەســترێتەوە بە بوونــی پەیوەندیی لەنێوان تاکەکەس، ژینگە و کۆمەڵگە. هەر بۆیەش بــۆ ئەوەی بە زووترین

کات کێشەی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت ببینینەوە، دەبێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە کێشەی ئەو منداڵانە بڕوانین، واتە هەم لە ڕوانگەی تاکە کەسی و هەم لە ڕوانگەی سیستمەوە بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدەین. هەروەها پێویستە پرۆگرامێک بۆ ئەو منداڵانە دروست بکرێ کە پەیوەندی بە هەموو ڕۆژی منداڵەکەوە هەبێت. بۆ نموونە ئەو کێشەیەی کە منداڵەکە لە قوتابخانەدا هەیەتی، هەمان کێشەشی لە ماڵدا هەیە. ئەگەر جیاوازیی زۆر هەبێ لەنێوان هەڵسوکەوتی منداڵەکە لە ماڵەوە و قوتابخانە، کێشەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی ماڵ یان بۆ ژینگەی قوتابخانەکە.

بۆ نموونە: منداڵێک لە داینگەدا هەڵسوکەوتی زۆر باش نییە، زوو زوو شەڕ دەکا و لە منداڵی تر دەدا، یان لە کاتی یاریکردندا هەدادانی نییە، ئەو منداڵانە کێشەیان لەگەڵ کۆدەکانی یاریکردن و کۆدە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. واتە فێری کۆدی یاری کردن و کۆدە کۆمەڵایەتییەکان نەبوون و ناتوانی لەسەر نۆبەی خۆی ڕاوەستی لە کاتی یاری کردن لەگەڵ هاوپۆلەکانی. کاتێ مامۆستا بۆ دایکی منداڵەکە باس دەکا کە کوڕەکەی یان کچەکەی شەڕانییە لە داینگە، دەبێتە شۆک بۆ دایک و باوک. لێرەدا دەبینین منداڵەکە لە دوو ژینگەی ماڵ و قوتابخانەدا زۆر جیاوازە. ڕەنگە ئەو منداڵە لە ماڵەوە تاقانە بێت، بەڵام کە دێتە ژینگەی داینگە و قوتابخانە دەبێ بتوانێ خۆی لەگەڵ ٢٠ تا ٣٠ منداڵی تربگونجێنێ لە کلاس و دەرەوەی کلاسدا.

کاتێک باسی پەروەردەی تایبەت دەکرێت، دەتوانین پەروەردەی تایبەت بە سەر سێ پارادایمی جیاواز یان سێ ڕوانگە و تیۆریی جیاوازدا دابەش بکەین لە ڕوانگەی توێژەر (Skidmore 1996).

پارادایمی دەروونناسی و پزیشکی: ئەو پارادایمە خۆی لە لێکۆڵینەوەکانی پزیشکی و دەروونناسیدا دەبینێتەوە. فوکوسی ئەم پارادایمە ئەوەیە، کێشەکە لە تاکدا دەبینێ و کێشەکە وەکوو بەشێ لە لەشی تاکەکەسدا دەبینێت. هەر بۆیە هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای داودەرمان چارەسەری بۆ کێشەی ئەو منداڵانە بدۆزنەوە.

پارادایمی کۆمەڵناسی: بەپێچەوانەی پارادایمی دەروونناسی و پزشکی، لە توێژینەوەکانی کۆمەڵناسیدا، کێشەکان لە ستراکچیری ناو کۆمەڵگەدا دەبینێت. لەم ڕوانگەیەدا کێشەکان لە تاکەکەس و قوتابییەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگە. بەپێی ئەو ڕوانگەیە پەروەردەی تایبەت دەبێت بە کەرەسە بۆ جیاکردنەوەی منداڵان لە قوتابخانەدا. بە واتایەکی‌تر، ئەو پارادایمە پێی وایە پەروەردەی تایبەت دەبێ بە هۆکاری هەڵاواردن و نایەکسانی لەنێوان منداڵان لە قوتابخانەدا، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا.

ئەم ڕوانگە و تێڕوانینە یارمەتی دەدات بە:

١ مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانە تێگەیشتنیان دەبێ بۆ ئەوەی کە منداڵان لە قوتابخانەدا بە شێوەیەکی نەرێنی (نگەتیڤ) مۆرکیان لێ دەدرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە یان قوتابی دیاگنۆس دەکرێ و وەک قوتابیی دیاگنۆسی، ADHD یان autism نیشانە دەکرێن. ٢ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوو سیستمی فێربوونی جیاواز و نایەکسان، هاوتەریب دروست دەکرێت و بەڕێوە دەچێت؛ واتە سیستمی پەروەردەی گشتی و سیستمی پەروەردەی تایبەت.

پارادایمی ئیداریی یان ڕێکخراوەییانە: لەم پارادایمەدا کێشەی سەرەکی لە قوتابخانە وەکوو سیستمی ئیداری دەبینێت، ئەوەی کە پارادایمی کۆمەڵناسی و ئیداریی هاوبەشن. بۆیە ئەوان کێشەکە لە تاکەکەسەوە نابینن، بەڵکوو کێشەکە لە ستراکچێری کۆمەڵگە، ئیداری و ڕێکخستنی قوتابخانەدایە. تێڕوانینێک کە «خوێندکار دەبێ خۆی لەگەڵ قوتابخانە

بگونجێنێت»، لە جیاتی ئەوەی کە بەپێچەوانە بێ، بە ریشەی بنەڕەتیی کێشەکە پێناسە دەکرێت. لە پارادایمی کۆمەڵناسی و ئیدرایدا پێیانوایە کە دەبێ قوتابخانە خۆی لەگەڵ خوێندکار بگونجێنێ. (Skidmore 1996, Jokobsson & Nilsson 2017, Nilholm 2007)

لە چوارچێوەی ئەم سێ پارادایمەدا، دەتوانین بڵێین کە پەروەردەی تایبەت بەسەر دوو ڕوانگە و تیۆریی جیاواز لەسەر کێشەی تێکلاویی مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پۆلدا هەیە، دابەش دەبێت.

**١ ڕوانگەگەلی موتڵەق و تاکەکەسی:** واتە قوتابی یان مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، کێشەیەکی تاکەکەسییە. بە واتەیەکی تر، کێشەکە لە لەشی ئەو مناڵانەدایە. هەر بۆیە پێویستە ئەو مناڵانە لە قوتابخانە و لە دەرەوەی پۆلدا قەرەبوو بکرێنەوە. بە واتەیەکی تر، ئەو مناڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتانە لە قوتابخانەدا گرووپی بچووک و تایبەتیان بۆ دروست کەن و مامۆستای تایبەت یان مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە دەرەوەی پۆلدا وانە بەو مناڵانە بڵێنەوە. دیارە ئەو ڕوانگەی تاکەکەسییە هەتا ٢٠ ساڵ لەمەوپێش تەنیا ڕوانگەیەک بوو کە بەکار دەهێنرا لە سیستمی پەروەردەیی لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا. ئەم ڕوانگەیە لە لایەن کۆمەڵناسان و ڕێکخراوی کەمتوانایان کەوتە بەر هێرشی ڕەخنەی زۆر. هەروەها گەلێک لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی هەیە کە پێیانوایە ئەم ڕوانگە تاکەکەسییە نەک تەنیا نایەکسانی لە نێوان مناڵان لە قوتابخانەدا دروست دەکا، بەڵکوو ئەو ڕوانگە تاکەکەسییە وا دەکا ئەو مناڵانە لە بواری کۆمەڵایەتی دوا بکەون. واتە ئەم مناڵانە کاتێ گەورە بوون زۆر دژوار دەبێ خۆ لەناو گۆمەڵگادا بگونجێنن. چونکە ئەو مناڵانە کە گەورە دەبن لە کۆمەڵگادا جێگایان نابێتەوە، چونکە فێری کۆدە کۆمەڵایەتییەکان نەبوون.

هەر بۆیە زۆرینەی ئەم کەسانە زۆر تەنیا دەمێننن لە کۆمەڵگادا. ڕیسکی هەراسان کردن و پێرابواردن زیاتر دەبێ بە نیسبەت ئەو مناڵانە جا چ لە کۆمەڵگادا چ لە قوتابخانەدا. (Emanuelsson, Persson & Rosenqvist 2001)

**٢ ڕوانگەگەلی پێوەندییانە:** کێشەکە بە مناڵەکە وەکوو تاک نابەستێتەوە، بەڵکوو لە پەیوەندیی نێوان تاک، ژینگە و لە سێ ئاست (تاک، گرووپ و کۆمەڵگە)دایە. (Fischein 1996)

ئەم ڕوانگەگەلی پێوەندییانە پێیوایە تێکلاوی زۆر گرینگە بۆ ئەوەی کە مناڵ بتوانێ پەیوەندی دروست بکات. پۆل یەکێک لەو شوێنە گرینگانەیە بۆ ئەوەی مناڵ بتوانێت پەیوەندی دروست بکا و هاوڕێ و دۆست بۆ خۆی پەیدا بکات. زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان پەیوەندیی مناڵان لە قوتابخانەدا زۆر بە گرینگ دەزانن. ڕاستییەکەی زۆربەی مناڵان کە دەچن بۆ قوتابخانە بۆ ئەوە ناچن وانە بخوێنن، بەڵکوو بۆ ئەوە دەچن کە پەیوندی دروست بکەن تا هاوڕێ و دۆستیان هەبێت.

ئەم ڕوانگەیە، دیموکراتی و یەکسانیخوازە و مناڵ وەکوو هاووڵاتی بە مافی یەکسان دەبینێ. هەر بۆیەش تێکەلاویی بە بەشێک لە مافی مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەبینرێت، تا مناڵان بەگشتی و مناڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بەتایبەتی، لە پۆلدا لە ئەزموونی یەکتر کەڵک وەرگرن. ئەم ڕوانگەیە پێیوایە کە مناڵان جیاوازن و ساتی جیاوازیان پێویستە بۆ فێربوون. هەر بۆیە دەبێ لە پۆلدا لەو جیاوازییەی مناڵان وەکوو سامان کەڵک وەربگیرێت نەک وەکوو بارگرانی، چونکە مرۆڤ بە جیاوازییەکانەوە جوانە.

پوختەی ئەم دوو ڕوانگەیە ئەوەیە: ڕوانگەیەک پێی وایە کە کێشەکە لە لەشی تاکدایە و دەبێ ئەو مناڵانە لە پۆل بکرێنەدەرەوە و بە تەنیا یان لە گرووپی چەکۆلەدا لە ڕێگای مامۆستای تایبەتەوە دەرسیان پێ بگوترێ.

ڕوانگەی تریــش پێیوایە کێشــەکە لە ژینگە (ژینگەی دەوروبەری منــاڵ و کۆمەڵگە) دایە. مامۆســتا دەبێ ژینگەی پۆل بۆ هەموو منداڵان بگونجێنێ و، شــێواز و مێتودی وانەگوتنەکەی بگۆڕێت بۆ ئەوەی هەموو منداڵان بتوانن کەڵک لە وانەگوتنەوەی مامۆستاکە وەرگرن.

## ٣ چــۆن دەتوانین لــە ڕێگەی پــەروەردەی تایبەتەوە یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بدەین؟

پەروەردەی تایبەت گرینگە بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت لە کاتی پێویســت لە پۆلدا یارمەتیی منداڵانی خــاوەن پێداویســتیی تایبەت بدات. کاتێ مامۆستا لە پۆلدا دەزانێت منداڵان کێشەی فێربوونیان هەیــە، دەبێ بە زووترین کات داوا بکات کــە مامۆســتای پــەروەردەی تایبەت بێتــە ناو پۆلەکەوە و بۆ مــاوەی چەند ڕۆژ لە پۆلدا چاو لە هەڵســوکەوتی قوتابی و شێوازی وانەگوتنــەوەی مامۆســتا بکات. مامۆســتای پەروەردەی تایبەت بــۆ ئەوەیە زیاتر یارمەتی و ڕێنمایی بدا بە مامۆســتا کــە چۆن و بە چ شــێوەیەک وانەگوتنەوەکەی لەگەڵ ئەو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەدا بگونجێنێت.

مامۆستا و مامۆستای پەروەردەی تایبەت و بنەماڵەی منداڵەکە بەیەکەوە پرۆگرامێ دادەنێن کــە لەنێوان ٦ حەوتوو بــۆ ٦ مانگە. دوای ئەو قۆناغە لەســەرڕاوە پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە دەکــەن بۆ ئــەوەی بزانن تــا چ ڕادەیەک لە یارمەتیدان و چارەسەرکردنی گرفتی ئەو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتە سەرکەوتوو بوون.

کێشــەی سیســتمی پــەروەردە ئەوەیە کــە قوتابییەکــی زۆر لە یەک پۆلــدا هەیە و مامۆســتا پێراناگات لە پۆلدا زیاتــر یارمەتیی منداڵانی خــاوەن پێداویســتیی تایبەت بدات. کێشــەیەکیتر ئەوەیە کە تەواوی قوتابییەکان یەک کتێب بەکار دێنــن و دەبێ کتێبەکەش لــە کاتێکی تایبەتــدا تەواو بێت. بــۆ نموونە کتێبێکی بیرکاری دەدەنــە هەموو قوتابیان و دەبێ لــە کاتێکی دیاریکراودا ئــەو کتێبەیان تــەواو کردبێت، لە کاتێکدا هەمووومان دەزانین کە منداڵان جیاوازن و کات و ســاتی جیاوازیان دەوێ بۆ فێربوونی بیرکاری یان بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە.

کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە گەلێک منداڵ لەو ١٠ تا ١٥ ســاڵەدا دیاگنــۆس کراون، بۆ نموونە بە دیاگنۆسی ADHD، دیارە پێویست ناکات لێرەدا و لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە باسی کێشــە و زیانی دیاگنۆس بکەین، چونکە کاتێ منداڵێک دیاگنۆســی «ADHD»ی بۆ دەکرێت، ئەو منداڵە دەبێ بە بەشــێ لە دیاگنۆسەکە و بۆ هەتاهەتایە ئەو منداڵە مۆرکی لەســەر دەدرێت. (Goffman 2011). دیاگنۆســکردنی منداڵ لە باری پزشــکییەوە ڕەنگە بــاش بێت بۆ ئەوەی چارەســەری دەرمانــی بۆ بدۆزرێتــەوە، بەڵام هەبوونــی دیاگنــۆس هیــچ گرینگییەکی بۆ مامۆســتا نییە، لەبەر ئەوەی مامۆســتا دەبێ شــێوەی وانەگوتنەوەکەی بــۆ هەموو قوتابیان بگونجێنێت، جا چ دیاگنۆسیان هەبێت یان نە.

گرینگە بزانین کە لە سیستمی وڵاتی سوید مامۆســتای تایبەت و مامۆســتای پەروەردەی تایبەت هەیــە و دوو پرۆگرامی جیاوازن و لە زانکۆکانی سوید دەیخوێنن. مامۆستایان دوای کۆلێژی مامۆســتایەتی و چەند ساڵ کارکردن لە کاری مامۆســتایەتیدا ئەزموون کۆدەکەنەوە و، دوای چەند ســاڵ کارکردن وەکوو مامۆستا دەتوانــن لە زانکــۆ داوای خوێنــدن بکەن و وەرگیرێن لە پرۆگرامی مامۆستای تایبەت یان مامۆستای پەروەردەی تایبەت.

مامۆســتای تایبەت: کاری ئــەوە دەبێت یارمەتیــی ئــەو منداڵانە بدات کە کێشــەیان لەگەڵ خوێندن، نووسین و بیرکاری، هەروەها ئەو منداڵانەی کە کێشــەی هەڵسوکەوتیان لە قوتابخانەدا هەیە. مامۆستای تایبەت یارمەتیی ئــەو منداڵانە دەدات جا چ وەکوو تاک بێت یان لە گرووپــی بچووکدا، بەڵام لە دەرەوەی پۆلدا. ئەرکی مامۆستای تایبەت ئەوەیە کە یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات بۆ ئەوەی بتوانن لە خوێندندا

سەرکەوتوو بن.

مامۆستای پەروەردەی تایبەت: کاری مامۆستای پەروەردەی تایبەت ئەوەیە کە وەکوو ڕاوێژکار یارمەتیی مامۆستایان بدات کە چۆن و بە چ شێوەیەک وانە بڵێنەوە و چۆن وانەگوتنەوەکە بۆ هەموو منالآن لە پۆلدا بگونجێنرێت.

منالآنی خاوەن پێداویستیی تایبەت پێویستیان بە ستراکچێر و ڕۆتینی ڕۆژانە هەیە. مامۆستا دەبێ هەوڵ بدات شێوازی وانەگوتنەوەکەی بگونجێنێت. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە دوو منال دەتوانن هەمان دیاگنۆسیان هەبێت، بەلآم پێویستیی ئەو دوو منالە لە پۆلدا دەتوانێت زۆر جیاواز بێت.

**۴ کێشەی پەروەردەی تایبەت لە کوردستان و هۆکارەکانی**

من ساڵی ۲۰۰۹ لە کوردستان بووم، لە سلێمانی سمیناریان بۆ ڕێک خستم، گەلێک مامۆستا لەوێ بەشدار بوون و خۆیان وەکوو مامۆستای پەروەردەی تایبەت دەناساند. دوایی بۆم ڕوون بووەوە کە ئەو مامۆستایانە وەکوو مامۆستای پەروەردەی تایبەت تەنیا خولێکی ۴ تا ۵ ڕۆژەیان بینیوە. وا بزانم ساڵی ۲۰۱۱ ئێمە کۆنفرانسێکی پەروەردەییی تایبەتمان لە زانکۆی ڕاپەڕین بەڕێوە برد، کۆنفرانسێکی باش بوو، بەلآم بە هۆی هەندێک هۆکار نەمانتوانی پەرە بە کارەکان بدەین.

دیارە ئێستا لە کوردستانیش بەشی پەروەردەی تایبەت کراوەتەوە، بەلآم پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە کێن ئەو کەسانەی وانەی پەروەردەی تایبەت دەڵێنەوە؟ بەپێی ئەزموونی خۆم، ئەوانەی کە سەرپەرشتیاری پەروەردەی تایبەت دەکەن بۆ نموونە لە سلێمانی، لە زانکۆ بەشی دەروونناسییان خوێندووە، هیچیان پەروەردەی تایبەتیان نەخوێندووە. ئێمە دەبێ جیاوازیی لەنێوان پەروەردەی تایبەت و دەروونناسیدا بکەین. پەروەردەی تایبەت زانستێکی هەمەزانستییانەیە (گشتگیر)، تیۆری و مێتۆدی زۆر جیاواز بەکار دەهێنێت، بەلآم دەروونناسی بەشێکی زۆر بچووکە لەناو پەروەردەی تایبەتدا.

پێموایە کێشەی زۆربوونی دیاگنۆسی (ADHD) یان (Autism) لە کوردستان ئەوەیە کە ئەو دەروونناسانە تەنیا لە ڕوانگەی تاکە کەسییەوە دەڕواننە ئەو منالآنە و کێشەی ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵگە لەبەرچاو ناگرن. تەنانەت لەسەر ئەوەی کە منال لە چ تەمەنێکدا دیاگنۆس بکرێت، بیروڕای جیاواز هەیە. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان پێیان وایە کە نابێ منال پێش تەمەنی ۷ ساڵی دیاگنۆسی بۆ بکرێت، چونکە منال دەتوانێت گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا بێت، هەروەها دەبێ ژینگەی ئەو منالە و ژینگەی دەوروبەری لەبەرچاو بگیرێت.

## ئاکام

## چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانین پەروەردەی تایبەت لە کوردستان بەکار بێنین؟

پەروەردەی تایبەت بۆ کوردستان گەلێک گرینگە، تەنانەت پێویستە گەلێک لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە بواری پەروەردەی تایبەتدا بکرێت. دیارە پەروەردەی تایبەت بۆ کوردستان دەبێ لەگەڵ کەلتوور و سیستمی کوردەواری بگونجێت (با وەکوو هێنانی سیستمی پەروەردەی سوید بۆ کوردستانی باشووری لێ نەیەت). من پێم وایە ئەوەی کە بەناوی سیستمی پەروەردەی سوید هێنرایە کوردستانی باشوور، پەروەردەی کوردستانی کاول کرد. وا بزانم هەندێک پرۆگرامی ئاوتیسمی ئەمریکی و ئەوروپیی دێنن بۆ کوردستان و دیانەوێ بەکاری بێنن، پێم وانییە دروست بێت، چونکە کۆمەڵگە و پێکهاتەی کوردستان و ئەو وڵاتانە زۆر جیاوازە.

گەلی کورد گەلێک ساڵە لە شەڕ و جەنگدایە، لێدان، ئازاردانی جەستەیی و دەروونی وای

کردووە کە منداڵان کێشەی فێربوون، خوێندن و هەڵسوکەوتیان هەبێت. منداڵی ژینگەی شەڕ، منداڵــی چینی هەژار و منداڵــی کەمایەتییەکان هەندێک جار پێویستیای بەوەیە یارمەتی بدرێن بۆ گەشەکردن لە ڕێگەی پەروەردەی تایبەتەوە. هەر بۆیە پێویســتە پەروەردەی تایبەت بکرێت بە بەشێکی گرینگ لە داهاتوودا لە کوردستان. بۆ نموونــە، هەتا لە پۆلدا منــداڵ کەمتر بێت، بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت باشترە، چونکە مامۆســتا دەتوانێت باشــتر بەو منداڵانە ڕابــگات و زیاتــر وانەکانیان بۆ شــی بکاتەوە. ڕێگەیەکــی تر ڕەنگە پێویســت نەکات هەموو منداڵانی یک پۆل هەمــان کتێبیان هەبێت و، ڕەنگە پێویســتیش نەکات کە لە یەک ســاڵدا دەبێ کتێبەکە تەواو بکا.

بــە بۆچوونــی من، ئــەو کەســانەی کە پــەروەردەی تایبــەت دەخوێنــن و دەبن بە مامۆستای پەروەردەی تایبەت، پێویستە مێتۆد، تیۆری و ڕوانگەی جیــاواز بخوێنن، بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتیی منداڵانی خاوەن پێداویســتیی تایبەت بدەن. ئێمە لە کوردســتان پێویستمان بــە پەروەردەیەکی تایبــەت هەیە کە منداڵان لە کەلتووری شــەڕ، زەبروزەنگ، ڕق و کین و هەراســان کردن و پێراوبواردن بە یەکتر ڕزگار بکات و بــەرەو کەلتوورێکی یەکســانیخوازی، دادپەروەری و دیموکراسی هەنگاو بنێت. ئێمە تەنیا لە ڕێگەی پەروەردە و پەروەردەی تایبەتەوە دەتوانیــن ئەم کەلتوورە بۆ نــەوەی داهاتووی کوردســتان دروســت بکەین. یارمەتیدەر بین بۆ منداڵانی خــاوەن پێداویســتیی تایبەت کە بتوانن بە شــێوەیەکی یەکسان مافی خوێندن و فێربوونیــان هەبــێ وەکوو هەمــوو منداڵانی کوردســتان. پەیماننامەی مافــی کەمتوانایان و پەیماننامــەی مافی منــداڵان و بەڵگەنامەی ســەلەمانکا گەرەنتییــە بــۆ دروســتکردنی ژینگەیەکی یەکســان بۆ منداڵانــی کەمتوانا و خاوەن پێداویســتیی تایبەت بۆ بەشــداری لە خوێندن لە پەروەردە و خوێندنگەی گشتیدا.

*. خوێندکاری دوکتورا لە بەشــی زانســتیی منداڵان و لاوان لە زانکۆی ستۆکۆلم. مامۆســتا لە کۆلێژی مامۆستایان لە زانکۆی سودرتوون.

## سەرچاوەکان

Emamuelsson, I., Person, B.,Rosenqvist, J.(2001). Forskning inom det specialpedagogiska området: en kunskapsöversikt. Stockholm: Skolverket

Fischbein, S. (1996). Specialpedagogik och lärarutbildning. Pedagogisk forskning i Sverige 1 (2); 89-99

Goffman, E. (1963). Stigma. Notts on the mangement of spoiled identity. A touchstone book. Published by Simon & Schuster INC. New York. London. Toronto.

Jakobsson, I & Nilsson. (2017). Specialpedagogik och funktionshinder. Att möta barn och unga med funktionsnedsättningar i en utvecklande miljö. Stockholm. Natur & kultur.

Nilholm, C. (2007). Perspektiv på specialpedagogik. Lund. Studentlitteratur.

Skidmore, D. (1996). Towards and integrated theoretical framework for research into special educational need. Routledge: Europan Journal of special needs Education.

UNICEF.(1989). Convention on the Rights of the Child: https://www.unicef.org/child-rights-convention

Socialdepartementet (1995). Standardregler för att tillförsäkra människor med funktionsnedsättning delaktighet och jämlikhet. Stockholm SOU 2008: 23. Convention on the Rights of Persons with Disabilities. Stockholm. Socialdepartement

Svenska Unescorådet. Salamancadeklarationen och Salamanca +10. Stockholm: Svenska Unescorådet, 2006. Svenska Unescorådets skriftserie 2/2006.

## ژێدەر

١. دیــارە دەبێ جیــاوازی بکرێت لە نێــوان پەیماننامە لەگەڵ بەڵگەنامــە. پەیماننامە بارێکی یاســایی هەیــە. کاتێک وڵاتێک پەیماننامــەی واژۆ دەکا دەبێ بەپێی ئــەو پەیماننامەیە لەگەڵ هاووڵاتییــان هەڵســوکەوت بکرێــت. ئــەو پەیماننامانە مافی هاووڵاتییان وەک مافی مــروڤ دەپارێزێ. بەڵام بەڵگەنامە زیاتر ڕوویەکی سیاســی هەیە. واتە بەڵگەنامە تەنیا پێشــنیار دەکا بە وڵاتەکان، بەڵام پەیماننامە وڵاتەکان ناچار دەکا کە بۆ وێنە مافی کەمتوانایان وەکوو مافی مرۆڤ بپارێزێ.

# هەوڵێکی نوێ لە سیاسیەتی بە کەمینەکردن لە بەرانبەر کوردانی ئێزدی

عومەر عادل عەبدوڵڵا

کەمینەکان بەهۆی ئەوەی ڕێژەیان کەمە و ناتوانن لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی، گۆڕانکاریی گەورە بکەن، زۆرجار لە وڵاتە فرەهێزەکاندا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ستەملێکردن دەبنەوە و بە ڕێگەی جیاجیا، چ بەڕێکاری سیاسی بێت، یان سەربازی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنیان دەدرێت؛ بەڵام لەو وڵاتانەی تا ڕادەیەک ئاشتی و دیموکراسی تێیاندا بەرقەرارە، دەتوانن پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن. سیاسەتی بە کەمینەکردن، یەکێکە لەو هەوڵانەی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بۆ کەمکردنەوە ڕێژەی نەتەوەیەک یان ئایینێک لە وڵاتێکدا.

مەبەست لە هێنانەگۆڕی ئەم باسە، نیشاندانی ئەو مەترسییانەیە، کە دەتوانێ دوای جیاکردنی کوردانی ئێزدی لە کوردانی دیکە و کوردستان سەرهەڵبدات، کە کۆمەڵێک مەترسیی مرۆیی و نەتەوەیی و ڕامیارین. مەرجە تاکی کورد، لە ڕێگەی کەرەستەی جۆراوجۆرەوە، ڕووبەڕووی مەترسییەکانی سیاسەتی بە کەمینەکردنن ببێتەوە.

سیاسەتی بەکەمینەکردن، یەکێکە لە گەورەترین ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی نەتەوەیەک دەکرێتەوە. لە ڕێگەی نووسراوێکەوە لە پارلمانی عێراقدا، هەوڵ دەدرێت ئێزدییەکان، کە کوردی ڕەسەنی ناوچەکەن، بە کەمینە بکرێن و وردە وردە شوناسی نەتەوەییان بسڕنەوە.

هۆکاری ئەم نووسینە بریتییە لە ڕاستی و دروستیی ڕەچەڵەکی کوردانی ئێزدی کە زۆرجار هەوڵ دەدرێت بە لاڕێدا ببردرێت و وەکوو نەتەوەیەکی غەیری کورد مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

## پێشەکی

نەیارانی گەلی کورد، بۆ لەناوبردن و قڕکردنی تاک بە تاکی نەتەوەکەمان، چ بە ڕێگەی ئاشتی بێت یان جەنگ، هەموو ڕێگەیەکیان تاقی کردووەتەوە. ئەگەرچی هەندێک لەو هەوڵانەیان بۆ ڕۆشتووەتە سەر و ئەنجامیان داوە، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی نەگەیشتوون بەو مەبەستەی خۆیان دەیانهەوێت، ئەویش قڕکردن و لە ناوبردنی یەکجاریی کوردە؛ واتە بە شێوەیەک، هەوڵ بدەن لەو پرۆسەیەدا زۆرترین تاکی کورد لە ناو ببەن. ئێزدییەکان وەکوو بەشێک لە نەتەوەی کورد، بە درێژاییی مێژوو، ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوە بوونەتەوە. ئەم بابەتە هەوڵ دەدا، تیشک بخاتە سەر نوێترین هەوڵ لە سیاسەتی بە کەمینەکردندا دژ بە کوردانی ئێزدی.

## بەراییەک لە بارەی کوردبوونی ئێزدییەکانەوە

نەتەوەی کورد، جیاواز لە نەتەوەکانی تری دونیا، چەندین ئایینی جیاجیا لە خۆ دەگرێت. ئایینی ئێزدی، یەکێکە لە ئایینە کۆنەکان، کە تایبەتە بە کوردانی ئێزدی. «پەیڕەوانی ئاینی ئێزدیاتی خۆیان بە چەند ناوێک دەناسێنن: ئێزدی، یەزدانی، ئیزادی و داسنائی. بێگانەکانیش زۆرجار بۆ سووکایەتی پێکردن پێیان دەڵێن شەیتان پەرست. ئێزدییەکان ٥٪ی سەرجەمی کورد پێکدەهێنن و ئەمڕۆ لە چەند بوارێکی پچڕپچڕدا و بە شێوەیەکی سەرەکی لە باکووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، قەفقاز، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، بەرزاییەکانی چیای شنگار لەسەر سنووری عێراق - سووریا و ناوچەکانی باکووری شاری موسڵ دەژین.» (میهرداد ئیزدەی، ٢٠٠٢، ٦٥)

«ئێزدییەکان بە گرووپێکی نەریتی ناسراون، لە نێو خۆیاندا داخراون، پابەندن بە ڕێورەسمە کۆمەڵایەتی و ئایینییە کۆنەکانیانەوە کە بەپێی یاسا تایبەتەکان ڕێک خراون و هەزاران ساڵ لەمەوبەر دامەزراون. بەو پێیەی ئایینی ئێزیدی وێنەیەکی وردی کۆن پێک دەهێنێت، لە کۆمەڵگە ئارییەکاندا پەرستگای سەرەکییان دەکەوێتە "شێخان» لە نزیک شاری موسڵ لە عێراق و بە «پەرستگای لالش» ناسراوە.» (عاید محمد بدر، ٢٠١٨، ٢٥٣)

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئەگەر ئێزدییەکان کورد نین، بۆچی لەسەر خاکی کورد نیشتەجێن و پەرستگاکانیان لە ناوچە کوردییەکاندایە؟ کەواتە لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێک پرسیاری سادەوە، دەگەین بە ڕاستییەکان.

هەر سەبارەت بە کوردبوونی ئێزدییەکان، تەیموور باشا دەڵێت: «ئێزدییەکان مەزهەبێکی کوردن، زۆربەیان لە ناوچەکانی موسڵ و لە رووسیادا دەژین، لەنێویاندا مەزهەبەکانی

ناوچەکانی دیمەشـق و بەغـدا و حەلەب لە ناموٚتریـن تەریقەتە زاهیدەکانن.» (احمد تیمور باشا،٢٠١٢، ١٠)

ڕۆژهەڵاتی ناوەراسـت چەندیـن نەتەوە و ئایینی جیا لـە خۆدەگرێت و «ئێزدییەکان کەمینەیەکـی ڕۆژهەڵاتی ناوەراسـتن کە لە ڕووی ڕەچەڵەکـەوە کـوردن، زمانـی ئەوان کوردییـە، بە کوردی دەئاخفـن، نوێژ و نزا و ڕێورەسـم و کتێبە پیرۆزەکانیشیان بە زمانی کوردییە.» (ڕێبـوار ڕەمەزان بارزانـی، ٢٠١٥، ١٢) ئەمـەش سـەلمێنەری ئەوەیە، کـە ئێزدی کوردی ڕەسـەنن و هیچ کەسێک ناتوانێت لە ژێر هیچ پاساوێکدا ئەوان لە کورد جیا بکاتەوە

هـەر سـەبارەت بـە زمانـی کوردانـی ئێـزدی کـە بـە زاری کرمانجـی دەدوێن، یەکێکە لـە شـێوەزارە بەربڵاوەکانی زمانی کوردی. «ئەم زارە چەند شـێوەزارێک لە خۆ دەگرێـت، وەک بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شـەمزێنانی، بادینانـی و دیالێکتی خۆرئاوا.» (فوئـاد حەمەخورشـید،٢٠٠٨، ٤١) کەواتە بەهۆی ئەوە کوردانی ئێزدی بە شـێوەزاری کرمانجی دەدوێن، بەشێکن لە نەتەوەی کورد، چونکە لە ناسنامەی نەتەوەییدا، زمان بنەمایەکی گرنگە

تەنانەت کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزدیش بە زمانـی کوردی نووسـراونەتەوە. بۆ نموونە: «مەسـحەفی ڕەش، بەزمانـی کۆنی کرمانجی نووسـراوە و شایانی باسیشـە کە ئەو چەشنە کرمانجییـە لەچەرخی سـیانزەدا، لەناوچەی هەکاریدا شـێوەزاری ئاخافتن بـووە. هەربۆیە زۆربەی لایەنگـرە بەباوەڕەکانـی ئێزدییەکان لەناوچـەی هەکاریی باکوری کوردسـتاندانە.» (مەولوود ئافەند، ٢٠١٨، ئێزدییەکان: کوردی ڕەسەنن یا شەیتانپەرەست؟) بەمەش ئایینی ئێزدی دەبێت بە ئایینی نەتەوەیی، چونکە بە زمانی ئەو نەتەوەیە نووسراوەتەوە کە ئایینەکەی تێدا بڵاوبووەتەوە.

## لە بارەی ڕەچەڵەکی ئێزدییەکانەوە:

«بۆچوونـی توێـژەران جیـاواز بـوون لـە ڕوونکردنەوەی ئـەوەی بۆچی بە ئێزدییەکان ناودەبرێـن ئێـزدی: هەندێکیـان وەک ئاماژەیەک بۆ خەلیفـەی ئومەوی یەزید بن معاویە سـەیریان کرد، وایان زانی کە ئەوان لە ڕابردوودا موسـڵمان بـوون، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لـە ئیسلام دوور کەوتنەوە تا بوون بە مەزهەبێکی سـەربەخۆ لە ئیسلام. هەندێکیان هۆکاری ئەم ڕێژەیەیان بۆ شاری یەزدی ئێران گەڕانـدەوە کە ناوەندی ئایینی زەردەشتی بووە.» (أحمد حسن، ٢٠١٧، ١٧٣)

«هەندێکیـان باسـیان لەوە کـردووە کە ناوەکە لە وشـەی «یەزدان»ەوە وەرگیراوە، کە بـە هەردوو زمانی کوردی و فارسـی بە واتای کیانێکی ئیلاهی دێت.» (أحمد حسن، ٢٠١٧، ١٧٣) بەڵام کۆتـا بۆچوون نزیکترین بۆچوونە، چونکە خودی وشـەکە ناوێکە لـە فەرهەنگی زمانی کوردیـدا هەیە. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا، وشەی (یەزدان) بەرانبەر وشەکانی (خودا، ئێزد، خودێ، بینایی چـاوان، هۆمان، خوا، خودانی عالەمێ، باخوێ)، کـە هەموویان مانای (خودا) دەگەیەنن. کەواتە: خودی ناوی ئایینەکەشیان لە فەرهەنگی زمانی کوردیشدا هەیە.

ڕا و بۆچوونـەکان ئـەوە دەسـەلمێنن، ئێزدییەکان بەشـێکی دانەبڕاون، لە نەتەوەی کوردن. بوونـی جۆرێک لە جیاوازیی ئایینی، واتای ئـەوە ناگەیەنێت کە وەکوو کۆمەڵێکی جیـاواز و دوور لـە کـورد تەماشـا بکرێن و مۆرکێکـی تـر، بـە بەرۆکی ناسـنامەی نەتەوەییانەوە بنرێـت. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بوونی ئایین و ڕێبازی جیا جیا لە نێو کورددا، هەڵگری هێمای قبوڵکردنی جیاوازیی ئایینی لە نێو یەک نەتەوەدایە.

## ژمارەی ڕاستەقینەی ئێزدییەکان

سـەبارەت بە ڕێژەی کوردانی ئێزدی، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە و ڕێژەیەکی دیاریکراو نییـە. بەهـۆی «نەبوونی ئامـاری فەرمیی دانیشـتووان، ڕێژەی ئێزدییەکان لە عێراق بە

وردی وردبینی نەکراوە، بەڵام ژمارەیان بەپێی هەندێک سەرچاوە لە نێوان (٤٠٠,٠٠٠ تا ٦٥٠,٠٠٠) کەسە، ئەوانیش گەورەترین گرووپن کە لە کوردستانی عێراقدا دەژین. بەهۆی ئەو ترس و گۆشەگیرییە بەردەوامەی رووبەڕوویان دەبێتەوە و شێواندنی شوناسیان، گومانی تێدا نییە کە ژمارەیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەندامانی داعش هێرشیان کردە سەر ناوچەکانیان و کۆمەڵێک تاوانیان بەرانبەر ئەنجام دان.» (رنا جاسم محمد بضز،٢٠٢١، ٣٤٩)

جگە لەو بۆچوونەی سەرەوە، لە بارەی ژمارەی تەواوی ئێزدییەکانەوە، «بە گوتەی «میر تەحسین بەگ» میری ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان، لە باشووری کوردستان و عێراق نزیکەی ( ٦٠٠٠٠٠-٧٠٠٠٠٠) و لە جیهان (١٥٠٠٠٠٠) کەس دەبن. بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیهاندا بە (١٥٠٠٠٠٠) کەس مەزندە دەکرێن. بە پێی هەندێک ئامار، ئێزدییەکان بەم شێوەیە دابەش کراون: لە عێراق و کوردستان (٥٠٠٠٠٠)، لە ئەڵمانیا (٦٠٠٠٠)، لە ئەرمەنستان (٦٠٠٠٠)، لە تورکیا (٥٠٠٠٠)، لە ڕووسیا (٤٠٠٠٠) ، لە گورجستان(٢٠٠٠٠)، لە سوریا (١٤٠٠٠)، لە سوید (٤٠٠٠٠) و لە ئوکرانیا (٢٠٠٠) کەسن.» ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی،٢٠١٥، ١٢)

## تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە چەمکی سیاسەتی بە کەمینەکردن

لە چوارچێوەی دەوڵەتێک یان میرێکدا، کەمینەکان بەو کەمینە ئایینی و نەتەوەییە دەوترێن، کە ڕێژەی دیاریکراویان هەیە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کەمینەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «کۆمەڵە نیشتمانییەکان لە کۆمەڵگادا، بەخشراون بە نەریتی تایبەت و هەندێک تایبەتمەندیی نەتەوەیی، ئایینی یان زمانەوانی کە بە ڕوونی جیاوازن لەگەڵ باقی دانیشتووانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو. ئەوانەی ئارەزووی ئەوە دەکەن هەمیشە ئەو نەریتە تایبەتانە بپارێزن.» (د. شاهر إسماعيل الشاهر، ٢٠١٩، ١٣٧)

کەمینەکان بەهۆی ئەوەی ڕێژەیان کەمە و ناتوانن لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی، گۆڕانکاریی گەورە بکەن، زۆرجار لە وڵاتە فرەهێزەکاندا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ستەملێکردن دەبنەوە و بە ڕێگەی جیاجیا، چ بەرێکاری سیاسی بێت، یان سەربازی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنیان دەدرێت؛ بەڵام لەو وڵاتانەی تا ڕادەیەک ئاشتی و دیموکراسی تێیاندا بەرقەرارە، دەتوانن پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن.

سیاسەتی بە کەمینەکردن، یەکێکە لەو هەوڵانەی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بۆ کەمکردنەوە ڕێژەی نەتەوەیەک یان ئایینێک لە وڵاتێکدا. بێگومان ئەمەش چەندین ڕێکاری هەیە و بە پێی پێڕەوی ڕامیاریی ئەو وڵاتە دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتدا پێڕەوی پاشایەتی هەبێت، ئەوە ڕاستەوخۆ پاشای وڵات بڕیارێک دەردەکات و بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتیی ئەو نەتەوەیە دەکات و لە ڕێگەی سیاسەتی بە کەمینەکردنەوە، هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ لاوازکردنی ئەو نەتەوەیە؛ بەڵام ئەگەر پێڕەوی پەرلەمانی بێت، ئەوە لە ڕێگەی دەنگ کۆکردنەوەوە ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت.

سیاسەتی بەکەمینەکردن، لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت، ئامانجی لێسەندنەوەی توانا و هێزی نەتەوەیەکە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو نەتەوەیەوە. هەروەها هەندێک جار ئەمەندە چڕ و دڕندانە پەیڕەو دەکرێت، بەرەو پاکتاوکردنی ڕەگەزی پەل دەکێشێت و چەندین تاکی ئەوە نەتەوەیە لە ڕێگەی چەکی کۆمەڵکوژەوە لە ناو دەبرێن.

هەندێک جار سیاسەتی بە کەمینەکردن، لە چوارچێوەی سەرژمێریی دانیشتوواندا ئەنجام

دەدرێت، واتا پاش ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان لە وڵاتێکدا، ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیەی مەبەستیانە ڕێژەکەی کەم بکەنەوە نانووسرێت؛ بەڵکوو ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەو ڕێژەیەی لە سەرژمێرییەکەدا دیاری کراوە، دادەنرێت. خودی سەرژمێریی دانیشتووان «بە واتا بەرفراوانەکەی، بەکاردێت بۆ دەربڕینی ژمارەی دانیشتووان کە لە ڕێگەی ژماردنەوە کۆکراونەتەوە و پەیوەندیی بە ڕاستییەکان و دروستیی ژماردنەکانەوە هەیە.» ( سعد عبد الرزاق محسن، ٢٠١٥، ٥٣٢)

نەگەیاندنی ڕاستییەکان وەکوو خۆی لە سەرژمێریی دانیشتووان، لە پێناو هەوڵدان بۆ بەکەمینەکردنی ئەوانی تر، یەکێکە لەو ناپاکییانەی بەرانبەر بە دانیشتووان دەکرێت.

## هەوڵە نوێیەکانی سیاسەتی بە کەمینەکردن لە ئاست کوردانی ئێزدیدا

کوردانی ئێزدی، بە درێژاییی مێژوو ڕووبەڕووی چەندین ستەم و زۆرداری بوونەتەوە و هەوڵ دراوە، لە پێگەی ئاینی و نەتەوەییيان کەم بکەنەوە. دیارە ئەمەش تەنها بە هۆکاری ئەوە بووە کە ئێزدییەکان کوردن و وەکوو هەموو تاکێکی تری کورد هەوڵی لە ناوبردنیان دراوە

ئێزدییەکان ئەزموونێکی تاڵ و ناهەمواریان لەگەڵ سیاسەتی بە کەمینەکردندا هەیە و بە درێژاییی گۆڕانکاریی ناوچەکە و هاتنی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان، ڕووبەڕووی گەلێک ئاڵنگاری بوونەتەوە. کوردانی ئێزدی «لە مێژوودا، دەیان جار بەر هەوڵی جینۆساید کەوتوون و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە تیرۆر و گۆشەگیرییەک بوونەتەوە، لە ناشتنی زیندووەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، لەباربردنی کۆرپەلەی ژنی دووگیان و بەدیلکردنی کچان لەبری باج، پاشان ئاوارەبوون و بەعەرەبکردن و ئەنفالکردن و هتد.» (عزالدین سلیم باقری، ٢٠٠٢، ٥)

جگە لەمەش چەندین جار ناوچەکانیان بەر شاڵاوی بە عەرەبکردن کەوتووە و هەوڵ دراوە شوناسی کوردبوون لە ناوچەکەکانیان بسڕدرێتەوە. «سەرەتای ڕاستەقینەی بەعەرەبکردنی ناوچەی شنگال دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵی موسڵمانان بەسەریدا لە ساڵی ٢٠ی کۆچی/٦٤٠ی زایینی دوای ئەوەی لەلایەن ڕێبەری ئیسلامی «ئەیاد کوری غانم»ەوە داگیرکرا. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، پێش فەتحی ئیسلامی، شنگال عەرەبی لێ نەبووە. وەک مێژوونووس «ئەلبەلادوری» لە کتێبی فەتحکردنی وڵاتاندا باسی لەوە کردووە کە پێش ساڵی ٢٠ی کۆچی/٦٤٠ی زایینی، لە ناوچەی شنگالدا عەرەب نەبووە. مانەوەی عەرەبەکان لە ناوچەیەکی تەواو کوردیدا دەگەڕێتەوە، بۆ شوێنی سەربازی و بازرگانی، بە ئامانجی دەستەبەرکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمە گرنگە.» (د.سعید خدیده علو، ٢٠٢٠، ١) ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەکە کردووە، بە تایبەتی دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و ناساندنی وەکوو دەوڵەتێکی عەرەبی.

لە ئاڵۆزییەکانی سووریا، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی داعش، ئێزدییەکانی ئەو ناوچەیە زبرێکی ئاگرینیان بەر کەوت. بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کە لە ماوەیەکی کەمدا، توانی دەست بەسەر بەشێک لە خاکی ئێراق و سوریادا بگرێت. ناوچەی کوردانی ئێزدیش، بەشێک بوو لەو ناوچانەی کەوتنە دەست ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

«دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر ناوچەکانیان لە ٤ی مانگی ئابی ٢٠١٤، ژمارەیەکی زۆریان کۆچیان کرد بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی بەتایبەت ئەڵمانیا و سوید» (عاید محمد بدر، ٢٠١٨، ٢٥٣) ئەمەش ڕێژەی کوردانی ئێزدیی کەم کردەوە و زیاتر ژمارەی کوردی بەرەو کەمینەبوون برد.

نوێترین هەوڵ لە سیاسەتی بە



کەمینەکردندا، لەم دواییانەدا بریتییە لەوەی «١٨٢ پەرلەمانتاری عێراق واژۆیان لەسەر پێشنیاری «نەتەوەی ئێزدی» کردووە و دەیانهەوێت ئێزدییەکان وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بناسرێن و لە کورد جیایان بکەنەوە. ئەوەش نارەزایەتییەکی زۆری کوردانی ئێزدیی لێ کەوتووەتەوە.» (پەیمان محەممەد، ٢٠٢٤، کەس مافی ئەوەی نییە لەبری ئێزدییان بڕیار بدات، کەناڵی ڕووداو) واتا زیاد لە نیوەی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی ئێراق، واژۆیان لەسەر ئەم پێشنیارە کردووە. ئەگەرچی هەندێکیان شارەزاییەکی زۆر کەمیان لە بارەی مێژوو و ڕەچەڵەکی کوردانی ئێزدییەوە هەیە.

ئەم هەوڵە لەلایەن خودی کوردانی ئێزدی و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کوردانی ئێزدییەوە، چەندین لێدوان و نارەزایەتیی لێ کەوتەوە و زۆرێک لە ئێزدییەکان هەڵوێستی نەتەوەییان هەبوو؛ بۆ نموونە: «د. عیرفان ئۆرتاج، سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی ئێزدی لە ئەڵمانیا، لەبارەی پێشنیاری ‹‹نەتەوەی ئێزدی›› کە ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراقی واژۆیان کردووە، ڕایگەیاند: «کاتێک ئێزدییەکان خۆیان بە کورد دەزانن، ئیدی مافی کەس نییە لەبری ئەوان بڕیار بدات.» (پەیمان محەممەد، ٢٠٢٤، کەس مافی ئەوەی نییە لەبری ئێزدییان بڕیار بدات، کەناڵی ڕووداو)

لە بارەی ئەم هەوڵە قێزەونەوە، ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزدی، پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا دەڵێت: «بەتوندی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناسنامەی ئێزدی لە کوردەوە بۆ هەر نەتەوەیەکی دیکە و دەستکاریکردنی ئەم ناسنامەیە ڕەت دەکاتەوە. ئێزدییەکان بەشێکی دانەبڕاو لە گەلی کوردن و ڕەگ و ریشەی مێژویی و ڕۆشنبیرییان بە قووڵی لەخاکی کوردستاندا چەسپاوە و شانازی بەکوردبون و ئاینی ئێزدیی خۆمانەوە دەکەین. ئێزدی ئایینێکی کۆنە و مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و بەشێکە لەمیراتی مێژینەی گەلی کورد. ئێزدییەکان

بەزمانی کوردی قسە دەکەن، داب و نەریتی ئەوانیش لەگەڵ کولتووری گشتیی کوردیدا دەگونجێت، بەدرێژاییی سەدەکانیش سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و کێشانەی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ناسنامەی ئایینی و نەتەوەییی خۆیان پاراستووە». ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزدی دەشڵێت: «پاراستنی ناسنامەی کوردبوون مافێکی سروشتی و ئەرکێکی پیرۆزە و بەشێکی دانەبڕاوە، لە پاراستنی میراتی کولتووری و ئایینیی گەلی ئێزدی و گەلی کورد بە گشتی.»» (شانازی بەکوردبون و ئایینی ئێزدیی خۆمانەوە دەکەین، ٢٠٢٤، ماڵپەڕی ئاوێنە)

جگە لە هەڵوێستی پیاوانی ئایینیی ئێزدی، زۆرێک لە سیاسەتمەداران دژ بەم هەوڵە مەترسیدارە هەڵوێستیان نواند. «زێدۆ باعەدری، ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان و کەسایەتیی ئێزدی لەبارەی ئەو هەوڵە بەرانبەر گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییی ئێزدییەکان گوتی: «کەسانێک دەستیان بەوە کردووە ناسنامەی ئێمە بگۆڕن بە ناسنامەیەکی نوێی نەتەوەیی، ئەوە لەگەڵ ئێزدییەکان ناگونجێ؛ چونکە ئێمە کوردین و کوردستانیین. گوتیشی، پەرلەمانی عێراق کاری ئەوەیە تاوانبارانی داعش بداتە دادگا، لەبری ئەوە ناسنامەی نەتەوەییی ئێزدی و کوردایەتیی ئێمە دەگۆڕن.» (ئەوانەی دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەییی کوردی ئێزدی بگۆڕن کاری داعش تەواو دەکەن، ٢٠٢٤، کەناڵی کوردستان ٢٤)

ئەم کەسایەتییانە و چەندین کەسایەتیی تر، لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا هەڵوێستیان لەسەر ئەم پرسە هەبووە و لە لێدوان و نووسراوەکانیاندا ڕووبەڕووی بوونەتەوە و بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر پرسی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەییی کوردیان زانیوە.

## مەترسییەکانی دەرکەوتنی کوردانی ئێزدی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ

هەموو هەوڵێک کە لە چوارچێوەی سیاسیەتی بەکەمینەکردندا بێت، مەترسیی خۆی هەیە بۆ سەر ئەو نەتەوەیەی سیاسیەتەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. دیارە کوردانی ئێزدیش یەکێکن لەو نەتەوانەی سیاسەتی بە کەمینەکردن، کاریگەریی نەرێنی و مەترسیداری بەسەریاندا بەجێهێشتووە کە دەتوانین ئەو کاریگەرییانە لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

**١ ڕەنگە لە داهاتوودا، وەکو هێزێک دژ بە کورد بەکاربهێنرین**

دروستکردنی هێزێکی چەکدار، یەکێکە لە هەر دیاردە باوەکانی ئێستای ئێراق و هەر حیزبێک هێزێکی چەکداری هەیە؛ بگرە لە نێو یەک حیزبدا، چەندین هێزی چەکدار هەبێت، ئەمەش لە خۆیدا دیاردەیەکی نەرێنییە و چەندی گەندەڵی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر لە داهاتوودا ئێزدییەکان بکرێن بە نەتەوە، ئەوە بێگومان هێزی چەکداریان بۆ دروست دەکرێت و ئەو هێزەش دژ بە کورد بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم پرۆژەیە کە ئاراستەی پەرلەمانی ئێراق کراوە، لە لایەن کەسانێکەوە بەرێوە دەبرێت کە دژ بە دۆزی کورد دەجوڵێنەوە.

**٢ لە سەرژمێریی دانیشتوواندا ڕێژی کورد کەم دەکات**

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ داوە، ژمارەی کوردانی ئێزدی لە عێراقدا زیاد لە نیو ملیۆنە، جا ئەگەر ئەم نیو ملیۆنە لە کورد جیا بکرێنەوە، ئەوە ڕێژەی کورد لە ئێراق و هەموو جیهاندا، نیو ملیۆن کەم دەکات.

**٣ دووبارە ڕووبەڕووبوونەوەی پاکتاوی ڕەگەزی**

ئەگەر ئێزدییەکان بە کەمینە بکرێن، ئەوە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا زیاتر ڕووبەڕووی جینۆساید و بەکەمینەکردن ببنەوە؛ تەنانەت ڕەنگە لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە هەوڵی بە کەمینەکردنیان دەدرێن، ڕووبەڕووی جینۆساید ببنەوە. کەواتە مەترسییەکە لە

مەترسییەکی نەتەوەییەوە دەپەڕێتەوە بۆ مەترسییەکی مرۆیی.

### ٤ کەمبوونەوەی میراتی مێژووی کورد

کوردانی ئێزدی، خاوەنی بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەیی کوردن و لە پڕکردنەوەی سەرەتا لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورددا بەشدارن. بۆ نموونە «کاتێک باس لە ئەدەبی کوردی دەکرێت، بێگومان دەبێ ناوی عەرەبی شەمۆ و یەکەم ڕۆمانەکەی «شوانی کورد» بهێنرێت. چونکە عەرەبی شەمۆ هەر تەنیا نووسەرێک نەبووە. ئەو بە نووسینی یەکەم ڕۆمانی خۆی «شوانی کورد» بناغەی ئەدەبیاتی نۆژنی کوردیی دارشت.» (ئیکرام ئۆغوز، ٢٠٢٢، عەرەبی شەمۆ شوانی زمانی کوردی) عەرەبی شەمۆ بە ڕەگەز کوردێکی ئێزدییە، کەواتە بە جیاکردنەوەی ئێزدییەکان لە نەتەوەی کورد، بەشێک لە مێژووی کورد دەفەوتێت.

### ٥ لاوازبوونی پێگەی ڕامیاریی ئێزدییەکان

ئێستا بەشێکی زۆر لە ئێزدییەکان، لە پاڵ کۆمەڵە ڕامیارییە کوردەکان، ژیانی ڕامیاریی خۆیان ئەزموون دەکەن؛ ئەمەش دەرفەتی زیاتر بەو سیاسەتمەدارە ئێزدییانە دەدات، بۆ ئەوەی باشتر بەرگری لە پرسی ئێزدییەکان و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن. بەڵام ئەگەر لە پاڵ کۆمەڵە ڕامیارییە ناکوردەکان دەست بە چالاکیی ڕامیاری بکەن، یان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەشداری بکەن، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێگەیان لاواز دەبێت.

## ئەنجام

ئێزدییەکان کوردی ڕەسەنن و جیاکردنەوویان لە نەتەوەی کورد، ستەمێکە کە لەوان دەکرێت. هەروەها ئەو هەوڵانەی دژی ئێزدییەکان دەدرێت، لە چوارچێوەی سیاسەتی بە کەمینەکردندا کاریان لەسەر دەکرێت و لە ژێر کۆمەڵێک بنەمای بەرنامەداڕێژراودا دامەزراون کە لە پشت کۆمەڵێک هێز و دەوڵەتی ناوچەکەوە ئەم جۆرە سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت.

## سەرچاوەکان

١.میهرداد ئیزەدی و کامەران فەهمی، ئایین و تایفە ئایینییەکان لە کوردستاندا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک) چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٢.

٢.ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزدی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

٣.پەیمان محەممەد، کەس مافی ئەوەی نییە لەبری ئێزدییان بڕیار بدات، کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢٤، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0706202418

٤.شانازی بەکوردبون و ئایینی ئێزدیی خۆمانەوە دەکەین،، ماڵپەڕی ئاوێنە، ٢٠٢٤، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0706202418

٥.لەجیاتی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانی ئێزدی، با خزمەتیان بکەن، ماڵپەڕی Kdp, ٢٠٢٣، https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=142916

٦.ئەوانەی دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەیی کوردی ئێزدی بگۆڕن کاری داعش تەواو دەکەن، ٢٠٢٤، کەناڵی کوردستان ٢٤، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/259559-(لل

٧ ئیکرام ئۆغوز،، عەرەبی شەمۆ شوانی زمانی کوردی، ٢٠٢٢، ماڵپەڕی کوردستانی نوێ، https://knwe.org/KU/Details/3475

٨.د. شاهر إسماعيل الشاهر، التفتيت بالأقليات (الأقليات وعدم الاستقرار السياسى للدول) مجلة روافد، المجلد ٠٣، العدد)٠٢(، ديسمبر ٢٠١٩

٩.عايد محمد بدر، الطبقات الاجتماعية والدينية للمجتمع الايزيدى، رسالة المشرق ، ٢٠١٨

١٠.أحمد حسن، الحياة الدينية والثقافية للإيزيديين الكرد السوريين، العدد الثاني – آب/ أغسطس ، ٢٠١٧.

١١.رنا جاسم محمد بضز،بواعث ارتكاب الإبادة الجماعية للإيزيديين، المؤتمر العلمى الدولى الثانى حول الإبادة الجماعية/ مركز دراسات الإبادة الجماعية، جامعة دهوك٢٧– ٢٨ كانون الثانى ٢٠٢١.

١٢.د.سعيد خديده علو شنكال (سنجار) ١٩٢١-١٩٨٠ دراسة فى تعريب المنطقة من قبل الحكومات العراقية،٢٠٢٠.

١٣.سعد عبد الرزاق محسن، التعدادات السكانية التى جرت فى العارق (عرض وتقييم)، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية / جامعة بابل، آب/٢٠١٥م

١٤. عبدالرحمن شرفکندی، «هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی-کردی»، ویراستیار: محمدماجد مردوخ روحانی، تهران: انتشارات سروش، (١٩٩٠).

١٥. احمد تيمور باشا و منشا نحلتهم، مؤسسة هنداوى، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١٢.

١٦. فوئاد حەمەخورشید، زمانی کوردی و زارەکانی، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٧. مەولود ئافەند، ئێزدییەکان: کوردی ڕەسەنن یا شەیتانپەرەست؟ ٢٠١٨، https://www.kurdistanpost.nu/?m

# ئاڵۆزییە نەناسراوەکانی کۆچبەری

حەسەن قارەمانی*

کۆچ دەرفەتی گەورە بۆ تاک و کۆمەڵگا دەڕەخسێنێت، بەڵام پێویستی بە ڕەچاوکردنی ورد و بەڕێوەبردن هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین سوودەکان و کەمترین ئاستەنگەکانی هەبێت. تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە مێژوویی و هاوچەرخەکانی کۆچکردندا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی بەردەوام و گشتگیر لە جیهانێکدا کە تادێت جیهانگیرتر دەبێت گرینگە.

کۆچبەران هێزێکی دینامیکی و وزەبەخشن کە نەک تەنها سنووره جوگرافییەکان دەبڕن، بەڵکوو مۆزائیکێکی دەوڵەمەندی کولتوور و نەریت و بەهرە لەگەڵ خۆیان دەهێنن. هاتنی ئەوان نەک هەر گۆڕانکارییەک، بەڵکوو دەرفەتێکە. دەرفەتێکە بۆ نوێکردنەوە و بەهێزکردنی کۆمەڵگا لە بنەڕەتدا. ئەوان بە هەنگاوی بوێرانە لە سنووره نیشتمانییەکان، دەوڵەمەندیی ئەزموون و خولیای دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

لە دونیای ئەمڕۆدا کە بە جوولەی خێرا و بەردەوامی جیهانی تایبەتمەندە، کۆچبەران لە دڵی کۆمەڵگادان. هێزێک کە ئابووری و کولتوور و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانمان زیندوو دەکاتەوە و دایدەڕێژێتەوە. بوونی ئەوان تەنیا گۆڕانکارییەکی هاندەر نییە؛ بەڵکوو بانگەوازێکی بەئاگاهێنانەوەیە بۆ دەرفەت و ئاڵنگارییە نوێیەکان.

کۆچکردن بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەبووە، کە بەهۆی چەندین هۆکاری وەک شەڕ، برسێتی، گۆڕانی کەشوهەوا و کێشە سیاسی و ئابوورییەکان بووە. ئەم هێزە بزوێنەرانە بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵک بەدوای بارودۆخی ژیان و ئاسایشی باشتر لە وڵاتانی نوێدا بگەڕێن.

لە دەیەکانی ڕابردوودا قەبارەی کۆچی نێودەوڵەتی زۆر زیادی کردووە. لەساڵی ٢٠٢٠دا، نزیکەی ٢٨١ ملیۆن کۆچبەری نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی جیهان هەبووە کە نزیکەی ٣.٦٪ی دانیشتوانی جیهان پێک دەهێنن. ئەم زیادبوونە بەراورد بە دەیەکانی پێشوو گۆڕانکارییەکی بەرچاوە و هەم ڕەنگدانەوەی زیادبوونی جوولە و هەم زیادبوونی هۆشیارییە بۆ دەرفەتە جیهانییەکان. هەروەها قەبارەی کۆچکردن وای کردووە خەڵک و حکوومەتەکان بەرامبەر بە دەرئەنجامەکانی زیاتر هۆشیار و هەستیار بن.

لە ساڵی ٢٠٢٠دا ژمارەی کرێکارانی کۆچبەر نزیکەی ١٦٤ ملیۆن کەس بووە. ئەم ژمارەیە گرنگیی گەورەیی ئابووریی کۆچبەران نیشان دەدات، چونکە زۆرێک لە کۆچبەران بۆ دۆزینەوەی کار بەدوای وڵاتی نوێدا دەگەڕێن و کاریگەرییان لەسەر باشترکردنی هەردوو وڵاتی ماڵەوە و وڵاتی وەرگردا هەیە. کار و داهاتەکانیان، ڕۆڵێکی گرنگ لە کەمکردنەوەی هەژاری و پێشخستنی گەشەپێدان بۆ وڵاتەکانیان دەگێڕن.

بەڵام زیادبوونی کۆچبەریش بووەتە هۆی ئاڵنگاریی جۆراوجۆر. وڵاتانی وەرگر ڕووبەڕووی فشاری زیاتر لەسەر ژێرخانەکانیان دەبنەوە، لەوانەش خانووبەرە، گواستنەوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک چاودێریی تەندروستی و پەروەردە. بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە و بارگرانییەکی زۆری خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەندێک لەو کێشانەن کە زۆرێک لە وڵاتان لە ئەنجامی کۆچی بەرفراواندا دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. جگە لەوەش جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەتوانێت ببێتە هۆی گرژی و یەکخستنی تازەهاتووان و هەندێک جار دەتوانێت پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز بێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاڵنگارییانە، حکوومەتەکان و داڕێژەرانی سیاسەت، زیاتر ئاگاداری پێویستیی پەرەپێدانی ستراتیژییەکان بۆ مامەڵەکردن بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ دەرئەنجامەکانی کۆچکردن بوون.

کۆچ دەرفەتی گەورە بۆ تاک و کۆمەڵگا دەڕەخسێنێت، بەڵام پێویستی بە ڕەچاوکردنی ورد و بەڕێوەبردن هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین سوودەکان و کەمترین ئاستەنگەکانی هەبێت. تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە مێژوویی و هاوچەرخەکانی کۆچکردندا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی بەردەوام و گشتگیر

لە جیهانێکدا کە تادێت جیهانگیرتر دەبێت گرینگە.

لێرەدا بە کورتی ئەو هۆکارە تایبەتییانە و ئاڵۆزییە نەناسراوەکانی کۆچبەری دەستنیشان دەکەین:

## کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردن

کۆچ دیاردەیەکە کە چەندین دیسیپلینی زانستی دەگرێتەوە و ئابووری، کۆمەڵناسی، دیموگرافیا و زانستی سیاسی هەموویان تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەش دەکەن. ئابووری ڕۆڵێکی بەرچاوی تایبەت لە شیکردنەوەی هەردوو هۆکارەکانی کۆچ و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕی کار و ئابووری فراوانتردا دەگێڕێت. زۆرجار هۆکارە ئابوورییەکان هێزێکی سەرەکیی بزوێنەری کۆچکردنن، تاکەکان لە وڵاتە نوێیەکان بەدوای کرێ و مووچەی زیاتر و بارودۆخی ژیانی باشتردا دەگەڕێن. ئەم کۆچە ئابوورییە بە چەندین شێوە کاریگەریی لەسەر بازاڕی کار لە وڵاتانی وەرگردا هەیە.

کۆچبەران بەشداری لە دابینکردنی کاردا دەکەن و دەتوانن ئەو بۆشاییانە لە بازاڕی کاردا پڕبکەنەوە کە ڕەنگە کرێکارانی وڵاتان دایک نەتوانن یان ئامادە نەبن پڕی بکەنەوە. ئەمە بە تایبەتی لەو کەرتانەدا ڕاستە کە مووچەیان کەمە یان بارودۆخی کارکردنیان زۆرە، کە زۆرجار کۆچبەران ئەو کارانە وەردەگرن؛ ئەگەرنا بە بەتاڵی دەمێننەوە. لە هەمان کاتدا ئەمە دەتوانێت کێبڕکێ بۆ هەلی کار دروست بکات، کە هەندێک جار دەبێتە هۆی مشتومڕ لەسەر کاریگەریی کۆچبەران لەسەر کرێ و مووچەی دامەزراندنی کرێکارە ڕەسەنەکان وڵاتانی دایک. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کۆچکردن دەتوانێت بەپێی کەرتەکە و بارودۆخە تایبەتەکانی بازاڕی کار، هەم کاریگەریی ئەرێنی و هەم کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کرێ و بارودۆخی کارکردن هەبێت.

جگە لە کاریگەرییەکانی بازاڕی کار، کۆچ دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییە بەرچاوەکانیشی هەیە. کۆچبەران بە ناساندنی دیدگا و نەریت و لێهاتوویی نوێ، وڵاتانی وەرگر لە ڕووی کولتوورییەوە دەوڵەمەند دەکەن. لە هەمان کاتدا کۆچکردن دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵنگاریی کۆمەڵایەتی، وەک تێکەڵبوون و قبووڵکردن لە کۆمەڵگادا. وڵاتانی وەرگر پێویستە ستراتیژییەتێک بۆ ئاسانکاریی یەکخستنی کۆچبەران دابڕێژن، کە بریتین لە ڕاهێنانی زمان، دانپێدانان بە بڕوانامە و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی کار.

بۆ ڕاستکردنەوەی بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکانی کۆچکردن، وڵاتان ڕووبەڕووی سنووردارکردن و یاسای جۆراوجۆر دەبنەوە. تەنانەت لیبراڵترین داڕێژەرانی سیاسەتیش دەبێت پێش جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی کۆچبەری بە وردی هۆکارە جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو بگرن. ئەمەش هاوسەنگکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار لەگەڵ سەرچاوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و هەروەها لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی گشتی و کەشوهەوای سیاسی دەگرێتەوە.

لایەنێکی گرنگی دیکەی کاریگەرییە ئابوورییەکانی کۆچکردن، ئەو پارەیەیە کە کۆچبەران دەینێرن بۆ وڵاتەکانی خۆیان، کە پێی دەوترێت حەواڵە. ئەم حەواڵەکردنانە ڕۆڵێکی گرنگ لە پاڵپشتیکردنی خێزانەکان و ئابوورییە ناوخۆییەکاندا دەگێڕن. بۆ وڵاتانی وەرگر ئەمە بە مانای دەرچوونی سەرمایە دێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشدارە لە هاوسەنگیی ئابووریی جیهانی و دەتوانێت هەژاری کەم بکاتەوە و خۆشگوزەرانی لە وڵاتانی کەم پێشکەوتوودا زیاد بکات.

## فشار لەسەر ژێرخانی و بازاڕی نیشتەجێبوون

ئەزموونی وڵاتانی وەک ئوستراڵیا، کەنەدا، ئەمریکا و بەریتانیا دەریدەخات زیادبوونی ژمارەی کۆچبەران، سەرەڕای سوودی ئابووریی زۆر، فشارێکی بەرچاو لەسەر ژێرخان دروست دەکات و نرخی خانووبەرە بەرز دەکاتەوە. ئەم وڵاتانە ئاستی تۆمارکراوی کۆچی بەخۆیەوە بینیوە، کە لە ئەنجامدا خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان زیادی کردووە و هەروەها کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بازاڕی خانووبەرە هەبووە.

یەکێک لە کاریگەرییە بەرجەستەترینەکانی کۆچبەری زۆر، فشار لەسەر بازاڕی خانووبەرەیە. لە ئوستراڵیا، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە زیادبوونی کۆچی ساڵانەی ١٠٠ هەزار کەس دەبێتە هۆی زیادبوونی کرێی خانوو بە ڕێژەی نزیکەی لەسەدا یەک. ئەم ڕەوتە تایبەت نییە بە ئوستراڵیا. شێوازی هاوشێوە لە کەنەدا، ئەمریکا و بەریتانیادا بەدی دەکرێت. بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە و کرێ، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی زیادبوونی خواست لەسەر خانووبەرەیە کە کۆچبەران دەیهێنن. ئەمەش دەتوانێت کێشە بۆ هەردوو کۆچبەری نوێ و هاووڵاتیی ڕەسەن دروست بکات کە پێشتر لەم وڵاتانەدا دەژین.

جگە لە بازاڕی خانووبەرە، کۆچکردن کاریگەریی لەسەر ژێرخانی دیکەش هەیە. تۆڕەکانی گواستنەوە، لەوانەش ڕێگاوبان، گواستنەوەی گشتی و فڕۆکەخانەکان، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان ڕووبەڕووی فشاری زیاتر دەبنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی قەرەباڵغی و درێژبوونەوەی ماوەی گەشتکردن. ئەمەش کاریگەریی لەسەر کوالیتیی ژیانی هەموو دانیشتووان دەبێت. جگە لەوەش زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، داواکاریی زیاتر دەخاتە سەر سیستەمی چاودێریی تەندروستی و قوتابخانەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکە. لەو وڵاتانەی سیستەمی چاودێریی تەندروستیی گشتییان هەیە، ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی چاوەڕوانی و بارگرانییەکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەکان، لە کاتێکدا ڕەنگە قوتابخانەکان کێشەیان بۆ جێگیرکردنی زیادبوونی ژمارەی خوێندکاران هەبێت.

چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییانە پێویستی بە پلانی حکوومەتەکان و داڕێژەرانی سیاسەت هەیە کە بە شێوەیەکی چالاکانە پلان دابنێن و وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریدا بکەن. ئەمەش بریتییە لە دروستکردنی خانووی نوێ و فراوانکردنی تۆڕەکانی گواستنەوە و بەهێزکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. بۆ نموونە لە کەنەدا حکوومەت وەبەرهێنانی کردووە بۆ دروستکردنی خانووی زیاتر و باشترکردنی گواستنەوەی گشتی بۆ دابینکردنی خواستی زیادبوونی کۆچبەران. بە هەمان شێوە ئوستراڵیا و بەریتانیا هەنگاوی هاوشێوەیان ناوە بۆ باشترکردنی ژێرخانی خۆیان و دڵنیابوون لەوەی کۆمەڵگاکانیان دەتوانن ڕووبەڕووی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان ببنەوە.

سەرەڕای ئەم ڕێوشوێنانە، چەندین ئاڵنگاری هێشتا ماونەتەوە. زۆرجار دروستکردنی خانووبەرە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوواندا ناگونجێت، ئەمەش نرخەکان زیاتر بەرز دەکاتەوە. جگە لەوەش، زیادەڕەوی لە ڕێکخستن و ئاستەنگی بیرۆکراتی دەتوانێت پەرەپێدانی ژێرخانی نوێ ئاڵۆز و دوابخات. بۆ زۆرترین سوودی ئابووریی کۆچبەری و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی، زۆر گرنگە لە نێوان پێشوازیکردن لە کۆچبەران و دڵنیابوون لە ژێرخانی گونجاو بۆ پشتگیریکردنی دانیشتووانێکی گەشەسەندوو، هاوسەنگییەک هەبێت.

ئەزموونەکانی ئوستراڵیا، کەنەدا، ئەمریکا

و بەریتانیا نیشان دەدەن کە کۆچکردن سەرەڕای سوودە زۆرەکانی، فشارێکی بەرچاو لەسەر ژێرخان و بازاڕی خانووبەرە دروست دەکات. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە، حکوومەتەکان دەبێت وەبەرهێنان لە گەشەپێدانی بەردەوامی ژێرخانی ئابووریدا بکەن و پلانیان بۆ دابنێن. بەم کارە دەتوانن کۆمەڵگایەک دروست بکەن کە نەک تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز بێ، بەڵکوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە بۆ هەموو دانیشتووان بەردەوام و گشتگیر بێ.

## گەشەی ئابووری و بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری

کۆچبەری بەشدارییەکی زۆر لە گەشەی ئابووری وڵاتانی وەرگردا دەکات، بەڵام کاریگەرییەکانی لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری دەتوانێت ئاڵۆزتر بێت. وڵاتانی وەک ئوسترالیا، کەنەدا و بەریتانیا لە ئەنجامی بەرزیی ژمارەی کۆچبەران، کۆی گشتیی بەرهەمی ناوخۆییان بەرزبوونەوەی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کۆچبەران بەشداری لە هێزی کاردا دەکەن، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەکاردەهێنن و زۆرجاریش ئەو کارانە وەردەگرن کە پڕکردنەوەیان قورسە. لە هەمان کاتدا ئەم وڵاتانە بۆ چەند چارەکێک تووشی وەستان یان تەنانەت دابەزینی بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری بوون. ئەم پارادۆکسە دەتوانرێت بە گۆڕانکاری لە شێوازی کۆچبەری و جۆری هاتنی کۆچبەران ڕوون بکرێتەوە.

لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕەوتی کۆچبەران گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. خەڵکێکی زۆرتر لە ناوچە هەژارەکانەوە کۆچ دەکەن و زۆرجاریش ئاستی خوێندنیان کەمترە. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری هەیە چونکە کۆچبەرانی ئەم ناوچانە بە مووچەی کەم کار دەکەن. کاتێک ژمارەی دانیشتووان خێراتر لە فراوانبوونی ئابووری گەشە دەکات، بەو مانایەیە کە بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری - کە تێکڕای بەرهەمی ئابووری بۆ هەر کەسێک دەپێوێت - دەتوانێت دابەزێت یان وەستابێت.

لە ئوسترالیا و کەنەدادا کە لە دوای پەتاکە کۆچبەران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، بەرهەمی سەرتاسەری کەمی کردووە. لە ئوسترالیا، بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری بۆ چەند چارەکێک دابەزیوە یان گەشەی نەکردووە، لە کەنەداش بەرهەمی سەرتاسەری بە ڕێژەی لەسەدا ٢ لە ساڵی ٢٠٢٣ دابەزی. ئەم ڕەوتانە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کاتێکدا کۆچبەری کۆی بەرهەمی ئابووری زیاد دەکات، ئەم بەرهەمە بەسەر دانیشتووانێکی زیاتردا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی تێکڕای بەرهەمی هەر کەسێک.

هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە جۆری ئەو کارەی کۆچبەران ئەنجامی دەدەن کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی ئابووری هەیە. لە وڵاتانی داهات بەرزدا کۆچبەران زۆرجار لە کەرتە کەم لێهاتووەکان وەک پیشەسازیی بیناسازی و کشتوکاڵ و چاودێریی تەندروستیدا کار دەدۆزنەوە. لە کاتێکدا ئەمە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی کار و پشتگیریکردنی هەندێک پیشەسازی، بەڵام کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنانی تێکڕا و کرێی ئابووریش هەیە. کۆچبەرانی کەم لێهاتوو، بەرهەمهێنان و داهاتیان کەمترە، ئەمەش تێکڕای داهاتی هەموو دانیشتووانەکە دادەبەزێنێت.

لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە کۆچکردنە کاریگەریی ئەرێنیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بە پڕکردنەوەی کەمیی هێزی کار، کۆچبەران دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی تێچوونەکان و هەڵاوسان لە دابەزین بمێننەوە. هەروەها بوونی ئەوان وا لە کرێکارە ڕەسەنەکان دەکات

که کارێکی لێهاتووتر و مووچەی باشتر وەربگرن. لە درێژخایەندا کۆچکردن دەتوانێت ببێتە هۆی بازارێکی کاری هەمەچەشنتر و نەرم و نیانتر، ئەمەش سوودی بۆ ئابووری بە گشتی هەیە.

بۆ زۆرترین کاریگەرییە ئەرێنییەکانی کۆچبەری و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی سەر بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری، حکوومەتەکان پێویستیان بە وەبەرهێنان لە پەروەردە و یەکخستنی کۆچبەران هەیە. ئەمەش بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕاهێنانی زمان، دانانی بە بڕوانامە بیانییەکان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کۆچبەران بۆ پێشکەوتن بۆ ئەو کارانەی لێهاتوویی باڵایان دەوێ. بەم کارە کۆچبەران دەتوانن بەشداریی زیاتر لە ئابووریدا بکەن و لە درێژخایەندا لە بەرزکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری یارمەتیدەر بن.

## داینامیکی بازاڕی کار

کۆچبەری ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە دارشتنی داینامیکی بازاڕی کار و کاریگەری لەسەر هەردوو ئاستی مووچە و پێکهاتەی هێزی کار هەیە. زۆر جار کۆچبەران مەیلیان هەیە کار بە مووچەی کەمتر وەربگرن، ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر کرێی کرێکارانی لەدایکبووی وڵاتانی ڕەسەن هەبێت کە کارامەیی هاوشێوەیان هەیە. ئەمەش داینامیکییەک دروست دەکات کە کۆچبەرانی کەم لێهاتوو، کرێ و ئاستی داهاتی ئەو کرێکارە ڕەسەنانەی کارامەییی هاوشێوەیان هەیە دادەبەزێنن. لە هەمان کاتدا کۆچبەری بەشدارە لە دروستکردنی هێزێکی کاری هەمەچەشنتر و تایبەتمەندیی بەرزتر چالاک دەکات.

لەگەڵ وەرگرتنی کارێکی کەم مووچەی کۆچبەران، کرێکارانی ڕەسەنی وڵاتانی دایک ئازاد دەکرێن بۆ ئەوەی بەدوای پۆستی لێهاتووتر و مووچەی باشتردا بگەڕێن. ئەم دابەشکردنەوەی کارە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی گشتی لە ئابووریدا.. بە پڕکردنەوەی ئەم پۆستانە، کۆچبەران یارمەتیی بەردەوامبوون و تەنانەت فراوانکردنی ئەم کەرتانە دەدەن، کە لە بەرانبەردا دەتوانێت هەلی کار و گەشەی ئابووریی زیاتر دروست بکات.

سەرەڕای ئەم سوودانە، نیگەرانیی ئەوەش هەیە کە هێزی کاری هەرزان ڕەنگە کۆمپانیاکان لە وەبەرهێنان لە باشترکردنی بەرهەمهێنان بێهیوا بکات. توێژینەوەکان دەریان خستووە کە ئەو بازرگانییانەی لەو ئابوورییانەی کۆچبەری زۆریان هەیە، زیاتر هێزی کار و کەمتر ئامێر بەکاردەهێنن. بۆ نموونە لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا توێژینەوەکان دەریان خستووە کە کۆچبەری زۆر بۆ ئەمریکا بووەتە هۆی ئەوەی کارگەکان کەمتر ئامێر بەکاربهێنن و کاری دەستی زیاتر بەکاربهێنن. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی دیکەی وەک ئوسترالیا و کەنەداشدا بەدی کراوە، کە ڕێژەی سەرمایە بەرانبەر بە کار لە کەمبوونەوەدایە.

هێزێکی کاری هەمەچەشن، کە بەهۆی کۆچبەرییەوە دەکرێت، دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی پسپۆڕی و کارایی. بە دابینکردنی کۆمەڵێک کرێکار بۆ کارە کەم لێهاتووییەکان، ڕێگە بە کرێکارانی ناوماڵ و بازرگانییەکان دەدرێت کە سەرنجیان لەسەر ئەرکە تایبەتمەندتر و کارامەییە بەرزترەکان بێت. ئەمەش لە بەرانبەردا دەتوانێت ببێتە هۆی داهێنان و گەشەپێدانی تەکنەلۆژی لە پیشەسازییە جیاوازەکاندا.

بۆ زۆرترین سوودی کۆچبەری و کەمترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی، گرنگە حکوومەتەکان ستراتیژییەکان بۆ تێکەڵکردنی کۆچبەران لە بازاڕی کاردا جێبەجێ بکەن. ئەمەش ڕەنگە بەرنامەی ڕاهێنان لەخۆبگرێت

بۆ بەرزکردنـــەوەی بروانامـــەی کۆچبەران و باشـــترکردنی توانـــای زمانیـــان، هەروەها بۆ داننان و چەســـپاندنی بڕوانامـــە بیانییەکان. بـــە وەبەرهێنان لە پەروەردە و یەکخســـتنی کۆچبەران، بەشـــداریی ئابووریان دەتوانێت زیاد بکات، کە ئەمەش لە بەرانبەردا دەتوانێت ئاســـتی تێکرای مووچـــە و بەرهەمهێنان لە وڵاتەکەدا بەرز بکاتەوە.

لە کاتێکدا کە کۆچبەری ڕەنگە کاریگەریی دابەزینی هەبێت لەســـەر کرێی هەندێک لە کرێکارە ڕەسەنەکان کە کارامەیی هاوشێوەیان هەیـــە، بەڵام بەشـــدارە لـــە بازاڕێکی کاری دینامیکیتر و هەمەچەشـــنتر. بە پڕکردنەوەی پێداویســـتییەکانی کار لـــە کەرتـــە کـــەم لێهاتووییەکان و چالاککردنی پسپۆڕیی بەرزتر، کۆچبەری دەتوانێت ببێتـــە هۆی زیادبوونی گەشـــەی ئابووری و کارایـــی. حکوومەتەکان ڕۆڵێکی گرنـــگ دەگێڕن لە دڵنیابوون لەوەی کە ئەم داینامیکییانە بە شێوەیەک هاوسەنگ بـــن کە هەم گەشەســـەندنی ئابووری و هەم گشتگیریی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش ببەن.

## خزمەتگوزاریی گشـــتی و سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی

میلتـــۆن فریدمان ئامـــاژەی بـــەوە کردووە کـــە «ناتوانیت لە یەک کاتـــدا کۆچی ئازادت هەبێ و دەوڵەتی ئاســـایش و خۆشگوزەرانیی ژیانیـــت هەبێت». ئەم لێدوانـــە ڕەنگدانەوەی ئـــەو ئاڵنگارییانەیـــە کاتێـــک کۆچبـــەران خزمەتگوزارییە گشـــتییەکان و سیســـتەمی بیمـــەی کۆمەڵایەتـــی تووشـــی کێشـــە دەکـــەن. کۆچبەرانـــی خوێنـــدەواریی بەرز، بەشـــدارییەکی بەرچاو لە خەزێنەدا دەکەن، لـــە کاتێـــکدا کرێکارانـــی کـــەم خوێندەوار دەتوانـــن بارگرانییەکی دارایی بن، بە تایبەت لەگەڵ تەمەنیان و دەســـت دەکەن بە داوای خانەنشینیی دەوڵەت.

فریدمان تیشک دەخاتە سەر ئەو کردەوە هاوســـەنگییەی کە حکوومەتەکان دەبێت لە کاتی داڕشتنی سیاســـەتی کۆچبەریدا پێیدا بڕۆن. کۆچبەرانی خوێندەواری بەرز مەیلیان هەیە بـــە خێرایی خۆیان بخەنـــە ناو بازاڕی کارەوە، کارێکـــی مووچـــەی باش بەدەســـت دەهێنن و بەم شـــێوەیە زیاتـــر لەوەی کە لە شێوەی خزمەتگوزارییە گشـــتییەکاندا کۆی دەکەنەوە باج دەدەن. زۆرجار بەشداریکردنیان لـــە گەنجینـــەی نیشـــتمانیدا زۆرە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی بودجەی دەوڵەتی ئاسوودەژیانی و خزمەتگوزارییەکانی.

لە لایەکی ترەوە کۆچبەرانی کەم لێهاتوو دەتوانـــن ئاڵنگاریی ئابووری دروســـت بکەن. ئەوان زیاتر لـــە کارگەلێکی کـــەم مووچەدا کاردەکـــەن، ئەمـــەش واتە بەشـــداریکردنی باجیان کەمترە لە کاتێکدا ڕەنگە پێویستییان بـــە خزمەتگوزارییە گشـــتییەکان زیاتر بێت. بۆ نموونە لەوانەیە پێویســـتیان بە خانووبەرە و چاودێریـــی تەندروســـتی و پـــەروەردەی پاڵپشـــتیکراو بۆ منداڵەکانیـــان هەبێت. جگە لـــەوەش لەگەڵ زیادبوونـــی تەمەن و نەمانی توانای کارکردنیان، پێویســـتیان بە مووچەی خانەنشـــینی و هاوکارییەکانـــی دیکـــەی حکوومەت دەبێت، ئەمەش دەتوانێت بارگرانی لەسەر سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی زیاد بکات.

لایەنێکـــی گرنگ کە دەبێـــت لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە زۆرێک لە کۆچبەران وەک گەورەســـاڵ دێنە وڵاتانی وەرگر، ئەمەش بەو مانایەیە کە بەشدارییان لە تێچووی خوێندن و پەروەردەکردنی دەوڵەتدا نەکردووە. ئەمەش لە سەرەتادا دەتوانرێت وەک سوودێک سەیر بکرێت، چونکە ئەم کەسانە ڕاستەوخۆ دەچنە ناو هێزی کارەوە و دەست دەکەن بە پێدانی باج. بەڵام کاتێک دەگەنە تەمەنی خانەنشینی، وابەســـتەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبن بەبێ ئـــەوەی لە تەمەنی پێشـــوویاندا بەشدارییەکی ڕێژەییان کردبێت.



بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگاریانە، حکوومەتەکان پێویستە سیاسەتی کۆچبەری و یەکگرتن دابڕێژن کە زۆرترین سوود و کەمترین تێچوون بەدەست بهێنێت. ئەمەش ڕەنگە وەبەرهێنان لە پەروەردە و پەرەپێدانی کارامەیی بۆ کۆچبەرانی کەم لێهاتوو لەخۆبگرێت، بۆ ئەوەی بتوان ئاستی داهاتیان بەرزبکەنەوە و بەم شێوەیە بەشداریی باجەکانیان بەرزبکەنەوە. هەروەها ڕاهێنانی زمان و دانان بە بروانامە بیانییەکان دەتوانێت ئاسانکاری بۆ تێکەڵبوونیان لەگەڵ بازاڕی کاردا بکات و پشتبەستنیان بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە.

جگە لەوەش، حکوومەتەکان ڕەنگە بیر لە داڕشتنی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی بکەنەوە بە شێوەیەک کە بارودۆخی تایبەتی کۆچبەران لەبەرچاو بگرێت. ئەمەش دەتوانێت ئەو یاسایانە لەخۆبگرێت کە هاندەری دامەزراندن و خانەنشینیی درێژخایەنن لە وڵاتی خۆیان.

لە کاتێکدا کۆچبەری دەتوانێت ببێتە ئاڵنگارییەک بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەڵام دەرفەتەکانی گەشەی ئابووری و هەمەچەشنکردنی هێزی کاریش دەرەخسێنێت. بە داڕشتنی ستراتیژییەتی سیاسەتی ژیرانە و وەبەرهێنان لە یەکخستنی کۆچبەران، وڵاتان دەتوانن سوودمەند بن لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی کۆچبەری لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگەکانیدا دەکەن.

## ئاڵنگارییەکان و دەرفەتەکانی داهاتوو

بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی ئەرێنیی کۆچبەری هەبێت، حکوومەتەکان دەبێت وەبەرهێنان لە ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا بکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان. ئەگەر ئەم وەبەرهێنانانە نەکرێن، دەرئەنجامە نەرێنییەکانی کۆچبەری دەتوانێت ببێتە هۆی کاردانەوەی سیاسی و نائارامیی کۆمەڵایەتی. لەو وڵاتانەی ڕێکخستنی زیادەڕۆییی بەهێزیان هەیە، کەمیی خانووبەرە دەتوانێت بە تایبەتی ببێت بە کێشە.

بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستییانە بە شێوەیەکی کاریگەر، پێویستە حکوومەتەکان پێشوەختە پلان و وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریدا دابنێن. ئەمەش دروستکردنی خانووبەرەی نوێ و فراوانکردنی قوتابخانە و دامەزراوە تەندروستییەکان و باشترکردنی تۆڕی گواستنەوە دەگرێتەوە. بەبێ ئەم جۆرە وەبەرهێنانانە، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی مەترسیی بارگرانیی زۆر لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کە ناتوانێت پێداویستییەکانی دانیشتووان دابین بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی

زیادبوونــی بێزاریی کۆمەڵایەتــی و گرژییە سیاسییەکان.
ســەرەڕای ئەم ئاڵنگارییانــە، کۆچبەری دەرفەتــی بەرچاویــش دەڕەخســێنێت. کۆچبەران دەتوانن لــە ڕێگەی پڕکردنەوەی کەمیی هێزی کار و دەستپێکردنی بازرگانیی نــوێ و دەوڵەمەندکردنی ژیانــی کولتووری، بەشداری لە گەشەسەندنی ئابووریدا بکەن. بۆ ئەوەی حکوومەتەکان بە تەواوی ســوود لەم دەرفەتانــە وەربگرن، پێویســتە هەلومەرجی لەبــار بۆ کۆچبەران دروســت بکەن. ئەمەش بریتییــە لە ڕاهێنانی زمان، دانان بە بڕوانامە بیانییەکان و پشــتگیریکردن لــە کارگێری. یەکگرتنی ســەرکەوتوو دەتوانێت ببێتە هۆی ئابوورییەکــی دینامیکیتر و داهێنەرانەتر، کە هەم کۆچبەران و هەم هاووڵاتیانی ڕەســەن دەتوانن سوود لە دەرفەتی نوێ وەربگرن.
نموونەیەک لەوەی کــە وەبەرهێنانەکان دەتوانــن ئاڵنگارییەکان بکەنە دەرفەت، دوای قەیرانی پەنابــەران لە ئەڵمانیایە کە ســاڵی ٢٠١٥ وڵاتــی ئەڵمان بە پێشکەشــکردنی زمان و ڕاهێنانی پیشەیی، سەرکەوتوو بووە لە تێکەڵکردنــی زۆرێک لە کۆچبەران لە بازاڕی کاردا، ئەمەش کاریگەریی لەســەر گەشــەی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا هەبووە
بــۆ دوورکەوتنــەوە لــە دەرئەنجامــە نەرێنییەکانــی کۆچبــەری، وەک زیادبوونی فشار لەســەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی، حکوومەتەکان دەبێ ڕێبازێکی گشتگیر و چالاکانە بگرنەبەر. ئەمەش بــە واتــای گرنگیدان نــەک تەنها لەسەر ڕێوشــوێنی کورتخایەن بەڵکوو لەسەر وەبەرهێنــان و چاکســازیی درێژخایــەن. پلاندانان و وەبەرهێنانــی کاریگەر دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کاریگەرییــە ئەرێنییەکانی کۆچکــردن زۆرترین دەبن لــە هەمان کاتدا کەمترین دەرئەنجامە نەرێنییە ئەگەرییەکان دێنە ئاراوە.
ڕەهەندی ئابووریی کۆچبەری بە تایبەتی گرنگــە کە لەبەرچــاو بگیرێــت. کۆچبەران دەتوانن ســەرچاوەی گەشــەی ئابووری بن بــە ڕەخســاندنی هەلــی کار و زیادکردنی بەرهەمهێنان و بەشداریکردن لە داهاتی باج. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کۆچبەرانەی کارامەیی و خوێندنی پێویستیان نییە، لەوانەیە پێویستیان بــە پشــتیوانیی ســەرچاوە گشــتییەکان و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەبێت. ئەم هاوســەنگییە لە نێوان تێچوون و سوودەکاندا زۆر گرنگە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی کۆچبەری لەسەر ئابوورییەک.
جگە لــە لایەنی ئابــووری، ڕەچاوکردنی کۆمەڵایەتــی و کولتووریش هەیە. کۆچبەران لەوانەیە لە وڵاتی نوێــی خۆیاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاری ببنەوە، لەوانە هەڵاواردن، بەربەســتی زمــان و ســەختیی تێکەڵبوون بــە کۆمەڵگا. بۆ ئــەوەی زۆرترین ســوودی کۆچبەری و کەمترین زیانەکانی بێت، گرنگە حکوومەتەکان سیاســەت و بەرنامە جێبەجێ بکەن کە پشتگیری لە یەکگرتن و گشتگیری و هەمەچەشنی بکەن.

**ئەنجام**

کۆچکردن پرســێکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە کە هەم سوودی بەرچاو و هەم ئاڵنگاری بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، پێویستە حکوومەتــەکان بــە وردی پلان دابنێــن و وەبەرهێنان بکەن.
ســوودەکانی کۆچبەری زۆرن. لە ڕووی ئابوورییــەوە کۆچبەران بەشــداری لە هێزی کاردا دەکــەن، ئەمەش دەتوانێت کەمیی کار لە هەندێک کەرتدا کەم بکاتەوە و پاڵپشتیی گەشــەی ئابووری بکات. هەروەها کۆچبەران دەست بە کاروباری نوێ دەکەن، کە دەتوانێت هەلی کار دروست بکات و داهێنان بەرەوپێش ببــات. جگە لەوەش کۆچکــردن کۆمەڵگا لە ڕووی کولتوورییــەوە دەوڵەمەنــد دەکات، بە ناســاندنی ڕوانگە و نەریت و بیرۆکەی نوێ.

ئەم هۆکارانە پێکەوە دەتوانن کۆمەڵگایەک دینامیکتر و خۆڕاگرتر بکەن.

لە هەمان کاتدا وڵاتان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبنەوە کە لەگەڵ کۆچبەریدا دێن. یەکێک لە دیارترینیان فشارە لەسەر ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان. زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان پێویستی بە وەبەرهێنان هەیە لە بواری نیشتەجێبوون، چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و گواستنەوە. ئەگەر ئەم وەبەرهێنانانە لە کاتی خۆیدا نەکرێن، کۆمەڵگا مەترسیی ئەوە دەکات کە بەدەست سیستەمی بارگرانی زۆرەوە بناڵێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاریی کۆمەڵایەتی و گرژیی سیاسی.

کێشەیەکی دیکە بریتییە لە تێکەڵکردنی کۆچبەران لە بازاڕی کاردا. کۆچبەرانی کەم لێهاتوو مەیلیان هەیە کار بە مووچەی کەمتر وەربگرن، ئەمەش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کرێی کرێکارە ڕەسەنەکان هەبێت کە کارامەییی هاوشێوەیان هەیە. ئەمەش دەتوانێت کێبڕکێیەکی هەستپێکراو بۆ هەلی کار و سەرچاوەکان دروست بکات، کە دەتوانێت ببێتە هۆی نائارامیی کۆمەڵایەتی و بێگانەپەرستی.

تێبینییەکەی میلتۆن فریدمان کە دەڵێت «ناتوانیت لە یەک کاتدا کۆچبەری ئازاد و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ئاسوودەژیانیت هەبێت»، ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڵنگارییە ئابوورییانەیە کە کۆچبەری دەتوانێت بیانهێنێتە ئاراوە. کۆچبەرانی خوێندەوار بەرز بەشدارییەکی بەرچاو لە خەزێنەدا دەکەن، لە کاتێکدا کرێکارانی کەم خوێندەوار دەتوانن بارگرانییەکی دارایی بن، بە تایبەت لەگەڵ تەمەنیان و دەست دەکەن بە داوای خانەنشینیی دەوڵەت. ئەمەش پێویستی بە پلان و سیاسەتی ورد هەیە کە هاوسەنگی لە نێوان پێویستی کار لەگەڵ بەردەوامیی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا هەبێت.

هەروەها بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی کۆچبەری پێویستی بە هاوکاری لە چەندین ئاستی ناوخۆیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا هەیە. دەسەڵاتە ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پشتیوانی بۆ تازەهاتووان، لەکاتێکدا حکوومەتە نیشتمانییەکان دەبێت سیاسەت و یاسایەک دابڕێژن کە ئاسانکاری بۆ یەکگرتن و پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی بکات. هاوکاریی نێودەوڵەتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەڕێوەبردنی ڕەوتی کۆچکردن و هاوبەشکردنی ئەزموون و باشترین پراکتیزەکان.

لە کۆتاییدا، کۆچکردن دینامیکییەکی ئاڵۆزە بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە بۆ کۆمەڵگاکان زۆر سوودبەخشە. بە تێگەیشتن لەو ئاڵنگارییانە کە لەگەڵ کۆچبەریدا دێن، وڵاتان دەتوانن زەمینە بۆ گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەردەوام دروست بکەن. ئەمەش پێویستی بە پلاندانانی ورد و وەبەرهێنان لە ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سیاسەتی گشتگیر هەیە کە ئاسانکاری بۆ یەکگرتن و بەشداریکردن لە بازاڕی کاردا بکات. بە ڕێوشوێنی دروست، کۆچبەری دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی بەهێزتر و دینامیکتر و هەمەچەشنتر کە هەم کۆچبەران و هەم هاووڵاتیانی ڕەسەنی ئەم وڵاتانە، دەتوانن تێیدا گەشە بکەن.

*. ماستەری باڵای ئابووری نەتەوەیی

## سەرچاوەکان


وەزارەتی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN DESA). (٢٠١٩). ڕاپۆرتی کۆچی نێودەوڵەتی ٢٠١٩ نەتەوە یەکگرتووەکان.

*کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR). (٢٠٢٠). ڕەوتە جیهانییەکان: ئاوارەبوونی زۆرەملێ لە ساڵی ٢٠١٩. بڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هاتن، تی.ج.، و ویلیامسۆن، ج.جی. (٢٠٠٥). کۆچی جیهانی و ئابووری جیهانی

بانکی جیهانی. (٢٠١٩). کۆچ. گرووپی بانکی جیهانی.

# «ڕوانگە»

# ئاژیتاسیۆن– ئاژیتاتۆر

**برایم فەڕشی**

”

لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، سۆسیال مێدیا کراوەتە مەیدانێکی جیهانی بۆ ئاژیتاسیۆن و چالاکیی ئاژیتاتۆرەکان، لە سەرۆکی دەوڵەت و سیاسەتپیشەکانەوە بگرە هەتا هونەرمەند و کەسانی دیکە دەتوانن خەڵک بۆ هەر مەبەستێک هان بدەن؛ هەر لە کاری تیرۆریستی و خرابکارییەوە، هەتا هاندان بۆ شەڕ و دژ بە شەڕ و هاندان بە دژی خەڵکان و میللەت و وڵاتان و ئایین و بیرجیاواز و مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شەخسی. لە ناو ئاژیتاتۆرەکاندا ناوی بەناوبانگ دەبینرێ. ئەوانەش کە لەم ڕێگایەوە ناو و دەنگیان پەیدا کردووە، شەو و ڕۆژ زیاتر لە چوار ملیارد خەڵک بە شێوەی جۆرواجۆر لە دەوریان کۆدەبنەوە و بە بلیۆن کات دەبەخشرێتە ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر.

“

ئاگیتاتۆر  یا ئاژیتاتۆر بەو کەسە دەگوترێ کە لە ڕێگای پرۆپاگەندە و ئاژیتاسیۆن، کەسان بەرەو لایەنگری و پەیوەستبوون بە ڕەوتێکی سیاسی، ئیدئۆلۆگی یا دینی دەکێشێ بۆ بەشداری لە ئاکسیۆن و ئەنجامی کاری جێی مەبەستی ئاژیتاتۆر.

فەرهەنگ، ئەدەبیات، دین، عادەت، دابونەریت، زمان، مۆسیقا و لایەنی تر بە باشی ئیمکان بە ئاژیتاتۆر دەبەخشن بۆ ئەوەی بتوانێ سەرنجی مرۆڤ لە هەموو توێژێکی ناو کۆمەڵگا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. حیزب و چالاکانی سیاسی و مێدیا و کەسانی دەرەوەی حیزب ئاگابەخۆ و نائاگابەخۆ لەم بازنەیەدا بە هەردوو باردا خۆیان دەبیننەوە، هەم وەک ئاژیتاتۆر، هەم وەک قوربانیی ئاژیتاتۆر.

ئاژیتاسیۆن پرۆسە و چەشنێک مامەڵەکردن لە گەڵ مرۆڤ بۆ خستنە ناو بازنەی ئیدئۆلۆژی، سیاسەت و تێگەیشتنی مەبەستدار. ئاژیتاسیۆن باوەرپێهێنانی بەرانبەرە بەو باوەڕەی ئاژیتاتۆر مەبەستیەتی.

ئاژیتاتۆر پەیام و مەبەستی خۆی هەیە. خۆی لەگەڵ هەست و باوەڕ و فەرهەنگ و زمانی خەڵک ڕێک دەخات و لەو ڕێگایەوە بە هاسانی جێگای خۆی لە ناو خەڵکدا دەکاتەوە و لەگەڵ هەر کۆمەڵە کەسێک وەک خۆیان دەجووڵێتەوە. ئەگەر بۆ کەسی ئاسایی، خوێندکاری زانستگا، ژن، پیاو، لاو، چالاکوانی سیاسی و بۆ هەمووان قسە بکات، بابەت و شێوەی دارشتنی قسە و چۆنیەتیی قسەکردن و بەکارهێنانی زمان و فرە شتی تر لەبەرچاو دەگرێ، بە چەشنێک هەر کەس خۆی لە قسە و بۆچوون و هەستی ئەودا ببینێتەوە.

ئاژیتاتۆر لە هەر شت و هەموو شت بۆ گەیشتن بە مەبەست کەڵک وەردەگرێ و لێهاتوویی خۆی بەکار دەهێنێ. ئەو بیر لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی لەش و جۆری جلوبەرگ و فرە شتی تر دەکاتەوە. جا چ ڕاستەوخۆ لە ناو خەڵک بێ یان لە ڕێگای مێدیا و سۆسیال مێدیا لە گەڵ خەڵک ڕووبەڕوو بێت!

ئاژیتاتۆر فێڵ و تەڵەکەی هەمەجۆر بۆ هەڵخەڵەتاندن بەکار دەهێنێ. بەشێک لە ڕاستی باس دەکات بۆ ئەوەی بەشی ناڕاستی قسەکانی بە خەڵک بباوەڕێنێ. ئەو مەسەلەی جێگای مەبەستی خۆی گەورە دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەستی کەسی بەرانبەر و گوێگر بکوڵێنێ، بۆ ئەوەی ڕاست و درۆی خۆی لە ناو خەڵکدا جێ بخات. ئەو ئەم خاڵانە لە بەر چاو دەگرێ:

- ترساندن، تووڕە کردن، بەقینداخستن، لەبەرچاوخستنی ئەم و ئەو، هیواسازکردن، بەڵین پێدان و گەلێک لایەنی تر لە قسە وباسدا بەکار دەهێنێ بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕ بە قسەی ئاژیتاتۆر بهێنێ. ئەم کەسانە دەتوانن بابەت و تێمی دژوار بۆ خەڵک هاسان و ساکار کەنەوە تا ئەو جێگایەی خەڵک باوەڕیان پێ بکەن.
- گێڕانەوەی ئاژیتاتۆر بۆ وێنە لە مێژوو و ڕووداوەکان پڕ لە چەواشەکاری دەکرێ. ڕووداوی ڕۆژانەی دەوروبەر، گێڕانەوەی مێژوو، باس لە مەسەلەگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ناساندنی کەسان و کەسایەتییەکان دڵبخواز بۆ مەبەستی ئاژیتاتۆر بەکار دەهێنرێن.
- ئاژیتاتۆر بە باشی دەتوانێ سیمای کەسان بگۆڕێ، دەتوانێ جێگای ڕاست و ناڕاست بگۆڕێ، دەتوانێ کەسایەتی بە کەسێک ببخشێ و کەسایەتیی تر دابرزێنێ. دەتوانێ کەسایەتیی کەسان قەڵب بکات و کەسایەتی بە کەسانی قەڵب ببەخشێ. دەتوانێ باوەڕ بە گوێگر و بینەر بهێنێ کە ئەوەی ئەو دەیڵێ ڕاست و ئەوی تر ناڕاستە.

ئاژیتاسیۆن بە گشتی پرۆسەی هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردنی تێگەیشتنی خەڵکە بۆ ئەوەی خەڵک بۆ لایەک یان دژی لایەنێک هان بدرێ، بۆ ئەوەی بە لایەنگری یان دژی لایەنێک خەڵک هان بدرێ. ئەمەش



فۆرم و شێوەی جێبەجێکردنی هەمە چەشنە و هەمەجۆری هەیە و لە هەر شوێن و لە هەر ڕێگایەکی مێدیایی و نامێدیایی دەکرێ جێبەجێ بکرێ و هەر کەرەسەیەک بۆ جێخستن و جێبەجێکردنی بەکاربهێنرێ؛ لەوانە:

● ئاژیتاسیۆن بۆ مەبەستی دیار و ڕوون، بۆ لایەنگری لە ڕەوت و لایەنێکی سیاسی و جووڵانەوەیەک و کەس و کەسان یان بە دژی ڕەوت و لایەن و کەس و کەسان بەکار هێنراوە.

● دەرکەوتنی ئاژیتاتۆر بۆ مەبەست و کاری دیار و نادیار لە ناو خەڵک بووە. ئاژاوە و بشێویی ناو کۆمەڵگا بەرهەمی ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆرەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی دامودەزگا و کەرەسەکانەوە بووە.

● بە پێچەوانەی ڕۆشنگەری کە پشتئەستوور بە بەڵگە و لەسەر بنەمای مەنتق و ڕاستگۆییە، لە کاری ئاژیتاسیۆن پشت بە بەکارهێنانی هەستی ئینسان دەبەسترێ. هەستبزواندن و کولاندنی کاتی و لە پرێکای هەستی کەسان بۆ ئەنجامی کارێک یان سازکردنی تێگەیشتنی خێرا و کاتی، دەبێتە ئامانجی ئاژیتاسیۆن.

● ئاژیتاسیۆن دەکرێ کۆمەڵگا بەرەو دردۆنگی و ئاژاوە و کێبەرکێ و ناکۆکی بەرێ و شەڕ و کێشەی نێوان لایەنەکانی لێ بکەوێتەوە و ببێتە ڕیسک بۆ کەسی ئاژیتاتۆر لە کاتی وروژاندنی خەڵک.

● لە لایەنی مێژووییەوە دوو شۆڕشی فەرانسە و ڕووسیا بە ڕاکێشانی خەڵک لە ڕێگای ئاژیتاسیۆنەوە، بەرەو توندوتیژیی گشتی بە دژی ڕێژیمەکان کێشران.

● ئاژیتاسیۆن گرێدراوی پرۆپاگەندەیە کە ڕێژیمەکانی دیکتاتۆر و دەسەڵاتدار لەم ڕێگایەوە خەڵک چەواشە دەکەن و دەیانخەنە ژێر ڕکێفی بیر و سیاسەتی خۆیان.

بە کورتی ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر دەوری دوو لایەن دەگێرن، چ بە دژی ڕێژیم و بۆ ڕووخانیان، چ بۆ ڕاگرتن و پاراستنیان.

مێژووی ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر کەسانی

وەک ولادمیر ئیلیچ لینن، ڕۆبسپیر و گوبلزی بەخۆیەوە بینیوە. لینین بە نووسراوە، بە قسەکردن و لە ڕێگای بلاڤۆک و شێوەی تر، چینی کاریگەری بە دژی ڕێژیمی تزار و ڕووخانی ڕێژیم هان دا و لەو کارەشدا سەرکەوتوو بوو. ئەو لە ڕێگای حیزبێکی خاوەن دە هەزار ئەندامەوە توانی بە ملیۆن کرێکار و جوتیار و خەڵکی تر دژی تزار هان بدات و ڕێکیان بخات کە سەرکەوتنی بلشویک و ڕووخانی ڕێژیمی تزاری لێ کەوتەوە.

ڕۆبسپیر لە ساڵی ١٧٨٩ یەکێک لە ڕابەرانی شۆڕشی فەرانسە بوو، ئەو جەماوەری خەڵکی بە دژی سیستەمی پاشایەتی هێنایە سەر شەقام، ئەو بۆ پاریزگاری لە شۆڕش، دەوری ڕابەری لە کاتی ڕووداوە ترسناکەکانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا گێڕا، کە شۆڕشی فەرانسەی لێ کەوتەوە و بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، فەلسەفی و ئابووری.

ژۆزف گۆبلز وەک وەزیری پڕۆپاگەندەی فاشیسم، بەناوبانگترین ئاژیتاتۆری سەدەی بیست، یەکەم کەس بوو کە ڕادیۆ، سینەما، تەلەڤیزیۆن و سەرجەم مێدیای دەنگ و ڕەنگ و چاپی و هونەریی بۆ ئاژیتاسیۆن و پڕۆپاگەندە، بۆ جێخستنی بیری فاشیستی و هاندانی خەڵک بۆ جێبەجێکردنی ئەمر و فەرمانی ڕێژیمی فاشیستی و لەناوبردنی دژبەرانی سیاسیی کۆمۆنیست و سۆسیال دێموکرات و خەڵکی جوو و ڕۆما و سینتی بەکار هێنا. گۆبلز و وەزارەتخانەکەی لە بەکارهێنانی هەستی خەڵک بۆ ئامانج و مەبەستی خۆیان سەرکەوتوو بوون.

لە سەردەمی ئێمەدا، دۆنالد ترامپ هێزی فکری و قسەکردن و فیگوری خۆی زۆر بە باشی بۆ ئاژیتاسیۆن لە کاتی هەڵبژاردن و سەرکۆماریدا خستە گەڕ. ئەو زمانی تایبەت و جارناجار دەمهەراشانەی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئاژیتاسیۆن دەسووڕاند و زمانی لەش و میمیکی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و سەرجەم مێدیا و سۆسیال مێدیای بە دژی بەرانبەرەکانی بەکار هێنا و لە هێرشبردنی جەستەییش بۆ سەر بەرانبەرەکەی سڵی نەکردەوە و سەرجەم ئەم ئاکارانەی ئەو وەک ئاژیتاتۆر لە لای خەڵک سەرکەوتوو بوون.

گرێتە تونبێرگ، کەنیشکی سوئێدی کە هۆی نەخۆشییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی ئاو و هەوا و بووە هۆی جووڵانەوەی جیهانیی لاوان و منداڵان بۆ پێشگرتن لە خرابوونی ئاو وهەوا، بە قسە و نووسراوە و دەرکەوتن لە بەرانبەر خەڵک و مێدیا و سۆسیال مێدیادا، هەستیارانە جووڵاوە و خەڵک هەستیارانە هۆگرییان بەو ڕەوتە پەیدا کرد و توانیان فشاری سیاسی پێک بهێنن. ئەو لە ڕێگای ئاژیتاسیۆنەوە بابەتی ژینگە و پاریزگاری لە ژینگەی بردە ناو خەڵکەوە. لە هەمان کاتدا ئاژیتاسیۆن، بەستنی ڕێگا وبان و ئۆتۆبان و باڵەفڕخانە و ئالۆزی و بشێویی لێرەو و لەوێ لێ کەوتەوە!

لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، سۆسیال مێدیا کراوەترە مەیدانێکی جیهانی بۆ ئاژیتاسیۆن و چالاکیی ئاژیتاتۆرەکان، لە سەرۆکی دەوڵەت و سیاسەتپیشەکانەوە بگرە هەتا هونەرمەند و کەسانی دیکە دەتوانن خەڵک بۆ هەر مەبەستێک هان بدەن؛ هەر لە کاری تیرۆریستی و خرابکارییەوە، هەتا هاندان بۆ شەڕ و دژ بە شەڕ و هاندان بە دژی خەڵکان و میللەت و وڵاتان و ئایین و بیرجیاواز و مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شەخسی.

لە ناو ئاژیتاتۆرەکاندا ناوی بەناوبانگ دەبینرێ. ئەوانەش کە لەم ڕێگایەوە ناو و دەنگیان پەیدا کردووە، شەو و ڕۆژ زیاتر لە چوار ملیارد خەڵک بە شێوەی جۆرواجۆر لە دەوریان کۆدەبنەوە و بە بلیۆن کات دەبەخشرێتە ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر.

کۆمەڵگای جیهان بەم شێویە کەوتووەتە

ژێر زەختێکی هەمەلایەن لە جیهانێکی نوێی پڕ لە ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر کە هەرکام و هەر لایەن بۆ ئامانجی خاس و خراوی خۆی حەول دەدا. لە جیهانێکی کولێنراو لە هەست و ئیحساسات و ئاژیتاسیۆن و پرۆپاگەندە کە گرێدراو لەتەک چەواشەکاری و هەڵخەڵتاندنە، بیرکردنەوە دژوار دەبێت و مرۆڤی ئاگابەخۆ و پابەند بە پرێنسیپەکانی ئینسانی، بوونیان ئەستەم دەبێ.

## ناسینی ئاژیتاتۆر

ناسینی کەسی ئاژیتاتۆر هاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەم کەسانە دەزانن چۆن بجووڵێنەوە، چۆن هەڵسوکەوت بکەن و چۆن قسە بکەن و چۆن تێگەیشتنیان بەم بار و ئەو باردا بسوورێنن و خۆیان لەگەڵ بارودۆخ بگونجێنن و بیسەر و گوێگر لەگەڵ خۆیان بخەن. سەرەڕای ئەوە، ناسینەوەی ئەم کەسانە دەتوانی سەر بگری.

## تەشەنەدان بە جیاوازییەکان

ئاژیتاتۆر بەردەوام زمانی جیاکەرەوانە و زبر و هەستخرێن و هەستبزوێن، ترس سازکردن، ڕەق وبێزاری هێنان و هەناسەسوارکردن بەکار دەهێنن. ئەم کەسانە بەردەوام قامک بۆ جیاوازییەکان ڕادەکێشن لە جیاتی سەرنجدانە سەر هاوچەشنی و وێکچوویی. ئەم کەسانە لەم بازنەیەدا لایەنی جێی باوەڕی خۆیان مەدح دەکەن و خەڵک هان دەدەن بۆ پشتگیریی لایەنی جێگای سەرنجی خۆیان.

## چەواشەکاریی زانیاری

ئەم کەسانە بە قەسد و دوور لە قەسد هەم زانیاریی هەڵە بەکار دەهێنن، هەم چەواشەکاریی زانیاری دەکەن و زانیاریی هەڵە و دوور لە ڕاستی بڵاو دەکەنەوە و هەم حەولی گەورەکردنەوە یان بچووک کردنەوەی ڕووداو و بەسەرهات بە پێی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج دەدەن. ئەم کەسانە بە دەگمەن فاکت بەکار دەهێنن یان فاکت دەکەنە وەسیلە کە بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە بەکارهێنانی زانیاریی زانستی و فەلسەفی بە گوێرەی مەیل و تێگەیشتنی خۆیان دەکەن و زۆر جار ڕواڵەتی زانستی و هونەریی پسپۆڕ و شارەزایانە لە خۆ نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی بە مەبەست بگەن.

## بانگەواز بۆ توندوتیژی

ئاژیتاتۆر حەول دەدەن خەڵک بەرەو توندوتیژی بکێشن، زۆرجار دوور لە بیرکردنەوە بە پێی هەڵچوونی کاتی و لە پڕێکا، نائارامی و بشێوی ساز دەکرێ و کۆمەڵگا تووشی ئاڵۆزی دەکرێ

## وروووژاندن

ئاژیتاتۆر گەلێک بابەتی هەستیار هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی هەستیارانە خەڵک بورووژێنن بۆ ئەوەی گرووپ و دەستەیەک لە خەڵک بەرەو کاری دڵخواز ڕابکێشن یان دووبەرەکی لە نیوان گرووپ و گرووپەکان پێک بهێنن.

## دوژمن داتاشین

ئاژیتاتۆر زۆر جار ڕوون و ئاشکرا دوژمن لە کەسان و لایەنەکان دادەتاشێ و وینەی دوژمنانە لە کەسی جێگای مەبەست دەکێشێ یان کەسەکە لە بەر چاوی خەڵک ڕەش دەکات. ئەم چەشنە ڕەشکردن و دوژمن تاشینە گرووپ و حزب و دەستە و تاقمیش دەگرێتەوە.

## قوربانی سازکردن لە خۆ

شێوەیەکی تر لە کاری ئاژیتاتۆر، خۆ بە قوربانی نیشاندان و ناحەقی دەرحەق پێکراو لە لایەن دەستە و گرووپ و حزب و سیستەم و کەس و کەسانە. ئەم ڕێگایە بۆ ئەوەیە لایەنگریی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و جێگا و پێگەی خۆی لێرە و لەوێ مسۆگەر بکات و بە پۆست و شوێنی گونجاو و جێگای

ئامانج بگات.

## ڕەخنەی نابەجێ و نەگونجاو

ئەم کەسانە ڕوو دەکەنە ڕەخنەی نابەجێ و نەگونجاو و ڕەخنەی نە کارساز و دوور لە چارەسەری. ڕەخنەی دوور لە ڕاستی و ڕیئاڵ

## خۆنواندنی کاریزمائاسا

ئاژیتاتۆری لێهاتوو، چەشنێک کەسایەتیی کاریزما لە خۆی نیشان دەدات بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر بخاتە ژێر کەسایەتیی خۆی و تێیاندا متمانە بەرانبەر بە خۆی پێک بهێنێ!

فۆرم و کاری چالاکانی بواری جیاواز، لێرە و لەوێ ویچوویی لەگەڵ شێوە و فۆرم و مێتۆدی ئاژیتاتۆر پەیدا دەکات، کە ئەوە بە مانای ئاژیتاتۆربوونی کەسەکە و کاری پرۆپاگەندە و ئاژیتاتۆری نییە.

لێرە دەکرا باس لە ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وەک ڕەزاشا، ئاتاتورک، خومەینی، سەدام، ئەردۆغان و دەیانی تر و دامودەزگاکانیان بکرێ. دەکرا چاو بە کۆمەڵگای کوردستان، میدیا و دامودەزگا، حکوومەت و حیزب و سوسیال میدیای کوردا بخشێنرێ بۆ ئەوەی هەر دوو لایەنی ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر بناسێنرێ، کە دەوری جیددی لە هەموو بەستێنێکی ژیانی مرۆڤی کورد لە هەر چوار پارچە و دەرەوەی کوردستاندا دەگێڕن. بەڵام خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەبێ بەرچاوی خوێنەر بۆ ناسینی ئاژیتاسیۆن و ئاژیتاتۆر لە کوردستان ڕوون کاتەوە!

ئەوانەی ئاژیتاتۆر نیین وکاری ئاژیتاسیۆن ناکەن، ئەو کەسانەن کە خەڵک ناهرووژێنن، توندوتیژی ناپرژێنن، هێمنی و سازکردنی کەشوهەوای ئاشتییانە و زانیاریبەخش و ڕۆشنگەرانە دەخوڵقێنن و ڕوو لە مێشک و تێگەیشتنی مرۆڤ دەکەن و ئاڵۆزی و گرفتەکان چارەسەر دەکەن و مەبەست و ئامانجیان تێگەیشتن و تێگەیاندن و پشتبەستن بە بیرکردنەوە و دیالۆگ وگفتوگۆ و دانوستاندنە.

کەسی بەرپرسیار کە بیر لە بەرژەوەندی و ئازادبیرکردنەوە و چارەنووسی خەڵک بکاتەوە، قسە و ئاکار و ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ خەڵک و کۆمەڵگا و مەسەلەکان چارەسازانە و چارەسەرکردن دەبێ. ئەم کەسانە پێویستیان بە هەڵچزاندن و ورووژاندن و کوڵاندنی هەستی خەڵک نییە. بۆ ئەوەش ڕوو لە مێتۆدی پرۆپاگەندە، ئاژیتاسیۆن، ئاژیتاتۆر ناکەن و دوورەپەرێز دەبن لە کوڵاندنی هەستی خەڵک بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی، ئیدئۆلۆژیک، دینی، حزبی، حکوومەتی و شەخسی.

## تێبینی

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر دەکرێ ئەم کتێبانە بەکاربهێنرێن:

Propaganda, The Formation of Men›s Attitudes: Jacques Ellul

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بە پرۆپاگەندە و ئاژیتاسیۆن و بەکارهێنی وەک کەرەسە بۆ ڕاکێشانی جەماوە

Rules for Radicals: Saul Alinsky

باسێک لە سەر کۆمەڵگا، ڕێکخراو، ئاژیتاسیۆن لە بواری کاری و پراکتیکی بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ مەبەستی سیاسی.

Die Kunst der Agitation: Alexander Herzen

کتێبێک لە بواری مێژووی پرۆپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لە سەدەی نۆزدە. شۆڕشگێڕ و ئاژیتاتۆری بەناوبانگی ڕووس

Der Agitator: Politische Agitation im Kaiserreich: Ute Planern

ئەم کتێبە چاوخشاندنە بەسەر دەوری ئاژیتاتۆرەکان لە سەردەمی قەیسەری ئاڵمان کە چۆن کاریگەریی سیاسی و فەرهەنگیی لەسەر خەڵکی ئاڵمان و دەرەوە هەبوو. قەیسەری ئاڵمان پاش ئیتالییەکان توانی لە ڕێگای پرۆپاگەندە و ئاژیتاسیۆن خەڵکی موسڵمان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەو سەردانی سەر گۆڕی سەلاحەدینی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد و خەڵکی موسڵمان باوەڕیان هێنابوو کە قەیسەری ئاڵمان بووەتە موسوڵمان. هەر قەیسەری ئاڵمان توانی سوڵتانی عوسمانی ڕازی بکات بۆ ئەوەی جیهادی ئیسلامی دژی بریتانیا و ڕووس دەربکات.

Agitprop, The Life of an Agitator: Mark Beissinger

ئەم کتێبە مێتۆدەکانی ئاژیتاسیۆن و بەکارهێنانی دەخاتە ڕوو کە لە جووڵانەوە و شۆڕشەکاندا بەکارهێنراون.

# ” وتووێژ “

# گفتگو با
# مهرداد وهابی

نشریه‌ی تیشک

مهرداد وهابی پژوهشگرچپ، نویسنده، وپرفسور اقتصاد در دانشگاه سوربن شمالی است و همچنین مدیریت مرکز تحقیقات اقتصادی شمال پاریس (Centre d’Economie Paris Nord-CEPN) وابسته به مرکز تحقیقات ملی فرانسه (CNRS) را بعهده دارد.
از او کتابهای متعددی به فارسی، انگلیسی و فرانسه و نیز بیش از صدمقاله در مجالات معتبر علمی در حوزه اقتصاد سیاسی به چاپ رسیده است.
او همچنین عضو هییت تحریریه چندین مجله علمی معتبرمنجمله مجله اقتصادی و سیاسی پابلیک چویس (Public Choice) در امریکا میباشد ومصاحبه‌های متعدد او را دربرنامه «شاهد تاریخ فصل دوم»، تلویزیون بی بی سی بخش فارسی برنامه‌های «به عبارت دیگر»، «پرگار»، «صفحه ۲»، رادیو زمانه، دویچه وله، رادیو فرانسه بخش ایرانی، رادیو پیام کانادا، رادیو برابری و بسیاری دیگر میتوان دنبال کرد.
از آثار مهم او به انگلیسی میتوان از «اقتصاد سیاسی قدرت انهدامی» (۲۰۰۴، انتشارات ادوار الگار)، « اقتصاد سیاسی غارت»(۲۰۱۵، انتشارات کمبریج) و «هماهنگی ویرانگر، انفال و سرمایه‌داری سیاسی اسلامی: خوانشی جدید از ایران معاصر»(۲۰۲۳، انتشارات پالگریو مکمیلان نام برد). وی همچنین در دسامبر ۲۰۲۲ زمانی به فارسی انتشار داده است با عنوان «عشق و در باغ سبز» که انتشارات باران در استکهلم آن را به چاپ رساند.

***شما به استناد ماده ۴۵ قانون اساسی و همچنین رفتار اقتصادی رژیم در ۴۰ سال گذشته از تئوری « انفال» یا اقتصاد اسلامی برای بررسی ساختار اقتصادی جمهوری اسلامی استفاده میکنید، برای ورود به بحث میتوانید این تئوری را توضیح بدهید؟***



انفال در فقه شیعه یکی از ارکان اصلی مالیه عمومی در کنار خمس، زکات، خراج، مساقات، صدقه و جزیه محسوب میشود. واژه انفال از ریشه نفل به معنای غنیمت، بخشش، زیاده بر اصل اخذ شده است. انفال جمع نفل است و به معنای مستحبات نیز به کار گرفته شده است هنگامی که به عبادت و نیایش منتسب گردد نظیر نماز نوافل که علاوه بر واجبات می‌باشد و از مستحبات است. در قرآن، از انفال در سوره ۸ با عنوان الانفال و نیز سوره ۵۹ الحشر (تبعید) یاد شده است.
در مورد سوابق فقهي و اختلافات فقه شيعه و سنی و نیز جزئیات گنجاندن انفال در قانون اساسی جمهوری اسلامی به تفصیل در فصل پنجم کتابم شیوه هماهنگی ویرانگر، انفال و سرمایه داری سیاسی اسلامی: خوانشی جدید از ایران معاصر (انتشارات پالگریو مکمیلان / اسپرنیگر، ۲۰۲۳) سخن گفته‌ام که به فارسی برگردانده شده و توسط انتشارات ایران آکادمیا با عنوان «انفال و اقتصادیات اسلامی» به چاپ رسیده است.
اختصاراً یادآور میشوم که در فقه شیعه، انفال «ما بازا»ی اقتصادی اصل ولایت فقیه است که ناظر بر حق انحصاری ولی فقیه بر حاکمیت و نیز مالکیت همه دارایی‌های عمومی فاقد مالک (res nullius) میباشد.
لازم به ذکر است که دارائیهای موسوم به انفال به عموم مسلمین تعلق ندارد و به این اعتبار جزء اموال دولت اسلامی نیست، بلکه ملک انحصاری امام است و بدین اعتبار اصل انفال در تنظیم مالیه عمومی به ایجاد یک نظام موازی در اداره اموال عمومی منجر می‌شود. انفال نه از آن «بیت المال» یا دارائی عموم مسلمین بلکه «بیت الامام» است و امام حق دارد هر طور که صلاح دید آن اموال را به مصرف برساند.
البته این اموال اگر چه به شخص امام تعلق دارند، اما تصاحب امام نهادی است، یعنی به

مثابه ماترک امام به وراث  وی منتقل نمی‌شود، بلکه به ولی فقیــه جانشین وی انتقال می‌یابد. عواملی کــه در محدوده انفال قــرارمی گیرند در اصل ۴۵ قانون اســاسی به طور مبهم آمده است، زیرا در این اصل انفال از دیگر دارائیهای عمومی تفکیک نشده، بلکه بصورت مجموعه‌ای از درآمدهای عمومی قید شــده است تا سهم دارایی امام از دارائیهای عمومی تفکیک نشود. جالــب این که در ترجمه اصل ۴۵ به انگلیسی، فرانســه و دیگر زبانها، واژه انفال حذف شــده است تا حساسیت جهانیان بدان جلب نشود.
علت این امر آن بوده اســت که دارایی امام بی ســروصدا و به اصطلاح با چراغ خاموش حمل شــود، اما ردپای انفال از همان فردای انقلاب با مصادره اموال بنیاد پهلوی و ســپردن آن به بنیاد مســتضعفان و جانبازان زیر نگین شخص خمینی هویدا گردید. این اموال «مصادره» شد، اما «دولتی» نشــد، زیرا نه به عموم مســلمین بلکه به شــخص امام تعلق داشــت و حتی به دستگاه سنتی روحانیت شیعه نیز وابسته نبود
دربــاره دائره امــوال عمومی که شــامل انفال میشــوند، بین علمای شیعه وحدت نظر وجود ندارد. فی المثل آیا معادن جزء انفال می‌باشد؟ در پاسخ به این پرسش سه دیدگاه وجود دارد. معادن اعم از معادن آشــکار (نظیر معدن نمک که اســتخراجش مستلزم دانش تخصصی و کار ماهر نیســت) و پنهان که بهــره برداری از آن نیازمند کار تخصصی و بکارگیری تکنولوژیست همچون نفت از زمره انفال هستند. پاره‌ای دیگر از فقها کل معادن را از محدوده انفال مستثنی می‌کننــد و برخی از فقها معــادن پنهان نظیر نفــت را از جمله انفال و معادن آشــکار را غیر انفال می‌پندارند. در جمهــوری اسلامی، نفت جــزء انفال اســت و اداره آن از محدوده دولت خارج شــده و از جانب ولی فقیــه به نهادهای وابســته بدان و یــا متعلق بــه آن نظیر بنیاد مستضعفان، ســتاد اجرائی فرمان امام، قرارگاه اقتصادی سپاه پاســداران یعنی خاتم الانبیاء، آستان قدس رضوی و برخی نهادهای کوچکتر نظیر کمیته امداد امام سپرده شده است.
انفال همچنین شــامل اموال منقول (صفایا) و غیر منقــول (قطایای) سلاطین جا بر و غاصب اســت که به مصادره حکومت اسلامی درآمده اســت و نیز غنائــمی که  مســلمانان از کفار به دســت آورده باشــند، بــدون آن که برای تصاحبشــان به خونریزی متوســل شده باشند (که بدان فیء گفته می‌شود)، یا اموال مصادره شــده در جنگی که بدون اذن امــام راه افتاده باشــد. بــعلاوه زمین‌های موات یا رها شــده، رودخانه‌ها، جنگل‌ها، نیزارها، دریاها، مرداب‌ها، دریاچه‌ها، سواحل دریا، معادن ظاهری و باطنی و سینــه و یال کوه‌ها (نظیر خاک دماوند که به فروش می‌رســد) از زمره انفال می‌باشند و نیز میــراثی که در دنیا وارثی ندارد. این آخری نیز از مواردی اســت که بین علمــای شیعه درباره تصرفش به عنوان انفال اختلاف نظر وجود دارد.
باید یادآوری کنم که یــکی از دلایل مخالفت خمینی با اصلاحات ارضی و انقلاب ســفید در خــرداد ۱۳۴۲ ملی کردن جنگلها بود که بزعم خمیــنی از زمره انفال اســت و متعلق به ولی فقیه. البته وقتی از مالکیت انفال سخن میگویم، لزوما به معنای اداره بی واسطه آن توسط بیت امام نیست، چون برای نمونه با توجه به وسعت اراضی جنگلها، اداره آن نیازمند دستگاه عریض و طویل دولتی است و بیت امام قادر به تصدی روزمره آن نیســت. اما از آنجا که این دستگاه دولــتی نیز جزئی از چرخــه حکومت اسلامی به حســاب می‌آید، امــام می‌تواند اداره روزمره جنگلها را به وزارت جهاد کشاوزی و جنگلداری بســپارد، در حالیکه مالکیــت آن مختص امام می‌باشــد و هر آئینه وی لازم بداند هر بخش از دارایی طبیعی و اراضی جنگلیٍ را در اختیار هر نهادی که خود صلاح بداند، مثلا سپاه پاسداران برای تأسیس نیروگاه‌ها یا آزمایشهای هسته‌ای قرار میدهد ولو آن که در تخالف آشکار با ادامه حیات انــواع جانوران و گیاهان و انهدام محیط

زیست باشد. در چنین مواردی وزارتخانه‌های دولتی تابع تصمیم امامند. بدین سان غارت اموال عمومی توسط شخص امام در قانون اساسی جمهوری اسلامی نهادینه شده است و کل دستگاه‌های اقتصادی کشور منجمله بودجه عمومی و خزانه عمومی به دو قسمت تقسیم شده است: یک دستگاه رسمی دولتی و یک دستگاه پنهان ولایی.

آن چه بیت‌المال و خزانه عمومی محسوب می‌شود، چیزی بیش از یک سوم درآمدها و مخارج عمومی را منعکس نمی‌کند، در حالیکه دو سوم درآمدها و مصارف عمومی از هر گونه کنترل عمومی و شفافیت و حسابرسی حتی از جانب مجلس شورای اسلامی و دیگر نهادهای اجرائی و قضائی بدور است و تنها به شخص امام پاسخگو است. تاریخچه بیش از چهل سال حکومت جمهوری اسلامی، تاریخچه گسترش هر چه بیشتر دائره اموالی است که مستقیماً به صورت انفال از جانب نهادهای ولایی چه به واسطه ستادها و نهادها و چه به واسطه سپاه پاسداران، کمیته‌ها و اوقاف اداره می‌شوند. این تاریخ شاهد فقیر شدن مدام، نزار و نحیف شدن هر چه بیشتر دولت رسمی و افلاس، ورشکستگی و قروض دائم التزاید آن به بانکهای تجاری و مرکزی است و به موازات آن همه اموال با ارزش منجمله دارائیهای ارزی، زمینهای شهری و غیره از جانب بخش دولتی به بخش ولایی انتقال یافته است. اگر انقلاب اسلامی در حوزه سیاست بویژه با اشغال سفارت آمریکا آغاز شد، انقلاب اقتصادی اسلامی با تصویب مقررات ابلاغی درباره اجرای اصل ۴۴ قانون اساسی در تیر ماه ۱۳۸۵ معمول گردید که اگرچه عموما به خصوصی کردن بخش دولتی ملقب شد، اما در اصل چیزی جز انتقال اموال دولتی به بخش ولایی نبود. بدین اعتبار، انفال غارت اسلامی اموال عمومی توسط ولی فقیه است که منجر به توسعه سرمایه‌داری سیاسی اسلامی یا بهتر بگویم سرمایه‌داری سیاسی شیعه شده است.

منظور از سرمایه‌داری سیاسی در تمایز از سرمایه‌داری بازار، اکتساب سود پولی از مجاری غیر بازاری، با استفاده از اهرم‌های نظیر دولت، احزاب سیاسی، دستگاه روحانی، یا رجل سیاسی، مذهبی، نظامی و غیره است که به نام انفال، یا حفاظت و امنیت صورت می‌گیرد. تئوری من دربارهٔ انفال عبارت است از زدودن پرده ابهام و شکستن سکوت در خصوص انفال بعنوان مالکیت انحصاری امام در خصوص اموال عمومی فاقد مالک. تا پیش از پژوهشهای اقتصادی من، تقریباً عموم محققین علوم انسانی چه در ایران و چه در سطح بین‌المللی، انفال را بعنوان حلقه اصلی ادبار اقتصادی و غارت منابع عمومی و طبیعی کشور در دوره جمهوری اسلامی تشخیص نداده بودند. امروزه نیز بسیاری آگاهانه و ناآگاهانه از به‌رسمیت شناختن اهمیت انفال در غارت اسلامی منابع طفره می‌روند و دایره این گروه از هر طیف و دسته‌ای بسیار است، هر چند که به تدریج بر شمار کسانی که بر اهمیت انفال واقف می‌شوند افزوده می‌شود. انفال در عین حال بر بعد اقتصادی سکولاریسم و لائیسته، دلایل تورم مزمن و عدم انباشت سرمایه در ایران، کاهش فاحش بارآوری و نیز توسعه ویرانگر نوع ویژه ای از سرمایه‌داری در بیش از چهار دهه اخیر پرتو می‌افکند.

**پێشڕەو** *در اقتصاد انفال پارامترهایی مانند دولت، بخش خصوصی و حقوق، به منزله حقوقی که روابط اقتصادی را تنظیم میکند، چه جایگاهی دارند؟*



انقلاب اسلامی در ایران یگانه انقلاب اسلامی دوران معاصر است که به تحول ساختارهای اقتصادی و تأسیس نهادهای کاملا نوینی همچون بنیاد مستضعفان، ستاد اجرائی فرمان امام، تکوین بانکهای اسلامی از بطن صندوق‌های

قرض‌الحسنه زیر نظر سازمان اقتصاد اسلامی و نیز قربها و قرارگاه خاتم الانبیا انجامیده است. به یک معنی انقلاب اسلامی در ایران در محدوده سیاسی باقی نماند بلکه عرصه اقتصادی-اجتماعی را نیز دربرگرفت.
انقلاب بهمن در شرایطی به تکوین نهادهای انفال انجامید که هم بخش دولتی و هم بخش خصوصی هر دو در بحران عمیقی به سر می‌بردند. در تئوری‌های اقتصادی از «اختلال یا شکست بازار» (Market failures) در حضور یک رشته عوامل، نظیر فقدان امنیت مالکیت و سرمایه‌گذاری، اداره دارائیها و خدمات عمومی (public goods and services)، عوامل بیرونی (externalities)، عدم تجانس اطلاعاتی (Asymmetry of information)، وجود هزینه‌های تراکنشی و غیره نام برده می‌شود. هم ارز «اختلال یا شکست بازار»، از «اختلال یا شکست دولت» (State failures) سخن گفته می‌شود آن گاه که دستگاه‌های دولتی به‌دلیل انقلاب در معرض فروپاشی و فلج‌شدن باشند و یا در جهت رانت جوئی عمل کنند و یا حدود مداخله‌شان به لحاظ قانونی از دایره اقتصادی که مستلزم اعمال حکمرانی است کوچکتر باشد. مثلا بسیاری از عوامل مربوط به کنترل تروریسم یا پولشوئی از محدوده دولتهای ملی فراتر می‌روند.
منظور از «اختلال یا شکست بازار» در اساس بدین معنا می‌باشد که تخصیص منابع به اتکای نظام قیمت گذاری بازاری قابل اجرا نیست. و منظور از اختلال یا شکست دولتی در اساس بدین معنا می‌باشد که تخصیص منابع به اتکای نظام دستوری (آمرانه) متکی به بروکراسی اداری دولت میسر نمی باشد. در ایران پسا انقلاب ۱۹۷۹، هم شیوه هماهنگی بازار و هم شیوه هماهنگی آمرانه هر دو دچار اختلال و ناکارایی بوده اند و این اختلال دوگانه سبب پیدایش شکل دیگری از هماهنگی به مدد دستگاههای موازی شد که من از آن با عنوان هماهنگی ویرانگر (Destructive coordination) یاد کرده‌ام. من در مقالات متعدد و منجمله در کتاب اخیرم (وهابی، ۲۰۲۳، فصل دوم) به تفصیل درباره «هماهنگی ویرانگر» سخن گفته‌ام و در اینجا از تکرار آن پرهیز می‌کنم. وجود نهادهای موازی دولتی و ولایی در همه عرصه‌های اقتصادی، سیاسی، نظامی و امنیتی، بازتاب نوعی هماهنگی است که از چارچوب نظم و قانون معمول خارج شده، مرتباً ریزه کودتاها و منازعات را در همه اندام حکومت پنهان و آشکار دامن می‌زند. در این محدوده حتی خشونت در نظام جمهوری اسلامی، نه خشونت تحت انحصار و کنترل قانونی دولت بلکه خشونت غیر قانونی نهادینه شده است.

*آیا توسعه خصوصا توسعه نیروی انسانی در ساختار اقتصاد انفال جایگاهی دارد؟*



توسعه نیروی انسانی یعنی آنچه از دیدگاه سازمان ملل عوامل چندگانه توسعه نظیر سرمایه انسانی ( Human Capital )، تخصص و مهارت، میزان بهداشت و سواد آموزی و غیره محسوب می‌شود منبای توسعه اجتماعی و اقتصادی در نظام انفال نیست. دلایل این امر متعددند.
نخست آن که رژیم انباشت تحت انفال، انباشت بر پایه سرمایه‌داری سیاسی است یعنی سودآوری نه بر پایه افزایش کارائی، بارآوری تولید، صرفه‌جوئی در هزینه‌ها و بهینه‌سازی در کاربست عوامل تولید، گسترش بازارها و غیره، بلکه بر پایه میزان نزدیکی به قدرت سیاسی و حمایت دستگاههای ولایی است. سود آوری در رژیم جمهوری اسلامی، اساسا بر پایه معیارهای سیاسی و نه اقتصادیست. در نظام چند ارزی، برخورداری از ارز با نرخ اداری و دولتی، احراز انحصار واردات یا صادرات برخی از کالاها، برخوردار شدن از خط اعتباری ویژه، معافیت

مالیاتی گمر کی، امکان انجام معاملات از طریق اسکله‌های پنهانی وغیره و نیز حضور در شبکه بین المللی صدور انقلاب اسلامی بالاخص در لبنان، سوریه، عراق و یا برخی کشورهای آمریکای لاتین، آسیای جنوب شرقی و پاره‌ای از جمهوریهای تازه به استقلال رسیده شوروی، بیشترین سودها را داشته و دارد. آن چه گاه و بیگاه به عنوان ارقام هنگفت فساد سلاطین سکه، چای، لاستیک، آهن و شکر نامیده میشود، چیزی جز نوع معینی از انباشت نیست که باید از آن با عنوان رژیم انباشت سرمایه‌داری سیاسی اسلامی نام برد.

در چنین انباشتی نیاز به تخصص و کاردانی نیست، آن چه لازمه ثروت اندوزی است نزدیکی و برخورداری از اعتماد و اعتبار سران حکومتی است. تقدم « تقوی» بر « تخصص» بازتاب این واقعیت است که در اقتصاد انفال، رشد ارزش افزوده، یا نقدینه مازاد جدید مبنا نیست، مهم تملک بر دارایی‌هایی است که با توجه به تنزل ارزش پول ملی، تورم مزمن و آهنگ کند رشد اقتصادی (اگر نگویم صفر یا منفی)، بتواند متناسب با تجدید ارزش‌یابی در بازار، افزایش یابد. توسعه پاتریمونیال شکل غالب توسعه در انفال است و بخش مهمی از پس‌انداز کشور یا ثروت بدست آمده از فروش نفت، یا دیگر اموال طبیعی و دارائیها از کشور خارج می‌شود و در خارج از کشور سرمایه گذاری می‌شود و بخشی از همین دارائی خارج شده، مجدداً برای احتکار کالا و ارز با توجه به نوسانات نرخ ارز در بازار وارد کشور می‌شود. صرافی‌های آمریکا و کانادا، بازار ارز دوبی و دیگر کشورهای خلیج، حلقه‌ای برای این خروج و ورود مدام ارز به کشور می‌باشند.

به عبارت دیگر، اگر درآمد مشتمل بر دوبخش مصرف و پس انداز است، رشد اقتصادی در ایران از دو سوی محدود شده است: کاهش قدرت مصرفی اکثریت جمعیت بدلیل کاهش فاحش درآمد ملی سرانه و ازسوی دیگر خروج ذخیره ارزی کشور به خارج یا «فرار سرمایه» و فرار مغزها یا سرمایه انسانی. در این چهارچوب توسعه نیروی انسانی فاقد رشد درونزاست.

### *اقتصاد مقاومتی همان اقتصاد انفال است؟*



اقتصاد مقاومتی اقتصادی است برای دور زدن تحریم‌ها که بویژه از سال ۲۰۰۶ پاگرفت. اقتصاد مقاومتی همان انفال نیست، اما انفال یکی از رئوس سه گانه مثلثی است که من از آن با عنوان «مثلث غیر ممکن» (Impossible trilemma)، نام برده‌ام. مثلث غیر ممکن عبارت است از سه راس یک رابطه اقتصادی متصل به هم که هرگز نمی توان همزمان بیش از دو رأس آن را محقق ساخت.

این سه رأس بدین قرارند: (الف) خصوصی سازی (ب) انفال (ج) گشایش اقتصادی به سوی سرمایه‌گذاری غرب (اروپا و آمریکا). این هر سه با هم شدنی نیست. می‌توان برای تحقق خصوصی سازی (الف) و گشایش اقتصادی (ج) اقدام کرد، اما در اینجا انفال (ب) قربانی می‌شود.

این امر در دوره نخست ریاست جمهوری رفسنجانی رخ داد. رفسنجانی خواهان جلب سرمایه‌گذاری خارجی منجمله ورود سرمایه دیاسپورای ایرانی به ایران بود. وی مایل بود اصل ۸۱ قانون اساسی جمهوری اسلامی ملغی گردد و یا بحداقل از شدت و غلظت اجرایی‌اش کاسته شود. او می‌خواست خصوصی سازی را نیز به موازات این کار گسترش دهد و این امر سبب به مخاطره افکندن منافع انفال شد. از اینرو جلوی آن خصوصی سازی گرفته شد و پس از مدتی خامنه ای اصل تقدم ایثارگران و نیروهای وابسته به انفال و موتلفین انفال یعنی سپاه و بسیج را در امر خصوصی سازی عنوان کرد. نا گفته نگذارم که برنامه شخص رفسنجانی نیز در آزاد نهادن دست سپاه برای

مشـــارکت اقتصادی و تملـــک قراردادهای زیر ســـاختی با دیگر عناصر برنامه اقتصادی وی در تعارض بود.
مطابـــق با «مثلث غیر ممکـــن» می‌توان انفال (ب) و گشـــایش اقتصـــادی (ج) را همزمـــان حفظ کرد، اما در آن صورت  خصوصی ســـازی (الف) غیر ممکن می‌شـــود. این امر در دوره‌ی ریاســـت جمهـــوری خاتمی و مجلس ششـــم به‌وقوع پیوســـت. خاتمی مترصـــد بود که اصل ۸۱ قانون اساسی را به تعلیق درآورد و گشایش اقتصـــادی را ادامه دهـــد و در عین حال بخش انفال و بالاخص مـــداخلات اقتصادی موتلفین انفال یعنی سپاه را دست نخورده باقی بگذارد. امـــا این با خصـــوصی کردن در تعـــارض قرار می‌گرفت. قرارداد با «ترکسل» و نیز خصوصی کردن مخابرات کنار نهاده شد و سپاه با اشغال نظـــامی فرودگاه امام خمیـــنی، اعتبار و اقتدار ریاســـت جمهوری خاتمی را برای عقد قرارداد با شرکتهای خارجی زیر سوال برد.
سرانجام مطابق با «مثلث غیر ممکن» می‌توان خصوصی کردن (الف)  و انفال (ب) را همزمان حفظ کرد، اما در آن صورت گشایش اقتصادی (ج) باید تعطیل شـــود. این همان کاریست که در دوره احمدی نژاد انجام شد، خصوصی کردن بنگاه‌های دولتی در سال ۱۳۸۵ (ژوئیه ۲۰۰۶) با مداخلـــه فعال بخش انفال مســـتلزم خاتمه دادن به پروژه گشایش اقتصادی و انتقال اموال دولتی به بخـــش ولائی عمومی بـــود. این آن چیـــزی بود که خامنه‌ای از آن با عنوان  انقلاب اسلامی در حوزه اقتصادی یاد کرد. بدین سان اسلامی شـــدن و نه نئولیبرالیزه شـــدن اقتصاد تحت پوشش خصوصی سازی پا گرفت.
این صحیح اســـت که اقتصـــاد مقاومتی با عدم گشـــایش اقتصادی ملازمـــه دارد که آن نیز به نوبه خود شـــرط توســـعه و تحکیم انفال است. لکن علت وجودی انفال یک چیز است و شرایط سیاسی مقوم آن چیزی دیگر. اقتصاد مقاومتی انفال نیست، اما شرط سیاسی مقوم آن بوده و میباشد.

**پیشک** *باتوجه بـــه اینکه در سیاســـت رســـمی جمهوری اسلامی ادعای عدالت محـــوری وجود دارد، مســـئله تبعیض در اقتصاد انفال چه جایگاهی دارد؟*



عدالت در جمهوری اسلامی برابری در نـــداری و فقر اســـت. جمهوری اسلامی نظیر رابین هود آماده است در صورت لزوم از مســـتکبران بگیرد و مصادره کند، اما برخلاف رابیـــن هود دارائی‌های ضبط شده را نه به مســـتضعفین بلکه در اختیار ولی مســـتضعفین یعـــنی ولی فقیه قـــرار میدهد. مســـتضعفین در بهترین حالت می‌توانند ریزه خواران ســـفره  ولی نعمت خود باشند و برایش سینه زنند و قمه بکشند. به مرور ایام دایره این گونه عدالت خواهی تنگتر و تنگتر می‌شـــود و ریزه خـــواران نیز از خوان یغمـــای کوچکتری برخوردار می‌گردند.
اگـــر به اندیس جینی در یـــکی دو دهه پس از انقلاب بنگریم ایـــن اندیس در محدوده  ۰/۳۵ است. اندیس جینی در اواخر حکومت پهلوی به دلیل شـــوک نفتی ۱۹۷۳در محدوده ۰/۵۵ بود. برخی از تحلیل‌گیران اقتصـــادی در مورد این بهبود اندیس جینی درجمهوری اسلامی بسیار نوشـــته‌اند. اما این «برابری» قبل از هر چیزی حاصل انقلاب و جنگ هشـــت ســـاله با عراق بود که ســـبب فرار بخش مهمی از سرمایه‌ها و مصادره اموال رها شـــده بود، کما اینکه پس از جنگ این اندیس افرایش یافت. اگر در تعریف اندیس جینی نه فقط درآمدها (Income) بلکه دارائیهـــا (Assets) را نیـــز منظـــور کنیم، این شـــاخص هر چه وخیمتر شده است. در فاصله ســـالهای ۱۳۹۲ - ۱۴۰۲ میـــزان افزایش فقر مطلق و رانده شـــدن بخش وسیعی از اقشـــار متوســـط به افلاس، این نابرابـــری اجتماعی - اقتصادی را گسترده‌تر ساخته است، بطوری که

تخمین زده می‌شـــود سه میلیون جمعیت طی ده سال اخیر به زیر فقر مطلق سقوط کرده‌اند در سطح کشوری این نابرابری بالاخص در مورد اســـتانهای پیرامونی که اقلیتهـــای قومی بلوچ و کـــورد در آن بســـرمی‌برند، افزایش فاحشی یافته اســـت. البته با توجه بـــه تجارت و مبادله بیـــن منط ـــه‌ای فیمابیـــن اقلیم کردســـتان و ایـــران، مناطقی نظیر بانه که در معرض تجارت منط ـــه‌ای کالا، ارز و نفت بوده‌اند، از دایره این فقر دائم التراید مستثنی بوده‌اند.

**پرسش** *بصـــورت عمومی گفته میشـــود ایدولوژی جمهوری اسلامی خطوط اقتصاد را تعیین میکند، آیا اقتصاد انفال بخشـــی از ایدلوژی این رژیم اســـت یا بخشـــی از حکومتداری آن؟*



انفال هم بخشی از فقه شیعه است و هم قلب اقتصاد سیاسی آن. انفال یـــکی از ارکان اصلی مالیه عمومی (Public finance) در فقه شیعه اســـت و آن را باید بازتاب اصل امامت دانست. ا گر در خلافت اهل ســـنت تمـــامی اموال عمومی در دســـت حکومت اسلامی قرار گرفت و خراج منبع اصلی مالیه عمومی خلافت اسلامی را تشکیل داد، در اسلام شیعه، انفال بجای خراج اصل بوده است. تاکید بر انفـــال به مثابه یـــکی از ارکان مالیه عمومی در فقه شیعه از قرون دهم و یازدهم در دوران حکومـــت آل بویه پا گرفـــت و در دوره صفویه بالاخص شاه طهماسب صفوی با حضور شیخ محقق کرکی بســـط و توسعه یافت. انفال در دوره قاجاریـــه نیز قویا تـــداوم یافت. شیخ مرتضی انصاری شوشـــتری صاحب المکاسب، اندیشه‌های شیخ محقق کرکی را در اواخر دوره قاجاریه بازتاب داد. رژیم جمهوری اسلامی در لـــوای افکار و احکام خمینی و منتظری، همین اصل انفال را در قانون اساسی خود دنبال کرد. از لحاظ سیاسی انفال را باید تسری اصل ولایت فقیه تلقی کرد کـــه از مالکیت انحصاری امام بر اموال عمـــومی فاقد مالک (res nullius ) در تـــداوم حاکمیت وی یاد می‌کند. البته نباید از خاطـــر برد که اصل انفـــال در اداره خزانه‌داری عمومی بویژه در کشوری معمول شد که منابع درآمد دولـــت بیش از مالیات، بـــر رانت نفتی استوار بود و میباشد. کشوری که در تقسیم کار نظام جهانی ســـرمایه، کشور صادر کننده نفت محسوب می‌شود. این وضعیت اقتصادی شرایط مادی بکارگیری انفال را تسهیل کرده است.

**پرسش** *بر اســـاس اقتصاد انفال روابط خارجی جمهوری اسلامـــی چگونه قابل تفسیر است؟*



روابط خارجی جمهوری اسلامی نه بر پایـــه انفال بلکه بر مبنای ولایت فقیه تنظیم می‌شود. اگرچه انفال، با تمرکز دارائی‌ها در دست ولی فقیه ضمانتهای مربوط به مالکیت حقوقی را کاهش داده آن را هر چه بیشتر وابسته به اراده رهبر نظام میکند. از این حیث معـــاملات و قراردادهای تجاری با کشـــورهایی نظیر چین و روسیه که در آنها نیز مالکیت خصـــوصی تحت کنترل الیگارشی و یا عوامـــل سیاسی قرار دارد، نســـبت به معامله با کشورهایی که به تضعیف کنترل امام بر مالکیت خصوصی منجر می‌شود، مرجح است.
بعلاوه انفال مبتنی بـــر تقدم معیار سیاسی در اداره اقتصادی می‌باشد و این امر برای استفاده از داراییها در جهت موتلفین سیاسی منطقه‌ای جمهـــوری اسلامی نظیر حـــزب‌الله لبنان حائز اهمیت است. بنیاد مســـتضعفان و سپاه قدس در حـــوزه کمکهای مالی بـــه جریانات اسلامی در ســـطح منطقه روابـــط تنگاتنگی با همدیگر داشـــته و دارند. از این رو انفال مقوم و پشتوانه اقتصادی سیاســـت «صدور انقلاب اسلامی» یا بهتر بگویم «حریـــم امنیتی نظام» در خارج از مرزهای ایران است.

# ئەدەبیات، تاراوگە و ناسنامە

وتووێژ لەگەڵ: هاشم ئەحمەدزادە

ئامادەکردنی: گۆڤاری تیشک

## ژياننامەیەكی كورت

دكتۆر هاشم ئەحمەدزادە دوای وەرگرتنی بەكالۆریس لە زمانی ئینگلیسیدا لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئێران، خوێندنی لە وڵاتی سوید درێژە پێ دەدا و لە ساڵی ١٩٩٥ لە زانكۆی ئوپسالا بەكالۆریسێكی تر لە ڕۆژهەڵاتناسیدا وەردەگرێت. لە ١٩٩٦ لە هەمان بوار و لە هەمان زانكۆدا پلەی ماستەر وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٩٩ لە زانكۆی ئوپسالا لە بوارەكانی مێژوو و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و زمان و ئەدەبیاتی فارسی و زمانە ئێرانییەكان دەست بە وانەگوتنەوە دەكات و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەم كارەدا بەردەوام دەبێت. هاوتەریب لەگەڵ وانەگوتنەوە خەریكی لێكۆڵینەوە و نووسینی تێزی دكتۆراكەشی دەبێت. ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ساڵی یەكەمی دەورەی دكتۆراكەی لە زانكۆی لەندەن (مەدرەسەی لێكۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و ئافریقاناسی) تێپەڕ دەكات. كتێبی ڕۆمان و نەتەوە: لێكۆڵینەوەیەك لەسەر گوتاری گێرانەوەیی فارسی و كوردی، لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن زانكۆی ئوپسالاوە چاپ و بڵاو كرایەوە. ئەم كتێبە دواتر وەرگێڕدرایە سەر زمانەكانی توركی و فارسی و چاپ و بڵاو كراوە. چەند بەشی ئەم كتێبە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی كوردی.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٢، سەرەتا وەك مامۆستا و دواتر وەك پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە لێكۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لە زانكۆی ئێگزێتری بریتانیا كاری كردووە. لە ٢٠١٢ تا ٢٠١٥ وەك لێكۆڵەرەوە لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ كوردستان كە ناوەندەكەی لە هەولێرە، دەست بە كار دەكات. لەم ساڵانەدا لە زانكۆی فەرەنسی لوبنانیدا مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیسی بووە. لە مانگی سێپتامبری ٢٠١٥ دیسانەوە لە زانكۆی ئوپسالا دەستی بە وانەگوتنەوە و لێكۆڵینەوە كردووەتەوە. لە ٢٠١٦ تا ٢٠١٨ لە مەدرەسەری وەرگێڕانی سوید وانەبێژ بووە. ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی زمانناسی و لێكۆڵینەوەی زانكۆی ئوپسالا.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا كتێب و وتارگەلێكی زۆری بە زمانەكانی فارسی، كوردی، سویدی و ئینگلیزی بڵاو كردووەتەوە. لە دەیان كۆنفرانسی نێونەتەوەیی بەشدار بووە و لە زۆر بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیدا بەشداریی كردووە و لەسەر زۆر بواری ئەدەبی، فەرهەنگی و زانستی سیاسی و پرسگەلی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس و قسەی كردووە.

لەنێو بەرهەمە چاپكراوەكانی دكتۆر ئەحمەدزادەدا دەكرێ ئاماژە بە ئەم كتێبانەی خوارەوە بكەین:

- نەتەوە و ڕۆمان بە هەر سێك زمانی ئینگلیسی، توركی و فارسی چاپ بووە. دوو جار بە فارسی چاپ كراوەتەوە و لە پێشەنگای نێونەتەوەییی كتێب لە تاران لە ساڵانی ٢٠١٨-٢٠١٩ لە ڕیزی كتێبە پڕفرۆشەكاندا بووە.
- زمان، ئەدەب و ناسنامە (هەتا ئێستا چوار جار لە كوردستان و دەرەوەی وڵات چاپ كراوەتەوە.)
- ڕۆمان و ناسنامە بە كورمانجی (دوو جار چاپ كراوەتەوە)
- جیهانی ڕۆمان (دوو جار چاپ كراوە)
- گێرانەوەناسی (دوو جار چاپ كراوە)
- مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب (دوو جار چاپ كراوە)
- هەرچی هەیە ڕاقەیە، ٢٠٢١
- فەرهەنگ و ڕزگاری، ٢٠٢٤

لە وەرگێڕدراوەكانی دكتۆر ئەحمەدزادە دەكرێ ئاماژە بەم بەرهەمانەی خوارەوە بكەین:

- هونەری داستان

- دەفتەری سوور
- هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان
- کوردەکان و ئەوانی دیکەیان
- کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی
- مێژوونووسیی کوردی و ڕەچەڵەکناسیی کورد
- سەردانی پزیشکی تایبەت

دەیان وتاری ئەدەبی، ڕەخنەیی و تیۆریکی بە زمانەکانی ئینگلیسی، سویدی، فارسی و کوردی بڵاو کردووەتەوە.
تازەترین بەرهەمەکانی بریتین لە دوو وتاری ئینگلیسی لەسەر ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی سیاسی

**پێشنگ** *پێناسە و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی تاراوگە؟ ئایا تەنیا شوێنی نووسینی بەرهەمەکە، ئەدەبی تاراوگە دەستنیشان دەکات یا تایبەتمەندیی دیکەشی هەیە؟*



نازم حیکمەتی شاعیر لە شیعری ‹تاراوگە›ی خۆیدا لە ساڵی ١٩٥٦ باس لە شۆفێری ئامبولانسێک دەکات کە بە گۆڕستانێکی جوولەکەکان لە پراگدا گوزەر دەکات و هاواری لێ بڵیند دەبێت کە ‹ئاخ گوڵم/ئاخ گوڵم/لە مەرگ خراپترە تاراوگە›. پرس ئەوەیە بەرهەمی نازم حیکمەتی شاعیر بە شیعری تاراوگە دادەندرێت یان ئاوارەیی ئەو لە تاراوگەی لە مەرگ خراپتر؟ نووسەری بەرهەمی ئەدەبیی واڵا دواجار نوێنەرایەتیی جۆرێک لە نامۆیی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دەکات. گەر ئەدیبێک لە وڵاتی خۆیدا دەرفەتی ئازادانەی خۆدەربڕینی نەبێت ئەو بۆ ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبی ئەگەر بە جەستەش لە وڵاتەکەی بێت، ئەوە بە هزر و بیر لە دونیای ئازادی زەینکردی خۆیدا دەژیت. ئەگەریش ڕۆژێک ناچار بێت لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا بژیت، ئەوە هەمدیسان جەستەی لە دەرەوەیە و زەینی لە کۆڵانەکانی وڵاتەکەیدا دەسووڕێتەوە. ئەدەبی تاراوگە/مەنفا/تەبعید/دوورەوەڵات بە پلەی یەکەم بەو ئەدەبە دەگوترێت کە لە دەرەوەی وڵاتی نووسەرەکەیدا بەرهەم هاتبێت. بەڵام دیالێکتیکی دوورکەوتنەوە لە وڵات و بەرهەمهێنانی ئەدەبی، لانیکەم بۆ ئێمەی کورد، گرێدراوی بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی بەرەنگاری و بەرخۆدانە لە دژی ئەو هێز و دەسەڵاتانەی بوونەتە هۆکاری تاراندنی بەشێک لە کوردەکان لە وڵاتی خۆیان. کاتێک مرۆڤ وردتر سەرنج دەداتە ئەم باسە، کۆمەڵێک کێشەی پێناسەیی لێ قوت دەبێتەوە کە ڕێ لەبەردەم ساکارکردنەوەی سنوورەکانی ناساندنی چەمکەکە دەگرێت. ئایا دیاسپۆرای کورد دیاردەیەکی مۆدێرنی گرێدراوی هاتنە کایەی دەوڵەت نەتەوە تازەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە؟ یاخود دەگەڕێتەوە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکان و بۆ نموونە ڕاگواستنی کوردەکان بۆ خۆراسان و گیلان لەسەر دەستی سەفەوییەکان و قاجارەکان؟ ئایا کوردانی دانیشتووی پێتەختەکانی دەوڵەت نەتەوە تازەکان، بۆ نموونە، ئەستەمبوڵ، شام، بەغدا و تاران بە کوردانی تاراوگە دەژمێردرێن؟ هەر کام لەو پێناسانە لێکەوتەی سیاسی و فەرهەنگیی تایبەتی خۆی هەیە.
لێرەدا بۆ سنووردارکردنی باسەکەمان دیاسپۆرای کورد بەو کۆمەڵە کوردانە دەڵێین کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا و دەکرێ بڵێین لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشتەجێی وڵاتانی ئەورووپایی و ڕۆژاوایی بوونە. بەڵام وەک دەزانین ئەم ڕەوتە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لەئارادا بووە و یەکەم جموجۆڵەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی

دەگەڕێتەوە سەر چالاکییە ڕووناکبیرییەکانی نوخبەی کوردی لە ئەستەمبوڵی پێتەختی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. کە باس لە دیاسپۆرای کورد لە ئێستادا دەکەین، هەمدیسان ڕەنگە بە پلەی یەکەم پشکی شێر وەبەر کوردانی باکووری کوردستان بکەوێت و دوای کوردانی باشووری کوردستان نۆرە و پلە بگاتە کوردانی ڕۆژهەڵات و بەم دواییانەش کوردانی ڕۆژاوای کوردستان. بەم جۆرە ئەدەبی بەرهەمهاتوو لە لایەن نووسەران و شاعیرانی سەر بەم کۆمەڵە کوردانە دەچێتە خانەی ئەدەبی تاراوگەوە. لێرەدا پرسی زمانیش دێتە ئاراوە. گەلۆ دەبێ زمانی ئەم بەرهەمانە کوردی بێت یان زمانی وەڵاتی خانەخوێ؟ ئەگەر لەم لایەنە تەکنیکییانە بگوزەرێین عەقڵی سەلیم و بەشێک لە پێناسە هزرییە تیۆریکەکان ئەدەبیاتی بەرهەمهاتوو لەنێو ئەم کۆمەڵە کوردە دیاسپۆراییانەدا بە ئەدەبی تاراوگە دەناسێنێت. ئەی باشە ئەمە بە میلیۆنان کۆمەڵگەی تورکی، چینی، ویەتنامی و خەڵکانی سەر بە گەل و نەتەوەگەلی دیکەش دەگرێتەوە؟ بۆ هەر لایەنێکی ئەم فاکتەرانە دەکرێ مرۆڤ باسێکی تێروتەسەل ئاراستە بکات. دیسانەوە لێرەدا ئێمە باس لە ئەدەبێکی بەرهەمهاتووی کوردی دەکەین کە نەکراوە و نەهێشتراوە لە کوردستان بەرهەم بێت. دیارە ئەدەبێکی لەم چەشنە بە شێوەیەکی زەق سیاسییە و تەنانەت ئەگەر لەبەر پێوەری ئەدەبی و جوانیناسانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش ئاراستە بکرێت هەر ئامانجی سیاسیی لەپشتە و دەکەوێتە خانەی هەوڵی مرۆڤی کورد بۆ ڕزگاری. ئەدەبێک کە مۆرکی وەڵاتی ونبووی پێوە دیارە و حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ئەم وەڵاتە تێیدا پەنگ دەخواتەوە.

*ئەگەر بەرهەمێک تایبەتمەندیی ئەدەبی تاراوگەی نەبێ، بەڵام لە تاراوگە بنووسرێ، چۆن پێناسە دەکرێ؟*



هیچ جۆرێکی ئەدەبی، پێناسەیەکی هێندە دیاریکراو و بەرتەسککەرەوەی نییە کە دەرفەتی لادانی لە سنوورەکانی خۆی نەبێت. خۆ ئەگەر پێناسەکان ئاوا بکەن، ئەوە هونەر هەر بەرهەم نایەت. بەرهەمی ئەدەبی دواجار شتێک نییە جگە لە ئافرێندراوێکی زەینی کە لەبەردەم بێ‌ئەژمار خوێندنەوەدا کراوەیە. چیرۆکی ماریای نابەکۆڤ بە ڕواڵەت چیرۆکی ژیاننامەییە ئەوە، بەڵام لە هەناوی خۆیدا ڕاڤەیەک بە پانتایی چارەنووسی دەربەدەریی یەکەم شەپۆلی ڕووسە ئاوارەبووەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر هەڵ دەگرێت. پاڵەوانی چیرۆکەکە سەرەڕای چاوەڕوانییەکی زۆر بۆ گەیشتنی دەزگیرانەکەی، واتە ماریا، لە ساتەوەختی گەیشتنی ئەو بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، پشتی تێ دەکات و نایەوێت ببینێت. ئایا ئەمە دەستپێکی باوەڕهێنان بە ئاوارەیی‌یەکی ناچاری و ونکردنی وەڵات نییە؟ ئایا ئەوە دەستپێکی دۆزەخی تاراوگە نییە؟ بەم جۆرە دەکرێ بڵێین جگە لە شوێنی بەرهەمهاتن دیسانەوە ئەوە دەبێ ئەدەبییەتی ئەدەب بێت کە شانازیی ناونانی نووسینێک بە نووسینی ئەدەبی ببەخشێت. سەرەڕای ئەمەش ڕەنگە جۆرێک لە تێمای دووپاتبووەوە لە ئەدەبی تاراوگەدا وەک خاڵێکی سەرەکیی جیاکەرەوەی ئەم ئەدەبە لە ئەدەبی ناوخۆ بێت. ئەویش بەداخەوە تێمای مەرگە. لە زۆر ڕۆمانی تاراوگەیی هەموو نەتەوەکاندا، یان باشترە بڵێم لە زۆر ڕۆمان کە باس لە کۆچبەری و تاراوگە دەکەن، تێمایەکی هەردەم ئامادە مەرگە. بڕوانە ڕۆمانی چواربەرگیی ڤیلهێلم مووبەریی سوێدی لەسەر کۆچبەرانی سوێد بۆ ئامریکا لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا. چارەنووسی

تاڵی کریستینای جوان و دووگیان لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا کۆتایی بە هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی دێنێت، ئەم چارەنووسەش شتێک نییە جگــە لە مەرگ. لە ڕۆمانی کوردییشـــدا ئەم تێمایــە نموونــەی بەرچاوی هەیــە. ڕۆمانی کۆمەڵە شـــاخێ بەرز و ...ی کەریم دانشیار و کووژرانـــی هەناری کچ بە دەســـت فەخرەی باوک، هەمدیسان دووپاتبوونەوەی پارادایمی تراژێدیـــای مەرگە لـــە ژیانـــی تاراوگەییدا. لەبیرمان بێت فەخرە ڕۆژگارێک پێشـــمەرگە بووە و بۆ ئازادیی وەڵاتەکەی شـــەڕی کردووە و ئێســـتا لەگەڵ هەناری کچـــی پەنابەرە لە شـــارێکی ئالمان. دوای چەند ســـاڵێک ژیانی ئـــارام و هیواداریی بـــە داهاتوویەکی ڕوون، فەخـــرە تەقە لـــە تفەنگێک دێنێـــت و ئەم جارەیان نەک دووژمن بەڵکوو کچەکەی خۆی دەنگێوێـــت. ئاخـــر هەنار پشـــتی دە نەریتی کوردەواری کردووە و دۆستی کوڕی ئالمانیی هەیە. ڕاوەماســـیی فازل کەریم ئەحمەدیش هەر تێمایەکی ئاوا ناهومێدانەی لێ دەبارێت. لە ئاســـتی جیهانیدا نووسەرێکی ئوتریشی بە ناوی ســـتێفان زوینگ کە لەدەست نازیسمی هیتلێر ناچـــار دەبێت وەڵاتـــی خۆی بەجێ بێڵێت و لە وەڵاتی برازیل بگیرســـێتەوە، هەم وەک بەرهەمـــی ئەدەبی و هـــەم وەک ژیانی تاکەکەســـی نموونەیەکـــی هەرە ناســـراوی ئەدەبی نووســـەرێکی دوورخـــراوە لە وەڵاتی خۆیەتی. زوینگ ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ ژنەکەی خۆیان دەکووژن. لە ڕۆمانەکەشـــیدا کە تەنێ چەند مانـــگ بەر لـــە خۆکوژییەکەی بڵاوی کردەوە بە ناوی گەمەی شایانە، ئێمە لەگەڵ کاراکتەرێکی غەریبە ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە لە ژوورە تاکەکەسی و بێ‌پەنجەرەکەی خۆیدا خەریکـــی یاریی شـــەترنجە لەگـــەڵ خۆیدا. لەخۆڕا نییە کە سەلمان ڕووشدی و پۆل وایت لە ناساندنی ئەدەبی کۆچبەری/تاراوگەدا باس لـــەوە دەکـــەن کـــە زۆر جاران کـــۆچ وەک خوازەیـــەک بۆ مەرگ بـــەکار دێت و مرۆڤی کۆچبـــەر تژییـــە لـــە دردۆنگـــی و دوودڵی.

هەڵبەت، لەبیرمـــان نەچێت ئامادەیی تێمای مەرگ لە باســـی ژیانی کۆچبەریدا پێویست ناکات تەنێ لەلایەن نووسەری تاراوگەیی‌یەوە بنووســـرێت. ئـــەم کارە دەکرێـــت لەلایـــەن نووســـەری ناوخۆیشەوە بنووســـرێت. بڕوانە بەسەرهاتی کۆچبەرانی ڕۆمانی هێشووەکانی تووڕەییی جان ستێین بێک یان ڕۆمانی کاتی چرینـــی ئاوازی داری ســـتراتیس هاڤیاراس، یاخود ڕۆمانەکەی ڤیلهێلم مووبەریی سوێدی بە ناوی کۆچبەران.

یەک شـــت کە دەبێ لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کـــە دەبێ تاراوگەی کوردی هەڵگـــری تـــۆوە دیاریکراوەکانی پێناســـەی تاراوگە/دیاســـپۆرا بێـــت هەتـــا بەرهەمـــە ئەدەبییەکەشی بە ئەدەبی تاراوگە دابندرێت. سێ تۆوی ســـەرەکیی پێناسەی جەماوەرێک بە جەماوەری دیاســـپۆرایی، بەو جۆرەی کە ویلیام ســـافران دەستنیشانی دەکات، بریتین لـــە: ١. بـــە هۆکارگەلی جیـــاوازی ئێتنیکی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاســـی ناچار کرابن وەڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە شـــوێنێکی دیکە نیشتەجێ بن. ٢. دەورەیەکی بەرچاو لە ژیانی ئەم جەماوەرە لە دەرەوەی وەڵات تێپەڕ بووبێت و ئەوان لە پاراســـتنی تایبەتمەندییە زمانـــی و نەتەوەییەکانی خۆیاندا شـــێلگیر بووبن. ٣. ئیرادە و ویستی گەڕانەوە بۆ وەڵاتی سەرەکیی خۆیانیان تێدا هەبێت.

*ئەدەبـــی تاراوگـــەی کوردی لە کەیەوە دەست پێ دەکات؟*



تۆ بڵێی لەو قەســـیدەیەوە دەست پێ نەکات کە نالی لە شـــامەوە بۆ ســـالمی دەنێرێـــت و خـــۆی بە قوربانـــی تـــۆزی ڕێگای بادی خـــۆش مروور دەکات؟ نا، لەوێوە دەست پێ ناکات. ئاخر خۆ ئەم شیعرە لە کاتی خۆیدا وەک کتێب چاپ

نەکراوە. تۆ بڵێی لە دەستنووسە مێژوویی‌یە ونبووەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە کە بۆ ئەلێکساندر ژابای دەنووسێت و قەرار بوو لە سەنت پیترزبۆرگ چاپ بکرێت، دەستی پێ نەکردبێت؟ نا، لەوێشەوە دەست پێ ناکات. ئاخر ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم دەستنووسە سەروشوێنی نەدۆزراوەتەوە. بۆیە دەبێ چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی بەدرخانییەکان بین لە قاهیرە و چاومان بە دیداری بەشگەلێک لە مەم و زینی خانیی بەچاپکراوی ڕوون ببێتەوە و بڵێین فەرموو ئەمەش ئەدەبی تاراوگەی کورد. بۆ نا؟ تۆزێک سەیرە، بەس شتی سەیر لە مێژووی ئێمەدا زۆرە. ئەمەش با یەکێک بێت لە وان. گەلۆ ناکرێت پەنا بۆ ڕۆژنامەکانی ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد لە سالانی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەستەمبۆل بەرین و بۆ نموونە یەکەم چیرۆکی کوردیی فوئاد تەمۆ بە بەرهەمی ئەدەبی دیاسپۆرایی دانەنێین و لە کەسایەتیی شەوێشی هەتیودا چارەڕەشی و دەربەدەریی کوردان وێنا نەکەین؟ ئەی لەگەڵ هاوار و ڕووناهی و ڕۆژا نووی میر جەلادەت و کاموران بەدرخان لە شامی سییەکانی سەدەی بیستەمدا ناکرێت قۆناغێکی دیکەی ئەدەبی دیاسپۆرامان هەبووبێت؟ باشە بۆ پەنا نەبەینە بەر ڕۆماننووسانی کوردی ئێزیدی کە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەدەست هەڕەشەی عوسمانی و تەنانەت کوردە موسوڵمانەکان پەنایان بۆ ڕووسییە بردبوو؟ ئەوانیش بە جۆرێک دەکرێت وەک ئەدەبی دیاسپۆرای کوردی دەژمێر بێن. ئەگەرچی هەڵگری سەرەکیترین تایبەتمەندیی دیاسپۆرا نەبوون کە ئەویش بریتییە لە ئیرادە و ئاواتی گەڕانەوە بۆ وەڵاتی خۆیان واتە کوردستان. گەلۆ ڕۆژنامەی ڕیا تەزە (Riya Teze) کە لەنێوان سالانی ١٩٣٠ هەتا ٢٠٠٣دا لە سۆڤیەتی پێشوو بە ئەلفبێی لاتین، ئەرمەنی و کریلیک ٤٨٠٠ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە، بەشێک نییە لە میراتی ئەدەبیی ڕۆژنامەگەری و بەرهەمی تاراوگەی کوردی؟ یان لەو چەند دەیەی ڕابردوودا بەرهەمەکانی دەیان ڕۆماننووسی کورد، بۆ نموونە، مەمەد ئوزون، فیرات جەوەری، حەسەنێ مەتێ، یاکوب تیلەرمەنی، حەلیم یوسف و جان دۆست درێژەی هەمان ڕێچکەی گێڕانەوەی کوردی لە یەرەڤانی ئەرمەنیا نین؟

وەک دەبینین دەکرێ قۆناغگەلی جیاواز بۆ بەرهەمی ئەدەبیی کوردیی لە تاراوگە دەستنیشان بکرێت. ئەمەش دیسانەوە تایبەتمەندییەکی تاراوگەی کوردییە کە کۆمەڵێک پێناسەی جیاواز لە سەردەمی جیاوازدا هەڵ دەگرێت.

*پێنووس: قەبارەی ئەدەبی تاراوگە بەراوەرد بە کۆی ئەدەبی کوردی چەندەیە؟*



هەتا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کە تێیدا باشووری کوردستان لەژێر دیکتاتۆرییەتی سەددام حوسێن ڕزگار دەبێت، ئەدەبی بەرهەمهاتوو لە تاراوگە شوێنپێیەکی گرنگی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەبوو. دوای ئەم ڕێکەوتە ئەوە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ناوخۆی بەشێک لە وەڵات خێرایی و قەبارەیەکی بێپێشینە بەخۆیەوە دەبینێت و وەپێش ئەدەبی تاراوگە دەکەوێتەوە. هەڵبەت لە سێ دەیەی ڕابردوودا چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە ئێران، تورکیا و ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستانیش پێشکەوتێکی بەرچاوە بە خۆیەوە دەبینێت و لەم سالانەی ڕابردووشدا شوێنەواری چاپی کتێب لە ڕۆژاوای کوردستانیش دێتە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردییەوە. بەم جۆرە دەکرێ لە ئێستادا بڵێین کە قورساییی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە نێوخۆی وەڵاتدایە، هەرچەند

هێشــتا چــاپ و بڵاوکردنەوەی کــوردی لە دیاسپۆراش، بۆ نموونە لە وڵاتانی وەک سوێد و ئاڵمان، ئاشی لە گەڕاندایە و بەرهەمی بەپێز چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

**پێشنگ** *بەرهەمــی وەکــوو «ناڵــەی جودایــی»ی مامۆســتا هێمــن توخمی سەرەکیی ئەدەبی تاراوگەی هەیە، بەڵام لە پارچەیەکی تری کوردستان نووسراوە، ئەو جۆرە بەرهەمە چۆن پێناسە دەکەن؟*



هەندێک دەڵێن مامۆستا هێمن ئەم شــێعرەی لە بەغدا نووسیوە. ئەگــەر ئەم گریمانەیە ڕاســتیش نەبێت و لە باشــوور نووسرابێت ئەوە هیچ لەو ڕاســتییە ناگۆڕێــت کە ناســنامەی کوردی، ناسنامەیەکی ئاڵۆزە و دابەشبوونی جوگرافیای کوردســتان، پێکهاتن و دابەشــبوونی وردە ناسنامەشــی لــێ کەوتووەتــەوە. کاتێک لە چارەنووســی ئاوارە سیاســییەکانی کورد لە بەشــە جیاجیاکانی کوردســتان دەڕوانین و بەتایبەت سرنج دەدەینە باشووری کوردستان و هەڵســوکەوتی تەیارە سیاسییەکانی کورد لەگەڵ یەکتر و بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆمان دەر دەکەوێت کە چــۆن ئەم ئاڵۆزییە سیاســییە دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ئەدەبیشی هەبێــت. ئەمە لەســەر مامۆســتا هەژاریش، هەڵبــەت بە شــێواز و لە گۆشــەنیگایەکی دیکەوە، تەواو ڕاستە. بەڵام بەرزیی شیعرییەتی ناڵــەی جودایــی ئەوەندەیــە کە مــرۆڤ بە حەدیسی نەفسی هەموو کوردانی دابنێت کە ئاواتــی تێکەڵبوونــەوە لەگــەڵ نیشــتمانی خۆیانیان هەیە.

**پێشنگ** *قەدەغەبوونی زمانی کوردی یان نەخوێندنی زمانی کوردی لەســەر خاکی کوردســتان چ کارتێکەرییەکی لەســەر ئەدەبی تاراوگە بووە؟!*



کارتێکەرییەکــی یەکجــار زۆری هەبــووە. ئەگەر تاراوگــە نەبوایە، بێبەشیی کوردان لە مافی خوێندن بە زمانی خۆیــان دەیتوانــی ببێتە هۆکاری فەوتانــی ئەم زمانە بەتەواوی. ســرنج بدەینە سیســتەمی تواندنەوەی زمانــی لە باکووری کوردســتان و بێنینە بەرچــاوی خۆمان کە بەدرخانییەکانی کۆتاییی ســەدەی بیستەم و دەیەکانی ســەرەتای ســەدەی بیســتەم و نووسەرانی تاراوگەی کوردیی نیوەی دووهەمی ســەدەی بیســتەم نەبوایــەن، لــە تورکیا و باکووری کوردســتان هەلومــەرج لەوەی کە هەشە خراپتر دەبوو. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەک بە ڕۆمانــی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی بکەم کە لەو پەڕی وێناســازی و خەیاڵدا بەسەرهاتی سیاسەتی زمانکووژیی لە باکــووری کوردســتاندا کردووەتە بابەتی سەرەکیی خۆی.

**پێشنگ** *ئەدەبــی تاراوگــەی کــورد و ئەدەبیاتــی ناوخۆی کوردســتان چەندە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە؟!*



کــەس ناتوانێــت حاشــا لــە کارتێکەریی شــیعری پەشــێوی شاعیر لەســەر ئەدەبی کوردی و نەســتی کوردی بکات. ئەو شــاعیرەی شەو نەبــووە خەون بــە وڵاتەکەیــەوە نەبینێت، بێگومان وڵات لەبەر چاوی هاووڵاتییەکانی شیرینتر لە هەمیشە دەکات و باندۆری لەسەر ڕەوتی شیعری نوێی کوردی دەبێت. بەڵام خۆ خودی پەشێویش بەدوور نییە لە کارتێکەریی شیعری نێوخۆی کوردستان. نموونەی پەشێو دەکرێت لە زۆر شــاعیری دیکەشــدا سۆراغ بکرێــت. بەختیــار عەلی کە بە شــێوەیەک نووسەری تاراوگەیە و بەردەوام لەنێوان وڵات و تاراوگــەدا لە هاتوچۆدایە، هەم کارتێکەریی لەسەر وەچەیەکی نووسەرانی کورد هەبووە و

هەمیش کارتێکەریی وەرگرتووە. ئەگەر نووسەرانی هەردووک بەرە بەرهەمی یەکتر بخوێننەوە، بێگومان دەکەونە ژێر کارتێکەریی یەکتر. کاڵبوونەوەی سنوورەکانی تاراوگە و ناوخۆ بە هۆکاری تەکنۆلۆژیای ئەم سەردەمە زۆر زیاتر لە جاران تێکەڵاویی و کارلێکی ئەدەبیی لەنێوان دەرەوە و ناوەوە لێ دەکەوێتەوە.

*ئەو بەرهەمانەی نووسەرانی کورد لە تاراوگە بە زمانی دیکە نووسیویانن، دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی تاراوگەوە؟*



ئەمەش پرسیارە هەردەم ئامادە و دووپاتبووەوەکەی ئەدەبی کوردییە کە نازانێت لەگەڵ ئیبراهیمی یونێسی و سەلیم بەرەکات و یاشار کەمال و محیەددین زەنگەنە چی بکات کە بە زمانگەلی دیکە دەنووسن. وەڵامە کلاسیکەکەش هەر ئەوەیە: مادام ئەوان باسی کورد دەکەن بەرهەمەکانیان دەچێتە خانەی جۆرێک لە ئەدەبی کوردییەوە. یاخود چونکە بە کوردی نانووسن، فریان بەسەر ئەدەبی کوردییەوە نییە. ئەم وەڵامانە هەردووکیان کێشەیان هەیە و دەبێ مرۆڤ برێک وردتر و هەمەلایەنەتر لەم بابەتە بڕوانێت. مرۆڤی ڕەخنەگر هەرگیز فریوی وەڵامە لە قاڵبدراوەکان ناخوات و لە گەڕان بەشوێن بنجوبنەوان و تایبەتمەندییە پێشتر نەبووەکان ماندوو نابێت. دەکرێ مرۆڤ بیر لە دیاردەی ئەدەبی کوردی بە زمانی غەیری کوردی بکاتەوە. لە نیگای یەکەمدا ئەم دەربڕینە هەڵگری کۆنتراستێکە لە هەناوی خۆیدا. بەڵام کە سەیری پێوەندیی زمان و ئەدەبی دیاریکراوی نەتەوەیی دەکەینەوە، شەرت نییە یەک زمان تەنێ یەک ئەدەبیاتی لێ بکەوێتەوە. ئەدەبی ئینگلیسیی ئەمریکی و بریتانیایی وەک میسیۆن دوو ئەدەبی جیاوازن، ئەگەرچی هەردووک بە زمانی ئینگلیسیین. ڕەنگە سەربەخۆیی ئامریکا ئەوەندەی دەینداری سیاسەتە هەر ئەوەندەش دەینداری ئەدەبی ئەمریکایی بێت کە بێگومان بە زمانی ئینگلیسی نووسراوە. ئەمە دیالێکتیکێکی ئاڵۆزە و دەکرێ مرۆڤ زیاتر سرنجی بداتێ و لە لێکەوتە ناسنامەسازەکانی ورد بێتەوە. دیاردەی زمان و ناسنامە و کوێیبوونی نووسەر و هەڵبژاردنی زمانێک کە پێی دەنووسێت زۆر باڵکێشە. بۆ نموونە ئەدەبی دژە کۆلۆنیالیی ئەفریقییەکان بە زمانی ئینگلیسی و فەڕەنسی و سپانیۆلی دەچێتە چ خانەیەکی نەتەوەیی‌یەوە؟ ئەمە لەسەر زۆر نووسەری ئەفریقی، بۆ نموونە جزایری و تونیسی کە بە زمانی فەڕەنسی دەنووسن، ڕاستە. مادام کەسانی وەک یونێسی و بەرەکات و کەمال خۆیان بە کورد دەزانن، ئەوە ئیتر زۆر زەحمەت نییە بڵێی بەرهەمەکانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی جیهانیی کوردیی ئەوانە. گەلۆ دەکرێت و ڕەوایە مرۆڤ ئەدەبی کوردی لە ئینجە مەمەد و یارباقی دیدار باقی و کۆیلەکانی شەنگال بێبەش بکات؟ هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی بەرچاوی زمان لە بەرهەمهێانی ئەدەبیدا و ئەو ڕاستییە کە لە هەلومەرجی دیاریکراوی کوردانددا زمان ڕۆڵێکی بڕیاردەری هەیە، مرۆڤ دەتوانێت لە دڕدۆنگیی کەسانێک لە بەرانبەر ئەم نووسەرانەدا تێ بگات. گرنگە ئێمە لە پانتاییی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەڕوانینە بەرهەمی ئەم جۆرە نووسەرانە کە لەبەر زۆر هۆکار نەیانتوانیوە بە کوردی بنووسن، بەڵام کوردیان بە جیهان ناساندووە. بە باوەڕی من کۆیلەکانی شەنگالی سەلیم بەرەکات زیاتر لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی کوردی توانیوێتی پەردە لەسەر جینایەتی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵگرێت لەسەر ئەو تاوانەی دەرحەق بە گەلی کوردی ئێزیدی کرا. حەمەدۆکی یاشار کەمالیش لەو یاسایە لا نادات و هەزار ساڵی تورکانی

شۆڤێنیست حاشا لە کوردان بکەن، ئەوە هەبوونی کوردان لە وەڵاتی خۆیان بە هۆی ئەم ڕۆمانەوە سەلمێندراوە. مرۆڤ دەکرێت پرسیار بکات گەلۆ کامە ڕۆمانی کوردی دەتوانێت شان لە شانی ڕۆمانەکەی ئیبراهیم یۆنسی بدات لە بەمێژوویکردنی بەسەرهاتی بنەماڵەی موعینییەکاندا؟

*ئاخۆ ئەدەبیاتی کوردانی خۆراسان وەک ئەدەبی تاراوگە دێتە ئەژمار؟*



بۆ نا؟ بەڵام ئایا کۆمەڵگەی کوردانی خۆراسان هێشتاش تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاسپۆرایی‌یان تێدا هەیە؟ ئایا ئەوان بەراستی دەیانەوێت بگەڕێنەوە کوردستان؟ ئایا شتی ئاوا هەر دەکرێت؟ بە باوەڕی من نا. ئەوان ئیتر لەوێ نیشتەجێ بوونە و ڕەنگە هەر ئەوەی کە توانیویانە تایبەتمەندییە زمانی و فەرهەنگییەکانی خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر بپارێزن شایانی ڕێز و بەسەرکردنەوە بن. ئەوان ئیتر نیشتەجێی خۆراسانن و دەکرێ مرۆڤ بیر لە مافە زمانی و نەتەوییەکانیان بکاتەوە لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان.

*ئەدەبیات و شوناس دوانەی لێکدانەبڕاون، ئەدەبیاتی تاراوگە چ کارتێکەرییەکی لەسەر شوناسی نەتەوەی کورد هەبووە؟!*



ڕاستییەکەی ئەوەیە ناکرێت ڕادەی کارتێکەریی بەرهەمی ئەدەبی لە خەمڵاندن و دارشتنی ناسنامەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەرچاو (ئۆبجێکتیڤ) ئەندازە بگیرێت. ئەگەر گریمانەی کاریگەریی ئەدەب لە ئافراندن و سازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دروست بێت، کە بە باوەڕی من دروستە، ئەوە بەشداریی کارای ئەدەبیاتە لە دارشتن و ئاراستەکردنی گوتارێکی بەربڵاو کە تێیدا زەینی خوێنەران دەکەوێتە ژێر باندۆری ئەم گوتارە و ئاکامەکەی دەبێت بە سازبوونی ناسنامەیەکی جیاواز لە ئەوانی دیکەی ئەو ناسنامە سازکراوەیە. بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی کورتی دیاسپۆرای کورد لە سەردەمی نوێدا ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە بەرهەمگەلێکی ئەدەبی بکات کە پاڵنەری سازبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بووبن. لەبیرمان نەچێت کە هەتا بەرهەمگەلی ئەدەبی لە ڕەوتێکی دیاریکراودا نەبن بە گوتارێکی ناسنامەساز، ناکرێت لە ئامادەبوونی ئەدەبیاتی تاراوگەی کوردی لەم ڕەوتەدا قسە بکەین. من دەزانم دەیان ڕۆمانی کوردی، بەتایبەتی کورمانجی، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە دیاسپۆرا چاپ بوونە. بەڵام نازانم ئەم ڕۆمانانە چەندە خوێندراونەوە و چەندە کاریگەر بوونە لەسەر سازبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لانیکەم لە بەشێکی کوردستاندا. بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ لێکدانەوەی جیهانی ئەم گێڕانەوانە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی زەین و سووژەی کورد و گۆڕانکارییەکانی لە ڕەوتێکی مێژووییدا. بە واتایەکی دیکە بەرهەمی ئەدەبی دەتوانێت بۆخۆی ئەو بەستێن و گوتارە بێت کە تێیدا ڕەوتی وەبەریەککەوتنی ناسنامەکان نیشان بدرێت و چەمکەکانی ژین سیاسەت و ژین هێز ئامادەیی خۆیان لە گۆڕەپانی سازکردنی زەینییەتی کوردیدا دەر بخەن. کاتێک دەڵێین نەتەوە دواجار بریتییە لە زەینییەت و ئیرادەیەکی هاوبەش، ئەوە بێگومان ئەدەبیات و گێڕانەوەی ئەدەبی پشکی شێری لە بیچمپێدانی ئەم زەینییەتە بەر دەکەوێت. ئەدەبی تاراوگەش لەو پرەنسیپە بەدوور نییە. هەندێک بەرهەمی گێڕانەوەی ئەدەبی لە فۆڕمی بیرەوەریدا کارتێکەرییەکی بەرچاویان

له خۆناسینی کوردەکان له تاراوگەدا هەبووە. کوردبوونی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، سێبەری قەڵەبەرد لەسەر ئاڵمانە و تاڵەسواری مەلەکە مستەفا سوڵتانی، مانای ژیانمی کوبرا عەزیمی، دەچمەوە ساباڵاغی شیلانی حەسەنپوور و هتد. لێکدانەوەی ئەم دەقانە دەتوانێت یارمەتیدەری تێگەیشتن لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەی کورد بێت بۆ سەقامگیرکردنی جۆرێک لە سەروەریی سیاسی لە چەند دەیەی ڕابردوودا. ئەو ڕاستییە کە ئێستا ئیتر بەرهەمگەلی چاپکراو لە دیاسپۆرای کوردی بە هاسانی لە ناوخۆی وەڵاتیش بە چاپکراوی یان بە پی دی ئێف دەتوانن بەردەست بن، سنوورەکانی ئەدەبی تاراوگە و ناوخۆ زۆر کاڵ دەکاتەوە. هەر بۆیە زۆر گرنگە لە پێناسەی چەمکییانەی ئەدەبی تاراوگە و ناوخۆدا زیاتر لە جاران هەستیار بین.

*ئێمە له تاراوگه نەوەی سێیەمان هەیە، ئەدەبی تاراوگە چ کارتێکەرییەکی لەسەر شوناسی کوردانی تاراوگە داناوە؟!*



ئەزموونی زۆر کۆمەڵی دیاسپۆرایی نیشانی داوە کە لە جیلی سێیەم و چوارەمەوە هێدی هێدی دیاردەی ئاوارەیی ئەو گرۆتینەی نامێنێت کە جیلی یەکەم و دووەم هەیانبووە. جیلی سێیەم و چوارەم لە باری زمانی و شێوازی ژیانەوە سەرقاڵی پرسگەلێکی دیکە دەبێت. دیاسپۆرای بەهێزی سوێدییەکان لە ئامریکا هیچ ئاسەوارێکی نەماوە. ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا بۆ نموونە لە مینێسۆتای ئامریکا خەڵکانێک دەژین کە چەند جیل لەوە پێشتر بە زمانی سوێدی ڕۆژنامەیان دەر دەکرد و لە کەنیسەکانی خۆیاندا بە سوێدی عیبادەتیان دەکرد. هۆکاری ئەم دیاردەیە تەنێ پرسی جیل و نەوەی سێیەم و چەندەم نییە. ئەگەر دیاسپۆرای یەهوودی، ئەرمەنی، یۆنانی و ئیرلەندی لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە هێشتا ئەم کۆمەڵە دیاسپۆراییانە بە جۆرێک برەویان هەیە و وەک جۆرێک لە لۆبی بۆ وەڵاتەکانی خۆیان تێدەکۆشن. من گومانم نییە کە پرسی ئەدەب و زمان لە نێویاندا هێشتا باوی ماوە و گرنگیی پێ دەدرێت. ئەمە لە کاتێکدایە دیاسپۆرای کوردی لە باری زمانی و داهێنانی ئەدەبییەوە هەر لە جیلی دووهەمەوە تووشی جۆرێک لە شەکەتیی بووە. ئەگەرچی ئەم بوارە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، بەڵام ئاماژەکان زۆرن بۆ ئەوەی ماندوویی کۆمەڵی دیاسپۆرایی کوردی لە وەڵاتانی ڕۆژاواییدا بە سانایی ببینین. چاو لە ژمارەی ئەو کوردانەی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەدەبین، بکەین و بزانین لە چ ڕەوشێکداین. من نامەوێت لێرە تۆزی خەم بەبا بکەم و بە ڕەشبینییەوە بڕوانمە هەلومەرجەکە. بەڵام ناتوانم غەمبار نەبم، کاتێک بەشی کوردیی ڕادیۆ سوێد دادەخرێت دەنگ لە ئاسنەوە بێت، دەنگ لە کۆمەڵگەی کوردیی سوێدییەوە نایە. ناتوانم غەمبار نەبم کە ژمارەی بینەرانی گرتەیەکی گرنگی زمانی و ئەدەبی لە سۆسیال مێدیادا بە زەحمەت دەگاتە ٢٠٠ کەس. ناتوانم غەمبار نەبم کە ژمارەی چاپی کتێبی کوردی لە دەرەوەی وەڵات بە زەحمەت دەگاتە ١٠٠ دانە. تێبینییەکانی خۆم لەم بارەیەوە نیشان دەدەن کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە کتێبخانەکانی سوێد کتێبی کوردی وەردەگرن هێندە کەمە، کە کتێبخانەکان ئیتر بەدەگمەن کتێبی کوردی دەکڕن. ژمارەی ئەو منداڵانەی دەچنە خوێندنگە و زمانی کوردی دەخوێنن، هێندە کەمە مرۆڤ تووشی خەمۆکی دەبێت. ژمارەی ئەو کەسانەی گرنگی بە زمانی کوردییەوە دەدەن و لە ئاستی باڵادا دەیخوێنن هەمدیسان هیوابەخش نییە. ئەمە لە کاتێکدایە دەرەتانی تایبەت بۆ ئەم

کارانە لە وەڵاتی سوید بەتەواوی بەردەستە. جا ئەگەر ئیستا ئاوا بێت، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە نەوەی سێیەم و چوارەم چۆن دەبن. ئەگەر بێتوو تێکەڵاوییەکی بەرچاو لەنێوان کۆمەڵی دیاسپۆرای کوردی و وەڵاتەکەیاندا نەبێت، ئەوە ئەستەمە باوەڕ بکەین کە ئەوان بتوانن لە چەند دەیەی داهاتوودا زمان و ناسنامەی خۆیان بپارێزن. ئەمەش پرسێکە سەرنجی تایبەت و تێگەیشتنی هەمەلایەنەی دەوێت.

*ئەدەبیاتی دیاسپۆرا چۆن یارمەتیی پاراستنی شوناسی کولتووریی نەتەوە بندەستەکان دەدات؟*



ناباکۆڤ و سۆڵژێنیتسین کاتی خۆی بوون بە دەنگی ئەدەبیانەی هاواری دژە تۆتالیتاریستی لە یەکییەتیی سۆڤیەتیی پێشوودا. ئەوان بە داهێنانی ئەدەبی، سنوورەکانی جیهانیان خستە ژێر کارتێکەریی جیهانە خەیاڵییەکانی گێڕانەوەکانیان. جەیمز جۆیسی ئیرلەندی لە پاریس دابلین دەکاتە ئەو شارەی کە هەموو جیهانی پێوە سەرقاڵ بکات و جۆیسناسیی ببێتە جۆرێک لە دیسیپلینی ئەدەبی. ئەگەر لە سەردەمی کلاسیکدا دانتێ لە زەمهەریری دوورەوەڵاتیدا توانیی بە کۆمێدی ئیلاهییەکەی نەک هەر مانا بە بوونی خۆی بدات، بەڵکوو زمانی دوارۆژی نەتەوەکەشی بئافرێنێت ئەوە لە باری هزری و تیۆرییەوە ئەو ئیمکانەی بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرتووە کە پەرجوو تەنێ کاری نێردراوانی خودا نییە و ئەدیبانیش دەتوانن بە پەرجووی ئەدەب ناسنامە و بوونی نەتەوەکانیان بپارێزن. ڕەنگە ڕێک لێرەدا بێت کە هەست بکەین بەرهەمی ئەدەبیی سەرکەوتوو چۆن لایەنی جیهانی و ناوچەیی لێک گرێ دەدات و دابلینی جۆیس دەبێت بە شاری هەموو خوێنەرانی جیهان و لە هەمان کاتدا پێناسەی ئیرلەندییەکان و پێتەختی ئیرلەند. تۆ بەسەرهاتی خۆت ئەوەندە ئەدیبانە بگێڕەوە و شار و گوندی خۆت واها ئەدیبانە بئافرێنەوە کە هیچ کەس نەتوانێت لە زەینی تۆدا بیسڕێتەوە. لێرەدا دوو پێداویستیی سەرەکی دەبێ ئامادە بن: ١. نووسەری توانا، ٢. خوێنەری زانا. ئەم توانایی و زاناییە کەی دەبن بە خاوەن گوتاری زاڵی دونیای ژین و گێڕانەوەی کوردی؟ ئەگەر بە ئاگاییەوە قۆڵ بۆ دابینکردن و وەدیهێنانی ئەم پێداویستییانە هەڵ نەکەین، ئەستەمە بە شانس و بەخت و هەڵکەوت بە مراد بگەین.

*ئەدەبیاتی دیاسپۆرا لە چ ڕوویەکەوە وەکوو کەرەستەیەک بۆ بەرگری و تواناسازی لەنێو نەتەوە بندەستەکان کار دەکات؟*



گێڕانەوەی سەردەستەکان و گێڕانەوە باڵادەستەکان ویستوویانە چارەی نەتەوەی بندەست بە گوێرەی ویستی خۆیان بنووسنەوە. پێچەوانەی ئەم ڕەوتە دەتوانێت ببێتە ئەرکی پیرۆزی بەرچاوروونکەرەوەی ئەدەبی ناوخۆیی و تاراوگەیی. کە تۆ توانیت ‹شتەکان هەڵ دەوەشێنەوە›ی چینوۆا ئاچیبێ بەرهەم بێنی، ئەوە پشتی باڵادەستیت شکاندووە و بەژنی بندەستیت ڕاست کردووەتەوە. ئەدەبی دیاسپۆرای سەرکەوتوو و پەرەگرتوو و ئاوڕلێدراوە دەتوانێت وزەی شاراوەی مرۆڤی کورد بخاتە نێو ڕووباری خرۆشانی هاواری مافی لەدەستچوو. ئەم هاوارە دەبێ دواجار ببیسرێت. پرس ئەوەیە هەتا بۆخۆمان یەکدەنگ هاوار نەکەین، کەس گوێبیستمان نابێت. ئەگەر کوردانی ناوخۆ ڕۆژێک بیستیان کە دەنگی کپکراوی ئەوان لە دوورەوەڵاتەکاندا دەبیسترێت، ئەوە هەنگاوی پێویست لەم ڕێڕەوەدا هەڵێندراوەتەوە. ئەمەش کاتێک

Djelal Kadir, “Comparative Literature in a World Become Tlon.” Comparative Critical Studies 3. 1-2 (2006): 127
Fazeli, Nematollah. Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the Twentieth Century New York: Routledge, 2006.
Frank, Andre. Capitalism and Underdevelopment in Latin America New York: Monthly Review Press. 1970.
Gambetti Zwynep. “Decolonizing Diyarbakir: Culture, Identity and the Struggle to Appropriate Urban Space.” In Comparing Cities the Middle East and South Asia, edited by Kamran Ali and Martina Rieker, 97-129. Oxford: Oxford University Press, 2010.
Ghazoul, Ferial Jabouri. “Comparative Literature in the Arab World.”Comparative Critical Studies 3, no.1 (2006): 113-124.
Gould, Rebecca Ruth. “The Geography of Comparative Literature.” Journal of Literary Theory 5, no.2 (2011): 167-186.
Green, Nile, editor. The Persianate World: The Frontiers of a Eurasian Lingua FrancaOakland, CA: University of California Press. 2019.
Ḥadīdī. Javād. ‘Irān dar ‘Adabīyāt-i FarānceMashhad: Dānishgāh-i Mashhad, 1967.
Ḥadīdī, Javād. ‘Islm ‘az Naẓar-i VoltaireMashhad: al-‘Adab al-c Arabī al-Muqāran. Amman: Dār al-Kiriml, 1985.
Anushiravani, Alireza. “Comparative Literature in Iran.” Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East 32, n.3 (2012): 484-491.
Anushiravani, Alireza. “Nāsāmānegī-ye ‘Adabīyyāt-i Taṭbīqī dar ‘Irān”. ‘Adabīyyāt-i Pārsī-ye Muc āṣir 9, no.1 (2019): 79-110.
Asgharzadeh, Alireza. Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism, and Democratic StrugglesNew York: Palgrave Macmillan. 2007.
BBC. “’Intiqād-i Āyatollah Khāmene’ī ‘az Tarvīj-i Zabān-i ‘Inglīsī dar Iran.” May 2, 2016 http://www.bbc.com/persian/iran/2016/05/160502_l10_khamenei_english_language
» http://www.bbc.com/persian/iran/2016/05/160502_l10_khamenei_english_language
BBC. “Hadf-i Nām-i Foroūgh-i Farrokhzād ‘az Kitāb-i Shācirān-i ‘Irān va Jahān.” Apr 21, 2010. https://www.bbc.com/persian/arts/2010/04/100421_l17_forough_name_dropped
» https://www.bbc.com/persian/arts/2010/04/100421_l17_forough_name_dropped
BBC. “Humanities courses cut at Iranian university.” Aug 15, 2011 https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-14512745
» https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-14512745
Behnām Jamshīd. “‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Mehr8, 12 (1953): 715-716.
Behnām Jamshīd. “‘Anvāc-i ‘Adabī: ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Mehr 8, 10 (1952): 598-600.
Behnām Jamshīd. Adabīyāt-i Taṭbīqī Tehran: Mascūd-i Sacd, 1953.
Beşikçi, Ismail. Devletlerarası Sömürge Kürdistan Paris: Inistitute Kurde De Paris, 1990.
Blauner, Robert. “Internal Colonialism and Ghetto Revolt.” Social Problems 16, no.4 (1969): 393-408.
Boroujerdi, Mehrzad. “Contesting nationalist constructions of Iranian identity.” Critique: Critical Middle Eastern Studies 7, no.12 (1998): 43-55.

105-140.
Khezri, Haidar. “Theory, Time and Space in Comparative Literature in Iran,”Proceedings of the IV . ICLC: Meeting of Cultures and Values, eds. Adnan Karaismailoglu and Yusuf Öz. Kırıkkale University, (2013): 321-338.
Khezri, Haidar. Al-‘Adab alMuqāran fī Irān va al-c Alam al-c Arabī. Tehran: SAMT, 2013.
Kurt, Mehmet. “My Muslim Kurdish brother: Colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey.” Journal of Balkan and Near Eastern Studies 21, no.3 (2019): 350-365.
Love, Joseph. “Modeling internal colonialism: History and prospect.” World Development 17, no.6 (1989): 905-922.
Maḥfūẓ, Hussein-cAlī. Mutanabī va Sac dī. Tehran: Rovzaneh, 1957.
Makkī, al-Ṭāhir. Muqaddima fī al-‘Adab al-‘Islāmī al-Muqāran Cairo: cAyn, 1994.
Makkī, al-Ṭāhir. Naḥwa ‘Adab ‘Īslāmī Muqāran Cairo: Dār al-Macārif, 1989.
Marquard, Leo. South Africa’s Colonial Policy Johannesburg: Institute of Race Relations. 1957.
McClennen, Sophia & Slaughter, Joseph. “Introducing Human Rights and Literary Forms; or, The Vehicles and Vocabularies of Human Rights.” Comparative Literature Studies 46, no. 1 (2009): 1-19.
McClennen, Sophia A. “The Humanities, Human Rights, and the Comparative Imagination.”CLCWeb: Comparative Literature and Culture9.1 (2007): https://doi.org/10.7771/1481-4374.1024
» https://doi.org/10.7771/1481-4374.1024
Mīrzā’ī, Farāmarz, and cAlī Salīmī. “Taḥlīl-i Muḥtavā’ī-ye Maqālehāye ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī (cArabī va Fārsī). Kāvush-nāmeh, Yazd: Danishgāh-i Yazd, 2010.
Mirzababazadeh-Fomeshi, Behnam. “Comparative Literature as Practiced in Iran.” Revista Brasileira de Literatura Comparada 19, n. 30 (2017): 149-163.
Moḥaqiq, Mehdī. “Iran Bunyānguzār-i ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī dar Duniyā ‘Ast”. SNN, May 28, 2008 snn.ir/00 00ze.
Dānishgāh-i Mashhad , 1964.
Ḥadīdī. Javād. Barkhurd-i ‘Andīshihā Tehran: Ṭūs, 1978.
Ḥakīmzādeh, Rezvān. Worūd-i “Test-i Basandegī-ye Zabān-i Fārsī” be Sanjesh-i Salāmat-i Nov Āmūzān dar Dastūr-i Kār.” ISNA, May 29, 2019.
Ḥarīrī, Fāris ‘Ībrāhīm. Maqāmeh Newīsī dar ‘Adabīyāt-i Fārsī va Ta’thīr-i Maqāmāt-icArabī dar Ān. Tehran: Dānishgāh-i Tehrān, 2004.
Hemmat, Kaveh. “Review Essay: Completing the Persianate Turn.” Iranian Studies2020; DOI: 10.1080/00210862.2020.1810385
» https://doi.org/10.1080/00210862.2020.1810385
Ḥikmat, cAlī-Aṣghar. Romeo va Juliet-i William Shakespeare; Muqāyese bā Laylā va Majnūn-i Nizāmī-ye Ganjavī Tehran: Brukhīm. n.d.
Hilāl, Muḥammad-Ghonaymī. ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī, translated by Murtiẓā Shīrāzī. Tehran: ‘Amīr Kabīr, 1994.
Hodgson, Marshall. The Venture of Islam, 3 vols. Chicago: University of Chicago Press, 1974.
Honarmandī, Ḥasan. André Gide va ‘Adabīyāt-i Fārsī Tehran: Zuwwār, 1970.
Honarmandī, Ḥasan. Bunyād-i Shic r-i Nuv dar Farānce va Payvand-i ān bā Shic r-i Fārsī. Tehran: Zuwwār, 1971.
Honarmandī, Ḥasan. Safarī dar Rikāb-i ‘Andīsheh Tehran: Zuwwār, 1972.
Isstaif, Abdul-Nabi: al-c Arab va al-‘Adab al-Muqāran, Damascus: al-Haīy’a al-cĀmma al-Sūrīya lil-Kītāb, 2007.
Jamāl-al-Dīn, Muḥammad-al-Sacīd. Al-‘Adab al-Muqāran Cairo: Dār al-‘Ittīḥād, 1989.
Kafāfī, Muḥammad cAbd al-Salām, Fī al-‘Adab al-Muqāran Beirut: Dār al-Nahḍa al-cArabīya, 1971.
Kasravī, Aḥmad. “Mā va Hamsāyegān.” Parchameh Haftegī 6, no.5 (1944): 1-5.
Khezri, Haidar. “Arabic Comparative Literature: Intersections with West Asian Literature,”Alif: Journal of Comparative Poetics, no.35 (2015): 40-67.
Khezri, Haidar. “Min al-Qāhira ‘ilā Ṭahrān: ‘Istiqbāl al-‘Adab al-Muqāran al-cArabī fī Irān,” ‘Āfāq al-Ḥaḍāra al-‘Islāmīyya, 22, n.1 (2020):

Language Policy and Language Rights in Kurdistan-Iran," In Etudes Kurdes, edited by Salih Akin, 95-130. Paris: Institut Kurde, 2019.
Soleimani, Kamal and Mohammadpour, Ahmad . "Can non-Persians speak? The Sovereign's Narration of "Iranian Identity." Ethnicities 19, 5 (2019): 925-947.
Soleimani, Kamal, and Mohammadpour Ahmad . "Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat," Brtish Journal of Sociology, (2020): 1-20.
Spivak, Gayatri Chakravorty. Death of a Discipline New York 2003.
Tavakoli-Targhi Mohamad. "The Homeless Texts of Persianate Modernity,"Cultural Dynamics 2001;13(3):263-291.
Tavakoli-Targhi, Mohamad. Refashioning Iran Orientalism, Occidentalism and Historiography Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2011.
The Guardian. "Iran bans the teaching of English in primary schools, official says." Jan 7, 2018. https://www.theguardian.com/world/2018/jan/07/iran-bans-teaching-english-primary-schools-official-says
» https://www.theguardian.com/world/2018/jan/07/iran-bans-teaching-english-primary-schools-official-says
The NYT. "Iran Bans English in Primary Schools to Block 'Cultural Invasion." Jan 7, 2018. https://www.nytimes.com/2018/01/07/world/middleeast/iran-english-schools.html
» https://www.nytimes.com/2018/01/07/world/middleeast/iran-english-schools.html
Velek, Rene, and Austin Warren. Naẓarye-ye 'Adabīyāt, translated by Ẓīyā' Muvaḥid and Parvīz-i Muhājir. Tehran: 'Intishārāt-i cElmī va Farhangī, 1994.
Yüksel, Ayse. "Rescaled localities and redefined class relations: Neoliberal experience in South-East Turkey." Journal of Balkan and Near Eastern Studies 13, no.4 (2011): 433-455.
Zainīvand, Toūraj. "Maktab-i 'Īrānī-ye 'Adabīyāt-i Taṭbīqī." Hamāyesh-i Pazhūhishhāye 'Adabī 6, Shahid Beheshti University Press, 1391.
Zainīvand, Toūraj. Al-'Adab al-MuqāranTehran: Yār-i Dānish, 2013.
* https://www.scielo.br/j/rblc/a/KytrQkvR7Fpr-zSzPyNqdcKw/
Mubārak, Zakī. al-Muvāzanah Bayna al-Shucarā'. Beirut: Dār al-Jīl, 1993.
Nahed Hashem: Post-colonial Reading of Ghada Al Samman: A Comparative Study in the Light of Edward's Said's Theory, M.A dissertation, University of Damascus, 2010.
Najafī, 'Abu-al-Ḥasan. Ghalaṭ NanevīsīmTehran: Markaz-i Nashr-i Dāneshgāh-ī, 1987.
Nidā, Ṭāhā. al'Adab al-Muqāran Beirut: Dār al-Nahḍa al-cArabīya, 1973.
Palumbo-Liu, David. "Ethics before Comparison." Comparative Literature 72, no. 3 (2020): 259-271.
Parvīnī, Khalīl. al-'Adab al-Muqāran Tehran: SAMT, 2013.
Peckham, Robert. "Internal colonialism: Nation and region in nineteenth-century Greece." In Balkan Identities: Nation and Memory, edited by Maria Todorova, 41-59. New York: New York University Press, 2004.
Pinderhughes, Charles. "Toward a New Theory of Internal Colonialism," Socialism and Democracy 25, no.1 (2011): 235-256.
Portes, Alejandro, and Bach, Robert . Latin journey Berkeley, CA: University of California Press 1985.
Radio Farda. "Āmūzish va Parvarish Tadrīs-i Zabān-i 'Inglīsī dar Madāris-i 'Ibtedā'ī rā Mamnūc 'Iclām Kardeh 'Ast." Oct 12, 2019. https://www.radiofarda.com/a/30212923.html
» https://www.radiofarda.com/a/30212923.html
Radio Farda. "Rouḥānī dar Barābare Khamene'ī?" Nov 9, 2020. https://www.radiofarda.com/a/f8-rouani-recent-positions-at-odd-with-khamenei/27716180.html
» https://www.radiofarda.com/a/f8-rouani-recent-positions-at-odd-with-khamenei/27716180.html
Ṣābirī, cAlī. Al-'Adab al-Muqāran Tehran: Sharḥ, 2007.
Said. Edward. "Edward Said, an American and an Arab, writes on the eve of the Iraqi-Soviet peace talks", London Review of Books, Vol. 13 No.5 .7 March 1991.
Sājidī, Ṭahmūrith. 'Az 'Adabīyāt-i Taṭbīqī tā Naqd-i 'Adabī Tehran: 'Amīr Kabīr, 2008.
Sheīkhī, cAlīrezā. al-'Adab al-MuqāranTehran: Payām-i Noūr, 2008.
Sheyholislami, Jaffer. "Language as a Problem:

# ڕەخنە چییە؟

## وانەوتاری ئەنجوومەنی فەڕەنسیی فەلسەفە (١٩٧٨)

میشێل فوکۆ

وەرگێڕان: فاتح سەعیدی

**هانـــری گوئیە:** بەڕێـــزان و خۆشەویســـتان، ســـەرەتا دەمەوێت سوپاسی ســـەیدا میشێل فوکۆ بکەم کە ئەم دانیشـــتنەی لەناو بەرنامە کارییـــە پـــڕ و چڕەکەی خۆی بۆ ئەمســـاڵ گونجانـــدووە، بەتایبەت بۆ ئەوەی کە نزیکەی دوو ڕۆژ دوابەدوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دووروودرێژ بۆ ژاپۆن، لەم کۆبوونەوەدا بەشداری کردووە. ئەم ئاماژەیە نیشانی دەدات کە بۆچی داوەتنامەی ئەم کۆڕە هێندە کورت و پوخت ئامـــادە کـــراوە. وتارەکەی فوکۆ لەڕاســـتیدا چاوەڕوان‌نەکـــراوە و دەکرێ وایدابنێین کە بۆ ئێمە تەواو سەرنجڕاکێشـــە؛ کەواتە بۆ بیستن و چێـــژ وەرگرتن لـــەم بابەتـــە، هێندەی تر چاوەڕوان ناتانهێڵمەوە.[١]

**میشـــێل فوکۆ:** زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم کە بۆ ئەم کـــۆڕە و بۆ بەردەم ئـــەم ئەنجوومەنە بانگهێشتتان کردووم. وا بزانم پێشتر، نزیکەی دە ســـاڵ لەمەوبەر، هەر لێرە و سەبارەت بە نووسەر چییە؟[٢] قسەم کردووە.

بۆ ئەم پرســـیارەی کە ئەمـــڕۆ دەمەوێت لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، هیچ ناونیشانێکم دانەناوە. بەڕێز گوئیە بە چاوپۆشـــی کردنەوە ویســـتی پێتـــان بڵێت کە ســـەفەری من بۆ ژاپۆن هۆی ئەم کارە بووە. لەڕاســـتیدا، ئەمە شـــێوەیەک لە تەنک کردنـــەوەی نەرمونیانی هەقیقەتە. دەبێ بڵێم هەتا ئەم ڕۆژانەی دوایی، بەدژواری دەمتوانی ناونیشـــانێک بۆ بابەتەکە پەیـــدا بکەم؛ یان بە واتایەکـــی وردتر، یەک ناونیشـــان مێشـــکی منی بە خۆیەوە گیرۆدە کردبوو، بەڵام نەمدەویســـت هەڵیبژێرم. دواتر دەبینن کە بۆچی ناونیشانەکە نابەجێ بوو.

لەڕاستیدا ئەو پرســـیارەی کە دەمویست لەبارەیەوە قســـەتان بۆ بکەم و هەتا ئێستاش خوازیـــاری ئـــەوەم، ئەمەیە: ڕەخنـــە چییە؟ بەجێگەیـــە بـــاس لـــە چەنـــد بیرۆکەیەک سەبارەت بەم بەرنامەیە بکەم؛ ئەو بەرنامەیەی کە لە ســـنوورە دوورەکانی فەلسەفەدا، تەواو لە نزیکیدا، تـــەواو دژ بە ئەو، بـــە ئەندازەی نرخەکەی، لە ڕێڕەوی فەلسەفەی دوارۆژدا و ڕەنگە لەجیاتی هەر فەلســـەفەیەکی گونجاو، بێوچان بیچـــم دەگرێت، پەرە دەســـتێنێت و ســـەر لە نوێ لەدایک دەبێتـــەوە. لەنێوان بەرنامەیەکـــی ترەنســـێندێنتاڵی [بـــەرزی] کانتیی و ئەو وردەچالاکییە مشـــتومڕهەڵگر و لێهاتووانـــە کە ڕەخنەیان نـــاو لێناوە؛ وا بۆی دەچـــم کە لە دنیای ڕۆژئـــاوای مۆدێرندا (بە شـــێوەیەکی ئەزموونـــی، کەم تـــا زۆرێک لە ســـەدەکانی پانزە ـ شانزە بەدواوە) شێوازێکی دیاریکـــراو لـــە بیرکردنـــەوە، قســـەکردن و ئەنجامدان، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو شـــتەی کـــە هەیە، لەگـــەڵ ئەوەی ئێمـــە دەیزانین، لەگەڵ ئەوەی ئەنجامی دەدەین لە ئارادا بووە؛ پەیوەندییەک لەگەڵ کۆمەڵگا، لەگەڵ کولتوور و هەروەها پەیوەندییەک لەگەڵ ئەوانی دیکە هەبووە کە دەکرێ بە واتایەک هەڵوێستەیەکی ڕەخنەگرانەی پێ بگووترێت. هەڵبەت، ئێوە لە بیستنی ئەم گووتەیە سەرتان سووڕ دەمێنێت کە شتێک وەکوو هەڵوێستەیەکی ڕەخنەگرانە هەبـــێ کە تایبەت بە ژیاری مۆدێرن بێت، لە کاتێکدا فرەیەک هەڵســـەنگاندن و زۆر بابەتی مشتومڕهەڵگر و لەم چەشنە هەبووە و تەنانەت ئاخێزگەکانی کێشـــە کانتییـــەکان بێگومان بۆ زۆر پێشـــتر لە ســـەدەکانی پانزە و شانزە دەگەڕێنـــەوە. هەروەها لەو هەوڵەی کە هەمە هەتا لـــەم ڕەخنەدا یەکیەتییـــەک بدۆزمەوە ڕەنگە سەرتان ســـووڕ بمێنێت؛ لە کاتێکدا وا دێتـــە بەرچاو ئەم ڕەخنەیە لەبەر سروشـــت، کارکرد، هەروەها ڕەنگە بتوانم بڵێم، لەبەر ئەو لێهاتوویی‌یەی کە هەیەتی ناچار بە پرشوبڵاویی، پاشکۆبوون و ئەویدیســـالاریی پەتی دەبێت. لەگەڵ هەمـــووی ئەمانەدا، ڕەخنـــە تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ شتێک جگە لە خۆی بوونی هەیـــە: ڕەخنە ئامرازە، کەرەســـەیە بۆ دوارۆژ یان بـــۆ هەقیقەتێک کە ڕەخنە نازانێت چۆن ڕوو دەدات و هەروەهـــا ڕەخنە ئـــەم دوارۆژ یـــان هەقیقەتەش نییە، ڕەخنـــە تێڕوانینێکە

بەسەر ئەو هەرێمەی کە دەیەوێت تیایدا وەک پۆلیس بێت، بەڵام ناتوانێت بەڕێوەی بات. لەبەر هەمووی ئەمانە، ڕەخنە وەک کارکردێکی لێ دێت کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتانەی کە فەلسەفە، سیاسەت، ڕەووەشت، یاساکان، ئەدەبیات و هتد، بە شێوازێکی ئەرێنی پێکی دێنن، کارکردێکی ژێردەست و ناسەرەکی هەیە. هەروەها لە هەمان کاتدا، دەستکەوتە خۆشەکان یان قەرەبووکردنەوەی هاوڕێ لەگەڵ ئەم چالاکییە پەیجورەی ڕەخنە هەر چییەک بن، وا دێتە بەرچاو کە ڕەخنە هەتا ڕادەیەک بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، و زۆربەی کات هەمیشە، نە تەنیا هەڵگری ئەو شێوە وشکی و قسەڕەقییە بەکەڵکەیە کە داخوازی لێ دەکات، بەڵکوو هەروەها لەڕێگەی جۆرێک حوکمی گشتییەوە ـ زۆر گشتیتر لە سڕینەوەی هەڵەکان ـ پشتگیری لێ دەکرێت. لە ڕەخنەدا شتێک هەیە کە لە بایەخ [فەزیلەت] دەچێت. بۆیە ئەو شتەی کە دەمویست لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، لە لایەنێکەوە، هەر ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی وەکوو بایەخ [فەزیلەت] دەردەکەوێت.

ڕێگەگەلێکی فرە بۆ قسەکردن لەسەر مێژووی ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانە بوونی هەیە. تەنیا دەمەوێت ئەم ڕێگایە کە لەنێوان زۆر ڕێگای تردا ڕێگەیەکی گونجاوە، بە ئێوە پێشنیاز بکەم. پێشنیازەکەی من ئەمەیە: شوانکارەیی مەسیحی، یان کڵێسەی مەسیحی، لەبەر ئەوەی هەڵسووکەوتێکی بەتایبەت و ڕێک سەپانانەی بلاو دەکردەوە؛ هەروەها ئەم بیرۆکەیە کە بە بڕوای من بیرۆکەیەکی تاک و تەواو جیاواز لە کولتووری کۆن بوو، پەرەی سەندبوو: دەبێ بەسەر هەر تاکێک لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە هەتا کۆتایی ژیان، جا لە هەر تەمەن یان پێگەیەکدا بێت، هەروەها بەسەر هەموو وردەکارەکانی ژیانیدا حکومەت بکرێت و دەبێ ئەم تاکە بهێڵێت کە بەسەریدا حکومەت بکرێت؛ واتە لە لایەن کەسێکەوە کە تاک پەیوەندییەکی هەمەلایەنە و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی زۆر ورد پەیوەندییەکی گوێڕایەڵانەی لەگەڵدا هەیە، بەرەو ڕزگاربوون ڕێنوێنی بکرێت. دەبێ ئەم کرداری ڕێنوێنی بە مەبەستی ڕزگاربوون کە پەیوەندییەکی گوێڕایەڵانەی لەگەڵ کەسێکدا هەیە، لە پەیوەندییەکی سێیانە لەگەڵ هەقیقەتدا سەیر بکرێت: ۱ هەقیقەت وەکوو دۆگما [ڕێساگەلێکی ئیمانی]؛ ۲ هەروەها هەقیقەت لەم لایەنەوە کە ڕێنوێنیکردن هەڵگری شێوەیەک لە زانینی تایبەت و بەتاککردنی تاکەکانە؛ و لە ئاکامدا ۳ هەقیقەت لەم لایەنەوە کە ئەم ڕێنوێنیکردنە وەکوو ئەو تەکنیکە ڕامانکراوە پەرەی سەندووە کە لە ڕێساگەلێکی گشتی، زانینی تایبەت، فەرمانەکان و مێتۆدەکانی ئەزموون، دانپیانان، چاوپێکەوتن و هتد پێکهاتووە. لە دوای هەمووی ئەمانە، نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەو شتەی بۆ چەندین سەدە لە کڵێسەی یۆنانی technè technôn [تەکنیکی تەکنیکەکان] و لە کڵێسەی ڕۆمەن لاتینی ars atrium [هونەری هونەرەکان] پێ دەگووترا، ڕێک ڕێنوێنی ویژدان بوو؛ هونەری حکومەت کردن بەسەر مرۆڤەکان. بەدڵنیاییەوە، ئەم هونەری حکومەتکردنە هەتا ماوەیەکی درێژخایەن پەیوەندی بە کردارگەلێکی هەتا ڕادەیەک سنووردارەوە هەبووە؛ تەنانەت لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەندی بە ژیانی ناو پەرستگاکانەوە هەبووە؛ هەروەها بەتایبەت، گرێدراوی شێوازی ڕاهێنانی هەتا ڕادەیەک بەستراوەی ناو دار و دەستە مەعنەوییەکانەوە هەبووە. بەڵام بە باوەڕی من دەکرێ بگووترێ لە سەدەی پانزەیەم بەدواوە و بەر لە بزاڤی چاکسازی ئایینی، تەقینەوەیەکی ڕاستەقینە لە هونەری حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکاندا ڕوویداوە. ئەم تەقینەوەیە بە دوو مانا بووە: یەکەم لەڕێگەی جێگۆڕکێی

ئــەو پەیوەندییەی کە بە ناوەنــدی ئایینیی هونــەری حکومەتکردنــەوە لە ئــارادا بووە، یــان ئەگەر دەتانــەوێ دەتوانیــن بڵێین بە شــێوەی ئایینجیاکردنەوە (سێکۆلارکردن) ، پەرەپێدانی هەوێنــی هونەری حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و [هەڵبژاردنی] چەند مێتۆدێک بۆ ئەنجامدانی ئەم هونەرە بووە. دووەم، تەشــەنەکردنی ئەم هونەری حکومەتکردنە بۆ رووبەری جۆراوجۆر: چــۆن حکومەتکردن بەســەر منداڵان، چۆن حکومەتکردن بەسەر هەژاران و سواڵکەرەکان، چۆن حکومەتکردن بەســەر یــەک بنەماڵە، یــەک مــاڵ؛ چــۆن حکومەتکردن بەســەر ســوپاکان، چۆن حکومەتکردن بەسەر دار و دەستە جیاوازەکان، شــارەکان، دەوڵەتەکان، چۆن حکومەتکردن بەسەر جەستە و مێشکی خۆت. بــە باوەڕی من چــۆن حکومەتکردن یەکێــک لــە پرســیارە بنەڕەتییەکانی ئەو شــتە بوو کە لــە ســەدەی پانزەیــەم یان شــانزەیەم رووی دا. پرسیارێکی بنەڕەتی کە لەرێگەی تەشــەنەکردنی تەواوی هونەرەکانی حکومەتکــردن ـــــ هونــەری پــەروەردە و فێرکاری، هونەری سیاسی و هونەری ئابووری ـ و تەشــەنەکردنی تــەواوی دامەزراوەکانی حکومەت وەڵام درایــەوە؛ حکومەت بەو مانا بەرینــەی کە ئــەم زاراوە لەو ســەردەمەدا بوویەتی.

بــەڵام وا بــۆی دەچم کــە ناکرێت لەم حکومەتمەندســازییە، کە بە باوەڕی من هەتا رادەیەک تایبەتمەندی بەرچاوی کۆمەڵگاکانی ئەورووپــای رۆژئاوای ســەدەی شــانزەیەمە، پرسیاری غچۆن حکومەت بەسەردا نەکران؟" بەڕوونی جیا بکەینەوە. مەبەستم ئەمە نییە کە لە جۆرێــک بەرەوڕووبوونەوەدا، ئەم دەربڕینە دژبەیەکــەی "ئێمە نامانەوێــت حکومەتمان بەســەردا بکرێت، ئێمە بە هیچ شــێوەیەک نامانەوێــت حکومەتمان بەســەردا بکرێت" ، دژایەتی لەگەڵ حکومەتمەندســازیدا هەبێت.

بەڵکوو مەبەســتم ئەمەیە کە لــە توێی ئەم سەرقاڵییە لە ڕادە بەدەرە سەبارەت بە شێوازی حکومەتکــردن و توێژینەوە لەمەڕ شــێوازی حکومەتکردن، پرسیارێکی هەمیشەییمان بۆ دەردەکەوێت: "چۆن بەم شــێوەیە، لەرێگەی ئەمەوە، بەناوی ئەم ڕێسایانەوە، بە مەبەستی ئــەم ئامانجانــە و بەم مێتۆدانە بەســەرماندا حکومــەت نەکرێــت؛ نــە بەم شــێوەیە، نە بۆ ئەمە، نــە لەرێگەی ئەوانــەوە"؛ هەروەها ئەگــەر بەم بزاڤــی حکومەتمەندســازییەی هــەم کۆمەڵــگا و هەم تاکــەکان، ڕەهەندی مێژوویــی و پانتاییــەک کە بە بــڕوای من هــی خۆیەتی بدەیــن، وا دێتــە بەرچاو کە دەتوانین لەنزیکەی ئــەو بابەتەدا جێگایەک بۆ ئەو شــتەی کە هەڵوێستەی ڕەخنەگرانەی پــێ دەڵێین، بکەینــەوە. لەبەرامبەر و وەکوو لایەنی بەرامبــەر، یان بــە واتایەکی وردتر، وەکــوو هەم شــەریک و هــەم دژکارییەک لەگــەڵ هونەرەکانی حکومەتکــردن، وەکوو بەرهەڵســتی کردنی ئەم هونەرانە، پەســەند نەکردنیان، ســنووردار کردنیان، دۆزینەوەی پێوەرێکی گونجــاو بۆیان، گۆڕاندنیان، گەڕان بە شــوێن ڕێگەی دەربازبــوون لەم هونەری حکومەتکردنانــە، یــان هــەر چۆنێک بێت، جێبەجێ کردنیان لەژێر ناوی گومانکردنێکی بنەڕەتی لێیان، بەڵام هەروەها و هەر لەســەر ئەم بنەمایە، تەنانەت وەکوو هێڵی گەشەکردنی هونەرەکانی حکومەتکردن، شــتێک هەیە کە لەو سەردەمەدا لە ئەورووپا لەدایکبوو، جۆرێک فۆرمی کولتووریی گشــتی، هەڵوێستەیەکی هــەم ئاکاریــی و هەم سیاســی، شــێوازی بیرکردنەوە و هتد؛ هەروەها ئەو شــتەی کە دەتوانم بەئاسانی هونەری حکومەت بەسەردا نەکــران یان هونــەری حکومەت بەســەردا نەکران بەم شــێوەیە و بەم نرخە باســی لێ بکەم. کەواتە ئەم تایبەتمەندیدانانە گشــتییە وەکوو پێناسەیەکی تەواو سەرەتایی لە ڕەخنە پێشنیار دەکەم: هونەری ئێجگار زۆر حکومەت

بەسەردا نەکران.

دواتر بە من دەڵێن کە ئەم پێناسەیە هەم زۆر گشتییە، هەم زۆر ناڕوون و نەمەییوە. بەدڵنیاییەوە! بەڵام هێشتا لەو باوەڕەدام کە ئەم پێناسەکردنە دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بتوانین چەند خاڵی ڕوونی سەرەکی لەو بابەتەدا پەیدا بکەین کە من هەوڵمداوە هەڵوێستەی ڕەخنەگرانەی پێ بڵێم. لێرەدا ئەم خاڵە ڕاگرە مێژووییانە بەم شێوەیە دیاری دەکرێن:

**۱** یەکەم خاڵی ڕاگر: لە سەردەمێکدا کە هونەری حکومەتکردن بەسەر مرۆڤەکان لە بنەڕەتەوە هونەرێکی مەعنەوی، یان لە بنەڕەتەوە کردەوەیەکی ئایینی گرێدراو بە دەسەڵاتی کەڵێسە و پەیڕەوی فەرمانەکانی کتێبی پیرۆزەوە بوو، ویستی حکومەت بەسەردا نەکران بەمگوێرەیە لە بنەڕەتەوە بە شوێن کارکردێکی تر لەگەڵ کتێبی پیرۆزەوە بوو؛ کارکردێک جگە لەو کارکردەی کە پەیوەندی بە فێرکارییەکانی خوداوە هەبوو. ویستی حکومەت بەسەردا نەکران شێوازێکی دیاریکراو لە ڕەتکردن، پەسەندنەکردن و (بە واتایەک) سنووردارکردنی دەسەڵاتی تایبەتیی کڵێسە بوو. هەروەها بە مانای گەڕانەوە بۆ کتێبی پیرۆز و گەڕان بە شوێن ئەو شتانەی کە تیایدا ڕاستن بووە؛ ئەو بابەتانەی کە بەڕاستی لە کتێبی پیرۆزدا نووسراون، پرسیار سەبارەت بەوەی کە کتێبی پیرۆز باس لە چ جۆرە هەقیقەتێک دەکات، ڕەنگە لەگەڵ ئەوەیدا کە کتێبی پیرۆز بە شێوەی نقیسارە چۆن دەکرێ تیایدا بە هەقیقەتی کتێبی پیرۆز بگەین؛ هەتا لە ئاکامدا بەم پرسیارە سادەیە دەگەین: ئایا کتێبی پیرۆز ڕاستە؟ هەروەها، بەکورتی، لە جان ویکلیفەوە[۳] هەتا پییەر بێل[۴]، ڕەخنە هەتا ڕادەیەک، و وا بۆی دەچم هەتا ڕادەیەکی زۆر و هەڵبەت نە بە شێوەیەکی تایبەت، لە پەیوەندی لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا گەشەی سەند. بە واتایەک ڕەخنە بە شێوازێکی مێژوویی پەیوەندی بە کتێبی پیرۆزەوە هەیە.

**۲** ویستی حکومەت بەسەردا نەکران دووەمین خاڵی ڕاگرە، ویستی بەم شێوەیە حکومەتنەکرانە، ویستی پەسەندنەکردنی ئەم یاسایانە، لەبەر ئەوەی ناعادڵانەن؛ چونکە لەژێر کۆنبوونی یاساکان یان لەژێر ئەو دەسەڵاتە کە کەم تا زۆر مەترسیدارەی کە حاکمی ئەمرۆیی پێیان دەدات، نارەوابوونێکی بنەڕەتی دەشارنەوە. کەوابوو لەم ڕوانگەوە، ڕەخنە لەبەرامبەر حکومەت و فەرمانبەردارییەکدایە کە حکومەت بەمەرج دایناوە؛ لەهەمبەر ئەو مافە گشتییانەدایە کە تێپەڕبوونی زەمەن لەخۆ ناگرن و هەر حکومەتێک، هەر چییەک بێت، چ پاشا، چ حاکم، چ ڕاهێنەر، چ باوکی بنەماڵە دەبێ لەبەرامبەریاندا ملکەچ بن. بەکورتی، لێرەدا دیسانەوە کێشەی یاسا سرووشتییەکان دەبینینەوە.

بەدڵنیاییەوە یاسا سرووشتییەکان داهێنانی ڕێنێسانس نییە، بەڵام لە سەدەی شانزەیەمەوە، کارکردێکی ڕەخنەگرانەیان پەیدا کردووە کە هەنووکەش هەر هەیانە. یاسا سرووشتییەکان بەم شێوەیە بە پرسیاری "چۆن حکومەت بەسەردا نەکران" وەڵام دەدەنەوە: سنوورەکانی مافی حکومەتکردن کامانەن؟ دەبێ بڵێم کە لێرەدا ڕەخنە لە بنەماوە مەسەلەیەکی یاساییە.

**۳** لە کۆتاییدا بەدڵنیاییەوە "ویستی حکومەت بەسەردا نەکران" ئەمەیە: دەتوانم بەخێرایی باس لەم ویستە بکەم کە ئەو شتەی دەسەڵات پێتان دەڵێت ڕاستە وەکوو بابەتێکی ڕاست وەرمەگرن، یان لانیکەم لەو سۆنگەوە کە دەسەڵاتێک پێتان دەڵێت ڕاستە پەسەندی مەکەن؛ بەڵکوو تەنیا لە حاڵەتێکدا پەسەندی بکەن کە خۆتان بایەخ بۆ هۆکارەکانی پەسەندکردنەکەتان دابنێن و بە ڕاستیان بزانن. ئەم جارەیان ڕەخنە خاڵی ڕاگری خۆی لە کێشەی دڵنیایی لەهەمبەر

دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

[ئەم دەسەڵاتە بریتییە لە] کتێبی پیرۆز، ماف، زانست، کەلام، سروشت، پەیوەندی لەگەڵ خۆت؛ سەروەرییەکی زاڵ، یاسا، ئەتۆریتەی ڕێسا دۆگماکان [ئیمانییەکان]. دەبینین کاریگەرییەکی دوولایەنە کە لەنێوان حکومەتمەندسازی و ڕەخنەدا هەیە، بووە بە هۆی ئەو دیاردانەی کە بە باوەڕی من لە مێژووی کولتووری ڕۆژئاوا گرنگ و بنەڕەتی بوون: گەشەی زانستەکانی زمانناسی، هزری فەلسەفی، شیکاری یاسایی و تێرامانی مێتۆدیانە. بەڵام بەتایبەت دەبینین کە ناوەندی ڕەخنە لە بنەماوە کۆبەندێک لەو پەیوەندییانەیە کە دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە، یەکێکیان بە ئەویتر یان یەکێکیان بە دووانەکەی تریانەوە گرێ دەدات. هەروەها ئەگەر حکومەتمەندسازی لەڕاستیدا بزاڤێک بێت کە ئامانجەکەی بریتییە لەوەی کە لەڕێگەی بابەتێکی ڕاستەقینەی کردارێکی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا، و بە یارمەتی سازوکارەکانی [میکانیزم] دەسەڵاتی خوازیاری هەقیقەت، تاکەکان سوژەملکەچ بکات؛ کەواتە دەبێ بڵێم ڕەخنە ئەو بزاڤەیە کە ئەم مافە بە خۆی دەدات لە هەقیقەت لەسەر بنەمای کاریگەرییەکانی دەسەڵاتەکەی و دەسەڵات لەسەر بنەمای گوتارەکانی هەقیقەتەکەی پرسیار بکات؛ کەوابوو ڕەخنە هونەری یاخیبوونێکی خۆویستە، هونەری سەرکێشییەکی ڕامانکراو. کارکردی ڕەخنە لە بنەڕەتدا ملکەچنەهێشتنی سوژە لە بەستێنی ئەو شتەدایە کە دەکرێت لە یەک وتەدا ناوی سیاسەتی هەقیقەتی لێ بنێیت.

هێندە لەخۆباییم کە وا بیر بکەمەوە ئەم پێناسەیە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە ئەزموونییەی کە هەیەتی و هەروەها لەبەر ئەو مەودا نزیک و گونجاوەی کە لە ئاستی وردبوونەوەیەکی مێژوویی هەیەتی، زۆر لەو پێناسەیەی کە کانت بەدەستییەوە دەدات جیاواز نییە: مەبەستم پێناسەی ڕەخنە نییە، بەڵکوو ڕێک پێناسەی شتێکی دیکەیە. ئەم پێناسەیە لەڕاستیدا زۆر لەو پێناسەیەی کە کانت لە ڕۆشنگەری[۵] هەیەتی دوور نییە. لێرەدا سەیری ئەم تایبەتمەندییانە دەکەین کە کانت لە دەقی ۱۷۸۴ خۆی سەبارەت بە ڕۆشنگەری چییە؟ باسی لێکردووە؛ [یەکەم] ڕۆشنگەری وەکوو دۆخێکی دیاریکراو لە پێنەگەیشتوویی پێناسە دەکات، بارودۆخێک کە بەزۆر و لەڕێگەی ئۆتۆریتەیەکەوە مرۆڤبوونی تیایدا دەهێڵنەوە. دووەم ئەوەی کە کانت ئەم پێنەگەیشتووییە پێناسە دەکات و بە بەراورد لەگەڵ شێوەیەک لە بێتوانایی دیاریکراو کە مرۆڤبوونی تیایدا هێشتراوەتەوە تایبەتمەندییەکانی ئەژمار دەکات، بێتواناییەک لە بەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆت بێ ئەو شتەی کە ڕێک ڕێنوێنی کەسێکی دیکەیە؛ کانت وشەی leiten [ڕێنوێنی] بەکار دێنێت کە مانایەکی ئایینی تەواو پێناسەکراوی لەباری مێژووییەوە هەیە. سێیەم، من وا بیر دەکەمەوە کە کانت ئەم بێتواناییە لەڕێگەی هاوپەیوەندییەکی دیاریکراو پێناسە دەکات؛ ئەم هاوپەیوەندییە لە لایەکەوە لەنێوان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتێکدایە کە مرۆڤایەتی لەم دۆخی پێنەگەیشتوویەتیدا دەهێڵێتەوە و لە لایەکەوە ئەو شتەیە کە وەک نەبوونی بڕیاردان و بوێری سەیری کردووە و ناوی لێناوە. لە دەرەنجامدا، ئەم شێوە پێناسەیە لە ڕۆشنگەری تەنیا جۆرێک لە پێناسەیەکی مێژوویی و هزری نییە. لەم پێناسەیەی ڕۆشنگەرییەدا شتێک هەیە کە بێگومان کەمێک گاڵتەجار دەبێت ئەگەر وەک ئامۆژگاریکردن باسی لێبکەین، بەڵام هەر چۆنیک بێت بانگهێشتێکە بۆ بوێری کە ئەو لەم پێناسەی ڕۆشنگەرییەدا بەو شێوەیە وەسفی دەکات. نابێ لەبیری کەین کە ئەم باسە وتارێکە بۆ ڕۆژنامە نووسراوە. بەجێگەیە توێژینەوەیەک سەبارەت

بە پەیوەندییەکانی نێوان فەلسەفە و ڕۆژنامەگەری لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە بکرێت... مەگەر ئەوەی ئەم جۆرە توێژینەوە ئەنجام درابێت، بەڵام من دڵنیا نیم... زۆر سەرنجراکێشە ببینین کە لە چ قۆناغێک بەدواوە، فەیلەسوفەکان هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەکانەوە هەتا شتێک بڵێن کە لەباری فەلسەفییەوە سەرنجیان بۆ لای ڕاکێشراوە و لەم ڕێگەوە کەوتوونەتە ناو پەیوەندییەکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک کە کاریگەری بانگهێشتێکی هەبووە. هەروەها لە ئاکامدا ئەم تایبەتمەندییانە دەردەکەوێت کە لە دەقی سەبارەت بە ڕۆشنگەری، کانت ڕێک باس لە ئایین، یاسا و ناسین وەک چەند نموونەیەک لە هێشتنەوەی مرۆڤ لەناو دۆخی پێنەگەیشتووی دەکات و لە دەرەنجامدا قسە لەسەر چەند نموونەیەک لەو شوێنانە دەکات کە ڕۆشنگەری دەبێ ئەم بارودۆخی پێنەگەیشتوویان تیادا نەهێڵێتەوە و بە شێوەیەک مرۆڤەکان پێبگەیەنێت. ئەو بابەتەی کانت ڕۆشنگەری پێدەڵێت، لەڕاستیدا هەمان ئەو شتەیە کە من کەمێک لەمەوبەر هەوڵمدا وەک ڕەخنە وەسفی بکەم؛ ئەم هەڵوێستەی ڕەخنەگرانە وەکوو هەڵوێستەیەکی تایبەتیی لە جیهانی ڕۆژئاوادا دەردەکەوێ کە بە باوەڕی من دەستپێکەکەی، بە شێوازێکی مێژوویی، لە پرۆسەی گەورەی حکومەتمەندسازی کۆمەڵگادا بووە. کانت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆشنگەرییەدا (کە درووشمەکەی هەر وەک دەزانن و کانتیش وەبیرمان دەهێنێتەوە، "sapere aude"یە [بوێر بە و بزانە] و هەڵبەت هاوڕێ لەگەڵیدا دەنگی فریدێریکی دووەمە[۶] کە دژ بەوە دەڵێت: "هەرچەندە دەیانەوێت با بیرکەنەوە، بەو مەرجەی ملکەچ بن.")، چۆن ڕەخنە پێناسە دەکات؟ هەرچەند ئەم داخوازییەم نییە کە شێوازی وردبوونەوە و دژوارییە فەلسەفییەکەی پرۆژەی ڕەخنەی کانتیم بە هی خۆم داناوە و بە خۆشم ڕێگەی ئەوە نادەم لە بەرامبەر ئەم بیسەرە فەیلەسوفانەدا ئەو کارە بکەم، چونکە بۆ خۆم فەیلەسوف نیم و بەئاستەم ڕەخنەگرم... بە هەر شێوەیەک بێت، چۆن دەکرێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆشنگەرییەدا، جێی ڕەخنە لەناو ئەو مانا وردەی کە لێی مەبەستە دەکرێ بکەینەوە؟ ئەگەر لەڕاستیدا کانت بانگهێشتی تەواوی ئەم بزاڤی ڕەخنەیە دەکات کە لە ڕۆشنگەری لەپێشترە، چۆن جێگایەک بۆ ئەو شتەی کە لە ڕەخنە مەبەستیەتی دەکاتەوە؟ هەرچەند تەواو منداڵانەیە، بەڵام دەبێ بڵێم لە ڕوانگەی کانتەوە، ڕەخنە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆشنگەریدا، ئەو شتەیە کە کانت بە زانایی ناوزەدی دەکات: بەڕاستی دەزانی هەتا کوێ دەتوانی بزانی؟ هەرچەندە دەتهەوێت بەڵگە بهێنەوە، بەڵام بەڕاستی دەزانی هەتا کوێ بێ‌مەترسی، بەڵگە بهێنیتەوە؟ بەکورتی، ڕەخنە دەبێژێت کە ئازادیمان کەمتر لە هەڵسووکەوتی کەم تا زۆر بوێرانەی ئێمە دایە و زیاتر لەو بیرۆکەدا [ئایدیا] خۆی دەبینێتەوە کە لە زانینمان و سنوورەکانی هەمانە؛ و لە ئەنجامدا لەجیاتی ئەوەی کە بهێڵین ئەویدی پێمان بڵێت کە "ملکەچ بن"، و لە هەمان کاتدا کە بیرۆکەیەکی بەجێ لە زانینمان و سنوورەکانی پێک دێنین، دەتوانین ڕێسای سەربەخۆیی بدۆزینەوە و ئیتر نابێ بیبستین کە ملکەچ بن؛ یان بە واتایەکی وردتر، ملکەچ بن لەسەر بنەمای سەربەخۆیی بۆخۆی دادەمەزرێت.

من هەوڵ نادەم دژایەتییەک نیشان بدەم کە لەنێوان شێکاری کانت بۆ ڕۆشنگەری و پرۆژەی ڕەخنەکەیدا هەیە. بە بۆچوونی من سادەیە کە نیشانی بدەین کە بە بڕوای کانت، بوێری ڕاستەقینەی زانین کە ڕۆشنگەری پشتی پێ دەبەستێت و هەر ئەم بوێری زانینە بۆخۆی، بریتییە لە دووبارەناسینەوەی سنوورەکانی زانین؛ هەروەها ئاسانە نیشانی بدەین کە بۆ کانت، سەربەخۆیی دژایەتییەکی

لەگەڵ ملکەچی لە ئاستی حاکماندا نییە. بەڵام بەمانەشەوە، کانت ناسینی زانین لەگەڵ هەوڵی ڕەخنە بۆ ملکەچنەهێشتنی سوژە لە بەستێنی دەسەڵات و هەقیقەت، و هەروەها وەکوو ئەرکێکی سەرەکی و پێشەکییەک بۆ هەر ڕۆشنگەرییەک لە ئێستا و داهاتوودا گرێ دەدات.

***

نامەوێت لەمە زیاتر پێداگری لەسەر ئەو دەرەنجامانە بکەم کە لە مەودای نێوان ڕۆشنگەری و ڕەخنەدا هەیە و کانت دەیویست دەستنیشانیان بکات. من تەنیا دەمەوێت لەسەر لایەنی مێژوویی کێشەکە پێداگری بکەم کە بۆمان دەگێڕێتەوە لە سەدەی نۆزدەیەم چی ڕووی داوە. مێژووی سەدەی نۆزدەیەم دەرفەتێکی هەراوتری بۆ درێژەدان بە بەرنامەی ڕەخنەگرتن پێشنیار کرد کە زیاتر لەو ئاستە بوو کە ئاراستەی بەرنامەی ڕۆشنگەری کردبوو؛ بە هەمان شێوە کە کانت ڕەخنەی وەکوو جۆرێک دەستنیشانکردنی مەودا لەگەڵ ڕۆشنگەری دادەنا. بە واتایەکی دیکە، وا دێتە بەرچاو کە مێژووی سەدەی نۆزدەیەم ـ و بەدڵنیاییەوە تەنانەت لە سەدەی بیستەمدا ئەم ڕەوتە زۆر زیاتر بووە ـ ئەگەر لایەنی کانتیش نەگرێت، لانیکەم دەبێ پشتگیرییەکی بەرهەست بۆ ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرە نوێیانە دابین بکات، بۆ ئەو هەڵوێستە ڕەخنەگرانەی کە لە ئاست ڕۆشنگەری پاشگەزبووەنەتەوە؛ هەڵوێستەیەک کە کانت دەرفەتی بۆ ڕەخساند.

ئەم پشتگیرییە مێژووییە کە وا دیارە ڕەخنەی کانتی زۆر زیاتر لە بوێریی ڕۆشنگەری کەڵکی لێ وەرگرت، تەنیا ئەم سێ تایبەتمەندییە بنەڕەتییە بوو: یەکەم، زانستێکی پۆزێتیڤ، واتە زانستێک کە لە بناخەوە متمانەی بە خۆی هەبێت، هەرچەندە ڕەخنەیەکی وردی لە ئاست هەر یەک لە دەرەنجامەکانیدا هەبێت؛ دووەم، گەشەی یەک دەوڵەت یان یەک سیستەمی دەوڵەتی کە خۆی وەک ئەقڵ یان ئەقڵانییبوونێکی قووڵی مێژوو ئاراستە کردووە و هەروەها لە لایەکی ترەوە ڕووبەرەکانی ئەقڵانیسازیی ئابوور و کۆمەڵگای وەک ئامرازەکانی خۆی هەڵبژاردووە؛ هەر لەم شوێنەوە و لە خاڵی پێکگەیشتنی ئەم پۆزێتیڤیسمە زانستییە و گەشەی دەوڵەتەکان، تایبەتمەندی سێیەم بەدی دەکرێت کە بریتییە لە زانستی دەوڵەتی یان دەوڵەتباوەڕی. لەنێوان ئەم سێ تایبەتمەندییەدا، تەنراوەیەکی چڕ لە پەیوەندییەکان چنرا هەتا ئەو ڕادەیە کە زانست دەورێکی زیاتری لە گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا گێڕا؛ لە لایەکی دیکەوە، زیاتر لە جاران ئەم شێوە دەسەڵاتانەی کە لە چەشنی دەوڵەت بوون لەڕێگەی کۆبەندێک لە تەکنیکە بژارکراوەکانەوە بەکار دەبران. بەمگوێرەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٧٨٤، پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟، یان بە واتایەکی وردتر، شێوازێک کە کانت هەوڵ دەدات جێگایەک بۆ بەرنامە ڕەخنەگرانەکەی لە ئاست ئەو پرسیار و وەڵامەی کە پێی دەداتەوە بکاتەوە: ئەم پرسیارکردنە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆشنگەری و ڕەخنە بە شێوەیەک بوونە جێی پەسەند کە گومانێک ببزوێنن، یان هەر چۆنێک بێت، زیاتر لە جاران پرسیارکردنێکی گوماناوی ساز بکەن؛ هەر ئەم ئەقڵە بۆخۆی بەشێوەیەکی مێژوویی بەرپرسی کام یەک لە زێدەڕۆییەکانی دەسەڵات و کامە شێوازی حکومەتمەندسازییە کە هەر چەندە پاساوی ژیرانەی بۆ بهێنێتەوە هێشتا ناکرێ لێی دەرباز ببێت؟

بەڵام بەپێی بیرۆکەی من گۆڕانکاری ئەم پرسیارە لە ئاڵمان و فەرەنسە تەواو وەک یەک نییە و ئەمە لەبەر هۆکارگەلێکی تەواو مێژوویی بووە کە دەبێ شیکارییان بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە هۆکانی ئاڵۆزکاون.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین

که ڕەنگە گەشەی دەوڵەتی باش، تەواو نوێ و ئەقڵانی لە ئاڵمان کەمتر لەو پابەندییە درێژخایەنەی کە زانکۆکان بە Wissenschaft [زانست] بوویانە و پشتیان بە پێکهاتە ئیداری و دەوڵەتییەکان بەستووە دەوری هەبووە، ئەم ڕەوتە بە هۆی ئەم گومانەوە ساز بووە کە شتێک لە ئەقڵانیبوون و تەنانەت لە ئەقڵ بۆخۆیدایە کە بەرپرسی زیدەڕۆیی دەسەڵاتە؛ وا بزانم ئەم گومانە بەتایبەت لە ئاڵمان گەشەی سەندووە و ئەگەر بمانەوێت بەکورتی لەبارەیەوە بدوێین، بەتایبەت لەو شتەدا گەشەی سەندووە کە دەکرێ چەپی ئاڵمانی پێ بگووترێت. هەر چۆنێک بێت، لە چەپی هێگڵییەوە هەتا قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لە پۆزیتیڤیسم، ئۆبژێکتیڤیسم، ئەقڵانیبوون، لە تێخنە و تەکنیکی کردن لە ئارادا بووە، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لە پەیوەندییەکانی نێوان پرۆژەی بنەڕەتی زانست و پرۆژەی بنەڕەتی تەکنیک. ئامانجی ئەم ڕەخنەیە دەرخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پرکێشی ساویلکانەی زانست لە لایەکەوە و شێوازەکانی زاڵبوونی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی تایبەت لە لایەکی دیکەوە بووە. ئەگەر باس لە کەسێک وەک نموونە بکەین، کە بێگومان دوورترین کەس لەو بابەتە بێت کە دەکرێ ڕەخنەی چەپی پێ بگووترێت، دەبێ ناوی هوسێرل بهێنینەوە کە لە ساڵی ١٩٣٦، قەیرانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی ئەورووپایی بۆ شتێک گەڕاندووە کە تیایدا پرسیار لە پەیوەندییەکانی نێوان زانین و تەکنیک لەڕێگەی ئێپیستێمەوە بۆ تێخنە ئاراستە دەکرا.

لە فەڕەنسە، هەلومەرجەکانی بەکارهێنانی فەلسەفە و تێرامانی سیاسی زۆر جیاواز بووە. هەروەها بەمگوێرەیە وا سەیر ناکرێ کە ڕەخنە لە ئەقڵی لافلێدەر و کاریگەرییە تایبەتەکانی دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی یەکسان بەرەو پێش بردرابێت. هەروەها من بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە کە لە ئاستی بیرکردنەوەیەکی ڕاستدا کەسێک دەتوانێت ئەم بیرۆکەیە ڕێک بخات کە لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم ئەم تاوانبارکردنە مێژووییەی ئەقڵ یان ئەقڵانیکردن لەژێر ناوی ئەو کاریگەرییانەی دەسەڵاتدا بەدی دەکرێن کە ئەقڵ لەگەڵ خۆی دەیهێنێت. بە هەر شێوەیەک بێت، بەرەیەک کە بزاڤی ڕۆشنگەری و شۆڕش دایانمەزراند، بێگومان بە شێوازێکی گشتی بەربەستێکیان ساز کرد کە ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەقڵانیکردن و دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و قووڵ نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە؛ هەروەها ڕەنگە ئەم ڕاستییە کە بزاڤی چاکسازی ئایینی، واتە ئەو شتەی کە بە باوەڕی من، لە ڕیشە قووڵەکانیدا، یەکەمین بزاڤی ڕەخنە وەکوو هونەری حکومەت بەسەردا نەکران بوو، لە فەڕەنسە ئەو پەرەسەندنە و سەرکەوتووییەی نەبوو کە لە ئاڵماندا هەیبوو؛ هەر ئەمە بەروونی دەریدەخات کە لە فەڕەنسە ئەم تێگەی ڕۆشنگەرییە لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەیدا کە پێشانی دابوو، بەشێوەیەکی گشتی پەسەند نەکرابوو و سەرەڕای ئەمە، ئەم تێگەیە هەرگیز وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی لێ دەرنەهات هەتا وەک کاریگەرییە گرنگەکەی لە ئاڵماندا دەرکەوێت. دەبێ بڵێم کە ئێمە لە فەڕەنسە بە بایەخدانانی سیاسی بۆ فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم بەسەندەمان کرد، لە هەمان کاتدا تەنانەت لێنەهاتوویی هزری بزاڤی ڕۆشنگەری وەکوو برگەیەکی کەم بایەخ لە مێژووی فەلسەفەدا ڕەچاو کرا. بەپێچەوانەوە لە ئاڵمان ئەو شتەی کە ڕێک لە Aufklärung فامەدەکرا، چاک یان خراپ، گرنگییەکی کەمی پێدەدرا، بەڵام وەکوو دەرکەوتەیەکی پرشنگداری چارەنووسی قووڵی ئەقڵی ڕۆژئاوایی، بەدڵنیاییەوە، وەک برگەیەکی گرنگ سەیر دەکرا. لە ڕۆشنگەریدا و لە تەواوی ئەم قۆناغەدا کە بەسەر یەکەوە لە سەدەی شانزەیەم هەتا هەژدەیەم وەکوو

سەرچاوەیەک بۆ تێگەیەی ڕۆشنگەری سەیر دەکرا، هەوڵێک بۆ شفرە دۆزینەوە و دووبارەناسینەوەی بەرچاوترین ڕووبەری ئەقڵی ڕۆژئاوایی لە ئارادا بووە؛ لە کاتێکدا سیاسەت کە لەگەڵ ئەم ڕووبەرە لە پەیوەندیدا بوو، وەک بابەتی تاقیکرنەوەیەکی گوماناوی لێ دەرهات. بە شێوەی گشتی، ئەم بابەتە کەندەڵانێکی هەراو نیشان دەدات کە تایبەتمەندییەکانی شێوازی کێشەی ڕۆشنگەری لە فەرەنسە و ئاڵمان لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرتانسەری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەردەخات.

بە باوەڕی من لەم سالانەی دواییدا و لە فەرەنسە دۆخەکە تووش گۆڕان هاتووە؛ و لەڕاستیدا، وا دێتە بەرچاو کە لە فەرەنسە بە سەردەمێک دەگەین کە دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی ئەم کێشەی ڕۆشنگەرییە (بە هەمان شێوە کە بۆ بیرمەندە ئاڵمانییەکان لە مێندێلسۆن و کانت هەتا هێگل، نیچە، هوسێرل، قوتابخانەی فرانکفۆرت و ئەوانی دیکە گرنگ بووە) ڕێک لە نزیکایەتییەکی هەتا ڕادەیەک مانادار لەگەڵ بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا گونجاوە. هەروەها دەبێ بەکورتی باس لەوە بکەم ــ و ئەمە مایەی سەرسوورمان نییە ــ کە دیاردەناسی و ئەو کێشانەی ئاراستەی دەکردن توانییان ئێمە بۆ پرسیاری ڕۆشنگەری چییە بگەڕێننەوە. ئەم پرسیارە لەڕاستیدا لەسەر بنەمای پرسیار لە مانا و پرسیار لەو شتەی کە دەتوانێت مانا پێک بێنێت، بۆ لای ئێمە گەڕایەوە. چۆن دەکرێت مانا لە بێماناوە سەر هەڵبدات؟ چۆن مانا پێک دێت؟ پرسیارێک کە بەڕوونی دەبینین تەواوکەری ئەم پرسیارەی ترە: چۆن وای لێهات کە بزاڤی مەزنی ئەقڵانیکردن ئێمەی بەرەولای ئەم هەموو هەراوهۆریایە، ئەم هەموو شەیدایییە، ئەم هەموو بێدەنگی و ئەم هەموو سازوکارە خەمبارە ڕێنوێنی کرد؟ دوابەدوای هەموو ئەمانە، نابێت لەبیری کەین کە هێڵنج [La Nausée: سارتر] نزیک لە قەیران [ی زانستی ئەورووپایی (Krisis) هوسێرل] نووسرابوو. هەروەها دوابەدوای شەڕ [دووەمی جیهانی]، لەسەر بنەمای ئەم شیکارییانە و لەڕێگەی کورتەڕێیەکی سەیرەوە، کێشەی نێوان ratio [ئەقڵ] و دەسەڵات دیسانەوە دەرکەوت: شیکاری ئەوەی کە مانا تەنیا درووستکراوی سیستەمە زۆرەکییە بەتایبەتمەندیکراوەکانی ماشینی ئاماژەپێکراوە؛ لەسەر بنەمای شیکاری ئەم ڕاستییە کە مانا تەنیا لەڕێی کاریگەرییەکانی زۆرەملی تایبەتیی پێکهاتەکان بوونی هەیە. هەروەها بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە (و بەدڵنیاییەوە دەبێ لەمبارەوە توێژینەوەیەک ئەنجام بدرێت) کە شیکارییەکانی مێژووی زانستەکان، هەموو ئەم کێشەسازکردنەی مێژووی زانستەکان (کە بێگومان ئەم کێشەیەش لەو دیاردەناسییەدا ڕیشەی هەبوو کە لە فەرەنسە و لەڕێگەی کاڤایە، باشلار، ژۆرژ کانگیلیم، درێژەی بە مێژوویەکی تەواو جیاواز دا) و کێشەی مێژوویی مێژوومەندی زانستەکان، هەندێک پەیوەندی و لێکچوونیان لەگەڵ کێشەی درووستکردنی مانادا هەیە و هەتا ڕادەیەک دووبارەیان دەکەنەوە: چۆن ئەم ئەقڵانیبوونە لەدایکبووە؟ و لە شتێکی تەواو جیاوازەوە بیچمی گرتووە؟ و بەم شێوەیە هەڵگەڕاوە و بەپێچەوانەی کێشەی ڕۆشنگەری: چۆن ئەقڵانیکردن بەرەو شەیدایی بۆ دەسەڵات ڕێنوێنی دەکرێت؟

کەواتە، چ ئەم بابەتە چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە درووستکردنی مانا بێت و بۆمان دەرکەوێ کە مانا تەنیا درووستکراوی پێکهاتە زۆرەملییەکانی ئاماژەیە؛ چ چەند لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی مێژووی ئەقڵانیبونی زانستیی بێت و هاوکات بزانین کە کاریگەرییە زۆرەکییەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەدامەزراوەکردنی ئەم ئەقڵانیبوونە و درووستکردنی مۆدێلەکانەوە هەیە؛ من پێمولیە هەموو ئەمانە، هەموو ئەم

لێکۆڵینەوە مێژووییانە، تیشکێک لە رووناکی بەربەیان بوون کە لەرێگەی جۆرێک دەلاقەی ئەکادێمیکەوە دەرکەوتبوون و لەگەڵ تەواوی تەوژمـــی بنەرەتی مێژوومان لە ســەدەیەک لەمەوبەرەوە دەگونجان. چونکە لەرێگەی ئەم داخوازییەوە کە رێکخــراوە کۆمەڵایەتی یان ئابورییەکەمان ئەقڵانیبوونـــی تێدا نییە؛ هەر چۆنێک بێت بەدڵنیاییەوە ــ نازانم ئەم وتەیە زۆر ئاقڵانەیە یان بە شێوەیەکی پێویست ژیرانە نییە ــ لەگەڵ زۆربوونی دەســەڵات بەرەورووو دەبینەوە؛ بە گوشاری بیستنی پیاهەڵگووتنی بەڵێنەکانی شۆرش (نازانم لەو شوێنەدا کە ئەم شۆرشە لەراســتیدا سەری هەڵداوە باش بووە یان خراپ)، بەرەورووی مەندییەکی دەسەڵات دەبینەوە کە بەشــێوەیەکی بێســنوور خۆی هێشــتووەتەوە؛ هەروەها لەرێگەی بیســتنی داخوازی پێکناکۆکی لەنێوان ئایدیالۆژییەکانی توندوتیژی و بیردۆزەی بەراســتی زانســتیی لەمەر کۆمەڵگا، پرۆلتاریا و مێژوو، لەگەڵ دوو شکڵ لە دەسەڵات رووبەروو بووینەوە کە وەکوو دوو برا لە یەک دەچن: فاشــیزم و ستانیلیزم. کەوابــوو پرســیاری رۆشــنگەری چییــە؟ دیسانەوە دەگەرێتەوە. بەمگوێرەیە، ریزێک لە کێشــەکان دەردەکەونەوە کە شیکارییەکانی ماکس ڤێبێــر نیشــان دەدەن: ئێمە لەگەڵ ئــەم ئەقڵانیبوونەی کە دەکــرێ لەبارەیەوە بڵێیــن نە تەنیــا بەتایبەتمەندیکردنی هزر و زانســتی رۆژئاوایی لە سەدەی شانزە و بەرەو ئەملایە، بەڵکوو هەروەها بەتایبەتمەندیکردنی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان، رێکخــراوە دەوڵەتییــەکان، کاروبــارە ئابوورییــەکان و رەنگە تەنانەت رەفتاری تاکە کەسەکانیشــە، چ پەیوەندییەکمــان هەیــە؟ ئێمــە لەگەڵ ئــەم ئەقڵانیبوونــە لــە توێــی کاریگەرییە ناچارەکییەکانــی و رەنگە لەنــاو کاریگەرییە لێڵکەرەکانــی، یان ئــەو کاریگەرییانەی کە ســەقامگیرییەکی روو لە گەشــە و بەربڵاوی سیســتەمێکی بەرینی زانستی و تەکنیکییان هەیــە (ئــەو ســەقامگیرییەی هیــچ کات بەشێوەیەکی رادیکاڵ پرسیاری لێنەکراوە)، چ پەیوەندییەکمان هەیە؟

سەبارەت بەم کێشــەیە، کە بەراستی لە فەرەنســە ناچارین دووبارە بە ئەستۆی گرین، واتە پرسیاری رۆشنگەری چییە؟ دەتوانین لە چەند رێگای جیاوازەوە بۆچوونمان لەبارەیەوە هەبێت. ئەو رێگایەی کە دەمەوێت لەم کێشەیە نزیک ببمەوە، بە هیچ شێوەیەک (و دەمەوێت ئێوە باوەرم پێ بکەن) لــەرووی بۆچوونێکی رەخنەگرانە یــان مەشــتومرهەڵگرەوە نییە. کەواتــە، دوو بابەت دەبێتــە هۆکاری ئەوەی کە من بە شــوێن شتێک جگە لە نیشاندانی جیاوازییەکانەوە نەبم و بەشــێوەیەک بەدوای بینینــی ئــەوەوە بم کە هەتا کــوێ دەکرێ شێوازەکانی شیکاری ئەم کێشەی رۆشنگەری چییە؟ پەرە پێ بدرێ، لــە یەکتر هەڵاوێردە بکرێ و تەنانــەت لەجێی خۆی راپگوێزرێت؛ کێشــەیەک، کە لەگەڵ هەمــووی ئەمانەدا، رەنگە کێشەی فەلسەفەی مۆدێرن بێت.

بەنزیکبوونــەوە لــەم کێشــەیە کە ئێمە لەگــەڵ قوتابخانەی فرانکفــۆرت دەکات بە دەستەبرا، دەمەوێت دەستبەجێ نیشان بدەم کە لە هەر حاڵدا ئەوەی کە ئێمە رۆشنگەری وەک پرســیاری ناوەنــدی ســەیر دەکەین، بەدڵنیاییەوە چەنــد مانایەک لەخۆ دەگرێت. سەرەتا بەم مانایە گیرۆدەی کردارێک دەبین کە دەکــرێ نــاوی کردارێکــی مێژوویی - فەلســەفی لێ بنێین کە هیچ پەیوەندییەکی بە فەلســەفەی مێژوو و مێژووی فەلسەفەوە نییە. رێک کردارێکی مێژوویی ـ فەلسەفی و من ئەم مەبەستەی لێ دەکەم: مەودایەک لە ئەزموون کە ئەم کارە فەلسەفییە سەرچاوەی پێ دەدات، بە هیچ شێوەیەک مەودایەکی تر ناســرێتەوە. ئەم کردارە ئەزموونێکی دەروونی نییە، پێکهاتە بنەرەتییەکانی زانینی زانســتی نییە، کۆمەڵەیەک لە ناوەرۆکگەلێکی مێژوویی لە شوێنێکی دیکەشدا نییە کە بەوردکارییەوە

له لایەن مێژوونووسەکانەوە ئامادە کرابێت و وەکوو چەند بابەتێکی ڕاستەقینەی حازر ـ بەدەست پەسەند کرابێت. لەڕاستیدا، لەناو ئەم کرداری مێژوویی ـ فەلسەفییەدا، دەبێ مێژووییەکی تایبەت بەخۆمان بهۆنینەوە؛ دەڵێی بەهۆی خەیاڵکردنەوە، مێژوویەک بەرهەم دێت کە لەڕێگەی پرسیار لە پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەقڵانیبوون (کە گوتاری ڕاستەقینە و سازوکارەکانی سوژەملکەچییەک کە پەیوەندییان پێوە هەیە چێ دەکات) خۆی تێدەپەڕێنێت. پرسیارێک کە بەروونی دەیبینین ئەوەیە کە بۆ مێژوونووسەکان جێگۆڕکێ بە بابەتە مێژوویی ناسراوەکان بەرەو لای کێشەی سوژە و هەقیقەت دەکات کە ئەوان زۆربەی کات ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. هەروەها دەبینین کە ئەم پرسیارە کاری فەلسەفی، هزری فەلسەفی و شیکاری فەلسەفی لەناو ئەو ناوەڕۆکە ئەزموونیانەدا بەخزمەت دەگرێ کە ڕێک ئەم پرسیارە نیشانیان دەدات. کەوابوو مێژوونووسەکان لەهەمبەر ئەم کارە مێژوویی یان فەلسەفییە دەبێژن: "بەڵێ، هەڵبەتە؛ بەڵێ، ڕەنگە وا بێت." هەر چۆنێک بێت، ئەم کارە هیچ کاتێک بەم شێوەیە نییە؛ چونکە ئەم تیکەڵپێکەڵییە لە دەرەنجامی جێبەجێییەک بەرەو سوژە و هەقیقەت ڕوو دەدات کە پێشتر قسەم لەبارەیەوە کرد. هەروەها فەیلەسوفەکانیش تەنانەت ئەگەر ڕواڵەتی باڵندەیەکی شاخدار بە خۆوە نەگرن کە سووکایەتی پێکراوە، بە شێوەی گشتی وا بیر دەکەنەوە کە "لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا، فەلسەفە لەڕاستیدا شتێکی دیکەیە"، و ئەمە لەبەر کاریگەری کەوتنەخوارەوەیە، لەبەر گەڕانەوە بۆ ئەزموونمەندییە کە تەنانەت ئەزموونی دەروونیش پشتیوانی لێ ناکات.

بۆ ئەم دەنگە لاوەکییانە هەموو ئەو گرنگییەی کە هەیانە دایبنێین و لەڕاستیدا گرنگییەکی زۆریشیان هەیە. ئەم دەنگانە لانیکەم بەشێوازێکی نەرێنی نیشانیان داوە کە ئێمە لەڕێگایەکی دروستدا هەنگاومان هەڵهێناوە، واتە لەڕێگەی ئەو ناوەڕۆکە مێژووییانەوە کە ئامادەیان دەکەین و لەگەڵیاندا پەیوەندیمان هەیە؛ چونکە ئەم ناوەڕۆکانە ڕاستەقینەن یان لە ئاستی ڕاستەقینەدا بایەخیان بۆ دادەندرێت؛ لێرەوە ئەم پرسیارە ئاراستە دەکەین: "کەواتە من چیم؟"، ئەو منەی کە ئەندامێک لەم مرۆڤبوونەیە، ڕەنگە لەم کەمایەتییە بێت، لەم کاتوساتە، لەم چرکەساتەی مرۆڤایەتی کە سوژە بەشێوەیەکی تایبەت ملکەچی دەسەڵاتی هەقیقەت و بەشێوەیەکی گشتی ملکەچی دەسەڵاتی هەقیقەتەکانە؟ سوژەسڕینەوە لە پرسیاری فەلسەفی لەڕێگەی دەستەوداوێنبوون بە ناوەڕۆکی مێژوویی، هەروەها ئازادکردنی ناوەڕۆکە مێژووییەکان لەڕێگەی پرسیارکردن دەربارەی کاریگەرییەکانی دەسەڵات (کە بەگوێرەی پێشگریمانە، هەقیقەت لەگەڵ ئەم کاریگەرییانە پەیوەندی هەیە) بەشێوەیەک یەکەمین تایبەتمەندی ئەم کردارە مێژوویی ـ فەلسەفییە پێک دێنن. لە لایەنێکی دیکەوە، ئەم کردارە مێژوویی ـ فەلسەفییە بەروونی لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە بەشێوەیەکی ئەزموونی دیاریکراوە، پەیوەندییەکی دەروشاوەی هەیە: تەنانەت ئەگەر ئەم سەردەمە هەتا ڕادەیەک و بەشێوەیەکی پێویست ناڕوون و نادیار بێت، سەردەمی ڕۆشنگەری بەدڵنیاییەوە وەکوو قۆناغی بیجمگرتنی مرۆڤایەتی مۆدێرن دیاری دەکرێت. ڕۆشنگەری لە مانای بەربڵاوی ئەم زاراوەدا کە کانت، ڤێبێر و کەسانی دیکە سەرچاوەیان پێ دەدا، سەردەمێکە بێ ڕێکەوتێکی دیاریکراو، بە ڕێگای چوونەژوورەوەی فرەرەهەند؛ چونکە دەکرێ بەم جۆرانە پێناسە بۆ ئەم سەردەمە بکرێت: لەڕێگەی بیجمگرتنی کاپیتالیزم [سەرمایەداری] ، درووستبوونی جیهانی بورژوازی، سەقامگیری سیستەمەکانی



دەوڵەت، دامەزراندنی زانستی نوێ لەگەڵ هەموو هاوپەیوەندییە تەکنیکییەکانی، لەڕێگەی ڕێکخستنی بەرنگاربوونەوەیەک کە لەنێوان هونەری حکومەتکرانەوە هەیە لەهەمبەر بە هەمان ئەندازە هونەری حکومەت بەسەردا نەکران. لە دەرەنجامدا، سەردەمێکی درەوشاوە بۆ کاری مێژوویی ـ فەلسەفی دەرەخسێت، چونکە لەم سەردەمەدایە کە بەشێوەیەک ئەم پەیوەندییانەی نێوان دەسەڵات، هەقیقەت و سوبژە لەسەر ڕووبەری گۆڕانکارییە بەرچاوەکاندا دەردەکەون و دەمێننەوە. بەڵام هەروەها ئەم سەردەمە درەوشاوەیە، ئەم مانایە لەخۆ دەگرێت کە دەبێ بۆ هێڵی تێپەڕبوونی تەواوی ڕیزبەندەکانی مەودا گونجاوەکانی دیکە، منداڵدانێک لێی پێک بێنێت. دەبێ بڵێین لەبەر بەدرەوشاوەدانانی سەدەی هەژدەیەم و خۆشەویستییەک کە بۆیمان هەیە بەرەورووی کێشەی ڕۆشنگەری نابینەوە؛ دەبێ لەجیاتی ئەم بابەتە بگووترێت کە بەهۆی ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەبنەڕەتەوە کێشەی ڕۆشنگەری چییە؟ ئاراستە بکەین لەگەڵ نەخشەبەندی مێژوویی مۆدێرنیتەکەمان بەرەورووی دەبینەوە. خاڵی سەرنجراکێش ئەمە نییە کە بڵێین یۆنانییەکانی سەدەی پێنجەم [بەر لە زایین] کەمێک لە فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم دەچن یان سەدەی دوانزەیەم پێشەنگی ڕێنێسانس بووە، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بۆ بینینی ئەوە بدەین کە لە توێی چ بارودۆخێک و بە نرخی کامە گۆڕانکاری یان گشتاندنێک، دەکرێ ئەم پرسیاری ڕۆشنگەرییە، واتە پرسیار لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات، هەقیقەت و سوژە سەبارەت بە هەر چرکەیەک بەکار بێنین.

بەم شێوازەیە کە من چوارچێوەی گشتی ئەم توێژینەوە بە مێژوویی ـ فەلسەفی ناوزەد

دەکەم. هەنووکــە دەبینین کە چۆن دەکرێ ئەم توێژینەوە بەڕێوە بەرین.

***

پێشــتر گووتم کــە دەمەوێ هــەر چۆنێک بێت شــوێن پێی ڕێــگا گونجاوەکانی دیکە بەشــێوەیەکی تەواو ناروون هەڵبگرم، ئەمانە جگە لەو ڕێگایانەن کە وا دێتە بەرچاوم هەتا ئێســتا خۆویستانە ڕوون کراونەتەوە. هەروەها ئەمــە بەو مانایە نییە کە ڕێگاکانی دیکە بەوە تۆمەتبــار کەین کە بە شــوێنێک ناگەن یان دەرەنجامێکی بایەخداریان لێ ناکەوێتەوە. من تەنیا دەمویســت بڵێم و پێشنیاز بکەم کە وا تێدەگــەم لە کانت بــەملاوە و لەبەر کانت و بەشــێمانەوە لەبەر جیابوونەوەیەک کە ئەو لە نێوان ڕۆشــنگەری و ڕەخنــە باوی کرد، ئەم پرسیار لە ڕۆشنگەرییە لەبنەڕەتەوە لە چێوەی زانیندا سەری هەڵداوە، واتە بە دەستپێک لەو شــتەی کە چارەنووســی مێژوویی زانین لە کاتی درووستبونی زانستی مۆدێرندا هەیبووە؛ هەروەها واتە بە پشــکنینی ئەو شــتەی لەم چارەنووســەدا پێشتر نیشــانەی کاریگەرییە نادیاریکراوەکانــی دەســەڵات بــووە و ئــەم پرسیارە ناچارەکیانە لەڕێگەی ئۆبژێکتیڤیسم، پۆزێتیڤیسم، تەکنیکباوەڕی و هتد لەگەڵیاندا پەیوەنــدی هەبووە؛ هەروەها لەڕێگەی ڕۆنانی پەیوەندی ئەم زانینە لەگەڵ هەلومەرجەکانی درووســتکردن و ڕەوابوونی هــەر زانینێکی گونجــاو و لــە ئەنجامدا لەگەڵ پشــکنینی ئــەوەی کە چۆن لە مێــژوودا، تێپەڕبوون لە ڕەوابوونــەوە (وەهــم، هەڵــە، لەبیرچوونەوە، بووژاندنــەوە و هتــد) ئەنجامــی گرتووە. لە یەک قســەدا، ئەمە شــێوازی شــیکارییەکە کە بەرای من بەشــێوەیەکی قووڵ لەڕێگەی جیــاوازی و کەڵێنێــک کە کانــت لە نێوان ڕەخنە و ڕۆشنگەری داینا، بەدی دەکرێت. بە باوەڕی من لەم سەردەمە بەدواوە، شێوازێکی شــیکاریمان هەیە کە زۆربەی کات پەیڕەوی لێکــراوە؛ دەکــرێ ئەم شــێوازە شــیکارییە وەک لێکۆڵینەوەیەکــی ورد لەمەڕ ڕەوابوونی شــێوە مێژووییەکانی زانیــن دابندرێت. هەر چۆنێک بێت، تێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم و هەروەها دیلتای، هابێرماس و ئەوانی تر لەم شــێوازی شــیکارییە بــەم جۆرەیە. بــە واتایەکی زۆر سادەتر: زانین کامە ئایدیای هەڵەی لە خۆی پێکهێنــاوە و بەرەورووی کامــە بەکارهێنانی زێدەڕۆیانە لەخۆی بووەتەوە و کەوابوو لەگەڵ کامە زاڵبووندا پەیوەندی هەیە؟

زۆر باشە! ئێســتاکە لەجیاتی ئەم شێوازە کــە شــکڵی لێکۆڵینەوەکــە ســەبارەت بە ڕەوابوونی شــێوە مێژووییەکانی زانین بەدی دەکات، ڕەنگــە بکرێــت شــێوازێکی جیاواز ڕەچاو بگرین. ئەم شێوازە بۆ چوونەژوورەوە بۆ ناو پرسیاری ڕۆشنگەری، دەتوانێت لەجیاتی کێشــەی زانین، کێشەی دەســەڵات ڕەچاو بگرێت؛ ئەم شێوازە نە وەکوو لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ ڕەوابــوون بەڵکوو وەکوو ئەو شــتەی کــە مــن دەمەوێــت نــاوی تاقیکردنەوەی ڕووداوچێکردنــی لــێ بنێــم، بــەرەو پێش دەڕوات. لەبەر ترســناکی ئەم وشــەیە داوای لێبوردنتــان لێدەکــەم! دەی کەوایە، مانای ئەم وشــەیە چییە؟ مەبەستی من لە شێوازی ڕووداوچێکــردن (ڕەنگە مێژوونووســەکان لە داخ و خەفەتدا هاوار بکەن) ئەمەیە: ســەرەتا ســەرنجی چەند کۆمەڵەیەک لە توخمەکان بدەین کە لەم کۆمەڵانــەدا دەکرێ لە بواری یەکەمدا بەشێوەیەکی تەواو ئەزموونی و کاتی، چەند پەیوەندییەک لەنێوان ســازوکارەکانی زۆرەملی و ناوەڕۆکەکانی زانین پێناسە بکرێت. ســازوکارە [مێکانیــزم] جــۆرە جیاوازەکانی زۆرەملــی و هەروەهــا ڕەنگــە توخمەکانی یاســادانان، ڕێساکان، شــێوەکانی ڕێکخستی مادی، دیاردەی دەســەڵاتێکی بەزۆر و هتد؛ ناوەڕۆکەکانی زانین کە بەشێوەیەکی یەکسان لە جۆراوجۆری و جیاوازییەک کە لە نێوانیاندا هەیە ڕەچــاو دەکرێن و لەڕووی بەســتێنی

ئـەو كاریگەرییانـەی دەسـەڵاتەوە سـەیر دەكرێـن كە ئەم ناوەڕۆكانە هەڵگریانن و هەر بەمگوێرەیە وەكوو بەشـێك لە سیستەمێكی زانین بایەخیان پەیدا كـردووە. كەواتە ئێمە هەوڵ بـۆ دۆزینەوەی ئەوە نادەین كە بزانین چ شـتێك ڕاسـت یان هەڵەیە، شـیاوە یان نەشیاوە، ڕاستەقینەیە یان وەهمییە، زانستییە یان ئایدیۆلۆژیكە، ڕەوایە یان نابەجێیە. بەڵكوو هەڵوەدای زانینی ئەمەین كە پەیوەندییەكان كامانەن، ئـەو پەیوەندییانـەی كە دەكرێ لەنێوان سازوكارەكانی زۆرەملی و توخمەكانی زانین بیاندۆزینەوە و پێناسـەیەكیان بۆ پەیدا بكەین كامانـەن، كایەكانی نێوان گەڕاندنەوە و پشـت پێ بەسـتن كە یەكتر گەشـە پێ دەدەن، كامانەن، هەروەها ئەو شـتە كامەیە كە دەبێتە هـۆی ئەوەی فلانە توخمی زانین بتوانێـت كاریگەرییەكانـی دەسـەڵات لـە هەمان سیسـتەمدا بدۆزێتەوە كە توخمێكی ڕاستەقینە، شیمانەیی، نادیاریكراو یان هەڵەی بـۆ دانـراوە؛ هەروەها ئەو شـتە كامەیە كە دەبێ بە هۆی ئەوەی فلانە شێوازی زۆرەملی شكڵ و پاساودانەوەیەك بەدەست بهێنێ كە توخمێكـی ئاقڵانە، تاوتوێكـراو و لە لایەنی تەكنیكییەوە كارامەی هەبێت.

كەوابوو لەم ئاستە یەكەمەدا، نزیكبونەوە لە بابەتی ڕەوابوون و دیاریكردنی خاڵی هەڵە و وەهم لە ئارادا نییە.

هەروەهـا بەمگوێرەیـە وا دەزانم كە لەم ئاستەدا دەكرێ لە دوو وشە كەڵك وەربگرین كە كاركردەكەیان ناولێنانـی بوونەوەرەكان، هێـزەكان یـان شـتێك وەكـوو بابەتـە ترەنسێندێنتاڵەكان [فراژۆكان، بەرزەجێكان] نییـە، بەڵكوو تەنیا ئەوەیە لەو مەودایانەدا كە ئەم دوو وشـەیە سـەرچاوەیان پێ دەدەن، بەرتەسـك كردنەوەیەكی سیسـتەماتیك لە بایەخ [فەزیلـەت] ئەنجام بدەن؛ بە واتایەكی تر، كاریگەرنەمانی ڕەوابوون و ئاشـكراكردنی ئەو شـتەی كە ئەم كاریگەرییانە لە كاتێكی تایبەتدا وا لێ دەكات كە پەسـەند بكرێن و ببێتە هۆی ئەوەی كە لەڕاسـتیدا وەربگیرێن.

كەوابوو سـەرەتا وشـەی زانایی بەم شێوەیە بەكار دێت كە ئاماژە بۆ هەموو شـێوازەكان و هەمـوو كاریگەرییەكانی زانین دەكات كە لە كاتێكی دیاریكراودا و لە مەودایەكی تایبەتدا ئەگەری پەسـەند كردنیان هەیە؛ هەروەها لە بابەتی دووەمدا زاراوەی دەسـەڵات كە تەنیا ڕیزبەندیكی تەواو لە سازوكارە تایبەتەكان كە پێناسە دەكرێن و دیاریكراون لەخۆ دەگرێت. ئەو سـازوكارانەی كە وا دێنە بەرچاو توانای ئەوەیان هەبێت ڕەفتـارەكان یان گوتارەكان هانبدەن. ڕێك لەم كاتەدا دەبینین كە ئەم دوو زاراوەیە تەنیا سـازوكارێكی مێتۆدۆلۆژیانەیان هەیە: مەرج نییە لەڕێگەی ئەم دوو زاراوەوە، ڕێسا گشـتییەكانی بابەتی ڕاستەقینە پێناسە بكەیـن، بەڵكـوو لەڕێگەیانـەوە دەمانەوێت بەشێوەیەك مەودای شـیكارییەكە بەوردی دەستنیشـان بكەین؛ دیاریكردنی ئەو جۆرە توخمەی كـە دەبێ بۆ شـیكردنەوە گونجاو بێت. بەمگوێرەیە، دەبێ لە هەمان سـەرەتاوە ڕێ لـە ڕەچاو گرتنی بەرجەوەندی ڕەوابوون، بەو جۆرەی كە زاراوەكانی زانین یان زاڵبوون بـەكاری دێنن، بگریـن. هەروەها گرنگە كە لە هەر قۆناغێكی شـیكارییەكەدا بتوانین بە هەر كام لەم دوو زاراوەیە، زانین و دەسەڵات، ناوەڕۆكێكـی ورد و دیاریكـراو بدەین: فلانە توخمی زانایی، فیسارە سازوكاری دەسەڵات؛ هەرگیز نابێ وا بیر بكەینەوە كە یەك زانایی یان یەك دەسـەڵات بوونی هەیە، یان لەمە خراپتر، زانایی یان دەسەڵاتێك كە لەناو یان لەناوخۆی خۆیاندا كاریگەریان هەیە. زانایی یان دەسـەڵات تەنیا شەبەكەیەكی شیكارین. هەروەها دەبینین كە ئەم شـەبەكەیە لە دوو كەتیگۆری ئەو توخمانەی كە لە یەك بێگانەن پێك نەهاتووە، واتە لە لایەكەوە لەو شتانەی كـە لە زاناییەوە دێن و لە لایەكی ترەوە لەو شـتانەی كە هی دەسەڵاتن (بە هەمان شێوە

که پێشتر باسم لەبارەیانەوە کرد ئەوان بۆ یەکتر وەک بابەتێکی دەرەکییان لێ دێت)؛ هەروەها ناکرێت شتێک وەکوو توخمێک لە زانایی نیشان بدرێت مەگەر ئەوەی کە لە لایەکەوە لەگەڵ کۆبەندێک لە ڕێساکان و ناچارەکییە تایبەتییەکان بۆ نموونە فلانە جۆر لە گوتاری زانستی لە قۆناغێکی دیاریکراودا بێتەوە؛ هەروەها مەگەر لە لایەکی ترەوە، هەڵگری کاریگەرییە زۆردارەکییەکان بێت یان تەنیا وەک هاندەر خۆی دەربخات. ئەم کاریگەرییانە تایبەت بەو شتەن کە وەکوو بابەتێکی زانستی یان تەنیا وەک بابەتێکی ژیرانە یان تەنیا بە شێوەیەکی گشتی و هتد پەسەند دەکرێن. بەپێچەوانەوە، هیچ شتێک ناتوانێت وەکوو سازوکاری دەسەڵات کارێک ئەنجام بدات، مەگەر ئەوەی گونجاو لەگەڵ مێتۆدەکان، ئامرازەکان، کەرەسەکان و ئەو ئامانجانەی کە بتوانن لە سیستەمە کەمتازۆر گونجاوەکانی زانایی جێگایەک بۆخۆیان بکەنەوە. کەواتە نابێ ئەو شتەی زانایییە و ئەو شتەی کە دەسەڵاتە و هەروەها ئەوەی کە چۆن یەکێکیان ئەوی دیکەیان سەرکوت دەکا یان ئەوەی کە چۆن یەکێکیان ئەوی دیکەیان خراپ بەکار دێنێت، وەسف بکرێت؛ بەڵکوو دەبێ وەسفی شەبەکەیەک لە زانایی ـ دەسەڵات بکرێت کە ئەم دەرفەتە دەرەخسێنێت: لەو شتەی پەسەندکراوەیی سیستەمێک پێک دێنێت تێبگەین، جا چ ئەم سیستەمە سیستەمی نەخۆشێکی دەروونی بێت، یان وەک سیستەمێکی سزایی، سیستەمێکی تاوانی منداڵان، سیستەمێکی سێکسوالیتە و هتد ئەژمار بکرێت.

بەکورتی، وا دێتە بەر چاو کە ڕێگای بینراویەتی ئەزموونیی کۆبەندێک بۆ ئێمە، هەتا ئەو پەسەندکراوییە مێژووییەی کە لە هەمان قۆناغدا هەیەتی و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە سەیر دەکرێت، لە ڕێڕەوی شیکارییەک لە شەبەکەی زانین ـ دەسەڵاتەوە تێدەپەڕێت. هەروەها ئەم شەبەکەیە لەڕێگەی دەستپێکردن لەم ڕاستییەوە کە ئەم کۆبەندە پەسەندکراوەی سەرلەنوێ دەست دەکەوێتەوە پشتیوانی لێ دەکات؛ هەڵبەتە، نەک بە شێوەیەکی گشتی بەڵکوو تەنیا لەو شوێنەدا کە وەردەگیرێت وای لێ دەکا کە پەسەند بکرێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەکرێ لەڕێگەی سەرلەنوێ دەستکەوتنەوەی بابەتە ئەرێنییەکەی، تایبەتمەندییەکانی بۆ ئەژمار بکرێت. کەواتە جۆرێک لە مێتۆدمان هەیە کە لە دەرەوەی ئاوڕدانەوە لە ڕەواییبوون یان لە دەرەنجامدا بە دوورکەوتنەوە لە بەرجەوەندی بنەڕەتی یاسا، بە بازنەی ئەرێنیەتییەکەیدا پیاچوونەوەیەک ئەنجام دەدات. ئەم پیاچوونەوەیە لەڕێگەی بەردەوامبوون لە بابەتێکی ڕاستەقینەی پەسەندکراوەبوون هەتا ڕۆیشتن بەرەو سیستەمێکی پەسەندکراوەیە و لەڕێگەی تێپەڕبوون لە یارییەکی زانایی ـ دەسەڵات شی دەکرێتەوە. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئاستی دێرینەناسی لەنزیکەی هەر ئەم شوێنەدایە.

دوویەم، دەبینین کە بەتێپەڕبوون لەم جۆرە شیکارییە، چەند مەترسییەک دەردەکەوێت کە ڕەنگە وەکوو دەرەنجامەکانی نەرێنی ئەم شیکارییە خۆی دەربخات کە زۆر لەسەری دەکەون.

ئەم ئەرێنییانە چەند کۆبەندێکن کە هیچ کاتێک بەئاشکرایی دەرناکەون، واتە هەر چۆنێک بێن دەتوانین باس لەم کۆبەندانە بکەین: وەک عادەت یان ڕۆتینێک وان کە ئێمە لەگەڵ ئەم بابەتە ئەرێنییانە ئاشنا دەکەن، هێزی کوێرکەری سازوکارەکانی دەسەڵاتێکن کە ئەم ئەرێنییانە بەکاری دێنن، یان ئەو پاساوهێنانەوانەن کە ئەم ئەرێنییانە پەرەی پێدەدەن و وەک مافێکی بنەچەیی و سەرەتایین کە ئەم ئەرێنییانەیان وا لێ نەکردووە کە پەسەند بکرێن؛ هەروەها بۆ تێگەیەشتنێکی دروست لەو شتەی کە ئەم

ئەرێنییانە وا لێ دەکات کە پەسەند بکرێن، ڕێک دەبێ هەر لەم خاڵە ورد ببینەوە کە ئەم ئەرێنییانە ئاشکرا نین، لە هیچ بابەتێکی پێشەکیدا [پێشئەزموونی] جێگیر نەبوون و هیچ پێشتربوونێک ئەوان لەخۆ ناگرێت. دوو کارکردنی پێکگرێدراو کە دەبێ ئەنجامیان بدەین بریتین لە: خستنەرووی بارودۆخەکانی پەسەندکراویەتی سیستەمێک و بەدواداچوونی هێڵە پچڕاوەکان کە نیشانەی دەرکەوتنی ئەم سیستەمەن. ئەوەی کە شێتی و نەخۆشی دەروونی لە سیستەمی سەقامگرتوو و زانستیی دەروونپزیشکیدا کەوتوونەتە سەر یەک، بە هیچ شێوەیەک ئاشکرا و ڕوون نییە؛ ئەوەی کە جومگەکانی سزادان، خستنە بەندیخانە و دیسیپلینی تۆبەکاری لە سیستەمێکی سزاییدا پێکەوە بەستراونەتەوە، بە هیچ شێوەیەک ئاشکرا نییە؛ هەروەها ئەوەی کە مەیل، هەوەس و شاوەتپەرەستی و ڕەفتاری سێکسی کەسەکان دەبێ لە سیستەمێکی زانایی و بەهاداریدا کە سێکسوالیتەی پێدەگووترێت جومگەبەندی بکرێت، ئاشکرا نییە. ناسین و نیشاندانی پەسەندکراوەیی سیستەمێک لە ناسینی ئەو بابەتەی کە قەبووڵ کردنەکەی دژوار دەکاتەوە جیا ناکرێتەوە: ئەم دژوارییە لە سروشتی سەرەڕۆییەکەیدایە کە لە چێوەی زانیندا خۆی دەبینێتەوە و توندوتیژییەکەی لە چێوەی دەسەڵاتدایە کە بەکورتی وەک وزەکەی سەیر دەکرێت. کەوابوو پێویستە بەرپرسیارەتی ئەم پێکهاتەیە بە ئەستۆ بگرین هەتا بتوانین فروفێڵەکانی ڕوون بکەینەوە.

دووەمین دەرەنجام کە ئەویش نەرێنییە و زۆری لەسەر دەکەوێت ئەمەیە کە ئەم کۆبەندانە وەکوو بابەتگەلێکی گشتی کە مێژوو لەگەڵ دۆخە تایبەتەکانی چەند ئاڵوگۆڕێکیان تێدا دەکات، شیکاریان بۆ ناکرێت. هەڵبەت ڕەنگە لە پشت زۆربەی توخمە پەسەندکراوەکانەوە و فرەی مەرجەکانی پەسەندکراویەتی، مێژوویەکی دووردرێژ هەبێت؛ بەڵام ئەو شتەی کە دەبێ سەرلەنوێ لە شیکاری ئەم ئەرێنییەتیانەدا بەدەستیان بهێنینەوە، بە شێوەیەک چەند تەکنیکێکی پەتین کە نە وەک ئەوە وان زاتێک بەدی بهێنن یان وەک ڕەگەزێک تاکمەندی بکەنەوە: تاکیەتی شێتیی لە جیهانی مۆدێرنی ڕۆژئاوا، تاکیەتی ڕەهای سێکسوالیتە، تاکیەتی ڕەهای سیستەمی یاسایی ـ ئاکاریی سزادانی ئێمە.

بێگومان یەکێک لە گرنگترین و مشتومڕهەڵگرترین لایەنەکانی ئەم بۆچوونە مێژوویی ـ فەلسەفییە ئەمەیە کە هیچ چارەیەکی دامەزرێنەر و هیچ دەربازبوونێک بە شێوازێکی پەتی بوونی نییە. ئەگەر ئەم بۆچوونە نایەوێت بکەوێتە ناو فەلسەفەی مێژوو یان بخزێتە ناو شیکارییەکی مێژوویی، دەبێ خۆی لەناو بەستێنێکی خۆهەرمان لە تاکیەتییە پەتییەکاندا بهێڵێتەوە. کەواتە چی؟ لێکدابڕان، پچڕپچڕبوون، تاکیەتی، وەسفکردنی پەتی، تابلۆیەکی مەند، بێشرۆڤە، کوێرە-کۆڵان، ئێوە هەموو ئەمانە دەناسن. ڕەنگە بگووترێت کە شیکاری ئەم ئەرێنییەتیانە پەیوەندی بەو مێتۆدە شرۆڤەییانەوە نییە کە گونجاو لەگەڵ سێ مەرجدا بایەخێکی هۆکاریمان بۆیان هەیە:

١ تەنیا بۆ ئەو شرۆڤانە بایەخی هۆکاری دادەنێین کە دوایین ئەتۆریتی [سەرچاوەی مافدان] بە ئامانج دەگرێت، ئەتۆریتییەک کە وەک بڕیکارێکی قووڵ و تاک بایەخی هەیە؛ کە بۆ کەسانێک زانستی ئابوورییە و بۆ کەسانێکی دیکە زانستی سەرژمێری دانیشتووانە [دیمۆگرافی]؛

٢ تەنیا بۆ ئەو شتە بایەخی هۆکاری دادەنێین کە لە ڕۆنانی قووچەکێک پەیڕەوی دەکات کە ڕووی لە هۆکار یان ناوەندی هۆکاری، واتە بنەچە و ئاخێزگەیەکی تاک، هەیە؛

٣ هەروەها، لە ئاکامدا، تەنیا بۆ ئەو شتە بایەخێکی هۆکاری دادەنێین کە جۆرێکی بەرچاو لە دوورەپەرێزی نەکردن، یان

لانیکەم، ئەو شـــتەی کە لـــە ناچارەکیبوون نزیکە، دادەمەزرێنێت.

شـــیکاری ئەرێنیەتییـــەکان ســـەرنج بۆ لای تاکیەتییە پەتییەکان رادەکێشـــێت؛ ئەم تاکیەتییانـــە پەیوەندییـــان بە یـــەک رەگەز یـــان زاتێکـــەوە نییە، بەڵکـــوو لەگەڵ دۆخە ســـادەکانی پەســـەندکراویەتی پەیوەندییان هەیە. بەمگوێرەیە، ئەم شـــیکارییە پێویستی بە گەشەسەندنی شەبەکەیەکی هۆکاری ئاڵۆز و چـــڕ هەیە، بەڵام بێگومان ئەم شـــەبەکەیە لـــە جۆرێکی دیکەیـــە. ئەم شـــەبەکەیە لە پێویســـتییەک بـــۆ پاراوبوون لە ڕێســـایەکی قووڵ، بە شـــێوەیەکی تـــاک بەقووچەککراو و ناچارەکـــی پەیـــڕەوی نـــاکات. ئێمە دەبێ شەبەکەیەک دابمەزرێنین کە ئەم تاکیەتییە وەکـــوو کاریگەرییـــەک ڕوون بکاتـــەوە. هەر لێرەوەیە کە پێویســـتی بـــە فرەڕەهەندبوونی پەیوەندییـــەکان، جیاوازیدانان لە نێوان جۆرە جیاوازەکانـــی پەیوەندییـــەکان، جیاوازیدانان لە نێوان فۆرمـــە جیاوازەکانی ناچارەکیبوونی بابەتەکانی گرێدان، دۆزینەوەی شـــفرەکانی کاردانەوە و کـــرداره بازنەییەکان و ئاوردانەوە لە پێکگەیشـــتنی پرۆســـە ناگونجـــاوەکان، دەردەکەوێت. کەواتە، لەم شـــێوە شـــیکارییە هیچ شتێک پتر لە ڕەتکردنەوەی هۆکاریەتی بێگانە نییە. بەڵام بابەتی گرنگ ئەمەیە کە لەم شێوە شـــیکاریانەدا، گەڕانەوەی دەستەیەک لەو دیاردانەی کە لە یەک هۆکارەوە سەریان هەڵداوە مەبەست نییە، بەڵکوو زیاتر مەبەست ئەوەیە ئەو ئەرێنیەتییە تاکیانە وا لێ بکات کە لەو چێوەدا کە بە شـــێوەی تاکیەتی دەردێن بەڕوونی لێیان تێبگەین.

بـــە ئاوردانـــەوە لـــەم بابەتانـــە دەتوانم بڵێـــم بەپێچەوانـــەی پێکهاتنێـــک کە ڕووی لە تاکیەتیـــی هۆکارێکی بنەڕەتـــی کردووە و لێوانلێـــوە لـــە بنەچەگەلێکـــی فرەڕەهەند، ئەوەی لێرەدا مەبەست بووە ڕەچەڵەکناسییە، واتە شـــتێک کـــە هـــەوڵ دەدات بارودۆخی دەرکەوتنـــی تاکیەتییـــەک لەســـەر بنەمای توخمـــە فرەڕەهەنـــدە یەکلاییکـــەرەوەکان ســـەرلەنوێ بیووژێنێتـــەوە؛ ئـــەو توخمانەی ئەم تاکیەتییە نەک وەکـــوو بەرهەمەکەیان، بەڵکوو وەک کاریگەرییەکەیان دەردەکەوێت. کەواتە مەبەســـت ئەوەیە ئەم تاکیەتییە وای لـــێ بێت کـــە لێـــی تێبگەین. بـــەڵام دەبێ بەڕوونی دەربکەوێ کە ئەم جۆری تێگەیشتنە لەســـەر بنەمای ڕێســـای داخران کار ناکات. لێرەدا ڕێســـای داخران لەبەر هەندێک هۆکار مەبەست نییە.

یەکەم هۆکار ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییانە ئەم دەرفەتە دەرەخسێنن هەتا ئەم کاریگەرییەی تاکیەتییـــە ڕوون بکەینـــەوە، هەرچەنـــد لە گشتیبوونیاندا سەیر ناکرێن، بەڵکوو لانیکەم هەتـــا ڕادەیەکی بەرچاو لەنێوان تاکەکان یان دەستەکاندا پەیوەندییگەلێکی کاردانەوەییان هەیـــە؛ بە مانایەکـــی تر، ئـــەم پەیوەندییانە ســـوژەکان، جۆرەکانی ڕەفتار، بڕیاردانەکان و هەڵبژاردنەکان لەخۆ دەگرن... ئەوەی کە ئێمە بتوانین بەشـــێمانەوە پشـــتیوانێک بدۆزینەوە لەناو سروشتی شـــتەکاندا نییە؛ پاڵپشتی ئەم شەبەکەی پەیوەندییە ژیرانەییانە، لۆجیکێکی تایبەتە کە لە بەســـتێنە کاردانەوەییکاندایە و چەند پەراوێزێکی فرەتر بگۆڕی نادڵنیاکەرەوە لەگەڵیدا بوونی هەیە.

هەروەهـــا داخراوبوونێک لە ئـــارادا نییە، چونکە ئـــەم پەیوەندییانەی کـــە هەوڵیان بۆ دەدەیـــن دایان بمەزرێنین بـــۆ ئەوەیە وەکوو کاریگەرییەک شرۆڤەیەک بۆ تاکیەتی بکەین؛ هەروەها ئەم شـــەبەکەیە لـــە پەیوەندییەکان نابـــێ تەنیا یـــەک نەخشـــە پێـــک بێنێت. ئـــەوە پەیوەندییەکانن کـــە خەریکی دابڕانی هەمیشـــەیی لـــە یەکتـــرن. لـــە ئاســـتێکی دیاریکـــراودا، لۆجیکـــی کاردانـــەوە لە نێوان تاکەکانـــدا یارییـــەک ئەنجـــام دەدات، ئەو تاکانەی کە دەتوانن هەم لەڕێگەی ڕێساکانی یارییەکە و هـــەم لەڕێگەی تایبەتبوونیەکەی،

کاریگەرییەکانی تاکیەتی بپارێزن و لە هەمان کاتدا چەند کاردانەوەیەک لەگەڵ توخمەکانی دیکە ساز دەکەن کە لە ئاستێکی تردا یاری پێ دەکرێت، بە شێوەیەک کە لەم لایەنەوە، هیچ کام لەم کاردانەوانە سەرەتایی یان بەشێوەیەکی ڕەها پاوانخواز دەرناکەون. ڕەنگە هەر کام لەم کاردانەوانە لە بەستێنی یارییەکدا جێگایان بێتەوە کە ئەو ئاستە تێپەڕێنێت؛ هەروەها بەپێچەوانەوە، هیچ کام لەم کاردانەوانە هەرچەندەش ناوچەیی بن، بێ کاریگەری یان بێ ئەوەی کە دەرفەتی کاریگەرییان لەسەر کاردانەوەیەک هەبێ دەرناکەون؛ ئەو کاردانەوەش بۆخۆی وەک بەشێک لەمەی دوواییانە و لەخۆی دەگرێت. کەواتە بەکورتی، جووڵەیەکی هەمیشەیی، بەرگەنەگرییەکی زاتی، یان بە واتایەکی وردتر، تێکئالانێک لەنێوان ئەو شتەی کە هەمان پرۆسە دووپات دەکاتەوە و ئەو شتەی کە پرۆسەکە دەگۆڕێت لە ئارادایە. بەپوختی مەبەست لە باسەکە پێشەوبردنی تەواویەتی فۆرمی ئەو شیکارییانەیە کە دەکرێت ناوی ستراتێجیکیان لێ بنێیت.

مەبەستی من لە دێرینەناسی، ستراتێجی و ڕەچەڵەکناسی سێ ئاستی دوابەدوای یەک نییە کە لە یەکترەوە سەر هەڵبدەن، بەڵکوو تایبەتمەندیدانانی سێ ڕەهەندیی لە یەک شیکارییە کە بە شێوەیەکی ناچارەکی لەگەڵ یەکتردا هاوکات بوون؛ ئەم سێ ڕەهەندە لە هاوکاتبوونیاندا دەبێ دەرفەتی سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئەو شتانەی کە ئەرێنیانەن برەخسێنن، واتە کامە بارودۆخ تاکیەتییەک وا لێ دەکات کە پەسەند بکرێت؛ هەر ئەو تاکیەتییە کە لە تێگەیشتن لەڕێگەی ناسینی کاردانەوەکان و ستراتێجییەکانەوە ڕێک دەخرێت کە ئەم تاکیەتییە لەنێوانیاندا تێکەڵاو بووە. ئەم شێوە توێژینەوە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ... [چەند ڕستەیەک لە کاتی تۆمارکردنی شریتەکەدا فەوتاوە]... وەکوو کاریگەری بەرهەم دێت، هەروەها لە ئاکامدا ڕووداوچێکردن بەم مانایە دێت کە لەگەڵ شتێک سەروکارمان هەیە کە نەگۆڕبوونی، ڕیشەداکووتانی و بنەماکەی هەرگیز بە شێوەیەک نییە کە ئەگەر نەتوانین پەرتەوازەبوونەکەی بناسین، لانیکەم بە شێوازێک پێناسە بۆ ئەو شتە بکەین کە دەرفەتێک بۆ پەرتەوازبوونەکەی دەرەخسێنێت یان لەسەر چ بنەمایەک بزربوونەکەی دیاری دەکات.

پێشتر باسم لەبارەیەوە کردووە، بەجیاتی ئەوەی کێشەکە لەناو چێوەی زاراوەکانی زانین و ڕەوابوون پێناسە بکەین، پێویستە لە پرسیارەکە لەڕێگەی زاراوەکانی دەسەڵات و ڕووداوچێکردنەوە نزیک ببینەوە. بەڵام هەر وەک سەیر دەکەن مەبەست ئەوە نییە کە لە دەسەڵات وەک زاڵبوون، دەست بەسەردا ڕۆشتن، وەک بابەتێکی بنەمایی، ڕێسایەکی یەکتا، شرۆڤەکردن یان یاسایەکی نەگۆڕ کە بەرتەسک ناکرێتەوە تێبگەین؛ بەپێچەوانەوە، دەبێ هەمیشە لەناو پەیوەندییەک کە لەگەڵ بەستێنی کاردانەوەکاندا هەیەتی لە دەسەڵات وردببینەوە، دەبێ لەو پەیوەندییە جیانەکراوە کە لەگەڵ فۆرمەکانی زانستدا هەیەتی لە دەسەڵات وردببینەوە. هەروەها دەبێ هەمیشە بە شێوەیەک سەرنج لە دەسەڵات بدەین کە وەکوو هەرێمێک لە دەرفەت و لە دەرەنجامدا وەکوو هەڵگەڕانەوە و ئاوەژوویی ئەو دەرفەتە ببینین.

کەواتە دەبینن کە ئیتر پرسیار ئەوە نییە کە بە کامە هەڵە، وەهم، لەبیرکردن و یان ناڕەواییەک زانین بە شوێنێک گەیشتووە کە ئەو کاریگەرییانەی زاڵبوون بەرهەم بێنێت کە لەڕێگەی هێژمونیی [ئەم وشەیە لە شریتەکەدا بەر گوێ ناکەوێ] لە جیهانی مۆدێرندا دەردەکەوێت؟ بەڵکوو پرسیار ئەوەیە: چۆن دابەشنەکراوەیی زانایی و دەسەڵات لە یاری کاردانەوەکان و ستراتێجییە فرەڕەهەندەکان دەتوانێت هەم ئەو تاکیەتییانە بەرهەم بێنێت

که لەسەر بنەمای دۆخەکانی پەسەندکراوەیی ڕێک دەخرێن، هەم هەرێمێک لە دەرفەتەکان، کراوەییەکان، بڕیارنەدانەکان، گۆڕانکارییەکان و ئـەو جێبەجێکردنــە شـیمانەییانە چـێ دەکەن کە بابەتەکــە پارچە پارچە دەکەن و بە شـێوەیەکی کاتی دەریان دەهێنن و ئەم کاریگەرییانە بە ڕووداوەکان دەگۆڕن (نە شتێک زیاتر و نە شـتێک کەمتر لە ڕووداوەکان)؟ بە چ شێوەیەک دەکرێت کاریگەرییە ناچارەکییە تایبەتەکانی ئــەم ئەرێنییەتیانە نە لەڕێگەی گەڕانــەوە بــۆ چارەنووســی ڕەوای زانین و هەروەها نە لەڕێگەی تێڕامان لەبارەی بابەتی ترەنســێندێنتاڵ [فراژۆ یــان بەرزەجێ] یان نیمچەـترەنســێندێنتاڵ کە ئەم چارەنووســە ڕێکــی دەخــات بزر کەیــن، بەڵکــوو لەناو بەســتێنێکی ستراتێجیک و بەرهەست (لەناو ئەم بەســتێنە ســتراتێجیک و بەرهەستەدا کــە ئــەم کاریگەرییانــە دەســەلمێنێت) و بەدەســتپێک لە بڕیاری حکومەت بەســەردا نەکران ئــەم کاریگەرییانە ئاوەژوو بکەین یان گرێکانیان بکەینەوە؟

لە ئاکامدا، بزاڤ و جووڵەیەک لە ئارادا بووە کە بووە بە هۆی ئەوەی ئاقاری هەڵوێســتەی ڕەخنەگرانە لە پرســیاری ڕەخنەدا بگۆڕێت، یان بە واتایەکی باشــتر، جووڵەیەک هەبووە کــە بووە بە هۆی ســەرلەنوێ وردبوونەوە لە بەرنامــەی ڕۆشــنگەری لەنــاو پرۆژەیەکی ڕەخنەگرانــەدا - پرۆژەیــەک کــە دەبێ بە شــێوەیەک کاری بکردایە کە زانین بتوانێت ئایدیای گونجاوی خۆی درووست بکات - ئایا ئێستا نابێ هەوڵی ئەوە بدرێت کە ڕێگایەکی ئــاوەژوو بگرینە بەر، ئــاوەژووی ئەم بزاڤەی کــە ئاقارەکەی گۆڕیــوە، جێبەجێی کردووە و بەپێچەوانەی ئەو شــێوازەی کە پرسیار لە ڕۆشــنگەری لەناو ڕەخنەدا بەلاڕێدا بردووە؟ ئایــا ئێمە ناتوانین هەوڵی ئەوە بدەین کە ئەم ڕەوەنــدە لە ڕێگایەکــی پێچەوانەوە بپێوین؟ هەروەها ئەگەر پرســیار ســەبارەت بە زانین پێویستە لەگەڵ ئاستی پەیوەندی بە زۆرداری و دەست بەسەردا ڕاگرتنەوە ئاراستە بکرێت، ئەم پرسیارە دەتوانێت سەرەتا و بەر لە هەموو شتێک لە جۆرێک خواستی یەکلاییکەرەوەی حکومــەت بەســەردا نەکرانەوە دەســت پێ بــکات، ئەم بڕیار و خواســتی یەکلاییکەرەوە بڕیتییە لە هەڵوێســتەی هەم تاکیانە و هەم بە کۆمــەڵ؛ بە وتەی کانت، بــۆ دەربازبوون لە پێنەگەیشــتوویی. پرســیار لە هەڵوێستە. دەبینــن، لە کاتێکدا دەکرا، بۆچی نەمتوانی و نەمویرا سەردێڕی کۆنفرانسەکەم بەم شێوەیە ناو بنیم: ڕۆشنگەری چییە؟

## سەرچاوەی وەرگێڕان

Michel Foucault (2007), “What is critique?”, Translated by Lysa Hochroth, In the Politics of Truth, Edited by Sylvère Lotringer, Los Angeles: Semiotext, pp. 41-83.

What is an author? First published in the Bulletin de fa Societe francaise de philosophie, was translated from the French by Josue V. Harari in Textual Strategies: Perspectives in Post-Structuralist Criticism, and edited by Josue V Harari (Ithaca, New York: Cornell University Press, 1979). It was reprinted in Foucault Reader, ed. Paul Rabinow (New York: Pantheon Books, 1984).

John Wycliffe (١٣٢٠ – ١٣٨٤): فەیلەسوف، بیرمەندی ئایینی و چاکسازیخوازی ئینگلیزی کە بۆ یەکەم جار کتێبی پیرۆزی (The bible) بەتەواوی بۆ ســەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا. ویکلیف وەک پێشەنگی بزاڤی ڕیفۆرمی پرۆتێستان سەیر دەکرێ و بەڕوونی باسی لەوە کردووە کە قەشــەکان پەیوەندی نێوان خودا و خوڵقێنراوەکانی ســاز ناکەن، دژ بە ڕێورەســمی عێشــای ڕەبانی بــووە و پێیوابووە دانپیانان بە گوناهەکان لە کڵێسەدا کارێکی ڕەوا نییە.

Pierre Bayle (١٦٤٧ – ١٧٠٦): فەیلەســوف و نووســەری فەڕەنســی کە بە هۆی نووســینەکانیەوە لە فەرهەنگی ڕەخنەیی و مێژوویــیدا (Historical and Critical Dictionary) نــاوی دەرکردووە. ئــەم فەرهەنگە لەڕووی وردبینی زانســتیی و مێتۆدی گومانکردنــەوە کاریگەرەییەکی زۆری لەســەر بیرمەندەکانی بزاڤی ڕۆشنگەری داناوە.

زۆربەی کات فوکۆ لە قســەکردن و نووسینیدا وشەی ڕۆشنگەری [Enlightenment (ئینگلیــزی)] بە هەمان شــێوە ئاڵمانییەکەی واتە Aufklärung بەکار دینێت.

Frederick II: پاشــای پــرۆس (           ـ١٧٨٦) کە نازناوی فرێدێریکی مەزنی (Frederick the Great) هەبوو.

# کورد لە «ڕۆسلاڤڵ»*

سڤێتلانا کوورتساپۆڤا

وەرگێڕان: مەنسوور سدقی

لە کتێبە ناسراوەکەی «س.س. ڕاکۆچێڤسکی» بە ناوی «ئەزموونی کۆکردنەوەی بابەتە مێژووییەکانی شاری ڕۆسلاڤڵ» ئاماژە بە بابەتی «دیلە تورکەکانی کوردستان» کراوە. نووسەر لەم بابەتەدا باسی لەخۆبوردوویی ئەو دیلە کوردانە دەکات کە لە ڕووداوی ئاگرکەوتنە کارەساتبارەکەی ئەم شارە لە ١٨ی جوولای ساڵی ١٨٥٥دا، چالاکیان نواندووە.

هەڵبەت نووسەری ئەم وتارە باسی چۆنیەتیی پەیدابوونی ئەو پاڵەوانە ڕۆژهەڵاتییانە لە قووڵاییی وڵاتی ئێمەی نەکردووە. دیارە ئەم بابەتە تەنیا سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە، بەڵکوو مێژوونووس «ئا.ف. گاڤریلێنکۆڤا» هەر لەو سەردەمیدا، بەدوای بابەتەکەدا چووە و لێکۆڵینەوەیەکی کورت، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێشی بڵاو کردووەتەوە. «ئا.ڤ. تیخەنۆڤ»، مێژوونووسی «سمۆلێنسک»یش گرنگییەکی زۆری بە «دیلە تورکەکان» داوە. بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی دیکە کە لەسەر ئەم پرسە بەدەستم کەوتوون (هەم فەرمی و هەم تاکەکەسی)، منیش ویستم بەم ئاراستەیە بدوێم.

لە میانەی شەڕی «کریمە» لە ساڵانی ١٨٥٣-١٨٥٦دا، لە کەنار نەیارانی ئینگلیزی، فەرانسەیی و ساردێنیایی[١]، تورکەکانیش بەشداری شەڕ بوون. بەشێک لە خاکی دەوڵەتی تورکەکان (هەروەها دەوڵەتەکانی عێراق و ئێران و سووریا) کوردستانە و کورد دانیشتووی خۆجێییی ویندەرێیە. هەندێک لە دیلەکانی شەڕی عوسمانی، کورد بوون و پەرتەوازەی «ڕۆسلاڤڵ» کرابوون. چیرۆکی من باسی ئەم ڕووداوە دەکات.

بەهۆی ژمارەی زۆری دیلەکانی جەنگ کە لە قۆناخی سەرەتاییی جەنگی کریمەدا لە ڕووسیا ڕاگیرابوون، «نیکۆلای یەکەم» لە مانگی نۆڤەمبەر-دیسەمبەری ساڵی ١٨٥٣، لە ڕێگەی وەزیری جەنگەوە، یەکەم فەرمانی سەبارەت بە شوێنی جێگیرکردنی هەمیشەییی دیلەکان دەرکرد، کە بەناوی «ڕێوشوێنی تایبەت بە دیلەکان» لە ١٦ی مارسی ساڵی ١٨٤٥ پەسند کرا. بەپێی برگەی ٢٣ی پەسندکراوەکە ئەم شارانەی خوارەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی دیلەکانی جەنگ دەستنیشان کران: «تولا»، بۆ فەرماندە و ئەفسەرانی پلەبەرزی بەرەگەز تورک و موسڵمان؛ «ئۆرێل»، بۆ موسڵمانە پلەنزمەکان؛ «کوورسک»، بۆ کریستیانە پلەنزمەکان.

لە سێپتەمبەری ساڵی ١٨٥٤دا، دەست بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە کرا. یەکەم دەستەی دیلە تورکەکان (پلەنزمەکان) کە ژمارەیان ١٠٤ کەس بووە لە ٢ی فێبریوەری ساڵی ١٨٥٥ لە شارستانی «ڕۆسلاڤڵ» سەر بە پارێزگای «سمۆلێنسک» جێگیر دەکرێن. لە ٨ی مارچیشدا دەستەیەکی ٦٣ کەسیی سەربازی تورک کە لە شەڕەکانی دەوروبەری «ئەلێکساندرۆپۆل»[٢] بە دیل گیرابوون، ڕەوانەی «ڕۆسلاڤڵ» کراون.

زانیاری سەبارەت بە دیلە تورکەکانی شەڕ، تەنیا لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا نەنووسراون، بەڵکوو ڕۆژنامەی «سێڤرنایا پچلا» لە ساڵی ١٨٥٥، وتارێکی «ک. میکێشین»ی بە ناوی «کورد لە پارێزگای سمۆلێنسک» بڵاو کردووەتەوە کە نووسەر بەگوێرەی زانیاریی ناسیاوێکی لە شاری «ڕۆسلاڤڵ»، باسی ژمارەیەک دیلی تورکی کردووە کە «پاش «کارەساتی باشکەدیکلەر»» لەم شارە جێگیر کراون (لە شەڕی گوندی «باشکەدیکلەر»[٣]دا، پتر لە ٦ هەزار سەربازی تورک کوژرابوون). وتارەکە خێرا لە ڕۆژنامەی «فەرمانگەکانی پارێزگای سمۆلێنسک»دا (ساڵی ١٨٥٦، ژمارە ٢) دیسان بڵاو بووەتەوە. نووسەرەکەی مامۆستا «کۆنستانتین ئۆسێپەڤیچ میکێشین» لەدایکبووی ساڵی ١٨١٨، ڕەنگە برای «م.ئۆ.

میکێشین» بووبێت کە یەکێکە لە هاوشارییە بەناوبانگەکانمان لە بواری پەیکەرسازی و کەلتووریدا.

لێرەدا بەکورتکراوەیی زۆربەی نیوەرۆکی ئەم وتارە کە ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ١٦٦ ساڵ پێش ئێستا[٤]، دەخەمە بەر دەستی خوێنەرانی ڕۆژنامەی «ڕۆسلاڤسکایا پراڤدا».

## شەڕی «باشکەدیکلەر»

١٩ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥٣

نووسەر: «ب.پ. ڤیلڵیڤاڵدە»

«پێویست بوو هەموو هاووڵاتیان بە چاوی خۆیان ئەو چارەڕەشانە ببینن کە بە چ سەروسەکوتێک گەیشتنە شارەکەمان. زۆربەیان کوردن»، واتە دانیشتووانی ئاشووریای کەونارا کە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە هەڵکەوتووە. «کوردەکان لە جێگەی مێزەر، بە هەندێک پەڕۆ و پاڵ سەری خۆیان داپۆشیبوو، بە دەموچاوێکی ڕەشهەڵاتووی وەک قیر، پتر وەک دەرۆزکەرانی بێخانومان دەچوون، نەک جەنگاوەرانی دەروازەی باڵای بەکەبکەبە و دەبدەبە. خانوویەکی گەورە بۆ مانەوەیان تەرخان کرابوو کە بەپێی داب و نەریتی گەلانی ڕۆژهەڵات، لە ژوورەکانیدا ڕاخەری ئەستووری حەسیریی بۆ دانیشتن ڕاخرابوون».

سێ ڕۆژ دواتر «ناسیاوێکی خەڵکی ڕۆسلاڤڵ» سەردانیان دەکات و دەگەڵ زۆربەیان ئاشنا دەبێت. «زۆربەی کوردەکان باڵا بەرزن، جەستەیەکی ڕێکوپێکیان هەیە بە شانێکی پان، بەڵام کەمەریان باریکە، سیمایەکی ڕێکیان هەیە و زۆربەیان خوێن شیرینن».

لە باسکی چەپی زۆربەی کوردەکان «ودمێکی لێ بەستراوە کە لە شەڕدا ڕێگری لە کوژرانیان دەکات»[٥]. کوردێک گوتوویەتی، تورکێک ٨٠٠ «پیاتر»ی پێ داوە (بەرامبەرە بە ٤٠ ڕووبڵی زیو) بەڵکوو لێی بکرێت، بەڵام کوردەکە پێی گوتووە «ژیان بەنرخترە لە پارە». زۆربەیان بە بەرۆکیانەوە لە جزدانێکی چەرمیدا، قورئانیان پێ بووە. قورئانەکە بریتی بووە لە کتێبێکی بچووک کە لەسەر لاپەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی بە ڕەنگی زێڕین، یاساکانی محەممەدی لێ نووسراوە. «لەسەر هەندێک لە لاپەڕەکانی، لێو و چاوی محەممەد کێشراونەتەوە. کوردێک لە جزدانەکەیدا قورئانێکی دەرهێنا کە لە کاغەزێکی مۆمیدا پێچرابوو». ئینجا چەند جارێک «بەتایبەت لێو و چاوە زێڕینەکانی محەممەد ماچ دەکات». جگە لەوەش هەموویان تەسبیحێکیان پێ بووە، کاتێکیش لە گفتوگۆی گشتیدا بەشدارییان نەکردبا، بەردەوام خەریکی گێڕانی تەسبیح و چرپاندنی نزا بوون.

«پاییز بوو. بەفر دەباری، دیلەکان [کوردەکان] دەرکەوتنە سەر شەقامەکان و دەگەڵ نەوای سازێکی ژێتار ئاسن، دەستیان کرد بە هەڵپەڕین و سەما کردن. دەستیان لەنێو دەستی یەکتر نا و نێو بازنەیەکیان پێک هێنا و بەیەکەوە دەستیان کرد بە گۆرانی گوتن و گەڕ گێڕان و دەجووڵان: دوو هەنگاویان بۆ پێشەوە هەڵ دەگرت و پاشان بازیان دەدا. بەڕاستی ناتوانم چۆنیەتیی هەڵپەڕکێکەیان بنووسمەوە، پێویستە مرۆڤ بۆخۆی ببینێت، پێنووس و کاغەز ناتوانن بازدان و لەنجە و لار و جووڵە جۆراوجۆرەکانی ئەو مرۆڤانە وێنا بکە. بەتایبەت لە هەڵپەڕکێ و سەمای ڕۆژهەڵاتییەکاندا جووڵە و هەنگاوگەلێک باوە کە بە پەیڤی ئەورووپایی بەیان ناکرێن».

«ناسیاوەکە» بەتایبەت بە یاریی «چەهاردا»[٦]ی [کوردەکان] سەرسام بووە. کوردێک لە گۆڕەپانەکەدا، قیت ڕاوەستاوە، ئینجا لە دوورەوە بەهەڵاتن ٥٠ هاوڕێی بەسەریدا بازیان دەدا. دەبێت ئەوەمان

لەبەر چاو بێت کە باڵای کوردەکان گەلێک بەرز بووە و ئەو کەسەش ڕاست و ڕێک ڕاوەستاوە. «مـن نەمدیـت تەنانەت یەک کەسیش لەو ٥٠ کەسە بە نارێکی باز بدات. لەو یارییەدایە گشـت لێهاتوویی و چالاکیی کورد و تەکنیکەکانی دەر دەکەوێت».

«لە هاویندا [کوردەکان] بەردەوام ژیانیان لە دەرەوە بەسەر دەبرد، یان لەسەر شەقامی دەرەوەی خانووەکـە دادەنیشـتن، یان لە پەنجەرەی ژوورەکانیانەوە قاچیان بۆ دەرەوە شـۆڕ دەکردەوە. هەندێک جاریش لە ڕۆژە گەرمەکاندا، دوو یان سـێ کەسـیان بەبێ جووڵە لەسـەر زەوی نزیک چەپەرەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بەچاوی داخراوەوە ڕووبـەڕووی خـۆر دادەنیشـتن و تەنـێ زەردەخەنەی سەر ڕوخسارە سووتاوەکانیان، هەڵسـوکەوتی دڵگیـری موسـڵمانێکی دەردەخست».

«زۆر جار دیلەکان بەکەڵک وەرگرتن لە ئازادییەکی تەواو کە هەیانبوو، دەچوونە نێو کێڵگەکەی دەرەوە و بە نێو چۆڵەوانییەکاندا تا درەنگانی ئێـوارە دەسـووڕانەوە، یان لە کەناری ڕووبارەکە دادەنیشـتن و پێیان لە ئاودا نوقـم دەکرد و سـەبارەت بە خۆیان و نیشـتمانە دوورەکەیـان گفتوگۆیەکـی خۆمانـەی درێژخایەنیـان دەگـەڵ یەکتر دەکـرد. هەندێک جار دەچوونە مەلەوانی لە دەریاچەیەکی دەوروبـەر و هەر جارێکیش بە چەپکە گوڵەوە لەم پیاسـانە دەگەڕانەوە». سـەرنجڕاکێش ئەوە بووە کـە هەرگیز ئەم چەپکە گوڵانە فـرە ڕەنگ نەبوون، هەر کام لـە کوردەکان تەنیا یەک جـۆر گوڵیان کۆ کردووەتەوە و لە سـەر دارێکیان بەستووە و زۆر بەپارێزەوە هێناویانەتـەوە ماڵەوە. «ئەم هەڵسـوکەوتەی کـوردەکان دەگەڵ گوڵ هەیانە، لەنێو گەلانی باکووریدا زۆر دەگمەن دەبینرێت». کوردەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە گوڵەباخ پیـرۆزە. «باوەڕیان بەوە بوو کە پێش محەممەد گوڵەباخ هیچ بۆنێکی نەبووە. ڕۆژێک محەممەد لە باخەکەیدا دانیشـتووە و بەوپـەڕی بیرکردنەوە بەسـەر بنچکێک گوڵەباخدا سەری شـۆڕ کردووەتەوە، ئینجا ڕەنگدانەوەی خەمێکی قووڵ سـەبارەت بە بێهوودەیی ئەم دونیایە دایگرتووە و دەستی کردووە بـە گریان، دڵۆپی فرمێسـکەکانی بەسـەر گوڵەکانـدا ڕژاوە. هەر لـەو کاتەوە گوڵەباخەکان بۆندار بوون».

کوردەکان زۆر خوداپەرست و میهرەبان و خاکـەڕا بوون. پێـش خۆرهەڵات و پاش دەسـتنوێژ، دەسـتیان کردووە بە لە خودا پاڕانەوە. لـە کاتی نوێژکردنـدا بەتەواوەتی نوقمی نزاکردن دەبوون. هیچ بارودۆخێکیش ڕێگریـی لـە جێبەجێکردنـی ئەرکـە ئایینییەکەیان نەکردووە.

کـوردەکان زۆر کەم خەوتـوون و زۆر خەوتنیـان بە گوناهـ زانیـوە و پێیان وا بـووە کە خـەو، مـرۆڤ لـە خزمەتکردن بـە پـەروەردگار و چاکـە دوور دەکاتەوە. کوردەکان کەمخۆر بوون، لەو ٩ کۆپێکەی[٧] ڕۆژانە بۆ پێداویسـتییەکانیان پێیان دراوە، یەک لەسەر سێیان بۆ کڕینی توتن خەرج کردووە و بەوەی تر، پەرداخێک شیر و نانێکی سـپییان پێ کڕیوە و بەمـەش تەواوی ڕۆژ تێر بوون. هاوکات گەلێک بەخشندە بوون و هەرگیز دڵی هەژارانیان نەشکاندووە. کاتێک نان یان کولێرەیان پێ بووە ئەگەر هەژارێک داوای لـێ بکردنایە، کـوردە، پێخۆرەکەی خۆی بەش بەش نەدەکرد، بەڵکوو هەمووی بە هەژارەکە بەخشیوە. لە کاتی جەژنەکاندا، کوردەکان خوانی گشتییان پان کردووەتەوە و هەژارانیان لە سـەرووی خۆیـان داناوە. چەندیـن جـار ڕووی داوە کوردێک کە لە بازاڕ سێوی بۆ خۆی کڕیوە، لە ڕێگای ماڵەوە هەمووی بە هەژاران بەخشیوە.

ناسـراوەکەمان دەیگێـڕاوە کە «ڕۆژێک بەیەکـەوە دەگەڵ کوردێک لـە ماڵی ئێمە




https://www.gettyimages.de/fotos/roslawl

دانیشتبووین، گەدایەک لێمان وە ژوور کەوت و داوای یارمەتیی لە من کرد، منیش گوتم، بڕۆ ئاشپەزخانە، خواردنت پێ دەدەن. کوردە بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردم و گوتی، پارەت پێ نییە؟ منیش گوتم وردەم پێ نییە. کوردە بەپەلە چەند وردەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و بەدزی، نەکات گەداکە ببینێت، دای بە من و گوتی، بیدەیە! دواتر کوردە بۆمی ڕوون کردەوە، ئەگەر کەسێک داوایەکی لێ کردی دەبێت خۆت یارمەتیی بدەیت، نەکات ڕەوانەی کەسێکی دیکەی بکەیت، لاوانەیە ئەویش بێ دڵیی بکات».

گەلێک جار بینیویانە کە لە سەر شەقامەکان کوردێک تووشی ژنان بووە کە خەریکی ئاوکێشان بوون و کوردە سەتڵی ئاوەکەی لێ وەرگرتوون و بۆی بردوونەتەوە ماڵەوە و نەتەنیا چاوەڕوانی پێزانین نەبووە، بەڵکوو بە پێویستیشی نەزانیوە سوپاسگوزاریی بکەن.

لە هاویندا کە کار لە سەر زەوی دەستی پێ کردووە، کوردەکان چوون بۆ دروێنە، خەڵکی ناوچەکە دەبینن لەچاو کرێکارەکانی خۆیان، گەلێک خێراتر و ڕێکوپێکتر کار دەکەن (یەک کەس لەجیاتی سێ کەسی ئەوان)، بۆیە دوو هێندەی کرێکارەکانی خۆیان پارەیان پێ داون».

«پاش ماوەیەک هەر کام لە کوردەکان بە کەوایەکی کورت و سووری گوڵینگەداری چنراو لە داوی زیو و زێڕین دەرکەوتن، هەروەها خۆیان کلاوێکی ئەرخەوانییان ساز کردبوو کە گوڵینگەیەکی ئاوریشمی شینی درێژی پێوە ئاوێزان بوو. بەگشتی تاکوو کۆتاییی هاوین، جلوبەرگەکانیان لە هەموو بارێکەوە باشتر بووبوو. بەو پارەیەی لە کارکردن پەیدایان کردبوو، خۆیان کوتاڵ و کەرەستەکانی دیکەیان کڕیبوو و هەر خۆیان بڕیبوویان و درووبوویان». دەبێت ئەوەش بڵێین کە گشت ئەو کارەیان زۆر شارەزایانە و بە زەوقەوە کردووە. بە درێژاییی ساڵێک، ئەوەندەی «ناسراوەکەمان» ئاگاداری کاروبارەیان بووە «کوردەکان بەئاشتی و بەدۆستایەتییەکی لەرادەبەدەر لە نێوان خۆیاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد. ناکۆکییە بچووکەکانی نێوانیان، لە ڕۆژێک زیاتری نەدەخایاند». ئەوان گوتوویانە ناتوانن لە ڕۆژێک زیاتر تووڕە ببن، ئەوە گوناهە و «چاوت دەتەقێت». «کوردەکان خاوەن ڕەوشتێکی بەرزی پیاوسالارانەن. باشترین پێوەری سەلماندنی ئەم ڕاستییەش، بریتییە لە پێزانین و بەرزنرخاندنی کۆمەڵگەی

شــاری ڕۆسلاڤــڵ لــە کاتــی ئاگرکەوتنە کارەساتبارەکەی شــارەکە لە ساڵی ١٨٥٥ کە لە ماوەی ســێ کاتژمێردا، نیوەی شاری شەوتاند.

گەرمای نائاســایی پێش ئاگرکەوتنەکە و زریانە کتوپڕەکەی کاتــی ئاگرکەوتنەکە، ئەوەنــدە خێرا بووە کە هیچ هێزێکی مرۆیی توانای پێشــگرتنی نەبووە و لە ماوەی چەند خولەکێکدا هەرچی لە ڕێڕەوی ئاگرەدا هەبووە، بووەتە خۆڵەمێش و نابووت بووە. لەم سات و وەختە ترســناکەدا، کوردەکان چاونەترسانە، لێزانانە و خۆنەویســتانە کارستانیان پێشان داوە و بەویــەری خێرایییەوە وە ســەربانی خانــووەکان کەوتوون و بــە پەتووی تەڕ و هەرچی لەبەر دەســتیان بووە، ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە و بەم شێوەیە لە ڕزگارکردنی گەلێک لە خانووبەرەکانی شــاردا بەشــدار بوون. کاتێک ئاگر گەیشــتووەتە قووبەکانی کڵێســای شــار، کوردەکان بۆ ڕێزگرتن لە پیرۆزییەکانی کڵێســا، پێلاو و جامانەکانیان فــڕێ داوە و زۆر بەڕێــزەوە چوونەتــە نێو کڵێســا و ئایکۆن و وێنەکانی نێو کڵێسایان بــۆ شــوێنی ســەلامەت گواســتووەتەوە. پەرۆشی و نەترسیی کوردەکان، کاریگەریی قووڵی لەسەر گشــت هاووڵاتییان دانابوو و هەموویان دڵســۆزانەترین پێزانین و ڕێزیان بۆ ڕەوشت بەرزیی ئەو مرۆڤانە و بۆ خزمەتی خۆنەویســتانەیان دەربڕیبوو، تەنانەت ئەگەر دوژمنیش بووبن.

لێــرەدا وتــاری «ســەبارەت بــە دیلە کوردەکانی شــاری ڕۆسلاڤــڵ»، کۆتایی پێ هاتووە.

پاش بڵاوبوونــەوەی وتارەکەی «ک. ئۆ. میکێشــین»، ئەکادیمیای زانستیی یەکێک لە باشــترین ڕۆژهەڵاتناســانی ڕووسیا، واتە «پیۆتێر لێــرخ» (١٨٢٨-١٨٨٤)، بەربژێری دکتۆرای زانستیی زانکۆی سانت پیتربورگی بــۆ کۆڵینەوە لە زمانی کــوردی و مێژووی هۆزەکانی کورد ڕەوانەی شــاری «ڕۆسلاڤڵ» دەکات.

لێــرخ لە ٧ی مارســی ســاڵی ١٨٥٦ گەیشــتووتە شــارەکەمان و هــەر هەمان ڕۆژ بە هاوکاریی شــارەوانی، پەیوەندیی بە کوردەکانەوە کردووە و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی دەســت پێ کردووە. نیشتمانی ئەم کوردانە پانتاییــی ســەرووی دیجلــە و فــورات لە «ڕۆژاوای کوردســتان بووە کە بریتی بووە لە ناوچەکانی «مێردین»، «جەزیرە»، «دێرســم»، «مووش»، «دیاربەکر» ، «ئورفا»، «بیرەجیک»، «خارپــووت»، «بەگەســنە»، «مەلاتیــە»، «ماردین»، «عەرەبگیر» و «ئەرزەڕۆم».

لێرخ دەگەڵ فێربوونــی زمانی کوردی، کەڵکــی لەو هەلەش وەرگرتبــوو کە بۆیان ڕەخســاندبوو تاکــوو کۆمەڵێــک بابەتــی ئێتنۆگرافیایی ئەو گەلە کۆ بکاتەوە.

بەگوێــرەی تێبینییەکانــی بێت، لێرخ سەرســام بــووە لــە جیاوازیی جەســتە و ڕوخســاری زۆربەی کــوردە ڕاگیراوەکانی «ڕۆسلاڤــڵ» دەگەڵ دیلەکانــی دیکە. قژی زۆربەی کوردەکان ڕەشی وردە لوول بووە و شــانی هەندێکیان بە پرچێکی پڕ و لوولیان داپۆشرابوو. بیچمی دەموچاویان هێلکەیی و چاوەی زۆربەیان ڕەش یان کاڵ و درەوشاوە بــووە و بەروونــی مۆرکــی هــۆزە هیند و ئەورووپاییەکانی پێوە دیار بووە. کوردەکان زۆر بایەخیــان بە ڕواڵەتــی خۆیان داوە. بۆ نموونە حوسێن خوشکەزای سەرۆکهۆزێکی کورد، هەمیشە لە ڕۆژە گەرمەکاندا بە جلێکی ســپییەوە پیاســەی کردووە و بەردەوامیش لــە ڕووباردا شووشــتوویەتی. حوســێن لە ژێر چاکەتێکی ســپیی تا ڕادەیەک تەنگدا، کەوایەکی ڕەشــی جوانی دەبــەر کردووە و پشــتێنێکی چنراو لە داوی زێو و ئاوریشمی بەســتووە و لە ڕۆژانی سارددا بە پاڵتۆ ناقۆڵا سەربازییەکەی، خۆی داپۆشــیوە. تەنانەت پاڵتۆکەشی بە شێوازێکی ڕێکوپێک و تایبەت

لەبەر کردووە.

لێرخ لە «ڕۆسلاڤڵ» تووشی هیچ کوردێک نەبووە نووسین بزانێت، تەنیا چەند کەسێکیان تا ڕادەیەک خوێندنەوەیان زانیوە. بەڵام ئەم کەماسییە لێرخی لە توێژینەوەکانی سەبارەت بە کورد دڵسارد نەکردبووەوە.

لە ماوەی ١١ مانگ هاوشۆی دەگەڵ کوردەکاندا، لێرخ بۆی سەلماوە کە «ئەو تایبەتمەندییە باشانەی گەشتیارە ئەورووپاییەکان سەبارەت بە هۆزە کوردەکان باسیان کردووە» زێدەڕۆیی نەبوون. لێرخ لەو ماوەیەدا بە چاوی خۆی بینیویەتی کە کوردەکان «دڵپاکن، سوپاسگوزارن بۆ ئەو چاکەیەی بۆیان دەکرێت، خاکەڕان، ڕاستگۆ و ڕوو ڕاستن؛ قسە خۆش و شادن و جۆرێک تێڕوانینی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ هەموو شتەکانی دەوروبەریان».

لێرخ بەدەگمەن بینیویتی کوردێک بەتەنیا و بە بێ هاوڕێیەکی پیاسە بکات. لەو ژوورانەی بۆ ٨ تا ١٢ دیلی (کورد و تورک) تەرخان کرابوون، شادی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە باڵا دەست بووە. دیلەکان زۆر جار سەردانی یەکتریان کردووە و کاتێک چەند کەسێکیان کۆ دەبوونەوە و گۆرانیبێژێکیان لەنێودا با، ئیتر کۆبوونەوەکەیان بە گۆرانیی نیشتمانی پڕ بووە لە شادی و خۆشی؛ وشەکانیش هەمیشەش لێوالێو بوون لە سۆزی ئاگرینی شانازی بە خاک و زێد و جوانیی دۆڵ و شاخ و تاڤگە و چەم و گوڵ و چەک و ئەسپ و ئازایەتی و پاڵەوانێتی.

ڕۆژێک لێرخ بەرێکەوت دیمەنێکی تەواو جیاواز دەبینێت. دوو لە ناسیاوە کوردەکان بە شمشێر و سپەر « لەناکاو دەرکەوتنە گۆڕەپانەکە» و دەستیان کرد بە هەڵپەرکێ. دیارە کوردەکان بۆ وەدەستهێنانی ئەو دوو کەرەستەیە ئەویش لە «ڕۆسلاڤڵ»، زۆر شتیان لە پێناویدا بەخشیبوو: شەترەنجێکیان بە سەبیلەیەک[٨] و پێڵاویان بە سپەر گۆڕیبووەوە. لێرخ لە بەرانبەر «لێزانی و جووڵە جۆراوجۆرە هاوکات و خێراکانی» ئەم دوو کوردە گەلێک سەرسام بووە.

لێرخ کاتێک توانیویتی بە ڕەوانی دەگەڵ کوردەکان بە کورمانجی بدوێت، لە گفتوگۆکاندا تەنیا لە زێد و بژێوی گەلەکەیانی نەپرسیوە، بەڵکوو باسی چەمکە ئاکارەکانیشی دەگەڵیاندا کرووە. لە ڕاوێژی کوردەکان لەم بارەیەوە، «تاقە پەیڤێکی نالەبار و یان بە دەنگی بەرزی» لێیان نەبیستووە. بەم نموونەی ژێرەوە بۆ لێرخ سەلماوە کە ئەوە هەستێکی زگماکی و ڕاستەقینەی کوردەکانە: دوو عەرەب لە دیلەکانی «ڕۆسلاڤڵ» چەند جار دزییەکی بچووکیان کردبوو. کوردەکان عەرەبێکیان لە کاتی دزینی چەند دار و پەردوویەکی نەخۆشخانەی شار گرتبوو و بەتاوانی «دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی ئەو دامەزراوە خێرخوازییە، هەموو ڕق و تووڕەییان بەسەر شان و شەپیلک و ڕدێنی عەرەبەکەدا بەتاڵ کردبوو».

دیلەکانی کورد حەزیان لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا بووە، بەتایبەتی «محەممەد»ی تەمەن ٢٥ ساڵ کە کوڕی دووەمی سەرۆکهۆزێکی پێشووی نزیک شاری «Cöərek»[٩] بووە و لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردبوو «حەزی دەکرد زمانی ڕووسی فێر ببێت» و زۆر پرسیاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی و باوەڕی ئایینیی ئێمە کردووە.

لێرخ پاش گەڕانەوەی بۆ سانت پیترزبورگ، ئاکامی توێژینەوەکانی خۆی لە سێ بەرگدا بە ناوی «کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان» تەواو دەکات[١٠] و خەریکی ڕێکوپێککردنی ڕێزمانی کوردی دەبێت. لە فەرهەنگی بایۆگرافیای ڕووسیدا، بەم شێوەیە باسی «پ.ئی. لێرخ» کراوە:

«لــەم بــوارەدا زانیاریی بەرفــراوان، ورد و سەرنجڕاکێشــی تۆمــار کــردووە کــە لەو سەردەمدا نە لە ڕووســیا و نە لە دەرەوەی وڵات، هیچ کەس هاوتای نەبووە».

چارەنووسی دیلەکانی «ڕۆسلاڤل» جیاواز بووە؛ زۆربەیان بۆ باشووری وڵات ڕاگوازراون و دەگــەڵ دیلەکانی ئێمــە ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە، ژمارەیەکی کەمیش هاتوونەتە ســەر ئایینی کریستیان و لە ڕووسیا ماونەتەوە.

لــە جەنیوەریــی ســاڵی ١٨٥٦دا مێژوونووس «ئــا.ف. گاوریلێنکۆ» لە کتێبی «ڕۆسلاڤــڵ لە مێــژووی شــەڕی کریمەدا ١٨٥٣-١٨٥٦»، باســی دوو دیلــی تورک، «مەحموود جومعە» و «ئیسماعیل حوسێن» دەکات کە ڕەگەزنامەی ڕووسییان وەرگرتووە و بەنهێنی لە کڵێســا «ئاوەمۆر»[١١] کراون و بوونەتــە کریســتیان. «مەحمــوود جومعە» لەســەر دەســتی کەشیشــێک کە دەوری «کریــڤ»[١٢]ی بۆ هەر دوو گێــڕاوە، بووەتە «نیکۆلای ئەلێکســاندرێڤیچ» و «ئیسماعیل حوســێن» بەپێچەوانە، بووەتە «ئەلێکساندر نیکۆلایەڤیــچ» و بەهــۆی باوەڕهێنانیان بە ئایینی ئۆرتۆدۆکسی سلاڤیانی، هەر کامیان بە بڕی سێســەد ڕووبڵ لــە لایەن خودی ئیمپراتۆری ڕووسیاوە خەڵات کراون.

مێژوونــووس «ئــا.ڤ. تیخەنــۆڤ» لــە تێــزی دکتۆراکەیدا (لە بەشــی «ئاورێک لە دانیشــتووانی بیانی ئیمپراتۆریای ڕووســیا لە ســاڵانی ١٨٠١- ١٨٦١») دوو نموونەی دیکــەی هێناوەتــەوە. بەگوێــرەی ئــەم نووســراوەیە لە خشــتەی دیلە تورکەکان کە بریتی بوون لــە ١٦١ کەس، یەکێکیان بە نــاوی «مەحمــوود بەلی» داخــوازی بۆ وەرگرتنی هاووڵاتینامەی ڕووسیا و مانەوەی لە شــاری «ڕۆسلاڤــڵ» بــەرز کردووەتەوە. هەروەها بەپێی ئاماژەی «تیخەنۆڤ»، کەسی دووەم بریتــی بووە لە «ئەحمەد محەمەدۆڤ ئۆغلی» کە وازی لە ئایینی ئیسلام هێناوە و لە ڕێژەی دەستەی دووەمی ئەو دیلانە بووە کە بۆ شــاری ئۆدێسا گوازراونەوە. لە مانگی جووڵای ســاڵی ١٨٥٦، «ئەحمەد» سوێندی وەفاداری بە ڕووسیای خواردووە و باوەڕی بە ئایینی ئۆرتۆدۆکســی سلاڤیانی هێناوە و لە شاری «ڕۆسلاڤڵ» ماوەتەوە.

بێجگــە لەمانە، نووســەری ئەم وتارە لە خشــتەی «خێزانەکانی دانیشــتووی شاری ڕۆسلاڤڵ بۆ ساڵی ١٨٦٩»دا، دوو ناوی: «ئیڤان ئاکیمــۆڤ» و «نیکۆلای ئەلێکســاندرۆڤ»ی دۆزیوەتەوە کە ئاماژە بە ناونیشان و پێناسەی پێشــوویان نەکراوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە ڕێژەی مردن لەنێو دیلە تورکەکان، لە ماوەی مانەوەیان لە شــاری «راسلاڤل»، ٦ کەس بووە. ئەم غەریبانە لە «گۆڕســتانی تورچانەکان»[١٣] نێژراون کە ئێســتا خانووی لێ ساز کراوە.

لە بەڵگەنامە ئەرشــیڤکراوەکانی شاری «ڕۆسلاڤــڵ»دا، تەنیــا دوو یــادەوەری لــە چارەنووسی سەربازانی عوسمانی کە ڕاکێشی شــەڕ کرابوون و لە شاری ئێمەدا وەک دیل ڕاگیرابوون، ماونەتــەوە؛ ئەوانیش بریتین لە «شەقامی تورک» و «کۆڵانی تورک» کە ئێستا هیچکام لەم ناوانە لەسەر شەقام و کۆڵانەکە نەماون. ڕەنگە «شــەقامی تورک» بەشــێک بووبێت لە شەقامی «لۆبیرێڤسکایای خواروو» کە ئێستا بە ناوی «پ. لوکسەمبورگ» کراوە و نــاوی «کۆڵانی تورک»یش کە کاتی خۆی لە لای ڕاســتی شــەقامی «ئوریتسکایا» بە کەنار ڕووباری «ســتانۆڤکا» تاکوو شــەقامی «لۆبیرێڤسکایای خواروو» درێژ کراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٢١دا، کراوەتە «کۆڵانی ستانۆڤکا». ئێســتاش بووەتــە «کۆڵانی ژمــارە ٢ی پ. لوکسەمبورگ».

## پاشکۆی وەرگێڕ[١٤]

سەبارەت بە پیۆتێر ئیڤانۆڤیچ لێرخ (١٨٢٨-١٨٨٤)

«پیۆتێر ئیڤانۆڤیچ لێرخ» لە ساڵی ١٨٢٨ لە شارۆچکەیەکی نزیک لە شاری هامبوورگی ئەڵمانیا، لەدایک بووە. خوێندنی باڵای لە ساڵی ١٨٥١ لە زانکۆی پیترزبورگ تەواو کردووە و پلەی بەرزیریی بۆ دکتۆرا لە وێژەی ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە. لە سەرەتای پەنجاکاندا، خەریکی بەدواداچوون بۆ پرسی کورد دەبێت کە لە ژێر کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و تورک لە ساڵانی ١٨٥٠-١٨٥٣دا لە ڕووسیا گرنگیی پێ درابوو و سەرنج دەخاتە سەر زمانی کورد و مێژووەکەی و سێ ساڵ کاتی ئازادی خۆی بۆ کۆکردنەوەی بابەتی هەمەلایەنە و پەیوەست بەم بوارە تەرخان کردووە. بەشێکی ئەم توێژینەوەیە بە بڕیاری ئەکادیمیا وەک بەرگی یەکەم بە ناوی «کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان» لە ساڵی ١٨٥٦دا بڵاو بووەتەوە. هەر لەم ساڵەدا بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەکادیمیا، «پیۆتێر لێرخ» سەردانی شاری «ڕۆسلاڤل» دەکات تاکوو لە نزیکەوە بە هاموشۆ دەگەڵ ژمارەیەک کورد کە لەوێندەرێ ڕاگیرابوون و لە شەڕی ڕووسیا و عوسمانیدا لە ناوچەی کافکاز بەدیلی گیرابوون، توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی بکات. لە ئاکامدا، «لێرخ» کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە زمانی کوردی کۆ دەکاتەوە و دوو بەرگی دواتری توێژینەوەکانی تەنیا بۆ زمانی کوردی تەرخان دەکات و ئەکادیمیا لە ساڵی ١٨٥٧و ١٨٥٨، هەر بە ناوی «کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان» چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. «لێرخ» هاوکات هەر سێ بەرگەکە (٤٥٠ لاپەڕە)، لە دوو بەرگدا (٣٨٠ لاپەڕە) بە زمانی ئەڵمانی وەردەگێڕێت و ئەکادیمیای ڕووسیا لە ساڵی ١٨٥٨ هەر دووکیانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە[١٥].

لە ساڵانی ١٨٥٨-١٨٦٠ لێرخ تێکەڵ بە چالاکیی مەیدانیی ئەکادیمیا بووە و لە گەشتێکی زانستیدا بە سەرپەرشتیی «ن.پ. ئیگناتییەڤ» کە بە مەبەستی کۆڵینەوە لە مێژوو، جوگرافیا و زمانی دانیشتووانی ناوچەکانی «بووخارا»، «خیوە»، «ئۆرێنبوورگ» و کۆکردنەوەی کەلوپەلی شوێنەواری و دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێک خرابوو، بەشدار بووە. لێرخ دیسان لە ساڵانی ١٨٦٧-١٩٦٨دا بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەوارەکانی شارێکی وێران کە لە کۆتاییی ڕێژراوی ڕووباری «سیر دەریا» بۆ نیو گۆلی «خوارەزم» هەڵکەوتبوو، ڕەوانەی ناوچەی ئاسیای نیوەڕاست دەکرێت.

لێرخ لە ساڵانی ١٨٦٩ و ١٨٧٤ لە کۆنگرەی نێونەتەوەییی شوێنەوارناسان لە سویسرا و دانیمارک بەشدار بووە.

بە بۆنەی بەڕێوەبردنی ئەرکە میرییەکانی سەر شانی، هەروەها بەشداریی دڵسۆزانە و لێهاتوویی لە دەستەبەرکردنی ئاکامە گرنگەکانی لە بواری کوردناسی و کۆڵینەوە لە مێژوو، شوێنەوارناسی، جوگرافیا، ئیتنۆگرافیا و زمانی گەلانی ئاسیای نیوەڕاست، (لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاراندا) ئەندامی «فەخری» و دواتر پلەی ڕاوێژکاری میریی پێ دراوە.

لێرخ بەهۆی کاری کتێبداری لە کتێبخانەی کتێبە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەکادیمیا، تەواوی سەرچاوەکانی خوێندبووەوە، بۆیە وەک «شارەزاترین کەس لە زمانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی» و «کاتالۆگی زیندووی بیبلیۆگرافیای ڕۆژهەڵات» بەناوبانگ بووە.

لێرخ لە ساڵی ١٨٧٦، بەهۆی نەخۆشی خانەنشین و بۆ نۆیژداری ڕەوانەی ئەڵمانیا کراوە و هەر لەوێندەرێ لە ساڵی ١٨٨٤ و لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە».

## کارەکانی لێرخ سەبارەت بە کورد

بێجگە لە سێ بەرگە ڕووسییەکەی «کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە

باکووریيه هاوڕەچەڵەکەکانیان» و دوو بەرگە ئەڵمانییەکەی «کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە هاوڕەچەڵەکەکانیان»، «پیۆتێر لێرخ» ئەم بەرهەمانەشی نووسیون:

لێرخ لە دوو وتاردا باسی لە چەند دەقی وێژەی کوردی کردووە کە بریتین لە: پێداچوونەوە بە بۆچوونی «ئا. ژابا» سەبارەت بە وێژەی کورد و هۆزەکانی کورد»؛ پێداچوونەوە بە پوختەی «ئا. ژابا» سەبارەت بە هەڵبەستە کوردییەکەی ئەحمەدی خانی»؛ پێداچوونەوە بە فەرهەنگەکانی کوردی-فەرانسەیی و فەرانسەیی- کوردی (کە لەنێو دۆسیەی دەستنووسە کوردییەکانی «ژابا»دا، پارێزراون).

دوایین بەرهەمی لێرخ سەبارەت بە زمانی کوردی (دەستنووسێکی ٤٢ لاپەڕەیی مەزنە و چاپ نەکراوە)، ئاستێکی بەرزی زانستیی هەیە. مەبەست کۆڵینەوەیەکی ناتەواوی «لێرخ»ـە سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی کە ڕەشنووسەکەی (بە زمانی ئەڵمانی) لە کتێبخانەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی و کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی لینینگراد پارێزراوە. لێرخ گەرەکی بووە ئەو بەرهەمەی بۆ توێژینەوەیەکی مەزن سەبارەت بە ڕێزمان و «فۆنۆتیک»ی زمانی کوردەکان تەرخان بکات، بەڵام مەرگ مەودای پێ نەداوە.

پیۆتێر لێرخ کتێبێکی دیکەیشی هەبووە بە ناوی «گەشتێکی شوێنەوارناسی بۆ ناوچەی تورکستان لە ساڵی ١٨٦٧». س. پیتربورگ. ١٨٧٠».

## ژێدەرەکان

*. ئەم وتارە لە ٢٠٢١/٠٤/٢٣ لە ڕۆژنامەی «ڕۆسلاڤسکایا پراڤدا» بڵاو بووەتەوە و وەرگێڕ کوردی کردووەتەوە.- وەرگێڕ.

١. مەبەست پاشایەتیی «ساردینیا» یان «پاشایەتی پیەمۆنت و ساردینیا»یە (١٧٢٠-١٨٦١) کە دواتر وڵاتی ئیتالیا پێک دێنن.- وەرگێڕ.

٢. ناوی کۆنی «کومایری» و دواتر «گیومری» بووە (لە وانەیە «قومری» ڕاست بێت) ساڵی ١٨٣٧ «نیکۆلای دووەم» تزاری ڕووس سەردانی وێندەری دەکات و وەک ڕێزلێنان لە هاوسەرەکەی «ئەلێکساندرا»، ناوی «ئەلێکساندرۆپۆل»ی لێ دەنێت. لە ساڵی ١٩٢٤ لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت بە ناوی «لینین» دەکرێت و دەبێتە «لینینەکان». لە ساڵی ١٩٩٠ پاش تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت، دیسان دەبێتە «کومایری»، لە ساڵی ١٩٩٢ دواجار ناوی «گیومری» لەسەر دادەنرێتەوە. ئێستا دووەم شاری گەورەی کۆماری ئەرمەنستانە و لە باکووری ڕۆژاوای ئەم وڵاتە هەڵکەوتووە.- وەرگێڕ.

٣. ئێستا گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری قەرس لە باکووری کوردستان نزیکی سنووری ئەرمەنستان، لە ڕۆژاوای «گیومری»ی ئەرمەنستان هەڵکەوتووە. ئەم شەڕە لە ١ی دیسەمبەری ١٨٥٣ ڕووی داوە و بەگشتی شکست و پاشەکشەی هێزەکانی عوسمانی لە ناوچەی کافکازی لێ کەوتووەتەوە.- وەرگێڕ.

٤. ئەم وتارە ساڵی ٢٠٢١ نووسراوە.- وەرگێڕ.

٥. مەبەست گوڵلەبەندە.- وەرگێڕ.

٦. بە ڕووسی «Чехардá» کە وەک «چەخاردا/واتە چەهاردا» گۆ دەکرێت، بە ئینگلیزی یاری «Leapfrog».- وەرگێڕ.

٧. ١٠٠ کۆپێک = ١ ڕووبڵ.- وەرگێڕ.

٨. سەبیلەی تەماکۆ لەم ناوچەیە درێژ و سەرێکی قەبەی هەبووە.- وەرگێڕ.

٩. Sêwreg ئێستا شارێکی پارێزگای «ئورفا»یە لە باکووری کوردستان.- وەرگێڕ.

١٠. پیۆتێر یان پیتر لێرخ پاشان هەر سێ کتێبەکەی (چاپکراوی ١٨٥٦، ١٨٥٧، ١٨٥٦) لە دوو بەرگدا دەکاتە زمانی ئەڵمانی (چاپکراوی ١٨٥٧، ١٨٥٨). وەرگێڕی ئەم وتارە سێ بەرگە ڕووسییەکەی لێرخی بە بەراورد و هەڵسەنگاندنی دەگەڵ دوو بەرگە ئەڵمانییەکە، کردووە بە کوردیی نیوەندی و هەندێک زیادکراوی دەقە ئەڵمانییەکەشی وەک پاشکۆ لەم وەرگێڕانەدا گونجاندووە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا چاپ و بڵاو دەبنەوە.- وەرگێڕ.

١١. ئاوەمۆر = «غسل تعمید»، Baptism.- وەرگێڕ.

١٢. کریف = بە فارسی «پدرخوانده»، بە ئینگلیزی Godfather.- وەرگێڕ.

١٣. بە زمانی ڕووسی، بە دانیشتوانی عوسمانییان گوتووە «تورچان (بۆ نێر) و «تورچانکا» (بۆ مێ)».- وەرگێڕ.

١٤. سەرچاوەی ئەم پاشکۆیە:

Курдоев К.К. Труды П.И. Лерха по курдоведению (к вопросу изучения истории курдов в России). Очерки по истории русского востоковедения. сборник IV, Москва 1959.

(قەناتی کوردۆ. بابەتی: «کارەکانی پ.ئی. لێرخ لە بواری کوردناسیدا. سەبارەت بە پرسی کۆڵینەوە لە مێژووی کورد لە ڕووسیا»، گۆڤاری پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی یەکێتیی سۆڤیەت. بەرگی چوارەم، مۆسکۆ ١٩٥٩).

١٥. وەرگێڕ هەرسێک بەرهەمە ڕووسییەکەی لێرخی بە بەراورد و هەڵسەنگاندن دەگەڵ دەقە ئەڵمانییەکە کردووەتە کوردی نیوەندی کە چاوەڕوانی چاپ و بڵاوکردنەوەیە.- وەرگێڕ.

# کورد لە شەڕی گەورەی نیشتمانیدا (یەکیەتیی سۆڤییەتی ١٩٤٥–١٩٤١)

## ٩ی مای ساڵڕۆژی سەرکەوتن لە شەڕی گەورەی نیشتمانیدایە!

نووسەر:جاڤاراشا عەلی

وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: کامران ئەمین ئاوە

## پێشەکیی وەرگێڕ

دابەشبوونی خاکی کوردستان لە سەرەتای سەدەی ١٦، لە نێوان تورکە عوسمانییەکان و سەفەوییەکانی ئێران، شەڕە بێ کۆتاکان، سەرکوت و کوشتنی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە لایەن پاشاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانییەوە، بووە هۆی کۆچکردنی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی زۆری کورد بۆ وڵاتانی ئەوبەری قەفقاز.

بوونی کورد لە ئەوبەری قەفقاز، چارەنووس و داهاتووی کوردانی ئەو خاکەی بە سیاسەتەکانی حکوومەتی تزاری رووسیا و دواتر یەکێتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی و گۆرانکاری و رووداوەکانی ئەو وڵاتەوە گرێ دا

دامەزراندنی ناوچەی خودموختاری «کوردستانی سوور» لە کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٢٣ بە وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی کورد دادەنرێت. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا مافی پێکهێنانی حکوومەتی نەتەوەیی بە کورد درا و منداڵانی کورد لە کۆمارەکانی سۆڤیەت - و بە تایبەتی لە ئازەربایجان و گورجستان و ئەرمەنستان- دەستیان کرد بە خوێندن بە زمانی دایکی کرد و رۆژنامە، گۆڤار و کتێبەکان بە زمانی کوردی چاپ کران. یەکەمین فیلمی کوردی، «زارا»، کە ماوەی ٦٩ خولەکە لە ساڵی ١٩٢٦ لە ئەرمەنستان بەرهەم هێنرا و دووەم فیلمی پەیوەندیدار بە ژیانی کوردانی ئێزیدی لە ساڵی ١٩٣٣ لە وڵاتی گورجستان بەرهەم هات و هتد.

سەرەڕای ئەمەش، لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ ئەو گۆرانکارییانەی لە سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتدا روویان دا، کوردیش بەر سەرکوتەکانی سەردەمی ستالین کەوت. «کوردستانی سوور» هەڵوەشایەوە و زۆربەی ئەو ئاسانکاری و دەسەڵاتانەی پێیان درابوو وەرگیران. زۆرێک لە بنەماڵە کوردەکان بۆ کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست دەربەدەر کران، بەشێک لە کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانیان زیندانی و دوور خرانەوە و زۆرێکیان بە تاوانی «دوژمنی گەل» گوللەباران کران. سەرەڕای ئەمەش، دوابەدوای هێرشی سوپای فاشیستی ئەڵمان بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت لە ٢٢ی ژوئەنی ١٩٤١، کورد وەک یەکێک لە گەلانی نشتەجێی ئەم وڵاتە، بەشداریی شەڕی نیشتمانی و دژەفاشیستیی کرد.

بە بۆنەی ٧٩ ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزم لە ٩ی مای ١٩٤٥ و ناسینی گۆشەیەک لە ژیانی ئەو کوردانەی دوور لە نیشتمانی مێژوویی خۆیان، بەشدارییان لە گەورەترین شەڕی خوێناویی سەدەی بیستەمدا کرد، وەرگێرانی ئەم بابەتە بڵاو دەکرێتەوە.

***

هەموو گەلانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بە کوردیشەوە وێڕای رێزگرتن لە یادی ئەو کەسانەی بە بەهای گیان، بەرگرییان لە نیشتمانی خۆیان کرد، رۆژی سەرکەوتن [لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا] جێژن دەگرن. ئی. خ. باقرامیان[١] مارشاڵی یەکیەتیی سۆڤیەت لەو بارەیەوە نووسیویەتی:

*«لە ساڵانی شەڕی گەورەی نیشتمانیدا، کاتێک ئەو وڵاتەی گەلی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا رزگاریی نەتەوەیی راستەقینە و بەختەوەریی تێدا بەدەست هێنابوو، رووبەرووی مەترسییەکی کوشندە بووەوە، کورد وەک هەموو گەلانی برای دیکە، نیشتمانپەروەریی سۆڤیەتی لە خۆی پیشان دا. هەموو سەربازە سۆڤییەتەکان کە رەگەزی کوردیان هەبوو و منیش دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا لە بەرەکانی شەڕدا لەگەڵیان*

*[دژ بە دوژمن] شەڕ بکەم، ئەرکە سەربازییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی شایان بەجێ هێنا».*

و ئەمەش سەرەڕای سەرکوتی بێ پاساوانەی ستالینی لە کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٣٦ و ١٩٤٤دا بوو. سەربازە کوردەکان لە زۆر بەرەدا دژی سپای فاشیستەکانی ئەڵمان شەڕیان کرد: لە بەرگریکردن لە شارەکانی مۆسکۆ، لێنینگراد، ستالینگراد، لە شەڕ بۆ قەفقاز و ئازادکردنی کریمە؛ لە پێکهاتەی هێزەکانی بەرەی ئۆکراین، بیلاڕووس و وڵاتانی ناوچەی دەریای بالتیک، لە شەڕی ڕزگاریخوازیی بێلگراد و وەرشۆ، بوداپێست و ڤیەن، لە شکستپێهێنانی سپای فاشیستەکانی ئەڵمان لە پرۆسی ڕۆژهەڵات، لە تێپەڕین لە ڕووباری ئودر و لە شەڕی قارەمانانە بۆ بەرلین، زۆرێک لە کوردەکان بەشدارییان کرد.

سەربازە کوردەکان بەشێک بوون لەو یەکانەی وا بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی سپای کوانتونگی ژاپۆن کرد. هەروەها لە ڕیزەکانی تۆڵەسەندنەوەی جەماوەری لە ئۆکراین و فەرەنسادا شەڕیان کردووە.

زۆرێک لە کوردەکان بە ناوونیشانی ئازەربایجانی و ئەرمەنی و تورکمانی لە شەڕدا بەشدارییان کرد و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش زۆرێک لە ناوەکانیان لە لیستی گشتیی ئەو گەلانەدا ون بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە قارەمانانەیە یارمەتیی دا بە سەرکەوتنی گەلانی سۆڤیەت لە خوێناویترین شەڕێک کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیویەتی.

لە ژێر ڕۆشنایی هەوڵی زۆری زانای کورد خ. م. چاتۆیڤ[٢] دەرفەتێک بۆ دیتنەوەی ناوی بەشێک لە کوردە سەربازەکان و هەندێک لە چالاکییە قارەمانییەکانیان لە بەرەکانی شەڕدا پێکهات:

ب. ب. ئانامالیف (خەڵکی گوندی باقر لە ناوچەی عیشق ئابادی تورکەمنستان) بەشداریی لە شەڕی ٩ی ژوئیەی ١٩٤١ی دژ بە داگیرکەرانی ئەڵمانی لە نزیک پۆلتاڤا لە ئۆکراین کرد. لە ١٣ی ئاگوستی ١٩٤١ بە سەختی بریندار بوو، بەڵام بەرەکانی شەڕی بەجێ نەهێشت و میدالیای شەڕی نیشتمانیی پلە دووی پێ بەخشرا.

س. ش. مورادۆڤ، شاعیری بەناوبانگی هاوچەرخ، لە ٢١ی ژوئیەی ١٩٤١ لە ناوچەی سمۆلێنسک بە سەختی بریندار بوو.

جاڨۆ ئامارۆویچ مامۆیان، خەڵکی گوندی پامپ لە ناحیەی کوردنشینی ناوچەی ئاپارانی ئەرمەنستان، لە ١٠ی ئاگوستی ساڵی ١٩٤١، لە شەڕەکانی نزیک گوندی ئوشاکۆڤ کە دەکەوێتە ناوچەی سمۆلێنسک، بە سەختی بریندار بوو.

سەرگورد س. ع. سیابەندۆڤ[٣] لە هێزەکانی بەرگریی تولا، لەشکری ٢١٧ی پیادە خزمەتی دەکرد. بەهۆی قارەمانێتی و ئازایەتیی، نازناوی قارەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێ بەخشرا.

سەرگوردی خزمەتگوزاریی پزیشکی س. ک. جافارۆڤ، خەڵکی گوندی فیروزە هەڵکەوتوو لە ناوچەی عیشق ئابادی تورکەمنستان، لە کاتی بەرگریکردن لە شاری مۆسکۆ، سەرەڕای سەرمابردوویی و زەبری مێشکی، ئەرکەکانی بەرپرسی نەخۆشخانەی گەڕۆک بۆ گواستنەوەی بریندارەکان و دواتر بەرپرسی نەخۆشخانەی بەشی سەرەکیی گواستنەوەی[٤] پزیشکیی مۆسکۆی سەربەرزانە بەجێ گەیاند.

گرووبان یەکەم ئو. ئا. ئازمانۆڤ لە شەڕ بۆ بەرگریی لە مۆسکۆ بە سەختی بریندار بوو.

ڕ. ئا، داورێشیان خەڵکی گوندی قوڵی بیکلوی ناوچەی ئێچمیازین لە ئەرمەنستان لە ئۆکتۆبەری ١٩٤١وە لە هەنگی[تابووری] ٢١٠ی پیادەی هەرێمی ڕۆژئاوا لە بەرگریکردن لە شاری مۆسکۆ بەشداریی کرد

قەنناس بەدەستی بەناوبانگ گرووبان یەکەم ع. ش. شاویشیان لە ڕیزی ئەو هێزانەدا بوو کە لە شەوی ٢٨ تا ٢٩ی نوامبری ١٩٤١ شاری ڕاستۆڤ لە نزیک دۆنیان ڕزگار کرد. عەلی شاویشیان بۆ یەکەمجار لە شەڕی نزیک تاگانرۆگ بریندار بوو. دوای چاکبوونەوەی بەشداریی لە ڕزگارکردنی وارۆنێژ کرد و بۆ جاری دووەم بریندار بوو.

لە کاتی بەرگریکردن لە سواستۆپۆل، پزیشکی سپا، داراب جابارۆویچ سوڵتانۆڤ خەڵکی گوندی عەین لە ناوچەی زەنگلان لە ئازەربایجان ئازایەتییەکی تایبەتی لە خۆی پیشان دا.

گرووبان یەکەم ف. س. ئەحمەدۆڤ خەڵکی ناوچەی قوباتلی ئازەربایجان لە مارسی ١٩٤٢ لە پێکهاتەی هەنگی ٩٢٧ی هێزی پیادە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێکانی، ٩٨ سەرباز و ئەفسەری دوژمنیان کوشت (١٧ کەسیان بە دەستی ئەو کوژران).

سەرجووخەی قەنناس بهدەست ن. ئا. نەورۆزۆڤ خەڵکی گوندی مۆڵلابورون سەر بە ناوچەی قوباتلی ٣٠ سەرباز و ئەفسەری دوژمنی کوشت.

سیویک عەلییۆویچ سلۆیان، گرووبان سێیەم لە ڕیزی سەربازانی لەشکری ٨٩ی پیادەی سپای ئەرمەنستان؛ بەشداریی لە ئازادکردنی زۆرێک لە شار و ناوچەکانی باکووری قەفقازدا کرد. لە نێو سەربازانی ئەم سپایەدا، هەروەها چاچۆ تامۆیویچ کاچۆیان (خەڵکی گوندی کالاکۆت، ناوچەی تالین)، کەرەم کالاشێویچ ئەسەدیان (خەڵکی گوندی میراک لە ناوچەی ئاپارانی ئەرمەنستان) و چەندین کەسی دیکە لێهاتوویەکی بەرچاویان پیشان دا.

ک. ک. ئاسیان، سەربازی گروهانی ٧ی هەنگی ٤٠٠ی پیادە، لە نێوان ١ی سپتامبر تا ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٤٣دا، ٢٧ سەرباز و ئەفسەری ئەڵمانی کوشت.

ئامە سالدۆویچ شاویشیان لە هەموو سپای ٦٥ دا کەسێکی ناسراو بوو. تەنیا لە مانگی مای تا ژوونی ساڵی ١٩٤٣دا ٤٥ کەس و لە ١ تا ١٣ی نوامبری ئەو ساڵەدا ١٨ کەسی کوشت، کە کۆی گشتیی ٦٣ سەرباز و ئەفسەری ئەڵمانی بوون.

زۆرێک لە سەربازانی کورد لە یەکە پارتیزانییەکاندا شەڕیان کرد: جەماڵ جانگۆیان (لە ئۆکراین)، یوسف تایارۆویچ نگۆیان (لە فەرەنسا).

نووسەری بەناوبانگی کورد عەلی عەبدورەحمانۆویچ مەمەدۆڤ لە ١ی ئۆکتۆبر ١٩٤٣ تا ١٣ی ژوئیەی ١٩٤٤ لە یەکەی گەورەی پارتیزانیی ئە. کاراسایف، قارەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت (لە پارێزگای والینی ئۆکراین) شەڕی کرد.

لە بەرەکانی شەڕی نیشتمانیدا، ستوان فیۆدۆر خاتۆیڤ کاڵویان خەڵکی گوندی جارجاریس و سلۆ باکیرۆویچ جافارۆڤ خەڵکی گوندی کوردنیشینی پامپ کە دەکەوێتە ناوچەی ئاپارانی ئەرمەنستان، قارەمانانە کوژران.

گرووبان سەعید ئاگیتۆویچ کاسۆیان خەڵکی گوندی کاروانسەرا لە ناوچەی ئارتیکی ئەرمەنستان تانگی «بەبر»ی لەناوبرد و ٧ سەربازی فاشیستی کوشت و گیانی خۆیشی بەخت کرد.

بنەماڵەی کورد هەن کە چەندین ئەندامی خۆیان لەدەست داوە. ئەحمەد ئوسۆیان، دانیشتووی گوندی کوریبوگاز، ٣ کوڕی لەدەست دا؛ گۆرانیبێژی فۆلکلۆری کورد ئامە چولۆ (گوندی ئەلاگیاز) - ٢ کوڕ؛ حەسۆی ماخسۆ - دوو کوڕ و شارۆی سمۆ (گوندی چۆبانماز) - دوو کوڕی لەدەست دا؛هەروەها ٣ کوڕ لە بنەماڵەی برایانی چێرکیز و کایماز محۆ (گوندی بایسیز) کوژران؛ خودۆیان چارکاز خودۆیویچ خەڵکی ناوچەی ئاشتاراکی ئەرمەنستان دوو کوڕی لەدەست دا؛ هەروەها

٢ کـــوڕی هاوگوندییەکـــەی، تیمـــوورۆڤ برۆ تەیموورۆویـــچ، کـــوژران و٣ کوڕی ئەســـعەد حەســـەنۆڤ خەڵکی گونـــدی ئاغجاکەند کە دەکەوێتە ناوچەی کەلبەجـــاری ئازەربایجان کوژران.

ن. ســـەفاریان، ســـەرتیپی پێشـــووی لەشکری ٨٩ی پیادەی سپای تامان، ئاماژەی بەوە دا «...ســـەربازانی کـــورد لە کاتی ئەرکە ســـەربازییەکانیاندا نموونـــەی قارەمانێتی و بوێری بوون و بە فیداکاری ئەرکەکانیان ئەنجام دەدا». ئەمەش پێزانینێکی شایانی سەربازانی کوردە و ڕێزلێنانێکە بۆ ئازایەتییەکانیان.

بێگومان خەســـارەی[گیانی] و کردەوەی قارەمانانەی ســـەربازانی کورد بەراورد ناکرێت لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتی فرەنەتەوەی یەکیەتی ســـۆڤیەت. نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا لەبیرمان بچێ کە باری قورســـی شەڕەکە لەسەر شانی ڕووســـەکان، ئۆکرانییەکان، بیلاڕوسییەکان و فرە نەتەوەی دیکەی یەکیەتی ســـۆڤیەتی پێشـــوو بوو. بەڵام پێویســـتە لە بیرمان بێت کە ژمارەی دانیشـــتووانی کورد [لە یەکیەتی سۆڤیەت] پێش شـــەڕ لە پەنجا هەزار کەس تێنەدەپـــەڕی و نزیکەی ٧٠٪یـــان بە هۆی ســـەرکوت کرانیان[لە لایەن هێزی ئاسایشی یەکیەتیی ســـۆڤیەتەوە]، بـــۆ خزمەتکردن لە هێزە چەکـــدارەکان بانگ نەکرابـــوون. بەڵام وێڕای ئەوەش، ئەوانەی لە بەرەکانی شـــەڕدا ئامـــادە بـــوون، ئەرکـــی ســـەربازیی خۆیان سەربەرزانە بەڕێوە برد: تەنانەت یەک حاڵەتی ترسەنۆکی، ترس و وازهێنان یان خیانەت لە نێو ســـەربازە کوردەکاندا بەدی نەکرا. ئەوان بەرگرییان لە زێـــدی خۆیان کرد و ئەمرۆش چەک بەدەســـت ئامادەن بـــۆ درێژەپێدان بە خەباتی پڕلە شانازیی باوک و باپیرانیان.

تێبینی: ئەم بابەتە لەسەر بنەمای کتێبی خ. م. چاتۆیف، «بەشداریی کوردانی یەکیەتی سۆڤیەت لە شەڕی گەورەی نیشتمانیی ساڵی ١٩٤١-١٩٤٥»، یەریڤان، ١٩٧٠، ئامادە کراوە

## سەرچاوەکان

گۆڤاری «دۆستی»، مۆسکۆ، ٢٠٠٢، ژمارە ١٦ و ١٧، ل ٦٨-٦٧

Журнал «Дружба (Dostanî)». Москва. 2002 г. .№№16-17. С. 67-68

سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی:

مای ساڵی ٢٠١٠

Курды в Великой отечественной войне, http://kurdist.ru

## ژێدەرەکان

Ивáн Христофóрович Баграмя́н, Ivan Khristo_forovich Bagramyan

ئیـــوان خریســـتۆفۆرۆویچ باقرامیـــان(١٩٨٢-١٨٩٧)، بە ڕەچەڵەک ئەرمەنـــی، سپاسالار[ســـەردار]، دەوڵەتمەرد، مارشـــالی یەکیەتی ســـۆڤیەتی(١٩٥٥)، دووجـــار قارەمانـــی یەکیەتیـــی ســـۆڤیەتی (١٩٧٧ و ١٩٤٤)، جێگـــری وەزیـــری بەرگریـــی یەکیەتیـــی ســـۆڤیەتی(١٩٦٨-١٩٥٨، ١٩٥٦-١٩٥٥)، ئەندامـــی کۆمیتـــەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی(١٩٨٢-١٩٤١).

Халит Мурадович Чатоев, Khalit Muradovich Chatoev

خالیـــت مورادۆویـــچ چاتۆیـــڤ(١٩٧٧-١٩١٣)، نووســـەری کتێبی»بەشداریی کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە شەڕی گەورەی نیشتمانی لە ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٤١» و « کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی-ڕیپۆرتاژێکی مێژوویی(١٩٤٠-١٩٢٠)»یە.

Саманд Алиевич Сиабандов, Samand Aliyevich Siabandov

سەمەند عەلییەویچ سیابەندۆڤ(١٩٩٨-١٩٠٩) نووسەری سۆڤیەتی، ئەفسەری سپا، سیاسەتوان، دەوڵەتمەرد، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ســـۆڤیەتی، نوێنەری شـــورای باڵای یەکیەتیی سۆڤیەت، نووسەری کتێبـــی: فەرهەنگی ئەرمەنی-کوردی، ســـیامەند و خەجێ و ژیانی بەختەوەرانە - یە.

Эвакуационный пункт (An evacuation point)

ناوەندەکانی چۆڵکردن دامەزراوەیەک بوون بۆ وەرگرتن و خەواندنی بریندارەکان لـــە بارودۆخێکی نائاســـاییدا و لەلایـــەن ناوەندێکی فەرماندەییەوە بەڕێوەدەبرا.

لـــە ســـەردەمی یەکێتیی ســـۆڤیەتدا بـــە کۆمەڵێک دامـــەزراوەی پزیشـــکی دەگوترا کە لە کاتی شەڕ بۆ یارمەتیی پزیشکیی تایبەت، ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی نەخۆش و بریندارەکان لە ناوچەی شەڕ دامەزرابوون. لە ســـەردەمی شەڕی گەورەی نیشتمانیدا، ناوەندەکانی چۆڵکردن[گواستنەوە] بریتی بوون لە: سەرکردایەتی، نەخۆشخانەی گەڕۆک بۆ گواستنەوەی بریندارەکان، ئەمبولانس، تیمەکانی جلشۆر-گەمابەر[ضدعفونـــی کنندە]، کۆگاکان و کۆمیســـیۆنە پزیشـــکییە-سەربازییەکان.

# "هەڵسەنگاندن"

# کۆدامین، ژیاننامەیەک بە تامی کۆدەکان*

کاوە کەریمی



مرۆڤ کەی بەو ئاکامە دەگات ژیاننامە بنووسێت؟ چی وا دەکات قسەکردن لەسەر ژیانی تاکەکەسی لە چوارچێوەی باسێکی هاوڕێیانە تێپەڕێت و ببێتە دەقێکی درێژ و بڵاوکراوە؟ ئایا «لە کوێوە بۆ کوێ»ی مامۆستا هێمن و «کوردبوون»ی کاپتن حەمەدی مەولوودی، تاقانەی ئەدەبیاتی کوردین و بەدەرن لەو ڕێسا نەنووسراوەی دەڵێت نووسەر لە دەقە کۆمەڵایەتییەکەیشیدا بەسەرهاتی خۆی لە چەقی نووسینەکەیدایە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو نووسراوەیە، قۆناغی ئەوکاتی ژیانی بناسە؟ یان ئەوەتا ژیانی مامۆستا هێمن و کاپتن حەمەد دوای سەقامگیربوونیشیان پڕاوپڕ بووە لە دڵەڕاوکێ و خەم؟ یان نا، ئێمەی خوێنەری کورد بەهۆی بێدەوڵەتی و ئاوارەییمانەوە تا ئێستا دەتوانین زۆر خێرا خۆمان بخەینە جێی مامۆستا هێمن و کاپتن حەمەد؟ یان هەدووکیان؟!

هۆکاری ئاماژەم بەو دوو شاکارەی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی، هەم کاریگەرییانە لە سەرم دوای خوێندنەوەیان و هەمیش هاوخەمییەک کە تێمی سەرەکیی ژیاننامەکەمە و لەو دوو کتێبەوە سەرچاوە دەگرێت. کۆدامین بەم دواییانە و لە لایەن بڵاوکراوەی «یونایتد پی سی» لە وڵاتی ئوتریش بڵاو کراوەتەوە. ژیاننامەکە لە ڕۆژانی قاچاخبوونم لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات. لە ساڵی ٢٠١٠، ئەوکاتەی دوای زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە زانکۆکانی کوردستان دژ بە لەسێدارەدانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی خۆم لە ماڵێکدا حەشار دابوو، تاکە دیمەنی گیانداری بەرچاوم لە ژوورێکدا شارەمێروولەیەک بوو. شارەمێروولەیەک کە یەکەیەکە زەردەواڵە و مێشی مردارەوەبوویان پەلکێشی کونەکەیان لە سووچی تاقی پەنجەرەکەدا دەکرد و بووە دوا دیمەنی کۆمەڵایەتیی من لە ڕۆژهەڵات! لەوانەیە هۆکاری ئەو وردبوونەوەیەم لە شارەمێروولەی سووچی تاقەکە حەزێک بووبێت بۆ هاوپشتیی و یەکێتییان کە لەنێو کورددا بە دەگمەن ڕوودەدات! لەوانەشە تەنیا بێتاقەتیم بووبێت لەو ژوورەی چەند ڕۆژ دەبوو خۆمی تێدا حەشار بدەم و لە چاوەڕوانیی دەرەتانێکدا پەنا ببەمەبەوە بەر ماڵێکی تر، ژوورێکی تر و دیمەنێکی تر. هەرچی بوو بەهۆی

ئاگاداربوونم لە دەنگی حەوشە و دەرەوەی ماڵەکە، نەدەبوو گوێ بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕابگرم؛ هەرچیش هەیە بە هەموو ئەو ئازار و هەڵبەزودابەزانەی لە زیاتر لە دە ساڵی دواییدا بە سەرمدا هاتن، ئەو دیمەنە لە مێشکمدا مایەوە.

کۆدامین وشەیەکی تێهەڵکێشە لە دوو وشەی کۆد و دۆپامین. دۆپامین یەکێکە لە گرنگترین هۆرمۆنەکانی مێشکی مرۆڤ کە هەم پەیوەندیی نێوان نۆرۆنەکان (خانەی عەسەبەکان) ڕێک دەخات و هەمیش هۆرمۆنی شادییە. هۆکاری تێکهەڵکێشکردنی دۆپامین لەگەڵ وشەی کۆد بۆ سیستەم و پلانێک دەگەڕێتەوە کە من لە دوای گەیشتنم بە ئورووپا هەستم پێ کرد. لە ڕاستیدا لە دنیای ئەمڕۆدا، مرۆڤ بەدەر لەوەی پەنابەر بێت یان خەڵکی خۆجێیی، ژن یا پیاو یان ڕەگەزی تر، هەژار یا دەوڵەمەند، لە کۆتاییدا لە ژێر کاریگەریی ئەو سیستەمە ئابوورییەدایە کە بە کۆد و ڕێککەوتنی بازاڕ نرخی بۆ دادەنێن! ئەمە هەواڵێکی خەمناکە کە تۆ وەک تاکەکەس کەمترین ڕۆڵت هەیە لەسەر ئەو نرخەی هەتە! خەمناکتر ئەوەیە کە تۆ لەو چوارچێوەیەدا ڕەگەز و مرۆڤ و ژمارەی پەراوێز بیت. ئیتر ئاگایانە بێت یان بێ ئاگا، دڵخواز بێت یان بەناچار، ئەستەمە بتوانیت کاریگەری لەسەر ئەو نرخە دابنێیت. کۆدامین بەسەرهاتی هەوڵی منە بۆ ناسینی ئەو دۆخە.

لەدوای شارەمێروولەکە (بەشی یەکەمی کۆدامین) و ئەزموونی پێشمەرگایەتییەک کە خەون و خولیای ساڵانێکی زۆرم بوو، دەکەومە «تراویلکەی ئانکارا»وە، واتە بەشی دووەمی ژیاننامەکە. لەڕاستیدا هۆکاری ئەو هەڵبژاردنە و چوونم بۆ تورکیە هیوا یا حەزم بۆ پەنابەری نەبوو، بەڵکوو بێهیواییم بوو لەو دۆخەی ساڵانێک خۆم پێوە ماندووکردبوو. بێهواییم لە سەرکردایەتی و دۆخێکی سیاسی کە پێکیان هێنابوو. ئەو دۆخەی زۆر زیاتر لەوەی هێز و کەسی لاوی ڕاکێشابا، پەراوێزی دەخست و پاڵی پێوە دەنا بۆ ناو تراویلکە گەورەکە، تراویلکەی ڕێگەکەی ئێژە. بەڵام جگە لەو لایەنەی ناوی «تراویلکە»، ئانکارا بۆخۆی تراویلکەیەکی گەورە و گۆڕستانێکی سیاسیی

کوردییشــە! لەوانەیە تــا پێش چوونم بــۆ ئانکارا و ژیانم لەگــەڵ کورد و چەپەکانی ئــەوێ، نەمتوانیبا بەو ڕاشکاوییە ناوی «تراویلکە» لە پێکەوەژیانی کورد و تــورک بنێم. ئەگــەر پێکەوەژیان و هــەوڵ بۆ بە دێموکراتیک کردنی تورکیە تراویلکە نەبا، چۆن دەبوو هەر لە شارۆچکەی سلۆپی و دەروازەی باکوورەوە تا دواخاڵەکانی سەرحەد، وەک شارەمێروولە جەندەرمە و هێزی پانتورک ڕژابێتن و بەربووبێتنە هەر ئاوەدانی و هێمایەکی کوردســتانی؟ ئەمــە ئەگەر تراویلکەی دێموکراسی و پێکەوەژیان نەبا... چی بوو؟

دوای ڕزگاربــوون لــە تراویلکەکــەی ئانکارا و پەڕینــەوە لە ئێژە و هەموو ئەو چیرۆکە خەمناکانەی ڕێــگای پەنابەری کە بێ کۆتایــی و قووڵن، دیمەنە ڕەنگینەکانــی ناو جەرگــەی ئورووپــا دەردەکەون. ئــەو دیمەنانــەی بێ ئــەوەی بتهەوێــت قووڵاییی ناخــت فێنک دەکەنەوە. ئەوی بتناسـێت و هەواڵی زانیبێتیت کە لەو ڕێیەدایت و ملی ســەفەری هات و نەهاتــت گرتووەتە بەر، ئۆخەیت بۆ دەکات. دایک لە خۆشیدا فرمێســکت بۆ دەرێژێت و خەونی هاتنەوە و باوەشــێکی ترت پێوە دەبینێت، شانازییەکی سەیر بە خۆتەوە دەکەیت! ئەمە ســەرەتای دیمەنە ڕەنگین و نەبینراوەکەی ناو جەرگەی ئورووپایە؛ ئەو شوێنەی ترســی دیپۆرتکردنەوەی زۆر کەمترە و لێرە هەست بە بوون دەکەیتەوە. ئێرە ســەرەتای هەستکردن بەو بۆنانەیە تا ئێستا نەتکردوون. بۆنی ئەو گوڵ و گیایەی بەرگەی تینی تیژ و ڕۆژی درێژی کوردستان ناگرن، ڕەنگی ئەو گژوگیایەی ســەوزێکی کاڵن و وەک دار و دەوەنی شــاخەکانی کوردســتان بە بــەر خۆرەوە کەسک و ڕەشــیان تێکەڵ نەکردووە. لێرە، کە سەر لە پەنجەرەی شــەمەندەفەر دێنیتە دەرەوە و خۆت بــەر خۆر دەدەیت، هەســت بە ســووتاوی ناکەیت؛ هەســت دەکەیت خۆری نیوەڕۆی ئێــرە تەنیا تاوی زەردەپەڕی بەرەبەیانی کوردســتانە. ئەم ناســکی و شێنەییە بێهۆشکەرە!

لە ناوجەرگــەی ئورووپاوە دیمــە ناو جەرگەی ژیاننامەکــە: «لە قاڵبــدان و گۆشەنشــینی». دوای گیرســانەوە و ڕاهاتنی ســیەکان بە تەموژ و بارانی زۆر، بۆنــی گیای تــەڕ و ئــاوی زۆری ڕووبارەکان، خەونەکانیش دەشێ باڵا بکەن؛ دەشێ ئەم خەونانەش وەک ڕووبارەکانی ئێرە سەرڕێژ و وەک سنەوبەرەکانی بــەرز بن! بەڵام لێــرە، لە ئورووپای هەســتکردنەوە بە ئــازادی، خەمێکی تر بەرۆکــم دەگرێت، خەمی لەدەســتدانی بــرای لاوم، هێمن. هێمــن ماوەیەک بوو دەیویســت بەو ڕێگەیەی مــن پێیدا دەرباز بووم بگاتە ئورووپا و لای من، بەڵام بەداخەوە ڕێگەکان وا داخرابوون بە ئەســتەم کەسی لێ دەربچێت. هێمن تاقەتــی ئەو ڕێگەیەی نەبوو. گەڕایەوە و لەوپەڕی بێ دەرەتانی و بێ ئاسۆییدا گیانی لەدەست دا. بێگومان بۆ مرۆڤێک کارەساتی زۆری بەسەردا هاتووە و خۆی لە تراویلکەی زۆردا بینیوەتــەوە، دەبێ قبووڵکردنی مەرگی ئازیزان ئاسانتر بێ، بەڵام ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر تەمی ئەم خەمەی بەســەر هەموو ژیانمدا کێشا، دەرنەچوونی تەواو لە تراویلکە و بێ ئاســۆییەک و کەوتنە ناو تراویلکە و بێ ئاسۆییەکی تر بوو.

لە بەشی «جەستە، خەیاڵ، خود» کە وێستگەی کۆتاییــی ئــەو بەشــەیە، هەوڵــم داوە کاریگەریی خەمەکە و هەوڵەکانم بۆ دەرچوون لێی بنووســمەوە. لێــرەدا هەوڵــم داوە جەســتە تەنیا لــە چوارچێوە هەبوونییەکەیدا بنووســمەوە: ئەو ئاراستەیەی بوون کە ئێمــە هیــچ کاریگەرییەکمان لەســەری نییە، لە ســەر ڕەنگی قژ و پێســت، باڵاو کێــش، نەتەوە و شــوێنی لــە دایکبوونمان، کەچــی زۆربەی کات نوێنەرایەتیی هەموو ئێمــە دەکەن! بە ملوێن کەس هەن لــە جیهاندا کە تەنیا بە هۆی ڕواڵەت و ڕەنگی پێســت و شــوێنی لە دایکبوونیانەوە زۆر باش یان زۆر خراپ دەژین! باش گەشــەیان کردووە یان لەناو چوون! لە ســەر پردی ســەرەکیی ناوشاری بازڵ لە ســویس، دیمەنی چەند کەس کێشراونەتەوە کە لە سەردەمی چاخی ناوەڕاستدا بە هۆی ناپەسەندبوونی دەموچــاو و شــێوازیانەوە کوژراون و لە ســەر ئەو پــردە فرێدراونەتە خوارەوە! ئەو دیمەنانە کە بە بەرد کێشــراونەتەوە، ئــەو بــەردە هەڵکەنراوانەی بەردەم ماڵی جووەکانی سەردەمی شــەڕی جیهانیی دووەم لــە ئاڵمان بە بیری مرۆڤ دێننەوە، کە تەنیا بە هۆی جوو بوونیانەوە براونەتە کوورەخانەکانی ئاشــوێتس و لەوێ ســووتێنراون. ئەم بێبەشکردنی مرۆڤە لە ژیان

بەداخەوە تا ئێستەش درێژەی هەیە و تۆ دەتوانیت لە ژیانی پەنابەریدا بە زۆری و ڕۆژانە بیبینیت: کاتێک بێ ئەوەی هۆکارێکی لۆژیکیت بۆ بهێننەوە لە یارییەکی وەرزشی بێبەشت دەکەن، یا ئەوەی لە ناو شەمەندەفەر و پاسدا بێ ئەوەی هیچت کردبێت مۆرەت لێ دەکەن! من لەم بەشەی ژیاننامەکەمدا هەوڵم داوە «خەیاڵ» بەدەر لەم جەستەیە و لە ناو ئەم بالاو پێستەیدا بفرێنم و بەدەر لەوەی لە ناو چ بالاو پێستێکدان، پەیوەندی لەگەڵ خەون و خەیاڵە هاوشێوەکانم بگرم. سەفەری سێ قۆڵیی «جەستە، خەیاڵ، خود» سەفەرێکی جادووییە، کەچی بە پێچەوانەوە من لەگەڵ دارستان دەکاتە هاورێ، تا لە گەڵ تاک و کۆڕێکی مرۆیی! خەمناکە، کە سەرەڕای خەیاڵ فڕینت، خەیاڵی تر نادۆزیتەوە... . «خود» بەشە وشیارەکەی هەبوونە، کە هەم ڕاستیی دەورووبەر دەناسێت و هەمیش لە کۆتاییدا باڵانسی نێوان جەبری جەستە و ئایدیای خەیاڵ ڕادەگرێت. ئەو خودناسییە ڕێنوێنێکی سەرەکیم بووە لە بەستنی پەیوەندییەکان و لە کۆتاییشدا بە زاڵبوونی «لەقاڵبدان و گۆشەنشینییەک» کە زۆر پەنابەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەزموویانە، پەیوەندییەکان یاخۆ پاراستن لە پەیوەندییەکانی بۆ ڕێکخستووم.

لە بەشی چوارەمدا بەرانبەر بە مردنی زگماکی (مردنی کۆرپەلە) مردنی مۆراڵم داناوە. بەڵام بۆ مردن؟ لەوانەیە بەشێکی بە هۆی کاریگەریی تراژیکی مەرگی هێمنی برام لەسەرم بووبێت؛ بەڵام بەشی تری بەهۆی بێوێنە بوونی مردنە و کاریگەریی لەسەر ژیان، لەڕاستیدا کۆتایی هاتنی ژیان. بەدەر لەوەی خودی مردنی کەسەکە لەلات گرنگ بێت یا نا، بە باشی بزانی یا خراپ (بۆنموونە مردنی دوژمن باشە و مردنی دۆست لەڕووی دەروونییەوە خراپە) مردن، هەر وەک لەدایکبوونی کەسێک، لە ناو پرۆسەیەکی کاتی و هەستیاری ژیانتدا چەندهێندە کاریگەری دادەنێت! لەوانەیە ئەمە بەهۆی هەستیاربوونی زیاترت بێت کە لێرەوە زیاتریش لە جاران هەست بە هاوخەمی دەکەیت! هەرچی هەیە ئەم خەمەیش، وەک تراویلکە و خەمەکانی پێشووتر، نیچە وتەنی، نامکوژێت، بەهێزترم دەکات.

کۆدامین ژیاننامەیەکە بە تامی کۆدەکان؛ بۆ تێگەیشتن لە کۆدەکانیش دەبێت بیانناسین. لە شارەمێرووولەکەی سووچی تاقەکە لە ماڵێک لە مەریوان تا ڕێگە بە جەندەرمە چێندراوەکەی بۆتان بۆ سەرحەد لە باکووری نیشتمان، تا تراویلکە بوونی دێموکراسییە پەرلەمانییەکەی تورکیە بۆ کورد و بۆنی ئەو گژ و گیایەی لەگەڵ قووڵاییی هەناسەکانتدا بەتەواوی نایەنەوە! هەموو کۆدن کە دەبێت بە جۆرێک بگوازرێنەوە، دەنا بۆ هەتاهەتایە لە سەر دڵتدا دەمێننەوە. ئەم ژیاننامەیە هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ئەو گۆشە و تام و بۆنانەی لەوانەیە کەمتر گێڕدرابێتنەوە.

بەشی پێنجەم و کۆتاییی کۆدامین «نامۆبوون»ە. نامۆبوون واتە خۆنەدیتنەوە لەو شوێنەی لێی دەژیت، گەرچی بە جەستەش باش بیت و بە خەیاڵ بتوانی بەرز بفڕیت، هەر وەک پێشتر فڕیویت! بەڵام خود ی بوون ونە. لەم بەشەدا هەوڵم داوە ئەم ونبوونە بنووسمەوە: خەیاڵەکانی ئێمە ئێستە زۆرجار دەرهەستن، بۆیەش زۆربەی گرووپ و هەوڵ و خەیاڵ و خەونەکانمان، بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیەوە گرێ دراون. هەست دەکەم لەم بەشەدا ئاوێنەیەکی باڵانوێنی ئەم دۆخەم نووسیوەتەوە. لەوێدا کە نموونەی چەند هەوڵم لە گەڵ کۆڕ و گرووپی کوردیی دێنمەوە کە (وەک تاکە ڕێگەی مومکین) بە ڕێگەی ئینتێرنێت یەکمان دۆزیوەتەوە و پەرەمان بە پەیوەندییەکەمان داوە، کەچی هەر بەو ساکارییەی یەکمان دۆزیوەتەوە، ئاواش بیرۆکەکە هەڵوەشاوەتەوە و یەکمان بزر کردووە! لێرەدا هەوڵم داوە هۆکاری ئەم بەشە نەک بە تەواوی بۆ دەرهەستبوونی ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بگێڕمەوە، بەڵکوو نامۆبوونی ئێمە بەو دۆخە و بازدانمان بەسەر زۆر ڕووداوی کۆمەڵایەتیدا، کە دەبوو ئامادەمان بکەن بۆی! هەروەها کە زۆر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دڵداریش لە سەر ئینتێرنێت دەرهەست و کاڵن.

*. ناسنامە:
کۆدامین بە زمانی ئاڵمانی نووسراوە و مانگی جۆزەردانی ٢٠٢٤ لە ئۆتریش بڵاوبووەتەوە.
ژمارەی لاپەڕەکان: ٤٣٧، نووسینی: کاوە کەریمی

# کولتووری ژینوساید:

## هابیتوسی کولتووری، ئەندازیاری نەتەوەیی و دۆکسای ئایینی[1]

کازیوە سالّح*

ئـەم کتێبە نووســینی دوکتــور کازیوە «سالّح»ــە و لـە لایـەن وەشــێنەری نێودەوڵەتــی (ڕاوتلـج )ەوە، لە دوو توێی دوانــزدە بەش و ٣١٤ لاپــەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

بـەر لــەوەی دەربــارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بــە کورتی بدوێیــن، بە چەند دێڕێک باس لەوە دەکەین بۆ هەڵاواردنی تێگەیشــتنی هەڵە لە وەرگێران، پێویستە هــەردوو چەمکــی هابیتۆس و دۆکسا وەکــوو خۆیــان دابنرێنــەوە. ئەمانە دوو چەمکــی فەلســەفەی کۆمەڵایەتین و لە ڕوانگەی کۆمەڵناس و بیریاری فەرەنسی (پییــر بۆردیــۆ )وە بەکار هێنــراون. لە کتێبەکەدا کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ کراوە، کورتترینیان: دۆکسا ئەو ڕاستییە پرسیار نەکراوانەیە کە کۆمەڵگا وەکوو شــتێکی سرووشتی و ئاسایی وەریدەگرێت. دۆکسا جیــاوازە لە دۆگما، بەڵام هەردوو چەمک لە ناو یەکدا کاران. لەبەر ئەوەی دۆگماش وەرگێڕانی بۆ نەکراوە، چاکترە دۆکســاش وەرگێڕانی بۆ نەکرێت.

نووسەر بەم کۆدە دەتباتە نێو کتێبەکە و گفتوگۆکانەوە:

«ســەبارەت بــە بەشــداریی ئەکتەرە دەوڵەتییــەکان (State actors) لــە ژینوســایدی کوردەکاندا، بە شێوەیەکی باو لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان دەبیستین کە تاوانباران تەنیا «عەبد ئەلمامور» بوون-یان بە واتایەکی ڕســتەیی لە عەرەبییەوە وەرگێردراو: «مــن کۆیلەی فەرمانڕەوام». بە واتایەکی تر تاوانباران تەنیا فەرمانیان جێبەجــێ دەکــرد و تەنیــا کارەکانیان ئەنجامــدەدا، ئەوان تاوانێکیان نییە، تەنها فەرمانیــان پێکراوە. ئایا ئەم لێدوانە جێی متمانەیە؟»

لــە ڕێگــەی خوێندنــەوەی ڕەفتار و نێتــی قســەکەر و ژێــر ڕکێفکەوتە و سەردەستەخستنی فەرمانکار دەمانباتە نێو دنیای دۆکسا و هابیتۆس کە دوو بنەمان لە بنەماکانی ژینوسایدی کولتووری.

لەوانەیــە هەندێــک پێــی وابێت هابیتۆس کۆی خووە. بەڵام هابیتۆس تەنیا خوو نییە، بەڵکوو کــۆی ئەو ئەکتەرانەیە کە مرۆڤ بە هۆیانەوە ئاراستەی جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات.

بۆردیۆ، وەکــوو ئاماژە بۆ خوو، نۆرم، بەها، هەڵوێســت، ڕەفتارەکانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیــی دیاریکراو (یــان چینێکی کۆمەڵایەتی) و ژینگە دروســتکراوەکەیان دەریدەخات.

ئەم چەمکانە و چەمکەکانی کولتووری ژینوســاید، ئەکتــەری مەدەنــی (Civic actors) و ئەندازیارکردنــەوەی نەتەوەیی بــەکار هاتووە بــۆ ئــەوەی خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیای توندوتیژی و سایکۆلۆژیای کولتووری نەتەوەی عەرەب و کۆمەڵگەی عێراقی لەپێش و لەگەڵ بوونی بەعســدا بخوێنیتەوە کە ببوون بە هۆی توندوتیژیی سیاســی و لەوێشەوە ژینوســایدی کورد لــە ناوچەکــەدا. هەروەها پشــتگیریی ئارگیۆمێنتــی نووســەر دەکــەن، کــە دەڵێت:ڕوودانی ژینوســاید نابێت بخرێتە ئەســتۆی تاکە کەس، ژینوســایدەکانی کوردیش لــە عێراقدا ( فەیلــی، بارزانی، ئەنفــال، هەڵەبجــە و ژینوســایدی ئێزدییەکان) کەم دەکرێتەوە ئەگەر بخرێتە ئەســتۆی تاکە کەس وەکوو سەدام، یان تاکە حزب، وەکوو حزبی بەعس. لەوێوە لە ڕابردوو و لە ژیانی ڕۆژانە، سیاسەت، مۆراڵ و ڕەفتاری عەرەب و ئایینیان دەکۆڵێتەوە.

ئــەم کتێبە لە دوو بەش پێک هاتووە . بەشــی یەکەم تیۆرییە و چەمکســازی و شــیتەڵی ئەو چەمکانــەی لەخۆگرتووە کە نووســەر خۆی دروســتی کردوون و دەرئەنجامەکانــی بەو نموونە و کەیســانە

دەسـەلمێنێت کە پێوەری کۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئایینی، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای عێراقی و عەرەب بەر لە دەستبەکاربوونی حزبـی بەعـس دەردەخـات. بەشـی دووەم تەرخانکراوە بۆ کۆنتێکسـتکردنی ئەزموونەکانـی تاکـی کورد، لـە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتە و ئەزموونی ژمارەیەک لە کوردانی دانیشتووی باشوور و هەنـدێ عەرەبیـش. ئەزموونەکانـی ژینوسـاید و چەوسانەوەی کورد دەخرێتە چوارچێوەی تیۆرییەکانی بەشی یەکەمەوە پاش پێشەکی، بەشەکانی پێک هاتوون لە

١ پێشینە: کورتەیەک دەربارەی مێژووی کورد

بەشـی یەکەم چەمکسـازیی کولتووری ژینوساید

٢ ناساندنی کولتووری ژینوساید: کولتووری ژینوساید، ئەکتەرە مەدەنییەکان (Civic actors)، ئەندازیاریی نەتەوەیی.

٣ هاندانـی کولتـووری ژینوسـاید: خێڵەکییەتـی، سـەندرۆمی سـەرکردە، پێکهاتەی کایە گشتی و تایبەتەکان.

٤ دەسـتپێکردنی کولتووری ژینوساید: کولتووری پێشوەختە، ترس و دڵەڕاوکێی ئەخلاقی و دۆکسای عێراقی.

٥ پەرەسـەندنی کولتووری ژینوسـاید: ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی، توندوتیژیـی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئۆرێنتالیزکردنی دەرەکی.

٦ قووڵبوونـەوە - جەختکردنـەوەی کولتووری ژینوسـاید: دۆکسـای ئایینی، هابیتوسی ئایین-کولتووری و ئایدۆلۆژیای دیستیک/ خودایی.

٧ جیاکردنـەوەی کولتووری ژینوسـاید لە ژینوسـایدی کولتـووری: کولتووری کولتوورکـوژ، کولتوورسـازی و تافـی سەرەوژوور.

بەشـی دووەم بـە کۆنتێکسـتکردنی کولتووری ژینوساید

٨ بـە دامەزراوەییکردنـی بەعسـییەت و بـە بەعسـکردنی دامـەزراوەکان: کولتـووری ژینوسـایدی دامەزراوەیـی، خۆبەرهەمهێنانـەوەی ئۆتۆپیـک و کۆمەڵگەی سەربازی.

٩ کولتـووری ژینوسـاید لـە ڕێگـەی زمانکۆژییەوە: سیاسەتی پەروەردەی زمان، دەوڵەتی سـەدامی و مردنی سـەرمایەی زمانەوانی.

١٠ کولتووری ژینوسـاید لـە پەروەردەی ئاسـمیلەکراو: نەهێشتنی نەخوێندەواری، بە بەعسکردن و سەربازیکردنی پەروەردە و سیاسەتی ژمارەدان بە ناسنامە.

١١ کولتووری ژینوسـاید لە چوارچێوەی خـاک و ئەندازیاریـی دیموگرافیـدا: دەستبەسەرداگرتن، لەناوبردنی دیموگرافی و بە یاساییکردنی کردەوە نایاساییەکان.

١٢ ئەنجام

لە پێشـەکی ئەم کتێبـەدا کە گوگڵ بە خۆڕایی دایناوە، نووسەر دوو خاڵی جیاواز بـۆ دوو چینـی جیـاوازی نێودەوڵەتی دەورووژێنێت.

یەکێکیـان ئامـاژە بـەوە دەکات، چەمکی کولتـووری ژینوسـاید کە ئەو دروسـتی کـردووە لـە زۆر کایـەدا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا دەبینرێت، بۆ نموونە لەنێوان پەیوەندیی نێوان پەنابەر و وڵاتی خانەخوێی ە خوێیدا، کۆمەڵگە ڕەسەنەکان و داگیرکارانـی وڵاتەکانیـان، لە هەموو پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیکراودا دەبینرێت، بۆ ئەوەی وردە توندوتیژییەکان گـەورە نەبن و هانی توندوتیژیی دەوڵەت نەدات، پێویسـتە لەو خاڵەوە چارەسـەر بکرێت. بەڵام وەکوو دەڵێت، «من شارەزای کولتوور و زمان و لایەنە سیاسی و مێژووی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی عێراقم، بانگی پسپۆڕان دەکەم کە ئەم لایەنە لەو




https://www.routledge.com/Genocide-Culture-Cultural-Habitus-Ethnic-Engineering-and-Religious-Doxa/Salih/p/book/9781032312583?srsltid=AfmBOopAbKkk4jcsCPGxCPpFRP-Yf3TAfN_ARvyZWRy-9DPbuUbbBTyuw

کۆمەڵگایانەی تێدا پسپۆڕن لێک بدەنەوە بۆ ئەوەی کێشەکان نەگەن بە بنبەست».

سەبارەت بە سیاسییەکانی دنیاش نووسەر ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیانەوێت کێشەی عێراق کۆتایی پێ بهێنن و بیانەوێت کورد لە ژینوساید بپارێزن، ئەوانەی بانگەشەی پاراستنی ئایینی دەکەن، پێویستە شارەزایانە شۆڕببنەوە نێو عەقڵ و کولتوور، هابیتوسی عەرەب و بەتایبەتی تر دۆکسای عێراقی. هەرگیز کۆتاییی سەدام و حزبی بەعس کۆتایی بە چەوساندنەوە و ژینوسایدی کورد ناهێنێت. هەروەها عێراقییەکانیش ئەگەر دەیانەوێت ئاسایشی ژیان و سەروەریی خۆیان بپارێزن، پێویستە ئەو ڕاستیانە دەربارەی مۆراڵ، ڕەفتار و کولتووری ڕۆژانە، سیاسەت و ئایینی خۆیان بزانن و بیگۆڕن. ئەگینا هەر کارێکی دی وەکوو ڕابردوو تەنیا دەبن بە بانگەشە.

باس لەوەش دەکات ئەمە یەکەم کتێبە لە زنجیرەی سێ کتێب کە ساڵانێکە کاری لەسەر کردووە، وەکوو دەڵێت: «ڕووداوەکان لە من خێراتر دەڕۆن، زۆر شت لەوانەی ٢٠١٢ لێکدانەوەم بۆ کردوون هاتنەئاراوە و بوون بە لۆژیکی ژیان لە جیهاندا نەک تەنیا لە ناو عێراقدا.

سێ لە دیارترین پسپۆڕانی ئەم بوارە بەم شێوەیە باسی ئەم کتێبەیان لەسەر بەرگەکەی کردووە:



● **پرۆفسۆر ئەندرۆ وەڵفەرد،** لە زانکۆی مانیتۆبا لە کەنەدا دەڵێت: «د. کازیوە ساڵح شیکارییەکی نوێ/ ئۆریجیناڵ پەرەپێدەدات کە چۆن جیاوازیی گرووپ و هەستی نەهێشتنخوازی دەتوانرێت لە دەروونناسیی کولتووری تاک و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە کولتوورییەکاندا بچەسپێنرێت، ئەمەش ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی ژینوساید دەکات. کتێبەکەی یەکێکە لە یەکەم کتێبەکان کە دیدێکی باڵا و تیۆری دەهێنێتە نێو توێژینەوەی ژینوساید و لێکۆڵینەوە لە ژینوسایدی رژیمی بەعس دژی کورد.»

● **پرۆفسۆر دانیال فایرشتاین،** لە زانکۆی نیشتمانیی تریس دی فێبریرۆ لە ئەرژانتین دەڵێت: «ژینوساید پێویستی بە شیکردنەوە هەیە لە چوارچێوەی پۆلەکانی کۆمەڵناسیی کلاسیکدا. بە گرنگیدان بە توێژینەوەی کەیسی کورد لە عێراق، کازیوە ساڵح بەشدارییەکی گەورە پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە کارایی و ئامانجی پراکتیزە کۆمەڵایەتییە ژینوسایدییەکان و ڕۆڵی کولتوور لە ژینوسایددا».

● **پرۆفسۆر گریگۆری ئێچ ستانتۆن** سەرۆک و دامەزرێنەری چاودێریی ژینوساید لە ئەمریکا دەڵێت: «کازیوە ساڵح لە ڕەگ و ریشەی کولتووری ژینوسایدەکانی کورد دەکۆڵێتەوە. کازیوە ساڵح نیشان دەدات کە دابەشبوونە سیاسییەکان دۆکسە قووڵترەکان (باوەڕی قبووڵکراو) دەگرێتەوە کە نەتەوە و ئیمپراتۆرییەتەکان دەشکێنن. لێمکین پێی وابوو کە ژینوساید کولتوورییە. ژینوسایدەکانی کورد هەوڵێک بووە بۆ لەناوبردنی کولتووری کوردی».

ئەو بەشانەی کە دەستنیشانکراون کە سوود لەم کتێبە وەردەگرن بریتین لە: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژووی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست، کوردۆلۆژی و دراساتی کوردی، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندیی نێودەوڵەتی، سایکۆلۆژیای کولتووری، مێژووی ئیمپراتۆری و کۆلۆنیالیزم، توێژینەوەی ئاسایش و سەروەریی وڵات، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی کۆچ و ڕەوەندی ئاشتیپارێزی، توێژینەوەی ئاشتی، سیاسەتی ڕەگەزی و نەتەوەیی، کۆمەڵناسی و سیاسەتی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسیی ڕۆشنبیری، کولتوورناسی، توێژینەوەی دیموگرافی، زانستە مرۆییەکان، توێژینەوەی ڕەفتارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەفتارناسی، ئانترۆپۆلۆجی.

ئەم کتێبە لە ١٥ی ڕەزبەر (مانگی ١٠) وە لە کتێبخانەکان و کتێبفرۆشییەکانی دنیادا بڵاودەکرێتەوە و لە ٢٥ی گەلاوێژ (مانگی ٩) دەتوانرێت بە داشکانی لە سەدا بیست لە ژمارەیەکی زۆر لەماڵپەرەکانەوە داوا بکرێت و بە سێ فۆرمی جیاواز دەست دەکەوێت. نووسەر ئەم کۆدەت پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی داشکانی کاتی لە سەدا ٢٠ی دەست بکەوێت.

Hb: 978-1-032-31258-3

لە ماڵپەڕی وەشێنەرەکە هەرزانترە هەتا لە بازارەکانی دی:

https://www.routledge.com/Genocide-Culture-Cultural-Habitus-Ethnic-Engineering-and-Religious-Doxa/Salih/p/book/9781032312583?srsltid=AfmBOopAbKkk4jcsCPGxCPpFRP-Yf3TAfN_ARvyZWRy9DPbu-UbbBTyuw
https://www.indigo.ca/en-ca/books/kaziwa-salih/
https://www.amazon.ca/Genocide-Culture-Cultural-Engineering-Religious/dp/1032312580
https://peters.co.uk/book-page/9781032312583/Sali%C3%9Eh%2C-Kaz%C3%AEwe/Genocide-culture?search=eyJzdGFuZGFyZEZpbHRlcnMiOnsic2VhcmNoVGVybSI6eyJpc2JuIjp7InRlcm0iOiI5NzgxMDMyMzEyNTgzIn19fSwicGFnZSI6MSwic29ydCI6InJlbGV2YW5jZSIsInNvcnRPcmRlciI6IkRFU0MiLCJzb3J0SXRlbX-MiOlt7InNvcnQiOiJyZWxldmFuY2UiLCJzb3J0T3JkZXIiOiJkZXNjIn1dLCJsaW1pdCI6MjAsImRpc3BsYXlGcm9tIjoxLCJleGNsdWRlT3JkZXJlZCI6MCwiZXhjbHVkZU9yZGVyZWRGb3IiOm51bGx9
https://www.platekompaniet.no/bok/historie-og-samfunn/historie-og-arkeologi/historie/teori-og-metoder/historiografi/routledge-studies-in-genocide-and-crimes-against-humanity-genocide-culture-cultural-habits-ethnic-engineering-and-religious-doxa-bok-innbundet

*. کازیوە ساڵح، هەڵگری دکتۆرایە لە بواری ژینوسایدەکانی کورد لە عێراق و سۆسیۆلۆژی توندوتیژی و پۆست-دکتۆرا لە بەشی توێژینەوەی ئۆرێنتاڵ، خاوەنی ژمارەیەک کتێبی چاپکراو و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییە لە جۆرناڵە نێودەوڵەتییەکاندا.

1. Salih, Kaziwa. Genocide Culture: Cultural Habitus, Ethnic Engineering, and Religious Doxa. Oxfordshire, London, New York: Routledge, 2024.

# خوێندنەوەیەک لەسەر کتێبی
# مانای ژیانم

ئاگرا

## پێشەکی

بیرەوەری یان ژیاننامە گێڕانەوەی نووسەرە لەسەر ژیانی خۆی. لە نووسینی بیرەوەریدا مرۆڤ ئەوەی کە لە دەروونیدایە و بەسەری هاتووە و پێویستە باسی بکرێ، باسی دەکا.

لەو گێڕانەوانەدا مرۆڤ ئەو قۆناخ، بارودۆخ، سات و ئەزموونە خۆش و ناخۆشانە کە کارتێکەرییان لەسەر ژیانی هەبووە و سرنجراکێشە بەوردی دەگێڕێتەوە.

بە گشتی گێڕانەوەی ژیاننامە بە شێوەی کرۆنۆلۆژیک کە زیاتر لەسەر بنەمای ڕاستەقینەکان بسووڕێ، بەناوبەنگتر و سرنجراکێشتر دەبن.

ئەدەبیات لە هەر قاڵب و ژانرێکدا بێ، سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ زانیاری، پەرەپێدان بە زمان، پەروەردەی گشتی و، شێوە بەهادانێکە بە خۆ و ئەوانی دیکە، هەروەها دەرفەتە بۆ هەڵوێست گرتن و، ڕاستبێژی.

کتێبی مانای ژیانم پاش کۆچی‌دواییی کوبڕا عەزیمی لە لایەن کچەکەیەوە «سیمین ئیفتخاری» لە ڕووی یاداشت و بیرەوەرییەکانی کۆچکردوو نووسراوەتەوە و بڵاو بووەتەوە.

دیارە ئاسانە کە بڵێین کتێبی مانای ژیانم؟ ژیاننامەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵام کەمێک چەتوونە کە بڵێین بەبێ بەرنامە، داڕشتن و تەنانەت بێ‌داواکاری نووسرا بێ.

کتێبەکە بە گوێرەی سەرەکی لە دوو بەشی بیرەوەرییەکانی ژیانی کوبڕا عەزیمی پێک هاتووە، قۆناخی سەردەمی کۆماری کوردستان و قۆناخی دوای سەردەمی کۆماری کوردستان تاکوو دەگا بە دوا ساڵەکانی ژیانی.

بە گشتی کتێبەکە هێندێک زانیاریی بەکەڵکی تێ دا و تا ئاستێک سەرکەوتوو بووە کە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەمەمان بۆ بهێنێتەوە بەرچاو.

زمانی کتێبەکەی یەکدەست نییە، بەڵام لە هێندێک شوێن بە تایبەت لە شینگێڕیی کوبڕا خانمدا بۆ شەهید سارمی کوڕی، زمانەکە بۆ جوانی و ڕازاوەیی دەگاتە ترۆپکی خۆی.

من هەوڵ دەدەم خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنم بە کورتی، تەنیا لەسەر چەند خاڵ لە بەشی یەکەمی کتێبەکە واتا سەردەمی کۆماری کوردستان و، دوو کەسایەتیی بەرچاوی کتێبەکە مینا خانم هاوژینی پێشەوا و، خودی خاوەن کتێب، کوبڕا خانم بێ. بۆیە بە پێویستی دەزانم ناساندنێکی کورت لە مینا خانم پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز بکەم.

## مینا خانم

مینا خانم ساڵی ١٩٠٨ لە شاری مهاباد لەدایک بووە، لە لایەن دایکەوە کاک ئاغا و لە لایەن بابەوە حەسەنخاڵییە. مینا خانم لە تەمەنی منداڵیدا دەبێ کە باب و مامی لە ناوچەی شکاکان بە دەستی ڕووسەکان شەهید دەکرێن. دوای ئەو ڕووداوە گوڵئەندام خانمی دایکی، منداڵەکان هەڵدەگرێ و دەچێتەوە بۆ لای کەسوکاری خۆی. هەربۆیە مینا خانم زیاتر بە کچی ماڵە کاک ئاغا ناسراوە.

قازی محەمەد و مینا خانم بە خۆشەویستییەوە لە ساڵی ١٩٢٧ ژیانی هاوسەرییان پێک هێنا و، بوون بە دایکوبابی نۆ منداڵان. مینا خانم لای پێشەوای هاوژینی فێری خویندن و نووسین بووە. بە پشتبەستن بە بەڵگەکان مینا خانم بە ژنێکی کوردپەروەر، تێگەیشتوو و بوێر ناسراوە. لە ڕێکەوتی «١٣-٠٤-١٩٤٦»، «یەکێتیی ژنانی دێموکرات» دامەزرا و، مینا خانم بە بەرپرسی هەڵبژێردرا. ئەم ڕێکخراوە لەنێو خەڵکدا زیاتر بە ناوی «ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان»، ناو دەبردرێ. کاتی شەهیدبوونی پێشەوا، مینا خانم تەمەنی سی و هەشت ساڵ بووە و، منداڵی نۆبەرەیان ١٦ساڵ و، پاشەبەرەیان شەش مانگە بووە.

## کوبڕا خانم

کوبڕا خانم لەدایکبووی شاری مهابادە (١٩٢٥).

کوبـــرا خانم بە گوتەی خۆی تەمەنی تەنیا نۆ مانگە دەبێ کە: «ســەری خۆم داخســتووە و بەرەو دووکانی بابم چووم و لە ڕێگا خاڵی بابم تووشــم دەبێ و دەمباتەوە ماڵێ.» یەکەم جار کــە قوتابیی پۆلی چوار دەبێ، چاوی بە قازی محەممــەد دەکەوێ. لە تەمەنی ١٣ ســاڵیدا خوێندنی ســەرەتایی تەواو دەکا و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا دەچێتە نێو پیشەی مامۆستایی لە خوێندنگەکانی شــاری مهاباد. ماوەی ٣٢ ساڵ لەم پیشــەیەدا دەمێنێتەوە. لە تەمەنی ١٨ ســاڵیدا بابی کۆچیدوایی دەکا. بە هۆی کێشەی میراتەوە هاتوچۆی مەحکەمەی قازی دەکا. کوبرا خانم دەگێڕێتــەوە کە چۆن لەم هاتوچۆیانەدا « قازی داوای لێ کردم، مێردی پێ بکەم»، بەڵام «من ئەو پێشنیارەم بەجیدی نەگــرت و زەردەخەنەیەکم کــرد، بێئەوەی وڵامێک بدەمەوە.»

هەرچەنــد کوبــرا خانم بەوردی باســی تێگەیشــتوویی و کەســایەتیی پێشکەوتووی قازی دەکا، بەڵام هیچ نادرکێنێ و باسێک لە هەستی دەروونیی خۆی سەبارەت بە ئەو ناکا.

کوبــرا خانــم لای دایکیشــی بــاس لە پێشنیارەکەی قازی ناکا، بەڵام داوا لە دایکی دەکا کــە «چی تــر وەدوای ئەو کێشــەیەی نەکــەوێ و دەس لــە میرات بشــوا و ئیمە نەنێرێتەوە مەحکەمەی قازی.» هەروەها کوبرا خانــم دەڵێ «وابوو ئیــدی نەچووینەوە وێ و وەدوای کێشەکە نەکەوتین.»

قازی وڵامی خــۆی بــە زەردەخەنەیەک وەردەگرێتــەوە. بۆیە هێنــدەی پێ ناچێ کە قازی دیسان داوای خۆی تازە دەکاتەوە. بەڵام ئەم جارەیان بە دایکی کوبرا خانم ڕادەگەیێنێ «بە ئیجازەی ئێوە پێم خۆشە کوبرا مێردم پێ بکا.»

دایکی کوبرا خانم بەم وەسڵەتە ڕازی نابێ و، هەربۆیە هەموو شتێک کۆتایی پێ دێ.

کوبرا خانم پێشتر باســی لەوەی کردبوو کە «وابوو ئیدی نەچووینــەوە وێ و وەدوای کێشەکە نەکەوتین.» بەڵام دوایی بۆی دەبێتە پرســیار کە «دوای ئەوە نەمانزانی لەبەر چی قازی خۆی لە گیر و گرفتەکەمان وەرنەدا.»

کوبــرا خانم ســەبارەت بــە دامەزراندن و ڕاگەیاندنــی کۆمــاری کوردســتان دەڵێ: «گرینگتریــن، گەورەتریــن و خۆشــترین ڕۆژی ژیانمــان بــوو.» ئەو لــە تەمەنی ٢١ ســاڵیدا دەبێتە ئەندامی یەکێتیی ژنان، وەک ئەندامێکــی چالاکی «یەکێتیی ژنان»، وتار و پەیامەکانی لــە ژمارەی ٢٣، ٢٧، ٣٦، ٣٨ و، ١٠١ ڕۆژنامەی کوردســتاندا بڵاو دەکرێتەوە. بەگشــتی وتارەکانی کوبرا خانم کۆمەڵایەتی، پرســەکانی ســەردەمن و پەیامەکان پەیامی پیرۆزبایی و ئاواتی ســەرکەوتن و بەرقەراریی ئاڵا و سەرۆک کۆماری کوردستانن.

جێــگای داخە کاتێک کوبــرا خانم وەک ئەندامێکی چالاک لــە ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان دەر دەکەوێ، لە لایەن «دوو، سێ کەس» لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە و تەنانەت «هێندێک خەڵکی شار» ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی ناشیاو، درۆ، بوختان و سووکایەتی دەبێتەوە.

دیــارە کوبرا خانم باســێک لە مینا خانم ناکا کە ڕاستەوخۆ لە شوێنێک، لە دیدارێکدا چاویان بە یەکتر کەوت بێ و لەوێ مینا خانم بە قسە یان بە کردەوە «ئێهانەتی» پێ کردبێ. بــەڵام کوبرا خانم، بەبێ هیچ بەڵگەیەک مینا خانــم بە تاوانباری ســەرەکیی ئەو تۆمەت و نەهامەتییانەی خۆی دەزانێ.

کوبــرا خانــم بانگەشــەی ئــەوە دەکا کــە «خودای گــەورە هێندێــک جوانی پێ بەخشیبووم کە ببووە بە دوژمنی گیانم.»

ئەونــدەی من بزانم لە ســابڵاخ گەرەکی ڕزگەیان، بــە گەڕەکی ژنانی جوان بەناوبانگ بوو و زۆربەی دەستەخوشکەکانی کوبرا خانم لــەو گەڕەکــە دەژیان. ئەدی چۆنــە کە ئەو جوانییە تەنیا ببووە بە دوژمنی گیانی ئەو؟

کوبرا خانم سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژە بەمە دەکا کە «هەڵبەت تێگەیشــتن لە نارەحەتیی

ژنێک کە مێردەکەی خۆشەویستی بۆ ژنێکی دیکــە دەربڕیوە، ئاســانە. بــەڵام ڕووخاندنی کەسێک بەو جۆرە لە دەروونەوە تێگەیشتنی بۆ من زەحمەتە.»

بەڵام لەوانەیە ئەگەر کوبرا خانم ئەفسانەی «مێدیــا»، مەلەکەی یۆنانی کۆنی بیســت با، ئەوسا ئەوەی کە «ئەو سەردەمە نائاساییی نەبوو کە پیاو دوو ژن بێنێ»، پەسەند نەدەکرد.

کوبــرا خانــم دەگــەڵ ئــەوەی خــۆی ئەندامێکــی چالاکی ڕێکخــراوەی یەکێتیی یایان بووە، ڕێکخراوەکە و ئەندامانی لە ڕەخنە بێبەش ناکا. ئەو پێی وایــە کە «ڕێکخراوەی یەکێتیــی یایــان لــە ناخــی دڵــی ژنــان هەڵنەقووڵی بوو.» هەروەها دەڵێ «بەڵام ئێمە وەکو ژن، بەڕاستی لەباری سیاسییەوە تەقەی ســەرمان دەهات. بەهۆی نەخوێندەواری یان کەمخوێندەوارییەوە، یەکێتیی یایان کارێکی زۆری لەدەســت نەدەهات، ئەگەر بە پێوەری ئەورۆ یەکێتیی یایان هەڵسەنگێنین، نیوەکەی لە ناوەرۆکەکەی زۆر گەورەتر بوو.»

با وای دابنێین ئەوە ڕاستە کە بیرۆکەی دروســتکردنی ڕێکخــراوەی یەکێتیی یایان لە لایــەن پیاوان و بەتایبەت پێشــەوا بووە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لەنێو نەتەوە ژێردەســتەکاندا، هەرێمی ماڵــێ دڵنیاترین شــوێنە بۆ دارشتنی شــۆڕش و جووڵانەوە. بناخــەی حکومەتــی کوردســتانیش واتــا (کۆمەڵــەی ژیانەوەی کوردســتان، ژێکاف) هەروەک هەموو جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و کۆلۆنیکراو لــە هەرێمی کەســی واتــا لەنێــو بنەماڵەدا بناخەی دارێژرا بوو. ئێمــە دەبینین زۆربەی ئەو خانمانــەی کە ناویان دیــارە و بوون بە ئەندامی یەکێتیــی ژنان، ئەندامی ئەو خێزان و بنەماڵانە بوون کە پشــتیوانی دەســەڵاتی کوردی بوون.

هەروەهــا خــۆی دان بەمــەدا دەهێنێ کــە «جگــە لــە مامۆســتاکان و ســەرۆک گەورەکەکان، کۆمەڵێــک ژنی زۆری دیکەش ئەندامی یەکێتیی یایــان بوون، [...] لە باری ئابوورییەوە هێندێک یارمەتیدەر بوون [...] و، ســەرکڵاویان دەچنی و کۆیان دەکردەوە بۆ پێشمەرگان.»

هــەر ئــەم گوتانــەی کوبرا خانــم ئەوە دەســەلمێنێ کە ئەو ڕێکخراوەیە ڕێکوپێک و بــە بەرنامە بووە. لە هەمــووی گرینگتر ژنان متمانەیان بــەو ڕێکخراوەیە کــردووە، تێیدا چالاک بوون، یارمەتیــی مادی و مەعنەویی حکومەتی کوردیان کردووە. ئەو ژنانە توونیی فێربوون بوون. واتــا دەبینین کە «بە پێوەری ئەورۆ»ش ڕێکخراوەی یەکێتیی یایان زۆریش بێناوەرۆک نەبووە.

بە هــۆی ئەوەی کە دەورەکانی خوێندنی گەورەســاڵان دوای ماوەیەک لە کزی دەدا، بۆیە «سەرئەنجام کۆرســەکەمان کۆتایی پێ هات.»، یانی کلاس و دەورە نامێنێ. لە ئاکامدا بەرپرسی فێرگە بە کوبرا خانم ڕادەگەیێنێ کە «لەســەر دەستووری یای مینا چونکە کلاسی ئەکابیــر داخراوە، دەبێ حقوقی مامۆســتاکە ببردرێ.» کوبــرا خانم لە وەڵامی بەرپرســی فێرگەدا دەڵێ «[...] ئەمن ڕسق و ڕۆزیی خۆم، نە لە جەنابت دەوێ و نە لە مینا خانم [...].»

بەداخــەوە کوبرا خانم ئــەم بڕیارە وەک ڕســق و ڕۆزی بڕین دادەنێ و، نایهەوێ ئەم یاســا ئاســاییە جیهانییە ببینێ کە مووچە تەنیا لە بەرانبەر کارکردندا دەدرێ. ئێستاشی لەگــەڵ بێ، هــەر حکومەتێک ئەم یاســایە لەبەرچــاو نەگرێ، بــە حکومەتێکی گەندەڵ دەژمێردرێ.

بێلوتفیــی کوبرا خانم هــەر مینا خانم و خەڵکــی ســابلاخیێ ناگرێتــەوە، تەنانەت حکومەتی کوردستان و پێشەواش دەگرێتەوە.

کوبرا خانم لە ئاســت زانســتی سیاسیی خۆیەوە دەڵێ «زانســتی سیاسیم ئەوەندە بڕ ناکا تــا بتوانم لێکی دەمــەوە.»، بەڵام چەند ڕســتە دواتر دەڵێ: «[...] ئەگــەر خۆمان ئاوا

بەتەواوەتی بە سۆڤیەتەوە نەبەست باوە، بڵێی هەر وامان بەسەرهات بایە؟ [...] لە جیاتی پشت بەستنەوەی تەواو بە ستالین و توانەوە لەژێر چەتری سۆڤیەت [...]»

مێژووی خەباتی گەلی کورد لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بۆ زۆر پێش ستالین دەگەڕێتەوە. دیارە بە هۆی بارودۆخی ناوچە و جیهان کورد ئەو هەلەی بۆ رەخسا و حکومەتی کوردی دامەزراند. بەدڵنیایییەوە ئەگەر کورد ئەم هەلەی نەقۆست باوە، ئەو کات هەڵە دەبوو. حکومەتێکی لیبراڵ ناسیۆنالیستی کورد لەسەر سیستەمی مودێرنی دەوڵەتداری دامەزرا و، وێرای راگەیاندنی فەرمیی خۆی بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، خوێندنی سروودی نەتەوەیی و نەخشەی کوردستانی گەورە، کەسایەتییەکی تازەی بە گەلی کورد بەخشی.

محەممەد شاپەسەندی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە «فەرقەکانی هەر دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان چی بوون؟» دەڵێ: «کۆماری کوردستان بەری خەباتی میللەتی کورد بوو. میللەتی کورد خۆی دەیویست خاوەن دەوڵەت بێ. ئەمما کۆماری ئازەربایجان بەرنامەیەکی رووسی بوو بۆ داگیرکردنی ئازەربایجان. فەرقە ئەساسییەکە ئەوەیە. [...] پێشەوا بەدرێژاییی ئەو ساڵانەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی شورەویدا بوو، بەردەوام لەگەڵیان لە مشتومڕدا بووە بۆ سەپاندنی مافی گەلی کورد.»

پشتبەستن بە سۆڤیەت تاکە هۆکاری رووخانی کۆمار نەبوو.

کوبرا خانم بێ هیچ بەڵگەیەک دەڵێ کە «پێشەوا دەوروپشتەکانیشی هان دا تا بەرەو پیری ئەرتەشی ئێران بچن و بەخێرهاتنیان بکەن.»

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی حکومەتی کوردستاندا دەنووسێ: «هەموو کەس ئەیزانی هێرشێکی گەورە بە رێگاوەیە. رۆژی ٥ی دیسەمبری ١٩٤٦ قازی محەممەد تاقمێکی ١٠ کەسی لەوانە سەیفی قازی و سەدری قازی بۆ راوێژ دەبارەی پێکهاتنی شووورای جەنگ بۆ کۆبوونەوە بانگ کرد ... لەم کۆبوونەوەیەدا بریار درا هێزەکانی عەشایر و جمهوری ساز بدرێن بۆ بەرهەڵستی هێزەکانی ئێران. بەڵام دوا بریاریان بەجێ هێشت بۆ کۆبوونەوەی رۆژی دوایی کە ئەبوو لە مزگەوتی هەباس ئاغا بکرێ. ... رۆژی ١٥ی سەرماوز ... بانگ کران ... بۆ راوێژ و بۆ بریاردانی دوا هەڵوێست بەرانبەر بە هاتنەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی ئێرانی. پێشەوا و سەدری قازی رەئیان وابوو ئەبێ پێشگیری لە ئەرتەش بکرێ... لە بەرانبەر ئەم رەئیەدا، لە ناو خەڵکی شاردا هەندێ کەسی وەک مەلاعەبدوڵای مدەرەسی و ملا حوسێنی مجدی رەئیان وابوو بەربەرەکانی کردنی هێزەکانی دەوڵەت کارێکی بێسوودە. بەوەش بیری ئاشبەتاڵیان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردەوە.»

پێشەوا تا ئەو رادەیە ئۆگری کورد و کوردستان بوو، کاتێک کە دوای شەهیدکردنی جلوبەرگە خوێناوییەکەی رادەستی بنەماڵەی دەکرێتەوە.

دەبینن ئاڵای کوردستانی سەردەمی ژێکاف لە قەدی گیرفانیدایە و راپگرتووە. ئەم ئاڵایە تاکوو ئێستاش لای ئازیزانی هەر ماوەتەوە.

## کۆتایی

ئاساییە مرۆڤەکان دڵیان لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکەیان بشکێ و هەست بکەن زەبرێکی قورسیان وێ کەوت بێ. ئەزموونە ناخۆشەکانی ژیان، بە هاسانی دەتوانن مرۆڤ تووشی زەبرەی دەروونی بکەن. ئاستی کارتێکەریی ئەو گورزانە پێوەندی بە نۆرم و هەڵسەنگاندنەکانی کۆمەڵگا و بە خودی کەسەکەوە هەیە کە چۆن مامەڵە لەتەک




ڕووداوەکە دەکا.

بەداخەوە کوبرا خانم بە برینێکی زۆر بە ئازارەوە ژیاوە «ئێستاش ڕوخساری ئەو ژنانە کە وەک عیفرەتە وا بوون، دێنەوە بەرچاوم، لە مێشکم نەچوونەتە دەر و پاک نەبوونەوە ... نازانم چۆن توانیم بەرانبەر بەو وەزعە خۆ ڕاگرم و کۆتایی بە ژیانم نەهێنم... ئەمن لەبەر ئەوەی داوێنپاک بووم، زۆر بەغیرەت لە بەرانبەر بەو هەموو بوختانانە ڕاوەستام... ژیانیان لێ تاڵ کرد بووم... هەر بڕوام بەخۆم نەما بوو... بەداخەوە بەزیم ... لە ڕووی ناچاری مێردم پێ کرد... لێی جوێ بوومەوە ... وردە وردە ببم بە مرۆڤێکی مرچ و مۆڕ و تا ئەو جێیەش بۆم کرا با، دووریم لە خەڵک دەکرد...»

ئەوەی بەسەر کوبرا خانم هاتووە، دەیتوانی بەسەر هەر کەسێکی دیکەدا بێ و تووشی ئەم حاڵەتە جۆراوجۆرانەی دەروونی وەک، دڵەڕاوکێ، شەرمەزاری، کەمبوونەوەی متمانە بەخۆ، خۆبەزلزانین، خەمۆکی، بیرکردنەوە لە زیان بەخۆگەیاندن، هەست بە ترس و تووڕەیی کردن، ویستی تۆڵەسەندنەوە ببێ و کارێک بکا کە بەدڵ نایهەوێ بی کا.

بە دڵنیایی‌یەوە ئەگەر کوبرا خانم لەنێو کۆمەڵگادا پشتیوانێکی هەبا، ئەوەی ڕوویدا بوو، تەنیا دەبوو ڕووداوێکی ناخۆش نەک تروما کە نەتوانێ وەک پێشوو بژی. تروما بە مەرجێک کورتخایەن بێ، بە ناسازیی دەروونی ناناسرێ، بەڵام لەسەر زەین و هەست، سیستمی بەرگری، خووخدە، هەڵسوکەوت، پێوندی و دۆستایەتیی مرۆڤ کاردانەوەی خۆی نیشان دەدا.

ناهومێدی و فشارەکانی دەروونی و دەرەکی گەمارۆی کوبرا خانمیان داوە، ئەو بە دوای شیفای هەستە برینداریەکانیدا دەگەڕێ تا لە قەیرانی دەروونیی خۆی بێتە دەر. بۆیە وردە وردە زیاتر دەکەوێتە نێو دین و دینداریەوە. لە ڕێگای بەدەستەوەگرتنی کتێبی دینی، ڕابردووی کاڵ دەکاتەوە و داهاتووی ڕوون دەکا. ئەو وەک هاندەر و کەسایەتییەکی ئایینی لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێ. لە بۆنەکانی ئایینیدا چالاک دەبێ و لە مەولوودییەکاندا مەولوودنامە دەخوێنێتەوە. خانەقا و تەکیەکان ناسنامەیەکی تازە و ڕەوای لە کۆمەڵگا بۆ وەردەگرنەوە. هەر هەڵسەنگاندنەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە سەردەمێک برینداری کردبوو، ئێستا تیماری دەکا.

بەرپرسی بەسەرهاتەکانمان خۆمانین و تەنیا کردەوەکانمانن کە مانای ژیانمان دەردەخەن.

# ” رێنمایی نووسین “

# ڕێنووسی کوردی

ئامادەکردن:
بەشی زمانەوانی

”

بە سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە هەڵە دەیاننووسن...

“

## کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شـێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە سـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

## کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەسـتنەوەی دوو وشـە پێکەوە دێتە ناو ڕسـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشـە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
توندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

## کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەموومان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیررێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

## (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باسمان کرد، ئەگەر لە شوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی دووهەم و سێهەمدا نایئووسن بەڵام نووسینی پێویستە.

١.

پرسیاری کرد

وتاری نووسی

کتێبی خوێندەوە

٢ و ٣.

کورد ئازادیی دەوێ

شەریف چالاکیی ژینگەییی دەکرد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

خۆپێشاندانی نارەزاییی بەڕێوە برد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

نەتەوەی کورد سەربەخۆییی دەوێ

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێهەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێهەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.

نموونەی گەردانکردن

گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئەگەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ی کۆتاییی هاتبێت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ی بقرتێنرێت:

نووسین: نووسی:

نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس

نووسیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

پرسین:

پرسی + م = پرسیم

پرسی + ت = پرسیت

پرسی + ی = پرسیی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

پرسی + مان = پرسیمان

پرسی + تان = پرسیتان

پرسی + یان = پرسییان

دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو

دزیـــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەڕین، پژمین) ئـــەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێنـــاوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن، ...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـــیـــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـــیـــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

## کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتاییی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێیی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کارییە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم رادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە

ئەم جێیە

ئەم پێکهاتەیە

هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پێشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم

هیوام بەم گۆڤارەیە

هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)

چاوم لەم حیزبەیە

چاوم لەو چیایەیە

کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە

کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە

بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

## کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.

هــەر کاتێــک (بە) بەو مانایەی ســەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروســت بکات، بەســەر ناوەکەوە دەنووسرێت: بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار

هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.

ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو

بەڵام

بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.

یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

## کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئێستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،

لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..

لەنێو ئەم دارستانەدا،

کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.

لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ا: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی
....، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی٢: لە ئەم لا --- لەم لا
لە ئەو کا--- لەو لا

## کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.
(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری دارێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:
دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.
تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

## کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری دارێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.
لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئیستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

## ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشەگەلی وەکوو ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ بوون بە وشەی سەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.
ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

له ئەو --- لەو

له ئەم --- لەم

له ئەوێ --- لەوێ

له ئەمێ --- لەمێ

له ئێرە --- لێرە

## کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست

کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا

دەستم لێ هەڵگرت

تێی هەڵدە

دەستی پێ بکە

هەندێــک کار بە پێشــبەندەکانیانەوە مانای تازە دروســت دەکەن بۆیە دەبێ بەســەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن

تێگەیشتن

پێکەنین

## ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پێچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن

= وازهێنان

دەست لێ بەردان

= واز لێ هێنان

ئاسنی سارد کوتان

= کاری بێهوودە کردن

چاو لێ داخستن

= گرنگی پێ نەدان

## ڕێنمایی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
**٣** گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:
- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.
**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
**٥** دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات بێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانید، ١٣٨٣) ٥-۶.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

### ٣. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

**IN THE NEXT ISSUE**

“The quest for sovereignty and identity in Kurdistan”

## Foreword

Nasir Muradi 6

## Preface

Towards a ‘horizontal struggle’; Harmonious party manifesto • Karwan Bahramand 10

## Theory

Iran’s water mafia and its devastating effects • Allan Hassaniyan 50
New Era Concepts and Political Thought in Iran...• Dr Marouf Cabi 80
The genealogy of demonisation • Peshraw Mohammed 98
The imagination of a humanist Kurd • Rizgar Amin Nezhad 122
Kurdistan and its institutionalised creation • Goran Bahrami 138
The Islamic Republic of Iran’s multilateral ... • Allan Has-saniyan 156
Organisation of environmental NGOs in Kurdistan • Dawod Rasooli 180

## Analysis

Are we living in an age of nihilism? • Masoud Babaie 190
Turban and body; a dialectical analysis of intersexuality • Shahla Dabaghi 210
On Kurdish left forces • Rejuwan Ahmadi 228
Two incompatible concepts of ‘being Kurdish’ ... • Keyhan Yusefi 234
Metaphysics of chaos • Rebaz Niyazmand 244
NGOs and Kurds! • Ebrahim Farshy 250
Special education; how important is it for Kurdistan? • Farhad Jahanmihan 260
A new attempt to Minoritisation the Yazidi Kurds • Omar Adel Abdulla 268
Unknown complexity of immigration • Hassan Ghahramani 276

## Opinion

Agitation! Agitator! • Ebrahim Farshy 288

## Interview

Mehrdad Vahabi 296
Hashem Ahmadzadeh 304
Pedram Baldari 322

## Translation

## (Peer) Review

Codamine, a biography of the codes 396
Culture of genocide 400
A review of the book ‘The Meaning of My Life’ 406

ISSN (Print) 2942-7916
ISSN (Online) 2942-7894
https://doi.org/10.69939/TISHK3853

TISHK Magazine presents a wide range of articles, interviews and analyses by leading scholars, researchers and experts in the field of Kurdistanology and the Middle East. It covers various topics related to Kurdistan, including politics, culture, history, language, literature, and much more.

**Impressum:**

**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Köln
**Herausgeber:** TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Redaktion:** TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb:** Durch den Herausgeber
**Anschrift der Redaktion:**
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Postfach:** 840108
51033 Köln
**Email:** info@tishk.org
**Webseite:** www.tishk.org
**Tel.Nr.:** +4915110338428
**V.i.S.d.:** Siawasch Mohammadi

# TISHK Magazine

TISHK Magazine | Summer 2024 VOL 25 NO 70

**Editor-in-Chief:**
Nasir Muradi

**Editorial Board:**
Dr. Idris Ahmedi, Rizgar Amin Nezhad
Ali Esmailnazhad, Shahla Dabaghi
Kamal Hassanpour, Siawasch Mohammadi
Davoud Osmanzadeh, Dr. Fateh Saeidi
Dr. Rahim Surkhi, Hiwa Tase

**Advisory board of TISHK Magazine:**
Dr. Esmail Baziyar, Dr. Baban Eliassi
Biryar Jaweroiy, Dr. Allan Hassaniyan
Dr. Azad Mohammadyani
Dr. Qadir Wrya, Manisht Zagros

**Language Translation Managers:**
Asso Ardalan, Jino Rojbeyan

**Contributors to this issue of the magazine**
**Copy Editors:**
Taleb Ghaysari, Kamal Hassanpour, Kamel Najari
Rebwar Rojhelat

**Editorial Assistant:**
Rebwar Rojhelat

**Cover photo:**
Keiwan Fatehi

**Designer:**
M. Azad Sorkhi

TISHK
Zentrum für Studien über Kurdistan

TISHK Center for Kurdistan Studies

# TISHK Magazine

Summer 2024 VOL 25 NO 70

ISSN (Print) 2942-7916 | ISSN (Online)2942-7894

A publication of the
TISHK Center for Kurdistan Studies

IN THE NEXT ISSUE
“The quest for sovereignty and identity in Kurdistan”

TISHK
The Center for
Kurdistan Studies

ISSN (Online) 2942-7894

9 772942 789008

70

www.tishk.org